

۱۰۱


A monthly General Culture Magazine
October

- خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

- سەرنووسەر

**ئازاد عەبدولواحید**

- بەڕێوەبەری هونەری


**سەرکەوت وەلی**

- مۆتیڤ و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**

- لۆگۆ

**ئاسۆ مامزادە**


**مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە**

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی دەیەم/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥**


---


**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net

**فاکس /** 00448701358681

**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**



**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**

**نرخ ٧٥٠ دینار**

## ناوەڕۆکی


● **سەروتار**

– لەبارەی فیستیڤاڵەکانی ڕۆشنبیریمانەوە/ سەرنووسەر 3

● **دەق**

– ٣ + ١٠/ عەباس عەبدوڵڵا یووسف 4
– ژیان لە سێ وێستگەدا/ زانا خەلیل 6
– بگەڕێوە/ غەریب پشدەری 7
– شیعری کەنەدی/ لە ئینگلیزییەوە: ناڵە حەسەن 8
– ناو/ ئەمین گەردیگلانی 10
– ئەسپی باڵدار/ قاسم سابیر 12
– ڕێم بدە تا داچۆڕێم/ پەیوەند عومەر 17
– خاڵ/ لە فارسییەوە: بێهرۆز ڕەحیمی 20

● **شانۆنامە**

– خۆبەختکردن یان باشچاوەش/ عومەری عەلی ئەمین 24

● **هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ «هەندرێن»ی شاعیر/ ئا: یاد سابیر 32
– دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز سەدرەدین نوورەدین ئەبووبەکر/ ئا: ڕامان 48

● **لێکۆڵینەوە**

– ئایۆنی جەمسەرەکانی خوێنەر و دەق/ ئازاد ئەحمەد مەحموود 59
– ڕەمز لە شیعرەکانی «شێرکۆ بێکەس»دا/ د. کەمال مەعرووف 67
– سینۆهەم لە خەو بینی/ جەوهەر غەمگین 76
– ساڵی ئاشووب و عیشقی نوشافەرین و حوسەینا/ هاشم سەراج 87
– یەکێ لە قەیرانەکانی پۆست مۆدێرنیزم/ د. سەباح عەبدوڵڵا ساڵح 94
– ڕۆمان و ئەوروپا/ لە فارسییەوە: ئیسماعیل زارعی 99

● **ڕەخنە**

– بەرگری و هزرا نەتەوایەتی/ خالد ساڵح 110

● **هزر و فەلسەفە**

– خەسڵەتی دووفاقایەتی لە سیستەمی ئاکاردا/ بەختیار محەمەد 116
– لە میتافیزیکی ئاکارەوە بۆ ڕەخنە کردنی ژیری/ لە ئەڵمانییەوە: حەمید عەزیز 127
– کۆمەڵگا و مەترسییەکانی/ دیار عەزیز شەریف 139
– ئەلفرێد ئادلەر/ د. کەریم شەریف قەرەچەتانی 146

● **وتار**

– مۆدێلی هێز/ ستار باقی کەریم 155
– خوێندنەوەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای هۆسرل/ ئازاد خدر 159
– کوێر ئۆغلو/ لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە 163
– کیچ ئارت/ لە فارسییەوە: م.ڕۆستەمزادە(نامۆ)166

● **مێژوو**

– دلێری شێرە ژنانی کوردی خێرئابادی/ لەفارسییەوە: وریا قانیع 170

● **تەلارسازی**

– بیناسازی و پلانڕێژی شارەکانی کوردستان/ لە تورکییەوە: یووسف عزەددین 172

● **گۆرانی و مۆسیقا**

– فەوزیە محەمەد/ باکووری 175

● **شانۆ**

– جەستە و گوزارشت، ئامادەبوونی وزەی ئەکتەر/ گۆران عەلی کەریم 181

● **شێوەکاری**

– ڕەنگە یادەوەری لەت لەتمان بکات/ کامەران سوبحان 191

● **فۆتۆگراف**

– وێنەگرتنی دیجیتاڵی بۆچی؟/ فارس سەعدی 195

● **خوێندنەوەی کتێب**

– بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی/ لێدوانی: پ. د. عومەر ئیبراهیم عەزیز 198
– ئەنترۆپۆلۆژیا/ لێدوانی: جەلال سنجاوی 203
– کاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد/ لێدوانی: ئاریان ڕەووف عەزیز 206

● **ئێستێک**

– نوبخوازی و زڕ نوبخوازی/ ئەحمەد قەرەنی 208

**سەروتار**

## لە پەراوێزی کولتوورەوە

# لەبارەی فیستیڤاڵەکانی ڕۆشنبیریمانەوە

**سەرنووسەر**

* لە پاش ساڵانی حەفتا لەنزیکەوە ئاگام لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو فیستیڤاڵ و میهرەجانە ڕۆشنبیرییانە هەیە کە لە شارەکانی کوردستاندا ساز کراون، سی ساڵ زیاترە کورد لەم پارچەیەماندا بە گرتنی (کۆڕ) و (میهرەجان) و (سیمینار) و (فیستیڤاڵ) ئاشنایە و ناو بەناو چالاکییەکی بەرفراوان بەناوی (فیستیڤاڵ) کراوە کە پێش ڕاپەڕین بە (میهرەجان) ناوزەد دەکرا.

* سی و ئەوەندە ساڵ لە تەمەنی هەر چالاکییەکی مرۆڤ بۆ خۆی دەبێتە مایەی کەڵەکەبوونی ئەزموونێک و دەشێ جار دوای جار ئەو چالاکییە بەرەو پێش بڕوا و ئامانجەکانی گرێدانیان زیاتر بپێکن. کەچی داخی گرانم تا دوا فیستیڤاڵیش کە لەو ماوەیەدا لە شاری دهۆک بەسترا بەباشی سوودمان لە ئەزموونی (فیستیڤاڵ)گرتن وەرنەگرتووە، تا ئێستا نەبووینەتە خاوەنی داوونەریتێک لەم بوارەدا، واتە کەموکوڕییەکانی فیستیڤاڵەکانی ڕابردوو دووبارە گێرە دەکەینەوە.

* لە ئەرکە گرنگەکانی گرتنی ئەو جۆرە فیستیڤاڵانە تێکەڵاوی و تەفاعول کردنە لەگەڵ یەکتر، بە مەبەستی ڕزگارکردنی ڕۆشنبیری کوردی لە قاوغی بەرتەسک و پەراوێزکراو بەرەو کرانەوە و بزاوتی دیالۆگ کردن، سەرەڕای ئەو هەموو ئەزموونەی لە بواری (فیستیڤاڵ)گرتن هەمانە، وێڕای زەحمەت و ماندووبوون، دەبینین هونەری فیستیڤاڵگرتن هێشتا ئەو پێشکەوتنە بەرچاو و پێویستەی بەخۆیەوە نەدیوە.

* ڕاستە لە پاش ڕاپەرین ئەو فیستیڤاڵانە مۆرکێکی نەتەوەییان بەخۆوە گرتووە و بە پشتیوانی داوودەزگایەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانرێ لە ڕۆشنبیرانی هەر چوار پارچەکە و ئەورووپا بگێڕینەوە و بەشێکی بەرچاویان لەو فیستیڤاڵانەدا کۆ بکەینەوە، بەڵام ئەوەندەی فیستیڤاڵەکان مۆرکێکی نەتەوەییان پێوەیە ئەوەندە مۆرکێکی ڕۆشنبیرییان پێوە دیار نییە. زۆر گرنگە نووسەرانی کورد لە هەر کوێ بن ناوبەناو کۆببنەوەو یەکتر ببینن و بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن، بەڵام دەبێ بپرسین: کاریگەریی ئەو کۆبوونەوانە بۆ سەر بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی چەندە؟

* پێش هەموو شتێ دەبێ ئەو فیستیڤاڵانە پەیام و بەرنامەی ڕۆشنبیریی گونجاوی خۆیان هەبێ، تا ئەو هەلانە بقۆزرێنەوە و ئامادەبوونی ئەو ڕۆشنبیرە کارا و هەڵبژاردەیە ببێتە بۆنەیەک و لەوێوە گرفت و ئاریشە لە پێشینەکانی ڕۆشنبیریی کوردی تاووتوو بکرێ. ناکرێ هەر کەسە و بێت و لە ئاشێک لێبکات، واتە کارەکان مەنهەجی بن و لەو تەوەرانە بدوێن کە بۆیان دەستنیشان دەکرێ، نەک هەر کەسە و بە ئارەزووی خۆی چی لەبەردەست بوو ئەوە بخوێنێتەوە، بۆیە فیستیڤاڵ دێن و دەڕۆن ئێمە ناتوانین گرفتێ لە گرفتە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیریی کوردی چارەسەر بکەین.

* دەبێ هەر زوو میوانان ئاگادار بکرێنەوە تا باسەکانیان بنووسن، لە (٦- ٣) مانگ مۆڵەتیان پێبدرێ تا فیستیڤاڵەکە بە باس و شیعری لاواز سەرقاڵ نەکرێ و بیانووش بۆ لێتوێژەرەوەکان بەدەستەوە نەمێنێ کە باسی لاواز پێشکەش بکەن، بە بیانووی ئەوەی (١٠) ڕۆژە یان حەفتەیەکە ئاگادار کراون بۆ لێکۆڵینەوە نووسین. خۆ ئەگەر چەند مانگێ زووتر ئامادەباشی بکرێ، ئەوە دەتوانرێ لێکۆڵینەوەکان لەچاپ بدرێن و بدرێنە ئامادەبووان، تا هەلودەرفەتی لێدوان و پیلەی زیاتر بخولقێ، نەک هەر لەناو هۆڵەکە، بگرە لە دەرەوەی هۆڵەکەش.

* لێتوێژەری کوردیش پێویستە بۆ لەمەولا فێری داوونەریتی گرتنی ئەو جۆرە کۆڕ و سیمینارانە بێ و ناکرێ لەپاش لە چاپدانی باسەکەی جارێکی دی هەمووی بخوێنێتەوە، بگرە دەبێ کاکڵەی باسەکەی لەماوەی نیوسەعات یان بیست دەقیقەدا بداتە دەست گوێگرەکان و ئەوانەش کە هەڵدەستن و بەدواداچوونیان لە بارەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە هەیە، پێویستە واز لەو تێهەڵکێش کردنی موحازەرەی خۆیان بهێنن و لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا قسەکانی خۆیان بکەن.

* پاشان نەبووە لەپاش خوێندنەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەک، یەکسەر (٢٠) شاعیر کەمتر، یان زیاتریان بەسەردا بکرێ، کە ئەم کارەش بۆ خۆی بەڵگەیە کە ئەو جۆرە فیستیڤاڵانە زیاتر بۆ یەکترناسینە، ئەگینا دەبوو ئەو هەموو شیعر و شاعیرانە بەسەریەکەوە نەترنجێن، خۆ ئەگەر هەر شیعر خوێندنەوە پێویست بوو، دەکرا لە دوا ئێوارەی فیستیڤاڵەکەدا ئەو کارە بکرێ، لەمەشدا دەبوو زیاتر دەرفەت بدرێتە میوانەکان کە لە دەرەوە هاتوون و قەیرانی شیعر خوێندنەوەیان هەیە، نەک ئەوانەی خۆمان بەشی نەڕەشێریان بدرێتێ، چونکە ئەوانەی خۆمان دەیانتوانی شەوانە شیعرەکانیان بۆ ئەوان بخوێننەوە. ئەوە باسی شێوە و تەکنیکی ئەو شیعر خوێندنەوەیە هەر ناکەم، کە زۆر سواوە.

* بەهەرحاڵ وێڕای دەستخۆشانە لەو لا و لایەنانەی ئەو ئەرکانە دەگرنە ئەستۆیان، هیوادارین بۆ فیستیڤاڵەکانی دادێ ئەو هەلانە باشتر بقۆزرێنەوە بۆ ئەوەی لەپاش ساڵانێکی ئازادبوونی پارچەیەکی کوردستان و بەپێی هەلومەرجی ئەو قۆناغە چارەنووسسازەمان، گفتوگۆ و دیالۆگەکان زیاتر سەبارەت بە ئاراستەکانی ڕۆشنبیری کوردی بن، تا بتوانین باشتر سوود لەو توانا و ئازادییەمان وەربگرین و ڕۆشنبیری کوردی لەو قەدەرییەتە ڕزگار بکەین کە تێی کەوتووە، پێشم وایە ئەوە ئامانج و مەبەستی هەموو لایەکمانە.



# ٣ + ١٠

عەباس عەبدوڵڵا یووسف

-١-

تێکڕای ئەلفوبێییەکان
نێوچەوانێکیان پێ ناخوێندرێتەوە
هەزاران شازانی وەک شامپلیۆنیش بێ

-٢-

کراس
کە بزوا کە خێرا جووڵا
لە مێلەش خۆشترە

-٣-

بە ساتمەیەکی شەمەندەفەر
فریشتە لە شانەوە
کەوتنە نێو ناوکەوە
لەناو ڕێبواران، نێرێک پرسی:
- ئەی بە تاسەی لۆرییەک
دەکەونە کوێوە؟!

-٤-

کاغەز...
دوا ڕەگەزی گەردوونە و
لە هەر چوار توخمەکەش
ترسناکترە
خۆراکە هەرە خۆشەی مشکانە
بەتایبەت
کە مافی مرۆڤی تێدا نووسرابێ

**-٥-**

**ئەرخەمیدس**
**بەسەزمانە یا شازانە؟!**
**فۆلکلۆریانە چووە نێو ئاوەوە**
**فیزیکیانە پەلی دەهاوێشت**
**ڕووت و قووت، بەغار هاتە دەرەوە**
**بە سایکۆلۆژیا دەیقیژاند:**
**دۆزیمەوە... دۆزیمەوە**
**کۆنە دراوێکی ژەنگاویشی لە مست بوو!**

**-٦-**

**نوێخوازەکە...**
**نەکەی توخنی چاو بکەوی**
**چاو بابەتی تایبەتی**
**شاعیرە کلاسیکیەکانە**

**-٧-**

**بۆنی شیزۆفرینیا هات**
**لە خەیاریدا**
**توێکڵەی تاڵاند و**
**لەشەکەی شیرین هێشتەوە**

**-٨-**

**کێهەیان ئی بەڕاستییە**
**تا بیخۆمەوە...**
**ئاو یان $H_2O$؟**

**-٩-**

**زەمین ئی کەروێشکان بوو**
**مرۆڤ هات و لێی زەوت کردن**

**-١٠-**

**لە ئانی**
**مرۆڤ بەدوای ئەهریمەن دەگەڕێ**
**یان ئەهریمەن بەدوای مرۆڤ دەگەڕێ؟**
**قۆبچەیێکی کراسە نوومکەم لێ پچڕا**

**-١١-**

**هرمس کێیە؟**
**بە پرسیارە بێ وەڵامەکەی خۆت**
**هرمست ناسی**

**-١٢-**

**کەس لە کەس**
**سێبەری سەر ئاوم دەدوێنم**
**کەس لە کەس**

**-١٣-**

**دیوارێکی بڵند و بۆرە، دوورو درێژیشە**
**دووبارەبوونەوەی لەبیرکەرەوە،**
**جوانە؟**
**دیوارێکی بڵند و بۆرە، دوورو درێژیشە**
**درێژدادرپییەکەی لەبیر کەرەوە،**
**جوانە؟**
**دیوارێکی بڵند و بۆرە، دوورو درێژیشە**
**بیر لە بێزاریەکانت مەکەرەوە**
**جوانە؟**
**بە ئاگایی داڵغەیەک و بە نوستوویی خەونێک**
**جوان و ڕەنگینە، زۆریش لەبارە ئەم دیوارە**

* ناونیشانی ٣ +١٠ = بۆ بەختداركردنی ١٣ی بەدیۆم بەکارهاتووە.

* شامپلیۆن = جان فرانسوا (١٧٩٠- ١٨٣٢) ڕۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسییە، تەلیسمی نووسینی کۆنی میسری کردەوە.

* مێلەش = جەستەی مێ.

* هرمس (هەندەجار هرمز) خواوەندێکی یۆنانییە.

* ئەرخەمیدس = زانایەکی جیهانی یۆنانە، لەساڵی ٢٨٧ پێش زایین لە سکیلیا لە دایک بووە، خاوەن یاسای (تەنی ناو ئاو و ئاوی لادراو)ە.

# ژیان لە سێ وێستگەدا


زانا خەلیل
(ئەڵمانیا)




(١)

چەند چرکەیێ بەر لە ئۆرگازموز
لەسەر قەروێڵەیەکی ئاوی و لە تەنیشت ئاگرێکی فێنکدا
زۆر لە دەموچاوی مردن سەیرتر
بازرەقەی دەکرد.
تامی پێکەنینی پێکی بەهەشتی دەکرد و دەگەڕاوە
دەگەڕاوە پێکەنینی پێکی بەهەشتی تام دەکرد.

ئەوەی بنەوە، لەناو بازنەی ئەو ئاگرە ئاوییەدا لەناو ئەو بوومەلەرزە کەسکەی لاڵییەدا
با بەسانایی بڵێم: «بەرد» نەبوو..
ڕەنگە کلوویەک بەفری ئەسمەر و گەرم بووبێ..
پێڵوەکانی ئاوەڵا و
ستیانی فەنتازیاشی داخراو..

چەند چرکەیێ بەر لە مژینی جگەرەی مردن
لەنێو ژاوەژاو و قەرەباڵغی ئەو وێستگەیە چۆڵەدا
لە تروسکایی گلێنە پرسیاراوییەکانی ڕاما..
«ئەو» با وای دابنێین: [بەرد]ە کە..
لە پڕ گرکانی ڕۆحی تەقیەوە
بەدەم چرپینی گۆرانیی گریانەوە ناڵاندی:
[زانا.. دەبێ جارێکی دی بتبینمەوە!]

(٢)

لەناو ئۆرگازموزدا
تەزینی
حەلەزونی
حەلەزونی
حەلەزونی
و
ئۆخژنی
شەپۆلاوی
شەپۆلاوی
شەپۆلاوی

چاوت بە زەردەخەنەی ئیرۆس دەکەوێت و
واگا دێیتەوە
[ئای کە پێناسەیەکی زەحمەت بوو!]


(٣)

چەند چرکەیێ دوای ئۆرگازموز
جارێ ڕوو لە عەرد و جارێ ڕوو لە خودا
گەردەلوول بە پرچت چادەکەی..
جگەرەیێ دادەگیرسێنی
یان باشترە بڵێم: جگەرەیێ داتدەگیرسێنێ
– ئاو– حەزدەکا تۆ بچیتەوە یەکەمین وێستگە
تۆ هەوەستە بچیتە ئەشکەوت..
جگەرەکە بە خەفەتێکەوە
مژێکی قووڵ قووڵت لێدەدا..
تۆ پێدەکەنیت و دەپرسی:
[ئیرۆس گیان: چییە ئەو کۆمێدیایە؛
ئەو کۆمێدیایە چییە ئیرۆس گیان؟].

# بگەڕێوە

**غەریب پشدەری**

بۆ/ گوڵەستێرەی ئاسمانی شیعرم خاتوو (شەرا)
دیاری و یادگارە



**گەر دەزانی... شەوەزەنگێکی تاریکی**
**ئاسمانێکی بێ ئەستێرەم**
**تووڵە ڕێیەکی باریکی..**
**سەرە ڕێگای ئەو هەڵدێرەم**

**گەر دەزانی... من باوەشێکی ئاواڵای**
**کوێستانێکی ساردو سڕم**
**کانیاوێکی قەتیسماوی**
**بن تاشەبەردێکی کڕم**

**گەر دەزانی... من دڵۆپی**
**بەختەبارانی ناوەختم**
**چڵە پووشێکی بەندەنێ و**
**لاپاڵێکی بەرز و سەختم**

**گەر دەزانی... کۆڵە پشت و توێشەبەرەی**
**ئەم ڕێگایە، تەنیا غەمە**
**ڕووناکی تێدا نابینی و**
**تا چاو بڕدەکا هەر تەمە**

**گەر دەزانی... زستانی بەفر و کڕێوە و**
**لافاوی ئاوی ئاموونە**
**هیچ کەس گیانی لێ دەرناباو**
**سەرەنجامی لە ناوچوونە**

**گەر دەزانی... ئەم دەڤەرە بیابانێکی**
**وشک و برنگ و قاقڕە**
**لە جێی شنەبا و بای وادە**
**شەرا و هەڵاوی ئاگرە**

**گەر دەزانی... چرۆی هیوات**
**لەم خاکەی من سەوز نابێ**
**کۆرپەی حەز و خۆزگەکانت**
**چاویان پڕ وەنەوز نابێ**

**گەر دەزانی... هەنگاوەکانت بڕ ناکەن**
**ئەم ڕێیەیان لەبەر ناچێ**
**جەمسەری ئەم دوا قۆناغەت**
**بە هیچ لایەکا ناچێ**

**بۆ خۆت دەخەیتە قەدەری**
**منێکی بەش مەینەتەوە**
**ئەوا من قەرزداری تۆم**
**تۆ قەرزی چی دەدەیتەوە..؟**

**بگەڕێوە... گیانیشم لەگەڵ خۆت بەرە**
**لەجیاتی قەرزم هێناوە**
**هیچ منەتی تێدا نییە، ئەوە نەبێ:**
**کە سۆزو بەڵێنی پیاوە.**

٢٠٠٥/٥/١٢

# شیعری کەنەدی

له ئینگلیزییەوە: ناڵە حەسەن
(کەنەدا)



**پێستەکان**

هەموو شتێک داپۆشراوە
هەموو شتێک،
بەرد
وە هەروەها
قەوزە
گۆپکە
ژن
خۆیان خۆیان دادەپۆشن
بە بەفر، بە سێبەر

خودی پیاو خۆی
نیوە سێبەر
نیوە خودی خۆی
دەڕۆنە خوارەوە
تا هەست بە گۆپکەکان بکەن
ڕەگی نێو سێبەرەکەی
ژنێک لە نێو خودی ئەودا.

بەرد بەفر دەبا
زەویش بەرد
قەدێکی ڕەش
قەدێکی ڕەش
ئاوی قووڵاییەکانی پیادا دەڕوا.

دیرک وینارد

## ژن

ئەوان کراوەن، ئاڵۆز و پەرژین ڕێژن
ئەوان خودێکی کراوەن، ئاڵۆز و پەرژین ڕێژیشن
ئەوان پەرژین ڕێژن
ئەوان کراوە و ئاڵۆزن...

ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە کراوەبوون، ئاڵۆز و پەرژین ڕێژ
ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە لە نێو کۆمەڵە دارێکدا
ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە لە نێو گەڵا تۆخەکاندا
ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە لەنێو کۆمەڵە دارە تۆخە
دڕکاوییەکاندا.
ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە لەنێو کۆمەڵە دارێک کە
هەموویان یەک دار بوون

ئێمە ئەوانمان دۆزییەوە بە کراوەیی بە ئاڵۆزی
ئێمە لە نێو ئەوپەڕی کرانەوەی خۆمان ئەوانمان
دۆزییەوە، ئاڵۆز بوون لە بینیندا
هەندێ جار ئێمە کراوەین، ئەوان ئاڵۆزن
هەندێ جار ئەوان کراوەن، ئێمە ئاڵۆزین
هەندێ جار ئەوان زووتر ئێمە دەدۆزنەوە و بە دەستمان
دێنن
هەندێ جار ئێمە ئەوان بە دەست دێنین بەبێ ئەوەی
هەرگیز بیاندۆزینەوە،

بۆچوونە نێو کرانەوەی ئەوان، نێو ئاڵۆز و پەرژین
ڕێژیان
پێویستە ئێمەش کراوە بین، ئاڵۆز بین وەک ئەوان
ئێمە دەبێ زۆر کراوە بین، ئاڵۆز بین
ئێمە دەبێ کۆمەڵە دارێک بین.

ئێمە دەبێ کۆمەڵە دارێک بین لە یەک داردا
ئێمە دەبێ هەموومان یەک دار بین....

ڕیچارد سۆمێر

## لە ژێر شانمدا بخەوە

لە ژێر شانمدا بخەوە
وەک ئاسکێکی بنار گردێک

کەسێک نییە لەم دنیایە تێبگا
جگە لەوەی
کە چۆن بەبێ ئێمە گەشە دەکا..؟
هەموومان دەتوانین خەیاڵ بکەین
کە دنیا بەردەوام دەبێت
ئەو کاتانەی ئێمە نوستووین
هەرچەندە باوەڕیش ناکەین

یەکێک بە ئاگا بێت و بڕوانێ
ئەو کاتانەی ئێمە نوستووین
ئەستێرەکان ناڕواننە بەهەشتێکی تر
یان ئەو کاتانەی ئێمە نوستووین
دنیا لە چاوەڕوانیدا دەبێت، تا بەیانی
وەک چەقاوەسووی نێو کۆڵان
دڵ پڕ لە ڕق و تاوان و داڕووخاو
ئێمەش پڕ چەک دەبین لەنێو خەونەکانمان

دە لە ژێر شانمدا بخەوە
ئەوکاتانەی لە خەیاڵی ئەستێرەکان ڕادەمێنم
من باوەڕم بە شتێک نییە کە نەیگرمە دەست
من باوەڕم بە تۆ هەیە، ئەو کاتانەی تۆ لێرەیت!

سێد مارتی


سەرچاوە:

The Poets of Canada
Edited by:
John Robert Colombo

# ناو

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

**«چارەنووسی هەر مرۆڤێک بەناوییەوە گرێدراوە»**



زەنگی ئاخر بوو، درگای پۆلی سێیەمی سەرەتایی کرایەوە. تێکڕا قرچەپێ هەستان. درگای پۆلەکە پێوە درایەوە و مامۆستا لە پاڵ تەختەڕەشەکەدا وێستا و چاوی لە پەنجەرەکەوە چەن چرکەیەک هەڵڕشتە ئەودیو. منداڵانی پۆلی پێنجەم بە حەوشەکەدا غاریان دەدا. سەرنجی لەژێر پێیان هەڵگرتەوە و بەسوورێکی ملی هێنای لەسەر تەختە ڕەشەکە چەقاندی. خاڵ و چوکڵەی چەن پیت لە گلێنەی هەڵچەقین و ڕۆچوون بەرەو مێشکی و لەوێوە داگەڕان بۆ دڵی.

– کێ ئەوەی نووسیوە دیسان؟

منداڵەکان هەریەکەی دەست و سەرنجی خۆی بە شتێکەوە خەریک کردبوو.

ئەویش لە سووچی پشتەوەی پۆلەکە کتێبەکەی بە بەرچاوییەوە گرتبوو دەگریا. هەر دڵۆپە فرمێسکێکی لاپەڕەیەک بوو و خەمێکی ئەوی لەسەر تۆمار کرابوو. مامۆستا بانگی کرد بێتە بەر تەختە ڕەشە، بەڵام هێزی هەستانی نەبوو.

«وەک شوانەی جیرانمان خۆزگە منیش باوکم پێی نەخوێندمایە و بیدایەم بە ڕەنجبەر، چا نەبوو لە خەڵک و منداڵان دوور دەبووم.»

مامۆستا دیسان بانگی کردەوە.

ئەو ڕۆژەی ماڵی پووری و جیرانەکەیان هاتبوون بۆ ماڵی ئەمان پووری بانگی کردبوو بچێ و ماچێکی بداتێ. جیرانەکەی ماڵی پووری گوتبووی:

– هەر بەڕاستی ناوەکەی وایە؟!

ئەم وەک ئێستا سەری بەردابۆوە و لەنێو خۆیدا کوڵا بوو. هەستی بە توانەوە و ئارەقە دەردانێکی سەیر کردبوو. زۆرجار تووشی ئەم جۆرە شەرمەزاربوونە ببوو.

پۆلەکە هەروا بێدەنگ بوو، سریوەی لێوە نەدەهات.

مامۆستا هاتە پەنای دەستی بەسەریدا هێناو ماچی کرد.

ئەو ڕۆژە پووری گوتبووی ئەگەر کوڕی من بوایە قەتم ئەو ناوە لێنەدەنا.

دایکیشی گوتبووی:

دایکی کوێر بێ زۆر پاڕامەوە تکام لە باوکی کرد، جوابی نەدامەوە.

دەیگوت نابێ ناوی باوکم کوێر بێتەوە.

مامۆستا دەستی گرت و بردی بۆ بەر تەختە ڕەشەکە و هەورەکەی دا دەستی و کوتی:

– بە دەستی خۆت پاکی کەوە.

ئەم هێشتا نەیدەزانی مردن هەیە، دەنا خۆشی وەک ناوەکەی دەسرییەوە دەستە بێ هێزەکەی هەڵێنا و بەدەم هەنیسکەوە ناوەکەی پاک کردەوە.

مامۆستا بەبزەیەکی شرینەوە گوتی:

– برۆ دانیشەوە.

ئەم سـەری بەرداوە و لەگـەڵ هەمــوو خـەمـە ورد و درشـتـەکـانی لەسـەر جێگاکەی دانیشتەوە.

مامۆستا گوتی ئێستا کتێبی (بیرکاری) دەرهێنن.

وریا و هیوا بران، وریا هەشت گوێزی پێیە ئەگەر چواریان بدا بە هیوا...

«بریا منیش برای ئەوان بوایەم. گوێزەکەی خۆشم دەدا بە ئەوان»

مامۆستـا هاتە تەنیشـتی ویـسـتـا. دەسـتی نا سەر شانی و گوتی: نازانی چەندی بۆ دەمێنێتەوە؟



لە سـووچی دیواری کـۆڵانەکـەیان هەڵـتـرووشکاوە. حـەوت هەشت منداڵ تۆپێن دەکەن. کاک ڕەحیمی جیرانیـان دەستی خستبووە سەرشانی و گوتبووی:

– نازانی تۆپێن بکەی؟

مامۆستا گوتی: هەستە بزانم دەزانی.

کـاک ڕەحـیم دەسـتی گـرتبـوو بردبووی بۆ نێـو منداڵەکـان. دەمی تێکڕای منداڵەکـان دەرزیبیـان لێ دەباری و لە گوێچکە و دڵی هەڵدەچەقین.

منداڵەکـان پڕ بە پۆلەکـە دەنگیـان هەڵێناو گوتیـان: چوار مامۆستا چوار.

لە نێـوەڕاسـتی کـۆڵانەکـە ڕاوەسـتـاوە. منداڵەکـان بەدەوریدا هەڵدەخـولێن و وشـەی سـەیر و سـەمـەرە بەناوەکەیەوە دەلکێنن.

تۆپەکە بەرەڵا بووە و دەستی کردووە بە تلارۆکی و بە کۆڵانەکەدا دەڕواتە خوارێ... دەیهەوێ خۆی بخاتە جۆگەکەوە.. هەر تۆپەکە سووڕ دەخوا و ئەم سەری لە گێژەوە دێ. تۆپەکە سووڕ دەخواو ئەم سەری لە گێژەوە دێ. تۆپەکە سووڕدەخوا و ئەم سەری لە گێژەوە...

مامۆستا دەستێک بە فرمێسکی سەر ڕوومەتیدا دێنێ، دەیسڕێ و دەڵێ:

– تۆش دەزانی وریا چوار گوێزی بۆ دەمێنێتەوە؟

تۆپەکە سووڕدەخوا و ئەم سەری لە گێژەوە دێ. تۆپەکە خۆی فڕێ دەداتە نێو جۆگەکەوە ئەمیش لەنێوەڕاستی کۆڵانەکەدا دەکەوێ بە عەرزدا. دێ هەستێتە سەرپێ لەسەر کورسیلەکەوە بەلادا دێ و لەبەر پێی مامۆستاکەیدا دەدرێ بە عەرزدا. مامۆستا هەڵیدەستێنێتەوە و لەسەر کورسیلەکە دایدەنێتەوە و لە پاڵیدا دادەنیشێ.

لە نێـوەڕاسـتی کـۆڵانەکـەدا کـەوتووە و ناتوانێ هەسـتـێـتـەوە. منداڵان هەریەکەی بەلایەکدا هەڵدێن. کابرایەک خەتێکی بەدەوریدا دەکـێـشێ و بە هەردوو دەستی چاوی دەگرێ. دوای چەن چرکەساتێک هەڵدەستێتەوە و خۆی دەکاتەوە بە ماڵێدا.

زەنگی قوتابخانە لێدرا.

– جـوانە مـەرگ بی، فـریای جل شـتنت ناکـەوم، دیسـان خـۆت قـوڕاوی کردووە.

قیژەی دایکی زرینگەی لە مێشکی هەستاند.

لە قوتابخانە هاتنە دەرێ. سەرنجی چاوی فرمێسکاوی و لاقە بێ هێزەکـانی بەسەر گڵ و بەردی کۆڵانەکەدا دەخوشێن. دەنگی تێکڕای منداڵـەکـان ناوی ئەمـیـان کـردۆتە گـۆرانی و کـۆڵانەکـەیان وەلەرزە خستووە.

# ئەسپی باڵدار

قاسم سابیر

بژی ئەسپەکە ئەوەندە درێژ بوو دەتگوت بسکی کچانە. ڕەش ڕەش بوو کە دەستت پێدا دەهێنا لە دواییدا بریق و باقی بوو دەبریسکایەوە کە ئەسپەکە ملی بادەدا بە هەموو لایەک تاڵە مووەکان دەهاتن و دەچوون دوایی وەکو خۆی لێ دەهاتەوە دەمارەکانی ملی ئەسپەکە هەندەی پەنجەی ئینسانێ ئەستوور دەبوون. (سمە بۆر) ئەوکات زینەکەی دەخستە سەر پشتی ئەسپەکە قایشەکەی توند توند دەکرد ئەسپەکەش لەبەر ئازار پێی دەکوتا. ڕمبەڕمبێکی لێوە دەهات، (ها- هەر ئێستا زەوی کون دەبێ)

ئەسپەکە ملی دەسووڕاند و کلکی بادەدا مێش و مێشوولە پەرش و بڵاو دەبوونەوە کە لە ژوورەکەوە گزە گزیان دەهات (قەهار) کوڕە هەراشەکەی بوو بانگی کرد، ئەویش لەبەر دەرگا وەستابوو سەیری لایەکی دەکرد دەنگی سەگەکەیان لە دوورەوە گوێ لێ بوو.

- قەهارۆک؟
- چ دەڵێی بابە!
- دەرگای ئەو ژوورە بکەوە.
- ئێ.

(سمەبۆر) ئەسپەکەی بردە دەرێ سوار بوو دایە نەرمە غارغارێنێک دوایی بەسەر گردەکە کەوت لەودیو ئاوا بوو. (قەهار)یش دەستی بە پاککردنەوەی ئاخوڕ و شوێنی ئەسپەکەی کرد.

* * *

دایکی منداڵەکان لە ژوورەوە بوو منداڵێکی شیرەخۆری دەخستە ناو بێشکەکەو دەنگی گریانی دەهات.

(قەهار) وەژوورکەوت هێشتا دەرگای بە تەواوی نەکردبۆوە بە دەنگی بەرز گوتیە دایکی:

- دایە، بابە چووە سەر کانی ئەسپەکە تێر ئاو بکات.

– ئەی تۆ بۆ نەچوویت؟
– نا، ناچم.
ئینجا دەرگای داخستەوە منداڵەکەش هەر زوڕە زوڕی گریانی دەهات. دایکی مەمکە سپییەکەی خستە دەمی و ژێر بۆوە دەتگوت هیـــچی نەخـــواردووە بە پەلە یەک مەمکی دایکی دەمژی.
پشیلەی سەر دیواری و مریشکە سوورەکە لە حەوشە دەنگیان دەهات.
پاش عەیامێک. (سمەبۆر) خۆی و ئەسپەکەی لەسەر کانی لە ئەسپەکەی هاتەخوار تاکو ئەسپەکە ئاو بدات ئەسپەکەش یەک دوو هەنگاو چووە ناو ئاوەکە دەمی تێناو دەستی بە خواردنەوەی کرد.
(سمەبۆر) لەسەر بەردە زلەکە دانیشت سەیری دووری دەکرد گوێی بۆ سەگەکە شل کردبوو.
پۆلە مەلێک بە ئاسمانەوە بوون بەرەو چیاکان هەڵدەفڕین نیوکەوانەیەکیان دروست کردبوو دەنگیان دەهات و ئاسمانی پڕ کردبوو. ئینجا سەیری بەردەمی خۆی کرد دەموچاو چرچ و لۆچەکانی لەناو ئاوەکە بە دیارکەوت. وردە ماسی بچووک بچووک وەکو مس دەبریسکانەوە ژێرەوەی وردە بەرد و چەو و لم بوو.
زیکە زیکی مێشوولان لەسەر گیاو گۆڵی ئەو ناوە دەنگیان دەهات لەبەر ئەو خۆرەتاوە گەرمە.
(سمەبۆر) ئارەقەی شێن و مۆری دەردابوو ئینجا هەناسەیەکی قووڵی دا سوار ئەسپەکە بوو دەستی بەغاردان کرد. لەو کاتەدا بایەکی فێنک هەڵی کرد هەناسەیەکی داو دەنگی سینگیدا. کە گەیشتەوە گوند هێواش بۆوە لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا تا گەیشتە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆیان لە ئەسپەکە دابەزی سەری لغاوەکەی گرت و ڕایکێشا بردیە تەویلە سەری خستە ناو ئاخوڕەکە.
(قەهار) پێشتر هەندێ کاو و جۆی لە ئاخوڕەکە کردبوو ئەسپەکەش کەوتە هەڵلوشینی.
(سمەبۆر) لە ژوورەکە هاتە دەرێ چاوی بە (قەهار) کەوت لە هەیوانەکە دانیشتووە دەستی بە چاوی گرتووە بە کڕی دەگریێ.
– ئای دیسان شەڕت کردووە؟
– نەخێر، بابە من نەبووم
لەجێوە هەڵستا باوکی باوەشی پیاکرد ئەویش هەنسکی گریانی لە قوڕگی خۆی پەنگ دەخواردەوە



چاوەکانی سڕی ئینجا چووە ژوورەوە لەسەر لبادەکە دانیشت لە تەنیشت باوکیەوە جگەرەیەکی تێ کرد بە شقارتەکە دایگیرساند ئینجا مژێکی توندی لێدا دەموچاوە گەورەکەی لەناو چەرە دووکەڵ ون بوو.
گوتی:
– دەرگاکە داخە با تۆز و خۆڵ نێتە ژوورەوە.
(قەهار) هەستا دەرگاکەی داخست و چاوەکانی هەڵپشافت (سمەبۆر) بە تیلە چاو سەیری (قەهار)ی دەکرد و مژێکی توندی دیسان لە جگەرەکەی دەستیدا ئینجا ڕووی کردێ.
– هەڵستە جامۆلکە ئاوێکم بۆ بهێنە.
(قەهار) هەڵستا چووە دەرێ لەناو کووپەڵە ئاوەکەی حەوشە بەر سێبەری دارمێوەکە جامۆلکە ئاوێکی ساردی هێنا هاتە ژوورەوە. باوکی ئاوەکەی لێ وەرگرت و کە خواردیەوە.
– ئۆخەی ئاوێکی چەند شیرینە
(قەهار) ڕووی کردە باوکی ئەوکات بە پێوە وەستابوو
– بابە دەچمە دەرێ
– نا، مەچوو لێرە دانیشە
– نا، نا....
چووە دەرێ. باوکی خۆی بێدەنگ کرد چرچ و لۆچی دەموچاوی زیاتربوون دوایی خوێنی دەموچاوی پەرت بوو زیڕەی منداڵە شیرە خۆرەکە لەناو بێشکە هات و (سمەبۆر) دەستی بۆ برد و دەستی بە ڕاهەژاندن کرد منداڵەکە کڕبۆوە بە دەنگی بەرز گوتی:
– خانم لەکوێی؟
هەر لە دەرەوە وەڵامی داوە
– ئەوا لێرەم! چی دەڵێی؟
چۆلەکە لە حەوشە دەیانجریواند هەڵدەفڕین ئینجا دایکی منداڵەکە چووە لای بێشکەکە مەمکی خستە دەمیەوە منداڵەکە چاوەکانی نووقاند و دەستی بە مژینی مەمکی دایکی کرد (سمەبۆر)یش هەر لە جێوە قاچەکانی درێژ کرد و چاوی لێکنا دەنگی ڕمبە ڕمبی بێشکەکە دەهات ئینجا بێدەنگی ژوورەکەی گرتەوە. دایکی منداڵەکەش هەڵستا و چووە دەرێ.
ناندینەکە زۆر فراوان بوو لای ڕاستی چەند فەردە گەنمێک بەسەریەکەوە لایەکەی تریش ئاگردانێک بۆ چێشت لێنان و قاب و قاچاغ بەسەریەکەوە کەڵەکە کرابوون خەریکی ڕێکخستنی بوو دەنگی تەقە تەقی قاپەکان دەهات کە پێک دەکەوتن.

(قەهار) وەژوور کەوت بە پەلە گوتی:
- دایە، برسیمە
- وا چێشت دەکوڵێ سەبرت هەبێ
- نا، نا برسیمە

پارچە نانێکی تیری هەڵگرت لەسەر فەردەکان دانرابوو چووە دەرێ. دایکی (قەهار) قەپاخی سەر مەنجەڵەکەی هەڵگرت هەڵمێکی زۆری لێوە بەرز بۆوە بە کەوچک فرێکی لێدا تا بزانێ تام و خوێیەکەی چۆنە ئینجا سەرەکەی داپۆشت و بە پەلە چووە لای منداڵەکەی، چونکە دەنگی دەهات (سمەبۆر)یش پرتە و بۆڵەی بوو خۆی وەرسووڕاند دیاربوو لەسەر لایەکی سڕبیوو.

لەخەودا ژاوە ژاوێکی دەهاتە گوێی لەبەر خۆیەوە ورتە ورتی بوو دەتگوت شەڕیتی. دایکی (قەهار) کە تەماشای دەکرد لە دڵە خۆی بسمیللای کرد.
- ئەوە چیتە؟

جوولەیەکی لەناکاوی وەک مووچڕکێک کەوتە لەشییەوە دەتگوت وەخەبەرە، بەڵام لە خەوێکی قووڵدا بوو. جارێک بە لەسەر خۆی (سمەبۆر) لەبەر خۆیەوە گوتی!
- ئای ی...

پاشان خۆی وەرگێڕا لای چەپ. کەڵەشێر و مریشکی حەوشە دەنگیان دەهات. پشیلە ڕەشەکەش یەک دووجار میاواندی.

* * *

(قەهار) لەسەر گردەکە بوو لە نزیک خانووەکەی خۆیان سەیری ئاوایی دوورە ڕێی دەکرد مەڕو بزنی شوانە (کاک فەخۆ) لە دوورەوە دەبینران وەک چەند پنتکێکی ڕەش و قاوەیی لەناو پەرێز دیاربوون.

کە شەو داهات (قەهار) لە خەو ڕاپەڕی ئەسپەکەی دیبوو لە ژوورەوە لەسەر دوو قاچ وەستابوو دەیحیلاند و چەپۆکانی دەهاوێشت ئەویش ترس و سامێک بە ڕوویەوە دیاربوو لەخۆی دەپرسی ئەو ئەسپە بۆ وا دەکا.

دەیەوێ ئەو ماڵە بەجێ بهێڵێ کەچی من زۆرم خۆش دەوێ، هەردەبێ بەیانی خەوەکە بۆ دایکم بگێڕمەوە بزانێت مانای چییە؟ بۆ ئەسپەکە ڕاوەناستێت.

لەوکاتەدا ئەسپەکە دووباڵی گەورە و سپی لێ پەیدا بوو دەیویست بفڕێت... ئا دەیەوێ بفڕێت.

من نازانم دایکم ماناکەی دەتوانێ لێکبداتەوە ئەو بەیانییە کە لەخەو هەڵستا چاوەکانی هەڵپشافت ڕووی کردە دایکی گوتی:
- دایە گیان.
- ها، گیانە.
- ئەو شەو خەوم دی.
- هیچ نییە کوڕی خۆم.
- ئەتۆ گوێ بدێ چی دەڵێم.
دایکی گوێی بۆ شل کرد.

ئەسپەکەی خۆمان بینی لە خەو دوو باڵی لێ ڕووابوو دەیویست بفڕێت چەپۆکانی دەهاوێشت منیش ترسام لە خەو ڕاپەڕیم.
- هیچ نییە کوڕی خۆم هەموو جارێ بسمیللا بکە.
- ئاخر دایە مانای چییە؟
- مانای هیچ نییە برۆ یاری بکە.

(قەهار) بێدەنگی و کپی ناخی داگرت دوایی ئەوە قسەکانی لە سینگی پەنگی خواردەوە دەموچاوی گرژ و مۆن بۆوە
- ئاخر..
- نا، نا

هەڵستا چووە دەرێ سەیری ئەسپەکەی دەکرد سەرو ملی دەجووڵاند هەناسەیەکی قووڵی دا.
- ئای ی....

غاری دایە سەر گردەکە سەیری دووری دەکرد بینی (کاکە فەخۆ) دیار نییە دەنگی سەگ لە دوورەوە دێ گوێی بۆ شل کردبوو. لەبەر خۆیەوە گوتی:
- ئای سەگەکەی (فەخۆ) چەند دڕە

ئەو جارە ببینم بە بەرد لێی دەدەم با (فەخۆ)ش تووڕە بێت.
- ئاخر لێم دەدا.
- نەخێر ناتوانی!

کە لەسەر گردەکە هاتە خوارێ بەرەو کانییەکە بەتاو غاری دا قاچی هەڵکرد چووە ناو ئاوەکە بە چەنگان دەیویست ماسی بگرێت هەموویان لە ترسان دەچوونە ژێر بەردەکان دوایی ئەوە لە ئاوەکە دەهاتە دەر ئاوەکە شێلوو ببوو تۆزێ پێ دەچوو ڕۆن دەبۆوە سەیری دەموچاوی خۆی دەکرد لەناو ئاوەکە وەکو ئاوێنە لەدواییدا ببوەوە وێنەی ئەسپەکە سەر و ملی دەجووڵاند و ئینجا بەردێکی هەڵگرتەوە فڕێی دایە ناو ئاوەکە وێنەی ئەسپەکە نەما.
- ئای ئەسپە خۆشەویستەکەم.

حیلەی ئەسپەکە لە دوورەوە هاتە گوێی ئەسپێکی لەسەر گردەکە بینی لەسەر هەردوو قاچ چەپۆکان داوێ.

دووباڵی سپی سپی هەبوو کە باڵەکانی دەجووڵاند تەپ و تۆزێکی زۆری دروست دەکرد.
- ئەوە ئەسپەکەیە لە خەوم دیوە.

بە تاو غاری دایە سەرگردەکە بینی ئەسپەکە لە چاو

ترووکانێکدا ون بوو
– توخوا بەجێم مەهێڵە
کە ئاورێکی لە کانییەکە دایەوە ئەسپەکەی لەوێ بوو.
– ئەوا ئەسپەکەی خۆمانە، ئەی بۆ باڵی هەیە دەبێ من لەخەودا بم، یان هوڕێنە دەکەم بەغار گەڕایەوە ماڵ شوێنەکەی بەجێ هێشت لە ڕێگادا بەهات و هاوار دەیگوت و دەیگوتەوە:
– دایە گیان ئەسپە خەنەییەکەم دی دوو باڵی هەیە دەفڕێت وەکو ئەوەی لە خەومدا بینی.
– ئەیرۆ کوڕم ئەوە خەیاڵ دەکەی، وس بە.
– ئەوە دێو و درنج دەبینیت
– نا دایە گیان دێو و درنج نییە. کە ئەسپەکەم دی تۆپەڵە ڕۆناکییەکی زەرد لە پشت سەریەوە بوو
– نا کوڕم وا بیرمەکەوە.
– ئەی چۆن! ئەوە ئەسپ نییە.
– ئەی چییە؟
– کوڕم نەکا جادوو بێت!
– دایە جادوو چییە؟
– وس.
– نا، نا ئەسپەکەی خۆمانە دەفڕێت.


ئینجا (قەهار) باسی ئەسپەکەی بووە بنیشتی سەرزاری لە کۆڵان بۆ منداڵانی گوندی دەگێڕایەوە منداڵانیش گاڵتەیان پێ دەکرد دەیانگوت: وڕێنە دەکات. خەو دەبینێ.
بەڵام ئەو هەر لەسەر ڕای خۆی بوو کە ئەسپەکە ڕاستییە لەخەودا بینیویەتی هەروا لەسەر گردەکەش بە هەردوو چاوی خۆی هەستی پێ کردووە.
منداڵانیش ناوی (قەهار)یان لێ نا (ئەسپی باڵدار). منداڵان بە کۆڵان دەگەڕان و دەسووڕانەوە ئەو ناوەیان دووبارە دەکردەوە خەڵکیش پێی سەرسام دەبوون نەیاندەزانی ئەسپی باڵدار چییە؟ بەڵام زۆر بە ساڵاچووەکان دەیانگوت: ئەو ناوە لە ئەفسانەی (بۆراق) هاتووە.

* * *

ئێوارە داهات خۆر سوورێکی پرتەقاڵی بوو لە پشت گردەکان ماڵئاوایی لە گوند دەکرد ئاسمانیش چەند چڵکە هەورێکی خۆڵەمێشی پێوە بوو، دەتگوت بە دەست لکێنراوە لەو ساتەدا نەرمە بایەک هەڵی کرد هێمنی و ئاسوودەیی دەبەخشییە سەر گوند هەرکەسە لە ماڵی خۆیەوە بوو هەموو دەرگاکان داخرابوون.
(شوانەفەخۆ) لەو دەشت و دەرە مەڕەکانی بە پێش خۆیدابوو گەیشتبووە بەر دەرگای ماڵەوە.
پۆلە تیتروسکێک بە ئاسمانی گوندی دەیانخوێند و ڕەت بوون (سمەبۆر) پێی نایە حەوشە (قەهار)ی دی ئەویش لە حەوشە بوو پێی گوت:
– بۆ چ جارێکی تر نەچییە سەر گردەکە.
– بۆچی بابە؟
– نەوەک ئەسپەکە زەفەرت پێ ببا
(قەهار) ترس و سامێک بە ڕوویەوە دەرکەوت هەستی بە ترس کرد.
– ئاخر بابە ئەسپەکەم دی.
– ئەسپی کێ؟
– ئەسپی خۆمان.
– ئەو ئەسپەی لەسەر گردەکەم بینی دوێنێ شەو لە خەویشدا بینیم باڵی هەیە.
– کوڕم ئەسپ کوا باڵی هەیە مەگەر مێروولەت دیبێ.
لە هەموو ماڵێک باسی ئەسپی باڵدار و (بۆراق) بوو کە داپیرە بۆ منداڵانی چەند حەقایەتێکی دەگێڕایەوە تاکو خەویان دەهات، لێ دەنووستن.
(سمەبۆر) لە ژوورەوە پاڵی دابۆوە دوو برۆ گەورەکەی شەڕیان بوو چرچ و لۆچی دەموچاوی پتر ببوون ڕووی کردە ژنەکەی
– ئەو کوڕە چی گوت؟
– ئەسپی دیوە باڵی هەیە.
– قسەی قۆڕ.
– ئەو منداڵە خەو دەبینێت، یان وڕێنە دەکات لە خەویشدا ورتە ورتیەتی زۆرجار ڕادەپەڕێ لەبەر خۆیەوە دەڵێت! ئەسپەکە وەرە لەگەڵ خۆتم ببە. قسەی لەگەڵ دەکات.
(سمەبۆر) بە ڕاکشاوی سەری داخست مژێکی توندی لە جگەرەکەی دەستی دا دەموچاوی لەناو چەرە دووکەڵ ون بوو.
(قەهار) بەغاردان هاتە ژوورەوە وتی:
– بابە ئەسپی باڵدارم دی. بابە بۆ بڕوام پێ ناکەی، خۆ درۆ ناکەم.
– هەی پیسی سەگ، ئەو خەیاڵە لەسەرت دەرکە نەوەک سەرت دەخوات.
ئەویش دەیگوت و دەیگوتەوە:
– بابە ئەسپی باڵدار.
مژێکی توندی بە تووڕەیی لە جگەرەکەی دەستی دا دوکەڵەکە لە قوڕگی پەنگی خواردەوە دەستی بە کۆکین کرد چرچ و لۆچی دەموچاوی پتر بوو سوور هەڵگەڕا بەتووڕەییەوە:

- خانم ئەو کورە دەم چەفت بکە.
بەم چەشنە قسەو باس بووە چیرۆکێکی بێ کۆتایی ناو خەڵکی گوند لە هەموو ماڵێک دەگوترایەوە ئینجا داپیرە فاتیمە بۆ منداڵان چیرۆکی ئەسپی باڵداری گێرایەوە.
- ئەسپێک هەبوو ڕەنگ خەنەیی تۆپەڵە ڕووناکییەکی لەپشت سەریەوە بوو دووباڵی سپی پێوە بوو دەچووە سەر گردۆڵکە، لووتکە چیا لەوێ هەڵدەنیشت و لەسەر دوو قاچ چەپۆکان داوێ دەحیلێنێ بە دەنگی بەرز کە باڵەکانی لێک دەدا ڕەشەبایەک دروست دەبوو هەمووی دەکردە تەپ و تۆز.
لێف و بەتانی سەر منداڵان لادەدا ئەوکاتەی شەو خەوتبوون هەموو لە خەو ڕادەپەڕن دەڵێن ئەوە ڕەشەبای ئەسپی باڵدارە.
- وس بن مەترسن ئەو ئەسپە موژدەی خۆشی پێیە.
منداڵەکان لە جێوە سەریان دەلەقێنن ئینجا دایکیان دەڵێت:
- ڕۆڵە بە ئاسوودەیی بخەون.
ئینجا منداڵێکی بچکۆلە گوتیە دایکی:
- دایە ئاخر دەترسم
دایکی پێی دەڵێ:
- ڕۆڵە وەرە باوەشم بخەوە.
ئینجا شەو باڵی ڕەشی ئاسمانی کش و ماتی گوند دەکشێ هەموو شت سرتەی لێوە نایێ.
بۆ سبەی شەو هەمان دانیشتن کۆڕ و کۆبوونەوەی چیرۆکی ئەسپی باڵدار دەستی بە تەواوبوونی نیوەکەی تری کرد.
(داپیرە فاتیمە) تەسبێحەکەی لە دەستی بوو قل قل دەنکەکانی بلند دەکرد ئینجا گوتی:
- ئەسپەکە هاتە لای خەڵکەکە قسەی دەکرد موژدەی پێ بوو کە ئەو ساڵ باران زۆر دەبارێ دەغڵ و دان زۆر دەبێت.
منداڵەکان هەموویان گوتیان:
- ئینشاڵڵا، وابێ!
(سمەبۆر) بە ڕاکشاوی مژێکی توندی لە جگەرەکەی دەستی دەدا و ژوورەوە پڕی چەرە دووکەڵ دەبوو، چرایەکە لە ناوەندی مەجلیس دابوو ڕۆناکی لە دەموچاوی (سمەبۆر)ی دەدا چرچ و لۆچی دەموچاوی گەورەتر دەکرد ئینجا داپیرە (فاتیمە) دەستی پێ کردەوە:
- ئەو ئەسپە باڵدارە ڕۆژێ لە پادشا زویر دەبێت ناگەڕێتەوە ماڵ، پادشا ماوەیەک بێ سۆراغ دەبێت لە ئەسپەکە دەگەڕێ، چەند نوێنەری خۆی بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەنێرێ تاوەکو ئەسپەکە بدۆزنەوە ڕۆژەک ئەسپەکە بیری گەڕانەوە لە کەللەی دا بە هەردوو باڵەکەی کە خوا پێی بەخشیوە هەڵدەفڕێ لەسەر ماڵەکەی پادشا هەڵدەنیشێ پێیەکانی دەکوتێ ئەوکاتیش پادشا لەخەودا دەبێت گوێی لە ڕمبە ڕمبی پێی ئەسپەکە دەبێ لە خەو ڕادەپەڕێ دێتە حەوشە، ئەسپەکە دەبینێ پێی دەڵێ:
- چیت دەوێ بۆتی دەکەم، بەڵام لەسەربان وەرە خوارەوە نەوەک خانووەکەم دەڕووخێ.
ئەسپەکە دەڵێت:
- یەکێک لە نوێنەرانی خۆت بنێرە لەگەڵم بێت، تاکو لەدواییدا چیت بۆ دەهێنم.
پادشاش خوڵامەکەی خۆی بانگ دەکا بەدوای سەرۆک لەشکر بچێت کە سەرۆک لەشکر دێت سواری پشتی ئەسپی باڵدار دەبێت.
ئەسپەکە بەرز دەبێتەوە و دەفڕێت تا دەگاتە داوێن چیایەکی بڵند ئەشکەوتێکی لێیە ئەسپەکە دەڵێت:
- پێکەوە دەچینە ناو ئەو ئەشکەوتە شێرێک هەیە شمشێرێکی لە قاچی چەقیوە بە لەسەرخۆیی لەقاچی دەربینە ئینجا سەرۆک لەشکرەکە کەوتە بیرکردنەوە لە دڵی خۆی گوتی:
- بچم، یان نەچم! تازە کەوتوومە نێوان دوو دیوارەوە ناچار هەر دەبێ بچم.
ئەسپەکە لەم بەینە عەیامێک وەستا سەری سوڕما پێی گوت: زووکە دەی زوو بڕۆ ژوورەوە مەترسە سەرۆک لەشکر چەند هەنگاوێ چووە ژوورەوە دڵی کوتە کوتی بوو کە لە شێرەکە نزیک بۆوە دەستی بۆ شمشێرەکە برد شێرەکە نرکەیەکی پڕ لە ژانی لێوە هات تۆزێ وەستا پشووی دا ئەوجارە بۆ جاری دووەم دەستی بۆ برد دەسکی شمشێرەکە کەوتە ناو لەپی دەستی و پەنجەکانی نووشتانەوە ڕای کێشا شێرەکە نەڕاندی، بەڵام هیچی نەدی، چونکە شوێنەکە تاریک بوو ئینجا بە پەلە ڕای کردە دەرەوە خۆی هەڵدایە سەر پشتی کە لەبەر دەم دەرگای ئەشکەوتەکە چاوەڕێی دەکرد ئینجا ئەسپەکە خۆی هەڵدا و بەرز بۆوە بۆ حەلحەلەی ئاسمان گەڕایەوە ماڵی پادشا ئینجا سەرۆک لەشکر شمشێرەکەی دایە دەست پادشا لەنەخش و نیگاری شمشێرەکە وردبۆوە زانی ئەوا شمشێری باوکیەتی ئینجا ئەسپەکە گوتی:
- ئەوە شمشێری باوکە کوژراوەکەتە کە لەو ئەشکەوتە لەگەڵ ئەو شێرە جەنگاوە، شێرەکە هەر بە بریندارى توانیویەتی باوکت بخوات ئینجا (داپیرە فاتیمە) گوتی:
- چیرۆکەکەتان ئەسپی باڵدار دوایی هات ئیتر تێروپڕ بخەون.

**ئەڵمانیا - ٢٠٠١**



# ڕێم بدە تا داچۆڕێم

پەیوەند عومەر
(ڕانیە)

لەو سەرەوە پیاوێ لە عێلی دیرۆک و لە جنسی نەختینە، لە وڵاتی گەرداوەوە بە گەردیلەکانی «با» هەڵیکرد و ورشە ورش، پێچاوپێچ، هەر لێرەوە بەرەو باکوور بەرەو باشوور، ورشە ورش، بۆ سەرەوە بۆ خوارەوە، لە دارستانەوە دەستی پێکرد. لەسەر لووتکە و ژێر تەلاندا ڕادەوەستا، لە ڕۆژدا مات، شەوانەش بێ هەدادان پیاوێکی سەمەرقەندی بەمێژوویەکی یاخییەوە، بە داهاتوویەکی پێچاوپێچ و ئایندەیەکی شپرزەوە، لەگەڵ پۆلێ نەوڕەسی تەریو، لە شێوەی هەورێکی هەڵبڕاودا، بە جۆگەیەکی برینداری سەرەوژێردا، ئەم پیاوە غەریبی لە ژێر پێیەکانییەوە هەڵدەڕژا، سەحرا بۆی نەدەشاردرایەوە. چاوی لە مامزێکی کێوی وەرگرتبوو، کۆرژنی لووتکە و ژێر تەلانی دەکرد، بەورێک فەروەکەی خۆی پێدابوو، کۆترێک شینایی ئاسمانی پێ ناساندبوو شوێن ئارامی کەوتبوو. توونا و توونەکانی هزر، هەڵەمووتەکانی قەناعەت و قەپاغەکانی خەونیش، بەڵام نەبوو، دواجار لەژێر بەڵاڵووکی سەبرا لەبن دار چوالەی ناچاریدا کەمێک خەوی لێ کەوت. لە خەویدا چووبووە ئەودیوی بوون، لە بەختی خۆی دوا بوو. نامەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنابۆوە هەواڵی چرکەکانی سەفەری تیا نووسرا بوو باسی چراکانی مانەوە و کەشکۆڵەکانی یاخی بوونی دەکرد، لەسەر زەرفێکی زەردباو بە ڕتووشی نیگایەکی هەڵبڕسکاو نووسیبووی «من ملوو». کە ڕۆیشت هیچ مەخلووقێ پێی نەزانی کۆڵە پشتەکەی پڕ کردبوو لە وردە نانی مان و لە حەڵوای سەفەر و لە گلەییەکانی ژیان بایی

یادەوەرییەکی خەوالّووشی لێ جێنەما. خۆشم دەویست، لێی دوودڵ بووم، لەنێو نیگاکانی ئایندەمدا ترووسکە بوو، لە زەمەنی لێ قەومانا هەناسەی هەستانەوە و دەیجووری چارەنووسی بوو.. زۆر دوودڵ بووم. ئەو سەرکاری ئازار و شیرینەکان بوو. منیش گوڵە بەرۆژەیەکی لارە مل بە شەوقی سوورە هەتاوی نێو پەنجەکانی ئەو، ئەم عارفە کەشکۆڵەکەی پڕ بوو لەو معەلەبانەی کە وجوودیان نەبوو، لەو کەمپوتانەی کە میوەکانیان بۆن نەکرابوون. هەرگیز گیرفانی نەدەکردنەوە. دەیگوت مەوهیبەی سەفەرەکان بەتاڵ دەبنەوە. وەرزەکانی ڕۆیشتن کەشف دەبن. لەگەڵ خۆیدا ناتەبا بوو، پێی وابوو ئەوە مەهامی مرۆڤە، جار هەیە لاشعووری لاشەت دەبا، بێ ئاگای ئاسوودەبییت لێ دەفرێنێ. دەبێ شوێنی کەوی، هەمیشە مرۆڤ بوونت بەم عەجوولیە کۆنترۆڵ کە ئینسانیەتت بەم نەگبەتییە لە خاچ بدە، نەخۆشییەکی کوشندە لەو سەری ئێرەوەیە، بچۆ ژێر ڕقی ئەو تاڤگەیە، یا کەڤاڵی ئەو تومانە. لە ڕامانتەوە دەست پێدەکا و لە زەرد بوونی هەناسەتدا سەرهەڵدەدا، کەوتبووە جەنگ، شەڕێکی قورسی بە شیعر دەفرۆشت. سەنگەری لە شەو دەگرت، دڕدۆنگی بە پەخشان گرتبوو، وێنەکانی لێ دەشێواند ڕیتمەکانی دەشکاند، زمانی خۆی داخ کردبوو. دەیگوت بەهای ئەم تەنها لەژێر پێی سەرکردەکانیدایە، بەس دەزانێ بەرگی ڕیا لەبەر وشە باروتیەکان بکات، ئەوانەی ئاپارتمانی جوانی دەرووخێنن و مانایەک بۆ ژیان ناهێڵنەوە، ئەم پیاوە یاخییە لە شۆڕشەکانی چیرۆکدا شکستی دەخوارد لەگەڵ یەکەم بەرەنگاری تەسلیم دەبوو.. دەستی لە پاڵەوانەکانی هەڵدەبڕی.. قوماشێکی سپی بەستبوو بە لوولەی تفەنگەکەیەوە، دەیکوت لێرە دۆڕان گەورەییت پێ دەبەخشێ، ئارامییەکی لەسەرخۆ و لاسارییەکی



جوانت تیا سەوز دەکات، (لە خەمی هاتنەوەی پەپوولەکاندا) بە پاڵەوانەکەی گوتبوو لەم سەحرایە کەمێ سواری گالیسکەکەتم دەکەی؟ لە چیرۆکی «منداڵە چەتوونەکانی نیشتمان»دا بە منداڵەکەی گوتبوو ناکرێ لوتف کەیت و کەمێ عەجوولیم پێ عەتاکەی؟ (لە پەنجەرەکانی زینداندا) لە پاسەوانەکان پاڕابۆوە لە کەتیبەکانەوە بیکەنە ژوورێ تا لەوێ سەرێ لەژیان بدات و کەمێک لە مەرگ وردبێتەوە. ئەوسا یەکیان هەڵبژێریت، پاسەوانەکە زۆر ترسابوو کونی کێلەکانی مێودابوو. هەواکێش و کونەکانی بە گۆڕەوی و دەستەسڕ و پشتێنەکەی ئاخنیبوو، بەسەرۆکیشی ڕاگەیاندبوو: قوربان یەکێ دەیەوێ نانبڕوام کاو زیندانەکە بشکێنێ! ڕۆیشت و میراتەکەی دوو هێڵی تەریب، یەکێ ڕوو لە خۆرهەڵاتی حەسرەت بۆ کیشوەری کۆست و بۆ نیشتمانی بێ ناوە، ئەوی دیکە بۆ خۆرئاوای ئەسەف، بۆ بن پیرە مێژووی ون و سەرقەیاغەکانی دوای جەنگ.. ماڵەکەی پڕ بوو لە کۆست، لەگەڵ ژیانا ناتەبا پڕ بوو لە سڵسڵەکانی ئازار، بڕوای وابوو مرۆڤ دەبێ هەمیشە لە کەسێتی ونی خۆی بگەڕێ، ئەگەرنا بوونی لەگەڵ مرۆڤدا ون دەبێ.. هەر نەبێ گەران، وردبوونەوە، تێرامان لە مەرگ و ژیان، قەداسەتێک پێک دەهێنێ، سیمبۆلی مان بەم دوانە دەبەخشێ، یا هەر نەبێ مردنی تۆ زندوویێتی بەهاوڕێکانت عەتا دەکا، جار جارە یادەوەرییەکانت دێنەوە و تێکەڵ بەجوانێرییەکانیان دەبن، لەودیوی ئەشکەنجەکانی تۆوە چاوەڕێی داهاتوویەکی فەنتازیای دەکەن. منداڵەکانیان بەناوتەوە دەکەن حەقایەتی هاوبەشی ڕابردوو دەگێڕنەوە. لە ئەرشیفی هزردا لە جێگەیەکی دەست پێ نەگەییو هەڵدەگیرێی، لە ڕاستیشدا بستە خاکێکت نییە، لە ئاوەدانیدا دێیتەوە، هاوڕێکانت تا شل دەبن بەسەر شەقامەکاندا دەتگێڕن.. ئێوارانیش تەنیایی دەتباتەوە ژێر ئەرخەوانی گۆڕەکەت تۆ ئەی هەڵۆ دا بیر لەم

هاوکێشە سەقەتە مەکەرەوە.. لەم بێ وەفاییە مەترسە. لەگەڕان بەردەوام بە.. ئەم مێژووە قورسە بە کۆڵمانەوە هەنگاوەکان سووکی دەکەن، ئەم مەرگە چارەنووسان دەنووسێتەوە. بوێری دوورمان دەخاتەوە. وەفای ئەم زیندووانە چەند میهرەبانە بە ئاپۆرا مردووەکان لەخاک دەنێن و جێیان دێڵن، بەزەییان چەند زیندووە وێنەکان هەڵدەواسن تەزبیح و پاکەت و چەرخەکانیان بە هیچ ناگۆڕنەوە ئێوارەی پێشووتر دیم ڕەنگی برۆنزییەکی تۆخ، قاتێکی لە زەمبەق پۆشیبوو. قژەکانی لە چیمەنێکی خوار و خێچ و باڵای لە زەعفەرانی دەکرد. نەهی لە قسەکردن کردبوو، پێی وابوو وشەش بەهای هەیە دواتر نایمێنێ، زمانی مەعریفەی لەژێرەوەیە، هەندێ جار پوولێ ناهێنێ، بۆیە تەنیا سەری دەجووڵاند، بەس ملی لار دەکردەوە، هێماکانی گۆڕیبوو، ئاماژەکانی قلْپ کردبۆوە، بە مەرگی دەگوت ژیان، بە وەفای دەگوت نیگەرانی، ڕوانینی لا پیرۆز بوو، کەچی سەرنجی بەهیچەوە نەدەنیشتەوە کە دیم گوتی هاوڕێ کورتترین فیلم ماوە بیگرم.. دەقێکی چەند خولەکی هەندێ وێنەی شێواو کە دەگەنە ستوونی کۆتایی، کە دەچنە بەردەم دەست لێک بەردان. دەکەونە نێوان بەرزەخ و ژیان، بەیانییەک بەدەم ئازارەکانی ڕۆحییەوە جێگاکەی جێ هێشتبوو برینەکانی دەڕشانەوە.. خۆی نەدابووە بەر نیگای هیچ حەکیمێ، دەیگوت لەم ساڵی تاعوونەدا حەکیمەکان لە هەمووان نەخۆشترن، لەم عەسری خوڕافەدا حەکیمەکان جاهیلترین کەسن، لە بوولێڵی ئەو ڕۆژەدا چوونە نێو ژوورەکەی.. ژووری چی؟ دنیایەکی وێران پڕ لە لەتە ئاوێنەی شکاو.. لە بزماری دوولەت لە شەرواڵی یەک قاچ و لە چۆغەی بێ قۆڵ، لە وێنەی ژنی سمێڵدار و لە پێڵاوی تاکە و تاک جێگەیەکی نەزیف. خوێنەکەی نەدەمەیی چەند پارچە قەدیفەیەکی سپێدە و پۆپەشمینەی ئەستێرە و گۆمیلە ئاوی کانی جێمابوون.. هەر زوو کە هاتبۆوە دوو دارشەقی حەیزەرانی هێنابوو، لەژێر میچی ژوورەکەیدا هەڵیگرتبوون.. یەکیان هێزی تاوسێکی قەیرە و ئەوی دیان تەلیسمی سیمرخێکی ئەفسانەی ناو دارستانەکانی مێژوو بوو، برینەکانی نەیان خستبوو، خۆی دابوو بەسەر دارشەقەکانیدا، بەو ئاسمانە ڕتووشەدا هەڵدەفڕی، باڵەکانی لێکدەدا و سەردەکەوت ئیدی لە چاوی ون بوو. پێدەچێ ئەم ڕیتمە سواوەی شکاندبێ، چووبێتە ئەوبەری بنی باکی، ئەم فۆرمە بێزراوەی فڕێ دابێ و کلێشەیەکی دی دامەزراندبێ، ئاخر بەو ڕوئیا فەلەجەوە ژیان ڕام ناکرێ. بەو دیدە لێڵەوە مرۆڤ کۆنترۆڵی نابێ.. بە تیز ماڵی خوێنە نارنجییەکەی کە لە نەزیفی دار هەناری دەکرد.. شوێنمان هەڵگرت بەسێبەری سارد و سڕی ئاهەکانی بزنە ڕێییەکمان دۆزییەوە. بەدرێژایی ئەو ڕێگای دنیا سوور دەچۆوە بەردەکان داخ کرابوون، دارەکان هەڵپرووزاو لەژێر سێبەری سووری ئەشکەوتێکدا تەفسیرێکمان دەست کەوێ.. بەم شێوەیە دەست پێدەکات... ئەم ژیانە بازنەیەکی بەتاڵە و تا زووە سۆراغی بەختی خۆتی تێدا بکە، لە غەریبی خۆت بگەڕێ و لەگەڵیدا پێک وەرەوە دوورتر لە ڕێساکانی تەفرەدان و تارماییەکانی بەرژەوەندی، بەسەلیقەی ئەوینەوە، بە فەنتازیای بوونێکی نوێوە بگەڕێنەوە بۆ سەر لێوارەکانی تەنیایی، واتە خلوود، ئێرە ئەم جوگرافیا شێواوە خەون لە خۆناگرێ ئەم سکێچە لەرزۆکە دارە دارەی کەماڵی پێ ناکرێ. درەنگە، کات نەماوە، دەبێ بڕۆیت چاوەڕێمان دەکەن، ئەم ئێستە کار ئاڵۆز دەکات. بەسەر ئەنجامێک ناگەین، لەم بەر ئەم سەکۆیەوە کەرنەڤاڵێک بەڕێ دەخرێ.

ئەرستۆ کراسەکان تیای بەشدارن، مرۆڤە بچکۆلەکان ئێرەشیان بۆ نامێنێ، قاسیدێک لە بەرزاییەکی بەرییەوە، بەدەنگێکی جاویدانی هاوار دەکات: بەچییەوە سەرقاڵن؟ ئاوی نێو مشتان نۆش مەکەن.. پاروەکانی ناو دەمتان قووت مەدەن.. کێ دەیەوێ ئازارەکانی بەموحیبەت و تاڵییەکانی بەهەنگوین بگۆڕێتەوە، کێ دەخوازێ مۆرانە لەلاوێتی نەدا و پیری داینەڕزێنێ بێتە سەر ئەم کەشتی ون بوونە و.. لەم دەفتەری بەرزەخەدا ناو بنووسێ، هەر ئەمڕۆ پۆستەی یەکەم بەڕێ دەخرێ.

ئاگایان لەو بووە بەدەستی خۆی ناوەکەی تۆمار کردووە و چۆتە هۆڵی ونبوونەوە. بەهێڵی ئێستیوا سەرکەوتووە بۆ شینایی ئاسمانەکان. چۆتە سەر شەپۆلی زەریا و لەگەڵ گەرداڤێکدا چۆتە خوارێ، ئێستا ماڵێکی لەنێوان ئاڵۆزی ئاسمان و هێمنی دەریادا چێ کردووە، بە تەمای هاتنەوەی مەبن. دەبێ ئێمە بچینە ئەوێ!!

# خاڵ

**بیژەن نەجدی**
**لە فارسییەوە: بێهروز ڕەحیمی**
**(سەقز)**

دەلاکی حـەمـام ناپرسێ، منیش ناڵێم خـاڵی سـەر باسکی چەپم چ ساڵێ و لە کوێ کوتاوە.

تەنیا لێی دەپرسم:

– دەکرێ پاکی کەیتەوە؟

دەلاک دەڵێ: ئەرێ، بەڵام پاک کردنەوەکەشی هەروەک کوتانەکەی ئێشی هەیە. ئێستا ڕۆیشتووە کەلوپەلەکەی بێنێ. پێم وایە دەیەوێ بە تیزاب چاکی کاتەوە. پشتە و قەفا لەسەر کاشییە گەرمەکان ڕادەکشێم و سەرم دەنێمە سەر سەرینێکی چەرمی. هەڵمی نەرم خۆی دەساوێتە ئەو تیشکی هەتاوەی لە جەغزە ڕەنگییەکانی بن میچەکەوە دێتە ژوور. تێخی چەسپاو بە دیوارەکەوە و سەتڵی پەنا دیوارەکە بۆنی لفکەو ئاو و سابوونی گەنیو دەدەن. نە ئەوەی ترسابێتم، تەنیا ماندووم. سەیری ئەم خاڵە شینە، ماندووم دەکا. باسکمی تەواو داپۆشیوە. نازانم بۆچی، بەڵام خۆم ویستبووم. سەرەتا بە قەڵەم پەنجەرەیەکم لەنێوان ئەنیشک و شانمدا کێشابوو، یەکێ لە تاکانی ئاوەڵا بوو و گوڵدانێکی خاڵی لەسەر لێوارەکەی دانرابوو.

پاشان لەبەر ئێشی دەرزی و دەواکە دەسرەیەکم خنیبووە دەمم تا زمانم نەکەوێتە بەر ددانم. هەر بەشێک لە پەنجەرەکە دەکوترا، هەر ئەو شەوە، ئەو بەشەی دەماسی. ژانەکەی لەبن باڵمەوە دەکەوتەرێ. دەبوو بە دوو لقەوە. یەکیان بەرەو ملم دەچوو و لە گوێچکە و لاجانگم تێدەپەڕی و لقەکەی دیکەی بەسەر ئێسقانەکانی پەراسوو و شلکەی ڕانمدا بەرەو خوار دەچوو تا تەختی پێیم گەرم دەبوو و عارەقم دەکرد. پاشان دەمتوانی نەختێک بخەوم. ڕۆژێ کە ماسەکەی دەستم نیشتەوە و توانیم ئەم پەنجەرە شینەی باسکم لە هۆدەیەکدا کە قەت پەنجەرەی نەبووە لەگەڵ خۆمدا بەرم، دەنگی مەقام دەهات. واتا کەسێک هەر لەو نزیکانەدا، کووچەباغی دەچڕی و بەسەر ڕوخساری منەوە دەگریا.

ئێستا دەبێ تا هاتنەوەی دەلاک شێرەی ئاوە گەرمەکە بەربدەمەوە تا نەختێک گەرمم بێتەوە. دیسان ڕادەکشێم، دەستم لەسەر موزاییکی تەختی حەمامەکە دادەنێم– دوور لە جەستەم. هەر بەو جۆرەی کە ئەو ڕۆژە لەسەر گژوگیاکە دامنابوو. خەریک بوو خەو دەیبردمەوە. بەسەر سەرمەوە لقوپۆپی دارەکان هەرزاڵێکیان دروست کردبوو. کە جارجار با لقێکی وەلا دەدا، پارچەیەک لە هەتاو بە قەد سفرەی بەیانییان دەکەوتە سەر گژوگیاکە. یا دەکەوتە سەر سینگم و جاری واشبوو سفرەکە لەسەر سینگم هەڵدەخلیسکا و دەکەوتە سەر گژوگیاکە.

ڕووی لە دالانێک لە سپیدارەکان بوو کە لە ڕووبارەکەوە سەریان دەردەهێنا و لەم بەر پردەکەوە دوایی دەهات. لەوبەر پردەکەشەوە لێرەواری تووسکا ون دەبوو. گژوگیا هێشتا بۆنی نمە بارانێکی دەمەو بەیانیانی لێدەهات کە زوو خۆشی کردبووەوە. تارمایی ژنێک لەسەر پردەکە دەجوولایەوە. ئەوەندە دووربوو پێدەچوو ڕاوەستابێ، هەم نزیک دەبووەوە و هەم دەڕۆیشت.


پێم وابێ چەند ساتێ خەوم لێکەوت. هێندە کورت بوو کە نەدەبوو کەس بێتە خەوت، ئێستا چ ڕەشپۆش، یان... کە چاوم هەڵبڕی ئەو ژنە لە ژێر دارەکاندا بوو. لەوسەری دالانی سپیدارەکانەوە، جلەکانی لە پەنا

پێستی دارەکان قاوەیی دەینواند. هێشتا ڕوخساری دیارنەبوو. دەنگی لاقیم نەدەبیست. بە پەنا دارەکاندا دەهاتە پێشێ. دەتگوت جارێ دارێکە و جارێکیش خانمێ.

چاوم نووقاند، دیسان دارەکە و خانمەکەم بینی. هەردووکیان (دارەکە و ژنەکە)ڕەشپۆش بوون. ئەوان ئەوەندەی دوور بوون هەر ئەوەندەش نزیک.

ئەگەر هەر ئەو ساتە چاوم هەڵنەبڕیبایە ئێستا ئەو (خانمەکە) یەکێ لە خەونەکانم بوو، بەڵام چاوم هەڵبڕی. هەمدیس بینیمەوە. جانتایەکی چکۆڵەی بەدەستەوە بوو. ئاودامانە درێژەکەی سەوز بوو. هەر ئەم ڕەنگە بوو کە ئەوم لەو شەقامە درێژەی سپیدارەکانەوە لەناو سەوزایی لقوپۆپەکاندا ون دەکرد و دیسان دەردەکەوتەوە. شانێکی، شانی لای جانتاکەی لە هەر هەنگاوێکدا دادەکشا. نیوەی جەستەی هیلاک دیاربوو و نیوەکەی دیکەی دەیتوانی نەنکم بێ یا ژنێ کە تەنیا جارێ دێتە خەونی پیاوەوە و هەرگیز و لە هیچ شوێنێکی تر بەرچاو ناکەوێتەوە. تەمەنێکی دیار و ڕۆشنی نەبوو. یا لانی کەم بۆمن کە سەرم لەسەر گژوگیا بوو و ناچاربووم هەموو شتێک لە خوارێ بۆ سەرێ تەماشا بکەم و سالانێکی زۆر تەمەنم لە هۆدەیەکدا تێپەڕیبوو کە بە ڕۆژ گلۆپ ڕووناکی دەکردەوە و تا برسیمان نەبوایە باوەڕمان نەدەکرد نیوەڕۆ بووە و هەرکە سەرمامان دەبوو دەمانزانی پاییزە. بەتایبەتی من کە دەبوو لە قاتی دووەمی قەرەوێڵەکەوە سەر شۆڕکەمەوە تا بۆ وێنە شەمچەیەک وەرگرم و دەبوو هەر شتێ لە سەرێ بۆ خوارێ تەماشا بکەم. ئەو خانمە تەمەنێکی دیار و ڕۆشنی نەبوو.

دیسان خەریک بوو نزیک دەبووە و (بۆنی گژوگیاکە لە دەم و چاوم دەهات) دەنگی لاقیمان لەژێر خاکەوە دەبیست و دڵم وەک دڵی ئەو ئەسپانەی ساتێ پێش بوومەلەرزە خرتکە لاقیان پڕ دەبێ لە ترس، لێی دەدا، خانم تەنیا چەند هەنگاوێ لە منەوە دوور بوو، جلەکانی زەیتوونی و لێچکەکەی ڕەش بوو. نەختێ لە پیرییەکەی دایکم گەنجتر بوو و زۆر پیرتریش بوو لەو نەمامە سپیدارە تازە نێژراوەی کە جانتاکەی پاڵ پێوە دابوو. خەریک بوو بەلەپی دەستی چەپی شانی



ڕاستی دەماڵی، ئەوەندە لەڕو لاواز بوو دەتگوت هەرگیز منداڵی نەبوو. گرێی لێچکەکەی کردەوە و بەلۆیەکی، عارەقی ملی سڕی و بێ ئەوەی لێچکەکەی گرێ بداتەوە، جانتاکەی هەڵگرت. بیرم نییە بەکام دەستی هەڵیگرت. تەنیا دەهات، دەهات، دەهات.

ئێستا ئیدی لە هیچ ژنێ نەدەچوو، نەدەهاتە خەونی کەس. نەدەبوو نێوی بوایە. هەر نێوی نەبوو. لە کەسیش نەببوو. دایکیش نەبوو. شتێک بوو.

چۆن بڵێم، دڵدارێ کە پیر بووە و یا دایکێ دوای من، دەبوو ڕۆژێ بێتە سەر دنیا. ڕەنگە ئەگەر دانیشتبایەتم لە پاڵمەوە تێدەپەڕی، یان ئەگەر ڕاوەستابام لەو ڕێگایەوە کە هاتبوو دەگەڕایەوە و یان ڕەنگە، نازانم. ئەگەر ڕۆیشتبام، بۆ وێنە لە یەکێ لە پیادەڕۆکاندا قەت بەرچاو نەدەکەوت.

تەنانەت ئەگەر لە منی پرسیبا: کاکە فلان میوانخانە لەکوێیە؟

تەنانەت ئەگەر گوتبام: کوێ؟ نازانم. ئا. کۆتایی ئەم شەقامە.

ڕەنگ بوو هەنگاوێ دوورکەومەوە و هەمدیس بپرسێ:

- خۆگران نییە، ئاغا لەگەڵ ئێوەمە.

و منیش بڵێم: نازانم. باوەڕکەن نازانم.

خانمیش لەسەری بڕوا: خراپی میوانخانەکان لەوەدایە هۆدە ڕوو بەخۆرەکان دادەنێن بۆ ئەو موسافیرانەی کە پاریش هەر هاتوونەتە ئەم میوانخانەیە.

پاشان حەتمەن هەردوو بزەیەکمان دەگرت. ئەم بیرو خەیاڵە هەر ئێستا بە مێشکمدا تێپەڕیوە نە ئەو کاتەی کە خانم لای من ڕاوەستابوو و ڕەشیی لێچکەکەی نەیدەهێشت ئەو سفرەیە بدا لە من. هەر بەو جانتاوە کە دەسکەکەی گرتبوو و هەر بەو ڕوخسارەوە کە هەرزاڵی دارەکان نەیدەهێشت ببینم، چووە ناو پەنجەرەکەی باسکی چەپم. ناو هەر ئەم پەنجەرە کوتراوەی سەرباسکم. ئێستا دەڕۆیشت. بەژێر پێستمدا دەڕۆیشت. دەنگی پاشنەی پێلاوەکەیم لە سەر ئێسقانی دەستم دەبیست. هەرکە جانتاکەی دانا. ئیدی هیچ دەنگێ نەهات. هەستام و دانیشتم، سەیری پەنجەرەکەم کرد، پاشان دەوروبەرم و ئەو درەختانەی دەڕۆیشتن. نەک ئەوەی بە ڕاستی بکەونەڕێ. نیگام لەم دار و بۆ ئەو دار

بە شوێن کەسێکدا کە لە ناکاو ون بووە، دارەکانی تێدەپەڕاند. لەو گەڵا هەڵوەریوانە دەنگی خشەخش نەدەهات و گەڵایەک کە تازە لە لقێکەوە بەربێتەوە، وەک دەستێ لە مەچەکدا قرتابێت. لە هەوای دەوروبەریدا پەلە قاژەی دەکرد و دەهاتە خوار بێ ئەوەی بتوانێ شتێ لە مست بگرێ.

باسکمم گرت. لەپی دەستم نایە سەر خاڵەکە. ترسابووم نەکا ئەو گەڵایە بچێتە ناو پەنجەرەکە.

خانم گوتی: بۆچی ئێرە لە پڕ تاریک بوو؟

یەکەم جاربوو دەنگیم دەبیست. باسکمم بەردا.

دەنگیش وەک ژانەکە، گەیشتە بن باڵم، بوو بە دوو لقەوە. یەکیان بەرەو ملم هات و لە گوێچکە و لاجانگم تێپەڕی. لقەکەی دیکەی لە پەراسووەکانمەوە ڕۆیشتە خوار. تەزێک بەگشت گیانمدا هات و تەختی پێم گەرم بوو. ئەم جۆرە ئێشانە کە وەک خوێن بە هەموو گیانی ئینسانێدا هاتووچۆ دەکا، ئاخری هێدی و لەسەرخۆ، لەسەرخۆ و هێدی دەبێ بەلەزەتێکی ڕەش یان تەڕ، یان من وام بیر دەکردەوە کە تەڕبوو یان ڕەش. یان بەڕاستی ڕەش و تەڕ بوو. ئێستاکە بیری لێدەکەمەوە، گومانم هەیە.

ئەو ڕۆژە لە یەکەم ساتەوە، ئەم لەزەتە، چ ڕەش، چ تەڕ ئەسڵەن نازانم، دەستی پێکرد کەوتمەڕێ، پشت بە پرد، سپیدار بە سپیدار، بە پەنا سپیدارەکاندا من و پەنجەرەکە ڕاماندەکرد، خانم لەناو باسکمدا بەم دیوار و بەو دیواردا دەکەوت. لێچکەکەی داکەوتبوو. جانتاکە لەژێر لاقیدا هەڵدەخلیسکا. دەوروبەری پڕ ببوو لە هەسکە هەسکی من. چما نەیدەقیژاند؟ تەنانەت کە دەمەو ڕوو بۆ لای گوڵدانەکە ڕەهێڵ بوو، هەر نەیقیژاند، تەنیا بە هەردوو دەستی لێواری پەنجەرەکەی گرت و تا کاتێ من لە پاڵ بەنزیخانەکەدا (چوار پەمپ ڕاوەستابوون) تێپەڕیم و بە دەوری زەوییەکدا کە منداڵان تۆپێنیان تێدا دەکرد، (نا کەس لەوێدا تۆپێنی نەدەکرد) دەور لێبدەم و بگەم بە کۆڵانێ کە هەوای ڕۆژی هەینی لێبێ و لە حەوشەی ماڵەکەدا دەموچاوێ بشۆم، خانم لێواری پەنجەرەکەی بەرنەدا.

هۆدەکەم بۆنی تەڕ و تلیسییە هەمیشەییەکەی لێدەهات. کراسە ژنانەکە کە دەمێ ساڵ بوو لەسەر کورسییەکە کەوتبوو، هەر لە جێی خۆی بوو. لەوە دەچوو هی دایکم بێ. ماوەیەک بوو دەستم لەگەڵ پەلی هۆدەکەم نەدەدا. خاولییەکە بۆنی لەشی کەسی لێنەدەهات، تەنیا لەو گۆڕەوییە ناسکەی پەنا قەرەوێڵەکە، دەنگی پێی کەسێ دەهات. لە پشت چاویلکەی سەر تاقەکە جووتێ چاوم بیرکەوتەوە و دەشزانم دایکم هەرگیز چاویلکەی لەچاو نەدەکرد. سەرینێکیان بەقەد خەوتنێکی چەند سەعاتە چاڵ ببوو و دۆشەکەکە هێشتا شوێن نووستنی خانمێکی بالابەرزی پێوە دیاربوو. خانم جانتاکەی کردەوە. جلە چرچ و لۆچەکانی وەلا دا و قاپی وێنەیەکی چکۆلەی لەبنی جانتاکەوە دەرهێنا. پاشان دەنگی ئەو بزمارانەم دەبیست کە بە ئێسقانی باسکمدا دەچوون پاشان دەنگەکە نەما. پاشان خانم قاپی وێنەکەی هەڵواسی و هاتە تەنیشت پەنجەرەکە. ئەنیشکی نایە سەر لێواری گوڵدانەکە و دەم و چاوی خستە ناو هەردوو دەستییەوە.

گوڵدانی بێ خاک، بێ گیا.

قسەی نەدەکرد. لەو ماوەدا جلم دەگۆڕی و یان سەرم قاڵ بوو بە دروستکردنی هێلکە و ڕۆنەکەوە. سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد. گۆنای عەینی گۆنای کچە ئاغاکان. جارجار کە چاوی لێک دەنا، ڕوخساری نەنکمم دەهاتەوە بیر لە دوایین ساتەکانی نوێژدا. پێستێکی تەڕ و تازەی هەبوو. لێوی تەڕبوو، دەتگوت تازە لە ماچێ دوورکەوتووەتەوە. چەمانەوەی جمگەی قامکەکانی بەهۆی نەخۆشی باداربیەوە کە لە کۆنەوە تووشی ببوو یان بە هۆی شەتڵ لێدانی برنج لە مەزرادا، خەمهێنەر بوو. قسەی نەدەکرد، تیکەیێ لە هێلکە و ڕۆنەکە لە دەممدابوو، ڕۆژ گەیشتبووە ساتێ، هەموو دوو دڵ بوون چرای هۆدەکانیان هەڵکەن یان هەڵێنەکەن. هێشتا زەردەیەکیشی نەگرتبوو تا چاوم کەوێ بە ددانەکانی.

ئەم جۆرە ژنانە، نێوبان یا پەروانەیە یان... تاهیرە.

گوتی: هەمیشە تەنیا نان دەخۆی؟

گوتم: هەمیشە نا... ئەم ڕۆژانە هەمیشە.

گوتی: هێلکە و ڕۆنەکەت خراپ سازکردووە.

گوتم: دەبوو چیم کردبایە؟

گوتی: دەبوو داتنایە ڕۆنەکەی هێندە گەرم بوایە دووکەڵی سووتانەکەی ببینی. دەبێ خوێش بکەیتە ناو ڕۆنەکە، دوایی هێلکەکانی تێکەی، ئەویش نەک بە هەر دوو دەست، بە دەستێک و بەم جۆرە، دەستی لابرد لە لێواری گوڵدانەکە.

پاشان گوتی: بەڕاست، من تۆم لە کوێ دیوە؟

تیکە هێلکە و ڕۆنەکە هێشتا لە دەممدا بوو، بەڵام ئیدی نەمدەتوانی قووتی بدەم.

پرسی: نێوت چییە؟

تەنانەت نەمتوانی بڵێم «مورتەزا».

نێوم مورتەزا نییە. هەر ئەو ساتەی خانم گوتی: نێوت چییە؟ کەوتە بیرم بڵێم «مورتەزا»، ڕەنگە بەم بۆنەوە کە

لە شوێنێ، کەسێ بەنێوی مورتەزاوە مردبوو و من دەمناسی و ئەم خانمە پێدەچوو دایک یا هاوسەری هەر ئەو مورتەزایە بێ. یا کاتێ لە دایک ببووم کەسێ لە پەنا مەلۆتکەکەدا هاواری کردبێ:

– چەندە لە مورتەزا دەچێ.

لە هەر حاڵدا خانم کە وشەی مورتەزای بیست، لای گوڵدانەکەوە ڕۆیشت و تا بێتەوە و هەمدیس ئەنیشکی بنێتەوە بە لێواری پەنجەرەکەوە دەموچاوی بخاتە لەپی دەستی. تاوەکەم شۆرد و هەولْم دا سەیری پەنجەرەکە نەکەم. هەڵبەت نە لەبەر ئەوەی پێم بێ بایەخ بێ، تەنیا دەمویست بزانم چیم بەسەر هاتووە و دەبێ لەگەڵ خۆم چی بکەم. دەنگی پێی دەهات کە پاش هەر سێ هەنگاو، ساتێ نەدەبیسترا و دیسان سێ هەنگاوی دیکە. حەتمەن خەریک بوو لە ژێر قاپی وێنەکەوە دەڕۆیشت. نەختێک ڕاکشام و هەمان دەستم لە لێواری قەرەوێڵەکە شۆڕ کردەوە، دەمارەکانی پشتەدەستم لەژێر پێستەکەوە هەستابوون و خانم دیسان دەڕۆیشت. قامکەکانم کۆکردەوە پەنجەرەکە بەحاڵ لەرایەوە. بەجۆرێ کەوا هەست بکەم هەر ئێستە گوڵدانەکە بکەوێتە خوارێ و خانم دەڕۆیشت، دەڕۆیشت، دەڕۆیشت، دەڕۆیشت.

ئاخری گوتم: ئێوە ئەگەر تا بەیانی هەروا بتانەوێ بڕۆن، من ناتوانم بخەوم. هاتە لای پەنجەرەکە. گوتوومە کە چۆنی دەکرد. ئەنیشکی لەسەر لێواری پەنجەرەکە دادەنا و بە لەپی دەستیش دەموچاوی لە ئامێز دەگرت. وەک کەسێ بە دەست باڵندەیەک لە هەوادا بگرێ. گوتی: ئەسڵەن ناتوانم بیهێنمەوە بیرم تۆم لەکوێ دیوە. بە وەشدا کە نێوت مورتەزایە.

گوتم: پێم وایە..

خانم گوتی: نا بیر مەکەوە، ئەسڵەن بیرمەکەوە. تا کاتێ دەتوانین خەیاڵ پڵاوبکەین، چما دەبێ بیر بکەینەوە. وا دەتوانم باوەڕکەم لێرەم. خەریک بووم لەسەر پردەکەمەوە تێدەپەڕیم کە داڵانی سپیدارەکانم بینی کە چوومە ناو داڵانەکەوە. گیانم شەڵاڵی عارەق بوو، بەڵام لقوپۆپەکان بە جۆرێ ئاڵابوونە یەک: فێنکم بووەوە. لە هیلاکیدا جانتاکەم لەسەر عەرز دانا.

قاپی وێنەکە لەناو جانتاکەدا بوو. ئێستا بیرم نییە، کاتێ ڕێ کەوتم کێهە قاپە وێنەم هەڵگرتووە. کوڕەکەم، مێردەکەم؟ ئەسڵەن بیرم نییە.

بە لۆیەکی لێچکەکەم عارەقی ملم سڕی و دیسان کەوتمەوە ڕێ. پێم خۆش بوو کەسێ ببینم و لێی پرسم ئەم دەوروبەرە، میوانخانەی لێیە یان نا؟ پیاوێکم دیت لەسەر گژوگیا ڕاکشاوە. ڕەنگە خەوتبوو. دەبوو دوو سێ جار بکۆخم تا لە خەو هەستێ و پاشان لێی بپرسم:

– کاکە میوانخانە لەم دەوروبەرانە لەکوێیە؟

حەتمەن دەیگوت: هەروا بڕۆن تا دارەکان دوایی دێن. پاشان لاکەنەوە بە لای ڕاستدا. لەوێ پڕیەتی لە ڕاگەیاندراوی میوانخانە. خراپیی ئەم جۆرە میوانخانانە تەنیا ئەوەیە، بێ پێناسە هۆدە بەکەس نادەن.

دەبوو جانتاکەم بکەمەوە تا بزانم پێناسم پێیە یان نا.

خۆزگە لانی کەم پسوولەی مارەکردنەکەم لەگەڵ خۆمدا دێنا. هەڵمگرتووە یا هەڵمنەگرتووە؟

کلیلی جانتاکە لە گیرفانی ئاودامانەکەمدا بوو. لەژێر سەوزایی دارەکاندا، ڕەشیی جلەکانم، زەیتوونی دەینواند. جانتاکەم بەیەکێ لە سپیدارە ناسکەکان، دەتگوت تازە نێژراوە... خانم لە باسکم ڕۆیشتە دەرێ. دایکم هەمدیس مرد. نەنکم و هەموو ئەو ژنانەی لەو ساڵانەدا خاڵی سەر باسکم دەکوتا، مردبوون، دیسانەوە مردن. پەنجەرەکە هەر ئاوەڵا بوو. کەس لە پشت پەنجەرەی باسکمدا نەبوو.

گیایەک لە گوڵدانەکەدا سەوز دەبوو، دەتگوت گەڵاکانی زامی چکۆلەن لەسەر پێستم. ئێستا من و ئەو پەنجەرە شینە کوتراوە. نازانم، لەناو گیانی دایکی مورتەزا یا ژنی مورتەزادا بووین یان لەژێر پێستی دڵدارێکی دایک، کە بەسەر پردەکەدا دەڕۆیشت.

ئەوەندە دوور بوو نەمزانی دەیەوێ لەسەر پردەکەوە تێپەڕێ یان تێپەڕیوە. پێم وایە گرفتی من نەخۆمم، نە ژنێ کە بێ مورتەزا لەم ساڵانەدا بە جانتایەکەوە لەم شار بۆ ئەو شار دەڕوا. ڕەنگە کێشانەوەی پەنجەرەیەک لەسەر باسکم هەر لەو ساڵانەدا کە دیوارەکانی دەوروبەرم پەنجەرەی نەبووە هەڵەیەک بووبێ.

ڕەنگە ئێستا هەر پەنجەرەیەک هەڵەیە. دەلاکی حەمام بە کیسە و کاسەی حەمامەوە هاتووە منیش لە پەنا ئەم تێخی ڕیش تاشینە و چەسپاو بە کاشی حەمامەکە. هێندە دەترسم کە دیسان سەرمامە، چونکە لەوە دەچێ مشتەرییەک دەماری خۆی پێ بڕیبێ و دووشەکەی بەردابێتەوە پاشان چەسپاندوێتی بە دیوارەکەوە و هەر لێرەدا ڕاکشابێ، چەندەم سەرمایە. حەتمەن ئێرەیان دوای بردنی تەرمەکە، شۆردووەتەوە. کاشی و موزاییکەکەیان گۆڕیوە، ئەی چۆنە ئەم تێخە هێشتا بەدیوارەکەوەیە.

دەبێ تەنیا بیر لە باسکم بکەمەوە. لەو ساتەوە خۆم ڕووت کردووەتەوە تەماشام نەکردووە.

**سەرچاوە:**

**کتاب ماه «ادبیات و فلسفه، سال چهارم، شماره (٩).**



# خۆ بەختکردن یان باشچاوەش و ڕاکردووەکە

**عومەری عەلی ئەمین**
**(سلێمانی)**

**جێگە: سێ ڕێیانێکە لە ناوچەیەکی شاخاویدا، بەرمیلەکۆنێک سەرهەڵگەڕاو لە تەنیشت ڕێگەکەوە دانراوە.**

**شانۆ: چۆڵە و کات شەوە.**

**دەنگی هاتنی دووکەس دێت کە دێن و دەردەکەون، دوو پۆلیسی چەکداری پاڵتۆ لەبەری ماندوون، یەکێکیان کە پۆلیسی یەکەمە هێندێک بەیاننامەی پێیە. لە دەوروبەریان ورد دەبنەوە.**

**پۆلیسی(١):** (ئاماژەیەکی بەرمیلەکە دەکات) برادەر من وای بە باش ئەزانم کە بەیاننامەکە بەم بەرمیلەدا هەڵواسین، چونکە جەمسەری هەموو ڕێگاکانی ناوچە شاخاوییەکانە، کە بۆ شار ئەچن.

**پۆلیسی(٢):** ئاخر بزانین ئەو ئەڵێت چی؟ (ئاماژە بۆ باشچاوەش دەکات کە بە چەک و پاڵتۆکەی بەریەوە دەکات) باشچاوەش ئەم جێگەیە باشە بەیاننامەیەکی لێهەڵواسین؟

(باشچاوەش کە بە فانۆسێکەوە هاتووە وەڵامی نییە)

**پۆلیسی(١):** جەنابی باشچاوەش، ئەڵێین ئەم بەرمیلە باشە بەیاننامەیەکی لێهەڵواسین.

**باشچاوەش:** (دوای سەرنجدانی جێگەکە): لێرەوە چەند ڕێگایەک بەرەو ئەو کەژ و کێوانە ئەڕوات، جا لەبەر ئەوە ئەبێت ئەم جێگەیە ئەو حسابەی بۆ بکرێت، ئەگەر هات و ئەو لە شارەوە هات و گەیشتە ئێرە وا دیارە هاوڕێکانی یەنە ئێرە بە پیریەوە و لەگەڵ خۆیاندا ئەیبەن.

**پۆلیسی(٢):** کەواتە ئێرە جێگەیەکی باشە بۆ هەڵواسینی بەیاننامەیەک.

**باشچاوەش:** بۆچی خراپە. با بەیاننامەیەک هەڵواسێت. (بە پۆلیسی«١») بە بەرمیلەکەدا یەکێک هەڵواسە.

(پۆلیسی«١» بەیاننامەیەک بە بەرمیلەکەدا هەڵئەواسێت).

**باشچاوەش:** (لێی دوورو نزیک دەکەوێتەوە و دەیخوێنێتەوە): هەزار دینار ئێ باشە ئەمەیان جوانە.. قژی ڕەشە، چاوی ڕەشە، ڕوخساری هێمنانەیە. درێژی

نزیکی پێنج پێیە، بەڵام هەر بەمانەدا چۆن ئەناسرێتەوە؟ چۆن ناونیشانی وا ئەبێت؟ ئاخ ئەگەر پێش ڕاکردنی لە بەندیخانە چاوم پێی ئەکەوت!! جا من بڵێم چی؟ (بە یەکێک لە پۆلیسەکان) کوڕە ئەڵێن کابرا زۆر بەڵایشە ها.

**پۆلیسی(٢):** دە قوربان من بیستوومە ئەڵێن هەرچی نەخشە و پیلانی شەڕەکان هەیە ئەو دایئەنێت.

**باشچاوەش:** من ئەڵێم ئەم کابرایە لەنێو زیندانییەکانا هاوڕێی بووە.

**پۆلیسی(١):** کێ ئەڵێت لەنێو گاردیانەکانیشدا برادەری نەبووە؟

**باشچاوەش:** دەوایە، ئەی هەتا ئێستا کێ لەم وڵاتەدا توانیوێتی ئاوا بەو جۆرە لە بەندیخانە دەرباز بێت. کوڕە ئەمە گاڵتە نییە ها، هەر بەدەم خۆشە.

**پۆلیسی(١):** دەنا من لەو باوەڕەدام بۆ دەستگیرکردنی ئەم جۆرە کەسانە ئەو هەزار دینار بەخشیشە هێشتا کەمە. هەر پۆلیسێک ئەو کابرایە بگرێت سەرەڕای بەخشیشەکە، شایانی تەرفیعیشە.

**پۆلیسی(٢):** شایانیشێتی و ڕەوای خۆیشێتی!

**باشچاوەش:** من خۆم ئەزانم چۆن بە وردی چاودێری ئەم ڕێگەیە ئەکەم. دە زۆر ڕێی تێئەچێت کە هەر لەم ڕێگەیەشەوە بێت و هاوڕێکانیشی ئێستا لەو دیوەوە چاوەڕوانی بکەن،... بەڵام قورپەسەری دەربازبوونی هەیە لە دەستم؟!.. من خۆم هەر لەوێ لە پۆلیسخانە خۆم ئەم جێگەیەم هەڵبژارد..

**پۆلیسی(١):** سەد ئافەرین باشچاوەش، چونکە ئەم ڕێگەیە گرنگە و هەر ئەم تەنیا ڕێگەیەش هەیە کە لە شارەوە ئەچێت بۆ نێو شاخەکان.

**باشچاوەش:** دە من زۆر دڵنیام کە ئەیگرم، دە ئێستا وا ئەزانم گرتوومە و لە دواوە باڵبەستم کردووە.. کاکی خۆتان وا ئەناسن؟ لێرەوە باڵدار بڕوات باڵی ئەشکێنم، ناڵدار بڕوات ناڵی ئەشکێنم... ئەو هەزار دینارەش هەروا ئەزانم ئێستا لە تەنکەی باخەڵمایە.

**پۆلیسی(٢):** من قسەیەکیش هەیە ئەیکەم لێم ببوورە جەنابی باشچاوەش.

**باشچاوەش:** ئادەی.

**پۆلیسی(٢):** ئێمە لەگەڵ ئەو هەزار دینارەدا شتێکی کەشمان دێتە سەر.

**باشچاوەش:** چیمان دێتە سەر؟

**پۆلیسی(٢):** لە دۆستایەتیش ئەم قسەیە دەکەم.

**باشچاوەش:** لەبەر هەرچییەک ئەیکەیت بیکە، چیمان دێتە سەر بیڵێ.

**پۆلیسی(٢):** کە ئەو کابرایەمان دەستگیر کرد، ئەوسا هەرچی خەڵکی هەیە تف و لەعنەتیمان لێئەکەن و لەوانەیە کەسوکارەکانی خۆشمان.

**باشچاوەش:** ئاخۆ خۆ ئەبێت ئێمەش وەک پۆلیس فەرمانی خۆمان بەجێ بهێنین. ئەی گوایا کێ یاسا و ڕژێمی وڵات بپارێزێت؟ ئەزانی ئەگەر ئێمە نەبین چی ڕووئەدات؟.... ئەوانەی کە لە خواری خوارەوەن ئەچنە سەری سەرەوە و....

**پۆلیسی(١):** بەڵێ ئەوانەشی کە لەسەری سەرەوەن ئەچنە خواری خوارەوە.

**باشچاوەش:** ئافەرین بۆ تۆ. دەی لەوە زیاتر خۆتان خەریک مەکەن درەنگە. بڕۆن بڵاوەی لێبکەن بۆ ئەم ڕێگەیانەی دەوروپشتمان، لەسەر هەر ڕێگەیەک بەیاننامەیەک هەڵواسن و بگەڕێنەوە بۆ ئێرە، ها چراکەش لەگەڵ خۆتانا بەرن.. گوێ بگرن ها.. زۆرتان پێنەچێت، زوو وەرنەوە بۆ لام، ئەم جێگەیە زۆر چۆڵ و نادڵگیرە.

**پۆلیسی(١):** بەداخەوە کە بەجێت ئەهێڵین، حەزمان نەئەکرد.

**پۆلیسی(٢):** هەمووی خەتای میرییە، ئەگەر میری لەکاتی زیندانییەکەیدا چاودێریەکی چاکی بکردایە و ئاگای لێی بوایە، نەیئەتوانی ڕابکات، بەڵام ئەڵێیت چی؟

**پۆلیسی(١):** با بڕۆین بەلای ئیشی خۆمانەوە، کاتێکی شاد.

(بەچراکەوە دەڕۆن)

(باشچاوەش دەست دەکات بە وردبوونەوە و بیرکردنەوە و بەیاننامە خوێندنەوە)

**باشچاوەش:** هەزار دینار... تەرفیعیش وەبانیا... نەخێر شتەکە مسۆگەرە... هەزار دینار گاڵتە نییە، جارێ پێشەکی قەرزی قەرزاری لێئەدرێتەوە... جلوبەرگی ئاڵووالای بۆ دایکی مناڵ و مناڵانی لێئەکڕرێت، گەنجینەش پڕ ئەکرێت لە هەموو جۆرە زەخیرەیەک، ئیتر باشچاوەش بۆ خۆت هەر بسکەی سمێڵت بێت.... زۆر باشە ئێستا وا دانێین ئەم تاوانبارە هات، با بزانین چۆنی ئەگرم ئا (بەکردەوە و نواندنەوە) ئا لەو قوژبنەدا خۆمی بۆ دائەگرم، چرپە و جوولە لەخۆم ئەبڕم، ئەو چووزانێ شێرێکی وەکو من لێرەدا خۆی بۆ ناوەتەوە؟ هەر لەگەڵ هات لوولەی تفەنگی تێئەکەم و بەنەعرەتەیەک تێی

ئەخورِم «کورِە زەلام ڕاوەستە کوژرایت»، ئیتر چی بۆ ئەکرێت؟ دیارە وەک بەرد لە جێگەی خۆی ئەچەقێت، ئەنجا ئیتر منیش لە دواوە جوان جوان هەردوو باڵی ئەبەستم و لووس و باریک ئەیبەم بۆ پۆلیسخانە و لەوی بۆ خۆم هەزار دیناری خۆمی لێئەخەمە تەنکەی باخەڵمەوە کورِە کاکی خۆم ئا ئەمەیە شادمانی!. (پێئەکەنێت)

(دەنگی گۆرانییەکی کۆن دێت کە بەرە بەرە نزیک ئەبێتەوە باشچاوەش گوێ قوڵاخ دەبێت کە خاوەنی دەنگ دەردەکەوێت- کابرایەکە لە بەرگێکی ئاساییدا و دەیەوێت تێپەرِێت برِوات)

**باشچاوەش**: ها کورِە کابرا، بۆ کوێ؟

**کابرا**: قوربان من گۆرانیبێژێکی هەژارم.

**باشچاوەش**: لەکوێ.

**کابرا**: قوربان لەشار بووم، گۆرانیی خۆشم ئەوت، بەڵام خەڵکی حەزیان لە گۆرانی میللی نییە.

**باشچاوەش**: ئەی ئێستا بۆ کوێ ئەچێت وا مل ئەنێیت؟

**کابرا**: لەناچاریبیا ئەرِۆمەوە بۆ ماڵی خۆم لەو دێیە نزیکە هەروا ساتێک ئەبێت. (ئەیەوێت برِوات).

**باشچاوەش**: ڕاوەستە کورِە بۆ کوێ؟ نایەڵم لەم ڕێگەیەوە پێ هەڵهێنیتەوە.

**کابرا**: وا دیارە تازە یاساغ کراوە جەناب. ئای هەژار لە هەموو جێگەیەک چارەت قورسە. جەنابی باشچاوەش وازم لێبێنە با برِۆمەوە بۆ ماڵەوە، عانەیەک لە گیرفانما نییە.

**باشچاوەش**: لەوە زیاتر لەسەری مەرِۆ، من کەی کاتی ئەوەم هەیە گوێ لە زۆر بڵێیی تۆ بگرم؟... تۆ کێیت؟

**کابرا**: من بە هەیاس ناسراوم، هەیاسی گۆرانیبێژی میللی.

**باشچاوەش**: هەیاس؟ من ئەم ناوەم نەبیستووە.

**کابرا**: بەڵێ نەتبیستووە، بەڵام زۆر کەس ئەمناسن.

**باشچاوەش**: ئێستا ڕاستم پێبڵێ ها، چی تۆی گەیاندە ئێرە؟

**کابرا**: هەر ئەوەبوو کە عەرزم کردیت بەسەری باشچاوەش، وتم لە شار بە گۆرانی وتن هێندێک پارە پەیدابکەم بۆ منداڵەکانم و هێندێک شتومەکیان بۆ بکرِم، کەچی ئاوا بە نائومێدی هاتمەوە.

**باشچاوەش**: من دڵنیام کە تۆ لە دوورەوە هاتوویت و بۆ جێگەی دوورتریش ئەرِۆیت لەوەی کە وتت... دیارە بە چاوتا دیارە.. ئایە تۆ ئەوکەسە نیت کە...

**کابرا**: هیچ دڵ لە دڵ مەدە باشچاوەش، هەر بۆ ئەو جێگەیە ئەچم کە نیازم هەیە بۆی بچم (ئەیەوێت برِوات)

**باشچاوەش**: بگەرِێوە کورِە، بگەرِێوە، لەتۆ وایە گاڵتەت لەگەڵا ئەکەم. ئەم شەو ئەم ڕێگەیە قەدەغەیە، تێگەیشتیت یان نا؟

**کابرا**: دە مادام وایە وا بۆ خۆم لێرە دائەنیشم هەتا خۆت بوارم ئەدەی، بەڵکو ئێستا چەند کەسێکیش بیانەوێت لێرەوە تێپەرِن هێندێ گۆرانیان بۆ بڵێم بەشی ژەمی خواردنەکەی ئێوارەمانی تیابێت.

**باشچاوەش**: (ڕایئەکێشێتە ئەولاوە): کورِە تۆ ئەوە شێتی کابرا؟ تێناگەی من ئەڵێم چی؟ وەرە ئەملاوە دەی. لێرەوە لێرەوە.

(ئاماژەی ڕێگەی شاری بۆ دەکات)

**کابرا**: (بە ناچاری دێتە ئەملاوە و دائەنیشێت): ئای هەژار بەشی تۆ هەر ئەبێت کوێرەوەری بێت... ئەرێ باشچاوەش باگۆرانییەکت بۆ بڵێم، بەڵکو بەدڵت بێت (گۆرانییەکی بۆ دەڵێت)

**باشچاوەش**: (بە نەرِەیەکەوە): بە...س.

(کابرا هەڵدەستێت و دەیەوێت برِوات)

**باشچاوەش**: کورِە ئەوە تۆ پێم ناڵێیت بۆ کوێ مل ئەشکێنیت؟

**کابرا**: (ئاماژەی ڕێگەی کەژەکانی بۆ دەکات): گەورەم ئەی جەنابت نەتفەرموو لێرەوە، دە وا منیش لێرەوە ئەرِۆم.

**باشچاوەش**: هەی گەلحۆ، من ئەو ڕێگەیەم وت؟ (ئاماژەی بۆ دەکات) ئا ئەم ڕێگەیەم وت، بەرەو شار وەگەرِێ.

**کابرا**: بەرەو شار بگەرِێمەوە؟!

**باشچاوەش**: (بەشان ڕایئەکێشێتە سەر ڕێگەکەی شار): بەڵێ بەرەوشار، دە برِۆ دەی. دەبرِۆ چاوەرِوانی چیت؟

**کابرا**: (خەریکی سەیرکردنی بەیاننامەکە بوو): وا تێئەگەم لەوانەیە بزانم جەنابت چاوەرِوانی چی ئەکەیت باشچاوەش.

**باشچاوەش**: کورِە تۆ چیت داوە لە ئیشی من. برِۆ لەم ناوە دەی با فیشەکێکت تیا خەسار نەکەم.

**کابرا**: دە من بزانم تۆ چاوەرِوانی پیاوێک ئەکەیت، من زۆر باشیش ئەو پیاوە ئەناسم. دەوا منیش ڕۆیشتم بۆ شار و خواحافیز.

(دەرِوات)

**باشـچـاوەش**: (دەیگێـڕێتـەوە): ئاتۆ وەرە مـەڕۆ. ئەوە وتت چی؟ تۆ ئەیناسیت؟
**کابرا**: نەخێر قەیناکات باشچاوەش، من ئەڕۆم بۆ شار.
**باشـچـاوەش**: گەوجە (ڕایئەکێشێت) ئاتۆ وەرە وەرە ئێرەوە، ئادەی پێم بڵێ پیاوێکی چۆنە.
**کـابرا**: جەنابی باشچاوەش تۆ چیت ئەوێ لەمن؟ ئەوە تۆ لێرە دانراویت کە بە ناچاری پیاو بکوژیت، بەڵام من بۆچی؟ تکات لێئەکەم بەرم دە با بڕۆم.
**باشچاوەش**: مادام ئەو پیاوە ئەناسیت، من چۆن بەرت ئەدەم؟
**کابرا**: ئیتر بیناسم یان نەیناسم، باشچاوەش ئەوە بزانە کە من پیاوی بەخشیش و مـەخشـیش نیم، هەتا ئەگەر ملیـۆنێکیش بێت (بەرەو شـار دەڕوات) بەڵێ ئەگـەر ملیۆنێکیش بێت. خواحافیز.
**باشـچـاوەش**: (بە توورەییەوە ڕایئەکێشێتەوە) وەرە ئەڵێم. وەرە ئێـرەوە پێم بڵێ بزانم پیـاوێکی چۆنە؟ ناونیشانی چۆنە؟ تۆ لە کوێ دیوتە؟
**کـابـرا**: هەر لە شـار دووجـارم دیوە. ئای لەو سامناکییەی ئەو، پیاو هەر ناوێرێت سەیری کات.چەک؟ هیچ جـۆرە چەکـێک لە دەسـتی دەرناچێت کـە نەزانێ بەکـاری بێنێ، ئێ سـەرەڕای ئەوەش ئەو مـردوو مـراوە ئەوەنە بەهێـزە بە هەردوو دەست ئەو بەرمـیـلە بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاسمان و ئەیکوتێت بە تەوقی سەرتا.
**باشچاوەش**: ئەوەنە جەربەزەیە؟
**کـابرا**: قـوربان هێز و جەربەزەییەکەی هەر لە باسکردن نایەت.
**باشـچـاوەش**: خەریکی کارێکی وا بکەیت پیـاو لێی بسڵەمێتەوە.
**کـابرا**: ئای بێبەڵا بیت جارێکیان لەسابوونکەران ئۆتومـبـێلێک منـاڵێکی کـرد بە ژێرەوە لەسـەر سکی ڕاوەسـتا، بە بەرچاوی خـۆمـەوە لەگـەڵ پەلامـاری پێشی ئۆتومـبـێلەکـەی دا و هێـزی دایە خـۆی و بەرزی کـردەوە، منـاڵەی لە مردن ڕزگار کرد.
**باشچاوەش**: نەمبیستووە.
**کـابرا**: جابا جەنابت نەیبیستبێ، گوایا هەرچی ڕووی دا قـابیلە هەمـوو کەس بیبیـستێت؟ ئەها تۆ تەشریفت گوێ ڕاگرە، با بڵێین ئێستا جەنابت ئاوا لێرە چاودێری ئەو ڕێگەیە ئەکەیت و ئەڵێیت هەر ئێستا لێرەوە دێت و قـیـر ئەیگرم. کـەچی کـاتێک بەخـۆت ئەزانی ئەو لە ڕێگەیەکی ترەوە دێت و بە بێئەوەی بەخۆت بزانی ئەو تۆ ئەگرێت.
**باشـچـاوەش**: ئەنجا ئەمـەی کـە تۆ ئەیڵـێیت ئەگـەر وابێت، پێویستە یەک فەوج پۆلیسی بۆ بێنیت بۆ ئێرە تا نەیەڵێت ئەم کابرایە دەرباز بێت.
**کـابرا**: دەسا وایە و لەوەش واترە. جا من چیم داوە لە سـەربەشەی ئەم بەزم و ڕەزمـە، خـواحـافـیـز باشـچـاوەش. (ئەیەوێت بڕوات)
**باشـچـاوەش**: ئاتۆ وەرە جـارێ مـەڕۆ.. ئەڵێم کـەمێک لام نابیت هەتا هاوڕێکانم یەنەوە بۆ لام، لەم نزیکانەن.
**کابرا**: ببوورە باشچاوەش من خۆم بەهەرزان نافرۆشم.
**باشچاوەش**: مەبەستت چییە؟
**کـابـرا**: ئەی تۆ پۆلیسێکی مـیـریت لەسـەرتە لێرە بمێنیـتـەوە، بەڵام من لەپای چی؟ چونکە من ئەزانم هەر لەگەڵ ئەو کابرایە دەرکەوت گوللەباران دەست پێئەکات، ناوەڵا خواحافیز.
**باشـچـاوەش**: ئەها برا تکات لێئەکەم، تکات لێئەکەم بەجێم مەهێڵە.
**کابرا**: قەیناکات ئەم پاسەوانیەشت لەگەڵ ئەکەم... جا ئێستا من ئەچمە سەر ئەم بەرمیلە دائەنیشم. تۆ سەیری ئەو لایە بکە و منیش سەیری ئەملایە ئەکەم.
**باشچاوەش**: خۆتۆ باش ئەیناسیتەوە.
**کـابرا**: باوەڕ بکە باشچاوەش لە دووری یەک مـیلەوە ئەیناسمەوە.
**باشـچـاوەش**: بەڵام خۆ لە بەخشیشەکەشا حەز ناکەیت بەشداریم بکەی.
**کابرا**: ئاخر جەنابی باشچاوەش گۆرانیبێژێکی هەژاری وەک من بەم ڕۆژگارە لە بازاڕ و سەیرانگەکاندا خەریکی گۆرانی وتن بێت و تاوانبارێکی وا گەورە بگرێت؛ بۆچی لەو بەخشیشە بێبەش بکرێت. منیش وەک تۆ خۆم بەخت ئەکەم، گوایا بۆچی ئەمە بە خۆڕایی بێت؟
خۆ ئەگەر قایلیش نابیت؛ ئەوە دیارە ناتەوێ یارمەتیم بەیت، جا باشتر وایە بگەڕێمەوە بۆ ناو شار باسەریشم تیا نەچێت. خواحافیز.
**باشـچـاوەش**: نا.نا. نە کاکە نا، من قایلم. لەگەڵما بمێنەرەوە و بەشیشت ئەدەم.
**کـابرا**: (ئەچێتە سەر بەرمیلەکە و دادەنیشێت) زۆر باشە... ئەرێ باشچاوەش لەو ساوە تۆ ئەوەنە بێیت و ئەچیت، ماندوو نابیت؟
**باشچاوەش**: ئەی من ئەمە هەر پیشەم نییە، ڕاهاتووم.
**کابرا**: بۆ ئەوە ئەڵێم،.. مادام ئەمشەو کارێکی سەخت

چاوەڕوانت ئەکات و مادام ماوەشت هەیە، حەز ئەکەی تۆش وەرە سەر بەرمیلەکە دانیشە، پشوویەک بدە و پشتیش بنێ بە پشتمەوە هەریەکەمان سەیری ڕێگەیەک ئەکەین، بە تایبەت ئەگەر لە جێگەیەکی بەرزیشا دابنیشیت؛ زۆرتر شت ئەبینیت.

**باشچاوەش**: خراپ نییە. (ئەچێتە سەر بەرمیلەکە و پشت دەنێت بە پشتیەوە).

**کابرا**: ئا هەه... هیچ ئاوڕ نەدەیتەوە بەم دیودا، ها، با چاوت لە ڕێگەکە نەترووکێت.

**باشچاوەش**: زۆر وریام.

(کابرا دوو جگەرە لە پاکەتەکەی دەردێنێت، یەکێک بۆ خۆی و یەکێکیشیان دەدات بە باشچاوەش)

**کابرا**: فەرمووها جەنابیشت جگەرەیەک داگیرسێنە با کەمێک دەمارەکانت خاوبێتەوە، ببوورە شقارتەشم پێ نییە.

**باشچاوەش**: شقارتە هەیە. (سوپاسی ئەکات بۆ جگەرەکەی و شقارتەکەی دەداتێ) فەرموو ئەوە شقارتە.

(هەدووکیان جگەرەکانیان دادەگیرسێنن)

**کابرا**: خۆ چاک ورد ئەبیتەوە؟

**باشچاوەش**: چاک، بە ڕاستی پۆلیسی ئەرکێکی قورس و گرانە، بەم سەرمایە، بەم شەوگارە لەدەرەوە ڕووبەڕووی ئەم هەموو ترسناکییە ڕائەوەستیتەوە، کەچی لە ڕێگەی سوپاسێک ناگیرێیت ئەمە تیرو توانجی خەڵکیش لەولاوە بوەستێت، سەرەڕای ئەوەی کە کاروباریش بەدەست خۆمان نییە... کە بۆ کارێکی ترسناکیش ڕەوانەت ئەکەن خۆ ئەوە هەر لێت ناپرسن ئەرێ کابرا تۆماڵت هەیە؟ منالّت هەیە؟ خێزانت هەیە؟

(کابرا گۆرانییەک دەڵێت)

**باشچاوەش**: کوڕە مردووی بێمێشکیت مرێ، کەی ئێستا وەختی گۆرانی وتنە؟ ئەو جەربەزەیە ها ئێستا ها کەمێکی تر فیشەکێکی بەبناگوێمانا داکوتا! کەچی تۆش لە گۆرانی وتنی دڵداری ناکەویت.

**کابرا**: قوربان چی بێت لەتۆ نەهێنی بێت، من لە ترسانا گۆرانی ئەڵێم. باوەڕ بفەرموو هەر لەگەڵ ئەو کابرایەم بیر ئەکەوێتەوە؛ ناوک و دڵم بەجارێک ئەکەوێتە خوارەوە. هیچ ناهەقم مەگرە: دەفەرموو ئەوەتا ئێستا هەردووکمان لەم چۆڵەوانییەدا دانیشتووین و لەپرێکدا ئەم خوێنڕێژە وەک شەیتان بەسەر سەرمانەوە زەق بووەوە، دەفەرموو ئێمە قوڕی کوێ بەسەر خۆمانا بکەین؟

**باشچاوەش**: ئەم بەرازە هەر ڕەوای ئەوەیە؛ بەبێ ئەوەی تێی خورم؛ بە فیشەکێک کەللەی بسمم... هەیاس تۆ باش چاوت بڕیوەتە ڕێگەکە؟... هەرچەند بیرئەکەمەوە خەمی ئەو منالآنەمە.

**کابرا**: ناهەقت نییە، چونکە بە فیرۆ ئەچن (دوای کەمێک) باشچاوەش ئەگەر من یەکێکم دی لە تەنگانەدا بوو، هەوڵ ئەدەم دەست بە باڵیەوە بگرم و لەو تەنگانەیە ڕزگاری بکەم.

**باشچاوەش**: خۆ ئەوە کارێکی باشە. هەروا زووش سارد مەبەرەوە، تۆ خەلآتی خۆت لە ئاسمان وەرئەگریت، منیش بەشێکی زۆرت لیئەدەمێ، پێم نەوتی؟

**کابرا**: بەڵێ ئەزانم باشچاوەش، بەلآم ژیانیش خۆشەویستە.

**باشچاوەش**: دە قەیناکات دەی.. ئەگەر ئەترسیت گۆرانییەک بڵێ.

**پیاو**: بە گۆرانییەوە:

**هاوڕێ هەڤاڵان**
**بۆ کار واخاوە**
**لە تەنگانە دام**
**دەورم گیراوە**
**کاتی هەڵمەتە**
**کاتی جوولآنە**
**ڕزگارم بکەن**
**لەم دوژمنانە**

**دەی دەی خێراکەن من چاوەڕوانم**
**فریانەکەون زۆر پەرێشانم**
**بەرز و بڵند بێ با هەڵۆی مەزن**
**هاوڕێ و هەڤاڵان هەر ئەیپارێزن**

**باشچاوەش**: ئاوڕی لێئەداتەوە: ئەرێ ئەوە تۆ چی ئەڵێیت؟ ڕەنگە دڵیشت خۆش بێت گۆرانی ئەڵێیت. باشە ناوی هەڵۆ، لەم گۆرانیەدا مەبەست چییە و چی ئەکات؟

**کابرا**: ئەی نازانم چیت بۆ بڵێم بێ قەزابیت، گۆرانی دڵداریت بۆ ئەڵێم پێی قایل نابیت وتم با گۆرانییەکی نیشتمانیی بۆ بڵێم، بەڵکو حەز لەمەیان بکات، کەچی بەمەشیان هەر قایل نیت. بەلآم گوایا تۆ ئەم ناوەت پێناخۆشە؟ دەمن وابزانم تۆ بەمناڵیی هەڵۆ و ئەوانت خۆشئەویست، توخوا وانییە باشچاوەش؟

**باشچاوەش:**..... مرۆ زۆر شت هەیە ئەیزانێت، بەڵام ئارەزووی لێی نییە.

**کابرا:** دە جەناب با بچووکی خۆت عەرزت بکات... ئایا لەوانە نییە تۆ بەمناڵی لە پێگەیەکی بەرز دانەنیشتبی وەک ئێستا لەسەر ئەم بەرمیلە دانیشتوویت، مناڵان لە دەورت بووبن و تۆش گۆرانیت بۆ وتبن، یان سەرگوزشتەی شێخ مەحموود یان مەلا مستەفات بۆ گێڕابێتنەوە؟!

**باشچاوەش:**.. بەرەوەڵا شتی وام کردووە، بۆ نەمکردووە، بەڵام ئێستا من شتێکی ترم.

**کابرا:**.. باشە باشچاوەش، ئەها تووسەری خۆت، تۆ بە مناڵی لە قوتابخانە یان لەگەڵ هاوڕێکانتا سروودی (ئەی کوردینە ئەی مەردینە)ت نەوتووە.

(دەنگی سروودی ئەی کوردینە ئەی مەردینە)

**باشچاوەش:** بەڵێ وتوومە بۆ نەمەوتووە، بەڵام ئەم ڕۆژانە ڕۆیشت.

**کابرا:** یان سروودی (چەند شیرینە لام)ت نەوتووە؟

(دەنگی سروودی چەند شیرینە لام)

**باشچاوەش:** بەڵێ وتوومە و باوەڕت بێت ئەوسا ئەو سرووده خۆشترین سروود بوو بەلامەوە.

**کابرا:** دەلەوانەیە باشچاوەش ئەو پیاوەی کە تۆ ئێستا خۆتت بۆ ناوەتەوە لەوانەیە ئەویش یەکێک بێت وەکو تۆ، لە مناڵیا لەسەر بەرزییەک دانیشتبێت و سروودی وتبێت... بەڕاستی دنیایەکی سەیرە جەناب.

**باشچاوەش:** کە سەرنجی لایەک دەدات، ئەڕێ ئەو تارماییە چییە وا لە دوورەوە بەرەو ئێرە دێت؟.. ئا.. سەگە دەی.. سەگە.

**کابرا:** گوێ ناداتێ و باشچاوەش سەری سووڕ ئەمێنێ- تواخوا باشچاوەش بەلای تۆشەوە دنیایەکی سەیر نییە؟ باشە ئەو کەسەی ئێستا کە دەتەوێت دەستگیری بکەیت و بەرەو قەفەزی تاوانباری ڕاپێچی کەیت، لەوانەیە یەکێک بێت لەو مناڵانەی کە لەسەر دیوارێکەوە بەیەکەوە سروودتان وتبێت.

**باشچاوەش:** ڕێگەشی تێئەچێت.

**کابرا:** هەروەها لەوانەیشە کە چەندان شەو دوای سروودەکەتان، مناڵەکانی هاوڕێت لەناو خۆیانا باسی نیشتمان پەروەری و نەخشەیەکیان کردبێت بۆ ڕزگاربوونی کورد و کوردستان و، تۆش زۆرت پێخۆش بووبێت و بەگەرمییەوە چووبیتە پاڵیان.

**باشچاوەش:** بەڵێ لەوانەیە ئەوسا چووبێمە پاڵیان، چونکە لەو سەردەمەدا گیانێکی نیشتمان پەروەری بەرزم هەبووە.

**کابرا:** بەڕاستی دنیایەکی سەیرە باشچاوەش... هەموو دایکێک کە مناڵەکەی ئەکەوێتە کۆشییەوە، نازانێ ڕۆژی بە چ ڕۆژێک ئەگات، ئەبێت بە شۆڕشگێڕ؟ ئەبێت بە مامۆستا؟ ئەبێت بەسەرباز؟ ئەبێت بە پۆلیس؟

**باشچاوەش:** لە کابرا وردئەبێتەوە- بە ڕاستی ئەمە بیرکردنەوەیەکی سەیرە و... ڕاستیشە. (دوای بیرکردنەوە) لەوانە بوو ئەگەر منیش ژن و منداڵم نەبووایە و نەبوومایە بەپۆلیس، لەوانەبوو ئێستا من ئەو بوومایە لە بەندیخانە ڕامبکردایە و لەتاریکیا خۆم حەشار بدایە و ئەویش من بووایە ئێستا لەسەر ئەم بەرمیلە خۆی ئامادە بکردایە بۆ گرتنم، لەوانەبوو ئێستا من خۆم لەو بشاردایەتەوە، لە ترسی گرتن و ئەو بەدوای منا بگەڕایە. لەوانە بوو ئێستا من بوومایە لە یاسا هەڵبگەڕامایەتەوە و ئەو بووایە، یاسای بپاراستایە.

(کابرا ئاماژەیەکی جەماوەری هۆڵەکە دەکات وەکو شتێکی بەدی کردبێت).

**باشچاوەش:** چی بوو ئەوە... چیت بەدی کرد. (قۆڵی دەگرێت)

**کابرا:** ڕووەو جەماوەر لە بەرمیلەکە بازئەداتە خوارەوە- هیچ نەبوو باشچاوەش هیچ نەبوو.

**باشچاوەش:** وا تێگەیشتم ئاماژەی ئەو لایەتەوە کرد... ئەزانی چی، باوەڕبکە من هەروا هەست ئەکەم، ئەڵێم بێت و نەبێت هاوڕێکانی ئەم تاوانبارە هەر لەم ڕێگەیەوە بەرەو پیری یەن.

**کابرا:** دەی باشچاوەش، با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. ئەڵێم وا دەرئەکەوێت تۆ جەنابت لە مناڵیتا لەگەڵ گەلا بوویت، نەک لەگەڵ یاسادا. تووسەری خۆت وانییە باشچاوەش؟ ئەڵێم تووسەری خۆت؟

**باشچاوەش:** ئەنجا خۆ ئەگەر ئەوسا گەوجۆکە بووبم، ئەو ڕۆژە لەگەڵ ڕۆژی خۆیا تێپەڕی.

**کابرا:** لەو سەردەمانەدا کە پێشمەرگە، یەک لەسەر یەک دەستی بەسەر ئەو مەخفەرانەدا ئەگرت، هیچ جارێک ئەوە بەبیرتا نەئەهات کە تۆش بچیتە ڕیزەکانیانەوە و ببیتە یەکێک لەو نیشتمان پەروەرانە؟

**باشچاوەش:** زۆر وت ئەوەنە باش نییە، تۆ چیتە بەسەر منەوە. بیر لەچی ئەکەمەوە یان بیر لە چی ناکەمەوە، خۆ تۆ دادپرسی لێکۆڵینەوە نیت.

**کابرا:** بەڵام دیارە باشچاوەش، دیارە جەنابت هەر

لەگەڵ گەلەکەی خۆت و وڵاتەکەی خۆتایت.
**باشچاوەش**: لەبەرمیلەکە دێتە خوارەوە- لەوە زیاتر نەدرێژەی بەرێ و نە لەسەری بڕۆ، من فەرمانی خۆم باش ئەزانم... ئای.. گوێم لە دەنگی پێیە...
**کابرا**: (بە گۆرانییەوە)

**شوان هۆ شوانە**
**شوانەی لەبەر خۆر**
**جێگەی بینینمان**
**هەروەک بڕیارە**
**دامێن جۆگەکە**
**شوێنەکەی پارە**

**باشچاوەش**: دە بەسیەتی ئیتر، پێم نەوتی بێدەنگ بە؟
**کابرا**: (بە دەنگێکی بەرزتر گۆرانی ئەڵێت)

**وا خۆری ئاسمان**
**کەمێک گیراوە**
**مانگیش خەمبارە**
**پەست و داماوە**
**دەی فریاکەون**
**کاتمان نەماوە**
**دەی فریاکەون**
**کاتمان تەواوە**

**باشچاوەش**: پێم وتی ها...ئەم هەراو هوریایەت لە چییە؟ بێدەنگ ئەبیت باشە، بێدەنگ نابیت، ئائێستا لێرەدا باڵبەستت ئەکەم.
(دەنگی فیکەیەکی درێژ بەدەم)
**دەنگێک**: سڵاوم بگەیەننە گۆڕی هەڵۆ.
**باشچاوەش**: ئا ئەمە وشەی نهێنیە لەنێواندا. (لێواری شانۆکەی لێدەگرێت) نایەڵم یەک هەنگاو لەم ڕێگەیەوە پێ هەڵبێنیتەوە. بگەڕێرەوە بۆ دواوە، دەی، تۆ کێیت؟ هەرگیز تۆ گۆرانیبێژ نیت.
**کابرا**: هیچ پێویست بە پرسیار ناکات من کێم- ئەو بەیاننامەیە خۆی هەموو شتێکت نیشانئەدات.
**باشچاوەش**: کەواتە تۆ ئەو پیاوەی کە من بڕیارم داوە دەستگیری بکەم.
**کابرا**: بەڵێ گەورەم باشچاوەش من ئەو پیاوەم کە هەزار دینار تەرخان کراوە بۆ خەڵاتی گرتنم، ئێستاش وا هاوڕێکانم هاتوون لە بناری ئەو شاخە نزیکە چاوەڕوانم ئەکەن کە بمگەیەننە جێگەی مەبەست، دوور لە دەسەڵاتی یاسای گەورەکانتانەوە.
**باشچاوەش**: هەی فێڵباز! چۆنت خەڵەتاندم... زۆر بەداخەوە.
**کابرا**: بەڵێ شانازی بەوە ئەکەم کە یەکێک لەو شۆڕشگێڕانە منم، یان ئێستا بوارم ئەدەی تێپەڕم، یان ئەتەوێ ناچارت بکەم کە وازم لێبهێنیت؟
**باشچاوەش**: من پۆلیسم،... بوارت نادەم تێپەڕیت.
**کابرا**: باشچاوەش تۆ بەمناڵی گەلێک نیشتمان پەروەر بوویت، من تۆ ئەناسمەوە، بەڵام تۆ من ناناسیتەوە، من و تۆ دۆست و هاوڕێی یەکتربووین. بەیەکەوە لە یەک قوتابخانە بووین. من کوڕی وڵاتەکەی خۆتم، ئێستاش داوات لێئەکەم ڕێگەم بەیت بڕۆم. هاوڕێکانم لەم نزیکانەن با هێزت لەگەڵ بەکارنەهێنم، من بە هەر نرخێک بووە ئەبێت بڕۆم.. تۆ زۆر باش ئەزانی کە من بڕیاری لە سێدارەدانم دراوە... باشچاوەش... دەرفەتم بە با دەرچم و هیچ نەقەومێت. ها جەناب ئێستا وتت چی؟
**دەنگی پۆلیسی(٢)**: لە ڕێگاکەوە- بەڵێ بەڵێ خۆیەتی، ئەمە ئەو جێگەیەیە کە باشچاوەشمان لێ بەجێهێشت.
**دەنگی پۆلیسی(١)**: بەڵێ تەواوە خۆیەتی.
**باشچاوەش**: .... ئەوە هاوڕێکانم وا هاتنەوە.
**کابرا**: دە هەتا نەگەیشتوون ڕێگەم بە من دەرچم باشچاوەش (دەیەوێت بڕوات).
**باشچاوەش**: بگەڕێرەوە کوڕە... هەزار دینارت بەناوچەوانەوەیە.
**کابرا**: برا. باوەڕناکەم تۆ من بدەیت بەدەستەوە.
(بە پەلە ڕائەکات لە پشت بەرمیلەکەوە خۆی ئەشارێتەوە، بەڵام کڵاو و جامانەکەی لێدەکەوێت، باشچاوەش ڕائەکات هەڵی ئەگرێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی لە گیرفانیا بیشارێتەوە، پۆلیسەکان نزیک ئەبنەوە، لە پشتیەوە دەیگرێت بە دەستیەوە کە دیار نەبێت.
پۆلیسەکان بە چراکەیانەوە دێنەوە و بە دەنگی بەرز قسە دەکەن)
**پۆلیسی(٢)**: گەورەم تەواومان کرد.
**پۆلیسی(١)**: هەموو بەیاننامەکانمان هەڵواسی.
**پۆلیسی(٢)**: ڕێگە نەما بە بێ بەیاننامە. ئیتر بۆ کوێ دەرئەچێت؟ لە هەرلایەکەوە ڕابکات ئەگیرێت.
**باشچاوەش**: ئافەرین.... بەڵام پێم بڵێن ئەوە ئێوە

ناتوانن دەنگتان نزم کەنەوە؟ فێر نەبوون بە دەنگی نزم قسە بکەن؟
**پۆلیسی(١):** خۆ کەس بۆ ئێرەوە نەهاتووە؟
**باشچاوەش:** .... نەخێر.. نەخێر.. کەس بەرەو ئێرە نەهاتووە.
**پۆلیسی(٢):** بە گومانەوە- هەرکەس کەس؟
**باشچاوەش:** کەس کەس. ئەی گوایە باوەڕم پێناکەن.
**پۆلیسی(٢):** نەخێر نەخێر، دوور لە ڕووی جەنابت. گەورەم ئەوە فەرمانمان پێنییە کە بگەڕێینەوە بۆ پۆلیسخانە، ئیتر ئەتوانین لەگەڵ جەنابتا بمێنینەوە.
**باشچاوەش:** نەخێر من پێویستم بە ئێوە نییە. ئێ خۆ ئێوەش لێرە هیچ ئەرکێکتان نەماوە.
**پۆلیسی(١):** بەدەم سەیرکردنی دەستی باشچاوەشەوە کە لە دواوە گرتویتی، بەڵام خۆیشت فرمانت پێداین کە بگەڕێینەوە بۆ لات و بەیەکەوە چاودێری ئەم ناوە بکەین.
**باشچاوەش:** بەڵام هەر وای بە باشتر ئەزانم کە هەر خۆم بەتەنیابم، چونکە ئەم هەراوهوریایە لێرەدابێت؛ ئیتر چۆن زەلام یەت بەم ناوەدا.
**پۆلیسی(١):** کە چراکەی پێیە- ئێ چاکە، دەبا چراکەشت بۆ بەجێ بهێڵین.
(هەوڵ ئەدات چراکەی بداتێ)
**باشچاوەش:** من چرام بۆ چییە، با بە خۆتان بێت.
**پۆلیسی(٢):** پێویستت هەر پێی ئەبێت، بەم تاریکەشەوە و وا هەور بەری ئاسمانیشی گرت، بێ چرا چۆن ئەبێت.
**پۆلیسی(١):** وا من لەسەر بەرمیلەکە بۆی دائەنێم.
(پۆلیسی(١) بەچراکەوە ڕووەو بەرمیلەکە دەچێت و دەیەوێت سەیری پشتەوەی بکات. باشچاوەشیش بە توورەییەوە پاڵی پێوە دەنێت).
**باشچاوەش:** من پێموتیت با چراکە بەخۆتان بێت، لەوە زیاتر مەڵێن. با بە خۆتان بێت.
**پۆلیسی(٢):** ئەویش بەرەو بەرمیلەکە ئەچێت و ئەیەوێت سەیری ئەودیوی بکات- بێ قەزابیت
**باشچاوەش:** لەم تاریکیەدا چراکە هەر بە کەڵکت یەت.
**باشچاوەش:** بە پاڵنانەوە- هەی گەلۆرینە نەخۆتانم ئەوێت نە چراتان، دەبڕۆن ئەم ناوە چۆڵکەن با کات بەزایە نەچێت.
**پۆلیسی(١):** بەخۆ خەریککردنەوە- ئێمە وا تێگەیشتین پێویستت ئەبێت. خۆ کە من ئەیگرم بە دەستمەوە و ڕایئەوەستێنم و ئەملاولای پێ ڕووناک ئەکەمەوە، وا ئەزانم لە ماڵی خۆمانام.
(جۆلانەیەکی کەم بە چراکە دەکات و پێئەکەنێت)
**باشچاوەش:** بە توورەییەوە- کوڕە ئەوە ئێوە هەقایەتی چی بۆ من ئەگێڕنەوە. دەبڕۆن، بە خۆتان و چراتانەوە بڕۆن.
(پۆلیسەکان خواحافیزی دەکەن و دەڕۆن. کابرا لەودیو بەرمیلەکەوە دێتە دەرەوە).
**باشچاوەش:** چاوەڕوانی چیت؟
**کابرا:** کڵاو و جامانەکەم. خۆت ئەزانی ئەو کەژو کێوانە زۆر ساردە.
(باشچاوەش کڵاو و جامانەکەی بۆ هەڵدەدات)
کابرا دووسێ هەنگاو دەڕوات، بەڵام دەگەڕێتەوە و ڕادەوەستێت و ڕووی تێدەکات)
**کابرا:** باشچاوەش ئەی خۆیشت بۆچی یەکجاری لەگەڵم نایەیت بڕۆین؟
**باشچاوەش:** ئەی منداڵەکانم کێ بەخێویان بکات؟
**کابرا:** ئەوانیش وەکو هەموو منداڵەکانی ئێمە.
**باشچاوەش:** هەیاس باشتر وایە من لە شارا بمێنمەوە، مرۆڤ لە هەر کوێیەکا بێت خەباتی خۆی ئەکات. هەتا لە توانامابێت من لەناو شارا بە کەڵکتان یەم. تۆ فەرموو بڕۆ خوات لەگەڵ.
**کابرا:** کەواتە ئەوەش وشەی نهێنی بیرت نەچێت:- سەلامم بگەیەنە بە گۆڕی هەڵۆ-
**باشچاوەش:** هەر لەبیرمە. دە خێراکە بکەوە ڕێ نەوەکا پۆلیسی تریش بێت.
**کابرا:** دەیەوێت بڕوات- بەخوات ئەسپێرم.
**باشچاوەش:** ئاتۆ ڕاوەستە.
(کابرا ڕادەوەستێت باشچاوەش پاڵتۆکەی خۆی دادەکەنێت و دەیدات بەکابرا).
**باشچاوەش:** تۆ لە منت پێویستترە.
(کابرا وەری دەگرێت و لەگەڵ باشچاوەش بە گەرمی دەستی یەکتر دەگوشن. ئەنجا لەیەکتر جیادەبنەوە و بەرەو کەژەکان دەڕوات.
باشچاوەشیش بە شانازی و باڵایەکی بەرزەوە هەر ڕووە و ڕۆیشتنەکەی دەستی سڵاو ڕادەوەشێنیت و سەیر دەکات).

**تێبینی:**
**بۆ نووسینی ئەم شانۆییە سوودم لە نووسینێکی «دلێدی گریگۆری» وەرگرتووە.**



## هەندرێن:
## هیچ نوێبەخشییەکی کوردی لە ئێستا و ڕابردوودا بە کاریگەری خۆماڵی پەیدا نەبووە

هەندرێن خەیاڵپاراو و شاعیرێکی هەقیقییە، پرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی خۆی لەناو ئەزموون بنیاد دەنێ؛ بەشێک لە گەرموگوڕی تەمەنی لاوی لە شاخ وەک پێشمەرگە ئەزموون کردووە، دواتر ئەم تەمەنەی شاخی وەک ئەزموونێکی بە پیت درەوشانەوەی بەردەوامی دا بە دەقە شیعرییەکانی. زمان یەکەم ڕۆشناییە بەهۆیەوە سەرسامی لە ماناوە وەردەگرێت، خاڵی پرشنگهاوێشتنی شیعرییەتیش وەک نوێنەرێکی چالاک دەجووڵێنێت.

ماوەیەک لە ئێران و ڕووسیا ژیا، پاشانیش لە سوێد نیشتەجێ بوو، بەکالۆریۆسی بەناوی (پەیوەندی نێوان فەلسەفە و شیعر، بوون بە شیعر لە سەردەمی تەکنیک). ماجستێریشی بەناوی (ئەوی دیکە بەخوێندنەوەی دریدا) بەزمانی سوێدی پێشکێش کردوون.

**رامـــان:** چارەگە سەدەیەک زیاترە سەرگەرمی شیعر نووسینیت، ئەو تایبەتمەندییانەی لە شیعری کوردیدا داهێنانی تۆن چین؟


**هەندرێن:** ئەو پرسیارە، لەبەر زۆر هۆکار کە من بواری نمایشکردنیانم نییە، لە بری ئەوەی مجێزی خەیاڵ و مەیلی دەربڕین بورووژێنێت، هەستی بێدەنگی و بێزاری دروست دەکات. بە هەمەحاڵ، بۆ کۆپلەی یەکەمی پرسیارەکە حەز دەکەم بێژم ئەزموونی ژیان، خەبات، نووسین و...تاد، بە ڕێژەی کاتەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بە ئاستی چڕایەتی بەرجەستەکردنەوەی شوێنپێی ئەو داهێنانە بەستراوەتەوە، کە نووسەرێک دەتوانێت، وەک لەرینەوەیەک. شوێنکاتی پێ بئافرێنێت و ئاراستەی بکات. ڕەنگە باش بزانین، کە من نیوەی ئەزموونی ئەو «چارەگە سەدەیە»ی کە تۆ باسی دەکەی، لە پێشمەرگایەتی بەسەرم برد. لەوێش بەدەم مەرگەوە جار و بار، لە پشوویەکی هەراسانتر لە شەڕ و کۆچەکان، شیعرێکم نووسیوە. دوای ئەوەش لە دیوێکی تری «تاراوگە»، مەبەستم ژیان بەسەر بردنە لە سوێد، کە خودی پێشمەرگایەتیش، دیوەکەی تری «تاراوگە» بوو، دیسان، وەک کۆچەرێکی «پیاوکوژی لە شاخ و وڵاتێکی نادیار هاتوو»دا، بەدەم مەرجەکانی زمان فێربوون و قەبووڵکردن سەرقاڵ بوومە. کەواتە لە وەڵامی پرسیارەکەدا تەنیا دەکرێ بڵێم: من لە دەرەوەی چەندایەتی کاتەوە، بەدەم کۆچەوە ئەزموونێکم هەیە لە شیعری نووسین، یان یاریکردن، بۆ ئەوەی تێشوویەک بۆ ئەو کۆچانە دەستەبەر بکەم، تیرێژێکم لە وشە چنیوەتەوە.

بۆیە بە ڕاستی، نەک بەلای خۆمەوە، بەڵکو بۆ خەڕ نووسەر و نووسینی ئەمڕۆی کوردی، ئاخاوتن لەسەر ئەزموونی داهێنان، دڵکێشم ناکات، من پێم وایە، دەقێک لە شیعر، یان هەر نووسینێکی تر، دەتوانێت داهێنەر و بەرهەمهێنەری کات، سەدە، شوێنپێ، «تایبەتمەندی» و لەرینەوە، بێت. کورد زۆر نووسەری هەیە، سێ چارەگە سەدەشە دەنووسن، کەچی نەیانتوانیوە، لە قەبارە و ژمارەی ناوی کتێب زیاتر، هیچ «تایبەتمەندی»یەکیان هەبێت. هاوکاتیش کورد چەند نووسەری هەیە، کە چەند دەقێکی جوانیان هەیە، بەڵام لەبەر نەبوونی «برادەر»، «هاوشار»ێکی نزیک، و «ئەندام نەبوونی لە حزب»ێک، کەس ئاگاداری ئەزموونیان نین. کەواتە قەبارەی کات گرینگییەکی نییە.

پاشان ئێستا من حەز ناکەم، وەک باوە لەناو نووسەری کورد، باسی پاڵەوانی خۆم بکەم و دیسان وەک ئەو پەتایەی کە زاری نووسەری کورد مرۆڤی کوردی تەنیوەتەوە، گلەیی لە بەختی خۆم بکەم و بڵێم، کە من «یەکەم کەس بووم باسی ئەوەم کرد و یەکەم کەسیش بووم «شیعری نوێ»م بۆ کوردی نووسی و «بەیاننامە»م دەرکرد و.. تاد، کەچی میدیای کوردی «دژایەتی»م دەکەن... تۆ دەزانی ئێمە لە هەموو چاوپێکەوتنێکدا قسەگەلێک، سەردوولکەگەلێک و حیکایەتگەلێکی لەو جۆرە قسانە دەخوێنینەوە. سەبارەت بە «تایبەتمەندی» داهێنانی من، تەنیا دەتوانم، کە بڵێم وابزانم من بە تەرزە زمانێک هەوڵم داوە، کە وەک یادەوەریم پەرتەوازەیە، شوێنپێی ژیانی خودی خۆم و پەرێشانییەکانم، لە «ئاسمان» و لە «هەوا» و «نادیاری»یەکاندا بڕفێنم و لە ڕێگای ئەو پەیڤگەلەی کە تامی ڕۆح و ڕەنگی نیگام و هزریم دەردەبڕن، وێنای «تایبەتمەندی» بوونایەتی خۆم، لە چەند دەقێکدا نمایش بکەم، بکێشم و بچنمەوە. بۆ ئەوەی بە باڵەفڕێیەکانی شیعریم، بەناو ئازار، بۆشایی، یادەوەری، تاراوگە و تاوێری خودی خۆمدا بدرەوشێمەوە. لەوەش زیاتر بە تەما نیم بێژم هیچی ترم کردووە و دەکەم، هەروا بە تەما نیم چاوەڕێی ئەو ڕەخنە ئاکار خێزاندار و شارچی هاوڕێ بازییەش، بە نووسینە بێ بنەما و بێسەلیقەکانیان، شتێکی ترم بۆ زیاد بکەن. وێڕای ئەمەش، ئەگەر من شتێکم کردبێت، ڕۆژێک دێت ئەو شتە لە زەینی خوێنەرێکی ڕزگار بوو لە «گرێکوێرە» و ئفلیجییەکانی ئەمڕۆی نووسەری کورد، بلەرێتەوە. ئەگەریش ئەوە ڕووی نەدا، بە ڕاستی قسە کردن، بە زمانی خۆم، لەسەر «تایبەتمەندی» داهێنانی خۆم، سەرقاڵم ناکەن. ئای لەئەزموونی کوردی، کە هێندە دەڤەرییە، تەنانەت ناتوانێت، ڕوو بکاتە دەڤەرە هاوزمانە جیرانەکەی خۆشی.

**رامـان:** بۆچی شیعر دەنووسیت، ئایا شیعر دەتوانێت دووریبیەکانی ژیان و بوون و دڵەڕاوکێی مردن بهێنێتە ناو خۆی و بەرائەتی منداڵی بپارێزێت؟

**هەنـدرێـن:** مرۆڤ ڕەنگدانەوەی ئەو شوێنگەیە کە بەرهەمی هێناوە. منیش لە شوێنگەیەک ژیام، کە بێجگە لە شیعر، دەستێک، قورگێک، یارییەک، ئاسۆیەک و...تد، نەبوو تاکو جووڵە، جمە، حەپەسان و پێداویستییەکانی بوونایەتیم، بلاوێنێتەوە، بلەرێنێتەوە



هەولێر سالی (١٩٨٠)

و دەرببـــڕێت. ڕەنگە هەمـــوو ژانرەكـــانی داهێنان، بەتایبەتمەندی خۆیان بتوانن «ژیان و بوون و دڵەڕاوكێی مردن بهێننە ناو خۆی و بەرائەتی منداڵی»، بەڵام شیعر، لە هەمـوو ئەو ژانرانە «بێ باكتـر» دەتوانێت ئەو كردەیە بكات، چونكە شـیـعـر، دەسـتـپـاكـتـر، ڕەمـەكـیـتـر، سـەرمـەسـتـتـر، ڕەنگینتـر، ئاوەڵاتر و...تد، مـەیلی غـەریزەكـان نمایش دەكـا. شـیـعـر لە ئاراسـتـەی ڕاسـانە چرایەتییـەكەیدا، لەرینەوەی زایەڵەكـانی منداڵیـەتییـە، یان هەمـــیـــشـــە بە نیگایە خـــۆرسک و نیگەران و لاســـاریـیـــەكـــانـیـــیـــەوە، كـــاڵـبـــوونەوەی ژیان و فەرامۆشكردنەكانی بوون و دڵەڕاوكێی مەرگ گەمارۆ بدا و ئاسـۆیە تازەكـان بۆ سـەفـەرەكـانی منداڵیـەتیـەتی بڕازێنێتەوە. ئەم كردەیەش بەیاد هێنانەوەی ئەو نەشوە و هەوەســە دەم بەسـتـكراوانەن، كـە مـرۆڤ لەبەر ترس و مەرجە كۆمەڵایەتییەكان و... فەرامۆشی كردوون.

دواجاریش شیـعر نووسین بۆ من ئاراسـتەیەكە لەوێدا هزر و ڕۆح، مـانا و بێـمـانایی، ئاگـایی و نائاگـایی، منداڵیـەتی و پیریەتی، لە یەک كاتدا بە جوداوازیەک لە جوانی، مێینەیی و نێرینەیی.. ئاوێنە، شەبەنگ، باڵ و جەستەی بوونایەتی بەرجەستە دەكەنەوە. منیش پێم وایە شـیـعـر لەو ئاراسـتـەیەدا یادەوەریی فـەرامـۆشكراو و تاڵانكراوی خـۆم و شوێن... ئامادە دەكـات، دەردەبڕێت. شیعر دەنووسم، چونكە شیعر نە كۆتاییە و نە سەرەتاش، قەدەری بوونی منیش تاراوگەیەكە بەدەم ئەو ئاراستەیە، بێ سـەرەتا و بێ كـۆتاییـەوە، تەنیـا زایەڵەیەک لە سوورگـەكـانی ئەو جووڵە بێكۆتایی و ئاوەڵانە بە ئاوێنە دەكاتەوە.

**ڕامان:** ئایا شاعیر دەتوانێت خۆی لە دەوروبەر و واقیع داماڵێت و نێرڤانەیەک بۆ خۆی دروست بكات و لەناویدا خـەریكی داهێنان و پەروەردەكـردنی ئەزمـوونی ئەدەبی خۆی بێت؟

**هـەنـدرێـن:** لە ڕاستیدا مرۆڤ هەرگیز دابڕاو نییە لەو واقیـعـەی كـە تێـیـدا دەژیت. شاعـیـریش بوونەوەرێكە قاچێكی لەناو واقیـعـە و قاچەكەی تریشی لەناو خودی خۆیەتی، باشە، ئەگـەر مرۆڤ بە ئاگا نەبێت لە واقـیع، چۆن دەتوانێت ئەزمـــوونی خـۆی پەروەردە بكات؟ ئەو ئەدەبە لە كـوێ خـاوەنی سـەرچاوەی داهێنانی دەست بكەوێت؟ نێـرڤـانە تەنیـا بە خـۆدامـاڵین لە دەوروبەر دروست نابێت، بەڵكو بە سـرووتی پەیوەندییـــەكی شیعریانەی شاعیر بە دەوروبەر دەخولقێنرێت. تۆ هەمـوو شاعـیـرە سۆفـیگـەر و ڕۆحـانییـەكـانی ئەمـڕۆ و دوێنێی جیـهـان و لای خـۆمـان بەبیـر خـۆت بێنەوە، كـە چۆن بە دەقـەكـانیـان وێنای بوون و واقیع و جیـاوازییـەكـانیـان نمایش دەكەن. ئەی ئەوە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیـعە نییە، كە وای كـردووە زۆر لە شاعـیـرانی جیـهـان و كـوردیش هەمیشە دەقەكانیان بە زیندوویی بمێننەوە؟ بۆیە بۆ ئەوەی داهێنەر بتـوانێت نێـرڤـانەیەک و واقـیـعـێكی تایبـەت بەخۆی دروست بكات، دەكرێ لەناو جەرگـەی واقـیـعـدا ئەزمـوونێكی نوێ بەرهەم بێنێت و لەوێشەوە ئەو دەقانە بكاتە نێـرڤـانەیەک بۆ خـۆی و واقـیـعـەكـەشی. لەم ڕوانگەیەوە خـۆ دامـاڵین لە واقـیع و دەوروبەر، كـات بەسـەر بردنە لەناو وەهمی پەروەردەكـردنی ئەزمـوونی ئەدەبیـدا، بەڵام من پێم وایە یەكێک لەو هۆكـارانەی كـە وادەكـات نووسـەری كـورد پەرگـیـریی هەڵبـژێرێت، یان تامـەزرۆی جیـهـانبینی «نێرڤـانە» ببێت، ئەو واقیـعـە كۆمەڵایەتی و سیاسییە ئاڵۆزەی كە مرۆڤی كورد دەرگیری بووە. هەرەسی ئەزموونە سیاسییە یەک لەدوای یەكەكانی مـێـژوو، ئاسـتـی ناهۆشـیـاری كـۆمـەڵایەتی و نەبوونی گفتوگۆی ڕۆشنبیریی و...تد، هاندەرن بۆ وێناكردنی ئەو گۆشەگیری و بەرتەكە توندە لە واقیع. بۆیە من پێم وایە

دانووساندن لەگەڵ واقیع و دەوروبەر، بەشێوەیەکی ئاگایانە، نەک هەر دەبێتە پەروەردەکردنی ئاسۆیەکانی داهێنان، بەڵکو دەبێتە ئەزموونێکی زەنگینیش بۆ قاڵبوونەوەی خود و ئاراستەکانی، بەڵام ئەزموونە ناشیرنەکانی نووسەری کورد لەگەڵ ژیانی سیاسەت و واقیعی کۆمەڵایەتی بوون بە ڕوانگەیەکی نالەبار لە ژیانی کوردیدا. ئاکامی ئەمەش بووە بەرهەمهێنانی دیاردەی هەڵاهاتنی نووسەری کورد لە دەوروبەرەکەی. دواجاریش ئەگەر داهێنەر خاوەن سەلیقەی جیهانبینییەکی خەملیو بێت، دەکارێ واقیع و دەوروبەر وەک کەرەسەیەکی خاو بکات بە جیهانێکی تر و ماڵێکی تر، لەوێدا خودی واقیع و دەوروبەر لە ئاوێنە بوونەوەیاندا ویستی ژیان بەرهەم بهێنن. دەکرێ ڕاڤەگەلێکی فرە پێشکەشی پرسی خۆداماڵین لە واقیع و دروستکردنی نێرڤانە بکەین، بەڵام هەنووکە دەستەبەرکردنی ئەو پشیبە درێژە لە سەلیقەی ماڵی مندا نییە. کەواتە ئەگەر شاعیر وەک خودێک هەڵگری ماڵێکی ڕەسەن نەبێت، نە بەخۆ دابڕان لە واقیع و دەوروبەر دەتوانێت نێرڤانەیەک دروست بکات و نە بەخۆ نقوومکردن لەناو واقیع و دەوروبەرەکەشی دەتوانێت ئەزموونێک لە جیاوازی تایبەتمەندی بۆ خۆی بچنێتەوە. کێشەکە لەوە و لەوێهێش سەختترە.

## ناسنامەی شیعری تاراوگەی کوردی هێشتان ڕانەگەیەندراوە

**ڕامان:** نهێنی دەقی زیندوو لەچیدایە؟

**هەندرێن:** باشە، مرۆڤ چۆن نەمر دەبێت؟ بە هەمان شێوەش دەق نەمر دەبێت. واتا ئەو نهێنییەی کە وادەکات دەقێک زیندوو بێت، کە توانی لێوڕێژ بێت، لە نهێنی ژیانی مرۆڤ و «دەوروبەر»ەکەی و ئاوێنەکانی بوون. دەقی زیندوو، لە ویستی هێزی هونەری ئەو یاریی، کارایی، چێژ، فرەڕەنگی مانا و ئاستی ڕازانکارییەدایە، کە دەقنووس بە نەوا و تایبەتمەندییەتی خۆیەوە بەرجەستەیانی کردۆتەوە. دەقی زیندوو، لە تەقینەوەی شەپۆلی ئەو مەیلانەی بووندایە، کە واقیعێکی ڕاستینە و نادیاری خودی مرۆڤایەتییە.

دواجاریش، دەقی زیندوو لە ئامادەبوونی ڕاستگۆیی و هی دڵیی خودی نووسەردایە لە دەڤەرەکانی دەقدا.

**ڕامان:** لەناو هونەرەکاندا کامیان پێویستییەکی کولتووری نەتەوایەتییە، ئایا لەم بارەدا شوێنی شیعر لەکوێدایە؟

**هەندرێن:** نەتەوە بە ئاست و ڕەنگاوڕەنگی کولتوورەکانەوە دەتوانێ سەرنجی ئەویتر بۆ خۆی ڕابکێشێت. لێرەدا پێم وایە ئەوە ناوی هونەرەکان نییە، کە کولتووری نەتەوایەتی پێویستییەتی، بەڵکو کارامەیی، ئاستی بەرز، دانسقەیی و قووڵییەتی ئەو هونەرەیە کە نەتەوەیەک لە ئاستیدا دەستڕەنگینە. واتا من بڕوام نییە، بۆ نموونە، تەنیا سینەما، شانۆ، شێوەکاری و...تد، مانای شارستانی و ئاستی بەرزی هونەر بێت. بۆ نموونە هیندستان، بگرە تورکیاش، ڕەنگە زۆر وڵاتی تر هەبێت، کە زۆر چالاکن لە بەرهەمهێنانی فیلمی سینەما، بەڵام ئاستی ئەو فیلمانە، وێڕای زۆری بینەریشیان، بەهایەکی ئەوتۆی داهێنەرییان نییە. هاوکاتیش ئێستا ئێران لە ئاستی سینەمادا لە جیهاندا ناسراوە، بەڵام بە ڕای من، دیسان ئەو توانایییە ئاستەنگی کولتووری نەتەوایەتی ئێران لە تەنگژە ڕزگار ناکات. لەم ڕوانگەیەوە، بەلای منەوە ئەوە گرینگە، کە قورسایی ئەو هونەرە چتۆ کاریگەرییەکی هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و گوتاری سیاسی ئەو نەتەوەیەدا، گریمان ئێستا کورد خاوەنی باشترین و ناودارترین شانۆ، یان سینەما بوو، بەڵام ئەگەر کورد لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، وەک ئەوەی ئێستا تێیدا دەژی، ئەوە حاڵ و باری بێت، سوودی چییە؟ بۆیە لەرینەوەی دەنگی ئەو هونەرە گرینگە نەک ناوەکەی. بە دەربڕینێکی خورتتر، هونەری سینەما و شانۆ ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە ئاراستەکردنی ڕەوتەکانی ژیانی کۆمەڵگای سوێدی. هەروەک دەبینین لە فەرەنسادا شیعرییەت هەمیشە ئامادە بووە لە مشتوماڵکردن و خەمڵاندنی ڕۆحی مرۆڤی فەرەنسیدا.

وێڕای ئەوەش، ئەوە مانای ئەوە نییە هونەرەکانی سینەما، شانۆ، ڕۆمان و....، کە جەخت لە بونیات و پاشخانی ژیاریی نەتەوەیەک دەکەنەوە، بەهایان نەبێت، بە پێچەوانەوە، لە دیوێکی ترەوە، ئەو ژانرانە ئاستی فراژانی بونیات و پێکهاتی ئەو نەتەوەیە دەکەنەوە، بەڵام مەرج نییە تەنیا بەبوونی ئەو تەرزە هونەرانە، کە گوایە بەرهەمی کۆمەڵگای شار و خەملیوی نەتەوەیە، ئیتر ئەو

نەتەوەیە لە سەرووی نەتەوەیەکی تردا بێت، کە بۆ نموونە، شیعری تێدا بەهەرمێنە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت، بەڕای من ئەگەر هونەری شیعر بوو بە باڵێکی بە شکۆی ئەو نەتەوەیە، یان وەک هێزێکی مەعریفی و مانا بەخش فام بکرێت و توانی ویست و خواست و خەونەکانی لە گەڕان مەست بکا، ئەوە تۆڵەی نەبوونی هەموو هونەرەکانی تر دەکاتەوە. شیعر، وەک ئەوەی لای ئێمە ڕیسوا دەکرێت، تەنیا لاواندنەوە و حەماسەت و... نییە، تاکو هەستی نەتەوە بلاوێنێتەوە، بەڵکو سەرچاوەیەکە پڕە لە هێمای مەعریفە و حیکمەت، هاوکاتیش سوارچاکی هەموو هونەرەکانە و بە ویستگەراییەک هەمیشە بەرەو ئاراستەی خاکە نوێیەکانی ڕامان و ڕاسان سەری هەڵگرتووە. دواجاریش پایەی شیعر لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە زمانی قووڵایی ناخی نەتەوە دێنێتە گۆ و دەربڕین. واتا قوڕگی بوونی نەتەوەیە. شیعر لەناو هونەرەکاندا، هەڵگری زێدەترین ڕامانگەل و ڕۆنانی زمانی عاسێگەراییە. دەبا نووسەری کوردیش هێندە خۆی بەو حیکایەتانە سەرقاڵ نەکات، کە گوایە شیعر هونەرێکە تەنیا هەست، ناشارستانی و.... تد، دەگەیەنێت. ئەو قسانە تەنیا دەبنە مەهانەیەک لەسەر ئەو هەموو مەهانانەی، کە کردوومانەتە چەپەرێک بە دەوری خۆمان و دەستەوەستانەکانمان.

**ڕامان:** شیعری نەوەی خۆت چۆن دێتە بەر زەینت و کێن ئەوانەی بەلای تۆوە لێزیادبوونیان بۆ نەوەی پێش خۆیان کردووە؟

**هەندرێن:** با لە بەراییدا بڵێم، کە بێ بوونی هیچ بانگەشەیەک، هەست ناکەم پەیوەندییەکی ئاوزەیی، نەوەییم بە نەوەیەک هەبێت. واتا بە ڕاستی من لە ژیاندا، بۆ نموونە، دوور بوومە لەوەی کە لە شارێکدا هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دەستە شاعیرە بکەم کە ئاوزەی من بوونە و شیعریان نووسیوە. واتا من لەناو ئەو نەوەیەی، کە تۆ بە نەوەی من ناوی دەبەی، نەژیاوم، بە ڕاشکاوی بڵێم، شیعری هیچ شاعیرێکی کوردی ئەو نەوەیە و نەوەی پێش خۆم، بەو جۆرە لە یاد نییە، بێجگە لە چەند دەقی جودا جودای نەوەکان، کە وایانکردبێت ڕەنگدانەوەیان لەسەر نووسی مندا هەبێت، یان لە یادەوەریمدا ئامادەییان هەبێت. وەک گوتم، بەهۆی پەراگەندە بوونم لە تەمەنێکی زوودا، ژیانی پێشمەرگایەتی و پەنابەری، لەوێ و لێرە، دوور لە ئامادەبوونم لەناو کەشی ئەدەبی ناوەوەی کوردستان، بەدرەنگەوە چاوم بە کۆ شیعرێک، یان شیعرێکی ئەم شاعیرە و ئەویتر کەوتووە. ئاخر من لە سوێد، واتا دواین نەوەدەکان، توانیم بە هێمنی بخوێنمەوە و کتێبم هەبێت و بۆ ماوەیەکی درێژیش لە ماڵێکدا بژیم..، بۆیە دەبێ بەدەست پێوەگرتنەوە گوزارە لە شیعری ئەو نەوەیە بکەم، بەڵام ڕەنگە، بەگشتی بتوانم لەسەر شیعری کوردی بپەیڤم. هەر چۆنێک بێت، دەبێ ئاگامان لەوە بێت، ئەو نەوەی کە وەک تۆ دەڵێیت، نەوەی منن، لە ئاڵۆزترین قۆناغدا گەورە بوون. بەشێکی زۆر لەو نەوەی من دەمێک لە ژیانی «فیراری عەسکەری»، ماوەیەک سەربازبوونە لە بەرەکانی شەڕی عیراق- ئێران، وابەستە بوون بە دەربەدەری و سەرگەردانی و... تاد، هاوکاتیش خەریکی شیعر نووسین بوون! بۆیە بەشێکی زۆر لە شیعری ئەو نەوەیە، لە سایەی شەڕی عیراق- ئێران،

**هەمیشە خوێنەری شیعر دیاریکراو و تایبەت بووە، لە هیچ کاتێکیشدا خوێنەری لە ئێستا زیاتر نەبووە**

پەیڕەوکردنی سیاسەتی فاشستانەی ڕژێمی بەعس لە تەفروتووناکردن، کیمیاباران، ئەنفالکردنی کورد، ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و شەڕی براکوژی...تد، لە دایک بوو. ئەوانە هەموویان هۆکارێکن بۆ بە تەمومژکردنی ڕۆحی ئەو نەوەیە. ئاکامی ئەمەش بەرهەمهێنانی شێوازی ئاڵۆز و پەرگیرانەی شیعری لێکەوتەوە. ئێستاش زۆرێک لەوانە، دەمڕاستی دەستکەوتەکانی ئەو بزاڤە دەکەن. هاوکات لەدوای بەرهەمەکانی ئەو بزاڤە، بەهۆی پاشاگەردانی باری ڕۆشنبیریی ئەمڕۆ، خۆیان بەتاکە سوارچاکی نوێگەریی دەزانن. لەوەش زیاتر ئەو نەوەیەی کە من بە ڕێکەوت وەک تەمەن ئاوزەیانم، بە بیانووی بانگەشەکردنی شتگەلێک بەناوی نوێگەری و کاری هونەری.. وێنای پێشمەرگایەتیان کردۆتە حیکایەتێک، کە باسیش دێتە سەر ئەزموونی ئەو ژیانە، شپرزەیی دایاندەپۆشێت! هەر چۆنێک بێت، لێرەدا من و ئەوانیتریش، بووینە سووتەمەرۆی ئاکامەکانی ئەو بزاڤەی کە سپڵەیە بەرانبەر ڕابردووەکەی خۆی.

هەڵبەتە من، لەبەر کێشەی بێکاتی، زۆر بەخێرایی

ئاماژە بە ئاستەنگ و گرفتەکانی ئەو قۆناغە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە دەکەم، وەکو تر ئەو باسە هی ئەوەیە خەڵکانێک کە بەوردی ئاگایان لێیە، نەک هەر بە چەند خوێندنەوەیەک ڕاڤەی بکەن، بەڵکو بە چەندان ڕوانگە و میتۆد و کتێبگەلێک ئاوێنەی بکەینەوە. لێرەدا وەڵامدانەوە، کە تەنیا دەرفەتی سەرپێیانە دەبێت، بۆیە تووشی گرفتمان دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا من لەو نەوەیەدا، وەک هەر نەوەیەکی تر، دەقی هەمەڕەنگ و هەوڵی بە ئەزموونکردنێکی جودا دەبینم.

شیعرگەلێکی چەندان شاعیرم خوێندۆتەوە، بەڵام ئێستا لێرە لە سوێدەوە، نە دەتوانم بەسەر ئەو دەقانە دابچمەوە نە ناوەکانیانم لە یادە، بۆیە هەست بە نیگەرانی دەکەم کە، وەک ئەوەی باوە، ئاماژە بە هەندێکیان بکەم و هەندێکیشیان فەرامۆش بکەم....، بەڵام وەک گوتم زۆر هەوڵ و توانای شیعریم لە دەقی ئەو شاعیرانە بینیوە، هەرچەندە نازانم کە ئەوانە نەوەی منن، یان نا. دەکرێ، بە جۆرێک لەجۆرەکان، ئەو هەوڵانە بۆ نەوەی داهاتوو جێگەی سەرنج بن، یان بە جۆرێکی تر ڕەنگ بدەنەوە. لەوانە دەقگەلێکی (جەمال غەمبار)، کە وابزانم، وەک دەڵێن، سەر بە نەوەی پێشووە، بەڵام بۆ من غەمبار لەدوای نەوەدەکانەوە لە چەند دەقێکدا بە زمانێکی ئاوێتەکراو لە شیعرییەت و سۆفیگەرییانە، شەبەنگێک لە بوونێکی هزرییانە دادەهێنێ. وێڕای ئامادەیی ئەو نامۆیی و سەهەندەییەی کە لەو نەوەیەدا دەبینرێتەوە لە شیعری ویدا هاوار دەکا. خەسڵەتی بە ئیرۆتیکاکردن و ئامادەیی جەستەی مێینەی ژن و هونەری کورتە شیعر، لە شیعری (قوبادی جەلیزادە)دا، ئەزموونێکە لە شیعری داهاتووی کوردیدا ئامادەیی دەبێت. هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنەوەی بێدەنگی شیعر کە لە هەوڵەکانی ئەو دواییەی (عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا)دا بەرجەستە دەبنەوە. ئەو تەرزە شیعرە بەکایەکانی بێدەنگی، وێنای ناخی شوێنکاتی ئەزموونێک لە ژیانی کورد نمایش دەکات. موتەلیب لە هانابردنی بۆ ئاو، ئاوەدانییەک لەناخی شیعردا دروست دەکا. لە شیعرەکانی (هاشم سەراج)، کە بە ڕاڕەوێک لە ڕامان و یاری مەعریفی و ئاپۆرەی پەیڤگەل، ئیقاعێک لەتۆری پەخشانی بەرجەستە دەکەنەوە. لەلای (ئەنوەری ڕەشی عەولا)دا، بەتایبەتی لە کۆشیعری «وابزانم بووم بە وشە»دا ئاسۆیەک لە گفتوگۆی فرەدەنگ و یارییەک لە



**لە کاتی شیعر خوێندنەوە**
**نەورۆزی ساڵی (١٩٨٦) - بەری گارە**

جوانکاری شێوە.... لە ڕیتمێکی عەدەمیانەی سۆفییانە بەرهەم دێنێت. (بارزان هەستیار)یش لە ئاراستەیەکی هاوچەشنی ئەو شێوازە شیعرییەی، کە وەک شێوازێک شیعری هاوڕێیەکانی پێدەناسرێتەوە، ئامادەییەکی سۆفییانە، لە دارشتنێکی ئاسۆییانە، واتا گۆرانیئامێزدا، بەرجەستە دەکاتەوە. لەو ئەزموونەدا، (بەختیار عەلی) جووڵێنەر و دەروازەی ئەو تەرزە شیعرەیە. هەرچەندە ئەو فەزایە شیعرییە، هێندەی لەژێر کاریگەری شیعری فارسییە، (سوهراب و فەروغ و ...تد)، ئەوەندە لەژێر کاریگەری ئەزموونی کوردیدا نییە. بە هەمەحاڵ لەناو ئەوانەی کە زمان دەکاتە هەموو دیوێکی شیعری، وێنای شیعرەکانی (سەباح ڕەنجدەر)م بە یاد دێتەوە. ڕەنجدەر لە چەند کۆشیعردا بە هەوڵگەلێک، بێ وچان بە مشتومالکردن و بە ئاوێنەکردنی پەیڤەکان، وێدەچێت، توانیبێتی پانتاییەک بۆ ڕازانکاری یاری وشەکان، لەناو خودی شیعردا ساز بکات. لەو فرسەتەدا دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بە «ماسییەکان پێدەکەنن» بکەم، کە وێڕای ئەوەی من پێشەکیم بۆ نووسیوە، وەک کۆشیعرێکی ناوێزە و ڕێزپەڕ لە پانتایی دەقی کوردیدا دەبینم. کاتێک ئەو بۆچوونە ڕادەگەیەنم، کە ئێستا نە (فوئاد سورخی) فڕی بەسەر شیعر ماوە و نە منیش ئاگام لێیەتی؛ واتا برادەرم نییە! بەڵام «ماسییەکان پێدەکەنن» باڵێکە لە شیعرییەت، کە منداڵییەتی بەرەو بوێرترین بزێوی دەق هەڵدەفڕێنێت. ئەوەندەی من بزانم ئەم ئەزموونە نە لە نەوەی ئێستا و نە لە نەوەی ڕابردووش وێنەی هەیە. کەچی ئەو بەناو ڕەخنەگرە زار قەڵەباڵغانەی ئەمڕۆ، لەبەر سەرقاڵبوونی

چەپڵە لێدان بۆ «پاڵەواندن»ی هاوڕێیی و هاوگەڕەک و هاوشارەکانیان، هەر بە یادیشیان نایەتەوە. ئا ئەمەیە بچمی ئەو ڕەخنە کوردییە!


لێرەدا نە مەبەست ئەوەیە بڵێم، کە شیعری ئەو شاعیرانە هاوچێژی منن و نە تەنیا ئەو ناوانەش هەڵگری بەهای شیعرین، بەڵکو من ویستم لە کورتکردنەوەیەکدا ئاماژە بۆ ئەو تایبەتمەندی ئەو ناوانە بکەم، کە جووڵە و ژیان و بوونی ئەو قۆناغەی کوردی لە جەستەی دەقەکانیاندا ئامادەن. لێرەوە وێڕای جیاوازی هەوڵەکان لە ئاراستە و شێوازی شیعری لەو نەوەیەدا، بەڵام لە ئاخاوتنی زماندا، نامۆیی و ناخی تەڤلەهەڤی ئەو ژیانە گەمارۆدراوەی کوردی، دەبیستین و دەخوێنینەوە. لێرەدا ناکرێ (ئەحمەدی مەلا) لە یاد بکەین، کە بە بڕوای من لە دەقگەلێکدا، هەوڵی داوە ئەزموون و پاشخانە جودایەکانی ئەوێ، ئێرە، لە بۆتەی زمانی کوردیدا قاڵ بکاتەوە و ڕێگاش نەدا ئەو لاسایکارییەی، کە ئاستەنگێکە لە ڕەوتی نووسینی کوردیدا، ڕووبدات. ئەحمەدی مەلا، لە هاونەوەکانی خۆیدا، لە هەموویان باشتر ئەزموونە تاراوگەییەکەی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. لەوەش باشتر بە هەراو هۆریای خۆی سەرقاڵمان ناکات. هەموو ئەوانە لەناوکۆییەکی کوردیدا، نەک زیاتر، دەکرێ لە نەوەی داهاتوودا ڕەنگ بدەنەوە، بەڵام بەدیویێکی ترەوە، ئەو دەنگانە درێژە پێدەری ئەو دەنگانەی پێش خۆیانن؛ واتا: (کەریم دەشتی، شێرکۆ بێکەس، ئەنوەر مەسیفی، لەتیف هەڵمەت، عەباس عەبدوڵلا، دڵشاد عەبدوڵلا).. وەک گوتم دەکرێ ئەو دیمەنە شیعرییەی کە ئاماژەم پێکرد نمایشێک لە ڕوخسارەکانی ئەو قۆناغە شەکەتەی ژیانی کوردی پێشکەش بکەن.

**ڕامان:** شیعری کوردی وەکو شیعری هەموو نەتەوەکان بە گەلێک وێستگە و قۆناغ تێپەڕیوە، ئایا هیچ لەو وێستگە و قۆناغانە بۆت بوونەتە سەرچاوەیەک هەمیشە بگەڕێیتەوە سەری؟

**هەندرێن:** هەڵبەتە بۆ هەموو نووسەرێک ئەزموونە پێشینییەکان گرینگی زۆرە. ئاستی باسی و خراپی دەقە شیعرییەکانی کوردی لە هەر وێستگە و قۆناغێکدا وێنا، دیمەن، جووڵە، پرسیار و ڕەزەکانی بوونی کوردیان لەناو خۆیان حەشارداوە، یان پانتاییەکن لە ژیانی ڕۆشنبیری و جیهانبینی کوردی. بۆیە بەلای منەوە، بەتایبەتی کە زمانی سوێد و ژیانی سوێد بوو بە دەروازەیەک بۆ من، ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەی کوردی گرینگی زیاتر بوو. هەڵبەتە ئەمڕۆ لە هەموو کاتەکانی تر زیاتر، نووسەری کورد لە کوردستاندا بایەخ بەو وێستگە و قۆناغانە نادات. ئەویش لەبەر بە ڕەواجبوونی دەستەواژە هزری و ئەدەبییەکانی ئەوروپا، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییەکی نالەباری دروست کردو لە ئاگایی نووسەری کوردیدا. زۆرێک لەو نووسەرانە ناوی دە شاعیر و نووسەری پێش خۆی نازانێت. بۆ نموونە جارێک لەگەڵ یەکێک لەو نووسەرانەی ئەمڕۆ قسەم دەکرد، کە خۆی بە هزرڤانێکی پۆست مۆدێرنیست دەزانێت، بە دەم باسەکەوە من ئاماژەم بۆ (مەسعوود محەمەد) کرد، کەچی ئەو هەر ناویشی نەبیستبوو! کێشە لەوەدایە کە نووسەرە زار قەڵەباڵغەکانی ئەمڕۆ، کە هەمیشە ناوی فۆکۆ، دێریدا، بارت، هاشم ساڵح، بابک ئەحمەدی لە هەموو بابەتێکیان ئامادەیە، پێیان وایە ئەو نووسەر و شاعیرانەی پێش خۆیان گوندی، کشتوکاڵی و نامۆدێرن بوونە، بۆیە خوێندنەوەیان شتێکی زیادە.

## بەبێ هیچ مەبەستێک زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم: بە دەراوێتکردنی چەند هەوڵێکی کەم نەبێت، هێزێک لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردیدا نابینم

لێرەدا دەمەوێ ئەوە جەغت بکەمەوە، کە زمانێک بێ گەڕانەوە، خوێندنەوە، زیندووکردنەوە، پرسیارکردن، ئامادەکردنەوە و بونیاتنانەوەی بەرهەمە ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی ڕابردوو، ناتوانێت لەو زمانەدا بژیت کە پێی دەنووسێت. سەرتاپای ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا لەسەر ڕەچەڵەکی خۆیدا ئەو ناسنامەی ئەمڕۆی بەرهەم هێناوە و دەهێنێت، کە ئێمە بە هانک هانک بەدوایدا ڕادەکەین تا خۆمان بە تازەگەر بزانین. تۆ سەیر بکە، بۆ نموونە، ڕامبۆ بە هەڵگەڕانەوە لە مەسیحیەت و ڕۆشنگەریی بووە ئەو شاعیرە مەتەڵئامێزە. ڕۆمانووس، شێوەکار و هزرڤانەکانیش بە هەمان شێوە، ئایا ئەگەر گەڕانەوە و داهێنانەوە بۆ سەرچاوەی گرێک و مەسیحیەت نەبووایە، نیتشە دەبووە ئەو فەیلەسووفە هەمیشە ئامادەی جیهانی



**لە کۆڕی شیعر خوێندنەوە بە زمانی سویدی – ستۆکهۆڵم (١٩٩٥)**

هزر و ڕۆشنبیریی؟ دەیان نموونەی ڕووناکبیر و شاعیری لەو تەرزەمان هەن، کە وێستگە و قۆناغەکانی ڕابردوو بوونەتە سەرچاوەی ئەفراندنیان.

هەڵبەتە، بە گوێرەی پێویست، من هەوڵم داوە تیرێژێک لە ئەزموونی قۆناغەکانی پێشوو بچنمەوە و لە ڕەوتێکی تردا بیاندوێنم. لە بواری شیعردا بۆ من ئەزموونم سەدەی نۆزدە بۆ سەرنجڕاکێشە. ئەوەندەی شیعری (مەحوی) دەخوێنمەوە، بە قەد ئەوە شیعری ئێستا تێنوویەتیم ناشکێنێت. بەدەگمەن دەتوانم دووجار کۆشیعرێکی حەفتایەکان و ئێستا بخوێنمەوە. کەچی لەو کاتانەی کە هەست بە گەمارۆدانی ڕۆحی دەکەم، پەنا بۆ دیوانەکەی (نالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی) دەبەم. لە وتاری «شکۆمەندی بوون لە ڕێڕەوی شیعراندنی هزری زماندا» (ئەو وتارە ساڵی ڕابردوو لە گۆڤاری کاروان بڵاوکراوەتەوە) هەوڵم داوە ئەو بەهای گەڕانەوەیە بۆ قۆناغەکانی بەرجەستە بکەمەوە. لەو وتارەدا، بە پیادەکردنی بیرۆکەی هایدگەر، پایەی زمان و ئامادەیی بوونایەتیم لە چەند کۆپلەیەکی شیعری (مەحوی و نالی)دا ڕاڤە کردووە. بە کورتی ئەمساڵ لە کتێبێکدا کۆوتارێک چاپدەکەم، کە کۆی ئەو هەوڵانەی خۆم لەوێدا نمایشکراون.

هاوکاتیش لە بواری هزراندنیشدا بەلای منەوە سەرەتایەکانی سەدەی بیستەم، واتا لە بیستەکان بەدواوە، جێگەی سەرنجدان بووە. لەو قۆناغەدا تا دەگاتە ساڵانی پەنجایەکان ڕەوتێکی هزری، یان کولتووریی و نەتەوایەتییانە دێتە کایەوە، کە دەکرێ بەسەرەتاگەیەک لە چەشنە ڕۆشنگەرییەک سەیر بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە لە وتاری «قەدەری خەونی کورد لە چەپڕەوییەوە بۆ ڕاستڕەوی»دا (ئەم وتارەش لە ڕۆژنامەی ئاسۆ و نێوەند بڵاوبۆتەوە)، هەوڵم داوە ئاماژەیەک بە گرینگی ئەو قۆناغ و وێستگە ڕۆشنبیرییەی کوردی بکەم. هەوڵ بچووکەکانی منیش هەر هێندە بڕ دەکات.

لەکاتێکدا ئەمڕۆ ئەو نووسەرانەی ڕۆژانە، وەک وەرزشێکی زارەکی، ناوی چەند فەیلەسووفێکی ئەوروپایان لەسەر زارە، کەچی ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەیان تەواو فەرامۆش کردووە. ئەمەش بەرهەمی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە، کە بەتەمایە بەو تەرحە ڕۆشنبیرییە ڕووکەش و لاساییکارە، گوتارێکی

کولتووری کوردانە دروست بکات!

هاوکاتیش لە ئاستی شیعردا، کەم تا زۆر، هەوڵم داوە یاری و جوانکاریی لە شیعری لای شاعیرانی قۆناغەکانی ڕابردوو، بەتایبەتی شیعری فۆلکلۆری و شیعری کلاسیکی، تام بکەم بە چێژێکی تر، یان لە ئاراستە و دیمەنێکی دیکەدا بە ئاوێنەیان بکەمەوە. کە بەڕاستی لەوەش دڵنیانیم.

**ڕامان:** لەو شیعرانەی بەرهەمت هێناون هەست بە پەیوەندییەکی گیانی لەگەڵ نیشتمان دەکرێت، ئایا شیعر بە پەیوەندییەکی گیانی و ڕوانینی گەردوونی دەزانیت، یان نیشتمان دەوری لە پەیوەندی گیانی و ڕوانینی گەردوونی بۆ شیعر چییە؟

**هەندرێن:** وابزانم تێکەڵاوییەک لەو پرسیارە هەیە، کە گوایە لە شیعری مندا پەیوەندییەکی گیانی هەیە لەگەڵ نیشتماندا. ئەو پەیوەندییەی کە تۆ باسی دەکەی، پەیوەندییەکی گیانییە لەگەڵ شوێندا، نەک نیشتمان. هەرچەندە ڕەنگە لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە سەیری «نیشتمان» بکەین، ئەوا دەبێتە هاوردەیەک بۆ «شوێن»، یان «ماڵ». بەواتایەکی دیکە، زۆرجار «شوێن» و «نیشتمان»، هاو واتای یەکترین. لێرەوە لەو هەستەی کە تۆ باسی دەکەی ئاستەنگێک هەیە، ئەویش من لە هەموو شیعرەکاندا، ئەوەندەی کە نووسیومە، پەیوەندییەکی گیانیم هەیە لەگەڵ «شوێن» و «ماڵ»دا، چونکە «نیشتمان»، بە شێوە گشتییەکەی، ڕەهەندێکی ئیدیۆلۆگی هەیە، نەک ڕۆحی، بەڵام «شوێن» ڕەهەندێکی سروشتی و ڕۆحی و شیعری هەیە. بەلای منیشەوە «شوێن» واتایەکی فرە و ئاوازگەلێکی هەمەجۆری هەیە. شوێن دەکرێ بۆ تاکەکەسێک ئەو نیشتمانە بێت کە گیانی تەنیوەتەوە، کە یادەوەری فرچک داوە، بەڵام ڕەنگە نیشتمان ئەو پانتاییە فراوانە بێت؛ کە بۆ تاکە کەسێک، نەک هەر پەیوەندییەکی گیانی نەبێت، بەڵکو مایەی بێزاریش بێت، چونکە ئێمە هەمیشە بەدەست دەسەڵاتدارانی نیشتمان دەتلێینەوە. ڕەنگە زۆرجار نیشتمان داخکردنی گیانی مرۆڤ بێت. وەلێ شوێن بە ڕەهەندە هەمەڕەنگییەکانی هەڵگری تام و چێژی جودایە و پەیوەندییەکی بێ مەرجی لەگەڵ تۆدا هەیە. هەر بۆیە شوێن ئەو ڕەگەیە کە تۆ هەمیشە لە هەر هەنگاونانێکدا دەتریوێنێ و لە گیانتدا دەڵەرێتەوە و دەتەنێتەوە.

منیش کەسێکم ئامێزی ئەو شوێنەی کە لە دەشتاییەوە تا دەگاتە هەرێز، سەرکانی، دۆڵ، لووتکە، ژێر دارتوو. دارگوێز، بەر بەفر و بارانەکەی، ئازار، چێژ، مەرگ، شادی و ناخۆشییەکانی، ئەلبوومی یادگاریی، یادەوەریی من وێنا دەکەن.

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بێژین، شیعر یادەوەریی نیشتمان- شوێن دەردەبڕێت و شوێن- نیشتمانیش سەرچاوەیەکن بۆ شیعر. بە واتایەکی تر، شیعر لەناو ئەو گەردوونەدا ماڵێکە، کە شوێنی شاعیر دیاری دەکات. لێرەوە وەک چۆن لەنێوان پەیوەندی خواوەند و مرۆڤدا پیرۆزییەک هەیە، بە هەمان شێوەش، لە پەیوەندی نێوان شیعر و شوێن- نیشتماندا پیرۆزییەک هەیە، بەڵام ئەو پەرستنە کە لەو پەیوەندییەی نێوان خواوەند و مرۆڤدا، بە پیرۆز دەکرێت. کەچی ئەو بە پیرۆزکردنە، کە لە پەیوەندی نێوان شیعر و شوێندا هەیە، پەیوەندییەکی شیعرییە، موچڕکێکە لەگەڵ هەنگاونان گیانمان دەتەنێتەوە.

دواجاریش ئەگەر گەردوون واتایەکی بێ سنوور بەرجەستە بکاتەوە، کەچی ئەرکی شیعر بەناوبێژکردنی شتگەلێک بواری جێنشینکردنمان لە ڕووبەرە فرەکانی ئەو گەردوونەدا بۆ ئاوەڵا دەکاتەوە. کەواتە ڕوانینی شیعر بۆ گەردوون ناوبێژکردنی شوێنە، کە لەناو شاعیرێکدا جێنشینە. هەروا لە من حەز دەکەم، ئەگەر بکرێت، لە ئاستێکی ئیستێتیکدا، شەبەنگەکانی شوێن بچنمەوە، تاکو یادەوەری بە وەفادارییەک لە تیشکەکانی بە گۆهاتنی زمان مشتوماڵ بکات.

**ڕامان:** ئەرکەکانی زمان لە شیعردا چین، پەیوەندییە ئیستێتیکییەکانی وشە لەناو ڕستەدا چۆنە؟

**هەندرێن:** شیعر جووڵەیە و زمانیش ڕەوتی سەفەرەکەی، لە هەمان کاتدا، بەدەم ڕێکردنی زمان بەرەو خودی خۆیەوە، زمان گوتنی شیعرە. هەروا زمان بەدەم سەفەرەکەیەوە بەرەو خوێ، نیگا، ڕاز، دیمەن و... لەشیعردا نمایش دەکات.

دواجاریش زمان و شیعر، شەپۆلی ئاوە لە دەنگ و لەرینەوەیاندا.

دەکرێ لێرە پەیوەندییە ئیستێتیکییەکانی وشە لە ڕستەدا، بە بوێری کردن و

**زمانێک بێ گەڕانەوە و پرسیارکردن لە ئامادەکردنەوە و بونیاتنانەوەی بەرهەمە ڕۆشنبیریی و هونەرییەکانی ڕابردووی، ناتوانێت لەو زمانەدا بژیت کە پێی دەنووسێت**

زیاترین لەرینەوەی مانانەیە لە هەناوی ڕستەدا. بەمەش تاکو بەدەم سەفەری زمانەوە، لە دڵکێشییەکدا، شەپۆلی دەنگ و لەرینەوەکان، ئاماژەکانی لە ڕوخساری شیعردا نمایش بکات.

**ڕامان:** ئایا شیعری تاراوگەی کوردی توانیویەتی سیمایەکانی خۆی دەستنیشان بکات، لەکاتێکدا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، هەر لە چامەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم»ی نالی- و چامەی «گوتم بە بەختی خەواڵوو»ی حاجی قادری کۆیی- تا دەگاتە شاعیرانی ئێستا؟

**هەندرێن:** لە ئاستێکی زۆر ساکاردا دەمەوێ بڵێم، کە بۆ ئەوەی بە وردی لەسەر شیعری تاراوگە پێناسەیەکمان هەبێت، دەبێت بەر لە هەموو شتێک پێناسەیەکی کوردیمان هەبێت بۆ دەستەواژەی تاراوگە و ڕەهەندەکانی ئەو دەستەواژەیە، بەڵام ئەو باسە لە چاوپێکەوتنێکی وادا ئەنجام نادرێت، بۆیە من زۆر بە ساکاریش ئاماژە بە هەندێک خاڵ دەکەم.

من پێم وایە کورد، تەنانەت لەماڵەکەی خۆی، لە وڵاتەکەی خۆی، لە دەڤەرەکەی خۆی، لە جوگرافییەکەی خۆی و...تد، تاراوگە بوو، بەڵام ئەو تاراوگەی کە لەو دە، یان بیست ساڵەی کە کورد بۆ یەکەم جار بەم جۆرە بۆ جوگرافیایەکی تر کۆچ بکات، ئەوە باسێکە، وابزانم، زۆر ڕاڤەکاری هەڵدەگرێت. واتا ئەگەر کورد لە کوردستاندا هەمیشە لەسەر خاک و ماڵەکەی خۆیدا سەربەخۆ نەبووبێت، ئەوە بەلای کەمی، وەک تاکەکەش، لەو تاراوگەیە کە تۆ باسی مەبەستە، واتا دەرەوەی وڵات، یان ڕۆژئاوا، سەرفراز بووە لە ئاستی دەربڕینی ناسنامەکەیدا. لەو تاراوگەیەدا ئەو بوارەی بۆ ڕەخساوە کە، ئەگەر بیەوێت و بزانێت، لە زمانەکەی خۆی جێنشین بێت.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، وابزانم، کاتێ باسی ئەو شیعرەی (نالی و حاجی قادری کۆیی) دەکەین، دەبێ ئەو شوێنکاتە، کۆنتێکستە لەبەرچاو بگرین کە ئەو شیعرانەی تێدا بەرهەم هاتووە. واتا ئەو شیعرەی نالی بەرهەمی ڕووداوێکی مێژووی سیاسی هەیە. لەوێدا دوای تێکچوونی میرنشینی بابان ئەو شیعرە لە دایک دەبێت. بە هەمان شێوەش لە دایکبوونی چامەی «گوتم بە بەختی خەواڵوو»، ئاکامێکی سیاسی

**لەو شیعرانەی کە نووسیومە پێوەندییەکی گیانیم لەگەڵ شوێن و ماڵ هەیە نەک نیشتمان، چونکە نیشتمان ڕەهەندێکی ئیدیۆلۆژی هەیە نەک ڕۆحی**

گرێدراو بەزەمەنی خۆی هەیە.

بەڵام تاراوگە بوونی ئەمڕۆی مرۆڤی کورد بە گشتی و نووسەری کوردیش بەتایبەتی کۆنتێکست و پاشخانێکی تری هەیە. ئەمڕۆ بۆ بەشێکی زۆر لە کورد تاراوگە ئازاد بوونە لەو تەلبەندانەی کە لە وڵات هەیە.

هەروا بەشێکی زۆری ئەو نووسەرانە لە دەست دەسەڵاتی کوردی ژیانی تاراوگەیان هەڵبژاردووە. ئەمەش یەکەمجارە لەو ئاستەدا مرۆڤی کورد لە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ڕووبکاتە تاراوگە. وەک دەزانین لە سەرەتایەکانی نەوەدەکاندا، لە ئاکامی شەڕی خۆکوژی و دەمکوتکردنی خەڵک لە لایەن ئەو حزبانەی کوردییەوە، کوردگەلێکی زۆر ڕوویان کردە ڕۆژئاوا. لەوەدا مەبەستمە بڵێم، بۆ من، قسەکردن لەسەر ئەو تاراوگەیەی کە لە بۆتەی پرسیارەکەتدا جەختی لەسەر دەکەیتەوە، بەکێشەی دەزانم. چونکە دەبێت باس لە تاراوگە جیاواز، مێژووی ئەو تاراوگەبوونە و بونیاتی مرۆڤی کورد بکەین، بەڵام بە کورتی دەتوانم بڵێم، سیمایەکانی شیعری تاراوگەی کوردی، هاوئاستە لەگەڵ شیعری کوردستان. بە واتایەکی تر، وەک چۆن شیعری ناوەوە لە ڕەوتێکی ئاڵۆزدا ناتوانێت بە ئەزموونێکی خەمڵیو سیمایەکانی خۆی دەستنیشان بکات، بە هەمان شێوەش شیعری تاراوگەش تا ئێستا لە ئاستێکی سەرەتاییدایە و نەیتوانیوە تەقینەوەیەک لە نەریتی شیعری کوردیدا دروست بکات. وەک گوتم هۆکارەکانی ئەو ئاستەنگەی شیعری تاراوگە زۆرن لەوانە: نووسەری خاوەن مێژوویەکی کەمە لە تاراوگە. بەشی هەرەزۆری شاعیری کورد لە تاراوگە دەژین، بەڵام نە زمانی ئەو وڵاتە دەزانن کە لێی دەژین و نە زمانێکی تری ئەوروپا، کەچی کە دێنەوە بۆ کوردستان، وەک گیڤارایەک باسی پاڵەوانەکانی خۆیان لەتاراوگە دەکەن. بەشێک لەوانە لە سوێد دەژین و لە نزیکەوە دەیانناسم. یەکێک لەو نووسەرانە، کە جارێک باسی کردنەوەی چاپخانەی دەکرد، کەچی دوای -fore tag/ بازاڕی کارکردن و forlag/ چاپخانە، کە سێزدە ساڵ هێشتا نەیدەتوانی لە یەکتر جودابکاتەوە. هەر ئەو شاعیرەی تاراوگە، کە تۆ دەتەوێت «سیمایەکانی شیعری تاراوگەمان بۆ دەستنیشان بکات»، کە لە کوردستان بوو، لە چاوپێکەوتنێکدا، بە جۆرێک باسی خۆی و ژیانی

تاراوگە بوون دەکا هەر مەپرسە. لە کاتێکدا جەستەی ئەو شاعیرەمان ئەگەر لێرەش بێت، بەڵام بۆنی «کفتە» و «دۆڵمە»ی کوردستانی لێدێت. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم تاراوگە، وەک مۆدە، دەپەسترێتە دیرە شیعرێک و تەواو. بۆیە لەو شیعرەدا وشەی تاراوگە ژیانە، نەک دەستەواژەیەک و بەس. ئەگەر بەشی هەرە زۆری شاعیری کورد وەک ژیان لە تاراوگە نەژین، ئەوا تاراوگە نەک، هەر «پەیوەندییەکی ئیستێتیکییانەی لەناو ڕستەدا» نابێت، بەڵکو ڕستەکەش ڕیسوا دەکات، بەڵام وێڕای ئەو کێشانەش لە شیعری تاراوگەدا، لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵی تاکەکەسی لە ئاستی چەند دەق و ئەزموونداا، دەکرێت وەک نموونەی شیعری تاراوگە بیانخوێنینەوە. خوێنەری وردبینیش دەکارێ سیمایەکانی شیعری تاراوگە لە دەقی ئەو تاکەکەسانە بدۆزێتەوە، بەڵام لە ئاستێکی کراوەدا حەزم لێیە بێژم، کە من داهێنان و جوانی لە شتە بچووک و هێشتا دەقنەگرتووەکاندا دەبینم. کە کەوتە سەر زاران و گوترایەوە، تامی نامێنێت. کەواتە ئەو دیاردە شیعرییەی کە تۆ ئاماژەی پێدەکەی ناسنامەکەی هێشتا ڕانەگەیاندووە. دواجاریش لەم ڕۆژگارەدا، قسەکردن و هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای دوا پێناسەیەکی نەوە و... کۆی ئەزموون و ڕەوتێک، کارێکی ئاسان نییە. بۆ منیش دەقی تاکەکەسە نادیارەکان گرینگترە لە ڕەوت و ناوە قەڵەباڵغەکان. بۆیە ناوە نادیارەکان ئەو دەقانەی کە بە ڕێکەوتن ساتەیان لێدەکەم سەرنجم ڕادەکێشن. بە گشتی دەقی ناوە دیار و باسکراوەکان بە دەگمەن دەخوێنمەوە.

ساڵی پار (عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا)ی هاوڕێم چەند دەقێکی(بەهرە موفتی) و (جووڵە حاجی) بۆ ناردم، کە قەت ناویانم نەبیستبوو. ئەو دەقانە بۆ من لە زۆر دیوانی شاعیرە ناسراوەکان بە چێژتر بوون، کە نازانم سەر بە کام نەوەشن، بۆیە منیش بە چێژەوە، لە وتاری «ئەزموونی شیعرییەتی ژن و وێناندنی بوون»دا ستایشم کردن.

**ڕامان:** نوێبەخشی نەوەی ئێوە بەکاریگەری ئەدەبی بێگانە پەیدابووە، یان سەرچاوەی لە نوێبەخشی (گۆران) و (ڕوانگە) و ئەدەبی خۆماڵییەوە وەرگرتووە. لەکاتێکدا نوێبەخشی ڕاستەقینە لە ڕووی بابەت و شێوازی نووسیندا لە خۆبوونی دەلالەتەکانی زمانەوە سەرهەڵدەدات و دادەمەزرێت؟

**هەندرێن:** هەڵبەتە من لە بەرانبەر ئەو چەشنە پرسیارانەدا تووشی کێشەیەکی زۆر دەبم. لەلایەک من نە دەمەوێ لە جیاتی نەوەیەک دەمڕاستی بەخۆم ببەخشم، نە خۆشم سەر بەوابەستە بوون بەو نەوەیە، یان هەر نەوەیەکی تر دەبینم. بۆیە لە ڕوانینێکی زۆر گشتیدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم کە ئەوانیش گشتین و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە نەوە نییە.

لە پێشدا، بە بۆچوونی من هیچ «نوێبەخشی»یەکی کوردی، لە ڕووی تەکنیک و بیرۆکەوە، لە ئێستا و ڕابردووشدا، بەکاریگەری ناوەکی، یان خۆماڵی پەیدا نەبووە. بەڵکو هەر لە شیعری «کلاسیکی»یەوە تا شیعری «نوێ»، لەژێر کاریگەری دەرەکی گەشەی بەخۆیداوە، بەڵام شیعری کوردی لە قۆناغی «کلاسیکی»دا زۆر کارا و جوانتر لە ئەزموونی شیعری «نوێ» مامەڵەی لەگەڵ ئەزموونی شیعری دەرەکی، بێگانە، کردووە. «ڕوانگە» خۆی بەکاریگەرییەکی شێواوی ئەدەبی بێگانە پەیدابوو، بەڵام (گۆران) کاریگەری ئەدەبی بێگانە دەستەوا دەکا و دەیخاتە ناو «کانییەکی بەر تریفەی مانگەشەو» و بە خەملێوی لەناو زمانی کوردیدا «سەما»ی پێدەکات. ئەو نەوەی تۆ باسی دەکەی، وێڕای نموونەی هەوڵی باش، بەڵام هێشتا لە ڕەوتەکەیدا ئەو ماوە تەمومژاوییەی نەبڕیوە. کێشەکە کاریگەری دەرەکی نییە، بەڵکو شێوەی کاریگەری و ئاکامەکانی ئەو کاریگەرییەیە.

**ڕامان:** دەڵێن ڕۆمان شیعری بەرەو لێژی بردووە و هەڕەشەیەکە بەسەریەوە، ئایا تۆ هەستت بەو مەترسییە کردووە. لە کاتێکدا تا ئێستا شیعر لە وڵاتی کوردستاندا جێگای تایبەتی خۆی هەیە؟

**هەندرێن:** ئەو باسە، هەڕەشەی ڕۆمان لەسەر شیعر، دەمێکە لە ئارادایە. بە تایبەتیش لە کوردستان زۆرجار بەشێوەیەکی سەیر باسی دەکەن. لە ڕاستیدا ئەمڕۆ بەهۆی باڵادەستی تەکنیک بە هەموو شێوەکانییەوە، نەک هەر شیعر بگرە مرۆڤیش لەژێر هەڕەشەدایە. بەلای منەوە لەکاتێکی زۆر زوودا، واتا نزیکەی بەر لە حەفتا ساڵ بەر ئێستا فەیلەسووفی ئەڵمانی مارتین هایدگەر لە کتێبی «ماهیەتی تەکنیک»دا، لە ئاستێکی دانسقەی هزریدا، باس لە ئاکامەکانی ئەو تەکنیکە دەکات. ئەوەندەی من بزانم دیگیتال و جیهانی پان و پۆڕی ئینتەرنێت وزەی مرۆڤی ئیفلیج کردووە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، بە گوێرەی ئاگاداری من، کە بە وردی سەرنجم داوە، ئەو دەنگۆیە بەو جۆرە نییە. من پێم وانییە هیچ هونەرێک بتوانێت هونەرێکی تر لاواز بکات، یان

هەرەشەی لێبکات. لەناو ڕۆمانیشدا، هەموو جۆرە ڕۆمانێک خوێنەری زۆر نییە. بۆ نموونە، ئەو ڕۆمانە خەیاڵییە پڕوپووچانەی کە لە سوێد پێیدەڵێن «ئەدەبی شۆشسک»، کە دەکرێ بە کوردی ناوی بنێین ئەدەبی «دوکانی بەقاڵی» کە جۆرێکە لە ڕۆمان، زۆرترین خوێنەری هەیە. لە میتۆدەکان دەخوێنرێنەوە. کەچی وێڕای ئەوە ڕۆماننووسێکی زۆری جیهانی هەیە، بۆ نموونە ڕۆمانەکانی مێلان کۆندێرا، مارگەرێتە دۆراس، بۆرخیس و چەندان ڕۆماننووسی تر، توێژێکی تایبەت لە خوێنەر و بگرە نووسەریش دەیانخوێننەوە. بە هەمان شێوەش شیعرەکانی زۆر شاعیرانی ڕۆژئاوا هەن، کە سادە و گۆرانیئامێزن خوێنەریان زۆرە. بۆ نموونە شاعیری سوێدی (برونۆ کۆ) کە وەک شاعیرێکی ئەنارکیست، لە شێوەی (مۆسیکی ڕۆک) دەنووسێت، کە کۆڕێکی شیعری دەکا، بە هەزار گوێگری لاو گوێی لێدەگرن. ئەو شاعیرە سوێدییە، جارێک (ستوپێندیۆم)، واتا ئەو کۆمەکییەی کە یەکێتی نووسەرانی سوێد، وەک پشتگیرییەک ساڵانە دووجار بە نووسەران دەبەخشێت، وەرگرت، بەڵام ئەو پارەیە، کە بیست هەزار کرۆنی سوێدی بوو کردی بە خوردە و لە سێنتەری شاری ستۆکهۆلم فڕێیدا. بۆ زانینیش نووسەری کورد، کە ئەگەر زانیاری لە هیچ شتێکی سوێد نەبێت، بەڵام بە هەڵپە و بە هەموو شێوەیەک، بەدوای وەرگرتنی ئەو کۆمەکییەیە. دوای وەرگرتنی ئەو کۆمەکییە بەناوی (خەڵات) وەرگرتن باسی دەکا و بەمەش خوێنەری ناوەوەی کوردستان و ئەوروپا فریو دەدات. ئەمساڵ دوای دەیان گفتوگۆ لەسەر ئەوەی کە ئایا ئەو (کۆمەکییە) (خەڵات)ە، یان نا. کرا، دواجاریش خوێنەران نەگەیشتنە هیچ ئاکامێک.

هاوکاتیش ئەوە کە من لە ئاستی لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکاریدا ئاگاداربم، کە لەم ساڵانەی دواییدا لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا پایەی شیعر بۆتە پرسیارێکی هەنووکەیی. واتا لە ئاستێکی تردا، بە پێچەوانەی ئەو بانگەشەیە، کە گوایە شیعر باوی نەماوە و ئێستا باوی ڕۆمانە، لە جاران زیاتر، لە هزر و فەلسەفەدا نزیک بۆتەوە. ئەمڕۆ لە زانکۆدا لە بواری فەلسەفە و هزردا شیعر ئامادەییەکی چالاکی هەیە، بەڵام من پێم وایە خوێنەری شیعر هەمیشە دیاریکراو و تایبەت بووە. لە هیچ کاتدا خوێندنەوەی شیعر هێندە لە ئێستا زیاتر نەبووە، بەڵام ڕەنگە ئێستا لە شێوەی خوێندنەوە و چۆنایەتی خوێندنەوە گۆڕانێک هەبێت. لێرەش بواری پرژانی ناو وردەکارییەکانی ئەو بابەتەمان نییە.

ئەمساڵ چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ شاعیرێکی ناسراوی فەرەنسی خوێندەوە، کە بەداخەوە ئێستا ناوەکەیم لە یاد نەماوە، لە وەڵامی پرسیارێکی لەم جۆرەدا، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ڕۆمان بتوانێت ببێتە هەڕەشەیەک بەسەر شیعرەوە. ئەو شاعیرە باسی ئەوە دەکا، کە لەم ساڵانەدا دەزگای چاپی «گالیمار» لەشێوەی کتێبی گیرفاندا زنجیرەیەک دیوانی شیعری تازە و کۆنی چاپ کرد، بە گوێرەی قسەکانی ئەو شاعیرە، لە ئاستێکی سەرنجکێشدا ئەو زنجیرە شیعرە فرۆشرا. لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم، ڕەنگە ئێمە لە دۆخێکدا بژین کە شێوازەکانی ژیان گۆڕابێت و بەمەش وێنایەکانی ئەدەب بە جۆرێکی تر بخوێنرێنەوە. ئەگینا من هەست بەوە ناکەم کە شیعر لە ڕۆمان گرینگتر بێت، یان ڕۆمان هەڕەشەیەک بێت بەسەر شیعرەوە، پاشان ئەگەر لە ڕۆژئاواش، وەک گوتم ڕۆمان بە شێوازە زۆرەکانی خوێنەری زیاتر بێت، بەڵام جارێ زووە وا هەست بکەین، کە ڕۆمانی کوردی بەو جۆرە لاسایی و حیکایەتانەیەوە بتوانێت هەڕەشەیەکی بێکردەشی بەسەر شیعرەوە هەبێت.

**ڕامان:** ڕۆژنامەوانی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی چاپ تا چەند توانیویانە داهێنانی خودی تاکەکەسی بەرێزتان بەناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی بگەیەنێت، ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن چی بوو لە ناساندنی بەرهەمەکانت؟

**هەندرێن:** بە ڕاستی هەڵەیە بیر لەوە بکەینەوە کە کورد ڕاگەیاندنی کوردی هەبێت. ئێمە ڕاگەیاندنی حزبیمان هەیە. ئەو ڕاگەیاندنانەی کە لە ئاستی زۆر دیاریکراودا هەن، هێندە دەستکورتن دەنگیان ناگاتە گەڕەکێکیش. ئەوە شتێکی سەیر و تازە نییە، ئەگەر بڵێم زۆرینەی ئەوانەی کە لەو ڕاگەیاندنانەی بەناوی کوردی کار دەکەن کارامە نین تۆ بە دەگمەن ڕۆژنامەنووسێک دەبینی لە کاری کارا و لێزان بێت. ئەوانە ئەگەر تۆ پێیان نەڵێیت ئەو نووسەرە باشە نازانن تۆ نووسەری. جا چۆن منێک بناسێنن کە نە خۆم لێیان نزیکم و نە سەر بە حزبێکیشم. ئەو بەناو «دەزگا»، «کەناڵ»، «ڕاگەیاندن»، «ناوەندە ڕۆشنبیری»یانەی کە تۆ ناویان دەبەی سەرقاڵن بە گۆرانی داواکراو و بەمیوانداری خزم، بردەر، لایەنگری حزبەکەیان و... ڕۆژانە لەو تێڤیّ و کەناڵە ڕاگەیاندنەدا، نووسەر و شاعیر و ناوگەلێکی ئەوتۆ دەبینی، کە بەناوی شاعیری تاراوگە و نووسەری تازەگەر و لاو.. پێناسەیان

دەکەن، ئەگەر میزاجی حزبی و برادەری واسیتەکاری، نووسەری نەبێت، قسە و نووسینەکانیان هی پۆستەی خوێنەرانیش نین، بەڵام ئەگەر ئەو کەناڵە ڕاگەیاندنانە بەرهەمی منیان نەناساندبێت، ئەوا هیچ کاریگەرییەکی بۆ من نییە، چونکە بە ڕاستی میدیای کوردی هێندە لاواز و لایەنگیرە، بۆیە من هەرگیز چاوەڕێیان نیم بەرهەمەکانی من بناسێنن. ئاخر من لە چەند ڕادیۆ و ڕۆژنامە و تیڤی کوردیدا بۆ چاوپێکەوتن بانگیان کردووم، کەچی بەخۆیان نەیانتوانیوە پرسیار بکەن، بۆیە داوایان لێکردووم بەخۆم پرسیارەکانیان بدەمێ! ئەوە جارێک و دووان ڕووی نەداوە بە چەندان جار لە شوێنی جیاواز تووشی ئەو میدیایە کۆمیدییە بوومە. من لە هیچ جێگەیەک نەمبینیوە و نەمبیستووە، کە نیوەی بەڕێوەبەرانی کەناڵی میدیاکانی ناشارەزا بێت. ئەو هاوینەی کە لە کوردستان بووم، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەگەر نووسەرێک لە کوردستان ڕانەکات بەدوای ئەو کەناڵانەی ڕاگەیاندنی حزبی کورد، نەک کورد، یان وابەستەی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە نەبێت کە لەوێ هەن، ئەوا ئەگەر کتێبێکی لە نموونەی «کۆماری ئەفلاتوون» ، یان «وەرزێک لە دۆزەخ»ی ڕامبۆش بنووسێت، سەرنجی کەس ڕاناکێشێت. کەچی ئەو میدیا و دەزگای چاپکردنەی کە ئەمڕۆ لەوێ باڵادەستە بەسەر ڕۆشنبیریی کوردییەوە، بە گوێرەی پێوانە ئەدەبی هونەرییەکان ئاوڕ لە بەرهەمی نووسەر و هونەرمەند نادەنەوە، بەڵکو ئەوە پێوانە وابەستەیی، حزبی و خێزانداریییەکانن، کە وا دەکەن بەرهەمەکان بناسێنن و بڵاوبکەنەوە. خێری لێببینن.

## مرۆڤ ڕەنگدانەوەی ئەو شوێنگەیەیە کە بەرهەمی هێناوە

**ڕامان:** ڕەخنە و لێکۆڵینەوە هێزی ئاشکراکردنی داهێنانە، ئەو داهێنانەی لە بواری کارەکانتدا بەجێت هێناون، تا چەند ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بەناوەندی ڕۆشنبیری کوردی و خوێنەرانی ناساندوون؟

**هەندرێن:** لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا، ئاماژەمان بەو دۆخەی میدیا کرد، بۆیە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش هەمان وەڵامم هەیە. ئەوەی کە دەمەوێ لێرە بیخەمە سەر وەڵامی پێشووم ئەوەیە، ئایا لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی کوردی، بەو شێوازە جەڵەبی و گەڕەلاوژەیەی کە هەیەتی، خۆی هێزێکی هەیە، تا بەرهەمی من و کەسێکی تر بە خوێنەران بناسێنێت؟!

بۆ نموونە، ئەوەی من بزانم، لەلایەن نووسەری جوداوە، زیاتر لە بیست نووسینی دژ دەربارەی شیعرەکانی (سەباح ڕەنجدەر) نووسراون، ئایا ئەو نووسینانە لە سەرچاوەی هێزێکی ڕەخنەییەوە هاتوون، یان سەرچاوەیەکە لە شەڕەکانی گەڕەک و خێڵ دەچێت؟

تۆ سەرنج بدە، کە ئەو نووسەرانە قسە دەکەن، زوو دەزانیت، ئێستا چەند ناوێک لە هاوڕێیەکانی خۆیان دەژمێرن، واش قسە دەکەن وەک ئەوەی پێشەنگ و پسپۆڕی ڕەخنەی کوردی بن. لەوەش زیاتر، ئەو شێوازە نەخۆشەی کە بەناوی ڕەخنە لەو «ناوەندە ڕۆشنبیرییەی کوردی» لە ئارادایە، بە هێزێک دەچێت کە دەیەوێ کاروباری خێزانداری، خێڵ و هاوگەڕەکی شارەکەی ئاشکرا بکات، نەک دەقێکی داهێنراو. کاتێک ڕەخنەی کوردی ڕۆحی هەرارکیانەی خێڵ و بزوێنەری بێت، قسە کردن لەسەر ئاشکرا کردنی، نەک تەنیا داهێنانی من، بەڵکو برادەر و هاوشارەکانیشیان، وەهمێکی کۆمیدییە. بەبێ هیچ مەبەستێک زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم، بە دەراوێتکردنی چەند هەوڵێکی کەم نەبێت، من هێزێک لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردیدا بەدی ناکەم. ئەو شتەی کە لەناو ئێمەدا بە ڕەخنە ناوی دەبەین، لە «سووکە شەڕ» و «قوونە شەڕ»ی نێوان خێزان، خێڵ و هاوڕێیە دۆست و لێک نارەحەتەکان دەچێت. لە سلێمانی چەند کەسێک کە باسی داهێنان دەکەن، لە چەند ناوێکی ئەو شارە تێناپەڕن. لە کەرکووک قووشتەپە، دهۆک، هەولێر و... تد بە هەمان شێوە. ئەوە کەی ڕەخنەیە کە مرۆڤ چاوەڕێ بێت بەخوێنەرت بناسێنێت.

من کە ئەمساڵ کۆشیعری «سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور»م بە سویدی چاپ کرد، لەناو ئەو نووسینانەی کە لەسەر ئەو دیوانە بە سویدی نووسران، دووانیان بۆ من گرینگترین ناساندن بوون، چونکە لەلایەک لە دەرەوەی ئەو ڕۆحیەتە نووسرابوون، لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵێک سەرنجیان لەسەر ئەو شیعرانە باس کردووە، کە من خۆم دەرکم نەکردبوون. بۆیە هەتا ئەو ڕەخنە خێزاندار و مەرام خراپە دەمڕاستی بواریی ڕۆشنبیریی بێت، ئەو نەناسینەم پێخۆشترە.

**رامـان:** دەقەکانت لە کوێرە تێکەڵ بە کولتوور بوون و لەگەڵیدا گەیشتوونی بە چ ئاسۆیەکی بەکاربردن، ئایا توانیوتە کولتووری یەقین بکەیت بە کولتووری گومان، کە گومان هۆ و ئامانجێکی بنەڕەتییە بۆ داهێنان؟

**هەندرێن:** لێرەدا دڵنیا نیم کە تۆ مەبەستت لە کولتوور چییە، بەڵام ئەگەر مەبەستت ڕۆشنبیریی بێت بە گشتی، یان جیهانبینی کۆمەڵگا..، ئەوە باسێکی ترە، هاوکاتیش بۆ من دەستەواژەی «کولتووری یەقین» شتێکی نارِوونە. ئەوەی من بزانم، کە تەنیا ئایین و ئیدیۆلۆگی جەغت لەسەر یەقین دەکەنەوە. وەکو تر کولتوورێک نییە ماهیەتی یەقینی هەبێت.

هەرچۆنێک بێت، دەکرێ بڵێم لە ڕەوتی شیعرەکانمدا شەبەنگێک لە ئامادەیی «کولتوور»، یان ڕۆشنبیریی هەیە. ئەمەش بە مانای «ڕۆشنبیراندن»ی شیعر نییە، وەک زۆرجار باس دەکرێت. ئاخاوتنی شیعر لە ئاراستەی سەفەرەکەیدا بە ئاماژە کردنە چڕەکانی، نەک ڕاڤە کردنە کۆنکرێتییەکانی، دیمەنێک لە «کولتوور» و ڕۆشنبیرەکان نمایش دەکات، بەڵام ئەو کولتوورە لە ئاستەکانی قاڵبوونەوەی شیعردا تەنیا زرینگانەوەیەکن لە مانا و شتە کانەکانی شوێن. وابزانم من بە سروشتی ڕەمەکی خۆم کولتووری یەقینم خۆش ناوێت. بۆیە ڕەنگە لە پرۆسەی نووسیندا ئەو کولتوورە بەدەم ڕەوتی وشەدا لەگەڵ سێبەری نایەقیندا تێکەڵاو بێت، یان بکەوێتە گفتوگۆکردن. ئەو کاتەی کە «کولتوور»ی یەقین لە ڕەوتی شیعردا بە یارییە ئێرۆسی و لەرینەوەی ڕامانگەل و شەبەنگی دیمەنەکان گەمارۆ دەدرێت، ئەوە کولتوورە یەقینەکان هەڵدەوەشێنەوە، لێرەدا نە بواری ئەوە هەیە و نە ڕەواشە من لەسەر ئەو پرۆسەی بە گومانکردنەی شیعرەکانی خۆم بدوێم.

**رامـان:** ڕاستگۆیی لە شیعردا تا چەند شیعرییەت بەرهەم دەهێنێت، لەلایەکی دیکەوە گوتراوە ئەدەب درۆیەکی جوانە، ئایا لەنێوان ئەم ڕاستگۆیی و درۆیە جوانەدا پەیوەندییەکان چۆن دروست دەبن و دەدۆزرێنەوە، ئایا چۆن خۆت لە یەکێکیان ڕزگار دەکەیت؟

**هەندرێن:** ڕاستییەکەی لەوەتەی مرۆڤ هەیە بەدوای «ڕاستگۆیی» وێڵە و هاوکاتیش بەدادە دادە. بۆیە بەلای منەوە خودی «ڕاستگۆیی»، وەک ڕەهەندێک لە جیهانبینی، هەر خۆی شیعرییەتە. ڕاستگۆیی بە دانسقەیی دیمەنە مێتافیزیکییەکەی لە تامی شیعرییەت نزیکە. هاوکاتیش ڕاستگۆیی بە ئامادەییە هەمیشەکەی لە ژیانی مرۆڤدا، ئەوەندەی لە شیعرییەت نزیکە، هێندە لە ئەخلاقییەت نزیک نییە. لەو ڕوانگەیەوە، تامەزرۆ بوونی مرۆڤ بەدوای ڕاستگۆیی لە چەشنەیەکی شیعرییانە دەچیت. هەر بۆیە لە زۆر دیمانەدا ئەوەی کە وامان لێدەکات لە شیعرێک تێر نەبین، ڕەنگە پریشکی ئەو ڕاستگۆییە بێت، کە ئەو شیعرە هەڵگریەتی.

ئەمەش کاتێک هەست پێدەکرێ، کە ڕووبەرەکانی ئەو شیعرە لە هاوئاهەنگییەکی نێوان خودی شاعیر و ئەو شەبەنگانەی کە لەژیاندا چنراونەتەوە بەرجەستە دەبنەوە.

لێرەوە کۆچی هەمیشەی شیعر و ڕەهەندی هەمیشە دڵکێشی ڕاستگۆیی جمکانەیەکن لە شیعرییەت. پەیوەندییەکانی نێوان ئەو «درۆیە جوانە» و «ڕاستگۆیی»ەش، لەو شەبەنگییە جوانە دایە کە لەنێوان خودی شاعیر و واقیع و لەنێوان ئاوێزانی هەمیشەیی شیعرییەت و نادیاریدا، دروست دەبێت.

بەڵام ئەو «درۆ»یەی کە تۆ باسی دەکەی، ئەوە درۆیەکی شیعرییە، ڕەفتارێکی ئەخلاقی. بەواتایەکی تر، کاتێک ئەدەب جیهانێک دەئافرێنێت، کە هەندێک جار کۆلاژێکە لەو جیهانەی کە بەلۆژیکی دەیبینین، هەندێک جاریش، ئەو جیهانە، جیهانێکە کە هێشتا مرۆڤ تاقی نەکردۆتەوە. لێرەدا ئەرکی ئەدەب، لەوانەش شیعر، گێڕانەوەی شتە دیار و کۆنکرێتەکانی واقیعێک نییە، بەڵکو هەڵدانەوە و دۆزینەوەی ئەو واقیعە نادیارەیە، کە لۆژیکی تەمبەڵ نابینێت، هەر بۆیە بەلای کەسێکی زانستییەوە، ئەو جیهانە «نادیارە»ەی کە شیعر نمایش دەکا، جیهانێکی لۆژیکی نییە، بۆیە ئەو جیهانە بە «درۆ»ی ئەدەبی ناوزەد دەکرێت.

لەو ڕوانگەیەوە، شاعیر شتەکانی، دار، بەرد، ئاو، مرۆڤ، مێ، نێر، مەرگ، ژیان و... تد، وەک ئەوەی کە پێیان ڕاهاتووین، نابەخشێت، بەڵکو ناوێکی تر بەجیهانی ئەو شتانە دەبەخشێت کە نەمانزانیوە. بۆیە شیعرییەت «زانینی» شتە «نەزانراوە»کانە. واتا لە شیعردا ئەو جیهانە لە دایک دەبێت، کە لە دایک نابێ. شیعر وەک کایەی کردەیەک، «بووناندن»ی ڕاستییەتی واقیع، خاک، ژیان، مەرگ و شتەکانی ئەو جیهانە نەبینراوەیە. ئەوە شیعرە، کە ئەگەری «نەبوون»ی ئەو شتەکانی ئەو جیهانە نەبینراوە، بە «هەبوو» دەکا. بەواتایەکی تر، لەگەڵ ئاوەڵا بوونەوەی زمانی شیعر، دەنگی شتەکانی ئەو جیهانە نەبووە، لە بوونایەتی ئێمەدا دەلەرنەوە. بەڵام بێ «ڕاستگۆیی»، شیعرییەتێک نییە

هەروەک بێ «ڕاستگۆیی»ش خودێکی ڕەسەن نییە. بۆیە خـۆ ڕزگـارکـردن لە پەیوەندی نێـوان «ڕاسـتگۆیی» و «درۆ»، تێگەیشتنە لە پەیوەندی جیاوازی نێوان خود و شیعرییەت.

**ڕامان:** ئایا ئەدەبی کوردی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی توانیویەتی کاریگەریی و گۆڕان لە ژیانی کۆمەڵگا بەرپا بکات، یان ئاراستـەی هەست و بیـرکـردنەوەی تاکی کوردی بگۆڕێت، یان هەر ئەو دەربڕینانە لە ناو کتێب و نووسـراوەکـاندا گیـریان خـواردووە و نەیتـوانیـوە بەکاریگەرییەوە بێنە ناو ژیان و ئاراستەیەک دروست بکات؟

**هەندرێن:** ئەگەر لە دەرفەتێکی تر بووایە، دەکرا لە ڕوانگەیەکی بزواوی بێن درێژ لەسەر ئەو پرسیارە قسە بکەین. لێرەدا تەنیا لە ڕامانێکی خێرادا وەڵامەکان دەخرێنە ڕوو. لێرەدا دەڵێم ئەوە شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی، جەزیری، شەرەفخانی بەتلیسی، نالی، مەحوی، جەمیل سائیب، مستەفا بەگی ساحێبقران، ماڵی حوزنی موکریانی، مەسعوود محەمەد) و چەندان نووسەر و شاعیری تر، کە لێرە دەرفەتی نمایشکردنی هەموویان نییە، ئامادەیی کورد لەسەر ئەو خاک و جیهانە ڕادەگەیەنن. ئەو شیعری کوردییە کە ناو لە کورد دەنێت. ئەوە شیعری کوردییە کە کوردی هێناوەتە گۆ و ئاخاوتن... ئەگەر ئەدەب و شیعری کوردی نەبووایە، کۆمەڵگای کوردی و بوونێک بەناوی کورد، مانای نەبوو. ئەوەی کە وای کردووە، کورد لە سەرەمەرگی مەرگ ڕاچڵەکێنێت، کایەی شیعر و کاریگەرییەکانی ئەدەب بووە. لە ئەدەب و شیعرەوە کورد لە دایک بووە و هەبوونی هەیە. هەموو گۆڕانێک لە کۆمەڵگای کوردیدا، لەژێر کاریگەری ئەو لەرینەوە ئەدەبی و شیعرییەوە لە دایک بووە. هەموو دەسپێکێک لە ئاراستەکانی بیرکردنەوەی کوردی بە شیعر دەستی پێکردووە. لە داستانە شیعرییەکی خانییەوە بگرە تا بە ڕۆچوونە مەعریفیەکانی (مەحوی) و هاوارە نەتەوایەتییەکانی (حاجی قادر)ی تێدەپەڕێت و دەگاتە پەندەکانی (پیرەمێرد) و ساتیرەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و (ئەی ڕەقیب)ی دڵدار و... تد، وێڕای ئاوازی شیعرە زارەکی فۆلکلۆرییەکانیش، شوێنکاتی کوردی دەست پێدەکات. هەر ئەو سەرچاوەیەشە کە تاکی کوردی لەگەڵ کۆی کوردیدا ڕێکدەخاو بەرەو بەرجەستەکردنەوەی چارەنووس ئامادەی دەکات، بەڵام کەی ئەو لەرینەوانەی شیعر و ئەدەب گەیشتۆتە ئاستی سیاسی، یان بە حزبکراون، ئیتر لەوێدا شیعر ڕۆڵی بۆتە خزمەتکاری هێزێک کە هی ئەو نییە، بەڵام ئەگەر ئەدەب و شیعری کوردی نەیتوانیبێت، لە ئاستێکی چاوەڕوانکراودا ئاسۆی ئەو وەرچەرخان و گۆڕانە لە بوونی کوردیدا بخەملێنێت، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەنگەی کە لە قورگی زمانەکەیدا هەیە. بەدەربڕینێکی تر، دیارە هێزی ئەو بوونەی کورد لەو ئاستەدایە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە شیعر و ئەدەبی کوردی لە ئاستە بەرهەستەکاندا لە پرۆسەی بەوابەستەکردن و ئامراز و ئامانجدا کورت کراوەتەوە. واتا لە کاتی بەدەم فەرامۆشکردنی بیرکردنەوەی کوردیدا، شیعر کارامە ئەو بوونە کوردییە بە یاد دێنێتەوە و بانگی بوون لە تاکە کەسەکانەوە ئاراستە دەکا و لەکۆدا بەرجەستەی کردۆتەوە. ئەمەش بەهادارترین دەروازەیە بۆ ئاسۆیەکانی گۆڕان، بەڵام دیمەنی گیرخواردنی ئەدەب و شیعری کوردی لەناو کتێبەکاندا، گرفتێکی ترە و لێرەدا بەداوای لێبووردنەوە، بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ئەو پرسیارە و نەبوونی دەرفەت، ناتوانم شرۆڤەی بکەم.

**ڕامان:** چۆن حەزت چووە نووسین، ئایا لە ڕێگای خوێندنەوەی سەرچاوە بوو، یان بەهۆی توندوتیژی نیگەرانی و کێشە ئاڵۆزەکانی ژیان لەگەڵ شیعردا یەکترتان ناسی و بووە بەشێکی گرینگی ژیانت؟

**هەندرێن:** وەڵامی ئەو پرسیارە دوردۆنگم دەکا، چونکە بەڕاستی نازانم چۆن «حەزم چووە نووسین». هەروەک ئەوەی لێم بپرسی، چۆن حەزت چووە ئەو کیژەی کە خۆشمدەوێ، بەڵام هاوکاتیش دەکرێ لە زۆر ڕوانگەوە، هۆکارەکانی ئەو حەز لە نووسین کردنەوە، ڕاڤە بکەین، بەڵام دواجار ڕەنگە هیچێک لەو دەرئەنجامانە گومانبڕمان نەکات.

بە هەمەحاڵ، بە پێچەوانەی ئەو داستانانەی کە لەزۆر نووسەران دەبیستین، من لەماڵێک گەورە بووم، کە تا ئێستاش فڕێ بە نووسین و کتێب نییە. هەروا ئەو شوێنگەی کە من تێدا هەراش بووم، ئەویش هاندەر نەبوو. بە پێچەوانەوە، کە هێشتا سێزدە چواردە ساڵ بووم، بە دزی دەمنووسی، نەوەک ماڵەوە بزانن. کە تازە لە ناوەندی بووم، شەوانە کە هەموو ماڵەوە دەخەوتن، بەفێڵی سەعیکردن و حەلکردنی ئەرکەکانی مەکتەب، کتێبێکم دەخوێندەوە کە بەدزی ماڵەوە کڕیبووم. زۆر جاران لەو قۆناغەدا برایەکەم کە لە ڕێگای هاوپۆلەکانم دەیزانی شیعرم نووسیوە، بەزۆری لە بەرکمی دەردێنا و

دەیدڕاند. لێرە، ئەگەر بۆ خۆشیش بێت، کە دەزانم زۆر کەسی تر بە هەمان ئەزموون تێپەڕبوون، دەرفەتم نییە ئەو چیرۆکانە هەموویان بگێڕمەوە. لە ڕاستیدا، سەرەتا هەر لەخۆمەوە حەزم چووە نووسین. لەبیرمە یەکەم شت کە خوێندمەوە، داستانێکی شیعری خۆشەویستی بوو، نازانم یووسف و زولێخا و... بوو، یان شیرین و فەرهاد. هەمووم ئەزبەرکرد و ڕۆژانە لەبەر خۆم دەمگۆتەوە. ئەوکات وامدەزانی پاڵەوانم، چونکە بە خەیاڵاندنی خۆمەوە لەگەڵ ئەو داستانەدا مەست دەبووم.

کە لە گوند لە پۆلی پێنجی سەرەتایی دەمخوێند، مامۆستایەکمان هەبوو، ئەگەر زەینم فێڵم لێنەکات، ناوی (عومەر مەعرووف بەرزنجی) بوو. ئەو مامۆستایە لەدەرسەکەی خۆیدا، کوردی، باسی داستان، کتێبی دەکرد و ڕۆژانە شیعری بۆ پۆلەکەمان دەخوێندەوە. شێوەی قسە و خوێندنەوەی شیعرەکەی بۆ من زۆر خۆش بوو. بە بیرمە کە بەهار بوو، گوتی ئەمڕۆ کە چوونەوە هەریەکە و شیعرێک بنووسن و سبەی بۆم بخوێننەوە. من بەوە زۆر دڵخۆش بووم. دوای مەکتەب چوومە ئەو دەشت و دەرە تا درەنگی ئێوارە خەریکی شیعراندنی ئەو دەروبەرە بووم. ڕۆژی داهاتوو مامۆستا (عومەر مەعرووف بەرزنجی) زۆر هانی دام، بەڵام دواجار نووسین بووە سێبوورەیەک لەو ژیانە ئازاراوییەی کە من تا ئێستاش هەستی پێدەکەم. هەر شیعریش بوو ئەو قەدەرەی دژە ڕژێمی سەددام و بوونە پێشمەرگایەتی و دەربەدەری بۆ دیاریی کردم. کەواتە سەرتاپای ژیانی من بەخۆشی و ناخۆشییەکانییەوە، کە ناخۆشییەکانی لە ژمارە نایەت، مایەی شیعرە. ئەمەش ڕەنگە وەڵامێکی کۆتایی نەبێت بۆ هۆکارەکانی ئەو حەزەی نووسین. بەڕاستی نازانم کوو بوو تووشی ئەو بەزمەی نووسین بووم.

**ڕامان:** کاتێکی دیاریکراوت بۆ نووسین هەیە، یان سرووش کاریگەری وای هەیە کاتی نووسین دەستنیشان بکات و کاتی پەیدابوونی کتوپری خۆی بسەپێنێت؟

**هەندرێن:** ئەوەی ڕقم لێبێتەوە بەیانییانە، من تا عەسر نە حەز لە خوێندنەوە دەکەم و نەنووسینیش. بەگشتی لە دوای نیوەشەو، نەک هەر شیعر زۆربەی نووسینەکانی تریش، وەک وتار، ئەرکەکانی خوێندن و نامە... دەنووسم، چونکە ئەوکاتە ئامادەییەکی چالاکانەی ڕۆحی بەدەنی و هۆشیاریم هەیە، بەڵام هاوکاتیش زۆرجار لەو کافێتریانە ڕەشنووس و سەرە قەڵەمی شیعر و نووسینەکانم، کە بۆ من وەک ماڵی دووەمن، بەڵام نەک هەموو کافێتریایەک، بەڵکو ئەوانەی، کە وەک شوێن، جۆرە ئاشنایەتییەکی بێدەنگ و بینایانەم هەیە لەگەڵیاندا. زۆرجاران کەش و هەوای ئەو کافێتریایانە مەرجی نووسینم بەسەر دەسەپێنن. واتا بیرۆکە و موچڕکەکانی نووسین، زۆرجار لەناو هەرا و زەنای میوانی کافێتریادا لە دایک دەبن و دواجاریش لەناو بێدەنگی نیوەشەودا دەکەونە پێڕۆ و دەخەملێن. هەندێ جاریش بەدەم پیاسەی ناو شار و سەیرکردنی دیمەن و شوێنێکی سەرنجکێش و خەمین، یان بەدەم گفتوگۆیەکی هی دڵییەوە، یانیش لە گەڕانی ناو دارستان و دانیشتن لەسەر کەناری دەریاچە کپەکانی ستۆکهۆڵمەوە، دەکەومە گفتوگۆ لەگەڵ بیرۆکە و خەیاڵاندنێکی ئاڵۆزدا. بەم جۆرە هەندێ جار کایەی سروشت دەبێتە هۆی جووڵان و لەرینەوەی بابەتێکی شیعری، هەندێک جاریش، سرووتی ڕاهاتن و کایەکانی پەنگدانەوەی ڕوحی و بێهوودەیی ژیان.

**چاپکراوەکانی:**

١- لە سێبەری کێوەکاندا ونت دەکەم، لە پێدەشتێک دەتبینمەوە- شیعر.
٢- دوا نوێژەکانی چیا و سەفەری مەحاڵ- شیعر.
٣- سکاندیناڤیا: دوورگەیەکی تر لە بخوور- شیعر.
٤- نامەکانی ڕوانینوانێک و نامەکانی مەرگ- وەرگێڕان.
٥- مەهاباد لە ئۆلۆمپیادەکانی خوادا- وەرگێڕان.
٦- فەلسەفەی کۆچەری- وەرگێڕان.
* دیوانی سێیەم و هەڵبژاردەیەکی دیکە لە شیعرەکانی، لەلایەن خۆی و کۆمەڵێک وەرگێڕی تر کراوە بە سویدی.

**ئەو بەرهەمانەش ئامادەن بۆ چاپ:**

١- مەیلی یادەوەری لە بزواندنی زماندا - وتار و لێکۆڵینەوە.
٢- نیگای دەست- شیعر. هاوبەش.
٣- پێکگەیشتنی نیگاکانی تاراوگەی پایزی و یادەوەری لاوێتی- ژیننامە.

**ئا: یاد سابیر**



**زۆر بە بێدەنگی و بەهێمنی کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا و حەزی لە سینگ دەرپەڕاندن نییە. رووەکناسێکی یەکجار بەتوانایە و تا ئێستا گەلێ کتێبی لەم بوارەدا بە چاپ گەیاندووە، نەخاسمە هەوڵە کوردییەکانی کە بەزمانێکی یەکجار پێسووک و رەسەن هۆنیوەتەوە. لەپاڵ ئەمەشدا ماوەی سی ساڵێکە شیعر بڵاودەکاتەوە و دەنووسێ. بەم دواییەش رۆمانێکی شایانی خستۆتە بەردڵ و دیدان کە لەنێو لاپەرەکانیدا تابلۆی تەنداری مێژووی (٨٠) ساڵەی رابردوومانی تێدا تۆمارکردووە. با بزانین لایەنە فیکرییەکەی دیکەی لەچیدایە.**

## سەدرەدین نوورەدین ئەبووبەکر:

# لە رۆماندا بابەت شێواز هەڵدەبژێرێ، خوێنەری رۆمانی نوێشم فەرامۆش نەکردووە

* بیرۆکە و نەخشەی رۆمانی (شەخەڵی داربەڕوو)ت چۆن لەلادا گەڵاڵە بوو؟

– وەک لە روونکردنەوەی رۆمانەکەدا نووسیومە، من دۆستی شیعر و فۆلکلۆر و لێکۆڵینەوە و بابەتی زانستی سروشتیم، ئەوەی بەخەونی شەوانیش بە خەیاڵمدا نەهاتبێ چیرۆک بووە چ جای رۆمان، بەڵام ئەو بیرۆکانەی لە مێشکی مندا کەڵەکەبوون، لە قاڵبی شیعر جێگەیان نەبۆوە، بە بیرمدا هات بەشێوەی نووسینەوەی یادەوەری و بابەتی مێژوویی و پەخشانی جۆراوجۆر تۆماریان بکەم، دواجار لەژێر پاڵەپەستۆیەکی دەروونی و تەوژمی رووداوەکاندا بە سەرسامی خۆم لە باوەشی رۆمان دۆزییەوە، بە ماوەی چەند مانگێکیش پێچاوەمەتەوە.

لە روانگەی منەوە، رۆمانیش وەک هەر بابەتێکی

دیکەی ئەدەبی بریتییە لە ناوەرۆک و زمان و تەکنیک، هەڵبەتە من لەم سێکوچکەیەدا دووکوچکەی ناوەرۆک و زمانم بەبێ ماندووبوون هەبووە، بۆ هونەرەکەش سەرچاوەی باش دەست دەکەون و بروام بەخۆمە کە توانای فێربوون و چیرەی درێژم هەیە، ڕێگەش هەرچەندە دووربێ هەر بە هەنگاوێک دەست پێدەکا. زانیارییەکی مامناوەندیم لە زانستەکانی ژینگە و کۆمەڵناسی و دەروونزانی لە هەگبەدایە، ئەمانەش بۆ ڕۆمان دەسگری باشن و دەرفەتی قووڵبوونەوە بەناخی ژینگە و کۆمەڵگە و کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان باشتر دەرەخسێنێ.

ڕۆماننووس دەبێ بزانێ کام ڕێگە دەگرێ و چ کاتێک بەرێ دەکەوێ و چۆن سەیری بەرپێی و دەوروبەری خۆی دەکا، لەکوێ پشوودەدا، لە ناخیشدا هەست بە مەترسیی و هەوراز و لێژی ڕێگەکەی دەکا، پلانی دەربازبوونیش لە چەمی تەنگوچەڵەمەکاندا بەدەم ڕۆیشتنەوە لە کات و شوێنی گونجاودا بدۆزێتەوە و لە کەناری ڕووباریشدا بڕیار دەدات لەکامە بڕ بپەڕێتەوە.

## من بۆ ناوەڕۆک
## بە دوای ڕۆماندا گەڕاوم
## نەک بۆ ڕۆمان
## بە دوای ناوەڕۆک بگەڕێم

کە ناوی خوام لێهێنا و ویستم توێشووی کاروان بخەمە تووری، لەگەڵ (مینە)ی ڕاستەقینەی ڕۆمانەکە دانیشتم، بریندارێکی کیمیابارانی بالیسان چەند شەوێک لە لام مایەوە، (ئەبووربسالە)ش زراوی بردبووم، ڕۆژانەش چەند (شێخۆ) و (بازە)یەکم دەکەوتنە بەرچاو، (دلێر و شەوچرا)ش خزم و هاوسێم بوون، ئازایەتی باندریشیان بۆ گێڕابوومەوە، بەر لەوەی بەرێ بکەوم لە ڕێگەکەم پرسی تا بزانم لەکوێوە دەگەمە شوێنی مەبەست، کە ویستم لەسەر ئاوات بنووسم، چەند بابەتی تایبەت بە خەم و ئێش و ئارەزووەکانی ئافرەتانم لە بەرهەمی ئافرەتانەوە بە وردی خوێندەوە، خەیاڵ و هزری خۆشم لەگەڵ ڕەوە قوڵنگی کوێستانان بەسەر زۆربەی ڕووداوەکاندا هەڵفڕیوە.

ئارەزوو و خۆشەویستی و ژان بەرەو کێڵگەی چاندن دەتبا، نووسەری گەلی بێ کەسیش کە بۆ بێکەسی خۆی بنووسێت، تا لەژیاندابێت جگە لە چەرمەسەری و جوانەمەرگی هیچی دیکە ناچنێتەوە. ئەگەر لە نووسینەکەشیدا چاوی لە سوپاس و ستایش و خەڵات بێ، ئەوا تا چاوی سپی و دەستی ڕەق دەبێ و هیچ بەهیچ ناکا، یا بەرهەمەکەی دەکاتە جامە ماستی دیاری و دەیتەرشێنێت و وەک هەژارێکی گەلحۆ دەیداتە خانەدانێک، کە لەلایا بێ نرخە و فڕێی دەدا، هەر وەک بەرهەمەکانی بۆ قادسییەی دەنووسران، بەر لە چاوهەڵهێنانیان مردار دەبوونەوە و لە گۆڕستانی مەربەد دەنێژران، بەڵام ئەگەر لەناخەوە بڕیار بدەی کە بۆخۆت و نەوەکانی داهاتووت ڕەز دادەنێی، ئەوا شکۆمەندی دەستەبەر دەکەی و وەک کەروێشکیش بۆ دەرباز کردنی گیانی خۆت ڕادەکەی.

بە بۆچوونی من ئەگەر مرۆ تێر بیر و باوەڕ بێ، ئەوە لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکەی، نەک هەر سڵ لە دڕکودالی ڕێگە ناکاتەوە و ئەو کەسانەیش کە دەست بە ڕوویەوە دەنێن خاوی ناکەنەوە، بەڵکو سوورتر دەبێ و تاموچێژی ئەنجامی کارەکەشی لەلا شیرینتر و نیهادیشی ئاسوودەتر دەبێ.

* تا چ ڕادەیەک پەیڕەوی تەکنیکی ڕۆمانی نوێت کردووە؟ هەست ناکەیت لە هەندێک شوێندا سنووری ڕۆمانی نوێت بەزاندبێ؟

- بابەت شێواز هەڵدەبژێرێ، ئەگەر بە زۆریش شێوازی دەسکردی بەسەردا بسەپێنی، ئەوا لە هەردوو دین دەبێ. تا ڕادەیەک شارەزاییم لە تەکنیکی ڕۆمانی نوێدا هەیە، خوێنەری ڕۆمانی نوێشم فەرامۆش نەکردووە، کورت بڕی و برووسکە شێواز، شەپۆلی هەست، مۆنۆلۆج و شۆڕبوونەوە بەنێو ناخدا، فلاشباگ و گەڕانەوە، تێکەڵکردنی خەیاڵ و واقیع، دروستکردنی وێنەی دڵگیر لەکات و شوێنی خۆیدا، بەکارهێنانی چاوی کامیرای نوێ لە نزیک و دوورەوە، مۆنتاجی کات و شوێن و ڕووداو، لقوپۆپی زۆر و قەدی ئەستوور و پتەوم ڕەچاو کردووە.

ئەگەر بەویژدان و بەپێی پێوەری تەکنیکی ڕۆمانی نوێ وەک نموونە بە وردی سەیری ئەم دەقەی خوارەوە بکەین (هەرچەندە ئەمەیان بەکاری خۆم نازانم، کە بەرهەمی خۆم بنرخێنم، بەڵام بۆ وەڵامی پرسیارەکەت ناچارم نموونە بێنمەوە): وێنە گەورە و بچووکەکان، دوور و نزیکەکان، جێ گۆڕکێی شوێنەکان، ڕووداوەکان، پچڕپچڕبوونی کات و تێکەڵاوکردنی خەیاڵ و ڕاستەقینە، مۆنۆلۆج و شۆڕبوونەوە بەناو ناخدا... تا چ ڕادەیەک بەرجەستە

کراوە.

«شێخۆیان کردە نێو ئەشکەوتێکی تاریک....، خۆزگە دڵڤین بهاتایە دیدەنیم و دوو ژەمە خۆراک و چوار پاکەتە جگەرەی بۆ بهێنامایە، هەنگینێ منیش بێ ترس دەمویرا نانەکە بخۆم و جگەرەیەکیشی بە دوادا بکێشم. (کە ئاوی دەخواردەوە چەند جارێک تامی دەکرد) دەبێ ژەهر تام و رەنگی ئاو نەگۆڕێت؟ ئاوم ژەهر، ژیانم ژەهر، مردنم ژەهر...، منیش ژەهرم لەگەڵ ماستاو دەرخواردی زرِدایکم داوە، ڕاوێژکارێکیشم بە قسەی (أبو رسالة) بە سالیۆم کوشت. خۆزگە جارێکی دیکە دەستم دەگەیشتەوە (أبو رسالة)، هەر بەخۆم دەمزانی چۆن دە گوللەم لە تەختی نێوچەوان و کەللەی سەری دەدا... لە کەلێنی بەردەکانی دیواری دەرگەی ئەشکەوتەکەوە دەیڕوانییە دەرەوە، لە کلۆرایی پیرە چنارێکی زۆر گەورەدا سمۆرەیەکی بینی گوێزی بەدەمەوە بوو، دوو کۆترە کێویش لە هێلانەکەیدا لە قەد شاخە لووسەکەی بەرامبەری دندووکیان لەنێو دندووکی یەکتر دەنا و بە دەوری یەکتردا دەسووڕانەوە، لە دوای ماوەیەک بە یەکەوە هەڵفڕین و بەرەو دارستانە چڕەکەی ئەولاتر ڕۆیشتن، ئەویش لەگەڵیان هەڵفڕی، بەڵام کەوتەوە نێو ئەشکەوتە تاریک و شێدارەکەوە، ماوەیەک لە شوێنی خۆی حەپەسا و سەیری ئاسمان و لێڕەوارەکەی کرد، خۆی بەرزتر کردەوە و لەسەر نووکی پەنجەکانی وەستا و لە درزەکەی سەرەوەترەوە چاوی بەرەو خوارتر داگێڕا، پیرەمێردێکی ڕیش سپیی مشکی بەسەر لەژێر دارگوێزێکی زۆر گەورە، سبیلێکی بەدەمەوە بوو و قومی لێدەدا و دووکەڵەکەی هەڵدەمشت و لە دەم و کونە لووتییەوە دەریدەداوە و دەموچاو و کەللەسەری لەنێو دووکەڵەکەدا ون دەبوون و دەردەکەوتنەوە، وردە وردە دەستی بە ڕدێنەکەیدا دەهێنا و دەیڕوانییە ئاوێنەی ئاوی کانییەکەی بەردەمی. ئەویش ماوەیەک لەگەڵ دووکەڵ و خەیاڵی پیرە پیاوەکە تێکەڵ بوو، تاوێکی باشیش بێ ئومێدی سەرتاپای لەشی داپۆشی، تا هەوای شێدار و بۆن گرمخاوی ناو ئەشکەوتەکە هەناسەی گرت و هاتەوە هۆش خۆی، بە لارەلارە دەستی بە ڕۆخی ئەشکەوتەکەوە گرتبوو و چەند جارێک ئەمسەر و ئەوسەری ئەشکەوتە تاریکەکەی کرد، دووبارە بەرەو ڕووناکایی لای دەرگاکە هاتەوە و هەستێکی غەمگین پەلی سۆزی گرت، بەناو ڕابردووە خۆشەکانی خۆیدا گێڕای، لەبەر خۆیەوە،:. نا، نا، دڵڤین بەردەدەن و دێتە سەردانم، خۆراک و جگەرەشم بۆ دێنێ. ماڵ و سامانێکی زۆرم هەیە، با بەشی خۆی و تووڵە ڕەش بێڵێتەوە و ئەوی دیکەم بۆ بکاتە خێر، ماڵ و سامانی هەموو جیهانم بۆ بکەنە خێر، بەشی ئەوە ناکات تاوانەکانی من بسڕێتەوە، ئاوی زەریا بە گشتی ببێتە باران و لافاو هەڵبستێت ناتوانێت چڵکی ڕەشی من و ئەم خەڵکە بشواتەوە.

با گۆڕەکەم لە شوێنێکی تەنیا بێت، هیچ گۆڕی تری تێدا نەبێت، چونکە لە گۆڕیش یەکتر دەناسینەوە و لە یەکدی دەترسێین و یەکتریش ئازار دەدەینەوە. بریا...، خۆزگە...، کاشکێ...، خودای باڵا دەست من بە زیندوویی لە دۆزەخدا ژیاوم، تۆش جارێکی تر دەمگەڕێنیتەوە دۆزەخ؟ یەزدانی مەزن تۆ گەلێک لە من و لەم خەڵکە هیچ و پووچە بەخشندە و میهرەبانتری، کەسێکی ترم نییە پەنای بۆ بەرم و بەهانامەوە بێت، تۆ لێم ببوورە، تا ئێستا هیچ کەسێک منی نەبەخشیوە..»

ئاگادارم بەکارهێنانی کامیرای فۆتۆگراف و دەربڕینی ڕاستەوخۆ، زاڵبوونی بابەت (بەتایبەتی بابەتی سیاسی و دروشم و گوتار) لە هونەری ڕۆمانی ئەمڕۆدا ناشازن و باویان نەماوە، بەڵام من بۆ ناوەرۆک بەدوای ڕۆماندا گەڕاوم، نەک بۆ ڕۆمان بەدوای ناوەرۆک بگەڕێم، دوورنییە ئەگەر لەناو کات و شوێن و ڕووداوەکاندا ون نەبوومایە و لەشێنەیی بنووسیایە ئەوا لە هەموو دێڕێکدا تەکنیکێکی بەرزترم دەکردە پێوەر، هەڵبەزین و دابەزینی شەپۆلی هەست و سووڕی گێژەنی ڕووداوە جەرگبڕەکان، گێژیان نەدەکردم و جڵەوم لە دەست شل نەدەبوو، بەڵام ئەگەر بە گەرما و گەرمیش کارەکە نەکرابوایە، جلوبەرگی جوانترو سۆز و کەفوکوڵی کەمتر دەبوو. زۆریش خەریکی پێوەر و قالب و قالبکاری بوومایە، ئەوا مەبەستە ڕاستەقینەکەم بۆ ڕاونەدەکرا. لە کاتی چاپکردنیشدا نەمویستووە لە ئارایشگای ڕازاندنەوەدا ماکیاجی بکەم و جوانییە سروشتییەکەی بۆ چەند ساتێک بخەمە ژێر تاراوە، خوێنەری گەنجیش پتر ئەو شیرینییە دەخوێننەوە کە پەردەی هۆشی بەسەردا نەدرابێت.

هەرچەندە ڕۆمانێک ئەگەر دیالۆگی کەم بێت، وەک ژووری بێ پەنجەرە، تاریک دێتە بەرچاو، بەڵام لە هەندێک گۆشەدا، گێڕانەوە لای من بۆتە ژووری حەسانەوە و دەربڕینی نهێنییەکان، وەک مام هێمن دەڵێ:

**لەسەر بەفرێ بەکارنایە وەکو بیستوومە داوی ڕەش**
**لەسەر کۆڵمەت ئەدی بۆ دڵگرە ئەو بسکە تاتایە.**

خوێنەر لە نووسینێک بێزار دەبێ کە لەسەرەتادا ئەنجامی لووتکە و کۆتاییەکەی بزانێت، نایەوێ سەیری فیلمێک بکا، کە دەیان جار بینرابێت، من هەوڵم داوە لە دیدەنی دیمەنی ڕووداوێک وەڕز نەبێت کە دەیان کەڕەت بەلایدا تێپەڕی، کە لێی وردەبێتەوە هەر جارەی شتێکی نوێ سەرنجی هەڵدەمژێت و چێژێکی خۆشتر دەمی پڕ ئاو دەکات و هەست و سۆزی دەوروژێنێ، چونکە وەرز و بارە دەروونییەکە دەگۆڕێ. هەر سێ مانگ جارێک بچۆ سەر کانیاوێکی قەدپاڵی کێوێکی کوێستان، بڕوانە ئاوی کانییەکە و دیمەنە سروشتییەکانی دەوروبەری، دەبێ ڕۆماننووس بزانێت کەی و لەکوێ گرێچنی دەکات و چۆن گرێیەکان بەیەکەوە زنجیربەند دەکا و خوێنەریش بەسەرسامییەوە بگەیەنێتە قۆناغی کردنەوەی گرێیەکان.

وەک حیکایەتەکانی پێشان و زۆربەی ڕۆمانەکانی ئێستا، خوازیار نەبوویم کۆتایی بەشەکان لە شوێنی ناسک و پڕترس و مەراق بێت، مەبەستیشم نەبووە سێکس و ئەفسانە بکەمە چەشە، بۆ ئەوەی خوێنەر لە شەوی داهاتوودا بە دیارمەوە دابنیشێتەوە و لە کۆتاییشدا بۆی دەرکەوێت کە چەواشە کراوە، بەڵکو هەر بەشێکیان وەک چیرۆکێکی نیمچە سەربەخۆی پڕ بەپێستی ناونیشانی بەشەکە هەڵکەوتوون، لە سەرەتادا خوێنەر دانەخۆرە نەکراوە بۆ ئەوەی بەدوایدا بڕوات و دەستی لێی بەر نەبێ، بەڵکو دوای ماوەیەکی باش لە پڕ تێکهەڵکێشان و بەیەک بەستنەوەیەکی وەستایانە دەبێتە جوانکارییەکی دڵگیر، تامەزرۆیی خوێنەر دەشکێنێ و شاگەشکەی دەکا.

## نەمویستووە بە سێکس و ئەفسانە خوێنەر چەواشە بکەم

دەزانم دوو ناو بۆ ڕۆمانێک، یا ناوێکی گونجاو بۆ هەر بەشێکی ڕۆمانەکە لە کۆندا باوبووە، گەرەکم نەبووە بە زۆر بگەڕێمەوە دواوە یا شتێک بکەم کە خوێنەری ئێستا بە نوێکاری و داهێنانی بزانێ، هەست دەکەم کارەکە وەک سەرەوای شیعری خۆسەپاندوو لەجێی خۆی دەوەشێتەوە، لە ساتی نووسینیشدا دەبێ نووسەر پتر مامانی ڕووداوەکان بکات، مەبەست دەستەمۆکردنی جوانکاری و ڕەوانبێژی و ناوەڕۆکی پوخت بێ. ئەگەر بتەوێت ڕستەیەک لە چەند وشە بەپێی مانا فەرهەنگییەکانیان دروست بکەیت، ئەوا تامی داهێنانی تیا بەدی ناکەی.

ڕۆمانی بەرز سەرەتاکەی دڵکێشە، ناوەندەکەی لووتکەیە، کۆتاییەکەشی لەگەڵ سەرەتا و لووتکەکەدا دەسازێ، بەڵام من لە ناوەندەوە دەستم پێ کردووە، دوای ململانێیەکی دژوار و دوور و درێژ لە خولگەکەدا سووڕاومەتەوە و بۆ کۆتایی گەڕاومەتەوە خاڵی سەرەتا.

***** ئەی چۆن بەبێ پێڕەوکە لە جیهانی شیعرەوە بەرەو ڕۆمان هەڵفڕیت؟ زۆربەی نووسەران بە شتی بچووک دەست پێ دەکەن و بەرە بەرە بەرەو شتی گەورەتر دەچن تادەگەنە ڕۆمان، کەچی تۆ بە ڕۆمان دەستت پێکردووە؟

– دەڵێن ئەوانەی بەدەست شیعرەوە دەنقێنن و ناتوانن بە پەیژەی شیعردا سەربکەون، ڕوودەکەنە دەشتایی چیرۆک و ڕاستایی ڕەخنە، دوورنییە منیش وام بەسەرهاتبێ، مام هەژاری نەمر تا ڕیشی سپی بوو بە دیار شیعرەوە دانیشت، بەڵام کە ڕووی لە پەیژەی وەرگێڕان و فەرهەنگسازی کرد، ئەوەندە بەرز بۆوە کە ئیتر شیعری نەدەدیت. گرنگ ئەوەیە لە کاتی گونجاودا خۆت لەو بوارە بدۆزیتەوە کە لەگەڵ بەهرە و ئارەزووت دەسازێ.

دەزانم کوتک و سنگی لەگەڵ ڕۆماندا لەناکاو بەرۆکی یەکدیمان گرتووە! بۆ؟..! دەشزانم خەڵک لە تەنکاوەوە فێری مەلە دەبن، ئنجا پێ بەپێ بەرەو قووڵایی دەچن، کەچی من خۆم فڕێداوەتە ناو قوڵایی گێژەنەکەوە کەسیش بەدیارمەوە نەبووە دەربازم بکا، چونکە ئەو مروارییەی من لەو کاتەدا لەژێر گێژەنەکە دیومە، ئەگەر زۆر زوو فریای نەکەوتمایە، جارێکی دیکە گورگ بەسەر سەدەکەمدا تێ نەدەپەڕییەوە، وابزانم لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا پێم گوتی بۆ و چۆن دەستم بە ڕۆمان کرد، دووبارە ڕستنەوەش چارە ترش و هێسک قورس دەکا.

***** خەیاڵ و واقیع لەلای تۆدا زۆر خزاونەتە ناو یەکەوە، ئەو وێنە فانتازیانەی کە لە ڕۆمانەکەتدا بەکارت هێناوە، سەرچاوەکەی لە کوێوە هەڵدەقوڵێ؟

– من بەدەم ئازاری مەرگەوە لەژێر سێبەری داربەڕوویەکدا وڕێنەم کردووە، لەتاوی برووسکەی ژانەکانمدا، چاوم ڕێشکەوپێشکەی کردووە، ڕۆژ و شەو، حەقیقەت و خەیاڵم وەکو تارمایی هاتوونەتە بەرچاو، خەیاڵپڵاویم لە شێنەییدا نەکردووە، دەڵێن زۆرجار منداڵ درۆ دەکات، مەبەستی درۆکردن نییە بەڵکو خەیاڵ و حەقیقەتی لە مێشکدا تێکەڵاودەبن و ناتوانێ لە یەکیان

جیا بکاتەوە. بۆ نموونە: کە بەشی سنووری ستەم و ئازار دەخوێنیتەوە، مینە و ژن و منداڵەکانی مینە و گوندەکەی و... حەقیقەتن، بەڵام من لەکاتی نووسیندا بێ دەستی خۆم کچەکەیم لە گۆڕ دەرهێناوەتەوە و کردوومەتە کوچکووچەی(١) کۆمەڵگەکە و وەک بەرخە پەژمووردەی بێ دایک لە ماڵ و لە گۆڕستان و لە شار و لەدێ، لە هەموو سەرە ڕێگەیەک بۆ دایکی و بۆ بەرخەڵەکەی دەقارێ، بەڵێ بۆ خۆم زیندووم کردۆتەوە، نەک بۆ خوێنەر و بۆ باوکی، بۆ ئەوەی لەوکاتەدا پتر فرمێسک بڕێژم تا دڵم بە گریان و جۆشەکە ئارام بێتەوە. دایکیشیم لە گۆڕستانەکە هێناوەتەوە و کردوومەتە زمانی مێژوو و بەدوای کەسانێکدا دەگەڕێ بڕوانن برینە قووڵەکانی ئێستا و کاتی دابەشکردنی کوێستان و پاوان و برا و برازاکان، یەکێکی دەوێ گوێی لێ بگرێ، دەسبەری تێرکەی ژانی بۆ بگرێ و ڕەزەکەی بۆ بەناوبێنێ و خەمی بۆ بخوا، (حەسەن)یش کە برا گەورەی (مینە) و ئامۆزا و دەسگیرانی (بێری)یە سنووری دەسکرد لە یەکیان دادەبڕێت، ئەوانیش دەخوازن لەژێر دەواری خۆشەویستی و هەوار و کوێستانی باپیرانیان بەیەک بگەنەوە، کە لە هێڵی دەسکرد ناگەڕێنەوە، لە هەردوو دیودا بەرهەڵستیان دەکەن و بە قاچاغچییان دادەنێن و شوێن پێیان هەڵدەگرن و دەیانکوژن و شوونبزریان دەکەن، خزم و خێڵیان ناتوانن، جیهانی بەرژەوەندی و ململانێش نایەوێت لە گۆڕەکانیان بپرسنەوە، ئەم خەیاڵانە بە هەموو ڕووکارەکانی خەیاڵییانەوە ڕوویانداوە یا زۆر لەگینە. وا دەزانم سەرچاوەی فانتازیاییەکەم لەوەوە هاتووە: واقیعە تراژیدییەکە ئەوەندە خەیاڵییە، ئەوی لەناویشی ژیابێت هێشتا باوەڕناکات خەیاڵ نییە، خەیاڵەکەیش ئەوەندە شانبەشانی واقیعەکە ڕۆیشتووە تا سیماو ڕەنگی ئەوی بە تەواوی وەرگرتووە، پیاوم دەوێ لێکیان بکاتەوە، ئەگینا من فانتازیای تێدا بەدی ناکەم، بەشێکیانم بۆ دایکم خوێندەوە، پێی گوتم: لە هەندێ جێگەدا چەند ڕووداوێکت لێ تێکەڵاو بووە و لە زۆر جێیانیشدا لەخۆتەوە زۆرت بەسەروەناوە. کە براکەم (هێزی ناڕەوا ئەژنۆ شل و بێ هەناوە)ی خوێندەوە گوتی: جێگاکان دەناسمەوە، بەڵام ئاگام لە ڕووداوەکە نەبووە یا من لەبیرم نەماوە.

دەڵێن: خەیاڵ و واقیع لە ئەدەبدا هاوسەنگ بن باشە، من دەڵێم ئەگەر خەیاڵ و واقیع پێکەوە بکرێنە ئاوێتەیەکی واقیعی خەیاڵی، بەرهەمەکە دەکاتە هەنگوینی کوێستانان.

دروستکردنی وێنە و تابلۆی جوان و تەندار بە ڕیشەی وشە، لە شوێن و لە کاتی خۆیدا جوانکارییەکی هونەرییە و دەقەکە پتر دەڕازێنێتەوە و چەندین واتاش دەردەخات و سەرنجی خوێنەریش هەڵدەمژێت، لە بری بیر لەناواخنی وشەکان و درێژدادڕی بکاتەوە، پتر لە دیمەنەکە ڕادەمێنێت و بەناویدا شۆڕدەبێتەوە و هەست و نەستی دەبزوێ و چەندین لێکدانەوەشی لە لا گەڵاڵە دەبێ، بەڵام ئەگەر وێنەی گونجاویش لەکات و شوێنی خۆی دانەندرێت ئەوا هەناسەی خوێنەر تەنگ دەکا.

* بۆ (شەخەڵی دار بەڕوو) چەند سوودت لە کەلەپووری کوردی وەرگرتووە؟

– بەکارهێنانی فۆلکلۆر چ بە تێهەڵکێش بێ، یا پەنا بردنە بەر ئەفسانە و بابەتەکانی دیکەی فۆلکلۆر، لە ڕۆمانی سەرکەوتووی هاوچەرخدا زۆر باوە، منیش شارەزای فۆلکلۆرم، موتربەکردنی چرۆی ئەدەبی نوێ لەسەر بنچینەی فۆلکلۆر، ڕەسەنایەتی و نوێکردنەوە و داهێنانی نایاب ڕام دەکات، بەڵام بابەتەکەی ئێمە، گەلێک لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نەگونجاوە، نەشمویستووە بۆ خاتری خاترداران بە زۆری بەسەریدا بسەپێنم.

* ئەی ئەم جوانبێژی و زمانە پاراوەت سەرچاوەکەی لەکوێوەیە؟

– بە منداڵی لەدەشتدا ژیاوم و لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا کارم کردووە، زۆر ناوچانیش گەڕاوم، وەک نەخوێندەواری ساکاری دەشتەکی و چیایی و ڕەشماڵ نشین، پێویستم بە ڕێزمان و زمان خوێندن نەبووە، بۆیەش دەڵێم وەک نەخوێندەوار، چونکە زۆربەی ئەوانەی لە تەمەنی منن بە عەرەبییمان خوێندووە و کوردیش دەزانین!. ئەگەر وشەی ڕەسەنت خۆشبوێت ئەوا دڵداری لەگەڵ ڕستە دەکەی و ڕەوانیش دەبێتە هاوسەرت و لەیەکتری دانابڕێن، بەڵام ئەوانەی ئاوازی ناسکی وشەی پەتی و ڕەوانی ڕستە، هەستیان نابزوێنێت، ئەوا دەبێت بە زۆر لە خۆکردن وشە ببزوێنن و ڕستە دابمەزرێنن، ئەوکاتەیش چێشتەکە خاو یا تام سووتاو دەردەچێت، هەر هەمان کەرستەی چێشت ئەگەر کابانێکی کارامە لێی بنێت، شێوەکە ئەوەندە خۆش دەردەچێت کە پەنجەکانتی لەگەڵ بخۆی. زانین و فێربوون شتی باشن، بەڵام ئەگەر ئارەزووی لەگەڵدا بێت، ئەوا داهێنان باوەشت بۆ دەکاتەوە، وشە لەلای نووسەری بەتوانا و ئارەزوومەند، وەک زاری تاوڵی چەند ڕوویێکی هەیە، کە زارەکە

هەڵدەدات، هەپی یەک دێنێ، بەڵام ئەو دەزانێ کە لە دیوی ژێرەوە دووشەشی هێناوە. کە خوێنەریش سەیری دووبارە بکا، دەبێ بزانێ ژێرەوەی دووبێشە. بابەت شێوازی خۆی هەڵدەبژێرێ، بە بۆچوونی خۆم، بەژن و باڵای بابەتەکە ئەم کاڵایەی لێ دەوەشێتەوە.

* ئیستێتیکای شوێن و هەڵبژاردنی شوێن و بەستنەوەی بە ڕووداوەکانەوە لەلای تۆدا بایەخێکی تایبەتی هەبووە، شاری هەولێر و دەوروبەری چەند لە ڕۆمانەکەتدا ڕەنگی داوەتەوە؟

– زۆرجار، شوێن، ڕووداو دەسەپێنێ، دەوروبەری پرد و شوێنی سەخت بۆ بۆسەنانەوە لەبارە، بەڵام چاوی کامیرا کە وێنەی جەنگێکی گەورە دەگرێت، دەبێ لە دوورەوە گۆڕەپانی فراوانی لێکدانەکە ببینێ، ئەگینا وێنەی لەشکری زۆر و تانک و زرێپۆش و کۆپتەر و شاڵاو و پەلاماردان و شکان و ڕاکردن و کشانەوەیان دەرناچێت.. لە هەمان کاتیشدا ئەگەر ڕووداوت هەبێت دەبێ شوێنی گونجاوی بۆ هەڵبژێری، لە دیدی من، ئەگەر بنکەی کاری ڕۆمان لەسەر سێگۆشەیەکی سێ لا هاوسەنگ: شوێن و بەسەرهات و کات، دابمەزرێت بە زۆری پتەودەبێت، کە شوێن بۆ ڕووداو، دیاری دەکەی، سەرەڕای ئەوەی دەبێ بۆ ئامانجەکە بگونجێ، زۆر پێویستە کە خۆت لەنزیکەوە شارەزای بی، ئەگینا لەکاتی وەسفکردنی ڕووداوەکاندا نازانی لەکوێ هێرش دەبەی و ڕێی کشانەوەشت کامەیە، من بە منداڵی و جحێڵی لەهەولێر و دەشتی هەولێر و شەقڵاوە و چۆمان و باڵەکایەتی بوویم، گەلێک ستەم و کارەساتی دڵتەزێنی خەیاڵی لەم ناوچانە ڕوویانداوە، بیرەوەری منداڵی و هەرزەکاریش ڕوونتر و شیرینتر دێنە بەرچاو، جێگەیەکت خۆش بوێ یا ڕقت لێی بێ، پتر لێی ورد دەبییەوە و لەم گۆشەیەش وێنەکەی دەگری کە تۆ مەبەستتە، لەژێر دارێکدا وێنەی ئەو چڵە هەڵدەبژێری کە کۆترێکی بەسەرەوە نیشتۆتەوە، جۆگەلەی خوێنی لاملی و لاسەرێکی بەناڕەوا شکێنراو گلێنەی چاوت بەرنادا، لە قەد پاڵی چیایەکیشدا وێنەی ئەم ڕووکارە دەگری کە دارستانێکی گەورە لەکاتی زەردەپەڕدا– شوان بەڕانەوە بەرەو دێ– کچۆڵانیش لەسەر کانی بەرەو ماڵ دەبنەوە. کەواتە بێ دەستی خۆم نەک بە ئەنقەست، شوێنی ڕووداوە ڕاستەقینە و هەڵبەستراوەکان لەم دەڤەرە دەبن، ویستوومە پانتایی ڕۆمانەکە گەورەترین ڕووبەری دەڤەرەکانی هەرێم بگرێتەوە.

* تا چەند خۆت لە ڕەخنەگران پاراستووە و چەندیش بەدوای داهێناندا گەڕاویت؟ لەبەرچی؟

– بنێشتە خۆشەی زاری زۆربەی نووسەری کوردە کە دەڵێن: «ڕەخنەگر پێویستە لێزان و پیشەوەر بێت و بە دڵسۆزییەوەش لەپێناوی بنیادناندا، بڕوانێتە دەقی بەرهەمەکە و بە پێوەرێکی باش هەڵیبسەنگێنێ و لە سەنگی محەکی بدات و کەموکورتیەکان بەرچاوبخات، بۆ ئەوەی چارە بکرێن و دووبارە نەکرێنەوە. کەچی ڕەخنەگرەکان پتر دەڕواننە خودی نووسەرەکە و لەسەر بەرهەمەکەی دەنووسن، ئەگەر هاوڕێ و هاوباوەڕ و هاوپیاڵە بوو، ئەوا بەشان و باڵی هەڵدەڵێن، خۆ ئەگەر لەبەرەی بەرامبەریشیان بوو ئەوا دارکاری دەکەن».

وا دەزانم نووسەرانیشمان پتر پێداهەڵگوتنیان گەرەکە و کەمتریش حەز لە ڕەخنەی بابەتی و زانستی دەکەن، بەڵکو زۆریش پێی قەڵسن. وادەبێ پێش ڕەخنە نووسین ڕەخنەگرەکە داوەت بکرێ، یا دواتر شەڕی پێ بفرۆشرێ. تا ئێستاش زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە بۆ خاتری ناو شت بڵاودەکەنەوە و ناوی نادیاریش وەلا دەندرێ. هەر چۆنێ بێ ئێمە ڕۆماننووسمان بەژمارە زۆر کەمن و زۆرینەشیان لە سەرەتای ڕێگادان، جا دەبێ ڕەخنەگرمان چۆن بێ؟.

## واقیعە تراژیدییەکانی لای ئێمە ئەوەندە خەیاڵین دەبنە فانتازیا، ئەگینا من فانتازیای تێدا بەدی ناکەم

ئەگەر شوانکارە لە ترسی گورگان نەوێرێ ڕانەکەی لە هەوێز ڕادات و بیباتە پاوان و لەوەڕ، ئەوا مەڕداری نەکات باشترە، بەڵام بۆ ئەوەی مەڕەکان نەخورێن، پێویستە شوانەکە دەزبێن بگرێ و پارێزیش نەداتە گورگ، گەلەی شوان خەوتوو گورگ دابڕ دابڕی دەکا. مرۆ شتێک نەنووسێت ئەگەر بەباشی نەیزانێت، کەسیش نییە هەڵە نەکات.

لەکاتی نووسیندا لە ترس و نەقیزەی ڕەخنەگران پەکی خۆم نەخستووە بازنەی دەوروبەری خۆم لە ترسی پێوەر و دەوروبەردا ئەوەندە تەسک نەکردۆتەوە تا خۆم لەسەر لێواری خەرەند بگرمەوە، کە ئیتر یا دەبێ هەڵدێرێم یا

بگەڕێمەوە خاڵی سەرەتا. نەترساوم کە پێم دەڵێن: ئەمەیان کۆن و ناشازە، ئەوەشیان بەرەو هاوچەرخی ناچێت، ئەو پەرەگرافە لەگەڵ چیخۆف ناگونجێ و ئەم بیرۆکەیان لەگەڵ هەمەنگوای یەک ناگرێتەوە و ئەم شێوازە لە هیگۆوە دوورە و ئەم بازدان و تێکەڵاوکردنی کات و شوێنەش لەژێر کاریگەری مارکیزەوە نووسراوە.

من بۆ خۆم ئەو گۆرانییەم لا خۆشە کە دەنگ و ئاواز و شیعرەکەیم بەدڵە، بۆ خاتری تۆ سەر بۆ مەقامێک ڕاناهەژێنم کە لە ڕاستیدا هەست و نەستم نابزوێنێ، ئینجا بۆچوونی من و تۆ یەک دەگرێتەوە، یا نا؟ کامەمان بە سەلیقەترین؟ ئەوە شتێکی دیکەیە با لێی نەترسین.

کۆلن ولسن، ڕۆماننووس و مامۆستای نووسین و داهێنان لە زانکۆ ناودارەکانی ئەمریکادا بۆمان ڕاڤەی دەکات: (داهێنان هونەرێکە ناکرێت بە (وانە) بگوترێتەوە، دەکرێت مامۆستا باسی شەقامە ڕێیەکانی نووسین و تەکنیک بکا، بەڵام دەبێ نووسەر خۆی ڕێگە قەدبڕ و باریکە ڕێ بدۆزێتەوە، ئەگینا لە دەمەلاسکە دەرباز نابێت، بنەمای داهێنان ئەوەیە کە باشەکان دەمێننەوە و پووچەکانیش هەڵدەوەرن)، چیرۆکنووسی سەرکەوتوو دەبێ وەک فەرماندەیەکی شەڕی پارتیزانی، لەکات و شوێنی خۆیدا دەست بوەشێنێ و بەرامبەرەکەی سەرسام بکا، ئەگینا جەنگی سەربازی ڕێکخراو و سیستەمی کە پشت بە کۆمەڵێک هۆکاری مەزن و ئاڵۆز دەبەستێ، بە زۆری لە سەرەتادا ئەنجامەکەی بەپێی ژمارە و جۆری چەک و پلانەکانیان دیارە.

لەم وڵاتەدا ژنێک نییە کچەکەی فێری دڵداری بکات، بەڵام کە کیژەکان هەڵدێن، دەکەونە گرۆگاڵی ئەڤینداری. ئەگەر کەسێک گروگاڵی ئەڤین هەڵی نەگرێت و سەرەتاتکێ لەگەڵ مانگ و ئەستێران نەکا، هەرگیز ڕێگە و ژوانگەی داهێنان نادۆزێتەوە.

لە زۆر دەرفەتدا تەوژمی بەئاگایی شتی نایاب و سەرسووڕهێن دەڕێژێ، لە کاتی بێ هۆشیشدا هەندێک شتی زۆر جوان بە بەرچاودا تێدەپەڕن، خەیاڵیش بازێکی بەرزەفڕی چاوتیژە، لە بەرزاییەوە نێچیر دەدۆزێتەوە و بۆی دادەبەزێ، هونەرمەند کەسێکە بتوانێت کۆکتێلێکی نایاب لە هەڵبژاردن و تێکەڵاوکردنی هۆشداری و بێ هۆشی و خەیاڵ بگرێتەوە، کات و شوێن و ڕووداو لەنێو یەک بۆدەقەدا بهاڕێت و ئاوێتەیەکی دڵگیری کەس نەدیوی لێ دروست بکا و لە میانییەوە خوێنەر سەرسام بکا و هەستەکانی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و لەگەڵ خۆیا بیگێڕێ. ئەمەم بۆ لواوە یا نا؟ ئەمەیان خوێنەر دەزانێ، بەڵام دڵنیام کە دریغیم نەکردووە و هەر ئەوەندەشم لەتوانابووە. هەرکەسێکیش قەڵەم بگرێتە دەست، داهێنان دەسگیر بکات ئەوا نرخی داهێنانیش دەبێتە دوو دەسکە تەرەتیزە.

زەریای ڕۆمان ئەوەندە فراوان و هاروهاجە، کەم کەشتییەوانی پڕ ئەزموون هەیە لەناویدا نەخنکێت و بگاتە ڕۆخانەی مەبەست، بەڵام بارە حاجی لەقلەقیش دەتوانێ بیبڕێ.

***** کەی و لە چ کاتێک لە گەرمەی نووسیندای؟

– برادەرێک گوتی لە فلاشباگێکدا، لە گەڕانەوەکەمدا بۆ هەرزەکاری، ئەوەندە بەتاسە و تامەزرۆییەوە، باسی جوانی و خۆشەویستی (شەوچرا)ی دڵخوازم کردووە، وەک بڵێی بەسەر خۆم هاتبێت و ئێستاش هەر لەگەڵی دەژیێم، ئەگەرنا هەرگیز وا ڕیالیستییانە دەرنابڕدرێت. من (شەوچرا)م وەک: کچ، ژن، دایک، ئافرەتێکی خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەر و رووناکبیر نیشان داوە، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا ویستوومە ڕۆحی خۆم بخەمە نێو جەستەی ئەوەوە، بەڵێ بە ڕاستی من وادەزانم بوویم بە ئەو و لە ناخی ڕۆحمەوە هەستم بەگشت ئارەزوو و ئازار و هەڵچوون و خۆشی و ناخۆشییەکانی کردووە. وەک (ئاوات) ژانم هاتووتێ و دووانەم هێناوە و فرمێسکی ئەو بە چاوی مندا هاتۆتە خوارەوە. نهێنی قووڵی پیشەکە و هۆکاری سەرکەوتنی هونەرەکە لەوەدایە:

ئەگەر نووسەرێک بیەوێت هەستی کەسێک دەرببڕێت، ئەوا دەبێ لەوکاتەدا بینووسێت کە بە ڕۆح و بە جەستە و هەموو هەستەکانییەوە، ببێتە ئەو و ئەوەندەش بەناخیدا شۆڕببێتەوە و لە ناویا بتوێتەوە کە خۆی لەبیربکات و وێنەکان لەخانەی مۆخی ئەوەوە دەرببڕدرێن، نەک بۆی دروست بکرێن، ئەگینا نەنووسێت باشترە، چونکە بەرهەمەکەی دەبێتە گوڵێکی دەسکردی بێ بۆن و زۆر زوو نایلۆنەکەی کاڵ دەبێتەوە، خۆی خۆشی ناوێ، دەبێ خەڵک چۆن سەیری بکەن. کە سەردوولکە بێژێک کوڕە جوانە مەرگەکەی خۆی دەلاوێنێتەوە، منیش داوای لێ دەکەم کۆڕی شینی باوکمم بۆ گەرم کا، کامەیان لە قووڵایی دڵییەوە هەڵدەقوڵێ و کامەشیان لە قوڕگەوە دەردەچێت، لەوکاتە بنووسە کە دەربڕینەکە لە قووڵایی دڵەوە هەڵدەقوڵێ، نەک بە زۆرشت بهۆنیتەوە.

***** کێن ئەوانەی لەبواری ڕۆماندا، چ کورد و چ بیانی دەیانخوێنیتەوە؟ لەبەرچی؟ کام ڕۆماننووس بە پێشەنگی

خۆت دەزانی؟ ڕۆمان نووسەکانی خۆمان کێ شەخەڵی دارپەرووی خوێندۆتەوە؟

– باپیرەی ڕۆمان نووسان: (تۆلستۆی)، ڕووسەکانی دیکەی وەک (دیستۆڤیسکی) و (میخایل شۆلۆخۆف) و (چیخۆف). لە ئینگلیزەکان: (ڤیکتۆر هیگۆ). ئەمەریکییەکان: (ئارنست هەمەنگوای) و (ئەنیل ستیل). ئیرلەندی نەژاد (جێمس جویس). (گابریل گارسیا مارکیز)ی کۆلۆمبیایی. عەرەبەکان (عەبدولڕەحمان مونیف و نەجیب مەحفووز). (عەزیز نەسین) و کوردی بە تورکی نووس: (یەشار کەمال). کوردییەکانیش لە (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازی و (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەدەوە تا دەگاتە (دوا هەناری) بەختیار عەلی زۆربەیانم خوێندۆتەوە. خوێندنەوەی کارە جیهانییەکان پتر لە پەنجەرەی زمانی عەرەبییەوە بووە. کە ناوەکانیش زۆرن مانای وایە پێشەنگێکم هەڵنەبژاردووە و نەمویستووە یەکێکیان بکەمە ئیمامی خۆم، هەریەکەیان لە بابەتێکەوە پێشەنگن، تۆلستۆی و دیستۆڤیسکی لە پشوودرێژی و دەروونزانی و وەسف، ئارنیست هەمەنگوای بۆ کورت بڕی وێنەی ناسک وتوویژ و جەنگەی مەیدانی جەنگی گەرم، جێمس جویس بۆ تەوژمی هۆش و وێنەگرتنی شوێنە ڕاستەقینەکان و مۆنتاجی کات و ڕووداو... کوردییەکانیش پتر بۆ زمان و ناوەڕۆک دەخوێنمەوە.

کە (دایک)ی (مەکسیم گۆرکی) دەخوێنیتەوە وا دەزانی ڕاپۆرتێکی حزبی شیوعییە و بۆ زۆربەی نیمچە خوێندەواران نووسراوە، کە (سەدساڵ لە دابڕاویدا- تەنیاییدا)ی گابریل مارکیز سەیر دەکەی (ئەویش لەناوەڕۆکدا هەر بۆ سۆشیالیزم نووسراوە)، لە شێوازدا ئەوەندە چڕ و ئاڵۆزە، کەمینەی نوخبەی وریا نەبێ سەرەداوی مەبەست نادۆزێتەوە و وادەزانی گوێزان دەژمێری. مەبەستم نەبووە لاسایی کەسێک بکەمەوە، بەڵام ویستوومە شتیان لێ فێربم، بە بۆچوونی من هەریەکە و چەند شتێکی لەلایە، ئەگەر بەوردی و بەچاوی فێربوون و ڕەخنەوە بیاندوێنی، ئەوا شتی زۆرتر فێردەبی و کەم و کورتییان باشتر دەدۆزییەوە و دەبیتە خاوەنی کەسایەتی خۆشت، ئەمەشیان زۆر لەوە باشترە کە لەژێر سێبەری یەکێکیان ڕابکشێیت و بەزمانی ئەو گۆرانی بڵێی و لە کۆتایی تەمەندا وازی لێ بێنی.

کە مامۆستا سەلاح عومەر (گوێ ڕاکێشان)ی خوێندبۆوە، گوتبووی: «بە ئاشکرا سیمای حەمەدۆکی پێوەدیارە». ئەوی ڕاستی بێ من یەشار کەمالم زۆر خوێندۆتەوە، بەڵام دووبەشی ڕووداوەکەی (گوێ ڕاکێشان)، لە دێرزەمانەوە لە بناری چیای مەقلوب ڕوویداوە، بگرە تا ناوی باندڕ و شێوەزارەکەیشم هەر لە دەڤەرەکە وەرگرتووە، حەمەدۆک و باندڕ لەژێر کاریگەری (ستەمی دەسەڵات و زۆری چینی پایەدار و ئازار و ئارەزووی چینی چەوساوە)دا سەریان هەڵداوە.

**نووسەرانمان پێداهەڵگوتنیان گەرەکە و کەمتر حەز لە ڕەخنەی بابەتی و زانستی دەکەن**

بەر لە ڕاپەڕین (عەزیزی مەلای ڕەش) شەخەڵی دارپەرووی خوێندۆتەوە، دوای ڕاپەڕینیش مامۆستا (عەبدولکەریم شێخانی) بەسەر زمانەکەیدا چۆتەوە، دوای ئازادکردنی عیراقیش (مەحموود زامدار) و مامۆستا (سەلاح عومەر) زۆر هانیان داوم چاپی بکەم.

* کێشەی کورد لە بەرهەمی چیرۆکنووساندا چۆن دەبینی؟ ئایا کارەساتەکانی: (ئەنفال، کیمیاباران، ڕاگوێزان و تەعریب، وێرانکاری) لەنێو ڕۆمانی کوردیدا چارەسەرکراوە؟

– ئەگەر پرسیارەکە گشتیتر و کورتتر بکرێتەوە بڵێین: پاکتاوکردنی نەژادی کورد، لەبەرهەمی نووسەرەکانماندا چەند ڕەنگی داوەتەوە؟ بۆ وەڵامەکەشی دەڵێین: کێشەکە ئەوەندە گەورەیە کە ڕاگەیاندن و ئەدەب و هونەری کوردی ئەگەرچی لەناو ئازارەکانیدا ژیاون و سەردوولکەی بۆ دەڵێن، بەڵام نەیانتوانیوە جێگەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و تەرمی ژن و منداڵی بەگاز خنکێنراو و... بکەنەوە و بیکەنە چەندین شاکاری هونەری و بابەتی جیهانی و...، لە سەرتاسەری زەمینەدا ببنە هەوێنی داهێنانی هونەریی نایاب و درندایەتی و ئەفسانەیی دێوی ڕەشی مرۆڤ بنوێنن، زۆربەی ڕەنگدانەوەکانی لای خۆمان لابەلاو ناسەرەکین، هەرچەندە بابەتەکە پتر بۆ چیرۆک و ڕۆمان دەشێت، بەڵام لە شیعردا باشتر ڕەنگی داوەتەوە، بڕوانە (لاوکی هەڵەبجە)ی (ڕەفیق سابیر) و (گۆڕستانی چراکان)ی (شێرکۆ بێکەس). مامۆستا (حەمە کەریم هەورامی) نزیکەی دە ساڵ بەر لە ئێستا گوتی:

«خەریکم ڕۆمانێکی تایبەت بۆ هەڵەبجەی شەهید، دەمەوێ شاکارێ بێ و شایانی ئەم ڕووداوە جەرگبڕە بێت»، بەڵام تا ئێستا لە بازاڕ نەبینراوە. ڕیس و فرێت و تێوەرێخی (شەخەڵی داربەڕوو)ش لە خووری پاکتاوکردنی نەژادییە. مامۆستا (سەرحەد)یش کە خۆی ڕاستەوخۆ لەناو ئەم ئاگرەدا سووتاوە و هێشتا بەدوای سۆراخی ژن و منداڵ و کەسەکانی دەگەڕێ، ڕۆمانێکی چوار بەرگی لەژێرچاپدایە.

* ئایا لە چاپکردنی ڕۆمانەکەتدا هیچ دەزگا و لایەنێک یارمەتیان داوی؟

– وەک زۆربەی نووسەرەکانمان، سەرم بە دەرگای چەند دەزگایەکی بڵاوکردنەوە داگرت، گوتیان: «دراوی تەرخانکراومان بۆ ئەم کارانە نەماوە، گەلێک دەستنووسی کتێبی باشیش لەلامان خەوتوون و چاوەڕێی نۆرەن.» دەزانم خۆمانە خۆمانەش ناهێڵێت نۆرەکە بجووڵێ. هەرچەندە لەلای خۆمان ژمارەی نووسەران لە خوێنەران پترە، بەڵام هەمووی کتێبی بەلاشی دەوێ و ماوەیەکی باشیشە کتێب کڕین باوی نەماوە. هەر وەک بۆ نووسینی بابەتەکە دەبێ مرازت بێ بۆ بنەچە و وەچەی خۆتی بنووسیت، هەر ئەوهاش دەبێ خەمی چاپی بخۆی، ئەگینا دەبێ هەر لە ڕاوە ژووژک نەگەڕێیتەوە.

وەک یارمەتیدان، دوای چەند ڕۆژ هاتوچۆ، وەزارەتی ڕۆشنبیری بیست دانە کتێبی لێ کڕیم، بەرپرسی ژمێرياریش، زۆر نیگەران ببوو و دەیبۆڵاند کە وەزارەتەکەیان ئەم هەموو کتێبە بۆ دەکڕێ.

لە وڵاتان دەزگای چاپەمەنی تایبەتی و خوێنەر، نووسەری باش هەڵدەبژێرن، نووسەرە ناسراوەکان بە لە چاپدانی دوو سێ بەرهەمیان ناویان دەگاتە بەربەڕۆچکەی ئاسمان و گیرفانەکانیشیان تژی دەبێ، ئاست نزمەکانیشیان لەبەر بێ بازاڕی زوو دەست لە نووسین دەکێشنەوە.

* دوای ئەوەی ڕۆمانەکەت کەوتە بازاڕ و پشوویەکت دا، ئێستا چۆنی بەراورد دەکەی لەگەڵ ڕۆمانە جیهانییەکانی خۆت خوێندووتنەوە؟

– من لە ئێوارەی ساڵی (١٩٨٩)دا قووچەکێکم لێی کردووە و کاتەکەم ڕاگرتووە و هەر لەم شەوەشدا دەستم لەم ڕۆمانە هەڵگرتووە، نەمویستووە ڕۆژانی دواتر بچنە نێو کارەساتەکانەوە، ئێستاش بمنووسیایە شتێکی دیکە دەردەچوو، ئەوکاتە لە سەرەمەرگ و لەژێر باری ژان و ئازاردا وەک (تاداران) جواناوم دەردەدا و شیرینی و ناشیرینیم گەلێک بە خەیاڵدا نەهاتووە، بەڵام کە بە چاوی ئێستا دەڕوانمە کاڵاو هونەری هەڵبژاردنی ڕووداوەکان و دەربڕینی زمانەکەی، گلەیی لێ ناکەم، چونکە وادەزانم خوێنەر لە ڕێگەدا لێم بێزارنابێت، بەڵکو بەپەرۆشەوە لەگەڵم دەڕوات و گوێم لێ دەگرێ، بەتاسەوە سەیری ئەم دیمەنانە دەکات کە لەناویاندا سەرسام دەبێ، لە دوا لاپەڕەشدا هەست دەکات ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی خوێندۆتەوە، نەک کاڵاو سەر و سیمای بەڵکو ئێسقان و مۆخیشی کوردانەیە و لەکات و شوێنی خۆیدا بە سروشتی لەدایک بووە و چاو لە بەرهەمی دیکەشم دەگێڕێ.

هەر وڵاتە و بەپێی باری ئابووری و دابونەریت و ژینگە و ئاستی ڕۆشنبیری و.. تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە: وڵاتێک کەوتۆتە کەناری دەریا، ئاساییە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکانیان ماسیگر و کەشتییەوان بن، وڵاتێکی دیکە پڕیەتی لەکانی خەڵووزی بەرد و کرێکاری توونێل، یەکێکی دیکەش هاتوچۆیان لەمیترۆدایە و بەشەمەندەفەر و فڕۆکەش لە باکوورەوە دەچنە باشوور، لە هەرێمێکی دیکەدا باندێک چەندین بانک دەبڕێ، یا بەرەنگاری بەنگ کێشان دەبنەوە، وابزانم ئەم ڕووداوانە لەگەڵ کارەساتەکانی ژینگەی خۆمان ناگونجێن و ناچنە نێو دووتای یەک تەرازووەوە، تا بەراوردیان بکەی، بەڵام ستاندارد و بابەت و زمان هەن کە پێوەندییان بەکات و شوێن و شێوەزارەوە نییە، ئەویش: گریان و پێکەنینە، خۆشەویستی و ڕق و قینە، خەوبینینە. سەیری ئەم ڕۆمانانە بکە کە لە شەڕگەدا نووسراون وەک: (جەنگ و ئاشتی)ی (تۆلستۆی)، (زێی هێمن) و (چارەنووسی ئادەمیزاد)ی (شۆلۆخۆف)ی، (ماڵئاوایی کردن لە چەک) و (زەنگ بۆ کێ لێ دەدرێ)ی (ئارنیست هێمنگوای)، ئەوان وێنەی کارەساتە مرۆییەکان، تاوانە بێ سنوورەکان، کوشت و بڕی بێزەوەر لەکانگەی پێکداداندا دەگرن، بەڵام وەک من گەردەلوولی پاکتاوکردنی نەژادی نەتەوەیەکی بێ پشتیوانیان نەدیوە و نەشیان بینیوە گازی کیمیایی و چەکی کۆکوژ وەک ئاگر: دارستانی گیانی منداڵ و ژن و پیری کەنەفت ڕاپێچ بکا، مێژوو نەیبیستووە و ناشیبینێ، بەبێ لێپرسینەوە، لە گەرمەی هەڵچوون و قیندا، خەڵکی وڵاتێک بە خڕ و خڕییەوە سەریان پەلبدرێت و زیندەبەچاڵ بکرێن و جیهانیش بە دیار فیلمەکەیانەوە دابنیشێت و کەسیش نەڵێ پەکوو!.
ئەگەر لەم ژینگە لەبارەی ڕۆمانەوە بەرهەمەکەی من دڵگیر نەبێ، ئەوا بێ دەسەڵاتیم دەنوێنێ، بەڵێ من بێ

**ژمارەی نووسەرانمان لە خوێنەران پترە، بەڵام هەمووی کتێبی بەلاشی دەوێ**

دەسەڵات و کەم زان و نەوێرم، دەنا دەبوو تا ئێستا دەرزەنێک ڕۆمانم لەسەر یەک دابنایە، کە دارێکی دیکەی بەهێز و بەپێزتر لە (داربەڕوو)ەکەی من بە شاخەکانمانەوە نابینی، ئەوا کۆستەکەمان گەورەتر دەردەکەوێ و شینێکی بە کوڵتری دەوێ.

***** ئەی چ ڕۆمانێکی کوردی پێشنیازدەکەی تا بکرێ بە فیلمێکی سینەمایی؟ لەبەرچی؟

– پرسیارەکە بەرەو ڕووی تۆ دەکەمەوە، ئێستا، سینەمای کوردی دەتوانێت کامە ڕۆمان بکاتە فیلمێکی بە ڕەواج بۆ ناو هەرێم یا بۆ دەرەوە؟ خۆت دەزانی لە دەرەوەی هەرێم (گەلە گورگ)ی حوسێن عارف فیلمێکی چەند هەژاری لێ دەرچوو؟ جا دەبێ لەلای خۆمان چییان بەسەر بێت؟ (شەخەڵی داربەڕوو) بۆ فیلم سەری دێشێ. وادەزانم هەر بەشێکی فیلمێکی تێروتەسەلی لێ دەردێ، بۆیەش بۆ فیلم دەشێ، چونکە دیمەنی شوێن و خەیاڵ و ڕووداوەکانی بۆ مۆنتاج و ئینتاجی فیلم لەبارن، بابەت و دەقی زمانەکەشی شایستەی فیلیمێکی خۆش و دیکۆمێنتێکی نایابە.

***** ئەمانەی خوارەوە بە چەند وشەیەک:

**محەمەد موکری:** لە ڕۆمانی کەژ و بەندیخانەدا بەرەو لووتکە چووە، وەک پیرە ئەژدیهایەکی زۆر دڵتەڕ چوویتەوە ژێر لێفەی خەیاڵی هەرزەکاری.

**یەشار کەمال:** ئەفسانەیەکە لەنێو سروشت و ناخی چەساوەکاندا توایتەوە، قسەی خۆشە، درێژدادڕە،، کورد نەبووایە ئەستێرەی بەختی زۆر پرشنگدارتر دەبوو.

**سادقی هیدایەت:** لە توێژی هەرە سەرەوەی کۆمەڵیش بیت، ئەگەر بتەوێ شاکارێک بنووسیت هەردەبێ بۆ چینی زۆربنەی ڕەشوڕووت بێ. یەک بەرهەمیم خوێندۆتەوە، ئەویش حاجی ئاغایە، بە ڕاستیش حاجی ئاغایە.

**ولیام فۆکنەر:** دێوی سپی کەناری ڕووباری میسیسیپییە، ئاوێنەیەکی ئەفسوونی هەیە، لە هەرکوێ بێ دەری دێنێ و ڕابردووی خۆی و خاک و خەڵکی ئەوێ پیشان دەدات.

**جێمس جویس:** مشتومڕی گەرم و خەیاڵی بەربڵاو، دەرچوون لەماڵ و ئایین و زێد، یاخیبوون لە دەوروبەر، ژیان لە تاراوگە و تەنیاییدا، بۆ ئەوەی ببێتە هونەرمەندێک و گۆرانی نەمری بچڕی.

**هەمەنگوای:** پەیامنێری ڕۆمانە لە گۆڕەپانی جەنگدا، زەنگ لێدەرە، پیرەمێردی زەریای ڕۆمانی سەدەی بیستەمە.

**خۆت:** هەنگاوێکم هەڵێناوە، بۆ هەنگاوی دووەم پێم بەرز نەکردۆتەوە.

***** ئەو زۆری و بۆرییەی نێو بزاڤی شیعری کوردی هۆبەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

– بەر لە ئێستاش شیعری زۆر و بۆر هەر زۆر بووە، بەڵام زەمەن تەتەڵە و بێژنگیان دەکات و بنۆک و سەرکۆتەکە وەلادەنێت و پوختەکەی دەهێڵێتەوە. شیعری کوردیش بە گوێرەی خۆی قۆناغی باشی بڕیوە، سەیری سەردەمی مەولەوی و نالی، گۆران و ئەحمەد هەردی و هێمن بکە، لە سەردەمی ڕوانگە و حەفتاکانیشدا شێرکۆ و پەشێو و پەرۆش و ڕەفیق سابیر و هەڵمەت.. و بەرچاون، دوای ئەوانیش کەریم دەشتی و قوبادی جەلی زادە و...، لەنێو ئافرەتانیشدا چریکەی کەژاڵ ئەحمەد و مەهاباد قەرەداغی دەبیسترێ، هەڵبەتە ئێستا شاعیری لاوی بەرچاو و خوێنەری شیعر، ژمارەیان کەمترە، کەچی بەهۆی ئاسانکاری چاپ و بێ سانسۆری و کەفوکوڵی کاتی، ناملیکە شیعری چاپکراو لە بازاڕدا پترن، من وادەزانم جەنجاڵی و ئاڵۆزی ژیان و کەمی کات و کەمتر شۆڕبوونەوە بەناو ناخدا و خێرایی و گەورەیی ڕووداوەکان و بازاڕ گەرمی چیرۆک و ڕۆمان، دوای ڕاپەڕینیش برسیەتی پەتابوو وزەی زۆر کەسی ناشت، ئەدەبی بەرەنگاربوونەوەش کاڵ بۆوە، براکوژیش گەلێک بەهرەی کوشت، هەڵتووتانەوەی هەلپەرست و خۆپەرستانیش لە پەنای سیاسەتبازاندا وەک ساڵانی بێ بارانی چەندین کانیاو و کارێزی وشک کرد و.. گەلێک هۆکاری دیکەش هەن.

مەرج نییە هەمیشە هەموو ئەوکەسانەی شیعر دەنووسن دەبێ لەوانی پێشەخۆیان باشتر بنووسن و ساڵانە چەند شاکارێک دەربچێت، ئەگینا هیچیان نەکردووە، دەتەوێ ڕۆڵی ڕۆژگار وەلابنێین، ئەوەش کەس نەکردەیە. ئێستا وا ڕەشەبا، بزاڤی ورێنە دەبا و دەیهێنێ، دەشکێ و

وشک دەبێ؟ خۆی دەچەسپێنێ و گەشەدەکا؟ ئەوە ڕۆژگار بڕیاری لەسەردەدا!.. زۆر سروشتییە کە موور و مەرجانی فرمێسکی تاراوگە و غوربەتیش بهۆندرێنەوە (وەک نووسەرانی نەتەوەکانی بەم قۆناغەدا ڕۆیشتوون) و بکرێنە گەردانەی مرواری و بکرێنە گەردنی دڵخواز، دەڵەمەی ئەدەب و هونەری دوای ڕمانی تاکە پیاو و لەدایک بوون و گەشەکردنی بیروڕای ئازاد، ماوەیەکی دەوێت تا دەمەیی.

ڕاستە ئێستا چەرخی ئەنتەرنێت و برووسکە و ئیمێلە و جیهان بۆتە گوندێکی بچووک، بەڵام دەبێ ئاستی هونەری و ڕۆشنبیری و بارودۆخ و ژمارەی دانیشتووان... مان ڕەچاو بکەین، ئینجا شیعری هاوچەرخی خۆمان لەگەڵ شیعری جیهانی بەراورد بکەین.

* تۆ هەندێک بابەتی زانستی گرنگت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، وەرگێڕان و ڕۆڵی وەرگێڕان لە بواری زانستی و ڕۆشنبیری کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ کاتی ئەوە نەهاتووە لیژنەیەکی باڵای وەرگێڕان یا دەزگایەکی تایبەتی دابمەزرێ؟

– وەرگێڕان زانستێکی ورد و هونەرێکی مەزنە، لە پەنجەرەی وەرگێڕانەوە، باخی زانست و شارستانییەتی دەرەوەی ژوورەکەمان دەبینین و دەتوانین بەراوردکاری لەگەڵ دەوروبەرماندا بکەین. ئەوە بۆ زمانە دەوڵەمەندەکان وابێ دەبێ بۆ کوردی چۆن بێ؟ مەکتەبەی کوردیش بەتایبەتی لە بواری زانستیدا ئەوەندە هەژارە کە باسی نەکەین باشترە، بۆیە وەرگێڕان بۆ ئێمە بایەخی پترە، من بە تەنیا یا بەهاریکاری هاوڕێیانم دەیان کتێب و نامیلکەی زانستی تایبەت بە هەنگ و نەخۆشییەکانی ڕووەک و بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی و پاراستنیان و... بە کوردی و بە عەرەبی چاپ کردووە، هەڵبەتە زۆربەشیانم لە سەرچاوەی نوێی جیهانییەوە وەرگرتوون و لە پێشدا بە کوردی ئامادەم کردوون، ناوی زۆربەی ڕووەک و گیای سروشتی و مێروو و نەخۆشییەکانم بە کوردی بەرامبەر ناوە لاتینییەکانیان، وەک زاراوە داناون، پێشتر ئەمە نەکراوە و بایەخێکی زانستیشی هەیە، ئینجا کردوومنەتەوە عەرەبی، ئەویش لە ترسی ئەوە بووە، کە ئەو کتێبانەم دەدیت کراونەتە کوردی بە زۆری تەنیا وشەکانیان وەرگێڕدراون (هەرچەندە لە وشە و زاراوە هەڵبژاردنیشدا بە دەگمەن ڕەچاوی پێوەر و لێزانی کراوە)، بەڵام ڕستە و بڕگەکان کوردی نین، وشەش ئەگەر بە داوی ڕستەی ڕەوانەوە وەنەکرێ، ئەوا مێشک وەری ناگرێت و هەڵی ناگرێ، خوێنەر تووشی سەرسوورکە دەبێ و نازانێ چی دەخوێنێتەوە، ئەوەی باوەڕیش ناکات با بڕوانێتە کتێبی ئابووری پۆلی شەشەمی ئامادەیی و هۆیەکانی جەنگی جیهانی لە مێژووی پۆلی شەشەمی سەرەتایی و ئەو گۆڤارە زانستییانەی وەزارەتەکانی هەرێم دەری دەکەن و...، شاکاری وەرگێڕدراویشمان هەیە وەک شەرەفنامەی هەژار، داغستانی هەمزەتۆفی عەزیزگەردی، بەرهەمەکانی یەشار کەمال کە لەلایەن خولێخۆشبوو شوکر مستەفا و عەبدوڵڵا حەسەن زادە، ڕۆمیۆ و جوولێتی شێکسپیر لەلایەن ئازاد حەمە شەریف و ...تاد کراونەتە کوردی. خۆزگە سانسۆرێکی لێوەشاوەی زمانەوانی هەموو کتێب و گۆڤارەکانی لەپێش چاپکردندا بە وردی دەپشکنی و لێ نەدەگەڕان پاپۆڕی شکاو خەڵکی بێ چارە لە قووڵایی دەریادا بخاتە بەر شەپۆلان. بۆ لیژنەی وەرگێڕانیش، پێویستە لەپێشدا لیژنەی تایبەتی و بە توانا شاکارە جیهانییەکان لە بواری جیاجیادا، ئەوانەی بۆ ئێمە دەشێن و زۆریش پێویستن، بەتایبەتیش نوێیەکانیان، یا تایبەتمەندبن بە کوردستان، دیاری بکەن، ئینجا بدرێنە لیژنەی وەرگێڕان، ئەوانیش هەڵبژاردەیەک بن کە شیاوی ئەم ئەرکە گرنگ و پیرۆزەبن، باشتریشە بەرهەمەکان لە زمانی نووسەرەوە وەربگێڕدرێن، نەک دوای ئەوەی سێ چوار دەستی کردبێ ئەوکاتە لە عەرەبی و فارسییەوە بکرێنە کوردی.

* بە کورتی ژیاننامە و بەرهەمەکانت!

– لە (١٩٥١ز) لە گوندی (هەمزەکۆر- قوشتەپە)، خێڵی شێخ بزێنی لە دایک بوویم، قوتابخانەی سەرەتاییم لە گوندی (موورتکەی گەورە- قوشتەپە) تەواو کردووە، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵیم لە هەولێر بڕیوە، لە (١٩٧٢ -١٩٧٣) لە پەیمانگەی کشتوکاڵی (پاراستنی ڕووەک) لە بەغدا دەرچوویم، دوای سێزدە ساڵ سەربازی و پێشمەرگەیی و بێکاری و فەرمانبەریەتی دەستم بە خوێندن کردۆتەوە لە (١٩٨٩- ١٩٩٠) بڕوانامەی بەکالۆریۆسم (لە ڕووەکپارێزی) کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدا وەرگرتووە. لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێم کارم کردووە. خێزاندارم و سێ کچ و سێ کوڕم هەیە.

**ئا: ڕامان**

# ئایۆنی جەمسەرەکانی خوێنەر و دەق

ئازاد ئەحمەد مەحموود

## پێشەکی

دیاردەی شارستانی هەر میللەتێک، پێش گشت بابەتێک، زمان و ئەدەبە. ئەدەب: سیما و دید و ئاسۆ و پەیگە و ئەندازەی نیشانی ئاست و دیاریکردنی خاڵ و چەقی پێشکەوتنە. بۆیە نەک نابێت ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بەوانی دیکەی وەک: ئابووری؛ سیاسی؛ کارگێڕی...تاد پابەند بکرێت و بە پلەیەکی نزمتر دابندرێت، بەڵکو وا باشە لە ئاست و ئاسۆی ئەوان و بەرەو ژوورتریش دابندرێت. هەرچەندە ئەو دیاردە ئاماژە بۆ کراوەکان گەشەی پێدەدەن و پێوەی لکاون، بەڵام ئەدەب بوونە و ناوکی نەتەوەیە، ئەگینا خۆ دزینەوەیە لە بنچینەیی ڕاستی، چونکە دیاردەکانی دیکە بە ئەدەب ڕووپێو دەکرێن و زۆر ڕەواشە ئەگەر بڵێین: هاو واتای زمان، ئەدەب شوناسنامەی نەتەوەیە.

ئەدەب پانتایی هزر و هێزی توانست و ماوە و خولگەی بیری تیژ و لە ئامێز گرتنی گۆڕانکاری هەر یەکێک لە تاکی کۆمەڵ و کۆمەڵی کۆمەڵگە، سنوورکێش دەکات. بۆیە بەبێ شارەزایی و زانیاری کارکردن لەلایەن و بەشێک، یان هەموو لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە، تاوانێکە بۆ پیرۆزی ئەدەب، لەمەش نارەواتر لێکدانەوە و شرۆڤەکردنە بە شیتەڵی ئارەزوو، یان ناوەندە مەبەستی تاک.

شا خوێنبەر و کلۆرۆفیلی خۆراکی ئەدەب، شیعرە. ئەم پێناسەیە بۆ کەمکردنەوە و داشکاندنی بەهای ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، دەلالەت نییە، ڕەنێوهانینی قۆستنەوەش نییە. قووڵی ئاوەز لە ناخی هەر یەکێکیان، ئاستی خۆی هەیە، بەڵام ئەگەر هەریەکەیان چەقێکی دەستنیشانکراوی هەبێت، بۆ ماوە و لەدایک بوون، تارماییەکەی دەکێشێت و جگە لەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆیی و ئاسانی هەرس و مەبەستی ئاشکراو



نهێنی ناو چوارچێوە ئاشکراکان و تامی سروشت و ڕۆح و لەززەتی ڕۆحی و زاڵبوون و زاڵبوونی ئەقڵ لە ناوەندی تێکستدا... دیارە شیعر دەهێنێتە پێشەوە.

دەرککردن بە ڕاستییەکانی ناو دەقی شیعر و ئاوێنەی نهێنییەکان و بناغەی ئاشکراکان و زەینی تەواو و هەڵهێنجان و ڕایەڵەکانی داهێنان و ئەفراندن و جیهانبینی و گەمە و گەشەی مۆرفیم و وشە و زمان و ئاستی ڕووناکبیریی و توانستی هزریی و توانستی سرووش و بۆچوون و لێکدانەوەی واقیع و نزیکە واقیع پاراسایکۆلۆژیەتی ڕۆح و سەمای بەهرە.... خوێنەری دەقی شیعر، خوێنهێنەریەتی.

خوێنەری تێکستی شیعر دوو جەمسەری ئایۆنین، هەریەکەشیان یەک زەمینەی شیعری کار جیاواز و ئاسۆیەکی دوو خاڵی جیهان و دیاردە، دووفاقن. جەمسەری یەکەمی نێگەتیڤ، ئایۆنەکەی خوێنەرێکی سەرەڕۆی هەڵگرتووە و هەموو شتەکان بە تێڕوانینی، گڕنیژی و کاتی. خولگەی ڕوحی داهێنان و ئەقڵی داهێنان و سروشت و زمان.. ڕووپێیون تەنیا دیوی دەرەوە دەبریسکێنەوە، سوود لەززەتە. دەق بە هەموو هێزی بونیەوەی بنیادی ئەو خوێنەرە سادەیە پاڵدەدات و بەرەو خاڵی کۆتایی و بیابانێکی وشک و برنگ و ماتی دەبات.

جەمسەری دووەمی پۆزەتیڤ، پانتایی ئۆقیانووسێکی قووڵ و پێش فراوانە، ئایۆنەکەیشی تیر ڕەنگە. هێڵەکی ئاوەز پێوەریەتی. ئاستی ڕووناکبیری ڕووچووە، سەرجەمی ئەندازەی داهێنان و بیری ئەفراندن و چۆنیەتی ڕیتمی مامەڵەکردن و پاراوی زمان، جیهانبینی و خوێندنەوەی دیوی ناوەوە و شیکردنەوەی هێماگەلی، چالاکی ئەقڵی ناوەوەی داهێنان و تخووبەزاندنی پێوەندییەکانی شیعر و هۆشیاری سوود وەرگرتنی فیکریی و پەرە بە ئەزمووندان و کەڵک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی پێشوو، بزوێنەری قۆناغەکان.. ڕایەڵیەتی. نیشاندانی بۆچوون و دژە بۆچوون لە هەر خاڵێکی داهێنانی دەقدا، ئەرکی ئەم دەستە خوێنەرەیە. دیواو دیو و ناو ئاخنی دەق و زمانی تێکست، ئایۆنی خوێنەری جەمسەر پۆزەتیڤن. مانا و دەلالەت و فەرهەنگی.. دەق، ئەو خوێنەرە پەلبەست دەکات و بەخۆیەوە دەنووسێنێ و نەک بە تەنیا بەرەو دەستپێکی بەرایی دەبات و ئاسۆیەکی ڕووناکی نیشان دەدات، بەڵکو مادده (خوێنەر)یشی لەناو خانە وردەکانی خۆیدا دەتوێنێتەوە و بیر و سوودی فیکریی دەبێتە نیشتووەکەی و تێکستەکەش لەناو خۆی دەتوێنێتەوە و بیر و ئەفراندن و داهێنانەکەی دەبێتە نیشتووەکەی.

وێنە شیعرییەکانی شیعری (پەرتەوازەبوون)(١)، نموونەی زیندووی جەمسەری دووەمن، یەکێکە لە هێڵە گشتی و بنەڕەتییەکانی پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر، کە ئەو پێوەندییەش کایەیەکی زیندووی پێوەندییە سەرەتایی و کۆتاییەکانی ئاسایی و نائاسایی نێوان تاکی کۆمەڵ و گشت تەوەرە کۆمەڵایەتییەکانە، کە لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەدا هەموو ئەوانی دیکە کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ و، کەمێکیشیان ناڕاستەوخۆ بە بوونەوە بەندن. کایە ناڕاستەوخۆیەکانیش بواری هەمئاهەنگی پێوەندی گەلی بە هەردوو تەوەری کەڵک و ژیان دیاری دەکەن. خوێنەر وەک بنەمای وێنە شیعرییەکان لە کاردان و، ئەوانیش خانەی زیندوویی خوێنەرن.

## توانستی فیکری و داهێنان لە ناسنامەدا

لێکۆڵینەوە و پەیڤین لە بارەی هەر شاعیرێک، کۆمەڵێ بنەما دەرئەنجامێتی، بە نموونە: ئەزموون؛ تەکنیکی داهێنان، دارشتن؛ توانست و دەسەڵات لە بەکارهێنانی وشە و زماندا؛ پتەوی هزر و... ئەمانە و ئەوانیی تریش زۆر هەڵدەگرن، چونکە پێشنیەکانی شاعیریەت و سروشتی چاکی شیعر لەم گەرایانە دەپیتێنرێن.

هەڵبژاردنی شاعیرێک و نیشاندانی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە هەموو دەروازەکانی بەسەر پشت دەخرێن، یان ڕووپێوێکی گشتگیریی بۆ دەکرێت. ئەمە جگە لەوەش باسکردنی یەک کڵاو ڕۆژنەش خاڵی وەرچەرخانی شاعیریەتی ئەو شاعیرە نییە. شاعیر کۆمەڵێک ڕایەڵی تێکئاڵۆزی چڕە سرووش و پەیژەکانی داهێنانی دروستییان پێوەبەندە، بەبێ ئەرک هەڵناکرێنەوە. هەر تاڵەیەک جیهانێکی زیندووی خوڵقاندن دەنوێنێ، فەزای ناخ بەشێوازێکی تەکنیکی و توانست، تێکڕای فەزای سروشت دادەپۆشێت، یان بەواتایەکی شیکاری: فەزای ناخی تاکی شاعیر ئاوێنەی ڕاستەقینەی هاوینکۆی فەزای جیهان و زومزوومە دیارە کە بمانەوێ تیشکێکی ئاسۆیی بخەینە سەر لێوارێک لە پانتایی کێشوەری شیعری (جەلال بەرزنجی)، نیازمان نییە نە شاعیر بە خوێنەر بناسێنین و نە لە سەرهەڵدان و ڕێچکەی شیعرییەتی شاعیر بدوێین. ئەوەشمان بەلاوە ناوە کە شاعیر چۆنیەتی چالاکیی شیعر و داهێنان و نوێکردنەوە

و جموجوڵی نوێخوازی شیعری نوێ وەک قوتابخانە لە (هەشتایەکان)دا هەبووە، جێ پەنجەی لەسەر بە شاعیربوون و گەشەی شیعری کۆمەڵێ شاعیری دیاری ئەمڕۆ و کاریگەریی لەسەریان، یان لە نوێکردنەوە و بەکارهێنانی زمان و دارشتن و شێوازگەریی و..تاد بۆراق قۆشمە بووە، بۆ گەواهی ڕاستییەکان و هزری پێشکەوتوویی و سەدای پێشوازی و قبوولکردنی شاعیر لە ناوەندە گۆڕانکارییەکان ڕووەو نوێکردنەوە و شێوازگەریی تازە... شیعرەکانی ناو دیوانی (سەمای بەفری ئێواران- ١٩٧٩، گەرمنەبوونەوە- ١٩٨٥، یادەوەری کەسێکی بەربا- ٢٠٠٣) ئەسلی مەبەستن.

بە کورتی ئەم باسە، هەوڵدانێکە تەنیا بۆ ئاستی ڕووناکبیری شاعیر، چەندایەتی کارامەیی لە دەرەتانی دانان و بەکارهێنانی زمان و بەستنەوەی دیاردە سروشتییەکان بە نا سروشتییەکان و لێکچواندنیان بە مەبەستی خستنە ڕووی ڕووداوەکانی مێژوویی و ڕووداوە بەرجەستەکان، ئاقارێکی فرە فراوان، یان داهێنانی شاعیر، جیهانی پڕ مەخلووقی زیندوو و تایبەتمەندە.

هێنانەوەی نموونە لە دیمەنی سروشتدا، قووڵایی تەقینەوەی ڕووداوەکان و دەرخستنیانە، تێکەڵکردنی ڕووداوەکان بەیەک دیمەن، ڕووچوونێکی دیکەیە لە مەدای مەعریفی هزر بۆ «مەبەست» و هەیکەلی تازەی مەبەست دوور لە شێرەبەفرینە. مەیینی فیکر لە وێنە شیعرییەکان و واتای دەلالی مۆرفێم و وشە و ڕستەکان، ڕەگی فیکریی و نووسینی شاعیرە. ئەم شیعرە مانا و دەلالەتێکی تێر ڕەنگی هەیە و هۆکار و مۆتیڤی مەبەستە.

تێکستی شیعر ڕەنگدانەوەی واقیعی فەنتازیای شاعیرە، ئەفراندنیش لە خولگەی هەستەوە دەبێت، وێناندنی لە خانەی ئەندێشەدا بەهاریکاری ئامرازی زمان بینای ناساندنی پێدەگات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەردەوامی لەسەر نهێنییەکانی دەق دەشێ ئەو شتانەیان پێ بناسێنین کە لەواقیعدا سنووریان بەزاندووە، یان مەداری وەسف لێیانەوە بەدوورە.

شاعیرێک تەڕاتی و شێی داهێنانی نەڕەوییێتەوە، ئەفراندن بە جیهانبینی واقیعێکی مەعقوول و پەسەند دەرەخسێنێ. کایەی مەعریفی چالاکانە مەوداکان بۆ وزە دەبڕێت: «ئەدەب بۆ ئەندێشە و شیعر مەعریفەکی فەلسەفی نییە، بەڵکو گوزارشت لە ئاراستەیەکی گشتی بۆ ژیان دەکات، شاعیرانیش بەشێوازێکی پرۆگرامی و نەخشەسازی، کێشە و دیاردەکان دەدۆزنەوە، کە ئەمەش بابەتێکە لە بابەتەکانی فەلسەفە، جا شێوە وەڵامەکەی شیعر دەگۆڕێت بە گوێرەی گۆڕانی سەردەم و ڕووداو و گۆڕانکارییەکان» (٢) وێنە شیعرییەکانی «پەرتەوازەبوون» فەرهەنگی جەنگی بوون و ژیان دژەکەیدا هەڵنراوە، ماناگەلێک لە مانا دەبەخشێت، تێ ترنجاندنی گشت دژەکان لەناوەندی کارەساتەکان دێنێتە پێشەوە و دەبنە سەکۆی دیالۆگ، ئەدەبیەت لە واقیعیەت دێنێتە پێشەوە.

چەمکی بنەمای یاسایی (بوون)ی سروشتی لە شیعرەکەدا. «نەتەوە» هەڵگری بنەمای ناسنامەیە. کۆمەڵێک پەیگە دەیناسێنێ، هەریەک لەمانە هەڵگری ناکۆکی و دەرهاوێشتنی ناکۆکیشە، لەبەر ئەوە لە زەمینەی خۆیدا تەرزە وێنەیەکی دژبەیەک و نەگونجاو بەرهەم دەهێنێت.

نەتەوە دەبێتە یاسایەک هەموو دیاردەکانی تر، دژ بەیەک، لە وێنەیەک و پتریش ئامادەیی یاسایەکی تری سەرەکی دەبێت، نەتەوە و تێکڕای ئامرازە لێکچووەکان بۆ بوون و ژیان، یان مەرگ و مەرگەسات ئاوێزان دەبن، گەورەترین دەروازە دەکاتەوە کە هەموو دیاردەیەک و دژەکەی، یان هاوەڵەکەی بانگ دەکات، مەغزای ئەم دیاردەیە لە ناوەرۆکی شیعرەکەدا ڕوکنێکی کاریگەر و چالاکی ستاتیکی شاعیرە، کرۆکی قەسیدەکەش بورکانی ئەو سیستمە ستاتیکەیە، چونکە: «ئەزموون لە کار و داهێناندا دەبێت. ئەزموونی هۆشیاریی و سرووشی ئەوە دەگەیەنێت، نووسەر هەرچی بیەوێت بیخاتە ناو کارو داهێنانەکەی، یان تێکڕای ئەزموونە هۆشەکی و ناهۆشەکی لە ماوەی درێژخایەنی داهێنانیدا، دیاری بکات» (٣)

شاعیر کە یەکەم وشە لە بەرایی قەسیدەکەیدا «نەتەوە» بێت لە هەموو پێناسەیەک تێپەڕترە. لەناو واقیعی نەتەوەیەک سیستەمێک بۆ سروشت دادەهێنێت، یان پەیڕەوەکانی ئاسایی سروشت بە هەلومەرجی ئەو شرۆڤە دەکات، ڕاستەوخۆش ناونیشانی شیعرەکە کە لە دەروونی واقیعێک دەرچووە بۆتە یاسایەک نەتەوەی پەرتەوازەبوو بۆ نەتەوەی کورد هێمایە.

بۆچوون و گفتوگۆی هاوبەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، لە دەستەواژەیەکی دی بۆنالد De Bonald وەرگیراوە: «ئەدەب گوزارشت لە کۆمەڵگە دەکات» (٤) (پەرتەوازە)یش نیشاندانی ڕووی ڕاستی زۆر لێکراوییە، بنەما و سەرچاوەیەکەی بۆ بەرەبەیانی مێژوو، بەرایی (١٥٠٠) ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە. یان بەلایەنی

کـەمـەوە بۆ مـێـژووو ڕێکەوتی ڕووداوی مـێـژوویی (چاڵدێران)ی ساڵی (١٥١٤)ی زاییمان دەباتەوە. یەک بەدوای یەک بە قۆناغە مێژووییەکانی کۆن و ناوەڕاست و ئێستادا تێپەڕمان دەکات و هەڵوەستەمان پێ دەکات: «ئەگـەر ئەدەب وەک دیکۆمـێنتی کـۆمـەڵایەتی بەکاربهێندرێت، پێویست دەکات ڕایەڵە گشتییەکانی مێژووی کۆمەڵگە دیاری بکرێت»(٥). وەک زەرووریەت لێرەدا شاعیر پێوستە بەرانبەر بەو شتانەی شاڵاوی بۆ دێنێ، بپەیڤێ، ڕاستەوخۆیشە لەگەڵ خود و بابەتەکەی خـۆیدا، کـە بەشـێکە لە خـود و بابەتی بابەتییـانەی نەتەوەکەی، مەبەستیش هەبوونە، یان وجوودبوونە.

## بینای کات و تێکهەڵکێشکردنی بە ڕووداودا

شاعیر هەموو قۆناغەکان، ڕاستتر کاتی قۆناغەکان بەرجـەسـتـەی کـاتی ڕوودان لە ڕووداوەکـان لە تەنسی (ڕۆژ) کۆدەکاتەوە. کات بە تەنیا کلیلی واتا و دەلالەتی نهـێنی قـەسـیـدەکـە نییـە، بەڵـکو پێش فـراوانی واتای فەرهەنگی ناوەڕۆکی تێکستەکەیە، تەوەری مەبەستەکان یەکـسـان دەکـات، سـەرەتا و کـۆتایی لەگـەڵ واقـیـعی ڕووداوەکـان دەدرکێنێ. ئێـسـتـا بەڕابردوو گـرێ دەدات و بەراوردیان دەکات، سەرەتا و ناوەند و کۆتایی قەسیدەکە لە ڕووی چەمکەوە، لە یەک چەقـدا کـۆ دەکـاتەوە، هاوهێزییەک و یەکسانییەک لەنێوان:

مـیـرنشین > هۆز > شۆڕش= درەخت> کـانی> خـاک = مەل> شاعـیر= ئەزموون> عیشق × مردن لە یەک خاڵی دواییدا هاوسەنگ دەکات. شیعرەکە خوێنەر ڕووبەڕووی تەختەیەکی شانۆیی مەرگەسات دەکاتەوە، زنجیرەیەک لە گێڕانەوەی یەک بە دوای یەکدا دادەنێ، گێڕانـەوەکەش لە لێواری دەریای ئەفسانە لەنگەر ناگرێ، بەڵـکو واقـیعی دەروونی نەتەوەیەکـە، گـێـڕانەوە، بۆتە مـوڵـکێکی کـولتـووری نەتەوەیی و لە پەنهـانیـدا شـتی دیکە دەورووژێنێ ئامادەییەکی زۆر سەخت و چڕ سەرهەڵدەدات و لەناو ڕەگـەزی نەتەوەکەوە سـەردەم لەناو مـێـژوو، یان مـێـژوو لەناو خـودی سـەردەمی نەتەوەکـەدا، ڕێکخستن بەپێی مـێـژوو تەدارەک و ئامـادەیی دەکـات. قـۆنـاغی دەسەڵات و گۆڕانکاریەکـانی دەسـەڵات بە جۆرێک ڕێک دەخات، کە لەدواییدا لەخودی سروشتی مەبەستەکە یەک بگرێتـەوە ئامـادەییـەکی زۆر ئەفـراندنانە بۆ خـەسـتی مەبەستەکە لە وێنە شیعریەکدا دەسازێنێت و ئەوپەڕی بیری هۆشیاری توانستی داهێنان تێیدا بەدی دەکرێت.

## دەسەڵات و چەمکی دەسەڵات لە بنیادی گۆڕانکاریدا

«میرنشین» سەردەم و قۆناغێکی بەدەسەڵاتی مێژووی پڕ لە شـانازی نەتەوەی کـوردە. «هۆز»یش یەکـەی پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتە (مـیـرنشین)ەیە لە پاشان بیری داهێنانی شاعیر، میرنشین و هۆز بەرەو ئاسۆیەکی نوێتر دەبات. ڕووەو ئاڕاستەی بیری ئایدۆلۆژیەتی هزری ڕزگار بوون هاوشان و پلەی بیری ڕزگاری گەلانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا لەسەر بناغەی تیۆری وریابوونەوە و ڕێنیسانس، تێکۆشـان و خـەباتی کـۆمـەڵ دەکـاتە هۆکـاری شـۆڕشی نەتەوەیی، داڕمان و زیندووبوونەوەش لە سیما و بنچی وێنە شـیـعـرییـەکـەدایە. ئەوەی جـێگای سـەرنج و سـەرسـوڕمـانە، ئەو جـیـاوازییـە، یان گـەڕان بەدوای دەلالەتی جیاوازییەکان لەیەک پێکهاتەدا لە تێکڕاش، یان خوێندنەوەی شاعیر بۆ ئەو دەسەڵاتە بونیادە بونیەویە دەروونیـیـە لەدوای پرۆسـەی داهێنانی شـیـعـرەکـەدا ڕادەوەستێ: «لە پرۆسەی داهێناندا هەر چارەیەکی تازە و جیهانبینییانە، پێش گشت شتێک گرنگیدانە و گرنگی دەدات بەو ڕۆڵە ڕێژەییـانەی کـە ئەقـڵی هۆشـیـاریی و ناوەندە ئەقڵ دەور دەبینێ»(٦). ئەو هۆکـارە توانسـتـە فیکریەی کە لە ڕەوتی جیهـانبینی ئەم شاعیرەدا ڕۆڵی کـاریگەر دەبینێ، تەلیسمێکی ئەلتەرناتیڤی مانا نەگۆڕ بۆ چەمکێکی نەتەوەیی سـەبارەت بەشکان و قـوربانی دەخـاتە ڕوو، تیـاچوون و قـوربانی شـۆڕش زەروورەتی بوونن:

**نەتەوەیەکی پەرتەوازە بوو**
**ڕۆژێ**
**میرنشینێک**
**هۆزێک و**
**شۆڕشێکی تیا دەچوو(٧)**


## یاسایەکی ئۆرگانیکی بۆ ڕاستییە بێ تخووبەکانی دۆنایدۆنکردن

ئەگـەر بە وردی سـەرنج بدەین لە وێنەی شـیـعـری: (نەتەوەیەکی پەرتەوازەبوو)، لە بەراییەوە پانتـاییـەکی بەرفـراوان بۆ لە دایکبـوونی زنجیـرەیەک وێنەی گـونجـاو یەکـانگـیـری پڕ مـانا و دەلالی دروست دەکـات، تا ئەو ئاسـتـەی دەتوانین ئەوە ڕاگـەیەنین کـە ئەو سـەرەتایە بۆ هێنانەکـایەی وێنەی شـیـعـری سـروشـتـیی پاڵنەرێکی بەهێـزی هەیە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ناوکی مـەبەسـتی واتاکـە

تەنیــا لەو وێنەیەدا نییــە، واتا لەئالیی فــەرهەنگەوە دەقەکە وەک بازنەیەکی تەواو ئاسا، لەو ساتە لە دایک دەبێت کــە وێنەکــانی دواتر (دژە وێنە) یەک دێت و تێکڕای ئەو پرەنسیپە ڕادەگرێت کە ڕەنگە لەبەر ئاوێنەی ئەندێشەیی شاعیرانەی شاعیردا تەواو بەردەوام دەبێت و درێژە دەخایەنێت.

دژە وێنەکــانیش دەبنە وێنەی ناوەند و چەقـــیـــو. جەوهەری ڕاگواستنەوەیەکی ستاتیکی لە جیــهـانی ئاسایی توانەوەوە بۆ جیــهـانی نائاسایی شیـعـریانەی دۆنایدۆن پەیڕەو دەکرێت.

دۆنایدۆن پرۆسەیەکی ئۆرگانیکین بۆ گواستنەوەی ڕۆح لە ناخی جەستەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکەوە، هەردوو جەستەش هاوشانن، بەڵام شاعیر بە داهێنانێکی تازەوە بۆ گوزارشتکردن لە باڵاترین چەمکی دەلالی، گەورەترین لێشاوی واتا لەوێنە شیعرییەکە بە پرۆسەی دۆنایدۆن دەتەقێنێتەوە، ئەویش گواستنەوەی ڕۆحی (نەتەوە)یە بۆ ناو ناخی (سروشت، ئاواز)، کە لە یاسا و سیستمی دۆنایدۆندا دوو یەکە و پێکهاتەی جیاوازن، واتا لە سروشتی بنیادیاندا هاوشان نین و لێکجیاوازن. ئەم پرۆسەیە پێچەوانەی دەستووری ڕاستەوخۆی ئاساییە، کە ئەویش: هێنانی ڕۆحە بۆ لەشێکی تر دوای مردن. توانست و شارەزایی شاعیر لە داهێنانی تازەدا، ڕۆحێکی زیندوو بەبێ مردن بۆ لەشێکی دیکە دەگوازێتەوە بە مەرجێک بۆ جەستەی دووەم (سروشت؛ ئاواز) زیندوو بەخشیش بێت، لە بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنی زیندوویی جەستەی (نەتەوە) لەگەڵ (سروشت) و (ئاواز)، گەورەترین داهێنان و ئەفراندنی شاعیرە، لەپاشان شاعیر هەر بۆ مەبەستی بە یەکتربەستنەوەی یاسای ئاسایی دۆنایدۆنی یەکەم، لەگەڵ دەستووری نائاسایی دۆنایدۆنی دووەم و هەر سەبارەت بە دانانی بەهای فیزیکی و سروشتی هەردوو یاساکە، ڕۆحی (نەتەوە) لەناو گیانی (شاعیر) دۆنایدۆنی پێ دەگات و هەموو ئەگەر و گومانەکان بەلاوە دەنێ.




هەموو وێنە شیعرییەکانی ناو قەسیدەکە، لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە جیهانە سروشتیەکەیدا، جیهانی دۆنایدۆنی تازە بەخشی شاعیر ئاشکرا دەکەن. ڕاستییەکانی یاسای سروشتی یەکەم، لەگەڵ ڕاستییەکانی یاسای ناسروشتی دووەم لە پرۆسەکەدا، ڕاستییە بێ تخووبەکانی دۆنایدۆنکردن خۆیەتی.

شاعیر، یان ئەم قەسیدەیە بۆ ئەوە نییە تەنیا ئەو ڕاستییە بێ سنوورانەمان بۆ دیاری بکات، بەڵکو مەبەستیەتی لەگەڵ گشت ئەو ڕاستییانەدا بکەوێتە دژایەتییەوە، یان تیۆری و بیردۆزی ڕاستییەکی دژ پێیان دابنێت. واتە نیشاندانی پێکهاتە بنیادێکی دیکەی دژیی کە ئەویش دنیای هەقیقەت خۆیەتی کە لەدوا وێنەی شیعری قەسیدەکە ئاشکرا دەبێت. بیرۆکەی چەمکی وێنەی شیعری یەکەمی قەسیدەکە هاو واتا، وێنە شیعرییەکانی تر بەرجەستە دەکات.

## چەمکی دەلالی لێکچواندن بۆ واتای فراوانتر

فەلسەفە و جیهانبینی ئەم شیعرە بە ئامرازی یەکەیەکی ڕەوانبێژی (لێکچواندن) لای شاعیر، مەبەست پێشکەوتنی فیکری دنیای شیعرە هێمای کامڵبوون پێگەیشتنی بیری تازەی داهێنانە.. لێکچواندنی (میرنشین) بەناوی (درەخت) و (هۆز) بە (کانی) و (شۆڕش) بە (خاک)، لووتکەی چەمک و دەلالەت و مانای لێکسیکی شیعرەکەیە. ئەم کارەش دیاردەیەکی سەرەڕۆنییە، بەڵکو بە دێمەکارێکی هزری بەرهەم هاتوون. زۆرترین سەرمایەی فیکری شاعیر لەوەدایە، کە بتوانێت بە یاسایەکی سۆسیۆلۆژیی سروشتی، دوو یەکە و پێکهاتە لەناو بنەمای یەک گەڕی ڕاستی و هەقیقیدا، بکاتە دوو جەمسەر. هەریەکەشیان چەقێکی هەبێت. چەقی یەکەمی جوولەی (هۆز) بەرانبەر چەقی دووەمی جوولەی سروشتی (کانی) دابنێت، لە پاشان لێکدانەوەیەکی فەلسەفییانە لە ئایدۆلۆژیەتی بوون، دوو پێکهاتە و یەکەی تر، تێکەڵ بە یەک دەکات و لە هەردووکیشیاندا یەک نیاز و مەبەستن، مەبەستە، ئەویش بوونی دیاردەی (شۆڕش) و (خاک)ە.

دەربڕینی بەم شێوەیە و لەو ئاستە ئاسۆییەدا، کە لێوالێوە لە نهێنی و مەبەست و هێڵە ئاشکراکانی مەبەست، لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیەتیی سیاسیدایە. وەلێ سیاسی کوردانە، بۆ وەدەست هێنانی خەرمانی تراژیدیای کوردی. ئەم دۆخەش لەو ژینگەوە چەکەرەی داوە کە مەسەلەی ئێمە (کورد) پێیدا تێپەڕیوە و تێیدا گەورەبووە: «مرۆڤ

ناتوانێت نکۆڵی له بوونی هەندێ جیاوازی، نێوان واقیعی مێژووی سیاسی و هونەریدا بکات، لێرەدا هاوردێک بەدی دەکرێت لەنێوان مێژووی ڕابردوو و ئەو مێژووەی کە بەردەوام لە کاتی ئێستایە»(٨). ئەو مەسەلەش زیاتر بۆ پاراستنی وشەی (نەتەوە)یە نەک مەغزایەکی نهێنی تر، چونکە ئەقڵی نەکوژاندنەوەی (سروشت)، نیشانەی نەسڕینەوەی بوونی دیاردەی کۆمەڵایەتیانەی (نەتەوە)یە:

**سروشتێکی پەرتەوازە بوو**
**ڕۆژێ**
**درەختێک و**
**کانییێک**
**پارچە خاکێکی تیادەچوو(٩)**

شاعیر زۆر بە ئاگایانە مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکەدا دەکات، بۆ ئەوەی لۆژیکێک لە زمانی وێنە شیعرییەکاندا هەبێت، بەدوای ئەو وێنانە دەگەڕێ، کە لە ڕەگدا پەیگەیەکی هاوبەشیان هەبێت، یان شاعیر دەیەوێ زیندوویی ڕەگەکانیان تێکەڵ بکات، بۆ نموونە جەختی گوتن:

ئایۆنینی وێنەی: (نەتەوە) و (سروشت) لەگەڵ (ئاواز)دا هاوبەند دەکات و کە کراوەترین کلاو ڕۆژنە لە توانستی داهێنانی شاعیر دەکاتەوە، ئەویش داهێنانی شێوازگەرییەکی نوێیە بۆ دەربڕینی هەموو ئەو بنەما و شتانەی پێوەندی بازنەییان بەخودەوە هەیە:

**ئاوازێکی پەرتەوازە بوو**
**ڕۆژێ مەلی نۆتەیەکی باڵیان دەگرت(١٠)**

## کاری هاوسەنگی هاوکێشەکان
## بۆ دەرئەنجامی زیندوو

یەکەی پێکهاتەی هاوکێشەی وێنەکان بە وێنەیەکی شیعری دیکە هاوسەنگ دەبێت. یەکەم وشە لە وێنەی شیعری دەستپێکی قەسیدەکە، وشەی (نەتەوە)یە، زیرەکانە و کارامەییانە لەگەڵ وشەی (شاعیر) لەوێنەی شیعری (شاعیرێکی پەرتەوازە بوو...) تێک دەکرێنەوە؛ یەکەی سروشت لە پێکهاتەی (نەتەوە)، بە فەلسەفەی جوانی دەربڕین، هێڵەکانی کۆتایی ڕایەڵ دەکات، بە مەبەستی کارێکی فیزیکی (داخستن) لە هەردوو نیوە چیوەی بازنەی مەبەستدا، دەرئەنجام خولانەوەیەکی میکانیکی بۆ تەواو چیوەکە لە بازنەی سروشت نەتەوە و سروشت و ئاواز و شاعیردا تەواو بێت.

بنجی داهێنانی شاعیر، بنجێکی هزرییە و لەپێناو واتای مەبەستدایە. مەبەستیش زلترین چەمکی ڕاستی دەردەخا. ئەلبوومی هەقیقەتیش، یەکێکە لە کایە مەعریفییەکانی شاعیر بۆ ناساندن و زیندووکردنەوە و سوود وەرگرتن. چەمکی: (میرنشین) و (درەخت) و (مەل) و (ئەزموون) لە جوگرافیای: (نەتەوە) و (سروشت) و (ئاواز) و (شاعیر)دا دەلالەتی زیندوو، ڕاستی هەقیقەتن. لە ڕێڕەوی مێژووی ڕووداوێکی ڕاستی نەتەوەی کورددا، تاکی (شاعیر) و کۆی (نەتەوە) بنیادی یەک دیاردەی هەقیقەتن، تەوژمی گێژاوی شەپۆلێ سەرنگوومیان دەکا، بەڵا ژیلەمۆی ژێرخانی بیرو هەست و پەروەردە و نەتەوە، لە هەر یەکەیاندا هێز و گوڕ و تینی هەیە.

عیشق و سروشت دوو پەیگەی سەرچاوە زیندوویی شاعیرن، بۆیە شاعیر لە ڕوانگەی ئەم دوو هۆکارەوە، گەورەترین ماکی بوونی شاعیریەتی (شاعیر) دەردەخا. ئەگەر (عیشق) یەکەم هۆکاری شاعیریەت و بزوێنەر و..ی شاعیر بێت، ئەوا (سروشت) دەتوانێت جیهانی ناوەوەی فەزای شیعر، ڕازاوەتر بکا، لە هەمان کاتیشدا میکانزمی خاپوورکردن و تواندنەوەی ڕایەڵەکانی (عیشق)ە، جێگاکەی لەناو شیعردا دیار نییە. دەکرێت (سروشت) لەناو گشت وێنە شیعرییەکاندا قووت بێتەوە، دەکرێت تەواو ڕووبەر داگیر بکا، دەکرێت بەلاوازیش بەدەربکەوێت... وەلێ ئەم (دەکرێ)یانە موولوولەکانیان لەناو گیانی داهێناندایە، لە ئاستۆ ستوونییەکانی مەعریفی و هۆشیاری شاعیردا دەژین و گەشە دەکەن. شاعیر دەتوانێت بەم حاڵەتانە نوێنەرایەتی خۆی بۆ ژیان و واقیع دابین بکات.. بۆیە ئەم کۆپلە و وێنە شیعرەی خوارەوە تێکڕای مەخسەد و چەمکی وێنە شیعرییەکانی دیکە تەواو دەکەن. لە پەرتەوازە بووندا، سێکوچکە بنەماکانی (شاعیر و ژیانی شیعریی): (ئەزموون) و (عیشق) و (سروشت) تێیدا دەمرن. (ئەزموون) بەبێ (عیشق و سروشت) نامرێت، (عیشق و سروشت)یش بەبێ (ئەزموون) نامرن. هەرسێکیان بۆ ژیان و مەرگ خاڵ و ناوەندی (شاعیر)ن:

**شاعیرێکی پەرتەوازە بوو**
**ڕۆژێ**
**ئەزموونێک و**
**عیشقێک و**
**سروشتێکی تیا دەمرد(١١)**

هۆكاری دۆخی مەرگەساتی: (ئەزموون) و (عیشق) و (سروشت) جیاواز لە فاكتەرەكانی دیكەی دۆخی لەناوچوونی: (شۆڕش) و (خاک) و (مەلی نۆتە)وە، حاڵەتێكی سایكۆلۆژییە، تایبەت بە سروشتی (شاعیر) و كەمی توانستی دەسەڵات لە بەرانبەریدا، ئەویش (غەریبی)یە: «ڕێبازی تەواو بۆ شرۆڤەكردنی بەرهەمی ئەدەبی ئەوەیە، كە خودی بەرهەمەكەشی بكرێتەوەو ڕاڤە بكرێن، دیوی ناوەوەی لێی بكۆڵدرێتەوە، مەبەست لە ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی بونیادی هونەری بەرهەمەكە بكۆڵدرێتەوە». (١٢)

(غەریبی)، ڤایرۆسێكی بكوژە، لە لێوارەكانی دەریایەكی دوودڵی و ڕاڕایی لەنگەری پێ دەگرێت، ئەو حاڵەتە دەروونییەش لە بۆتەی ڕاستی دەری دەهێنێ و لە ئاراوی (دوودڵی) و هەڵبەز و دابەز و هەڵفڕینی (یەقین)ی وەردەدات. (دوودڵی) نەک وەک حاڵەتێكی دەروونی، بەڵكو لە كۆتایی وێنەی شیعری: (دوودڵییەكی دوور لە یەقین!)، كار پراكتیزەیەكی ئاسا، پەردەی فەرهەنگی دادەداتەوە:

**غەریبی ئارامیان لێهەڵگرت**
**غەریبی مەنفایان پێ نەهێشت**
**غەریبی دوودڵیان كرد**
**دوودڵییەكی دوور لە یەقین(١٣)**

سەلماندنی بیردۆزی شیعرەكە لە تێڕوانینی شاعیردا

ئەگەر بەتێڕوانینێكی بونیادگەرییانە بۆ ناوەرۆكی شیعرەكە بڕوانین و ڕووپێوێكی فەرهەنگی بۆ واتا و دەلالەتەكانی سەرجەم وشە و ڕستە و وێنە شیعرییەكان بكەین، دەبینین: شاعیر دۆخ و فەزایەكی تایبەتی هەیە، ئەویش بە ئاگایی و هۆشیارییە و گوزارشتیش لە هەمان هۆكاری دالەكانی گشت دەكات. جگە لەمەش، كێشەی ئاگایی شاعیر لەناو هۆشیارییەكانی دیكەدا، یان ئاستی هۆشیاریی شاعیر، گەرایەكانی لە قووڵایی ڕەوت و ڕووداوەكانی مێژوو و سروشتدا، ترووكاون.

شاعیر خاوەنی ناوەرۆكێكی پڕ ڕۆشنبیریی پتەو و جەوهەرێكی بە مانای تایبەتە. درێژی كاتی تاقیكردنەوەكانی شوناسنامەی ئەزموونێكی سەركەوتوویی پێ بەخشیوە. بە ئەرک و داهێنان و ئەفراندن، جەوهەرێكی پڕ مانا و دەلالەتی بە ئاگایە و هەموو دەرەتانەكانی ژیان لە واقیعی قۆناغ و سەردەم دەگرێتەوە، هاوبەندی تەنسەكانی كاتی ڕووداوەكان و مێژووە. ڕێبازی توێژینەوە و دیاریكردنی سەرجەم ماک و بنەماكانی دەروونی سروشتی و ناسروشتی لەخۆ دەگرێت. هاوبەندیی نێوان تاک و كۆمەڵ، وەک یەكە و پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕووداو و مێژوو، حاڵەتە تایبەتییەكانی تاكی كۆمەڵ و دەربڕینیان، نیشان دەدات.

### ئەنجام

جەلال بەرزنجی، شاعیرێكی خاوەن داهێنان و ئەزموونە. ساڵانێكی زۆرە بە تاقیكردنەوەی نوێخوازی خەریكە، خاوەنی ئەفراندن و ڕێبازێكی سەركەوتووە، بەسەر دەسەڵاتی زمانی شیعردا زاڵە، لەم لایەنەدا چەندین دیوانی پێشكەش كردووە، بەو هیوایەی هەڵچوونەكەی نەنیشێتەوە و بەردەوام بێت لەسەر داهێنانی تازەگەریانەی شیعردا.

لە شیعری (پەرتەوازە بوون)دا، خوێنەر ئەكتیڤكارە و ئایۆنی پۆزەتیڤی جەمسەرە دەقەكە: ڕایەڵەكانی داهێنان و ئەفراندن و جیهانبینی و گەمە و گەشەی مۆرفێم و وشە و زمان و توانستی هزری و سرووش و لێكدانەوەی واقیع و سایكۆلۆژی ڕۆح و سەمای بەهرە.. لەخۆ دەگرێت.

شاعیر ئاستی ڕووناكبیریی بەرزە، چەندایەتی كارامەیی و شارەزایی لە بوارەكانی شێوازی بەكارهێنانی زمان و دانانی وشەكان، هاوبەندكردنی دیاردە سروشتییەكان بەناسروشتییەكان و لێكچواندنیان بە مەبەستی خستنەڕووی كارەسات و ڕووداوەكانی مێژوو و ئامادەییەكان، پانتاییەكی ڕووبەر فراوانە؛ یان داهێنانی شاعیر جیهانی پڕ مەخلووقی زیندوو و تایبەتمەندە. ئەزموونی نوێ و بیری داهێنانی تازەی شاعیر لەم شیعرەدا لەوەدایە، كە هێنانەوەی نموونە لە دیمەنی سروشتدا، قووڵایی تەقینەوەی ڕووداوەكان و دەرخستنیان و تێكەڵكردنی ڕووداوەكان بەیەک دیمەن، ڕووچوونێكی دیكەیە لە مەدای مەعریفی هزر بۆ «مەبەست» و هەیكەلی تازەی مەبەست... مەیینی فیكر لە وێنە شیعرییەكان و واتای دەلالی مۆرفێم و وشە و ڕستەكان، ڕەگی فیكر و نووسینی شاعیرە. ئەم شیعرە مانا و دەلالەتێكی تێر ڕەنگی هەیە و هۆكار و مۆتیڤی مەبەستە.

دەسەڵاتی ڕەوانبێژی لە بواری لێكچواندندا بۆ دیاردەكان و وێنەیەكی شیعری هاوپەک و دژبەیەک ئامادەییەكی دەبێت، ئەم سیمایەش بۆ بوون و ژیان، یان مەرگ و مەرگەسات تێكهەڵكێش دەبن، ئەم دیاردەیەش لە ناوەرۆكی شیعرەكەدا ڕوكنێكی كاریگەر و چالاكی

ستاتیکی شاعیره.

ئەم شیعره بە قۆناغە مێژووییەکانی کۆن و ناوەڕاست و ئێستادا تێپەڕمان دەکات و وەک زەرووره‌تیش شاعیر بەرانبەر بەو شتانە دەدوێ کە شالاوی بۆ دێنن، ڕاستگۆشە لەگەڵ خود و بابەتەکەی خۆیدا، کە بەشێکە لەخود و بابەتی بابەتیانەی نەتەوەکەی، مەبەستیش «بوون»ە.

شاعیر لە دەسەڵاتی نووسینی داهێنان و فیکرەکەی زاڵ و بەتوانایە کاتی ڕووداني قۆناغەکان لە تەنسێکی دیاریکراو (ڕۆژ) کۆدەکاتەوە. کات بە تەنیا کلیلی واتا و دەلالەتی نهێنی شیعرەکە نییە، بەڵکو پێش فراوانی واتای فەرهەنگی ناوەرۆکی تێکستەکەیە، تەوەری مەبەستەکان یەکسان دەکات سەرەتا و کۆتایی لەگەڵ واقیعی ڕووداوەکان ئاشکرا دەکات، سەرەتا و ناوەند و کۆتایی شیعرەکە لە ڕووی چەمکەوە، لە یەک چەقدا کۆدەکاتەوە.

هەر لەم شیعرەدا دەسەڵات و چەمکی دەسەڵات لە بنیادی گۆڕانکاریدا وزەبەخشە، هەنگاوی پێ هەڵدەهێنێ و بەرەو بیری ئایدیۆلۆژیەتی هزری ڕزگاری دەبات، وریابوونەوە و ڕێنیسانسیش دەکاتە چەکی ئەو دیاردەیە. ئەو هۆکار و توانستە فیکرییەی کە لە ڕەوتی جیهانبینی ئەو شاعیرەدا ڕۆڵی کاریگەر دەنوێنێ، تەلیسمێکی ئەلتەرناتیڤی مانا نەگۆڕ بۆ چەمکێکی نەتەوەیی، سەبارەت بەشکان و قوربانی دەخاتە ڕوو. تیاچوون و قوربانی شۆڕش زەرووره‌تی بوونن.

دۆنایدۆن پرۆسەیەکی ئۆرگانییە کە بۆ گواستنەوەی ڕۆح لە ناخی جەستەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، هەردوو جەستەش هاوشانن، بەڵام شاعیر بە داهێنانێکی تازەوە، بۆ گوزارشتکردن لە گەورەترین چەمکی دەلالی، باڵاترین لێشاوی واتا لەوێنە شیعرییەکەدا بە پرۆسەی دۆنایدۆن دەتەقێنێتەوە، ئەویش گواستنەوەی ڕۆحی (نەتەوە)یە بۆ ناو ناخی (سروشت و ئاواز) کە لە یاسا و سیستمی دۆنایدۆندا دوو یەکە و پێکهاتەی جیاوازن.

دوندی داهێنان و جیهانبینی ئەم شیعرە، ئەوەیە لایەنی لێکچواندن بۆ سۆنگەی واتای مەبەست، پێشکەوتنی فیکری دنیای شیعرە. هێمای پێگەییوی بیری تازەی ئەزموونە، لێکچواندنی (میرنشین) بەناوی (درەخت) و (هۆز) بە (کانی) و، (شۆڕش) بە (خاک)، لووتکەی چەمک و دەلالەت و ماناى فەرهەنگی شیعرەکەیە.

بناغەی داهێنانی شاعیر بناغەیەکی هزرییە و لەپێناو واتای مەبەستیدایە، مەبەستیش گەورەترین چەمکی ڕاستی دەردەخات. هەقیقەتیش یەکێکە لە کایە مەعریفییەکانی شاعیر بۆ ناساندن و زیندووکردنەوە و سوود وەرگرتن.

ئەگەر بە تێڕوانینێکی بونیادگەرییانە بۆ ناوەرۆکی شیعرەکە بڕوانین و ڕووپێوێکی لێکسیکی بۆ واتا و دەلالەتەکانی سەرجەم وشە و ڕستە وێنە شیعرییەکان بکەین، دەبینین: شاعیر دۆخ و فەزایەکی تایبەتی هەیە، ئەویش بە ئاگایی و هۆشیارییە و گوزارشتیش لە هەمان هۆکاری دالەکانی هەموو دەکات. جگە لەمەش کێشەی ئاگایی شاعیر لەناو هۆشیارییەکانی دیکەدا، یان ئاستی هۆشیاری شاعیر، گەرایەکانی لە قووڵایی ڕەوت و ڕووداوەکانی سروشت و مێژوو،ترووکاون.

**ئەیلوولی ٢٠٠٥ هەولێر**


**سەرچاوەکان:**

**١- جەلال بەرزنجی، یادەوەری کەسێکی بەر با (کۆ شیعر)، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی (بەدرخان)، سلێمانی، (٢٠٠٣)، لاپەڕە٧٧.**

**٢- كمال خيريک، حركة الحداثة في الشعر العربي المعاصر، بيروت، (١٩٨٧)، ص٢٤.**

**3- Discussions of intention, in Literavy works Coomaraswamy, Amanda K., lntentin ‘ American Book man, l 1944, P.P 41, 8.**

**٤- رينيدويليک، اوست وارين، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، مراجعة: د. حسام الخطيب، المجلس الاعلى لرعاية الفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، مطبعة: خالد الطرابيشي، ط٣، (١٩٧٢)، ص١٢٠.**

**٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.**

**٦- محمد الجزائري، متن الابداع، دارالشؤون الثقافة العامة، بغداد، (١٩٨٣)، ص٨١.**

**٧- جەلال بەرزنجی، یادەوەری کەسێکی بەر با، ل٧٧.**

**٨- رينيدويليک، اوست وارين، نظرية الادب، ص٣٣٦.**

**٩- جەلال بەرزنجی، یادەوەری کەسێکی بەربا، ل٧٧.**

**١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.**

**١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.**

**١٢- رينيدويليک، اوست وارين، نظرية الادب، ت: محي الدين صبحي، دیمشق، (١٩٧٢)، ص١٧٩-١٨١.**

**١٣- جەلال بەرزنجی، یادەوەری کەسێکی بەر با، ل٧٨.**



# ڕەمز لە شیعرەکانی «شێرکۆ بێکەس»دا

د. کەمال مەعرووف
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی زمان)

(١ - ٢)

## پێشەکی

ڕەمز لە شیعری کوردیدا دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵام لە شیعری نوێدا ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیادی قەسیدەدا هەیە بەشێوەیەکی چڕوپڕ و قووڵ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و پشت بەئەفسانەی میللی و جیهانی دەبەستێ تا سیمای نوێ و ڕەنگین بە شیعرەکە ببەخشێ، مەبەستم لەم تۆژینەوەدا دەستنیشان کردنی چەمکی ڕەمز و زاراوەی ڕەمز و ڕێبازەکانی و جۆرەکانی ڕەمزە بەشێوەیەکی زانستیانە، چونکە ئەم بابەتە گرنگە شیکردنەوەی قووڵی لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لەسەر نەکراوە، جا بە پێویستم زانی لەم ڕەگەزە هونەرییە بتۆژمەوە، بەتایبەتی ئەو ڕەمزانەی کە پێشتر لەبەر باری نالەباری کوردستان بە شاراوەیی خرابوونە ڕوو، تیشک و ڕووناکی بخەمە سەرجەمی شیعرەکانی شاعیر کە وەکو دەریایەکی قووڵ پڕە لە جۆرەها ڕەمز، پلانی کارەکەشم بەسەر سێ تەوەری سەرەکی دابەش کردوون:

١- چەمک و زاراوەی ڕەمز، ڕێبازی ڕەمزی، ڕەمز و تەمومژ، ڕەمز و ئیشارەت...

٢- ڕەمز و ڕەگەزە هونەرییەکانی شیعری، ڕەمز و خوازە، ڕەمز و

خواستن، ڕەمز و لێکچواندن.

٣- جۆرەکانی ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، ڕەمزی ئەفسانەیی، ڕەمزی ئایینی، ڕەمزی مێژوویی، ڕەمزی کەلەپووری.

## تەوەری یەکەم: لە بارەی ڕەمز و ڕێبازی ڕەمزییەتەوە

زاراوەی ڕەمز وەکو دیاردەیەکی هونەری ئەزموونێکی کۆن و نوێی شیعرییە «وشەی (symbol) لە فرمانی (symballein)ی گریکییەوە وەرگیراوە» کە مانای هاویشتنی بەیەکەوە دەگەیەنێ و ناوەکەی «symbolon» واتە «نیشانە، دروشم، ڕەمز، ئاماژە» بریتییە لە شتێکی گیاندار یان شتێکی بێ گیان کە شتێکی تر دەنوێنێ» (١) ڕیشەی (symbol) مێژوویەکی دوور و درێژی لە زانستی خواناسی (Theology)دا هەیە کە هاوتای (creed)ە، کە مانای «دەستووری باوەڕیی مەسیحیەت)ە(٢)

«هەروەها لەکۆندا لە دروشمە ئایینییەکان و هونەرە جوانەکان بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بەکار براوە، تا ئێستاش نرخێکی هێماسازی لە لۆژیک و بیرکاری و سیمانتیکدا بەخۆوە گرتووە» (٣)

چەمکی ڕەمز هەر لە زۆر کۆنەوە مرۆڤ ئەوەی نەیتوانیوە بەزمان دەری ببڕێ، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێمای بۆ کردووە، لە ڕەخنەی کۆنی عارەبیدا چەمکی ڕەمز بەم جۆرە پێناسە کراوە: «ئاماژە کردنێکی شاراوەیە بۆ نزیکی خۆت بەلێو یان بە برۆ» (٤). ڕەمز لە ئەدەبدا «ئاماژە کردنە بە وشەیەک کە واتای شتێکی هەستی یان ژێری دەگەیەنێ بۆ مانایەکی دیارینەکراوە و جوداواز بەپێی خەیاڵی نووسەر، خوێنەریش جیاوازن لەتێگەیشتن و درک پێکردنی مەوداکەی بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری و ناسکی هەستیان، هەندێکیان لایەنێکی دەبینن و هەندێکی تر لایەنێکی تر، یان بە ئاشکرا دەردەکەوێ و ڕۆشنبیر لێی تێدەگات» (٥)

چەمکی ڕەمز، هەر لە زووەوە لەناو ئەدەبیاتی جیهانیدا ڕیشەی داکوتاوە، «لە کۆندا ئەفسانەکان کەرەسەی ئەدەب و زانست بوون، بەڵام ئەمڕۆ وێنەی شیعری شوێنی ئەفسانەکانی گرتۆتەوە» (٦) تندال (Tindall) دەڵێ: «وێنەی شیعری لە بنچینەدا جۆرێکە لە ڕەمز، چونکە بیرو هەست بەرجەستە دەکات و شاعیر گوزارشتی بێ سنووری پێ دەکات» (٧) وبستر (Webster) چەمکی ڕەمز دەستنیشان دەکات و دەڵێ: «ڕەمز ئەوەیە کە ئاماژە بە شتێکی تر یا مانایەکی تر دەکات لە ڕێگای بوونی پێوەندییەک لەنێوانیاندا، ڕەمز دیاردەیەکی جێگیرە چ لە شیعر و چیرۆک و بەرهەمە هونەرییەکاندا» (٨) لویس هورتیک (Louis Hourticq) دەڵێ: «شیعرێک نییە کە تۆزێک ڕەمزی تێدا نەبێ» . (٩)

ڕەمز لە واقیعەوە سەرهەڵدەدا، کۆڵدریج دەڵێ: «ڕەمز بەشێکی بوونی لە واقیع وەردەگرێ ئەوسا توانای تێگەیشتنی دەبێ» (١٠) دیارە واقیع تێدەپەڕێنێ چونکە لێی ڕەت دەبێ ئەوسا ڕوونتر و تەجریدتر دەبێت، بەڵام ئەو ئاستەی تەجرید جێبەجێ نابێ بە بژارکردنی ڕەمز نەبێ لە ڕەگەزەکانی مادده و بەشەکانی، چونکە لە واقیعەوە دەست پێدەکات، بەڵام تێیدا شوێنەواری مادە و پێوەندییە سروشتییەکانی دەڕووخێنێ بۆ ئەوەی لەسەر پاشماوەکانی پێوەندی نوێ و مەرجدار بەتیروانینی شاعیر بنیات بنرێ» (١١) ڕەمز شیکردنەوەی واقیع نییە، بەڵکو چڕکردنیەتی «لێرەدا بە خەون دەبەسترێتەوە، چونکە هەردووکیان ئارەزووی تێکەڵبوون و کۆبوونەوەیان هەیە بەلابردنی هەندێک لە بەشەکانی ڕەمز بۆ کراو یاخود باسکردنی بە بەشێک لەو پێکهاتە زۆرە و شاراوەیەدا یان ئاماژەکردن بە وێنەی لێکدراو بۆ گەلێ ڕەگەز کە شەقڵی هاوبەشیان هەبێ» (١٢) ڕەمز دیاردەیەکی جیهانی و مرۆڤایەتییە و هەموو بەشدارن لە بەرهەم هێنانیدا وەکو دەروێش ڕەمزی دەواڵ پێ، سوور ڕەمزی توند و تیژی، سەوز ڕەمزی بەهار. «ڕەمزی یەکگرتوو یاخود لێکچوو کە شاعیران بەکاری دەهێنن نیشانەیە کە بیری تاک بەشێکە لە بیری جیهانی کە بەهۆیەوە جیهان نوێ دەبێتەوە و بیری خەڵکیش نەوە دوای نەوە نوێبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێ.» (١٣)

**ڕەمز دوو جۆری هەیە:**

١- ڕەمزی زیندوو ئەو ڕەمزەیە کە لە نهێنی بەتاڵ نییە، هەرچەندە خاوەنەکەی هەوڵ بدا ڕاڤە و ئاسانکاری تێدا بکا، هەندێ جار بەم ڕاڤە کردنە شیعرەکە ناهێڵێ، بەڵام ناتوانێ بەسەر قورسیەکەیدا زاڵ بێ» . (١٤)

٢- ڕەمزی مردوو «ئەگەر دەستەواژەیەک ماناکەی ڕوونتر بێ لەمانا ڕەمزییەکەی، ڕەمزەکە دەبێتە ڕەمزێکی مردوو، بەڵام پارێزگاری بەهای مێژوویی خۆی دەکات و بەهۆی ئەم خاسیەتەوەش دەتوانین پێی بڵێین ڕەمز و لە شیعر نووسین بەکاری بهێنین، بەڵام ڕەمزێکی

مردوو»(١٥) یۆنگ دەڵێ: «ڕەمزی مردوو ئەو ڕەمزەیە کە لە ئاخاوتندا بەکاردێ و گوزارشت لە مانای ئاسایی دەکات وەکو گوڵ بۆ ڕەمزی خۆشەویستی، کۆتر و زەیتوون بۆ ڕەمزی ئاشتی...»(١٦)

**ڕێبازی ڕەمزی:** «ڕەمزییەت ئەو قوتابخانە ئەدەبییەیە کە ساڵی (١٨٨٦) سەری هەڵدا، دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە جۆن مۆریاس بوو کە لە (١٨)ی ئەیلوولی (١٨٨٦) لە ڕۆژنامەی فیگارۆدا لەدایکبوونی ئەم ڕێڕەوەی ڕاگەیاند بەدەقێکی ئاڵۆز کە ڕەخنەی لەبرناسیزم و ناتورالیزم دەگرت»(١٧) جان مۆریاس دەڵێ: «ئەم ڕێڕەوە تازەیە دژی پابەندی زانستی و دەربڕینی ڕاستەوخۆ و ئاخاوتنی ڕاپۆرت ئامێز و پفدار و هەستی قەڵپ و وەسفی بابەتی وەستا، شیعری ڕەمزی بەرەو بیرێک دەچێ کە ڕوخسارێکی هەستی بەبەردا دەکرێ، بیرێک کە لەلێکچواندنی دەرەکی بێبەش نەکرێ، چونکە لە سیما بنچینەییەکانی هونەری ڕەمزی لە سنووری خۆیدا هەرگیز بەرەو چەمکی بیرۆکە نەچێ بەم جۆرە دیمەنەکانی سروشت و جووڵانەوەی خەڵکان و هەموو دیاردە ماتریالییەکان ناتوانن لەم هونەرەدا خۆ بەدەرخەن، مەبەست لێیان بەرجەستە کردنی پەیوەندییە نهێنییەکانە بە بیرە بنچینەییەکانەوە»(١٨)

«جان مۆریاس بەخێرایی ئەم قوتابخانەیەی بەجێ هێشت و قوتابخانەیەکی تری بەناوی قوتابخانەی ڕۆمانی چێ کردەوە، لە ١٤ی ئەیلوولی (١٨٩١)جان مۆریاس بە باوەڕێکی زۆرەوە لە ڕۆژنامەی فیگارۆ مردنی ڕەمزییەتی ڕاگەیاند»(١٩)

بەم جۆرە جان مۆریاس کودەتایەکی بەسەر ڕەمزییەکان بەرپا کرد و قوتابخانەی ڕۆمانی چێ کرد کە داوای گەڕانەوە بۆ کەلەپوور و بیروباوەڕی چەرخی زێڕینی گەورەی دەکرد.»(٢٠)

«لە شاعیرە دیارەکانی ئەم قوتابخانە ڕەمزییە ڤێرلێن و مالارمێ بوون.»(٢١)

ڕەمزییەتێکی زۆر لە شیعری سەدەی نۆزدەیەمی فەرەنسی بەدی دەکرێ، «مالارمێ لە سەرجەمی بەرهەمەکانیدا بەو جۆرە ڕەمزییەت ڕوون دەکاتەوە کە هونەری ورووژاندنی بابەتێکە بەشێوەیەکی ورد بۆ ئاشکرا کردنی جۆرە میزاجێک یان بە پێچەوانەوە، بریتییە لە هونەری هەڵبژاردنی بابەتێک کە دۆخێکی ڕۆحی لێ وەربگیرێ»(٢٢)

فرانک کەرمۆدا دەڵێ: «ڕەمزییەت هەوڵدانێکە بۆ گواستنەوەی ئەدەب لە بازنەی ماددەوە بۆ بازنەی گیان، شۆڕشێکە لەسەر بەندایەتی ڕەوانبێژی، وەسف بەلاوە دەنرێ و شتەکان بە سرووش ئاماژە کردنەوە باس دەکرێن، ڕەمز گوزارشت کردنە لە کرۆکی شتەکان.»(٢٣) ئیڤ بونفوا لە وتارێکدا بەناوی شاعیریەتی مالارمێدا دەڵێ: «مالارمێ زۆر خۆی لە سروشت دوورەپەرێز گرت تا کەوتە ناو زمانێکی داخراوەوە، بەڵام بۆدلێر شیعری کراوەی بەرجەستە کرد، ئەمەش پێداویستییەکی نوێخوازییە، دیارە کاتێ زمان بەرەو داخراویی بێ سنوور دەچێ ئەوا دەبێتە باشترین ڕێگا لە پێناوی گەیشتن بە کرانەوەیەک لە واقعێکی تردا»(٢٤) لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبارە «ڕەتکردنەوەی دابونەریتە باوەکان کە ڕێگای لە ئازادیی مرۆڤ دەگرت چەند بەرهەمی نامۆیان بە ئەنجام گەیاند کە بە دابەزیوەکان ناوزەد کران، پاشان وشەی (Symbolistes) ڕەمزی شوێنی وشەی (decadent) دابەزیوەکانی گرتەوە.»(٢٥)

ڕەمزییەکان بە فەلسەفەی کانت کاریگەر بوون «کە کرۆکی مرۆڤ لە جیهانی ناوەوە دەبینێ، لەبەر ئەوە ڕەمزییەکان پشتیان بەخودی مرۆڤایەتی بەست بۆ ناسینی ڕاست بوون و چوونە قووڵایی دەروونەوە و ڕەمزیان بۆ گوزارشت کردن لە هەست و سۆز و بیریان بەکارهێنا.»(٢٦) ڕەمزییەکان بایەخیان بە خەون دەدا، چونکە گوزارشتی لە چالاکی نەستەکانی مرۆڤ دەکرد. شاعیر لای فرۆید ئەو کەسەیە کە دەزانێ چۆن خەو و خەیاڵەکانی دەکاتە بەرهەمی هونەری «جوانی هونەری دەکاتە هۆیەک بۆ تێرکردنی ئارەزووە کپ کراوەکانی، مرۆڤ و هونەر لەگەڵ خەودا بە تەواوی لە یەکتر نزیک دەکاتەوە.»(٢٧) خەونی شیعری دوو لایەنی هەیە، لەلایەک جۆرێکە لە پەیڕەوی سۆفیانە، لەلایەکی ترەوە سەرچاوەی خەیاڵی شیعرییە، ئەم دوو لایەنەش لە یەکتر جیا ناکرێنەوە هەروەکو دەزانین شیعری ڕەمزی لەکرۆکدا جۆرێکە لە «وەرزشی میتافیزیکی.»(٢٨) شاعیرە ڕەمزییەکان ڕێگای ڕاستەوخۆ ناگرنە بەر بەڵکو بەشێوەیەکی تەماوی و ئاڵۆزی و بە ئاماژە کردن هەستیان دەخەنە ڕوو «لە سیماکانی قوتابخانەی ڕەمزی کە پاشان لەلایەن ڕەخنەگران بە خەوش لە قەڵەم درا، گەمارۆدانی شیعر بە بواری دەروونی و کەم بەرهەمی و دژواری و شاراوەیەکی زۆ پەیڕەو دەکران، جگە لە دووبارەکردنەوەی هەندێ واژە و گوزارشت، لەگەڵ خاسیەتێکی هاوبەش لە

ڕەنگ و بۆنەکـاندا وەکـو شـەمـاڵـی ڕەش و بۆنی شین، خــەوشــێکی تر دانانی شــیــعــــر بەجــۆرێک لە مۆسیقا.» (٢٩) لە سەدەی بیستەمدا گەلێ ڕێڕەوی ئەدەبی تر پەیدابوون وەکو «دادایزم و سوریالیزم بەجۆرێ کە هاوواتای ڕەمز پەیدا بکەن و بەرەو شێواز و زمانێکی ساکار و سادە بچن.» (٣٠)

## ڕەمز و تەمومژ

تەمـومـژ سیـمایەکی هاوبەشی شیعری کۆن و نوێیە، دیاردەیەکی ئاشکرای شیـعـری نوێیـە، کـە جـوانکاری ڕێبازی ئەم جۆرە شیعرەیە تەمومژ پەیوەندی بە سروشتی شیعرەوە هەیە، بۆیە هەندێ جار دەڵێن شیعر تەمومژە، جوانکاری وا دەکـات تەمـومـژ ببێ بە ڕەگـەزی سـەرەکی شیعر. «جوانی ڕەمز بێشک لەسەر قووڵی و گەورەیی بیر وەستاوە بەڵام ئاشکرایش مەرجێکی بنچینەیی و پێویستە، چونکە ڕەمز دەڕووخێ ئەگەر سیمای ئاشکرایی ون کرد کەواتە ئاشکرایی ڕەگەزی هونەرە و ڕەگەزێکی پێویستە بۆ جوانی.» (٣١)

دیارە مەبەست لە ئاشکرایی سادە و ساکاریی ڕووت ناگەیەنێ، چونکە «ئاشکرایی و دەربڕینی شتەکان بە ڕوونی دەبنە هۆی ڕووت بوونەوەیان لەو بەرگە جوانانەی کە هەیانە، لەلایەکی تر ئاشکرایی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەون و خەیاڵ لە شیعردا ون بێ، جا دەبێ شاعیر لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا دوور بکەوێتەوە و رووبکاتە تەمومژ.» (٣٢) دیارە تەمومژ لە شیعردا پێچەوانەی ساکاری نییە و شیعری ساکاریش کە دەمانهەژێنێ لە هەمان کاتدا بۆ قووڵییەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە ساکاری و سادەیی شیعر ناتوانن بمانجوولێنن، کەواتە ئەو ساکارییە قووڵەی لای هەندێ شاعیر، وامان لێ ناکات کە شیعری تەمومژاوی ڕەت بکەینەوە، چونکە ساکاری قووڵ و تەمومژاوی پەیوەندی توندیان بە کرۆکی شیعری ڕەسەنەوە هەیە.» (٣٣). جا پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان دوو جۆر تەمومژ و نائاشکرایی، ئێمە بە زۆری واژەی تەمومژ بەکاردەهێنین و بە کەمی واژەی شاراوە و نائاشکرایی بەکاردێنین، لەگەڵ ئەوەشدا شتی نائاشکرا هەموو دەم شتی تەمومژاوی نییە.» (٣٤) ئەم نائاشکراییەش بۆ ئاڵۆزیی زمان دەگەڕێتەوە و سیمایەکی خراپی شیعرە. (٣٥)

پێویستییەکی هونەری نییە کە واتە شاراوەیی و نائاشکرایی «سەرپێچی کردنە لە دەستوورەکانی ڕێزمان» (٣٦)، بەڵام تەمومژ لە شیعردا خاسیەتی سروشتی بیری شیعرەکەیە (دیاردەیەکی هونەریی هۆشیارە» (٣٧)، تەمومژ خاسیەتی شیعریی نوێیە و شاعیر بە ئاگاییەوە لەکارەکانیدا بەکاری دەهێنێ و شتێکی چاوەڕوانکراوە، بۆیە دەبێ خوێنەر ڕەتی نەکاتەوە و پێشوازی لێ بکات بەتایبەتی شاعیرانی نوێخواز کەوتوونەتە ژێر کاریگەری قوتابخانەکانی وەکو ڕەمزی و سوریالی. «سوریالییەکان و ڕەمزییەکان پەنا بۆ ئەم جۆرە تەمومژ و ئاڵۆزییە دەبەن (کە عەقڵ درکی پێنەکات تەنیا شاعیر دەتوانێ لە ڕێگای وێنەی ناڵۆژیکییەوە کەشفی بکات و گوزارشتی لێبکات.» (٣٨)

**ڕەمز و ئیشارەت:** ئەرنست کاسیرەر جیاوازی لەنێوان ڕەمز و ئیشارەت کردووە و دەڵێ: «ئیشارەت بەشێکە لە بوونی جیهانی مادی، بەڵام ڕەمز بەشێکە لە جیهانی گوزارەی مرۆڤایەتی.» (٣٩)

«ئیشارەت پەیوەستە بەو شتەی کە بەشێوەیەکی چەسپاو ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەر ئیشارەتێک ئاماژە بۆ تاکە شتێک دەکات، بەڵام ڕەمز گشتییە، واتە سرووش بۆ شتێک زیاتر دەکات جووڵاو و گوێزراوە و هەمەجۆرە.» (٤٠)

ڕەمز لە کرۆکییەوە سرووشدارە، تەنیا بە وێنەکێشانی شتە مادییەکان ناوەستێ، بەڵکو هەوڵ دەدات بە گواستنەوەی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر دەروونی هەیە پاش ئەوەی هەست وەری دەگرێ، هەروەها بایەخ بەگوزارشت کردنی کەشە نادیارەکان دەدا کە بۆ قووڵایی خود شۆڕ دەبێتەوە، ئامانجی شاعیری ڕەمزیش گەیشتنە بە داهێنانی بارێکی دەروونی دیاریکراو لە کەشی قەسیدەکەدا، کاتێ زمانی ئاسایی نەتوانێ بارە دەروونییە حەشاردراوەکان بگوێزێتەوە، ئەوکاتە شاعیر ڕوودەکاتە ڕەمز کە توانایەکی هەیە لە چوونە ناو جیهانی نەستەکانەوە. (٤١)

ڕەمز لە ئیشارەت فراوانترە، هەموو جۆرەکانی خوازەی ڕەها و لێکچواندن و خواستن دەگرێتەوە، بەڵام ئیشارەت تەنیا یەک مانای هەیە بۆ نموونە «ئاڵای سوور، نیشانەی وەستان؛ خاچی سەوزی دەرمانخانە هەریەکەیان ئیشارەتن بۆ شتێک و مانای تر هەڵناگرن.» (٤٢)

## تەوەری دووەم: ڕەمز و ڕەگەزە هونەرییەکانی شیعری

### ڕەمز و خوازە:

ڕەمز لە ئەدەبدا لە خوازە و خواستن و لێکچواندن لە

دایک دەبێ، کەواتە زۆر لێکتر نزیکن بۆیە ماریوپرانس دەڵێ: «ڕەمز و خوازە بەری دارێکن.» (٤٣) لەنێوان ڕەمز و خوازەدا پەیوەندییەکی بەتین و بەهێز هەیە، قووڵ چوونە خوارەوە بەدەلالەتی خوازەیی ئەوکاتە خوازە دەبێتە ڕەمز، لەبەر ئەوە ڕەمز لووتکەیە کە خوازە تێیدا کۆتایی دێت.» (٤٤) تاقیکردنەوەی ڕەمزی، تاقیکردنەوەیەکی خوازەییە کە هەوێنی ئالۆزییە، لە دەرکەوتنیدا لەلایەک پشت بە زەین ڕوونی و لەلایەکی تر بە کەواندن دەبەستێ، بەهۆی زەین ڕوونی هونەرمەند دەگاتە ژێی هاوبەش و بەهۆی کەواندنیش دیمەنەکەی دیار دەکات، لە خودی خۆی دێتە دەرەوە، دەیخاتە شتێکی دەرەکییەوە ئەویش کە ڕەمزە» (٤٥)

«لە خوازەدا نیشانەیەکی زمانەوانی یا ژیری پێویستە کە بەرهەڵستی مانا دروستەکە بێت ئەم نیشانەیەش پێی دەگوترێ «قرينة المجاز»، ئەم نیشانەیەش وای لێدەکات کە تێگەیشتنی ماناکەی سنووردار بێت، بەڵام تێگەیشتنی ڕەمز شیکردنەوە و لێکدانەوەی قووڵی دەوێ. لە حەفتاکاندا لەبەر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری شاعیران پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی ڕەمز. باری نالەباری کوردستان، نەبوونی سەربەستی و ئازادی چاپەمەنی شاعیر ناچار بووە کە ڕێگای ناڕاستەوخۆ بگرێتەبەر بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی پێ بشارێتەوە، بابزانین شێرکۆ بێکەس لەم بارەیەوە چی دەڵێ: «خوێنەرانی کورد بەچاکی لە مەبەست و نیازی ئەگەیشتن و ئەیانزانی بارودۆخەکە چۆنە و چی لەو بەرهەمانە بکەین کە لەو ساڵانەدا بڵاوبوونەتەوە ئەبینین چەندین ناوی وەک فەلەستین و قودس و خوارووی لوبنان و کۆنغۆ و ئەمریکای لاتینی و ناوی تریش لای شاعیران و نووسەرانی ئەو سەردەمە دووبارە ئەبنەوە.» (٤٧).

لە هۆنراوەی «زیندان»دا دەڵێ:

**لە کۆنغۆدا**
**ڕۆژێ زیندانێ لە قەڵای**
**خۆی یاخی بوو**
**لە کردنەوەی دەرگاکانی خۆی مانی گرت**
**داوای ڕووخانی خۆی ئەکرد**
**باستیلەکان کۆبوونەوە.. زیندانیان گرت(٤٨)**

کۆنغۆ(٤٩) خوازەیە وەکو ڕەمزێک لەجیاتی کوردستان و باستیلەکانیش خوازەیە وەکو ڕەمزێک بۆ کاربەدەستانی بەغدا بەکارهێنراون، کۆنغۆ بەراوردێکی جوغرافیە لەگەڵ کوردستاندا، وەکو کوردستان خێر و بێری زۆرە، بۆیە پاش ئازاد بوونیشی فەرەنسا بەناوی بەرگری و پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی چاوی بڕیوەتە سامانی وڵاتەکە بەتایبەتی سامانی نەوتی کە وەک کوردستان دەوڵەمەندە.

لە هۆنراوەی «ئەڵقە ڕێز»دا:

**ئەڵقەڕێزێ**
**یەک.. یەک**
**ئە.. ڵ.. قە.. ی**
**لەشی پ.. سا.. ن**
**خۆی لە دەرگایەک ڕاپسکان**
**چونکە ئەو دەستەی هاتبوو**
**بە ئەم لەدەرگاکە بدا..**
**ئەو دەستە بوو..**
**چووبووە خوێنی**
**«کەمال عەدوان» (٥٠)**

«کەمال عەدوان و کەمال ناسر دوو شاعیری لوبنانی بوون سەر بە حزبی بەعسی ئەو وڵاتە بوون و بەدەستی ئیسرائیلیەکان تیرۆر کران، ئەو تیرۆرکردنە نەک هەر لە ڕۆژنامەکانی عێراقدا، بەڵکو لە تەواوی ڕاگەیاندنی دنیادا و لەلایەن گەلێ لە ڕووناکبیرانی دنیاوە پرۆتێست و ناڕەزایی بڵاوکرانەوە، بۆ ڕزگارکردنی «کازیوە»ش من هاتم و ئەو دوو ناوەم خزانە ناو دوو شیعرەوە کە لەوەبەر ڕەقیب خەتی بەسەر داهێنابوون» (٥١)

ناوی «کەمال عەدوان» خوازەیە وەکو ڕەمزێک لەجیاتی ڕووناکبیر و ئەدیبانی کوردستان کە بە دەستی حزبی بەعسی عێراق تیرۆر کران. لە هۆنراوەی «مەل»دا شاعیر دەڵێ:

**خۆڵ و دۆیان کرد بەسەری**
**باخچەیەکی «ئەسمەرە»دا و**
**بەپشتاوپشت**
**گوڵەکانیان**
**سواری پشتی چقڵەکان کرد**
**دارەکانیان دارستان و شاربەدەر کرد**
**هەردوو چاوی ئاویان کوێر کرد(٥٢)**

«ئەسمەرە» (٥٣) خوازەیە، وەکو ڕەمزێک لەجیاتی کوردستان بە کاری بردووە، گوڵ و چقڵیش وەکو دوو ڕەمزی دژ بەیەک، گوڵی بەخەڵکی کوردستان و چقڵیش

بە داگیرکەرانی کوردستان وێک چواندووە، بەشێوەیەکی دڕندانە بەربوونە گیانی ئەو خەڵکە بەسووتاندنی دارستان و وێرانکردنی شار و گوندەکانی کوردستان و پڕکردنەوەی کانی و کانیاوەکەشی.

**ڕەمز و خواستن:** «بابەتی ڕەوانبێژی بەشێوەیەکی گشتی خوازە و درکەیە، لێکچواندنیش بۆیە سەر بە بابەتی ئەو زانستەیە چونکە بنەمایەکە بۆ خواستن، لێکچواندن نەبێ خواستن دروست نابێ» (٥٤). بە گوێرەی ڕەخنەگران و توێژەرەوەی ڕەوانبێژی، لێکچواندن گرنگترین جۆری ڕەوانبێژییە، پێشەکی پێویستە بۆ لێ ورد بوونەوە لە خواستن و خوازەدا» (٥٥). لە بارەی جیاکردنەوەی خواستن لەخوازەوە، ڕاستییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە «هەموو خواستنێک خوازەیە، بەڵام هەموو خوازەیەک خواستن نییە، بەلای جورجانی خوازە بنەچەیە، خواستنیش لقە، ئەم لقەش لەسەر پەیوەندی لێکچوون چێ دەبێ.» (٥٦) لەکاتێکدا کە جوداوازییەکی ڕیشەیی و ئاشکرا لەنێوان خواستن و لێکچواندن لە ڕەوانبێژیی کۆندا دەبینرێ، بەڵام ئەم جیاوازییە لە ڕەخنەی نوێی ئەوروپا کە بە نووسینەکانی ئەرەستۆ کاریگەرە جیاوازییەکی ڕیشەیی و بنبڕ نییە.

جون مدلتۆن دەڵێ: «ئەستەمە جیاوازی گەوهەری لەنێوان خواستن و لێکچواندن بدۆزینەوە، لەڕووی تایبەتمەندی بنچینەییدا خواستن لێکچواندنێکی کورت و چڕە» (٥٧) ماکس بلاک دەڵێ: «شتێکی چەسپاوە کە نزیکی لەنێوان خواستن و لێکچواندن هەیە، ئەو هێڵەی کە هەندێ خواستن لە هەندێ لێکچواندن جیادەکاتەوە بنبڕ و توند نییە» (٥٨) ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە هەردووکیان یەک مەبەست و مەرام بەخۆ دەگرن، هەروەکو کلیانت برۆکس دەڵێ: «ئامانجی خواستن و لێکچواندن، یەکەمیان ڕوون کردنەوەیە و دووەمیان جوانکارییە.» (٥٩) دیارە لە ئەدەبی سەدەکانی ناوەڕاستدا، جیاوازی لەنێوان وشەی ڕەمز و خوازە بە واتای خواستن نەبووە، دواتریش لەلای «گۆتە و کیتس و بۆدلێردا.» (٦٠). عەبدولقاهر جورجانی لە «اسرار البلاغة و دلائل الإعجاز»دا دەڵێ: «نهێنی جوانی هونەری خواستن وەستاوەتە سەر ئەو لەخۆگرتنەی لە ڕەمز و ڕاوەشاندن و ئاماژە کردنە بە مانای شاراوەی دوور کە بەسەر مانای دیاردا زاڵە.» (٦١) جیاوازی لەنێوان ڕەمز و خواستندا «خواستن پارێزگاری ئەو دوالیزمە دەکات کە لە یەکێتییەکەیدایە، بەڵام ڕەمز ئەو دوالیزمە لادەبات و ئاماژە زیاتر بە واتایەک یاخود بیرێک یان سۆزێک دەکات، دەبێتە دەربڕینێک کە ناتوانرێ گوزارشتی لێ بکرێ، واتە سرووش بە شتێ دەکا و بێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە لە کرۆکدا تەمومژاوییە.» (٦٢)

لە هۆنراوەی «پیاوێ لە دارسێو»دا دەڵێ:

**پێویستە هێواش بیمەوە**
**لەبەر دەمی بێ بواری**
**دەریاچەکەی ئەم تەرمەدا**
**لەبەردەمی بەهەیبەتی**
**ئەم شاخە ڕاکشاوەدا(٦٣)**

وشەکانی «شاخ، دەریاچە» خواستراوەن، ڕەمزن بۆ ئیبراهیم ئەحمەدی شاعیر و ڕۆماننووس، تەرمەکەشی لە بەسامیدا بە دیاردەکانی سروشت وێک چواندووە، شاخی ڕاکشاو ڕەمزە بۆ بلەندی و باڵایی و جوانی، دەریاچەش ڕەمزە بۆ ژیانەوە و نوێبوونەوە و گۆڕانکاری، ئەمەش مانای وایە کە ڕۆماننووس هەردەم وەکو ڕەمزی ڕۆشنبیرێکی باڵانما و نەمر و بەخشندە دەمێنێتەوە. لە هۆنراوەی «حاجی و کۆیە»دا، دەڵێ:

**لەو شارەدا پیاوێک هەبوو**
**دڵی هێندەی قۆخێک ئەبوو**
**کەچی نەخشەی گشت کوردستان**
**لەو دڵەدا جێی بووبۆوە(٦٤)**

وشەی (پیاوێک) خواستراوە، وەکو ڕەمزێک لەجیاتی حاجی قادری شاعیری شۆڕشگێڕ بەکارهێنراوە دڵیشی بە خۆخێک چواندووە، ئەم دڵە بچووکەی بۆ کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ لێی داوە، بە کار و کردەوەش هەوڵی ڕزگارکردنی کوردستان و دەوڵەتی کوردی داوە.

«دیجلە دەڵێ»:

**«مانگ»ی خائین وەختێ ئەچێ بۆ ئەستەمبوڵ**
**خەرمانەی خۆی ئەکا بە تۆڕێکی خڕ و**
**تور هەڵئەداتە گیانەوە و ئەوین ئەگرێ!**
**هەموو جارێ «مانگ»ی خائین**
**تریفەی خۆی ئەکا بەگوارە و گەردانە و بە لاگیرە و**
**بە ژنەکانی حەرەمی کۆشکی یەڵدزی ئەفرۆشێ(٦٥)**

«مانگ»ی خائین خواستراوە، وەکو ڕەمزێک بۆ ئیدریسی بەدلیسی بەکاری هێناوە، بۆیە ئیدریسی بە «مانگ»ی خائین چواندووە، چونکە ئەم ڕۆشنبیرە مەزنە خزمەتی بەکاربەدەستانی عوسمانی کردووە، دژ بە گەلە

هەژارەکــەی و بەرهەمــەکــەشی کــردۆتە تۆڕ و گــیــانی شۆڕشگێڕانی پێ بەند کردووە.

**ڕەمز و لێکچواندن:**

خــوازە و خــواستن و درکــە و لێکچــواندن لە بەشــە سەرەکییەکانی ڕەوانبێژین و دەبنە پێکهاتەی ڕەمز، د. نوسـرەت عـەبدولڕەحمـان لە لێکۆڵینەوەکـەیدا لەبارەی لێکچــواندنەوە دەڵێ: «لێکچـواندن تێکەڵی قــووڵایی بوونی مـرۆڤ دەبێ، هەوڵ دەدا ڕاوی ڕاسـتـیـیـەکـان و لێـــچـــوو و لەوچوو بکات، زیاتر دووبارە بوونەوەیان پەیوەندی ڕەمــزی دەگــەیەنێ دوور لە پەیوەندی دیاری نێــوان دوو لایەن، (ئی. سی. دالاس) لە کــتــێــبی «هونەری شـیـعـر»دا(٦٦) دەڵێ: «خـۆشەویسـتی شت پاڵمان پێوە دەنێ بۆ لێکچواندن، لێکچواندن و خواستن لە نیشـانەکانی سۆز و خۆشەویستین، شاعیر لە دەرەوەی خودی خۆیدا هەست بە شتەکان دەکات» (٦٧)

لێکچواندن لە شیعری کلاسیکیدا ئامرازێکی سەرەکی شیعر بووە، بەڵام ئیمرۆ ڕەمز لە شیعری هاوچەرخدا لە سنووری دیاریکراوی خواستن و لێکچواندندا ناوەستێ، ئەم سنوورانە تێکدەشکێنێ و فراوانتر مـامەڵەی لەگەڵ دەکات.

لە هۆنراوەی «من لەوێ ئاوێکی خنکاوم»دا، دەڵێ:

**من لەوێ ئاوێکی خنکاوم!**
**من لە وێ بە وێنەی پیاوێکی ڕۆبۆتی لەش قورس و**
**سەعاتم تەمەڵە و وەک پڕ بم**
**لە پارچە ساچمە و**
**لە وردە ئاسنی ژەنگاوی و**
**لە قوتووی تەنەکەی قوپاو و**
**لە شــــووشـــــەی شکـاوی خــــواردنەوە... ئاوەها ڕێ ئەکەم(٦٨).**

ئاوی خنکاو، ڕەمزە بۆ بێزاری و تەنیایی و ڕەشبینی و نامـۆیی شـاعـیـر، ئاوارەیی و مـەنفـا بەجـۆرێ وێک دەچوێنێ، کـە لە سـوێد نەک مـرۆڤ لە ئاودا دەخنکێ، بەڵکو تەنیــایی و ئاوارەیی و دەربەدەری لەوێ ئەوەندە ترسناک و ناخۆشە گەیشتۆتە پلەیەک کە خودی ئاو کە ڕەمزی ژیانە لە سـوێدا گـیـان لەدەست دەدا و دەخنکێ، شاعیر وەکو ڕۆبۆتێکی بێ گیان هەڵسوکەوت دەکات، تەنانەت سەعـاتەکەشی بە ڕێکوپێکی جوولە ناکاو لە لێدان دەکەوێ، خودی خۆی بە جەستـەیەکی بێ گـیـان، ئاسنی ژەنگاوی، تەنەکەی قوپاو و شووشـە شکاو وێک دەچوێنێ.

**ئاوی تینووم**
**جۆگەیەکم.. لە کەنارما خەم شین ئەبێ**
**ئازار.. ئەڕوێ و گوڵ دەرئەکا**
**چڵ.. تاجی گڕ لەسەر ئەکا**
**خوێن بولبولە و بۆی ئەخوێنێ(٦٩)**

ئاوی تینوو وەکـو ڕەمـزێک بەکـاری هێناوە کـە خێـر و بێــری کــوردســتــان لە نەوت و ئاو و ســوودەکــەی بۆ داگیرکەرانی کوردستانە، خۆشمان لێی بێبەشین، شاعیر خۆی بە «جـۆگـەلە»یەک دەچوێنێ کـە لە کـەناریا خـەم و ئازار شین دەبێ، واتە ئێـمـە ئەگـەرچی خـاوەن سـامـانین کــەچی تووشی زوڵم و چەوســاندنەوە بووینەتەوە، لەو پێناوەشدا خوێن دەڕێژین کە ڕەمزی قوربانیدان و خەباتە، خــوێنیــشی بە بولبــول چواندووە، کــە بولبــول ڕەمــزی ئازادییە، واتە بەرامبەر «ئازار و خوێن» «گوڵ و بولبول» سەر دێنن کە ڕەمزن بۆ سەرکەوتن.

شێرکۆ بێکەس لە «بۆننامە»دا دەڵێ:

**سنگ و بەرۆکی ژان دارک و، ئەگــریجــەی تانســۆ چیللەریش**
**قژی بێستانی هاوینە و... قژی ئاوێکی بۆگەنیش**
**دڵی غاندی و مارتن لۆسەر کینگ و**
**مەرگەوەڕ و ئەتاتورکیش**
**هەموو قوڕگێ ئەم بانگە سپی و ڕەشەی**
**ئەم گمەی کۆتر و ئەم قیڕەی قەل و داڵەی**
**لەسەرخۆی تاپۆ کردووە» (٧٠)**

شاعیر قژی ژان دارک بە بێستانی هاوینە دەچوێنێ کە بۆنێکی یەکجار خۆشە، قژ و ئەگریجەی تانسۆ چیللەریش بە ئاوێکی وەستـاو دەچوێنێ کە ئاوێکی پیس و بۆگەنە. بانگی سـپی و ڕەشـیـش دوو ڕەمـزن، ڕەمـزی سـپی ژان دارک و غـاندی و مـارتن لۆسـەرکینگە کـە وەکـو ڕەمـزی ئازادی و ئاشتی ناسـراون و گـمـەی کـۆترن کـە خـۆشی بڵاودەکەنەوە، ڕەمزی ڕەشیش تانسۆ چیللەر و مەرگەوەڕ و ئەتاتورکە کە ڕەمـزی خیـانەتکارن لە مێژووی کورددا وەکو قەل و داڵ قیڕەی وێرانکارین. (٧١)

سەرچاوە و پەراوێزەکان:
1- J.A. cuddon: Adictionary of Literary Terms, Penguin Book, Great Britain, 1979, P.671.
٢- د. محمد فتوح احمد: الرمز والرمـزية في الشـعـر المعاصر، دارالمعارف، القاهرة، ١٩٧٨، ص٣٣.
٣- نفس المصدر، نفس الصفحة.
٤- د. كامل حسن البصير: بناء الصورة الفنية في بيان العربي، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، ١٩٨٧، ص١١٦.
٥- جبور عبد النور، المعجم الأدبـي، دارالعلم للملايين، بيروت (١٩٨٤)، ص١٢٤.
6- C.D. Lewis: The Poetic Image, Oxford univ press, New York, 1948, P.107.
7- W.Y. Tindall: The literary symbol, New York, P.102.
8- Ibid, P.5.
9- Louis Hourticq: Lart, et La litterature Ed, Flammarion, Paris, 1946, P.240.
١٠- ارشيبالد مكليش: الشـعـر والتـجـربة، ت: سلمى الخضراء الجيوسي، داراليقظة العربية، بيروت، «١٩٦٣)، ص٩٣.
١١- د. محمد فتوح احمد، الرمز والرمـزية في الشـعـر المعاصر، ص١٢٦.
١٢- سيغموند فرويد، محاضرات تمهيدية في التحليل النفسي، ترجمة د. احمد عزت، راجع الطبعة الثانية، مكتبة الانجلو، القاهرة، بلا، ص١٥٥-١٨١.
13- Friar Kimon and Brinnin John Malcolm: Modern Poetry, americand and British, New York, 1957, P.421.
14- C.M. Bowra: The Heritage of symbolism, New York, 1960, P.188.
15- Ibid, P.191.
16- C, Juny: Psychological Types, Tr. By. H. G. Baynes, New York, 1926, P.601.
17- Daniel Leuwers: Introduction a La Poesie, Moderne et contem poraine, Ed Bordas, Paris, 1990, P.40.
18- Decaudin Michel: La Crise des Valeurs symbolistes, Toulues, 1960, P.25.
19- Ibid, P.23.
20- Daniel leuwers, Introduction a La Poesie, P.42.
21- Rene Lalou: Histoire de la litterature Francaise, Contemporaine, V1, Paris, 1953, P.22.
22- J. A. Cuddon: A Dictionary of litterary Termes, P.672.
23- Frank Kermode: Romantic Image, The Macmillan & co, New York, 1957, P.672.
24- Rescusede France: Le nuage rouse, paris, 1977, P.44.
25- Guy Michaud: Message Poetique du symbolisme, Paris, 1947, P.331.
٢٦- أميـة حمـدان: الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، دار الرشيد، بغداد، (١٩٨١) ص٢٤.
٢٧- د. إحسان عباس: فن الشعر، دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت، (١٩٥٩)، ص١٠٦.
٢٨- د. محمد الفتوح احمد: الرمزية والرمزية في الشعر المعاصر، ص١١٥.
29- C. M. Bowra: The Heritage of symbolism, P. 14.
30- Daniel leuwers: Introduction a la Poesie, P. 45.
٣١- انطوان كـرم: الرمـزية والادب العـربي الحديث، دار الكشاف، بيروت، (١٩٤٩)، ص١٤.
٣٢- درويـش الجندي: الرمزية في الادب العربي، مكتبة نهضة مصر، القاهره (١٩٥٨)، ص١٢٠.
٣٣- د. عزالدين اسماعيل: الشعر العربي المعاصر، دار العودة، بيروت، ١٩٧٣)، ص١٩٣.
34- H. Read: Collected Essays in literary Criticism, London, 1952, P. 92.

**35- Ibid, P. 42.**

٣٦- د. بدوي طبانة: قضايا النقد الأدبي، معهد البحوث والدراسات العربية، (١٩٧١)، ص١٥٧.

٣٧- د. محمد الفتوح احمد: الرمز والرمزية في الشعر المعاصر، ص١٤٣.

**38- Andre Breton: Manifestes du surrealisme, Ed, Gallimard, Paris, 1972, P.12.**

**39- Ernst Cassirer: An Essay on Man, New Haven, 1944, P.32.**

**40- Ibid, P.35.**

٤١- انطوان كرم، الرمزية والأدب العربي الحديث، ص١٢.

**42- Christian Baylon, Paul Fabre: Initiation a la linguistique, Ed, Fernand, Nathan, 1975, P.5.**

٤٣- جوان ماكوين: موسوعة المصطلح النقدي، ترجمة د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الرشيد، بغداد، ١٩٨٢، ص٤٦٦.

٤٤- د. مهدى الصالح السامرائي: المجاز في البلاغة العربية، دار الدعوة سوريا، (١٩٧٤)، ص٢٢٩.

٤٥- د. مصطفى سويف: الأسس النفسية للإبداع الفني، دارالمعارف مصر، (١٩٥١)، ص١٩١.

٤٦- عەزیز گەردی: ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، دارالجاحظ، بەغداد، (١٩٧٢)، ل٦٨.

٤٧- یاسین قادر: شێرکۆ بێکەس چەپکێک هەڤپەیڤین، سەردەم سلێمانی، (٢٠٠١)، ل٣٤٢.

٤٨- شێرکۆ بێکەس: کازیوە، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، (١٩٧٨)، ل٢٣-٢٤.

٤٩- کۆنغۆ، کۆمارێکە لە کۆمارەکانی ئەفریقیای ناوەڕاست ساڵی (١٩٧٦) سەربەخۆیی خۆی بە دەست هێنا.

٥٠- شێرکۆ بێکەس: کازیوە، ل٢٥.

٥١- یاسین قادر: شێرکۆ بێکەس چەپکێک هەڤپەیڤین ل٣٤٢.

٥٢- شێرکۆ بێکەس: کازیوە، ل٣١-٣٢.

٥٣- ئەسمەرە، پایتەختی ئەریتریایە، لە ساڵی (١٩٦١)ەوە لە خەباتدان، دووچاری زوڵم و زۆرداریەکی زۆر بوونەوە، تا لە ساڵی (١٩٨٤) ئازادییان بەدەست هێنا.

٥٤- عەزیز گەردی: ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، (١٩٧٢)، ل١٨.

٥٥- د. جابر عصفور: الصورة الفنية في التراث النقدي والبلاغي، دار الثقافة، القاهرة، (١٩٧٤)، ص٢٠٧.

٥٦- د. مهدي الصالح السامرائي: المجاز في البلاغة العربية، ص١٠١.

**57- J. M. Murry: Metaphor, The Problem of style, London, 1968, P. 23.**

**58- Max Black: Models and Metaphors, studies in Language and philosophy, cornel university Press, 1963, P. 37.**

**59- Brooks, C. Warren, R. P: Modern Rhetoric, New York, 1949, P.415.**

٦٠- هنرى بير، الأدب الرمزي، ت: هترى رغيب، منشورات عويدات، باريس، (١٩٨١)، ص٨.

٦١- روز غريب: تمهيد في النقد الحديث، دارالمكشوف، بيروت، (١٩٧١)، ص١٩٤.

٦٢- امية حمدان: الرمزية والرمانتيكية في الشعر اللبناني، ص٢٦.

٦٣- شێرکۆ بێکەس: پیاوێ لە دار سێو، سەردەم، سلێمانی، (٢٠٠٠)، ل٨٥.

٦٤- شێرکۆ بێکەس: ژن و باران، چاپخانەی ئۆفسێتی خاک سلێمانی، (٢٠٠٠)، ل٨١.

٦٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

٦٦- د. نصرت عبدالرحمن: الصورة الفنية في الشعر الجاهلي في ضوء النقد الحديث، مكتبة الأقصى، عمان، (١٩٧٦)، ص(١٠٦).

٦٧- سی. دی لويس: الصورة الشعرية، ت: د. احمد نصيف الجنابي، مالك صبري، سلمان حسن إبراهيم، دارالرشيد للنشر بغداد، (١٩٨٢)، ص١٠٢.

٦٨- شیرکۆ بێکەس: پاییزە میوان، چاپەمەنی سەردەم، سلێمانی، (٢٠٠٢)، ل٩١.

٦٩- شێرکۆ بێکەس: من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، دەزگای چاپەمەنی (الحرية)، بەغدا، (١٩٧٤)، ل٣٦.

٧٠- شێرکۆ بێکەس: بۆننامە، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری، گەلاوێژ، سلێمانی، (١٩٩٨)، ل٤٧-٤٨.

٧١- ژان دارک (١٤١٢-١٤٣١) ئافرەتێکی قارەمانی فەڕەنسی بوو، لە پێناوی ڕزگارکردنی فەڕەنسا، بەرەنگاری ئینگلیزەکان بۆوە، دوای ئەوەی دەستگیر کرا، سووتێنرا.

# سینۆهەم لە خەو بینی

جەوهەر غەمگین

«ورد بیخوێنەرەوە.. ورد بیری لێبکەرەوە.. زۆر وانەی لێ فێر دەبی».

لێتان ناشارمەوە.. کە هەر سەرم لەسەر بالیف دانا و کەم کەمە خەو دەیبردمەوە.. و هێشتا بە تەواوی نەخزابوومە باوەشی فریشتەی خەو.. کە خەونەکان رێچکەیان گرتبوو.. پەیتا، پەیتا خۆیان دەخزاندە ناو مێشک و هزر و بیرم.. بەتایبەتیش ئەو رۆژەی، یان ئەو شەوەی کە شتێکم بخوێندبایەوە و کاری تێمکردبایە.

ئەو شەوەی سینۆهەی خۆشەویستم هاتە خەو.. تازە سەر گورشتەکەیم خوێندبووەوە.. بەڕاستی نەک بەسەرهاتەکانی، بەڵکو هەندێ لە هەڵوێست و گفتوگۆکانی لە نێوان زنجیرە ڕووداوەکانی ئەو بەسەرهاتەی پتر کاری تێکردم.. ڕەنگە لە هەندێ شوێن پتر لە ڕاستییەکان زێدەڕۆیی کردبێ، بەڵام زێدە ڕۆییەکەشی هەر بەتام بوو، چێژم لێوەرگرت.

سینۆهە پزیشکێکی تایبەتی فیرعەونی میسر بوو.. نزیکەی (٣٣٥٠) ساڵ بەر لە ئێستا.. شتی وا دەڵێ و باس دەکا، مرۆڤ وا دەزانێ باسی کۆمەڵگەی پەنجا ساڵ پێش ئیمرۆی ئەو ناوچەیە دەکا.. لەنێوان گێڕانەوەکەیدا وا دەردەکەوێ کە کوڕی کچە خانمی میتانی بێ و درابێتە فیرعەون و کە زگی بووە، کوڕێکی بووە، بەڵام هەوێکەی

کە ناوی (تی ئی) بووە، دایکی (ئەخناتوون)ە، کوڕەکەی لێ شاردیتەوە و کچێکی مردووی لە تەنیشت داناوە و کە شازادە خانمی میتانی بەهۆش خۆی هاتووتەوە و زانیویەتی کە کچێکی مردووی بووە، لە تاوا لە ئاکامدا دەمرێ و باوەژنی کوڕەش دەیخاتە سەبەتەیەک و بەزێی نیلی دا دێڵێ.. بە ڕێکەوت ژنی پزیشکێکی هەژار دەیگرێتەوە و بەخێوی دەکا و ئەو ژن و مێردەش منداڵیان نابێ، وەک منداڵی خۆیان خۆشیان دەوێ.. هەر ئەو ژنەش ناوی (سینۆهە)ی لێ دەنێ.. چونکە ئەفسانە و چیرۆکی کۆنینەی زۆر دەزانی و کە بۆ سینۆهەی دەگێڕایەوە، خۆشی و چێژی لێ وەردەگرت.. جا سینۆهەش پاڵەوانێکی یەک لەو ئەفسانانە بووە، کە حەزی لێدەکرد و ئەو پاڵەوانە تووشی کۆمەڵێک گیروگرفت بوو لە ژیانیدا و لە هەموویاندا دەرباز بوو، بۆیە ئەو ناوەی لێدەنێ.. هەوێی شازادە خانمی میتانی کچی پیاوێکی تەیر باز دەبێ ئەویش لە باوکی فێرە چنینی سەبەتەو شتی تر دەبێ و ئەو جۆرە کەسانەش چنینەکەیان نیشانەیەکی تایبەت بەخۆیانی پێوە دەبێ، ئەوەی شارەزایی هەبێ، دەزانێ ئەو چنینی تەیر بازانە و ئەو سەبەتەیەی سینۆهەشی تێدا بە ئاوێ دا هێڵرابوو. ئەم جۆرە چنینە بوو، دایکیشی ئەو سەبەتەیەی هەڵگرتبوو کە دەچێتە کۆشکی فیرعەون کە چاوی بە دایکی فیرعەون (تی ئی) بکەوێ، دەبینی شتێک دەچنی و ئەو نیشانەی تێدایە کە هەر تەیر بازەکان دەیانزانن و ڕەنگە ئەو سەبەتەی ئەو یەکێکی وەک ئەم ژنە چنیبیەتی، ئەوەی لەکاتی مردنی دایکی فیرعەون یەک لە کەنیزەکانی شەو کە سینۆهە، هەڵیدەخەڵەتێنێ و هەموو شتێکی بۆ ئاشکرا دەکا و دەردەچێ سینۆهە ئەو کوڕەیە کە دایکی شازادە خانمی میتانیە و باوکیشی فیرعەونە و ئەو فیرعەونەی کە ئێستا لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە کوڕی (تی ئی)یەو باوکیشی (ئانی) کاهینی گەورەی میسرە، بەڵام هیچ کاتێک ناوێرێ بەکەس بڵێ من کوڕی فیرعەونی گەورەم و دایکم شازادە خانمی میتانییە.

ئەوەی باسم کرد بە دوورو درێژی لە کتێبەکەیدا خوێندبوومەوە و دەشزانم لە ڕێی خوێندنەوەی مێژوو کە میتانییەکان یەک لە ڕەچەڵەکی نەتەوەی کوردی ئیمرۆن و پایتەختەکەیان (واشۆکانی) واتە (سەرووکانی) بووە کە ئێستا لە سوریەیەو دوایی داکشاون بۆ خوارووی کەرکووک و لە جێگایەک پێی دەڵێن (یۆرغان تەپە) کە (١٣)کم لە خوارووی کەرکووکە پایتەختەکیان دروست کرد ناویان نا (نووزی) بۆیەش پتر سینۆهەم خۆشویست و دڵم پێی سووتا، ڕەنگە ئەم هۆیەش کاری لە هۆکانی تر پتر بووبێ کە بێتە خەونم و گفتوگۆم لەگەڵدا بکا.

سینۆهەی خەون کابرایەکی مامناوەنجی بوو سینگ پان و دەم و چاو خڕ و پێست سپی (وا دیارە چووەتەوە سەر ڕەچەڵەکی دایکی) قسە خۆش و هێمن و لەسەرخۆ.. زەردەخەنەیەکی وەک مانگ ڕووناک دەکەوتە سەر لێوەکانی ڕووی تێکردم و گوتی:

(١)

ئەوا نزیکەی سێ هەزار و پێنج سەد ساڵە مردووم، وازم لە مرۆڤی سەر دنیا هێناوە، لێیان تێربووم، کەیفم بە چارەیان نایێ، ئێستا بۆ بەرۆکم دەگرن و لە دنیای ڕۆژئاواش (گۆڕ) ناهێڵن ئۆقرە بگرم و پشووێکی دوور و درێژ بدەم؟! من دەزانم و بەچاوی خۆم بینیم کە هیچ دڕندەیەک بەرامبەر بە مرۆڤ ترسناکتر و دڕندانەتر لە خودی مرۆڤ نییە و کاتێ کە دەستەیەک مرۆڤ بەسەر دەستەیەکی تردا زاڵ دەبن، بەجۆرێک لەگەڵ ژێر دەستەکانیاندا ڕەفتار دەکەن کە دڕندەکانی ناوچەکانی باشووری میسریش لەگەڵ گیانداری دارستانەکانی خۆیاندا بەو جۆرە هەڵسوکەوت ناکەن، چونکە دڕندە کاتێ کە تێربوو، ئیتر کاری بە گیانەوەرانی دارستانەوە نییە، مەگەر برسی بێت، بەڵام ئەم جانەوەرەی کە ناوی مرۆڤە! هەرگیز تێر نابێت و ئەگەر هەموو دەوڵەمەندی سوریا و بابل و میسریشی بدەیتێ، هێشتا هەر خەڵک دەکوژێت و خانوو وێران دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ سامانێکی زیاتری دەست بکەوێ و کاتێک کە زانی ناتوانێ شتێک لە خەڵک بسەنێت کە دەوڵەمەندیەکەی پێ زیاد بکا، لە تووڕەییدا خەڵکی دەکوژێت کە بۆچی سوودی بۆ نییە و نابێتە هۆی زیادکردنی دەوڵەمەندی، من ڕوانیم کە لە (ژوپێ)دا سەربازانی میسر خانووەکان ئاگر تێبەر دەدەن بۆ ئەوەی کە لە ڕووناکی ئاگرەکەدا شەوانە بتوانن شەراب بنۆشن و خۆیان سەرگەرم بکەن، من بینیم کاتێک کە سەربازەکان دار و نەداری بازرگانەکانیان تاڵان دەکرد دوایی خۆیانیان ئەشکەنجە دەدا کە پێیان بڵێن زێڕو زیوە پەنهانەکانیان لە کوێ شاردووتەوە؟! بینیم سەربازەکانی میسر لە چوار

ڕیانێکدا دەوەستان و هەر کەسێک کە بەوێدا تێپەڕبایە چ ژن.. چ پیاو، چ منداڵ و چ بەساڵاچوو، هەمووویان دەکوشتن و ئامرازی نیشانە نانەوەی کەواندارە (تیرهاوێژ)ە میسرییەکان ژن و پیاو و منداڵانی شاری (ژوپێ) بوو، من وامەدزانی ئەو دیمەنانە کە کاتی خۆی لە شاری تەبەسدا (پایتەختی میسری ئەوکاتە) لەکاتی شەڕی خوایەکاندا بینیبووم، بە ترسناکترین دیمەنێ لە قەڵەم دەدرێ کە من لە هەموو سەردەمی ژیانمدا بینیبێتم، بەڵام کاتێ کە تاوانکارییەکانی سەربازەکانی (هۆرم هەپ)م لەشاری ژوپێدا بینی.. زانیم کە کارەساتەکانی شاری تەبەس هەر چۆنێک بێت، لەبەر ئەوەی کە هەردوولایەنی لایەنگری (ئاموون) و (ئاتوون)ی میسری بوون، هەندێ جار بەزەییان بە ژن و منداڵەکاندا دەهاتەوە، هەمووویان وەکو ژن و منداڵەکەی من نەدەکوشت، بەڵام سەربازانی هۆرم هەپ لە ژوپێدا منداڵانی شیرە خۆرەشیان دەکوشت، هۆرم هەپیش ئەوانی بە تەواوەتی- ئازاد کردبوو و ڕێگای لێ نەدەگرتن. من وا هەست دەکەم کە ڕەشە کوژی و چەپاولی سەربازانی هۆرم هەپ لەشاری ژوپێدا فەرامۆش ناکرێ و لەو کۆمەڵ کوژ و تاڵانکارییە بێ وێنەیەدا سەربازەکان چێژی دەسکەوتنی دەوڵەمەندیان چەشت من دەتوانم بڵێم کە هۆرم هەپ بە ئەنقەست سەربازەکانی لەو شارەدا بەرەڵڵا کرد بۆ ئەوەی ئەوان بزانن کە تاڵانی ماڵی خەڵک و بەدیل گرتنی ژن و منداڵە بێتاوانەکان چەند بە لەزەتەو لە ئایندەدا بۆ دەستکەوتنی ئەو جۆرە چێژ وەرگرتنە بەرەو پیری هەمووو جۆرە مەترسییەک بنەوە، هەروەها شیلێهات و لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی (ژوپێ) کاتێ کە هۆرم هەپ هەوڵی دا شارەکانی تری سوریا بگرێتەوە سەربازەکانی ئەو بۆ بەدەست هێنانی شەراب و ژن و زێڕ باکیان لە هیچ مەترسییەک نەبوو، پێشوازیان لە مردن دەکرد یەکێک لەو شتانەی کە سەربازەکانی میسری وا لێ دەکرد کە هەتا سەرکەوتن تێبکۆشن، یان بمرن ئەوە بوو کە دەیانزانی سەربازەکانی (ئازیرۆ) شای (ئامۆرۆ) دیل ناهێڵنەوە و بەزیندوویی کەوڵی دەکەن! من لە بارەی تاوانکارییەکانی سەربازانی میسر لە سوریا چیتر نادوێم، چونکە هەر کاتێ بیر لەو دڕندایەتیانە دەکەمەوە لە تاوان پەژارەی دڵم لە ناو سینەمدا وەکو بەردێک قورس دەبێ. دەستەکانم دەلەرزن و ناتوانم ئەو وێنانە لەسەر پاپیرۆس بکێشم هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەرلەوەی هۆرم هەپ بچێتە ناو شاری ژوپێ، لەو شارەدا جگە لە منداڵان کە نەژمێردران، بیست هەزار کەسی تێدا بوو، بەڵام کاتێ هۆرم هەپ لەو شارە ڕۆیشت تەنیا سێسەد کەسی تێدا مایەوە.

**مرۆڤ کاتێ مردن دەبینێ تێدەگات بەبێ مانا دەڕوانێتە هەموو شتێ**

(٢)

ئێستا دێمە سەر باسکردنی چۆنیەتی خوێندنم، بەرەبەرە چوونە ناو کاروانی ژیان. ڕۆژێک باوکم جلکە نوێیەکەی خۆی لەبەرکرد و دەستی گرتم بردمیە پەرستگای ئاموون و گوتی: دەمەوێ تۆ بنێرمە (خانەی ژیان) بۆ وەرگرانی من لە خانەی ژیان دەبوایە کاهینەکانی پەرستگا ڕازی بوونایە، بەڵام باوکم لەبەر ئەوەی کە لە هەموو تەمەنیدا هەر هەژار و گەداکانی چارەسەر دەکرد، لە هەڵسان و دانیشتندا لەگەڵ کاهینەکاندا بێبەش بوو. ئەو نەناسینە زیانێکی زۆری بە ئێمە گەیاند، چونکە هەموو ئیش و کار بەدەست کاهینەکان بوو لە میسر لەبەر ئەوەی باوکم لە پەرستگادا کەسی نەدەناسی ناچار لە حەوشەکە لەسەر زەوی دانیشت بۆ ئەوەی وەکو ئەوانی تر نۆرەی لەلایەن یەکێ لە کاهینەکان بانگهێشت بکرابایە، بەم جۆرە تا پاش نیوەڕۆ سرەمان نەهات.

لەوکاتەدا پیاوێک هاتە ژوورەوە و باوکم هەر کە بینی ناسییەوەو گوتی: ئەمە (پاتوورە) کە بەیەکەوە لە خانەی ژیان دەمانخوێندو لەیەک پۆل بووین.. ئەو ئێستا کاسەی سەری فیرعەون کون دەکا.

باوکم کاتێ کە (پاتووری) بینی لەبەری هەڵسا و ئەویش کە چاوی بە باوکم کەوت زوو ناسییەوە و چاک و چۆنی لەگەڵ کرد و دەستی خستە سەر شانی باوکم و لێی پرسی: ئەمە چی دەکەی لێرە؟ باوکیشم پێی گوت کە هاتووم ڕوخسەت لە کاهینەکان وەربگرم کە ئەم کوڕەم لە خانەی ژیان بخوێنێ، گوتی: ئەم کارەتان بێ سوودە لەبەر ئەوەی کە داواکەتان ڕەت دەکرێتەوە، چۆن بێگومانم ڕەتی دەکەنەوە، دوایی من خۆم دێمە ماڵتان، لەم بارەیەوە گفتوگۆ دەکەین. ئیتر بۆ ماڵ گەڕاینەوە.

درەنگی شـەوبوو پانوور هاتە مـاڵمـان و خـواردن و خـواردنەوەیەکی نایابمان بۆ ئامـادە کـردبوو زۆری خـواردو زۆرتریشی خـــواردەوە، شـــەو لامـــان مـــایەوە، بەدەم خواردنەوە پاتوور گوتی: ئەو پیشەیەی من کە کونکردنی سەری فـیرعـەونە بۆ یەکێکی تـەمـبەڵی وەکـو من زۆر لە بارە، چونکە لەناو هەمـوو بەشـەکـانی پزیشکی هیچ بەشێک لە بەشی کاسەی سەرو مێشک ئاسانتر نییە، جگە لە ددان و گـوێ و قـورگ کە ئەمانە پێـویستـیـان بە پسـپـۆری تایبـەتی خـۆیان هەیە من ئەگـەر کـابرایەکی تـەمـبـەڵ نەبومـایە و بچـومـایـەتە بەشـێکی تر، پزیشکێکی ئاسـایی وەکـو تۆم لێ دەردەچوو کـە دەبـوایە چارەسەری خەڵکیم بکردایە و ژیانم پێیـان ببەخشـیبا، بەڵام ئیمڕۆ ئیشی من ئەوەیە کە خەڵک بمرێنم کە خەڵک لەوانەی پیـرو پەککەوتە و ئەوانەی چارەسـەر ناکـرێت، بێزار دەبن و دەیانهێنن بۆ لای من کە سەریان هەڵدڕم و منیش کاسەی سـەریان هەڵدەقڵـیشـێنم بۆ ئەوەی هەڵـمە ئـازاردەرەکـان دەربچن و لە ئەنجـامــدا ئەو نەخــۆش و بەساڵاچووانە دەمرن، ئەگەر وەک تۆ بوومایە بە پزیشکی هەژاران ئەم زگـــە زلەم نەدەبوو، ئەم ورگـــەم تەنانەت ناهێـــڵێ بە باشی بەرێدا بڕۆم. لەبەر ئەوەی پزیشکی فـیـرعـەونم و هەمـوو جۆرە خـواردنێکی بەهێـز و نایاب دەخۆم ئەم ورگەم پەیدا کردووە، بەڵام تۆ چونکە دەرامەتی تەنیا ئەو خواردنانە دەخۆی کە بۆ تەندورستیت پێویستە و ورگت پێی گـەورە نابێت و دوو ئەوەندەی من دەژیت، چونکە بۆ کـــورت کـــردنەوەی تـەمـــەن هیـچ شـــتێ لەوە کـاریگەرتر نیـیـە کـە مـرۆڤ ئەو خـواردنانە بخـوات کـە پێــویســـتــە پێش خــواردن بکوڵێندرێت، دوایی دەمی باوکمی کردەوە، دەمی خۆشی نیشانی باوکم دا و گوتی: سـەیرکـە من لە سیـانزە ددان زیاترم نەمـاوە، ددانەکـانم بوونەتە بەڵاگـــێـــڕی خــواردنی کــوڵاو، بەڵام تۆ چونکە نەبوونیت، زۆربەی کـات خـواردنی سـروشـتی و سـادە دەخۆی ددانەکانت پاراستووە، لەوکـاتەدا پاتوور وا دیار بوو دەیویست- شتێک بدرکێنێ، بەڵام ترساو گوتی: من زۆر شت دەزانم، زۆر نهێنی لە دڵی مندا شاردراوەتەوە، خەڵکی کە ئەم بابەتە دەزانن لێم دەترسن من کـابرایەکی چارە ڕەشم، چونکە زۆر شت دەزانم و هەتا زانیــــاری مرۆڤ زیاتر بێ پتر هەست بە خەم و پەژارە دەکا.

دەسـتی بەگـریان کـردو بەکـراسـە کـەتانەکـەی دایکم چاوەکانی خۆی سڕیبەوە، بە باوکمی گوت: تۆ پیاوێکی هەژار و شـەریفی، بەڵام من پیـاوێکی دەوڵەمـەندم و لە بری ئەوە خراپم و لە ڕیخە سەر ڕێی مانگا کەمترم.

بۆ بەیانی کـە لە خـەو هەڵسـا لـە نووسین و خـوێندنەوە تاقی کـردمـەوە کـە زانی سـەرکـەوتنم بەدەست هێنا لێی پرسیم: دەتەوێ ببی بەچی؟ گوتم دەمەوێ لە خانەی ژیان بخـــوێنم بۆ ئەوەی وەک باوکم ببم بە پزیشـک، پاتـوور گـوتی: سینۆهە هەندێ ئامـۆژگـاریت دەکـەم، دەبێ باش گوێی لێ بگری و لە بیری نەکەی، بەڵام من لەبیر بکە کە ئەم شـتـانەت پێ دەڵێم. هەرگـیـز باسی ئەوە مـەکـە ئەو ئامۆژگاریانەت لە پزیشکی تایبەتی فیرعەون بیستووە، ئەو شوێنەی بۆ فێربوونی پزیشکی دەچیە ئەوێ، جێگەی کـاهینەکـانە و ژیان و پێـشکەوتنی تۆ بەسـتـراوەتەوە بەویسـتی ئەوان تۆ کـە چوویتـە ئەوێ، دەبێ ملکەچ و گـوێڕایەڵ و بێـدەنگ بی هەرگـیـز نەکـەی ڕەخنە لە شت بگری و بیـروباوەڕی دەروونی خـۆت ئاشکرا بکەی و هەر چیشت پێ دەڵێن دەبێ ڕازی بی ئەوەش بزانە کە مـرۆڤ دەبێ لە ژیانیـدا و بەتایبەتی لە خـانەی ژیان وەکـو ڕێوی فێڵباز و وەک مار بێدەنگ بێ، بەڵام لە ڕواڵەتدا وەکو کۆترێکی غـەدرلێکراو و مەڕێکی بێ ئاگا خـۆی نیشـان بدا. لە بیـری مـەکـە، کـە مـرۆڤ تەنیـا لەوکـاتەدا دەتوانی شێوەی ڕاستـەقینەی خـۆی دەربخات کە هێز و دەستـەڵات و زیرەکییـەکی زۆری هەبێت و تا ئەو ڕۆژەی کە دەگـەیتە ئەو هێزو دەستەڵاتە گوێڕایەڵ و لەسەرخۆ و ملکەچ بە.

**(٣)**

دەبوایە پێش ڕۆیشتن بۆ خوێندن بۆ ماوەی هەفتـەیەک لە پەرستگا بە ڕۆژوو بووینایە و لەوێ دەرنەچووینایە، لە شەوی کۆتاییدا دەبوایە خوا (ئاموون) خۆی نیشانی ئێمە بدایە و لەگەڵماندا بدوابایەو ئەگەر بمانبینایە و لەگەڵیدا قسـەمـان بکردایە، ئەوسا شیـاوی وەرگیـران بووین لە خانەی ژیان و لە دوای ئەو هەمـوو مێـشک شۆرینەوە و پڕکردنەوەیە لە بارەی (ئامـوون) ستـەم بوو کـە یەکـێک بڵێ نەمبینیوە و قسەم لەگەڵ نەکردووە.

لە ناو قـوتابیـاندا من لە هەمـوویان چاوکـراوە تر بووم، چونکە لەگەڵ باوکمدا دەچووینە دیار سەری زۆر نەخۆش و مردنیانم بە چاو دەدی و لە منداڵیەوە تا تەمەنی شازدە ساڵی زیاتر لە پەنجا نەخـۆشم بینی کـە لە پێش چاومـدا گـــیـــانیـــان دەرچوو، من هەرچەندە منداڵ بووم، هەر لەوکـاتەدا هەسـتم بەوە کـرد کـە هیچ شـتێ وەکـو مـردن

> **سینۆهە.. تۆ بەبێ هۆ چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت کە مرۆڤ لەوە باشتر بێ کە ڕق و کینە و هەوەسبازی دروست کردووە**

مرۆڤ ئاگاداری هەندێ قسـەی پڕوپووچی کاهینەکان ناکاتەوە، چونکە بە چاو دەبیندرێ کە مردنی مرۆڤ جیاوازی نییە لەگەڵ مردنی گیانەوەرانی ترو تێدەگا کە ئەگەر کاهینەکان وەکو خۆیان دەڵێن نوێنەرو هەڵبژێردراوی (ئاموون)ن لەسەر زەوی، بۆچی جڵەوی مردن ناگرن و هەر نەبێ وابکەن خۆیان نەمرن.

مرۆڤ کاتی مردن دەبینێ ئینجا تێدەگات کە ئەو بیروباوەڕانە پڕوپووچن و بگرە بەبێ مانا دەڕواننە هەموو شتێ، قوتابییەکانی تر وەکو من چەندین جار مردنیان نەدیبوو، بۆیە نەیاندەتوانی وەکو من بیر لە گێڕانەوەی کاهینەکان بکەنەوە، دوای تەواوبوونی ڕۆژی حەوتەم کە لە پەرستگا بە ڕۆژوو بووین، سەریان تاشین و ئێمەیان لە حەوزی گەورەی پەرستگاکەدا شۆری.. جلکێکی تایبەتی خانەی ژیانیان لەبەر کردین.

کاتی خۆر ئاوابوون کە (ئاموون) لە پشت گردەکانی ڕۆژئاوا بزر بوو پاسەوانەکان فوویان کردە کەڕەناکانیان، دەرگای پەرستگاکە داخرا و لەو کاتە یەکێ لە کاهینەکان کە ئەوەندەی خواردبووەوە بەلادا دەهات، بانگی کردین و ئێمەش بە دوای کەوتین و لە دالانێکی درێژ تێپەڕ بووین و دەرگایەکی بۆ کردینەوە. چووینە ژوورێکی گەورە کە فەرشێکی تێدا ڕاخرابوو بینیم هۆدەکە تاریک بوو، بەڵام لە ناوەڕاستی هۆدەکە پەردەیەک هەڵواسرابوو کە کەمێ تیشکی ڕووناکی لە پشتییەوە دەهاتە ئەم دیو من تا ئەوکاتە نەچووبوومە ئەو ژوورەوە، بەڵام زانیم کە ژووری (ئاموونە) کاهینەکە پەردەی لابرد و لەوکاتەدا من بۆ یەکەمین جار چاوم بەخوا (ئاموون) کەوت کە وەک مرۆڤ وابوو، چونکە گەنج بووم و باوەڕم بە خوا (ئاموون) هەبوو لەشم لەرزی.

ئاموون کراسێکی لەبەردابوو ئەو هەموو چرایە لە دەورەی ئاموون داندرابوون و زێڕو بەردە گرانبەهایەکان لەسەر و سەر ملی دەدرەوشانەوە!

کاهینەکە گوتی: دەبێ ئێوە ئەمشەو تا بەیانی بە ئاگا بن و خوا پەرستی بکەن، بەڵکو خوا (ئاموون) قسەتان لەگەڵ بکات و ئەگەر لەگەڵتان دوا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەشیاوتان دەزانێ بۆ چوونە ناو قوتابخانەی (خانەی ژیان) و ئەگەر ئەم شەرەفەتان پێ بەخشرا، ئەوا سبەینێ بەیەکەوە «ئاموون» دەشۆین و جلەکانی دەگۆڕین و ئەوسا دەچینە خانەی ژیان.

دواجار پەردەکەی بە ڕووی ئاموون دا دایەوە و بەبێ ئەوەی دەست بخاتە سەر ئەژنۆی و سەردانەوێنێ و بۆی بچەمێتەوە، لە ژوورەکە چووە دەرەوە و دەرگای داخست.

هەر ئەوەندە کاهینەکە چووە دەرەوە کە ئەو قوتابییانەی لە من گەورەتر بوون دەستیان کرد بە پێکەنین و نان و گۆشتیان لە گیرفانیان دەرهێنا و دەستیان بە خواردن کرد، یەکێکیان چووە دەرەوە.. قوتابییەکان گوتیان ئەوە دەچێتە ژووری کاهین کە لەوێ نان بخوات و هەر لەوێش شەو بخەوێ، چونکە ناتوانێ لێرە لەسەر بەرد بخەوێ، بەڵام من چونکە بە ڕۆژوو بووم، ئامادە نەبووم لە نانەکەی ئەوان بخۆم. نان و خواردن لە کاتێکدا کە ئاموون لەودیو پەردەکەوە بوو، بە کوفرم دەزانی.

بەرەبەیان پاسەوانەکانی پەرستگا نەفیریان لێداو دەرگاکانیان کردەوە ئەگەر ئەو شەوە من نەنووستم وەک ئەوانی تر، بەڵکو گوێم لە دەنگی ئاموون دەبێ، بەڵام گوێم لە هیچ دەنگێک نەبوو کاتێ هەتاو هەڵهات کاهن و ئەو کوڕەی شەو لای خەوتبوو، هاتنە ژوورەکە، لە سەروچاوی هەردووکیان هەستم کرد کە خواردوویانەتەوە، پاشان ڕووی کردە ئێمە و گوتی: ئەی ئەو کەسانەی کە ئارەزوو دەکەن بچنە خانەی ژیان، ئایا شەو بە ئاگا بوون و خوا پەرستیتان کرد؟! هەموو بەیەک دەنگ گوتمان: بەڵێ، کاهینە کە گوتی: ئایا (ئاموون) لەگەڵتان دوا و دەنگی ئەوتان بیست؟ پاش کەمێک بێدەنگی یەکێ لە قوتابیان کە ناوی (مووسا)بوو گوتی: بەڵێ قسەی لەگەڵ کردین.. ئەوانیتریش هەمان قسەیان کردەوە، بەڵام من هیچم نەگوت، چونکە ئاموون قسەی لەگەڵم نەکردبوو و سەرم سوڕمابوو کە چۆن ئەوان دەیانوێرا ئەو درۆیانە بکەن!!

ئەو کوڕەی کە شەو لای کاهینەکە بوو، بەبێ شەرمییەکی سەرسوڕهێنەر وتی: (ئاموون) هاتە لای منیش و چەند نهێنییەکی پێ وتم.

بەڵام جەختی کرد کە لەلای کەس نەیدرکێنم و من بە

بیسـتنی ئەو دەنگە هێمن و بە سۆزەی زۆر کەیف خۆش بووم، مووسا گوتی کاتێ کە ئاموونم بینی و دەستێکی بەسـەرم داهێناو وتی: ئەی مـووسـا مـن فـەرو پیـرۆزی دەپرژێنم بەسەر خۆت و خێزانەکەتدا.

تـۆ لە داهـاتوودا دەبیـــــتــــــە یـەکێ لـە پزیشـکـە بەناوبانگەکـانی میـسـر، لە دوای مـووسـا هەریەک لە قوتابیەکان کورتە چیرۆکێکیان ڕێک خست سەبارەت بە بینینی ئاموون و قسەکردن لەگەڵیدا، تا نۆرە هاتە سەر من، کـاهینەکە لێی پرسیم: سینۆهە ئامـوونت بینی؟ و گفتوگۆت لەگەڵدا کرد؟!

وتم: نا.. من نەبینیم و نەگوێشم لە دەنگی بوو، تەنیا بەرەبەیان هەستم کرد پەردەکەی کـەمێ دەجوولێتـەوە و کاهینەکە بەگرژی سەیرێکی کردم و بێدەنگی دایگرتین، یەکێک لە گەنجەکان کە لە زووەوە ببووە هاوڕێم دەستی کـاهینەکـەی گـرت و بردیە پەنایەک، بەهێـواشی قسـەی لەگەڵ کرد و کـاتێ گەڕانەوە لام، کاهینەکە بەڕقەوە گوتی ســینۆهە چونکە بێگومـــانم لە باوەڕی پاکی تۆ، وەرە لەوانەیە ئامـوون قسـەت لەگەڵ بکا ئینجـا بە ئیشـارەتی ئەو کـوڕە پەردەکەی لابرد و منی بردە بەرامبـەر بتـەکـەی (ئامـوون) و ناچاری کردم کـە سـەرم بخـەمـە سـەر زەوی و هەر بـەم حـاڵـە بەجـێی هێـشـتـم، لەناکـاو بانگێک لە ژوورەکـــەدا دەنـگی دایەوە و پێی وتم: ســــینۆهە.. سـینۆهە.. من دوێنێ شـەو ویسـتم ئاخـاوتنت لەگـەڵدا بکەم. بەڵام تۆی تەمـبـەڵ خـەوت لێکەوتبـوو، سـەرم هەڵبڕی و وامـزانی دەنگەکـە لە دەمی ئامـوونەوە دێتـە دەرێ و دواجـار هەر ئەو دەنـگە گـوتی: سـینۆهە.. من ئامـوونم و لە سـزای کـەمـتـەرخـەمـیـەکـەی دوێنێ شـەوت ویستم دەرخـواردی خـوای (تایبـەت بە قـووتدانت) بدەم، بەڵام چونکە دەزانم بیـروباوەڕت بەمن پتـەوە، ئەمـجـارە لێت خۆش بووم.

ئەگەرچی بۆم دەرکەوت کە ئەو دەنگە دەنگی (ئاموون) نەبوو، بەڵکو دەنگی کاهینەکە بوو کەمێکی پێچوو هات و لەســەر زەوی هەڵیســـاندم و داوای لێکردم کـە بـچم لەگەڵیاندا ئاموون بشۆین.

(٤)

خـوێندنم تەواو کـرد، مـاوەیەک دوایانخـسـتم، چونکە چەند جـارێک و لە چەند بۆنەیەکدا پرسیبـووم.. بۆچی؟ لەبەرچی؟! چونکە نەدەبوو قوتابی پرسیاری ئاوا بکا.

لە خانەی ژیان دەرچوم و بووم بە پزیشک: هی گەڕەکی هەژاران- وەک باوکم- زۆری نەخۆشەکانم چارەسەر دەکرد هیچم لێ وەرنەدەگرتن، چونکە زۆربەیان هیچیـان نەبوو، بۆیە زۆر خۆشەویست بووم لایان خزمـەتکارێکم بەکرێ گرت (لە ڕاسـتیـدا کـڕیبـووم، کـۆیلە بوو) ناوی (کـاپتـا) بوو، چاوێکی کوێر بـوو، زۆر دڵسـۆزم بوو، بەڵام جاروبار دزیشی لێدەکردم و هەر لەبەر ئەو دڵسـۆزییـەش بوو کـە ڕێگام دا کە لە جـامـێکی گـڵـیـدا خـواردنەوە بۆ خـۆی تێبکات و پێم گـوت: کـاپتـا بەر لەوەی داوام لێبکەی ئازادت بکـەم، مـن لە دڵی خـۆمـدا تـۆم ئازاد کـردووە و ئازادی تۆ، لەو ڕووەوە، گـوتی: ئازادیش بم هەرگـیـز بە جێت ناهێڵم، گوتم لە بیرتە کە من و تۆ دەمانویست لەم شــــارە دەربـچین من کـــــانزام نەبوو و تۆ هەمــــوو پاشەکەوتەکەی خۆت دا بە من؟ بۆ ئەوەی بتوانین دەرباز بین، لەو ڕۆژەوە مـن بڕیارم دا کــــە هەر کـــاتێک مـن دەوڵەمەند بووم، ئازادت بکەم و دوایی پێت بڵـێم ئەگەر حەزت لێیە وەک خزمەتکارێک (نەک بەندە) لەلای من بمێنیـتـەوە، باشە ئەگـەر نا بۆ هەر شـوێنێک کـە دەتەوێ بڕۆی، بڕۆ. ئێسـتـاش پێت دەڵێم کە ئازادی و بـۆ زیاتر دڵنیا بوونت سبەینێ نووسراوێک بە نووسەرێک دەنووسم کـــە ئازادی بۆ ئەوەی باوەڕم پێ بکەی، بەڵام تۆ وتت لەمەودوا من بە قازانجی زێڕو پارەکەم ژیان بەسەر دەبەم پێم بڵێ زێڕی مـن چۆن سـوودی دەبێ. مـەگـەر وەک پێم وتبووی زێڕەکانی منت لە پەرستگەی ئاموون بە ئەمانەت دانەناوە؟!

کـاپتـا بە تاکە چاوەکەی سەیرێکی کردم و گـوتی: نا، سینۆهە، ئێستاکە ئازادم پێت دەڵێم کە من فەرمانەکەی تۆم جـێـبـەجێ نەکـردووە و زێڕەکـانی تۆم لە پەرسـتـگە دانەناوە، چونکە فەرمانەکەی تۆ لە عەقڵـەوە دوور بوو و من ئەوکـارانەی دژ بەعـەقڵ بن جێـبـەجێـیـان ناکـەم، وا بۆشت ڕوون دەکـــەمـــەوە، چونکە ئەم فـــەرمـــانەت دژ بەعەقڵە! پێت دەڵێم کە تەنیا خەڵکی نەفام زێڕی خۆیان لە پەرســـتگە دادەنێن، چونکە بە دانانی زێڕو پارە بە ئەمـانەت لە پەرسـتگا دوو خـراپەی زۆر گەورەی هەیە؛ یەکەم ئەوەیە کە کاهینەکان و لە ئاکامدا، فیرعەونیش لە بڕی سـامـانی تۆ ئاگـادار دەبنەوە و دەزانن کـە تۆ چەند زێڕت هەیە و یەکێک لەو کارانەی کە نیشانەی شێتییە، ئەوەیە کـە مـرۆڤ خـەڵکی تر لە چەندێتی داراییـەکـەی

خۆی ئاگادار بکاتەوە، دووەمیشیان ئەوەیە کە کاتێک تۆ زێڕەکەت لە پەرستگە دادەنێیت و لە خەزێنەی ئەوێ دەمێنێتەوە.

هەموو ساڵێک دەبێ کەمێک لەو زێڕە لە بری هەقی خەزنەداری بدەیتە پەرستگە و لە ئاکامدا ساڵ بەساڵ زێڕەکەت لە کەمی دەدا، بۆیە لەوکاتەی تۆ بۆ پیاسە چوویتە دەرەوە کە هاوڕێیەکانی کۆنت ببینی من لە شاردا سووڕامەوە بۆ ئەوەی بزانم کە چۆن زێڕ دەخرێتە کارەوە؟ کە بە هۆیەوە قازانجت دەست بکەوێ!! بەبێ ئەوەی ئیشێک بکەی و ماندوو بیت، سوود وەربگریت، من زانیم کە لە شاری (تەبەس) کەس زێڕی خۆی لە پەرستگەی ئاموون دانانێت، چونکە لێی دڵنیا نابێت و دەترسێ زێڕەکەی لەوێ بفەوتێ، جگە لەوەش ئەو زانیارانەم بە چنگ کەوت کە یەکێک لەوانە زانیم خوا (ئاموون) وا خەریکە زەویەکانی خۆی دەفرۆشێت، وتم: زێڕەکەی منت بە زەوی دا؟ گوتی: نەخێر گەورەم، چونکە نەتۆو نەمنیش سەرمان لە کاری کشتوکاڵی دەرناچێ، گوتم: کاپتا بە دوور ودرێژی باسی کشتوکاڵ و سەرکار و سەپان و جووتیار و درووێنەو کێڵانم بۆ مەکە پێم بڵێ زێڕەکەی منت بە چی داوە؟ کاپتا وتی: لەبەر ئەوەی پەرستگەی ئاموون کێڵگە کشتوکاڵییەکانی خۆی دەفرۆشێت و دەفر و مس و زێڕ و زیو کۆدەکاتەوە، وەکو باسم کرد و پارە لە میسر زۆر کەم بوو و ئەم کەم بوونەوەیەش بووەتە هۆی ئەوەی نرخی خانووی نیشتەجێ و جێگا بازرگانییەکان لە دابەزیندایە بۆیە هەر کە من زانیم کە خانوو نرخی دابەزیوە و هەرزان بووە، بەشێکی زێڕەکەتم داوە بە چەند خانوویەکی نیشتەجێ و چەند جێگایەکی بازرگانیم کڕیوە، تۆ ئەم خانووانە بەکرێ دەدەیت و هەموو ساڵێک کرێکەیان وەردەگری و هەمیشە خانووەکانیشت هەر دەمێنن و سوودێکی چاکیشیان لێوەردەگری و ئەگەر کرێچیەکان، بە بۆنەی دەلالیەوە دیاریەکم بدەنێ.. پێوەندی بەتۆوە نییە!! بەڵکو پێوەندی بە دەبەنگی خۆیانەوە هەیە، چونکە من لەم کارە هیچ شتێکت لێ نادزم، بەڵکو دیاری لە کرێچیەکان وەردەگرم و ئەگەر تۆش بتەوێ دیاریەک بە بەندەکەی پێشووی خۆت ببەخشی، ئەوا لێت وەردەگرم. گوتم: کاپتا من هیچ شتێکت پێ نادەم، چونکە دەزانم ئەو کارەت بۆ قازانجی خۆت کردووە، چونکە دەتەوێ لە ڕێی بەکرێدان و نووژەن کردنەوەی خانووەکان دزیەکی باشم لێبکەی

کاپتا وتی: تۆ بە هەڵەدا چووی، ئەگەر گەورەیەکی قرچۆک و ڕەزیل بووتایە ڕەنگە وام بیر بکردایەوەتەوە، بەڵام تۆ گەورەیەکی بەخشندە و بە بەزەیی، پێویست ناکا من لەگەڵ تۆدا ئەم جۆرە لێکدانەوەیە بکەم.

چونکە هەرچیەک کە تۆ هەتە لەژێر دەستی من دایە و من ماڵی تۆ بە هی خۆم دەزانم و کاتێک کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی تۆ دەکەم، لە ڕاستیدا بەرژەوەندییەکانی خۆمم پاراستووە.

ماوەیەکی پێچوو کە لە تەبەس سبەینەیەک ڕۆژ سەری دەرهێنا، لە ماوەیەکی کەمدا ناسازگاری هەوای شەوی لەناوبرد، لەوکاتەداو لە چوار ڕیانەکان و مەیدانەکانی شار نەفیریان لێدا و چەند جارچیەک لە مەیدانێکەوە بۆ مەیدانێکی تر دەڕۆیشتن و لەسەر پاپیرۆسەکان فەرمانی فیرعەونیان دەخوێندەوە و ناوەرۆکی فەرمانەکە ئەوەبوو کە (ئاموون) خوایەکی درۆیینەو دەبێ سەرنگوون بکرێ و هەتاهەتایە نەفرەتی لێ بکرێت و هەموو پەرستگاکانی ئەو خوایە درۆزنە لە میسر، سەروو و خواروو، هەروەها هەموو زەوی و مەڕوماڵات و بەندەو زێڕو پارەو مسی ئەو خوایە دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی فیرعەون و خواکەی ئەو کە (ئاتوون)ە، هەروەها لەمڕۆ دوا هەژارەکان دەتوانن لەو کانیاوانەی کە لە ڕابردوودا هی خوایە درۆزنەکە بوو، خۆیانی لێ بشۆن و لێیان بخۆنەوە و فیرعەون ئەو زەوی و زارانەی ئەو خوایە دەداتە هەموو ئەو کەسانەی کە زەوییان نییە بۆ ئەوەی بەشوکرانەی خوایەتی (ئاتوون) کشتوکاڵی تێدا بکەن.

لە ناکاو سەربازە ڕەشەکان کە دەم و چاوی خۆیان ڕەنگ کردبوو، کەوتنە ڕێ، گالیسکە جەنگیەکان بەرەو پێش دەچوون و ویستیان بچنە ناو پەرستگای (ئاموون)، سەربازەکان بە پشتی نێزەکانیان خەڵکیان لەسەر ڕێگای خۆیان دوور دەخستەوە تا گەیشتنە دەرگای پەرستگاکە، بەڵام کاتێک کە گالیسکەکان ویستیان بەرەو ناو پەرستگاکە بڕۆن، خەڵکەکە بە دەنگی بەرز هاواریان کرد (ئاموون) و بەیەک جوولانەوە بەرەنگاری سەربازەکانی بوونەوە و لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی لەگەڵ سەربازە ڕەشپێستەکان کە جەنگدیدە بوون، شەڕ بکەن، خۆیان خستە ژێر گالیسکەکانەوە بەشێوەیەک بەلاشەکانی خۆیان ڕێگایان بەست کە گالیسکەکانیان وەستاند، ئەسپەکان ترسان و دەست و پێیان لێدەدا و قیژەی ژن و منداڵ دەگەیشتە ئاسمان.

خەڵکی بە ڕادەیەک لە تووڕەییدا دەخرۆشان کە ئەگەر سەربازەکان تا دوایین کەسیش لەوانیان بکوشتایە، دەستیان لە بەرگری کردن هەڵنەدەگرت، بەڵام ئەفسەرەکان لەبەر ئەوەی کە دەیانزانی فیرعەون دووپاتی کردووەتەوە کە خوێن نەڕژێت، فەرمانی پاشەکشەیان دادەنا یا لەبەر ئەوەی هەندێکیان کوژراو و بریندار بوون، هاواری شادییان ئاسمانی هێنایە لەرزە، هەر ڕۆژە هەراکە پتر دەبوو، کوشتاریش دەکەوتە سەر شەقام و نزیک پەرستگاکانی (ئاموون) و لە کاتێکدا کە لاشەکان لەسەر شەقام و نزیک پەرستگاکان کەوتبوون، هەموو ڕۆژ و شەوێک کۆمەڵێ کوژراوی نوێ بەو فەرمانە زیادی دەکرد، چونکە سەربازە ڕەشەکان و شەرکەرەکانی شەڕ دەکەن (لیبیا) بەهۆی بۆنی خوێن و چێژی تاڵانی کردن و خواردنی خۆراک و شەرابی زۆرەوە بەجۆرێک یاسایان خستبووە ژێر پێیانەوە کە ئەفسەرەکانیشیان نەیاندەتوانی پێشیان لێ بگرن کۆمەڵێکی تر لە پیاو کوژ و چەتەکانی ڕابردووش کە لە ترسی (ئاموون) و پاسەوانەکان نەیاندەوێرا دزی لە گۆڕەکان و لەماڵی خەڵکی بکەن و دەستدرێژی بکەنە سەر ژنەکان و لە کەلاوەکان و چۆڵەوانییەکانی دووری کەناری نیل هاتنە دەرەوە و هەر یەکێکیان خاچێکی خوای نوێیان لەسەر سنگیان نەخشاندو بەناوی شوێن کەوتووانی خوای تازەوە (ئاتوون) دەستیان کرد بە کوشتن و ئابڕوو بردن و دزین، کەلوپەلی گۆڕەکان و خانووەکانی خەڵکی و تەنانەت دەستیان لە ئارامگای فیرعەونەکانی میسریش نەدەپاراست.

کاهینەکانی پەرستگای ئاموون لە بان دیوارەکانەوە نەفرەتیان لە فیرعەون و خوایە تازەکەی دەکرد و دەیانگوت: ئەو پیاوە شێتە و خواکەشی شێتە، بەڵکو لەو شێتترە! بارودۆخێکیان دروست کردووە کە تا پەنجا ساڵی تریش ناتوانن ئەو کاولکاریە نۆژەن بکەنەوە.

فیرعەونی تازە کە ناوی (ئاموون هۆتەب)ی چوارەم بوو پێش ئەوەی لە ئاموون هەڵگەڕێتەوە و خوای (ئاتوون) بکا بە خوای خۆی، کە واشی کرد- ناوی خۆی گۆڕی و کردی بە (ئەخناتوون)، واتە ئەو کەسەی ئاتوونی- خۆش دەوێ. جا ئەو فیرعەونە نوێیە، زۆر حەزی بە بینینی من دەکرد بۆیە لەگەڵ (هۆرم هەپ)دا چوومە کۆشکی فیرعەون! کاتێک کە چوومە ژوورەوە، بۆ یەکەمین جار لەوێ ژنە میسریەکانم بە مۆدیلی تازەی هاوینەوە بینی. ئەم مۆدیلە زۆر جوان بوو. ژنەکان جلکی خۆیان بەشێوەیەک دووریبوو کە سەرنج ڕاکێش بوو. هەروەها ئەو ژنانەی لەو میواندارییە بوون، چاویان سەوز کردبوو ڕەنگی سووری جەرگیان لە گۆنا و لە لێوان دابوو (هۆرم هەپ) منی بردە لای فیرعەون، سەیرم کرد ئەخناتوون کە من بە منداڵم دەزانی، گەورە ببوو، وەکو پیاوی لێهاتوو، بەڵام دەم و چاوی لەڕ و لاواز بوو، چاوەکانی دەدرەوشانەوە.

ئەخناتوون کراسێکی کەتانی لەبەردابوو. کە پێیان دەگوت کەتانی پاشایەتی. کاتێک کە منی بینی گوتی: سینۆهە، من ئەوکاتەی جێ نشین بووم تۆم بینیوە و ئەمڕۆ هۆرم هەپ لە بارەی زانستی تۆوە گفتوگۆی لەگەڵ کردووم، ئیمڕۆ بانگم کردووی بۆ شتێک، ئەویش ئەوەیە کە هەر کاتێک شتێک پێچەوانەی حەزی من بێ، سەرم ژان دەکا و بەجۆرێک ئازارم دەدا کە نە دەتوانم خواردن بخۆم و نەدەنووم پزیشکەکان ژانە سەرەکەی من بە دەرمانی سرکەر هیوڕ دەکەنەوە، بەڵام لەم دەرمانانە بێزارم، چونکە دەزانم کە دەرمانی هێورکەرەوە هۆشیاری مرۆڤ پەرت و بڵاو دەکات و ناهێڵێت بە ئاسوودەیی بیر لە خوایەکەم بکەمەوە، سینۆهە ئایا تۆ ئاتوون دەناسی؟!

ئەم پرسیارەی فیرعەون پرسیارێکی ترسناک بوو، دەبوایە بە وریاییەوە وەڵامم بدابایەوە و پێم گوت: بەڵێ ئاتوون دەناسم، فیرعەون گوتی: چۆن دەیناسی؟ گوتم: دەزانم ئاتوون شتێکە گەورەتر و بەرز تر لە زانستی من و زانینی هەموو تاکەکانی مرۆڤ. فیرعەون لەم وەڵامانە خۆشحاڵ بوو گوتی: سینۆهە ئەو وەڵامەی تۆ داتەوە لەو وەڵامانەی کە خەڵکانی تر بە منیان داوەتەوە، باشترە! ئێستا پێم بڵێ دەتوانی بەهۆی قڵیشانەی کاسەی سەرم چاکم بکەیتەوە؟ گوتم: گەورەم سەری تۆ پێویستی بە قڵیشاندن نییە، چونکە قڵیشاندن یەکێکە لە چارەسەریەکان و زۆر ڕێگەی تر لە هەن پێی چاک ببیتەوە، گوتی: سینۆهە پزیشکی کۆنی فیرعەون مردووە و جێگەی بەتاڵە و دەمەوێ ببیە پزیشکی تایبەتی من، چونکە تاکو ئێستا کەسم لە جێی دانەناوە، بەڵام تۆ لەمەودوا دەبیە سەر قڵیشێنی پاشایەتی و لە ڕۆژی ئەستێرەی سەگەوە لە سوودەکانی ئەم پلەوپایەیە کەڵک وەردەگری و فەرمان دەدەم کە لە خانەی ژیان بەو پلە و پایە بتناسن.

لە کاتی نانخواردن بینیم فیرعەون نە گۆشتی مراوی و

نه گۆشتی قاز دەخوات نه گۆشتی مەڕومانگاو ماسی، بەڵکو نانێکی ڕەق و له جیاتی شەراب ئاویان بۆ هێنا و خستیانه ناو پەیمانەکەیەوە و نۆشی و دوای ئەوەی تێربوو ڕووی کردە ئامادەبووان و گوتی: بە گەلی میسر بڵێن خواردنی فیرعەون (ئەخناتوون) حەقیقەت و ئاشتی و نان و ئاوە.. و خواردنەکەی لەگەڵ خواردنی هەژارترین بەندەکانیش جیاوازی نییە.

دوای ماوەیەک فیرعەون بانگی کردم و گوتی: سینۆهە برۆ کەشتییەکانی من ئاگادار بکەرەوە، کە ئامادەبن و بە سەوڵ لێدەرەکان بڵێن کە من بە تەمای سەفەرم. لێم پرسی، بۆ کوێ؟ گوتی: من چیتر لەم شارە ژیان نابەمە سەر و بەکەشتییەکانی خۆم بەرێ دەکەوم، ئەوەندە دەڕۆم تا دەگەمە جێگایەک کە بۆ دروست کردنی شارێکی نوێ لەبار بێت و لە وێ شارێکی نوێ دروست دەکەم و تێیدا نیشتەجێ دەبم و ئیتر هەنگاو نانێمە ناو (تەبەس)، چونکە دانیشتووانی ئەم شارە شوێن خوای چەوت و درۆزنی (ئامون) کەوتوون و ڕەفتاری ئەوانم لەبەر پەرستگای ئاتوون لەبیر ناچێت، ئەوەی منی خۆش دەوێت، ئەوا لەگەڵم دێت و بەزووترین کات بەرێ دەکەوین.

لە دوای دە ڕۆژ گەیشتینە جێگایەک کە ئیتر لاشەی لێ نەبوو، فیرعەون لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرەوە و لەسەر ڕووی کەشتییەکە ڕاوەستا و بەسەیرکردنی کەنارەکانی نیلەوە خەریک بوو زەوی لە هەر دوولای ڕووبارەکەوە زەرد ڕەنگ بوو گوند نشینەکان بەرەوبوومی کێڵگەکانیان کۆ دەکردەوەو بەرەو ڕووی گوندیان دەبردەوە، مەڕومالاتیان بۆ ئاو خواردنەوە دەهێنایە کەناری نیل، شوانەکان شمشاڵیان لێدەدا.

کاتێک کە خەڵکی کەشتی فیرعەونیان دەبینی لە ئاواییەکانی ئەم بەرو ئەوبەری نیلەوە لقی دارخورمایان بە دەستەوە دەگرت و بەراکردنەوە دەیانجوولاندەوە، بە هاوار و دەنگی بەرزەوە، شادییان دەردەبڕی.

فیرعەون لە خۆشی بینینی ئەم خەڵکە شادو کەیف خۆشە پێدەکەنی و هەندێ جار فەرمانی دەدا کەشتییەکە بووەستێنن و دەچووە وشکانی و لەگەڵ لادێییەکان گفتوگۆی دەکرد و دەستی بۆ ژن و منداڵەکان ڕادەتەکاند، هەندێ جار لە کەناری نیل مەڕەکان لە فیرعەون نزیک دەبوونەوە و بۆنی دامێنی کراسەکەیان دەکرد، یان دەیانلێستەوە و فیرعەون وەک منداڵ خۆشحاڵ دەبوو و پێدەکەنی، هەندە کەیف خۆش بوو بوو بە بینینی ئەو خەڵکە، دەیگوت هەموو زەویەکانی خوایەکەی پێشوو دابەش دەکەم بەسەر ئەو جووتیارانەی کە زەوییان نییە و ئەوانەی تا ئەمڕۆ بە کەم هەڵیان کردووە و هەژار بوون، من وا دەکەم گەنمێکی زیاتر پەیدا بکەن و مانگاو مەڕی زۆر بەخێو بکەن و ئەوەندە بخۆن هەتا منداڵەکان و ژنەکانیان قەڵەوو جوان بن.

چیتر بەرامبەر بەیەکتری کینەیان نەبێت، خوای ئاتوون جیاوازی نێوان دەوڵەمەندو هەژار ناهێڵێت کارێک دەکات کە ئیتر بەندەکان ناچار نەبن بۆ پەیداکردنی خواردن هەموو تەمەنی خۆیان بۆ گەورەکانیان عارەق بڕێژن، سینۆهە من بۆیە لە تەبەس دەرچووم، چونکە لەو شارە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دەوڵەمەندەکان و هەژارەکانی هەیە، کۆمەڵێ زۆر لە هەژارەکان ناچارن بە کرێکاری و بەندەیی هەموو تەمەنی خۆیان بۆ دەوڵەمەندەکان کاربکەن و هەمیشە هەر هەژارو برسی بن و هەر چەندە ماندوو دەبن سوودەکەی دەست دەوڵەمەندەکان دەکەوێت، من لە دانیشتوانی تەبەس کە خواکەی پێشوو دەپەرستن بێزارم، چونکە ئەو خوایە درۆزنە، خوازیاری بەدبەختی و برسیەتی هەژاران و بەهێز بوونی دەوڵەمەندەکانە و هەموو یاساکانی خۆی بەشێوەیەک داناوە کە دەوڵەمەندەکان ساڵ بەساڵ زەنگینتر بن و هەژارەکان لە چارە ڕەشی و نەبوونیدا بمێننەوە، دەمەوێ جۆری نووسینی ئێستا بگۆڕم بۆ ئەوەی هەژارەکانیش فێرە خوێندەواری بن.

کە فێر بوون بە دەستەکانی خۆیان کار دەکەن و وەک کۆمەڵێ برا کارە دەستییەکان وەک کشتوکاڵ و کانزاکاری و بازرگانی لەنێوان خۆیاندا بەش دەکەن، لەو دنیایەی کە خواکەی من (ئاتوون) دروستی دەکات ڕق و کینە بەدی ناکرێت و لەو جیهانە کەس نان لە دەستی کەس وەرناگرێت، بەڵکو هەموو کەسێک نانەکەی خۆی لەگەڵ ئەویتردا دووکەرت دەکات، چونکە کەس ناتوانێت بەوەی ناوی لەویتر بەرزترە یەکێک بکاتە کرێکار یا کۆیلەی خۆی و کەس بەوەی تر ناڵێت برۆ ئەی سربانی پۆخڵ یا برۆ ئەی ڕەشپێستی بۆگەن، چونکە هەموو کەس خەڵکی تر بە برای خۆی دەزانێ و لەبەر ئەوەی چینی هەژار و زەنگین یەکسان دەبن و کەس کینە لە دڵ ناگرێت و شەڕو ئاژاوەو کوشتن ڕوونادات.

(٥)

نیشـانەی پەیڕەوانی (ئاتوون)ی خـوای نوێ (خـاچی ژیان) بوو، ئەو خـاچەیان لەشـێـوەی ملوانکە بە ملەوە دەکـرد، یان لەسـەر کـراسـەکـەیان دەیانکێـشـا و شـوێن کـەوتووانی (ئامـوون)ی خوای کۆنیش شاخ (قـۆچ)یان کـردبـوە نیـشـانەی ڕەسـمی خـۆیان، فـیـرعـەونیش نەیدەتوانی ڕێگەی بەکـارهێنانی شاخ بگرێ، پیـاوەکـان شاخێـک و هەندێ جار دوو شاخـیان بەسەری خۆیانەوە دەنووسـاند، پەیڕەوانی ئامـوون بە شـاخـەوە پەلامـاری دەرگـــای دووکـــانی لایەنگرانی ئاتوونیـــان دەداو دەرگاکانیـان دەشکاند و سەبەتەی پڕ لە مێوە و سەوزەو مـاسـیـیـان سەرەو ژێر دەکـرد و هاواریان دەکـرد، ئێـمـە شـاخمـان هەیە و سکی ئاتوون دەدڕێنین، ئێـمـە پەیڕەوی ئاموونین و ئاموون شاخی داوەتە ئێمە بۆ ئەوەی سینە و سکی دوژمنانی پێ هەڵدڕین! کاتێ کە ئازار گەیاندنی شاخدارەکان گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە شوێن کەوتووانی ئاتوون بینیـان کە چیـتر ناتوانن بەو شێوەیە ژیان بەرنە سـەر، هەوڵی ئەوەیان دا کە لە کـانزا خـاچێـک دروست بکەن کـە هێـڵـە درێژەکەی وەکـو کێـرد وابێت. ناکـۆکی لەنێـوان ئامـوون و ئاتوون و شـاخ و خـاچ لە تەبەسـدا ئەوەندە پەرەی سـەند کـە کـوڕ لە باوک و ژن لە مـێـرد بە بۆنەی ئەم جیـاوازیەوە لە یەکـتر جیا ببنەوە، ئەو ڕۆژەی کە من هاتمە ناو تەبەس وامدەزانی کە ئاموون لایەنگری یەکجـار زۆرە و ڕەنگە ئاتوون هەر لایەنگری نەبێ، بەڵام کـە هاتمە ناو شـار زانیم کـە ئەویش لایەنگری زۆرە، بەتایبـەت لەنێـوان گـەنجـەکـان و بەندە و کرێکار، شەوان لایەنگرەکـانی شاخ یا خاچ لە مەیخانە تایبەتییـەکانی خـۆیانەوە دەهاتنە دەرێ، چونکە هەردوولا لە مـەیخـانە تایبـەتیـیـەکـانی خـۆیان ئاوی جـۆیان دەنۆشی، ئەو دوو تاقـمـە لە شـەقـامـەکـانی تەبەسـدا بەرێ دەکـەوتن و چراکـانیـان دەشکـاندو مـەشخـەڵەکـانیـان دەکـوژاندەوە و دەیان نەڕاند و ئەگـــەر دوو دەســـتـــەی دژ بەیەک بگەیشتبـانایەتە یەکتری، دەستەو یەخە دەبوون و چەند کەسیان بە کوژراوی لەسەر زەویدا بەجێ دەما..

هەندێ کـەس شـاخ و خـاچی لەگـەڵ خـۆدا هەڵدەگرت، هەر کـەسـێکـیـان پێـویست بایە ئەویان نیـشـان دەدا، بۆ ئەوەی لە کـوشتن و ئەشکەنجـەو بەڵای ئەم بەربەرەکـانیـە پارێزراوبن زۆری پێنەچوو کـە شـەڕ لە تەبەس دەســتی پێکرد کە هەمـوو شـەڕەکانی پێشـوتر لە چاو ئەو شەڕە بچـووک بـوون، سێ ڕۆژ و سێ شـەو خـەڵک یەکـتـریان دەکوشت و خـانووەکـانیـان ئاگـر تێبـەر دەدان، بۆ ئەوەی بتـوانن بەشـەو مـەیدانی شـەڕ ببـینن، سـەربازەکـانی ڕەشپێستە و شەڕدەنیەکان خانووەکانیان ئاگر تێبەر دەدا و ئەوەی چنگیـان کەوتبایە دەیان دزی و هەر کەسێکیـان بـکـەوتایـەتـە دەسـت دەیانـکـوشـت، لـە دیدی ئـەوانـەوە شاخـدار و خاچدار چون یەکبـوون و هیچ جیـاوازیەکـیان نەبوو، و هەردووکـیـانیـان دەکـوشت فـەرمـاندەی ئەم سـەربازانە (پێپیت ئاتوون) بوو. کـە پێـشـتـر هەمـوو لایەنگرانی ئامـوونی کـۆمـەڵ کـوژی کـرد و لەناوی بردن، چونکە خۆی لایەنگری ئاتوون بوو، بەڵام لەوکاتەدا ناوی خۆی گۆڕی و خۆی کرد بە (پێپیت ئاموون)، هیچ یەکێک لەو دوولایە دیلیـان ڕانەدەگرت و یەکسـەر دەیانکوشتن، بۆیە باربەرەکان و کۆیلەو بەندەکان دەیانزانی تەسلیمیش بن هەر دەکـوژرێن، بۆیە تا دوا تنۆکی خـوێن شـەڕیان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەی زۆر بە تەمابووم کە باربەری بەندەرەکان و کـرێکارو هەژارەکـان سـەرکـەوتنێک بە دەست دێنن و لایەنگرانی ئامـوون ژێر دەکـەون، بەڵام بە پێـچـەوانەی ویســتی من لایەنگرانی ئاتوون دۆڕان و هی ئامـــوون سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

لە دوای ئەوەی کـە خـوای (ئامـوون) سـەرکـەوت و سەرلەنوێ بووە خوای میسر و ئاتوون سەرنگون کرا، بە فـرت و فـێڵ کـاهینی گـەورە (ئامی) و (هۆرم هەپ) هەردووکیان پێکهاتن کە: ئەخناتوون لەناو ببرێ و دوای ئەو دوو زاوای مێرد منداڵ و گێلی هەبوو، ئەوانیش یەک لەدوای یەک لە بەین بچن و ئامی ببێـتە فـیـرعـەون و خوشکی ئەخناتوون کە ناوی (پاکتاتوون) بوو، ببێتە هاوسـەری هۆرم هەپ کـە لەخـێـزانێکی هەژار بوو، بەو ڕێگەیە نەبا نەدەبووە فـیـرعـەون، بەم جۆرە ئەخناتوون و هەردوو زاواکـەی لەناو بردران و ئامی بووە فـیـرعـەون، فیرعەونی گەورە (ئەخناتوون) من دەرمانخواردم کرد.. هەسـتـیـشی پێکرد، بەڵام حەزی دەکـرد لەم جـۆرە ژیانە ڕزگاری بێ.

ئامی کە بوو بە فیرعەون، هێندە بەفرت و فێڵ ژیابوو، لە هەمـوو کـەس دووڵ بوو بۆیە نانی دەسـتی کـەسی نەدەخـوارد، تەنیـا نـانی ڕەق و ئاوی دەخـوارد تاکـو وای لێهات لە برسان مرد، ئینجا هۆرم هەپ بوو بە فیرعەون و زنجـــیــــرەی نۆزدەیەمی لە زنجـــیــــرە خـــانـەوادەی

فیرعەونەکانی میسر دروست کرد.

لەو ماوەیەدا من لە تەبەس جێگیر بووم، لەو خانووەی کە بەکانزای خزمەتکارەکەم (گاپتا)چاک کرابووەوە، دەژیام و حەزم نەدەکرد لەوێ بڕۆم، قاچەکانم ئەوەندە لە جیهاندا ڕێڕەوی کردبوو کە هەستی بە ماندوویەتی دەکرد و چاوەکانم ئەوەندە دزێوی و سووکایەتی بینیبوو کە چیتر نەیدەویست ئەو دیمەنانە ببینێتەوە و دڵم ئەوەندە لە خۆویستی (خۆپەرستی) و چاوچنۆکی خەڵکی ڕق ئەستوور ببوو کە چیتر نەیدەویست ببمە هاوپشکی ئەو خۆپەسندی و تەماحکاریەی ئەوان، بۆیە دوور لە خەڵکی دەژیام، خۆم لە دراوسێکان و هەژارانیش بە دوور دەگرت، چونکە دەمزانی کە دەستەکانی من نەفرەتاویە، لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆی چاک بوونەوە، دەبێتە هۆی مردن، هەندێ جار لەکاتی دانیشتن لە تەنیشت ئەو حەوزەی کە کردبووم و پڕم کردبوو لە ماسی ڕەنگاوڕەنگ، خۆزگەم دەخواست کە وەکو ئەو ماسییانە لەناو ئاودا دەژیام و ناچار نەدەبووم کە هەوای تێکەڵ بە تاوانکاریەکانی زەوی هەڵمژم، هەندێ جاریش بە ڕۆحی خۆم دەگوت: بۆچی تۆ لەبەر ئەو کردارانەی کە لە ڕابوردوو کردووتە، دڵگرانی؟! خۆ تۆ هیچ گوناحێکت نییە، چونکە کارەکانی تۆ بەشێکە لە کردەوەکانی ژیان و لەم جیهانەدا چاکە و بەزەیی هیچ دروستییەک و مانایەکی نییە و ئەوەی کە ڕاستە چاوچنۆکی و بێ بەزەیی و هەوەسبازی و ستەمە و یاسای ژیان لەسەر بناغەی ستەم و برسێتی و دڵڕەقی و شوێن کەوتنی هەواو هەوەس دروست بووە، مەحاڵە یەکێک بتوانی بە پێچەوانەی ئەو یاسا ڕەهایە کار بکاو ئەوانەی خۆشیان بە دڵسۆز و میهرەبان و مرۆڤدۆست نیشان دەدەن، درۆ دەکەن و مەبەستیان فریودانی خەڵکە.

سینۆهە.. تۆ بەبێ هۆ چاوەڕوانی ئەوە دەکەیت کە مرۆڤ لەوە باشتر بێ کە خوایەکان دروستیان کردووە.. خوایەکان بوونی مرۆڤیان بۆ ڕق و کینە و هەوەسبازی دروست کردووە.

مەحاڵە کە سروشتی مرۆیی بگۆڕدرێت! تۆ لە خۆڕایی ئەوەی کە جەنگ و برسێتی و تاعوون و سووتان و ڕەشەکوژی بۆ مرۆڤ ببێتە ئەزموونێک و بەرەو باشی بیات؟!

* * *

کاتێ کە بەهار داهات.. ئاوی نیل نزم بووەوە، کۆمەڵێ لە سەربازەکانی هۆرم هەپ هاتنە ماڵی من و نەخۆشە هەژارەکانیان وەدەرناو منیان بردە لای هۆرم هەپ (کە فیرعەون بوو) کە منی بینی گوتی: سینۆهە، چەند ئاگادارم کردیەوە. کە هەندێ قسە هەیە نابێ بیکەی، بەڵام تۆ گاڵتەت بە ئامۆژگاریەکانم دەهات. تۆ بەخەڵک دەڵێی کە پیشەی سەربازی لە میسردا سووک و چرووکترین پیشەکانە، منداڵ لە زگی دایکیدا بمرێ باشترە لەوەی بێتە دنیا و ببێتە سەرباز. من حەز دەکەم زاوزێ زۆربێ بۆ ئەوەی ژمارەی خەڵک زیاد بکا و من لەشکرێکی گەورە لەوانە پێک بهێنم، کەچی تۆ بەخەڵک دەڵێی لە دوو- سێ منداڵ با زیاترتان نەبێ! تۆ دەڵێی خوایەکانی میسر هەموویان وەک یەکن، هیچیان لە هیچیان باشتر نین! کاهینەکان هەموو تەوەزەل و زۆر خۆرن، تۆ بەخەڵکی دەڵێی کە کەس مافی ئەوەی نییە یەکێکی تر بکڕێتەوە و بیکاتە بەندەی خۆی دەڵێی هەر وەرزێرێک کە زەوی لە ژێر دەستدایە، دەبێ زەوییەکە ببێتە هی خۆی، تەنانەت ئەگەر خاوەنەکەی هۆرم هەپیش بێت دەڵێی دەستەڵاتداریەتی هۆرم هەپ لە هی پاشاکانی تری دڵڕەق و بێ بەزەیی باشتر نییە، وەکو ئەوان خەڵک دەکوژێت و لەگەڵ کچ و ژنی خەڵک ڕادەبوێرێ، سەربازەکانیشی کچی خەڵک دەڕفێنن، تۆ ئیمڕۆ وەک مێشە کەرانەت لێهاتووە، لەسەر شانەکانی من دەنیشی و پێمەوە دەدەیت، ئیتر نامەوێ لە وڵاتی میسر بەهۆی ئاژاوە نانەوەی تۆوە گرفتاوی شەڕێکی تری نێوان خوایەکان ببمەوە، بۆیە سینۆهە لە وڵات دەرت دەکەم، تا ماوی نابێ چاوت بە میسر بکەوێتەوە و لە ئاوی نیل- کە زۆرت حەز لێیە- بخۆیتەوە ئەوەی بێتە سەردانیشت، نابێ بگەڕێیتەوە میسر.. دەبێ لەگەڵ تۆدا لەوێ بمرێ.

* * *

تاکو دنیا دنیایە شەڕ لەنێوان ئامون و ئاتوون هەمیشە هەر بەردەوامە و هەر بەردەوامیش دەبێ، ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ. نازانرێ کە کامیان لە ئاکامدا سەرکەوتن بە دەست دێنن.

# ساڵی ئاشووب و عیشقی نوشافەرین و حوسەینا

هاشم سەڕاج

«عەباسی مەعرووفی» لە ڕۆمانی «ساڵی ئاشووب»دا پەنا دەباتە بەر تەکنیکی دیالۆگی خێرا و هەڵدانی وێنەی نائاگایی شیعری و بایەخدان بە بەرهەستی و هەڵمژینی بۆن و بەرامەی عەتری جەستە. ئەم شێوە تەکنیک و حاڵەتانەش زیاتر لەجیهانی فۆکنەر و بەتایبەتیش لە ڕۆمانی «الصخب والعنف»دا پەیڕەو کراوە.. کە جەستە لای «کاندی یان کانداس»دا بۆنی ڕووەکی بەربارانی لێدێ.. هەروەها ساڵی ئاشووب سوودی لە تەکنیکی یادگەی ناخود ئاگایی «مارسیل پرۆست» وەرگرتووە. ئەو چرکەساتەی کە پرۆست کێکی مادلین دەخاتە نێو شەربەتی پرتەقاڵ یا کە سەیری بورجی ئیڤل دەکا و یا کە زنجیری چەکمەکەی دادەخاو چەندین دیمەن و ڕووداوی زەمەنی ڕابردووی بە یاد دێتەوە. ئەمەش لەم ڕۆمانەدا زیاتر لە چرکەساتەکانی «نوشافەرین»دا کە وەک «ڕاوی»یەک دەدوێ بە دیار دەکەوێت، چونکە نوشا تادێ لەگەڵ ڕەوتی



ڕۆبینی زەمەنی ڕۆمانەکەدا دەبێتە بارستێک لە یادەوەری.

کاک عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، لەم پێشەکیەی کە بۆ «ساڵی ئاشووب»ی نووسیوە دەڵێ: عەباسی مەعرووفی لە ڕۆماندا بایەخ بە تەکنیک دەدات و شێواز و بەهای مەعنەوی لێکچوو لە ڕۆمانەکانیدا بەدی دەکرێن و ڕابردوو بەخۆی و کەس و هێزبییەوە ڕەنگ دەداتەوە.. پاشان لە بارەی کردەی «دەق ئاوێزان»ەوە دەدوێ کە دەق ئاوێزان لەم ڕۆمانە و لە ڕۆمانی «سەمفۆنیای مردووان» و «پەیکەری فەرهاد»دا ڕووی داوە.. واتە سوود وەرگرتنی عەباسی مەعرووفی لە زەمەنی تراژیدیا و کارەسات و کەش و هەوای «شیرین و فەرهاد»ی «نیزامی گەنجەوی» و مەرگ و ناپاکی «قابیل و هابیل» و «کونەبەبووی کوێر»ی سادقی هیدایەت و بایەخدانی بە هونەری شانۆ، دەتوانم بڵێم کە کردەی دەقئاوێزان لەم ڕۆمانەدا گرنگترین و جوانترین کردەی نووسین پێک دەهێنێ، چونکە لەم جیهانەدا هیچ تێکستێکی پەتی و پالاوتە بوونی نییە و گرنگ لە چۆنیەتی گوتن و نووسین و بونیادی دارشتنی تێکستدایە، ئەگەر نا، دەتوانین زۆرترین هزری «ژاک دریدا» لە دوو تویی «تەورات»دا بدۆزینەوە و چەندین بۆچوون و شەتەحاتی «نیچە»ش لە کتێبی «سینۆهە»دا کە پێش هەزاران ساڵ گوتراوە عەباسی مەعرووفی لە «ساڵی ئاشووب»دا هەمدیس چەندین کردەی دەقئاوێزان لەگەڵ چەندین ڕۆمانی «دۆستۆیڤسکی»دا ئەنجام داوە.. ئەمەش پێوەندی بە چرکەساتی عیشق و مەحەببەتی ئیبداعییەوە هەیە. بۆ نموونە، چەند بارە بوونەوەی دیمەنی «سێدارە» لە شەوەکانی ئاشووبدا یەکسەر دەسپێکی دەرکەوتنی دیمەنی «مقصلة»ی ڕۆمانی «الابلە»مان بیردەخاتەوە یان هەڵدانی کوڕپە و منداڵە چکۆلەکان بۆ ئاسمان و گرتنەوەیان بە نووکی نێزە و شمشێر.. هەمان دیمەنی «ڕۆمانی برایانی کارامازۆف»ە کە جەنەڕاڵە تورکەکانی سەردەمی عوسمانی ئەنجامیان داوە. هەروەها چارەنووسی کاراکتەرانی ئاشووب لە ڕووی شێتی و مەرگ و ڕاڕایی و پەڕاگەندە بوونەوە وەک دکتۆر مەعسوم و حوسەینا و نوشافەرین و عالیەخانم و جاوید و نەقیب خوسرەوی و سەرهەنگ ئازەری..تاد هەمان چارەنووسی ستافرۆژین و شاتۆڤ و کاراکتەرانی تری ڕۆمانی «الشیاطین»ی «دۆستۆیڤسکی»ن، بەڵام گرنگ ئەوەیە ساڵی ئاشووب دەقێکی کراوەی خەتەرناکە، چونکە چەندین ئاماژەی نەگوتراوی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

دەکرێ بڵێم سەرەتای پێکهاتەی «ساڵی ئاشووب» لە چەشنی فەزایەکی ڕەنگاوڕەنگی شیعری لیریکی دەرکەوتووە و پاشان فەزاکە زێتر ڕووی لە فراوانکردنی ڕۆیا و گۆشەنیگاکان کردووە واتە ڕووەو پرۆژەی بە «قصیدە» بوون هەنگاوی ناوە. ئەنجا بە ئاڵۆزبوونی جیهانی کاراکتەر و ڕووداو و جیهانبینییەکان لە شێوەی ڕۆمانێک دارێژراوە. ئەگەر ڕەگەزەکانی عیشق و خەیاڵ و فەنتازیا لەم ڕۆمانە لابرێت کە زیاتر سەر بە چرکە عیشقی و ئیرۆتیکییەکانی نوشافەرین و حوسەینان، ئەوا تێکست دنیای دیالۆگی خێرا و خۆدواندن و ورێنە و شەپۆلی هۆش و چرکە ساتەکانی ناخودئاگایی لە دەست دەدا و ئیتر دەبێتە تێکستێکی واقعی و کۆمەڵێک «ڕاوی» بە شێوەیەکی عەقلانی ڕستە لۆژیکییەکان هەڵدەدەن. یان مەینەت و کارەساتەکانی برسێتی و قات و قڕی و ستەم و پێکدادان و گولی و زەبرو زەنگی سەرهەنگەکان دەگێڕنەوە، بەڵام گرنگترین کۆڵەکە و تەوەری ئەم ڕۆمانە عیشق و ئەڤینە، هەربۆیەش ڕستە و دەستەواژە کراوەکان بە تیشکە خەتەرناکەکانی شیعر و ئیرۆتیک دەورە دراون، ئاخر «ئیرۆس هێزێکی ڕۆحیە، کە شەیدای جوانیە، ئەو هەستە ڕۆحیەش هەستێکی خوداوەندیانەی شێتانەیە» «لای نیچە ئیرۆس لە تراژیدا بەرجەستە دەبێ و ئەوە تراژیدیایە کە مرۆڤ هان دەدات تاموچێژی خەیاڵە بەرزەکان بکات». ئیرۆس بەندە بە خودی هەستی ژیان، بەدیدی نیچە جەستەش هەر ڕۆح دەگەیەنێ کە جوانی شەپۆل دەدا شێتایەتی ئەڤین سەرهەڵدەدا و ئەڤیندار هەستی مەست دەبێ.. عیشق و جوانی لە سەمای پرشکی ئاگر دەکەن هەر بۆیەش دەقی ئاشووب لە کەش و هەوایەکی ئاگرینی دەروونیدا بەهۆی حاڵەتی بەهرەیەکی خەتەرناکی شیعری و ئاگری عیشق و پاشخانێکی قووڵی مەعریفییەوە نووسراوە، بەشێوەیەک کە قەڵەمی ئیرۆتێکی کردەی نووسین بەشێوەیەکی بەردەوام لەنێوان «ئەنیما و ئەنیمۆس»دا دەساو دەس پێدەکا، تا دوایین چرکەی ئاگرەکانی شیعریەت ئاوێزانی ڕستە سەرمەست و سەمادارەکانی شیعر و ئەڤین بکرێت

و هەیبەت و لەوحی جوانیش لە پاڵەوان و کاراکتەرێکی تارمایی ئامێز و شەبەنگ ئامێزدا بەرجەستە بکرێت، ئەو کـاراکـتـەرەی کـە خوێنەر بەردەوام چاو دەگـێـڕێ تا دەرکەوێ و دیدەنی بکات.

هەروەها هەســـــتی تراژیدی و دیـدی تراژیـدی لەم تێکستەدا ئاوێتەی خەیاڵگەی ئاپینییە، خەیاڵگەیەکی کە لیریک و ئیرۆتیک و تراژیدیا لە بۆتەیەکی شیعریدا کۆدەکاتەوە. «حوسەینا» بە پێچەوانەی براکانی «یوسف» بەدوای براکـانیـدا دەگـەڕێت؛ «من بەدوای براکـانمدا دەگەڕێم»، سیاوەشان و ئیسماعیل نازانم چ بەڵایەکیان بەسەرهاتووە. مەیدانی تەعزییە، عاشوورا، موحەڕەم، شەمەر، شیوەن گێڕان، ژمارەی حەوت، سێ، دوازدە، خوێندنی کەڵەشێر، پرسەی ئیمام حوسێن...تاد جا تێکست لە دەسپێکی نووسینەوە بە وێنەی شیعری گوزارشت لە دیمەنە تراژیدییەکان دەکات.

«سێبەری سێدارەکە بەشەو شێوەی جانەوەرێکی وەردەگرت. شێوەی جانەوەرێکی تەڕ کە هەڵیانواسیبێ و بۆ ئەوەی وشک بێتەوە، دڵۆپ دڵۆپ چکەی دڵۆپەی تا بەیانی دەهاتە گـــوێ» تا دێ وێنەکـــان دەدوێن. «دەسـتـەکـانم بەرزکـردەوە بۆ ئەوەی یەکـەمین گـورزی ماوزەڕەکە بگێڕمەوە. مەعسوم لوولەی ماوزەڕەکەی لە دەستدابوو و قۆناغە قوڕسەکەی بەسەرما دەکێشا..»..

پیاوێک لەژێرزەمینێکی تاریکدا پیاسەی دەکرد، ژنێک لەبەربادا ڕێگای ون کردبوو، پەپوولەکان دەبوون بە خۆڵ و بۆنی خاک هەموو جێگایەکی دادەگرت.

تا دێ خـودی بەهرەی خـەتەرناکی شـیـعـری تێکەڵ بە دیالۆگ و شەپۆلی هۆش و ورێنەکـانی نائاگـایی و خـۆ دواندنەکان دەبێ و بەشێوەیەکی جوان جوان ئاستەکانی دەربڕین دەشـێـوێنێ.. «بۆ نابێ ژنێک ژنێکی دیکەی بێتەوە یاد کە چواردەساڵ پێش ئەوە دیوبەتی و وتوویەتی «تۆ زۆر جوان و تەڕبووی هەمـیـشـە گـەنج و تەڕوبڕی»، «نازانن هەرکـەسێـک بەردێکە کـە باوکی فـڕێی داوە». «ڕووکەش چ گرنگییەکی هەیە؟ دەروونم وێرانەیە».

«ماڵێکی پڕ درەخت سەربانی ژوورەکانی تەپیوە، کە با... لێیەوە لوورەی دێ».

«لوورەی باکـەی دەهێنایە ژووریٚ وتـی: «منت لە یادە بۆ مـرۆڤـەکـان لە یادی مندا دەژین و من لە یادی هیچ کەسێکدا» شیعر و عەتر و ئیرۆتیک و عیشق تێکستی ئاشووب دەخولقێنن. گوڵە یاسەمینەکان و ملپێچە سەوزەکە ئیرۆتیکترین ئامــــاژەی عـــــەترە تلیاکییەکانی جەستەن، [کـە حـوسـەینا ناوێکی بەدبەخت بوو، هەســـتم بەتاوان دەکرد، بەخۆم گوت قوڕ بەسەرت کە شایانی ئـەوە نـیـت، هـەر بـۆیـە سـەرت دەکـرد بەناو ئەو ملپـێـچـە سـەوزەدا کـە یادگاریی حوسەینا بوو، بۆنی ئەوی لە خۆیدا هێشتبۆوە.. بۆنی خاکی لێدەهات... یان بۆنی شەمدانییەکانی باوکم، ئەوەش ئازیزترین شت بوو کە لە ژیانمدا هەمبوو. ملپـێـچـەکـەم نا بە لووتمەوە و ئەو بۆنە هەتا هەتاییەم هەڵمژی.

**نووسەر گەرەکیەتی درێژە بە ڕووداوەکان بدات و تا چارەنووسی کاراکتەرەکان دیار و ئاشکرابن، ئەگەرنا ساڵی ئاشووب ساڵی میحنەت و نەهامەتی عیشقە**

دکتۆر مەعسوم مرۆڤێکی ڕژد و پوولەکی بوو، کەچی لە شـەوی زاواییـدا هەسـتی بە لەدەسـدانی کـچـێنی نوشـافـەرین کـرد، کەچی بێدەنگ و کش و مـات کـەوتە تۆڵەسـەندنەوە، ئەو شـەوانە بە نەڕەنەڕ و بەدەمـەسـتی دەهاتەوە و بە جـۆرەها شـێـــوە ئازار و ئەشکەنجـەی «نوشافەرین»ی دەدا و «وتم نەکا ئێستا گوێی لە دەنگی نەڕەنەڕەکانی مەعسوم بووبێ؟ ئایا دەیزانی کە مەعسوم دەستم لێبەرز دەکاتەوە؟ ڕەنگە دایکان لە هەموو شتێ تێـبـگەن! گـوتم دایە بە قـۆناغـە تفـەنگ لێی دەدام. مـــاوەیەکی دوور و درێژ بوو دەســـتی لە ڕووم بەرز دەکردەوە، جوێنی بە باوکم دەدا، هەمیشە سەرخۆش بوو، سـارد و تاڵ.. شـەو کـە دەخـەوت پشـتی تێـدەکـردم، تێدەگەیت؟»

«- نوشا تۆ شێت بووی»

گوتم «من»

دایکم گـوتی «هەمـان شت کـە دوێنێ شـەو گـوتم تۆ مـاخولیـاتە». توخـمـەکـانی شـیـعـر و شـیـعـریەت هێندە بەلەززەتداری ئاوێتەی ڕستە حەسرەتیەکانی دیالۆگ دەبن و جـۆرێک لە ئاسـوودەیی بە جـوانی و ژیان دەبەخـشن، ئاسوودەییەک کە پابەندە بە چرکە ئاگرینەکانی عیشق و بەهرە و جوانی. دایکم گوتی «نوشا» تۆ ئەمڕۆ چ خێرتە؟

خـۆت دەزانی؟ پێکەنیم گـوتم «بەڵێ دایە من ئەمـڕۆ خۆشحاڵم».
«چی خۆشحاڵی کردوویت؟»
«با»
کام با؟ دنیـا بەم کـپـیـیـە، شنەی شـەمـاڵـیش نایەت سەرەڕۆ بوویتە؟ قەیچێکە؟ خودی شێت ئەنگێزی بەهرە بێ ئەوەی هەست بەخـۆی بکات جـار جـارە هێندە بە قورسی ئاوێتەی دیالۆگەکان دەبێ و لە ڕێگەی ئاخاوتنی کـاراکـتـەرەکـانەوە لەنجـەدارترین برگـە و لەنجـەدارترین ڕستەی نەهلیست ئامێزی شێرپەنجەیی هەڵدەدا، ئەمە ڕۆم و تێڕوانین و بۆچوونە جەهەنەمییـیـەکانی «عـەباسی مـەعـروفی»یە کـە دەڵێ.. هیچ شـتێ هی خودی مرۆڤ نییـە جگە لەو شـتـانەی کـە پێـیـوایە خـۆشی دەوێت و پەیوەسـتـە پێـیـانەوە، پاشـان یەکـە یەکـە ئەو شـتـانە لە مـرۆڤ دەسێنن و تەنیـا سـەرێک دەمـێنێـتـەوە ئەویش بەسەر نێزەوەیە.. کەواتە خودی نووسەر زیاتر لە ڕێگەی پەیڤەکانی حوسەیناوە دەردەبڕدرێ.
«حەز دەکەم لە باوەشتدا بمرم»
«تۆ شێتی»
«ڕەنگە وابێ و ڕەنگە واش نەبێ»
«بەڵام من شەیدابووم»
«شەیدای چی»؟
«هی تۆ کافر، هی تۆ».
«دەزانی پیاوان، هەموویان مناڵن»
«ژنان هەمیشە دایکن و پیاوانیش مناڵ»
«مەعسوم لە شەوی زاواییەوە دەیزانی»
دەمـانچـە مـاوزەرەکـەی لە کـەمـەری پانتـۆڵەکـەی دەرهێنابوو و بە مشتووەکەی وەها دەیکێشا بەسەرما کە خەریک بوو پێستی سەرم دادەماڵدرا».
مەعسوم لە سەرەتاوە هەستی بەو حاڵەتەی نوشافەرین کردبوو. مەعسوم گوتی: «دەبێ میز بکەی بەم ژیانەدا»، هەربۆیەش دوایین جار خۆی دەگەیەنێتە لای کوڕەکانی ئاغـاجـانی و پارەیەکی زۆریان دەداتێ. تادێ وێنەی شیـعـری تەشـەنە دەکـا و سـەراپای فـەزای تێکسـتـەکـە داگیردەکا و نەخـاسمە شەوی یەکەمی ئەم تێکستە کە بریتییە لە چامەیەکی درامی و ئاگری لیریک و دیالۆگی خـێـرا خـێـرا و ڕەوتی خـۆ دواندن و هەڵدانی چرکـە نائاگاییەکانی یادەوەری لەززەتدارترین بوقعەی شیعری و فـۆنیـمی لەنجەدار بەم دەقـە ئاوەڵایە دەبەخشن. «خـودا بکات کە با سەوداسەری گەمەبێ، ئیدی یان لەگەڵ قژی ئەو یان لەگەڵ دڵی مندا جیاوازی چییە؟
«خـەونم دی حـوسـەینا بۆتە پەیکەرێکی بەردین و لەبەردەم تەلاری شـارەوانیـدا بۆ جـوانی دایاننـاوە». لە شـەوی دووەمـدا خـەریکە شێـوازی دەربڕین و گـەمـەی لەززەتداری نووسین ئیـقاعە شیـعری و لیـریکییـەکان لە دەست دەدا و ڕووەو گێـڕانەوەی دووردرێژی واقعـیانە و گـوزارشت کـردن لە ڕووداو گـەلێک و ئاڵۆزکـردنی فـەزای تێکست بە چەندین کـاراکـتـەری لاوەکی، نووسـەر گـەرەکـیـەتی درێژە بە ڕووداوەکـان بدات و تا چارەنووسی کاراکتەرەکان دیار و ئاشکرابن، ئەگەرنا ساڵی ئاشووب سـاڵی مـیـحنەت و نەهامـەتی عـیـشـقـە. سـاڵی دنیـا خرابوونی ئەڤین و خۆشەویستییە: ساڵی فیراق و دابڕانی نوشافەرین و حوسەینایە. بەهرەیەکی سەرشێت بەعیشق قەڵەمی نووسین لەنێوان ئەنیما و ئەنیموسدا دەساودەس پێـدەکـا و تا ڕۆحی جـوانی لە پانتـایی کـەڤـاڵێکی فیردەوسیدا بەرجەستە بکا کە نوشافەرینی پەری شێوەیە و تا هاڵاوەکانی عیشق و ئیرۆتیک سیاقە جیاجیاکانی ڕسـتـە بارگاوی بکەن، ئەم ڕۆمانە غەزەلێکە و بەوپەڕی بێ موبالاتییەوە ڕووەو کەهکەشانی ئاسمان هەڵدەدرێ و گوزارشت لەوە دەکات کە عـیشق نەمـا چیتـر ژیان بۆنی عەتری لێ نایەت. «عـەباسی مـەعرووفی» بەشێـوەیەکی دۆزەخیـانە تێڕوانینە ئێستـەتیکییـەکـان دەگـۆڕێ، ئەو هێـزی ئیـرۆتیـکی و جـوانشـوناسی بەدڵ و دیدەی نوشـا دەبەخـشێ. نوشـا هەڵوەدای پەیکەری فـیـردەوسـینی حوسەینایە. نوشافەرین لەنێو بازنەیەکی پۆست مودێرنەدا خـەریکی یارییـەکـانی ئێسـتـەتیک و دایسـاندنی هەوەسەکانی ڕۆحە. «با»ش نەدەهات، بەڵام قژی بەسەر برۆکـانییـەوە دەشـەکـایەوە. تەنانەت چەند تاڵێ لە قژی هاتبوونە سەرچاوانی، لە دڵی خۆمدا گوتم کێ قژت شانە دەکات؟
– ڕاست وەکـو ئەو ڕۆژە ببـوو بە پەیکەر وەکـو «مەسیـحی کوڕی مەریەم» تا ئێسـتا شتی وابووە کە زمانت لە گۆ بکەوێ و دنیا لە جووڵە بکەوێ؟
پێکەنیم و گوتم «تا ئێستا لەکوێ بووی؟»
«لێم ون بووی، بە دواتا دەگەڕام».
– بەڵێ ئێرە شـارێکی سـەیر و سـەمـەرەیە، پێکەنیم

«من هاتم براکانم بدۆزمەوە، ئێستا لێرە ماومەتەوە»، «سەیرە»

کەواتە تۆ خەڵکی ئێرە نیت؟

«نەخێر من ڕێبوارم»

بەڵام دکتۆر مەعسوم دەیگوت:

- بەڵێ بەپێی فەحسەکانی من، لە ڕووی تەمەنەوە «نوشا» هێشتا توانای منداڵبوونی نییە، لەبەر ئەوەیە ژنێکە بە بۆن حەساسە و حەزی لە ئاگرە، بەردەوام لەبەر ئاگردا دەوەستێ و لە تەماشاکردنی تێر نابێ! ڕەنگە لەبەر بۆنی دارەکەی بێت، سەرەتا بەردەوام خۆڵی دەخوارد، چەند جار بەردە مۆرەکەی منی خواردووە، بەڵام نوشافەرین کچە تاقانەکەی سەرهەنگ نیلۆفەرییە و عالیە خانم دایکیەتی. باوکی زۆرجار جلی نوشای بۆن دەکرد و نوشا گوتی ژنێکی سۆزانی «گەرۆک»یش هەبوو کە عاشقی من بوو.

نوشا دیوانی حافزی دەخوێندەوە. مەعسوم نەیهێشت قوتابخانە تەواو بکات.

گوتم: «بریا فێر دەبووی لەجیاتی پارە کۆکردنەوە و بەدمەستی و نەرە نەرکردن و لە هەمووشی خراپتر لەجیاتی بەدگومانی، کەمێکیش بیر لەژیان بکەیتەوە».

نوشا بە حوسەینای گوت:

«پیاوان هەمیشە تا ئاخری عومر منداڵن، ئەوەت لە یادبێ «هەم منداڵ بەو هەم پیاو، بەڵام هی من بە»».

زۆرم پێخۆش بوو. گوتی:

«سۆزانی مەستی بەشەخسیەت»

وتی ملوانکە یاسەمینەکەت کوا؟

چاوم تێبڕی. ئینجا ملپێچەکەیم ڕاکێشاو کردمە ملی خۆم. ڕۆمانی ساڵی ئاشووب، وێڕای ئاڵۆزی ڕووداو و ئاپۆڕەی ئەو هەموو کەسایەتییە لاوەکیانەی یان ئەو هەموو کاراکتەر و کات و شوێن و جێ گۆڕکێیانەی ڕووداوی سەرەکی و عیشق و چرکەی ئاگرینی سێکسی و قڵپ بوونەوەی سەراپای ژیانی نوشافەرین گشتی پەیوەستن بە دوکانە پێچاوپێچەکەی گۆزەگەرێکی ڕێبوارەوە، ئەو ڕێبوارەی کە خەڵکی ئەم شارە نییە و ئەو ڕێبوارەی کە زۆربەی کاتەکانی لە مەیخانەی «کیپور»دا بە قەد لەپێ مینای مەیخانەکە لە هەڵم پاک دەکاتەوە و سەیری خانووەکەی نزیک حەوزخانەکە دەکا و عەرەق دەنۆشێ، ئەگەرنا با سەیری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو هەموو کاراکتەرانە بکەین و بزانین چ حاڵەتێکی گەرم و گوڕ و ناوازە دەبەخشنە ئەم عیشقە خواییە. بۆ نموونە، سەرهەنگ ئازەری، میرزا حەسەنی ڕەئیس، میستەر مالکوم، ڕەحمەت ئیزەدی، موختارۆف، ئاغاجانی، سوهراب خان، ئەخەوی و بزنەکەی، مومتاز، نەقیب خوسرەوی، میرزا حەسەن، باسی، جاوید ماشەڵڵای ئاسنگەر، ڕوقیەی دەلاڵ، نازو، کیشوەر، ناژداکی، سەرۆکی شارەوانی، چەکدارانی کافر قەڵا، غوڵام حوسێن تاقانە، وەستا عەباسی سندوق ساز، هۆشەنگ سیستانی سەربازی ڕووس، ئەکبەری لۆتی ساحیر، میربکوتنی شاعیر و یوسفی دارتاش، مەشهەدی حەیدر، ئەسفەندیاری قەشەنگ و ژنە بابلیەکەی، زوبەیدە، شوانەی قژ ئاڵۆزکاو، هەروەها شوێنەکان حەوزخانە و ماسییە سوورەکان، مەیدانی تەعزێ، سەنگەر، شەقامی خوسرەوی، فولکەی سەنگەر، کافر قەڵا و دەشتو» و دیمەنی قەرەجەکان و زۆربەی کاراکتەر و ڕووداوە تراژیدیەکانی وەک هەڵخستنی سێدارە و سووتاندنی کتێبخانە و نەخۆشی گولی و گەمەکانی سیحر و لە سێدارەدانی بزنە شینەکەی ئەخەوی و ئەشقیاکانی کافر قەڵا و کوژرانی غوڵام حوسێن خان لە شەوی زەماوەندەکەیدا و تیاچوونی ئەو هەموو خەڵکە لە برسان و قات و قڕی سەردەمی ئەوسا، لە فەزای ئەم ڕۆمانەدا پێکهاتەی بونیادێکی ڕووکەش پێکدێن کە مانەندی کەرنەڤاڵێکی تراژیدین، بەڵام لەژێر ئەم کەرنەڤاڵی بونیادی ڕووکەشەدا بونیادێکی قووڵی پڕ لە دەلالەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەویش بابەتی عیشقە و عیشقێک کە دواین جار لە مەیخانەکەی کیپورەوە تەشەنە دەکا و سەرتاسەری شار دەخاتە جووڵە و کۆتایی ڕۆمانەکەش تا دواین چرکە هەر سەرقاڵی تراژیدیای هەمان حاڵەتی عیشقە.

کاتێ نوشا دەڵێ: من لەکوێوە بزانیایە کە حوسەینا لە سووچی مەیدانی «تەعزێ»دا ژوورێکی هەیە کە ڕۆژ تا ئێوارە سەرقاڵی قوڕ و سیرامیکە، مشتێ قوڕ هەڵدەگرێ هێندە دەستی تێوەردەدا تا گۆزەیەک یان کاسەیەکی لێدروست بکات. من چوزانم کە هەموو گۆزەکانی ماڵی ئێمە مۆری «حوسەینا»یان لەسەر هەڵکەندراوە.

- یادی حوسەینا نەیدەهێشت بیر لە کەسی دیکە بکەمەوە. دەبوو بە پەیکەر و لەسەر قادرمەکانی تەلاری

شارەوانی هەروا چاوەڕوانی دەکردم».
– بۆ ساتێ هەردووکمان بووین بە بەرد.. بووین بە دوو پەیکەر کە بۆ جوانی، وەکو ڕەمزێک بۆ عەشق و بۆ ژیان لە گۆشەی فولکەکەدا دانرابن». چۆن شەڕ لەنێوان کافر قەڵا و سەنگەردا بەردەوامە بە هەمان شێوەیش عیشق لەنێوان نوشافەرین و حوسەینادا بەردەوامە، چونکە خەڵک شێوەی ئەو مۆرەیان لەسەر گۆزەکانیان دیبوو، ئەو لە کافر قەڵاوە هەمان مۆری لە بلاوکراوەکان دەدا، بەڵام پێوەندی سەرەکی عیشقەکە و ڕووداوە ئیرۆتیکییەکە لەنێوان گۆزەکانەوە ڕوودەدا، «چەند گۆزەیەکی گەورە و بچووک بە تەنافێکی ئەستوور هەڵواسرابوون، کووپەیەکی گەورەش لە دەرەوەی دوکانەکە لەسەر سەکۆیەک دانرابوو سەیری گۆزەو تەشت و گوڵدان و جام و پەرداخە سیرامیکەکانم کرد و گوێم لە هاژەهاژی چەرخێک گرت.. لەناو ئەو هەموو پەیکەر و گۆزەو کووپەڵەیەدا ئەویش پەیکەرێکە.
گوتی «گۆزەکانی ئێوە مۆری منی پێوەیە»
«لەو لاوە کەللەسەری ژنێک بە قژێکی ڕەش و درێژەوە بەسەر نێزەیەکەوە گیرسابۆوە، چەند لەمن دەچوو، دەتگوت سەری منیان بڕیوە و خستوویانەتە سەر ئەو نێزەیە.
ئەمە کەللەسەری کێیە!؟
«شیرین»
«شیرین کێیە؟»
بۆچی تۆ ناوت شیرین نیە؟»
بۆچی خستۆتە سەر نێزە؟ خوا بمکوژێ، بۆچی من، چ گوناهێکم کردووە؟ قژی من ڕەش نییە، خورماییە، لە باوەشی کردم و دەمی خستە ناودەمم، بۆنی خاکی لێدەهات.. دەتگوت خاکە و دەتگوت من گەمە بەخاک دەکەم. هەروەها ئەم تێکستە پڕاوپڕە لە ڕستەی شیعری. بۆ نموونە،
«من گوێ لە دەنگی سووتانی دار دەگرم».
کونە بەبوویەک خوێندی و بەرەو شاخی پاپالو لە شەقەی باڵی دا، دایکم گوتی «هونەر لە هەموو پەنجەکانی دەڕژێ».
«بڕوانە ئەم مۆمدانانە چەند جوانن!».
«بریا دەمتوانی لەناو چاوەکانیدا خۆم بخنکێنم».
«لەبەر تریفەی مانگدا چەند جوانی».

«خۆزگە هەموو شوێنێک دەچوو بەناویەکدا و ئەو تاریکییە هەمیشەییە دەهات».
«من چەند بوو ئەوم دەناسی، ڕەنگە هەزار ساڵ بووبێ».
«سەعاتە گەورەکەی تەلاری ئەنجومەن، دینگ، دینگ، دینگ»
«پەنجەکانی کرد بەناو پەنجەکانمدا، گوتی دەستەکانت چەند گەرمن. «ئەوە هەستمە»
«نەزانێت کە بێوەژن سێوێکە و لەبەر هەتاو مابێتەوە».
«چاوم لە گڕی سووری ئاگرەکە بڕی، سەمای دەکرد».
«چۆن دەتوانم خۆشبەخت بم، من هەموو شتێکم دایە تۆ، من ڕۆحم موڵکی تۆیە».
عەباسی مەعرووفی سوودێکی زۆری لە دنیای هەقایەت وەرگرتووە، ئەوەتانی سەربەهووردی عیشقی کچە پاشا و کابرای زەڕنگەر و بوغز و کینەی کوڕی وەزیر و هەروەها ڕفاندنی لیرە ئەشرەفیەکان و... هی تریش، بەڵام تێکڕای ئەم حاڵەتانە لە دووتوێی ڕۆمانی ساڵی ئاشووبدا بە ڕێگەی ئاگرەکانی عیشق و نووسین ڕووەو شیعریەت دەبردرێن و هەتا دوایین چرکەی مەرگی حوسەینا لە مەرگی عارفێک دەکا کە بەو قژ و ڕیشە درێژەوە وەک دێوانەیەکی ڕەهەندەی کێوان کوڕەکانی ئاغاجانی تەرمەکەی بەسەر بەفرا ڕادەکێشن. «نوشا»ش لە خەفەتی ئاگری عیشق و میحنەت سەردەنێتەوە نەک نەخۆشی «گولی»ی «دکتۆر مەعسوم»یش دوای ڕاکردنی لە سەنگەر دەکەوێتە شێتخانە.. چونکە نوشا هەر لە سەرەتاوە کە دەکەوێتە بەردەستی دکتۆر مەعسوم ئەو وەکو ئەژدەهایەکی ترسناک بەنیازی تۆڵەسەندنەوە ئەو بوونەوەرە فریشتە شێوەیە دەچەوسێنێتەوە و بەردەوام پارە کۆ دەکاتەوە و کراسە کۆنینەکانی خۆی پێ لەبەردەکا و لێیدەدا و جنێو بە باوک و خانەوادەکەی دەدا، بەڵام نوشا تادێ لاواز و بنێس لە وەهم و خەیاڵێک دەکا و زۆرترین کاتەکانی خۆی لەگەڵ ڕۆژە خۆشەکانی ڕابردوودا بەسەر دەبا و نوشای قژ خورمایی بەردەوام نوقمی چرکەکانی نوستالژییە: بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە لەگەڵ باوکیدا سواری گالیسکە دەبوو [جاوید] ئەسپەکانی دەنگ دەدا و «جاری وابوو سواری گالیسکەی دەکردم و دەیبردم بۆ دەربەند بۆ شەهمیرزاد و دەرگەزێن. بۆ هەر جێگایەک کە

حەزم لێبوایە».

«لە ئاوێنەیماڵێکدا بە خەبەر هاتم کە قەت تیایدا نەژیابووم، ماڵێک کە دارکاژێکی بەرز لە ناوەڕاستی حەوشەکەیدا بوو، نێوان لقەکانی پڕبوو لە قەلەڕەشی ماقووڵ».

«دایکم گوتبووی بە جاوید بڵێ گالیسکەکە ئامادە بکات، بابچین بۆ باخاتی دەرگەزێن».

«ئەو ڕۆژانە تەنیا دڵخۆشیی دایکم ئەوەبوو کە من بیبات بۆ باخاتی دەرگەزێن... هەتا خەفەت بۆ مردنی باوکم نەخۆم».

سەعاتە لەنگەرییەکە گوتی «دینگ، دینگ، دینگ» لەگەڵ ڕێکردنی زەمەن کاراکتەر و بوونەوەرە بەدبەختەکان ڕوو لە پانتاییەکانی مەرگ و شێتی و پەراگەندەیی دەکەن بە ڕاڤەیەکی تر. دوور نییە سالی ئاشووب بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە دانێک بێت بۆ گۆرانییەکی «داریوش»ی سالی (٢٠٠٠)، سالی دارمان و سالی خاپووربوونی نرخ و بەها مرۆڤایەتییەکان و سالی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و هەڵفریودانی خەڵکانێکی ساویلکە و سالی نا دادپەروەری و ستەم و زوڵم و چەوساندنەوە و سالی نەمان و لە کیسدانی سۆز و بەینەت و چێژ و لەززەتەکانی عیشق و ئەڤین. سالی قات و قڕی و برسێتی و زەبرو زەنگ و توندوتیژی دەسەڵاتە ستەمکارەکان، یان ساڵ و دەورانی سەردەمی مۆدێرنە کە زەمەنی بێبەزەیی و دڕندەیی و ناهیومانی مێژوویەکە کە پڕە لە داستانی مەزن و هەقایەتی گەورە و گێڕانەوە و سالی نەمانی یەکسانی و ئازادی و برایەتی. سالی بایەخدان بە عەقڵ ئاگایی نەک جەستە. زاڵبوونی دەسەڵات ناهەمواری ترادیسۆنی و لە خشتەبردنی حەز و ئاواتەکانی تاکەکەس. حوسەینای گۆزەگەریش چاکترین بەڵگە و کاریگەرترین نموونەی قوربانی، ڕێگاکانی عیشق و ئەڤین و هیوا و ئاواتی ئازادییەکانی تاکەکەسە، کە پێشتر «جاوید» بۆتە کوشتەی ئەم ڕێگایە و لەلایەن دەسەڵاتە ترادیسیۆنیەکانەوە بەنرخترین لەتی جەستەی لێ سەندراوە تا لە لەززەتەکانی ئیرۆتیک بێبەش بکرێت، بەڵام حوسەینای گۆزەگەر کاتێ لەم چۆڵ و بەرپایەدا بەو سەرو ڕیش و قژە درێژ و ئاڵۆزکاوەی دەردەکەوێ، واتا لەشێوەی موغێک یان عارفێکی خوداپەرستی نوورانی گۆشەگیر و دوورەپەرێز دەڵێی زەردەشتە و خەریکی عیشق و توخمە پیرۆزەکانی سرووشتە، ئاخر حوسەینا کە هەست دەکات هەرەشەی لێکراوە هەر زوو دوکانەکەی ژێرەو ژوور دەکا و یەک یەک گۆزە و گوڵدانەکان دەشکێنێ و ڕوو لە کافرقەڵا دەکا... نوشافەرین گوتی:

– بۆچی خۆت دەدزیتەوە؟

«لە عەشق دەترسم»

لە دنیادا ڕسوا دەبی، پەنجەت بۆ دەکێشن، ناترسیت؟

«هەرگیز»

«زۆرشت لە دەست دەدەیت»

«بە جەهەننەم»

«تۆ چی دەکەیت»

«گۆزە دروست دەکەم»

«دواجار دەتوانم براکانم بدۆزمەوە»

«تۆ چی لە عەشق دەزانی»

لە کتێبدا خوێندوومەتەوە ئەفسانەیە!

حوسەینای گۆزەگەر لە سەرەتای تەمەنیدا «خەمسەی نیزامی» خوێندۆتەوە.. ئەمێستاش چەشنی عارفێک لە چۆڵ و بەرپای دەوری کافر قەڵادا لەگەڵ عیشق و ئەڤینی نوشافەرین و نهێنیەکانی سرووشت و میهری خودادا دەژی.. نوشا گوتی:

«حوسەینام بینی لاقێکی هێنابووە پێشەوە باڵەکانی کردبۆوە و زرم زرم بەدەستەکانی سینگی دەکوتا». ئەوەی شیوەنەکەی دەگێڕا «هۆشەنگ سیستانییە». ئەمە لە مەیدانی تەعزێ و لە شەوی نوێی موحەڕەمدا، هەر بۆیە کاتێ کوڕە بکوژەکانی ئاغاجانی وەکو نەخچیرێک دەوری دەدەن و بە دڕندەترین شێوە دەیکوژن... واتا هەمان ڕۆڵی «شەمەر» دەگێڕن کە تەرمی عاشقێک بە ئەسپ بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن. واتا سالی ئاشووب ڕۆمانێکە لە تۆڵە سەندنەکانی نامووس دەدوێ.

**سەرچاوە:**
**کتێب: سالی ئاشووب**
**بابەت: ڕۆمان**
**نووسینی: عەباسی مەعرووفی**
**وەرگێڕ: محەمەد کەریم**
**چاپخانە: چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع-١٦-**
**چاپی یەکەم: سلێمانی (٢٠٠٥).**

# یەکێ لە قەیرانەکانی پۆست مۆدێرنیزم

د. سەباح عەبدوڵڵا ساڵح(*)
(ئەمەریکا)

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی لە یەکی دوازدەی (١٩٨٧)دا ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە:

«چەند نووسینێکی پرۆفیسۆرێکی زانکۆی یەڵی ئەمەریکی لەناو ڕۆژنامەیەکی نازییەکاندا دۆزرایەوە.»

ئەم پرۆفیسۆرە ناوی «پۆل دی مان» بوو و یەکێ لە برادەرە نزیکەکانی جاک دێریدا بوو. لە ساڵی (١٩٨٣)دا دی مان بەهۆی شێرپەنجەوە مرد. دی مان بە ڕەسەن خەڵکی بەلجیکایە. ئەوکاتەی کە نازییەکان بەلجیکایان داگیرکرد، دی مان لاوێکی (٢٢) ساڵی بوو، زۆر حەزی لە خوێندن و نووسین بوو، بەتایبەتی لە بارەی ئەدەبی ئەوروپییەوە. لە ساڵی (١٩٤٠) و (١٩٤٢)دا دی مان چەند نووسینێکی لەدوو ڕۆژنامەی بەلجیکیدا بڵاوکردەوە، یەکێک لەو ڕۆژنامانە Le Soir بوو، ئەوی تریان Het Vlaamsche Land بوو. هەردوو ڕۆژنامەکە سەر بە نازییەکان بوون.

لەم نووسینانەدا دی مان بەهیچ جۆرێک بە خراپە باسی نازییەکان ناکات، بەڵام دیارە ڕقێکی زۆری لە نووسەرەکانی جوولەکەیە، هەرچەندە زۆر بەباشی باسی فرانز کافکا دەکات. بەلای دی مانی لاو، نازییەت بریتی بوو لە جۆرە شۆڕشێکی پێویست بۆ ئەوەی

مـرۆڤـایەتی لە دەسـتی جـوولەکـە و پیـلانە جـۆر بە جـۆرەکـانیـان رزگـار ببێ، هەروەها بۆ ئەوەی رۆحی ئەڵمـانی و رۆحی هیـتلەری بکات بەیەکـەوە. بە لای دی مـان، ئەڵمـانیا ئەوکات جۆرە ئەرکێکی مێژوویی لەسەر شان بوو بۆ ئەوەی تێکرای ئەوروپا بێنێتە ژێر دەسەڵاتی نازییەکانەوە.

پێش ئەوەی ئەم نووسـینەی دی مـان بدۆزرێتـەوە، بە تایبـەتی لە سـاڵانی (١٩٧٥- ١٩٨٥)دا، دی مـان لەوپەڕی بەناوبانگیـدابوو لە ئەمـەریکا و رێزێکی زۆری هەبـوو لەلایەن مـامـۆسـتـا و قـوتابیـانی ئەدەب. بەلای زۆرکـەسـانەوە دی مـان لە بواری تیـۆری هەڵوەشـاندن لە دێریدا گـەلێ پسـپـۆڕتر بوو، هەروەها ئەگـەر دی مـان نەبوایە، لەوانەیە ئەم تیـۆرە ئەو جـۆرە رەواجـەی لەسـەر نەدەبوو لە زانکۆکانی ئەمەریکادا لە دەوروبەری هەشتـاکانەوە. بۆ گـەلێ بیرمەند هەندێ لە قسەکانی دی مان شـایەنی رێزگـرتن بوون، بەتایبـەتی ئەم دێرە لە کـتـێـبی «سـوودەکـانی هەڵە»:

ئەوەی کـە تاوانبـارە زمـانە، نەک ئەو هەڵە فـەلسـەفییـەی کە یەکێک دەیکا.

**لە پاش هاتنی بۆ ئەمەریکا هەوڵ و تەقەللای ئەوە بوو رابردووەکەی بسڕێتەوە و بڕوا بەخۆی و بیرمەندان بهێنێ کە ئەوەی لێرەدا خەتابارە مرۆڤ نییە، بەڵکو زمانە**

هـەروەک ئـەم دێـرە روونـی دەکـاتەوە، مـەبەسـتی دی مان ئەوە بـوو کە بتـوانێ خـۆی بەتایبەت و (نووسـەران بەگشـتی) لە مـەسـەلەی ویژدان (conscience) رزگار بکات.

لەم بارەیەوە فرانک کەرمۆد دەڵێ:

«ویژدانی نـووسـەر بـەم شـێـوەیە کـە نووسـەر لە بەکارهێنانی ویژدان قەدەغە دەکا».

جـا لێـرەدا کـە ئەو نووسـینانـەی دی مـان لە سـاڵی (١٩٨٧)دا ئاشکرا بـوون، نەک تـەنیـا ناوی دی مـان، بەڵکو پرۆژەی هەڵوەشـاندنیش تووشی قـەیرانێکی توند بوو بەلای دوژمنانی دی مـانەوە. ئەم نووسینانە بەڵگەن کە دی مان لە کۆنەوە بیری نازییەتی هەبووە، هەروەها لە پاش هاتنی بۆ ئەمـەریکا هەوڵ و تـەقـەللای ئەوە بـوو رابردووەکەی بسڕێتەوە و بڕوا بەخۆی و بیرمەندان بهێنێ کە ئەوەی لێرەدا خەتابارە مرۆڤ نییە، بەڵکو زمانە. ئا بەم شێـوەیە دی مـان بڕوای بەخـۆی و گـەلێ کـەسی تری هێنا کە هەمـوو جۆرە پەشیمانی و دانپیانانێک بریتین لە شتی بێ سوود و بێ مانا.

دی مان خۆیشـی ئەم جۆرە قسـەیە دەکا، بەتایبەتی لە کتێبە بەناوبانگەکەی «کوێرایەتی و چاوکردنەوە»:

«من ئەو خـوودەم نییـە لە رابردووم بکۆڵـمـەوە، هەروەک چۆن بە ئاسـانی فـیـلمی خـراپم لەبیـر دەچێ، ئاواش نووسینەکانی خۆم لەبیردەچێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، هەروەکو فیلمی خراپ، هەندێ بەش لە نووسینەکانم وازم لێ ناهێنن و جار بەجار بۆم دەگەڕێنەوە و ئەزیەتی ویژدانم دەدەن».

پێش ئەوەی ئەم نووسـراوانە بدۆزرێنەوە کـە باسـیـان دەکەم ئەم جۆرە قسـەیە بەلای گەلێ کەسانەوە نیشانەی زیرەکی و دڵپـاکی دی مان بوو، ئەم جۆرە قسـەیە بۆیان بەڵگەبوو کە هەمـوو لێکۆڵینەوەیەک بەزمـانەوە دەست پێـدەکـات و لە زمـاندا کـۆتایی دێ و لە دەرەوەی زمـان شـتـێـکی ئەو تۆ نیـیـە کـە شایەنی ئەوە بێ خوێندەوار خۆی پێ ماندوو بکا. لە کاتی خۆیدا لودویگ ڤتگنشتاین قسـەیەکی بەم شێوەیەی لە بارەی فـەلسـەفـەوە کـرد، کـە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا Tractatus داوای لە خوێندەوار کرد فەلسەفە بە جددی وەرنەگرێ، چونکە فـەلسـەفـە ئەو توانایەی نییـە نهێنییـەکانی دنیـامان بۆ ئاشکرا بکات، بەڵکو تەنیـا ئەوە دەزانێ مەتەڵی زمانەوانیمان بۆ دروست بکات.

بەلای دۆسـتـانی دی مـانەوە، ئەو هەسـتـا پرۆژەکـەی ڤـتگنشـتـاینی فـراوانتـر کـرد، تا وای لێکرد هەمـوو بیـروباوەڕێکی لەناو زمـان تاواندەوە و مـانـای کـرد بە شتێکی مەحاڵ، بەڵام کە ئەو نووسینانە ئاشکرابوون، دی مان یەکسەر بوو بە تەنگژەیەکی سەرەکی بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو کولتووری پۆست مۆدێرنیزمدا پەروەردە ببوون. خـاڵی سـەرەکی لەم تەنگژەیەدا ئەمـە بوو: ئایا ئەم نووسـینانە چیـمـان بۆ دەچەسـپـێنێ لە بارەی پۆل دی مانەوە؟ هەروەها، چیمان بۆ دەچەسپێنێ لە بارەی تیۆری هەڵوەشاندنەوە؟ یاخود بەشێـوەیەکی گشتی چیمـان بۆ دەچەسپێنێ لە بارەی پۆست مۆدێرنیزمەوە؟

ئەم پرسیـارانە یەکسـەر پرسیـارێکی ترمـان ئاراسـتە

دەکەن:

ئایا ئەو کەسەی کە ئەم جۆرە پرسیارانە دەکا، چ جۆرە بیروباوەڕێکی هەیە؟ واتە لێرە، هەروەک تێری ئیگلتۆن لە کتێبی Figures of Dissentدا ئەگەر ئەو کەسە بڕوای بە تیـۆری هەڵوەشـاندن هەبێ، ئایا ئەو کـەسـە دەتوانێ بەرگـری لە پۆل دی مـان بکا؟ یاخـود ئەگـەر یەکێک زۆربەی ژیانی ڕۆشنبیری لە خزمەتکردنی تیۆری هەڵوەشاندندا سـەرف کـردبێ، ئایا دروسـتـە ئەو یەکـە لەسـەر چەند نووسـینێک کـە وەختـی خـۆی بە لاوێتی نووسیویەتی موحاسەبە بکرێ؟

لە پاش دۆزینەوەی ئەو نووسـینانە، لە ئەمـریکا کۆنفرانس لەدوای کۆنفرانس لە بارەی ئەم مەسەلەی دی مـان ساز کـرا و چەندین کـتێب و نووسین لەم بارەیەوە بڵاوکرایەوە. یەکێک لەو کتێبانە ئەمەیە:

«چەنـد وەڵامـدانەوەیـەک لەسـەر نووسـینە ڕۆژنامـەییـەکـانی پۆل دی مـان لە کـاتی دووەم شـەڕی جیهانیدا».

بەلای ئەو دۆستانەی تیۆری هەڵوەشاندن کە لەو کتێبە بەشداریان کردووە، وەکو ساموێل وێبەر تمەتی باهاتی و ئەندرێژ و ڕمنسکی و ڕۆدۆلف گـاشی و چەندانی تر، مەسەلەی دی مان بریتییە لە پیلانێک لەلایەن دوژمنان و ناحەزانی تیۆری هەڵوەشاندن بۆ ئەوەی ناوی ئەم تیۆرە ڕیسوا بکەن. لە باتی لەسەر مەسەلەی دی مان بە وردی بدوێن، ئەمـانە بەشێوەیەکی گشتی لەسـەر پرسـەکـانی زمـان و مـانا دەدوێن، دیسـان دووپاتی دەکـەنەوە چۆن هەمـوو بڕیاردانێک شتـێکی مەحاڵە، چۆن مانا بەهیچ جۆرێک نایێتە چەسپاندن، چۆن لە بیرکـردن بەشێکی سەرەکییە لە ژیانی ئادەمیزاد، چۆن مێژوو بریتییە لە جۆرە ڕۆمانێک، چۆن زمان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، چۆن هەڵە شتێکی ئاساییە.

جـاک دریداش لەم کـتێبەدا بەشداره، نووسینەکـانی بریتییە لە جۆرە پاڕانەوەیەک کە تێیدا هەوڵ دەدا وردە وردە زمـانی پاڕانەوە هەڵوەشـێنێ. لە لایەکـەوە دێریدا دان بەوەدا دەنێت کـە کـاتی خـۆی دی مـان ئەم نووسـراوانەی نووسـیـوە و تێـیـانـدا باش باسی نازییـەکـانی کـردووە، بەڵام لە هەمـان کـاتیـشـدا دێریدا هەوڵ دەدا قسـەکـانی خـۆی و دی مـان هەڵوەشـێنێـتەوە بۆ ئەوەی نیشـانمان بدا لێـرەدا دی مـان خـەتابار نییـە، بەڵکو زمـان خـەتابارە، واتە: دێریدا هەوڵ دەدا دی مان بەغەدر لێکراو بهێنێتە بەر چاومـانەوە. ئا بەم شـێـوەیە، هەروەکـو کـوردەواری خـۆمـان دەڵێن، دریدا خـۆی بە گـوریسی خـۆی دەبەستێتەوە. قسەکانی یەکێک لە عەیبە سەرەکییەکانی تیۆری هەڵوەشاندنمان نیشـان دەدا: واتە چۆن بڕیار دان دەبێتـە بەشێکی مەحاڵ بۆ دۆستـانی ئەم تیۆرە. لێرە مـەبەست ئەوەیە مـەسەلەی دی مان بخرێتە بن بەرەوە: چۆن دەزانین؟ چۆن دەتوانین بڕیار بدەین؟ کێ مـافی بڕیاردانی هەیە؟

بۆ ئەوەی چاکـتـر لە مـەبەسـتی دێریدا بگەین، بە پێـویسـتی دەزانم هەندێک لە ناونیـشـانی بدوێم. نووسینەکەی بەم ناوەیە:

«وەکـو دەنگی دەریایەکی قـووڵ لەناو قـەپێلکێکدا: شەڕی پۆل دی مان»

ئەم وشانە ئاماژە بۆ دوو شەڕ دەکەن:

لەلایەکـەوە ئەو شـەڕەی کـە نازییـەت دایگیـرسـاند، لەلایەکی ترەوە ئەو شەڕەی کە بەهۆی نووسینەکـانی دی مـانەوە هەڵگیـرسـا. هەرچەندە ئەم وشـانە ئامـاژە بۆ پەلاماردانەکانی نازییەت دەکەن دژی مرۆڤایەتی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نووسینەکە ناهێڵێ نازییەت ببێت بە پرسێکی سەرەکی لە لێدوانەکە. ئا بەم شێوەیە دێریدا ڕێگا خـۆش دەکـات بۆ ئەوەی شـەڕی دی مـان ببـێـتـە خاڵێکی سەرەکی لە نووسینەکاندا، لەبەر ئەوەی هەردوو ڕابردوو وەکو بڵێی لەناو دەریایەکی قووڵدا نوقم بوونە، دێریدا دەیەوێ ڕابردووی دی مـان بەلاوە بنێ و جـەخت لەسـەر دی مـانی پرۆفـیـسـۆر بکات، بۆ ئەوەی دی مان نیشان بدا کەسێکە زوڵم لێکراوە، واتە بەلای دێریدا دی مان باشی کرد لە دوای هاتنی بۆ ئەمەریکا ڕابردووەکانی خۆی بەلاوە نا و هەوڵێکی زۆری دا لەبیریان بکا، باشی کرد، چونکە بەم شێوەیە توانی تەرکیز لەسەر ئەرکەکانی پرۆفـیـسـۆری خـۆی بکـا، لێرەدا یەکێ لە قسـەکـانی پرۆفـیـسـۆر فـرێدریک جەیمس شایانی باسکردنی هەیە لەم بارەیەوە:

«لەوانەیە مـێژوومـان لەبیـر بچـێـتـەوە، بەڵام مێژوو ئێمە لەبیر ناکات».

ئا بەم شـێـوەیە کە باسم کرد دۆسـتـانی

**لەوانەیە مێژوومان لەبیر بچێتەوە، بەڵام مێژوو ئێمە لەبیر ناکات**

پۆست مـۆدێرنیـزم بەرگـری لە پـۆل دی مـان دەکـەن، بەڵام ئەوانەی کە دانوویان لەگەڵ پۆست مۆدێرنیزم ناکوڵێ، بە چاوێکی تر تەمـاشـای پرسـەکـە دەکـەن، بەلایانەوە ئەو نووسـیـناتەی دی مـان بەڵگەی ئەوەن کـە دی مــان لە کۆنەوە بیروباوەڕی نازییەتی هەبووە بە تایبەتی لە بارەی پرسەکـانی کولتـووری و ڕۆشنبیـرییەوە. واتە ئەمـانە کە تەمـاشـای ڕابردووی دی مـان دەکـەن، دی مـانێکی جیـاوازتر لە دی مانی پرۆفیـسـۆر نابینن، بەڵکو هەمان کـەس و هەمـان نووسـەر دەبینن. ئاشکرایە ئەم جـۆرە قسەیە، وەکو قسەکانی دۆستـانی دی مان، شێوەیەکی دیکتاتۆری هەیە، چونکە حوکم لەسەر دی مان دەکات بە زمـانێک کە تێیـدا گـومـان و گـفـتـوگـۆ بێ جێنە. ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە ناسنامە بە شتێکی چەسپاو حسێب دەکـات، وەکو بەردێک کە بۆ مـاوەی پەنجا ساڵ هەروەکو خۆی دەمێنێتـەوە. ڕاستـە دی مانی پرۆفیـسـۆر بەشێکە لە دی مانی بیست ساڵی، بەڵام لە زۆر ڕووەوە دی مانی پرۆفیسۆر دی مانێکی ترە.

جـــا لەبەر ئەوە، بـەلای مـن خـــاڵـی سەرەکی ئەوە نییە ئایا دی مان خەتابارە یان نـا، سـەر بە نازییـەکـان بووە یان نا. بەلای من خـاڵـی سـەرەکی ئەوەیە، ئـایا تا چ ڕادەیەک دی مـانی پیـر و دی مـانی لاو ڕوو لێـک دەکــەن و بە هـەمـــان نـیـگـا تەمـاشـای دنیـا دەکەن و بە هەمـان شێـوە تەمـاشـای ئەدەب و کولتـوور دەکـەن. هەرچەندە دی مـانی لاو لە نووسینەکانیدا بە باشی باسی نازییەکان دەکا، لە هەمـان کـاتیـشـدا ئەو زمـانەی کە دی مـانی لاو بەکـاری دێنێ بۆ پرسی ئەدەبی و کـولتـووری زمـانێکی گـەلێک جیاوازترە لە زمانی نازییەت: دی مان داوای سەربەستی دەکـا بۆ نووسـەران، هەوڵ دەدا هونەر لە سیـاسـەت دوور بکاتەوە، بۆ ئەوەی نەهێڵێ هونەر ببێت بە خزمەتکاری سیاسەت. ئەمە بە پێچەوانەوەی زمانی نازییەتە.

بێگومـان، دی مـانی پرۆفـیـسـۆر ئاگـاداری ئەوەبوو کـە دی مــانی لاو جـۆرە هەوڵدانێکی ئایدیۆلۆجی کـردووە لەپێناو خزمەتکردنی نازییەکانەوە، هەڵبەتە، دی مـانی پرۆفـیــســۆر نەیویســتــووە لەســەر ئەم ڕابردووە بدوێ. بێگومـان، لە هەمـان کـاتـیـشــدا لە توانای نەبووە ئەم ڕابردووە لەکـۆڵ خـۆی بکاتەوە. لەم بارەیەوە پرۆفـیـسـۆر کرستـۆفـەر نۆرس قسـەیەکی بۆ دروست دەکا، لە کتێبی Paul de man: Deconstruction and the critique of Aesthehc Ideology نـــــــــۆرس دەڵێ: نووسـینەکانی پۆل دی مانی پرۆفیـسـۆر بریتین لە جۆرە هەوڵدانێکی کپ بۆ ڕووخاندنی نووسراوەکانی پۆل دی مـانی لاو، واتە دی مـانی پرۆفـیـسـۆر ڕقـێکی زۆری هـەبـوو لـە زمــــــانـی ڕەها لـە تـێـکـەڵـکـردنـی ئـەدەب و سـیـاسـەت، لە نەتەوەخـوازی هەروەها لە هەمـوو جـۆرە دەسەڵاتێک. یەکێ لە هۆیەکانی ئەم هەڵوێستـە ئەوەبوو کە دی مانی پرۆفیـسۆر بەدزییەوە دەیویست دی مانی لاو هەڵبـوەشـێـنێـتـەوە و ڕیسـوای بکا. ئەم قـسـەیە ڕێی تێدەچێ: دنیاکەی دی مان دنیایەکی تاریک و بێ تام و بێ زەوقــە. دەشێ ئـەمـــە هەوڵدانێـک بێ لەلایەن دی مـانەوە بۆ ئەوەی خـۆی لە دی مـانی لاو دوور بکاتەوە. واتە نووسـراوەکـانی دی مـانی پرۆفـیـسـۆر دەبن بە جۆرە لێـپـێـچـانەوەیەک لە دی مـانی لاو. ئەم قـسـەیە ئەوە ناگـەیەنێ کـە دی مـانی لاو و دی مـانی پرۆفـیـسـۆر بە تەواوی لە یەکـەوە جیـاوازن. لە بارێکی زۆر گـرنگەوە ئەو جـووت دی مـانە وەکـو یەکن، دی مـانی لاو لە بارەی سیاسییەوە بیـــروباوەڕی ڕاســـتـــڕەوی هەبـوو دژی سـۆشـیــالیـزم بوو، کـەیفی بە شـۆڕش نەدەهات، بەلایەوە هونەر هیچ ئەرکـێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر نییە، تەنیا ئەرکی خزمەتکردنی خۆی نەبێ. دی مانی پرۆفیسۆریش هەمـان بیـروباوەڕی هەبوو، واتە هەردوو دی مـان خـاوەن هەمــان بیــروباوەڕ بوون لە بارەی شــوێنگەی ئەدەب لە ژیانی کۆمەڵدا.

**گرفتی سەرەکی ئادەمیزاد «کردار» نییە، بەڵکو «زمانە»**

جـا لێـرەدا، ئەوانەی کـە لەسـەر ئەو نووسـینانە یاخـود لەسەر قسـەکانی دێریدا یان لەسەر بیروباوەڕەکانی مارتن هایدگـەر، دی مان بە نـووسەرێکی نازی دادەنێن، ئەوانە هەڵـەیەکی زۆر گـەورە دەکـەن و هەڵـەکـەیان گـەورەتریش دەبێ ئەگەر بە هەمان شێوە تەماشای پرۆژەی هەڵوەشاندن و بیـرۆکـەی پۆست مـۆدێرنیـزم بکەن. بە پێـچـەوانەی ئەم پرۆژەیە و ئەم بیــرۆکــەیە، نازیــەت بەبێ ســەنتــەر ناحـەوێتـەوە، بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدا سـەنتـەر بەهێـز بکات، بەردەوام دوژمنداری لەگەڵ گومـان هەیە، حەز لە پەراوێزی ناکات.

زیاتر لە هەمـوو شـتێک ئەم نووسـینانەی دی مـان لە بارەی تیـۆری هەڵوەشـاندن ئەوەمـان بۆ ڕوون دەكـاتەوە: هەرچەندە ئەم تیـۆرە بڕوای بە هیچ سەنتەرێک نییـە، لە هەمـان كـاتیـشـدا ئەو توانایەی نییـە هەمـوو سـەنتـەر و بناغـەیەک لەناو ببـا، دەكـرێ بڵـێین لەتوانایدا نییـە بەرگری لە هیچ سەنتەرێک یاخود بناغەیەک بكات.

بۆ ئەوەی زیاتر ئەم خاڵە ڕوون بكەمەوە، بە پێویستی دەزانم باسی نموونەیەكی تر بكەم لە بارەی نـووسین و سیاسەت و تیۆری هەڵوەشاندنەوە لە ساڵی (١٩٨٥)دا دێریدا نووسینێكی دوور و درێژی لە گۆڤاری Gritical Inguiryی ئەمریكی بلاوكردەوە. لەم نووسینەیدا هەوڵ دەدا لەسەر مەسەلەی ڕەگەزپەرستی لە ئەفریقای باشوور بدوێ. ئەوكـات نلسـۆن مـەندێلا چەندەها سـاڵ بوو لە بەندیخـانەدا بـوو و حكومـەتی كـەمـینەی سپی بەهیچ جۆرێک ئامادە نەبوو ڕێگا بە ڕەشەكان بدات، كە زۆرینە بوون، بەشداری دەسەلاتگێران بكەن. دێریدا وەكو هەموو مافخوازێ، دژی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بوو، حەزی دەكرد ئەم ڕژێمە نەمێنێت.

بەلاّم كە دێریدا دەست پێدەكـا لەسەر بابەتەكە بدوێ، یەكسەر تووشی قـەیرانێكی فـیكری دەبێ، چونكە لە بۆ دێریدا وەک چۆن بینیـمـان بۆ دی مـان، گـرفـتی سـەرەكی ئادەمـیـزاد «كـردار» نیـیـە، بەڵـكو «زمـانـە» ئا بـەم ئاراسـتـەیە دێریدا كـاتێكی زۆر تەرخـان دەكـا لە لێكدانەوەیەكی وشـەییـدا لەبارەی وشـەی ئەپارتیـد، تا وای لێ دێ ئەم وشەیە وردە وردە لەگەڵ چەندان وشەی تر تێكەڵ دەبێ و پێـوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی ئادەمـیـزاد لە ئەفریقای باشوورەوە نامێنێ. لە سەرەتاوە دێریدا دەڵێ مەبەستی ئەوەیە وشەی ئەپارتید لە تەمومژی زمان ڕزگار بكات و داوا لە هەمـوو ئادەمـیـزادێک دەكـا دژی ئەم ڕەگەزپەرسـتایەتییـە بوەستێ، بەلاّم لەبەر ئەوەی تیـۆری هەڵوەشـاندن بڕوای بە هیچ بناغـەیەک نییـە، دێریدا لە باتی ئەم قسـانەی خۆی بچەسپێنێ، خۆی دەهاوێتە ناو تۆڕێكی جاڵجاڵۆكەیی و لەناویدا عاسێ دەبێ و ئاگای لەدنیای سیاسەت و مێژوو نامێنێ. هەروەكو نووسەران ئان مـەكلنتـۆک و ڕۆب نیكسـۆن وەلاّمی دێریدا دەدەنەوە لە هەمـان گـۆڤـاردا، هەرچەندە نووسـینەكـەی دێریدا دژی ئەپارتید نووسراوە، ئەم نووسینە لە توانایدا نییە بۆمان ڕوون بكـاتەوە لەژێر چ جـۆرە بارودۆخـێكی مـێـژوویی و سـیـاسی و ئابووریدا پرۆژەی ڕەگـەزپەرسـتی هاتۆتە چەسـپـاندنەوە، یاخـود لەبەر چی پێـویسـتـە هەمـوو ئادەمیزادێک دژی بوەستێت.

پرۆفیسۆر ئەلیكس كولنكۆس هەمان جۆرە ڕەخنەی لە دێریدا هەیە:

«بۆ دێریدا هەموو جوولاّنەوەیەک دژی ئەپارتید دەبێ بە وسكتی لەناو زماندا بمێنێتەوە و نابێ ڕێگای پێ بدرێ ببـێت بە پرۆگـرامـێكی سـیـاسی یاخـود جـۆرە ستراتیژیەتێک.»

هەرچەندە ئەم قسەیە بە دڵی دێریدا نییە و خۆی چاک ئاگادارە لە توانای پرۆگرامەكەیدا نییـە دژی ئەم قسـەیە بدوێ، چونكە قسـەكانی دێریدا لەبارەی ئەپارتیدا تەنیا لەناو زمـان دەمـێنێـتـەوە و بەهیچ شـێـوەیەک ئامـاژە بۆ دەرەوەی زمان ناكات. هەروەک دێریدا خۆی دەڵێ:

«وشەی ئەپارتید تەركیز لەسەر جیاوازبوونەوە دەكات، چونكە خۆی بەجیاواز حسێب دەكات، ئەم وشەیە جۆرە كیانێک بۆ خۆی دروست دەكا كە وردە وردە وای لێ دەكا خۆی بە بنچینە بەشێكی جیاواز ببینێ.»

واتە لێرەدا كێشەی پۆل دی مان و كێشەی جاک دێریدا و كێشـەی تیـۆری هەڵوەشاندن بە گوێرەی هەمـان كۆسپ پەیدا دەبن، ئەویش ئەوەیە كە زمان لە توانایدا نییە مانا بچەسپێنێ. ئا بەم شێوەیە ئەوانەی كە بەرگری لە دی مان دەكەن، بەلایانەوە هیچ كەسێک بە خەتابار ناژمێردرێ، ئەگەر خەتاكەیان تەنیا لەناو زمانەوە پەیدا بووبێ. واتە قسـەكـانی پۆل دی مـانی پرۆفـیسـۆر و قسـەكـانی جـاک دێریدا لە بارەی ئەپارتیـد دەبێ بخـرێنە چوارچێوەیەكی هزری تایبـــەتی خــۆیانەوە، بۆ ئەوەی مـــەبەست و شێوەكانیان ئاشكرا بكرێن. ئەم چوارچێوەیەش هەروەكو پرۆفیسۆر دێنس دانەهیو دەڵێ: بریتییە لە بەرهەمێكی كولتووری ڕۆژئاوایی كە لە حەفتاكان و هەشتاكاندا لە قۆناغێكی توندی گومان و بێ باوەڕیدا بوو.

**(*) پرۆفیسۆری زمانی ئینگلیزییە لەزانكۆی بلۆمسبیرگی ئەمەریكی.**

# ڕۆمان و ئەوروپا (١)

میلان کۆندێرا
لە فارسییەوە: ئیسماعیل زارعی
(بانە)

(١)

ئێدمۆند هۆسێرل(٢) لە ساڵی (١٩٣٥)دا، سێ ساڵ بەر لە مردنی، لە شارەکانی ڤیەننا و پڕاگدا وتارە بەناوبانگەکەی خۆی لە بارەی قەیرانی مرۆڤخوازی ئەوروپاوە پێشکەش کرد. «ئەوروپا» بەلای هۆسێرلەوە تەنیا وشەیەکی جوغرافیایی نەبوو (هەرچەندە ئەمریکاشی لەخۆ دەگرت). مەبەستی زیاتر زاتێکی نادیار (معنوی) بوو کە لە نەریتی یۆنانی کۆنەوە سەرچاوەی دەگرت. لەوێدا بوو کە بۆ یەکەمجار مرۆڤ وەکو پرسێک لە جیهان (واتە جیهان بە وێنەی گشتییەتێک)ی ڕوانی و بەپێویستی زانی وەڵامی بداتەوە. یۆنانییەکان لەبەر دابینکردنی فلانە خواستی پراکتیکی پرسیاریان لە جیهان نەکرد، هۆی گەڵاڵەکردنی پرسیار ئەوە بوو کە «زەوق و تامەزرۆیی ناسین بەسەر مرۆڤدا زاڵ ببوو».

هۆسێرل پێی وابوو قەیرانێک کە باسی لێدەکات، هێندە قووڵە دەترسا، نەکا ڕۆژئاوا لە بەرامبەریدا توانایی

---

خۆڕاگری نەبێت. بە بڕوای ئەو ڕیشەکانی ئەم قەیرانە بۆ سەرەتای سەردەمی نوێ دەگەڕایەوە، بەلای گالیلۆ و دیکارتەوە، بە تێڕوانینێکی یەک لایەنەی زانستی ئەوروپایی کە جیهانی بە تەن یا ئامرازێک لە خوێندنەوەیەکی ئەزموونی و ئەژمێری دەشوبهاند، هەر بەم پێیەش جیهان زیندووی دیار فەرامۆش دەکات.

سەرهەڵدانی زانست مرۆڤی بەرەو «تونێلەکانی مەعریفەیی پسپۆڕانە» ڕێنوێنی کرد. لەگەڵ هەر هەنگاوێک کە مەعریفەی زانستی بەرەو پێشەوە هەڵیدێنایەوە، مرۆڤ خۆی و جیهانی بەوێنەی کۆ یا گشتییەتێک بە ڕوونییەکی کەمترەوە دەبینی و هەموو ڕۆژێک لەگەڵ دیاردەیەک ڕووبەڕوو دەبۆوە کە هایدگەر(٣) قوتابی هۆسێرل ئەوی بە دەستەواژەی جوان و ئەفسووناوی «فەرامۆشکردنی هەبوون» ناوبردووە.

دیکارت مرۆڤی فێری ئەوە کرد کە «ئاغا و خاوەنی سروشت» بێت و بەم شێوەیە مرۆڤ بە تەنێکی ساکار لە بەرامبەر هێزگەلێکی وەک تێکنۆلۆژی، سیاسەت و مێژوو گەیشت، واتە هێزگەلێک کە نە تەنیا لە بان تێگەیشتن و دەسەڵاتی مرۆڤەوە بوون، بەڵکو دەسەڵاتی ئەویشیان لەدەست دابوو. بۆ ئەم هێزگەلە، بوونی دیاری مرۆڤ واتە «جیهانی زیندوو»ی ئەو نرخ و بایەخێکی نەبوو. ئەم «جیهانە زیندووە» لە سێبەرێکدا فەرامۆش کراون و ون بوون.

(٢)

وەها تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لەسەردەمی نوێ وەبیرهێنەرەوەی ئەم بیرۆکەیەی سۆلژنتسین-ە کە قەیرانی ئەوروپا بەسەردەمی بووژانەوە (ڕێنسانس) دەستی پێکرد و پاش ئەوە، مێژوو جگە لە پرۆسەی کەمبوونەوە، هیچ شتێکی تر نییە.

بەڵام گومانی من ئەوە نییە کە دوو دیاردەناسی گەورە (کە پێشتر ناوم هێناون) سەردەمی مۆدێرنیان ڕەت دەکردەوە. دروستتر ئەوەیە کە بڵێین ئەوان ناڕوونی ئەم سەردەمەیان، کە وەکو هەموو دیاردەیەکی مرۆڤایەتی تر، لەکاتی لەدایکبوونی خوددا تووڵەکانی دابەزین و شکانی لەخۆ دەگرت، ئاشکرا کرد. ئەم ناڕوونییە بەهیچ شێوەیەک لەنرخ و بایەخی کولتووری ئەوروپا لە چوار سەدەی پێشوودا کەم ناکاتەوە. من ئۆگری تایبەتیم بەم سەردەمە هەیە، نەک لەبەر ئەوەی کە فەیلەسووفێکی ڕۆماننووسم. بەلای منەوە سێرڤانتس(٤) بە ڕادەی دیکارت دامەزرێنی سەردەمی نوێیە.

**قەیرانی ئەوروپا بە سەردەمی بووژانەوە (ڕێنسانس) دەستی پێکرد و پاش ئەوە، مێژوو جگە لە پرۆسەی کەمبوونەوە، هیچ شتێکی تر نیی**

ئەگەر ئەم گریمانەیە قەبووڵ بکەین کە فەلسەفە و زانست، بوونی مرۆڤیان لە بیربردۆتەوە، ئەوکات بەڵگەدارتر دێتە بەرچاو کە سێرڤانتس جۆرێک هونەری مەزنی ئەوروپایی ئەفراند کە مەبەستەکەی شتێک جگە لە تۆژینەوەی هەمیشەیی لە بوونی فەرامۆشکراو لەلایەن زانستەوە نییە.

هەر ئەوەندە بەسە کە بوون و کات(٥) ئاواڵە بکەن و ئەوجا دەبینین کە هەموو مایەکانی ئێکزیستانسیالیستییەک کە هایدگەر خەریکی دۆزینەوە و خوێندنەوەیان بووە، لە ماوەی چوار سەدە مێژووی ڕۆماننووسیدا، خوێندراونەتەوە. ڕۆمان یەک بەیەک ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەبوونی دۆزییەوە: لەگەڵ سێرڤانتس و هاوچەرخەکانیدا موتاڵا و خوێندنەوەی ڕەوشتی کۆن دەستی پێکرد، لەگەڵ ڕیچاردسۆندا(٦) کاری پێداچوونەوە بەسەر «ئەوەی لە دەرووندا ڕوودەدات» دەستی پێکرد و دەمامکی لەسەر ڕازی ژیانی سۆزداری هەڵگرت لەگەڵ باڵزاک لەم ڕاستییە تێگەیشت کە مرۆڤ بنج و ڕیشەی لە مێژوودا هەیە، لەگەڵ فلوبێرەوە پێی نایە نیشتمانی نەناسراوی ژیانی هەموو ڕۆژە و ئاساییەوە، لەگەڵ تۆلستۆی سەرنجی لە توخمگەلی ناعەقڵانی لە هەڵسوکەوت و خووڕەوشت و بڕیاردانی مرۆڤایەتی ڕاکێشرا. کات و ساتی پێوا، لەگەڵ پرۆست(٧) «مەزنایەتی» ڕابردوو لەگەڵ جۆیس(٨) مەزنایەتی هەنووکەی ناسی. لەگەڵ توماس مان(٩) لە ڕۆڵی ئوستوورە دێرینەکانی مرۆڤی لە کردارماندا تۆژییەوە و بە گەلێک خوێندنەوەی تر قوڵی هیممەتی لێ هەڵماڵی.

لە سەرەتای سەردەمی نوێدا، ڕۆمان بەبێ هیچ

سەرپۆش و ترسێک وەدوای مرۆڤ کەوتووە. هەر ئەوکات «تامەزرۆیی ناسین»، کە هۆسێرل بە جەوهەری نادیاری ئەوروپایی دەزانێ، بەسەر رۆماندا زاڵ بوو و ناچاری کرد تاکو بوونی نادیاری مرۆڤ بە وردی بخوێنێتەوە و مرۆڤ لە هەمبەر مەترسی «فەرامۆشکردنی هەبوون» بپارێزێ. لەم واتایەدا، من لەگەڵ خاڵێکدام کە هێرمان براخ(١٠) زۆرجار بە توندی دووپاتەی دەکردەوە کە تەنیا هۆی بوونی رۆمان دۆزینەوەی ئەو شتانەیە کە تەنیا رۆمان دەتوانێ بیاندۆزێتەوە. رۆمانێک کە بەشێکی نەناسراو لە بوون نەدۆزێتەوە رۆمانێکی نائەخلاقییە (غیر اخلاقی). تەنیا حیکمەت و مەزنایەتی ئەخلاقی رۆمان، ناسینە. لەوەش زێتر دەکرێ بڵێین کە رۆمان ئەفرێندراوی ئەوروپایە. دۆزینەوەکانی، تەنانەت ئەوانەش کە بە زمانەکانی ترن، سەر بە تەواوی ئەو کیشوەرەن(١١). دەبێ بەردەوامی دۆزینەوەکانی رۆمان (و نەک چەندایەتی هەموو ئەو شتانەی کە نووسراون) بە مێژووی رۆمانی ئەوروپایی بزانین. تەنیا لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ بەشێوەی کامڵ و پوخت بایەخی بەرهەمێک (واتە بایەخی دۆزینەوەکانی) ببیندرێ و لێی تێبگەین.

(٣)

هاوکات لەگەڵ کەمبوونەوەی بەرەبەرەیی خواوەند لەسەر تەخت و بەختی دەسەڵاتێک کە لە بەرزی ئەویەوە جیهان و نیزامی بایەخداری بەرێوە دەبرد و باش و خراپی لێک جیادەکردەوە و واتای بە هەموو شتێک دەدا، دۆن کیشۆت لە کۆشکی خۆی هاتەدەر و هاتە نێو جیهانێکەوە کە ئیدی نەیدەناسییەوە. بەبێ بوونی دادوەرێک و بڕیارێکی یەکجارەکی، جیهان بە یەکجاری نارِوونی و لێڵییەکی ترسناکی رێنیشتبوو. هەقیقەتی پیرۆزی تاک بەسەر هەزاران هەقیقەتی رێژەیی لەناو مرۆڤەکاندا دابەش بوو. سەرەتای سەردەمی نوێ ئەمە بوو و هاوکات لەگەڵ ئەو، رۆمان، واتە نموونە و وێنەی ئەم جیهانە، لەدایک بوو.

ئەگەر «من بیردەکەمەوە»ی دیکارت بە پێکهاتەی هەموو شتێک دانێین و بە تەنیایی لە هەمبەر جیهاندا

## تەنیا هۆی بوونی رۆمان دۆزینەوەی ئەو شتانەیە کە تەنیا رۆمان دەتوانێ بیاندۆزێتەوە

راوەستین، کەوتووینەتە بارودۆخێکەوە کە بە راستی هێگڵ بە پاڵەوانانەی دەناسێنێ.

ئەگەر وەک سێرڤانتس، جیهان بەرێژەیی لەبەرچاو دانێین و خۆمان نەک لە بەرامبەر راستییەکی رەها، بەڵکو لە رووبەرووی کۆمەڵێک لە راستییە پێکناکۆک و دژ بە یەکەکان دەبینینەوە (کە هەر کام لەوان لە من بیردەکەمەوەیەکی فانتازیایی، بەناوی کەسایەتی وێنا دەکرێ) و تەنیا لێبڕاوەیی، بە رازی نەبوونی لێبڕاوەیی دانێین، هەڵوێستی ئێمە هەر بەو رادەیەی پێشوو پاڵەوانانەیە.

کێ راست دەکا و کێ راست ناکات؟ دۆن کیشۆت یا ئەوانی تر؟ لەم بارەیەوە گەلێکیان وتار نووسیوە. کۆمەڵێک رۆمانی سێرڤانتس بە رەخنەی ئاوەزخوازانەی ئایدیالیسمی سەرلێشێواوی دۆن کیشۆت دەزانن، گرووپێکی تر بە پێداهەڵگوتن و بردنە سەرەوەی پلەی هەر ئەم ئایدیالیسمەی دادەنێن. هەردوو لێکدانەوە و راڤەکە هەڵەن، چونکە پێیان وایە ریشەی رۆمان جۆرە هەڵسەنگاندنێکی ئەخلاقیە نەک پرسیارکردنێکە.

مرۆڤ خوازیاری جیهانێکە کە تێیدا باش و خراپ بە ئاشکرا لە یەکتری جیاواز بن. حەزی زاتی و هەمیشەیی بە داوەری لەویدا پتر لە دەرک و تێگەیشتنەوەیە. ئایین و ئایدیۆلۆژییەکان لەسەر بنەما و کۆڵەکەی ئەم خواستەدا راوەستاون. تەنیا رێگایەک کە خەڵک دەتوانن لەگەڵ رۆمان خۆیان یەکلایی بکەنەوە ئەوەیە کە نارِوونی و هەروەها زمانی رێژەیی خوازی ئەو بکەنە گوتاری «متقن» و تۆبز ئەندێشی خود. پێویستیان بەوەیە کە بزانن قسەی کێ راستە. یان ئاناکارنینا(١٢) قوربانی سەرەرۆیەکی دلڕەقە، یان کان کارنین قوربانی ژنێکی بەدرەوشتی، یان «ک.»(١٣)ەیە کە لە دادگایەکی نایەکساندا بێ توانا بوونی سەلمێندرا، یا دادگای وێناکراو یەکسانییەکی پیرۆزە و «ک.» تاوانبار بووە.

رامانێک کە لەسەر بنەمای مەرجی «یان ئەمە یان ئەوە» دامەزراوە ناتوانێ تەحەمولی رێژەیی سەرەکی پرسە مرۆڤانییەکان بکات و توانای هەڵگرتنی نەبوونی بڕیاری یەکجارەکی نییە. ئەم بێ توانابییە بەو واتایەیە کە تێگەیشتن و قەبووڵکردنی مەزنی رۆمان (واتە مەزنی

نەبوونی لێبڕاوەیی) کارێکی ئەستەمە.

(٤)

دۆن کیشۆت بەسەرهاتەکانی خۆی لە جیهانێکی یەکسەرەو تەواو ئاوەڵا و بەریندا دەست پێکرد. دەیتوانی لە بان حاڵەتی دەرەوەییدا، وەمێنێ یان بگەڕێتەوە ماڵەوە. لەم سەردەمە سەرەتاییەدا، هەموو ڕۆمانەکان سەفەرن بۆ جیهانی بە رووالّەت پان و بەرین. بۆ وێنە، لە دیمەنی یەکەمی کتێبی ژاکی هات و نەهات(١٤)، بەرهەمی دیدرۆدا، ژاک و ئاغاکەی لەسەفەردان. نازانن لە کوێوە هاتوون و دەچنە کوێ. ئەم دوو کەسایەتییە لە سەردەمێکدا دەژین کە سەرەتا و ئاکامێکی نییە لە کەشێکی پان و بەریندان لە باوەشی ئەوروپایەکدان کە بۆ هەمیشە هەر مان و نەمر دەمێنێتەوە.

نیو سەدە دواتر، لە بەرهەمەکانی باڵزاکدا ئاسۆی دووری دیدرۆ لەنێو چوو، ڕاست وەکو تێڕوانینێک کە بۆ هەمیشە لە پاش بینای بنیات و ناوەندگەلی کۆمەڵایەتی مۆدێرنی وەک پۆلیس و سوپا و دەوڵەت نادیار و ون بێت. بە پێچەوانەی سەردەمی سێرڤانتس و دیدرۆ، ئەمجارە ئیدی کات بە شادمانی و وێڵگەرد تێنەدەپەڕی، بەڵکو لەسەر هێڵی ڕێی ئاسنی مێژوو دەڕۆیشت. زۆر هاسان دەتوانی سواری ئەم ڕێی ئاسنییە ببی، بەڵام دابەزینی هێندە هاسان نییە. لە ڕاستیدا خودی ئەم ڕێی ئاسنییە هێشتا خوو و خدەیەکی ترسناک و خۆفناکی بەخۆوە نەگرتووە، تەنانەت سەرنج ڕاکێشیشە، گرەنتی ئەوە کراوە کە موسافیرەکانی گەلێک بەسەرهات دەبینن و لەکۆتایی هێڵەکەدا، ناونیشانێکیشیان پێ دەبڕێ.

ماوەیەک دواتر، ئاسۆ بە ئێمابوڤاری(١٥) فلوبێر تەنانەت بەرتەسکترە و وەکو قەفەزێک دەنوێنێ. بەسەرهاتەکان لەوبەری هێڵەکەوەن و تامەزرۆیی گەیشتن بەوان تەحەممول ناکرێ. زیندەخەو و خەونەکان بێزاری ژیانی ئاسایی لەنێو دەبەن. پانی و بەرینی و پانتایی لە دەستچووی جیهانی دەرەوە شوێنی خۆی بە پەرەگرتوویی پانتایی و بەرینایی ڕۆحی مرۆڤ داوە. بەم شێوەیە وەهمی گەورەی زاڵ بەسەر خوو و خدەی تاکەکەسی و بێ هۆیی تاک- کە یەکێک لە شیرنترین وەهمگەلی ئەوروپییە- پشکووت، بەڵام کاتێک کە مێژوو (یان ئەوەی لە ئەو لە شێوەی هێزێکی بان مرۆڤانی کۆمەڵگایەکی فرە بە توانا دەمێنێتەوە) دواجار مرۆڤی لەبەردەستان دەگرێ، خەونی پەرەگرتوویی پان و بەرینی ڕۆحیش ڕەنگی ئەفسوونی خۆی لەدەست دەدات. مێژوو ئیدی بە مژدەی مەدالیا کەس قەبووڵ ناکات و وەرناگرێ، تەنانەت کاری «مساحی» کاملیش بە ئەستەمی بە کەسێک دەسپێرێ، «ک.» لە بەرامبەر دادگا و کۆشکدا چ کارێکی لەدەست دێ؟ کارێکی ئەوتۆی لەدەست نایە. گەلۆ لانی کەم ناتوانێ وەک خاتوو بوڤاری خەون ببینێ؟ نە ئەم جارەش داوی لە ڕادەبەدەر ترسناکە و هەموو هەستیاری و بیرۆکەکانی خۆی دەخواتەوە. تەنیا دەتوانێ بیر لە دادگا و کاری «مساحی» خۆی بکاتەوە. ڕۆح گەورەیی، ئەگەر ڕۆژێک بوونیشی هەبووبێت، ئیدی جگە لە بەزایەچووی بێ سوود نییە.

(٥)

لە ماوەی چوار سەدەی ڕابردوودا، ڕێچکەی ڕۆمان، هاوشان و هاوتەریبی ڕێگای سەردەمی مۆدێرن چۆتە پێش. کاتێک لە ڕابردوو دەڕوانین، ئەم ڕێگایە بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە کورت و بەرتەسک دەنوێنێ. ئایا ئەوە خودی دۆن کیشۆت نییە کە پاش چوارسەد ساڵ، لە جل و بەرگی «مساحی»دا، گەڕاوەتەوە دێهاتەکەی خۆی؟ لەو ڕۆژە دوورە دەستانەی ڕابردوو، ئەو، بەپێی حەزی، بۆ گەڕان بەدوای بەسەرهاتگەلێک دێهاتەکەی بەجێ هێشت، بەڵام ئەمڕۆکە، ئەوێ، ژێرسێبەری کۆشک، ئیدی داخوازی نییە. پێشوەخت بەسەرهاتەکەیان بۆ دیاری کردووە. دەبێ وێڕای چووکبوون و سووکایەتی لەسەر هەڵەیەک کە لە پەروەندەی خۆیدایە دەمەتەقێ لەگەڵ دەزگایەک بکات. کەواتە بەسەرهاتەکان لە ماوەی ئەم چوار سەد ساڵەدا، کە یەکەمین تەوەری گرینگی ڕۆمان بوو، چییان بەسەر هاتووە؟ ئایا نەبۆتە گەپجاڕی خۆی؟ و ئەم گۆڕانکارییە بە

**خەونی پەرەگرتوویی پان و بەرینی ڕۆحیش ڕەنگی ئەفسوونی خۆی لەدەست دەدات. مێژوو ئیدی بە مژدەی مەدالیا کەس قەبووڵ ناکات و وەرناگرێ**

واتای چییـه؟ ئایا بەو مـانایەیە کـە ڕۆمـان لە مـاوەی ڕێگای خۆیدا خولێکی لێداوە و گەیشتۆتە پێکناکۆکی (پارادۆکس)ێک؟

وا دیارە جگە لەوەی ئەوە تەنیا پارادۆکسێک نییـە. ڕەنگە بکرێ سەربازە باشەکەی شوایک(١٦) بە دوایین ڕۆمانی کۆمیـدیایی گەورە بزانرێ. گەلۆ سەرسوڕهێنەر نییە کە ئەم ڕۆمانە هەر لە هەمان کاتدا لە بارەی شەڕ و ڕووداوەکانی ناو سوپا و شەڕگەدا ڕوودەدەن؟ کاتێک کە شـەڕ و بەڵا و چۆرتمەکـانی دەبنە هۆی پێکەنین، دەبێ چییان بەسەربێ؟

لە هۆمێر و تۆلستۆیدا شەڕ واتایەکی بەتەواوی شیاوی تێگەیشتنی هەیە. شەڕ لەسەر هێلن، یان ڕووسیـەیە، بەڵام شـوایک و هاوڕێکانی دەچنە شـەڕگـە، بێ ئەوەی بزانن بۆچی و سـەیر ئەوەیە کـە تەنانەت ئۆگـریـیـان بۆ زانینی، بۆچی، ئەم پرس و مەسەلەیە نییە.

ئەگەر هێلن و نیشـتـمـانێک لە گۆڕێدا نییـە کـەواتە ئەنگیـزەی شـەڕ کـامـەیە؟ ئیـرادەی حـەز کـردوو لە دەسەڵات؟(١٧) بێگومان هەر لە هەمان ڕۆژی یەکەمەوە دەکـرێ لەوەها ئیـرادەیەک لەناو هەمـوو شـەڕەکـاندا بگەڕێین، بەڵام لە کتێبی هاشک(١٨)دا ئیراده و حەز و مـەیلی بۆ دەسـەڵات ناکـەوێتـە بەر باس و لێکدانەوەی جـیـددی. هیـچکەس و بۆ وێنە خـودی پێکهـێنەرانی دەزگای ڕاگەیاندن، باوەڕ بە قسـەی قـۆڕ و پڕ و پووچی ئەم دەزگـایە ناکـەن. لەوێدا ئیـرادەی مـەیلی بەرەو دەسەڵات ڕووت و قووتە، بەو ڕووتییەی ڕۆمانی کافکا کە دەغـەڵکارییـە بێ واتاکـانی دادگا و کـۆشک نیـشـان دەدا. دادگـا هۆیەک بۆ وەدواکـەوتنی «ک.»ی نییـە. کـۆشکیش سـوود لە ئازاردانی «ک.»ی «مـسـاح» وەرناگـرێ. بۆچی ئەڵمـان دەیویست بەسـەر جیـهـاندا زاڵ بێت و بۆچی ئەمـڕۆکـە ڕووسیـە بەدوای ئەم ئامـانجـەدا دەگـەڕێ؟ ئایا لە هەوڵـی سـامـان و خۆشی زیاتردان، شەڕابی زیاتر، یان پێـوەندییـەکی جـینسی زیاترن؟ بە هیچ کلۆجێ. ئیـرادەی حـەز لە دەسـەڵات کـردن بە دوای قـازانج و بەرژەوەندییـەکی تایبـەتیـدا ناگـەڕێ «پاڵنەریش نییە. بەتەواوی ئیرادەی حەز لە دەسەڵات کردن دەکاتە ئیرادە و وەرەی» خۆپاراستنی تەواو لە ئاوەز.

کەواتە کـافکا و هاشک ئێـمـە لەگـەڵ پارادۆکسـێکی گـەورە ڕووبەڕوو دەکـەنەوە: لە ڕاسـتـای ئاڵوگـۆڕەکـانی سـەردەمی نوێ، ئاوەزگـەرایی دیکارتی بەرە بەرە بە ئاراسـتـەی لاواز کـردنی هەمـوو نرخ و بایەخـەکـاندا دەڕۆیشت کە لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە بە میرات مابوو. ڕاست لە کاتی سەرکەوتنی تەواوی خود، خۆ پاراستنی تەواو (واتە ئیرادەی حەز لە دەسەڵات کردن) لە پڕ بەسەر دیمەنی جیـهـاندا زاڵ بوو، چونکە ئیـدی نیـزامـێکی بایەخداری باش و قـەبووڵکراو بوونی نەبوو کـە بتـوانێ بەر بە ڕێگای بگرێ.

من ئەم هەقیقەتەم بە پارادۆکسە هەتاهەتاییەکان(٢٠) ناوزەد کـردووە. هەر ئەم پێکناکـۆکی یا پارادۆکسگەلە تەوەری یەکـێک لە گەورەترین ڕۆمـانەکـانی ئەورووپایە. مەبەستم کتێبی مامۆستایانی شەوگەڕان(٢١)، بەرهەمی هێـرمـان بارخ(٢٢)ە. هەر لە هەمـان حـاڵدا پارادۆکسگەلی تاهەتایی دیکەش لە گۆڕێدان. بۆ وێنە، سەردەمی مۆدێرن بەردەوام خەونی ئەوەی دیوە کە ڕۆژێک مـرۆڤـایەتی لە قـووڵایی فـرەبوونی شارسـتـانیـیـەتە جۆراوجۆرەکان بەیەکێتی و ئاشتی نەمر دەکات. ئەمڕۆکە سەرەنجام هەمـوو ئەم سەر گۆی زەوییە بۆتە گشتییەتێکی شـێـتـەڵ و بڵاونەکـراوە، کـەچی شـەڕی بەردەوام، بەڵام هەرمـانییـەکان بوونەتە لەمـپەری یەکگرتنەوە. ئەمڕۆکە یەکێتی جیهانی بەو واتایەیە کە بۆ هیچ کـەس هەڵاتن و خۆپاراستن بۆ هیچ شوێنێک وێنا ناکرێ.

(٦)

وتارەکـانی هۆسـێـرل لەبارەی قـەیرانی ئەورووپا و دەرەتانی ونبوون و نەمانی مرۆڤایەتی ئەورووپایی دوایین ویسـتـەکـانی ئەو فـەیلەسـووفە بوون(٢٣). ئەو ئەم دوو وتارەی لە دوو پێـتـەختی ئەورووپای ناوەندی خوێندەوە. ئەو هاوتەرییـیـە واتایەکی قـووڵـی هەبوو، هەر لـەم بەشی ناوەندی ئەورووپایە بوو کـە ڕۆژئاوا بۆ یەکەمجار شایەتی مردنی ڕۆژئاوا بوو، یـان وردتر و ڕوونتـر بڵـێم، شـایەتی لێـبـوونەوەی ئەندامێکی جەستـە و لەشی خـۆی

**هەموو هەوڵی فلوبێر بۆ دۆزینەوەی ژیانی ڕۆژانە و ئاسایی، لە حەفتا ساڵ دواتردا لەلایەن جۆیسی مەزنەوە بە ئاکام گەیشت**

**کار و ئەرکی ڕۆمان کامڵکردنی «زانست» یا نووسینی «مێژووی هەموو لایەنە» نییە، کاری ڕۆمان سوود و کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازێکە کە دەکرێ لە پێکهاتەی (لۆژیک) خوازی ڕۆماندا بگونجێن**

بوو، مەبەستم لە کاتێکە کە ئیمپراتۆری ڕووسیە ڤۆرشۆ، بوداپست و پراگی قووت دا. شەڕی یەکەمی جیهانی دەرکەوتەی ئەم کارەساتە بوو. ئیمپراتۆری هاپسبۆرگ(٢٤) شەڕی دەست پێکرد و هەر ئەم شەڕە تول مارەی ئەو ئیمپراتۆریەتەی تێکەوەپێچا و بۆ هەمیشە ئەورووپای بەلاوازی و نایەکسانی هێشتەوە.

سەردەمی ئەوە بەسەرچوو کە مرۆڤ بە تایبەتی دەبێ لەگەڵ هەژدیهای ڕۆحی خۆی بسازێ. سەردەمی ئاشتیخوازانەی جۆیس و پرۆست بەسەرچوو. لە ڕۆمانەکانی کافکا، هاشک، موزیل(٢٥) و براخ، هەژدیها لە دەروونەوە دێت و ناوی مێژووە و ئیدی ڕەهەند و لایەنی گەڕان بەدوای بەسەرهاتەکانی تێدانییە. نامرۆڤانییە، شایستەی پێشبینی و ئیرادە نییە، لێی تێناگەین و ڕزگاریمان نایە لە دەستی. ڕاست هەر لەو کاتەدا (واتە ماوەیەک پاش شەڕی یەکەمی جیهانی) کۆمەڵێک ڕۆماننووسی گەورەی ئەورووپایی ناوەندی ئەم پارادۆکسانەی دوایی سەردەمی مۆدێرنیان بینی و هەستیان پێکرد و لێی تێگەیشتن.

بەڵام کارێکی هەڵەیە گەر ئەم ڕۆمانانە وەک پێشبینیگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی، واتە بە جۆرێک هەڕەشەی ئۆرۆڵیان بزانن. دەکرا لە ڕێگای وتارێک یان نامیلکەیەکەوە پەیامی ئۆرۆڵیشمان هەر بە هەمان باشی (یان ڕەنگە باشتر)یش پێ بگەیەنن و پێمان بڵێن.

نووسەرانی ئەورووپای ناوەندی ڕاست کارێک بە پێچەوانەی ئەمە دەکەن (دووبارە وەک براخ دەڵێ) پەردە لەسەر ئەو شتە لادەدەن کە «تەنیا ڕۆمان دەتوانێ پەردەی لەسەر لادات». ئەوان نیشان دەدەن کە چلۆن لە هەلومەرجەکانی دواییدا، هەموو چەمک و دەستەواژەگەلی بوون بە یەکجاری واتایەکی دیکە بەخۆوە دەگرن. ئەگەر لە کتێبی «پیاوی بێ ناسنامە»(٢٦)دا، ڕووناکبیران بەهیچ شێوەیەک ناتوانن گومان لەوە بکەن کە سبەی شەڕێکی گەورە ژیانیان لێ دەشێوێنێ، کەواتە مانای داهاتوو چییە؟ ئەگەر هۆگەناتی(٢٧) براخ نە تەنیا لەو تاوانەی کردوویەتی پەژیوان و بەداخ نییە، بەڵکو تاوانەکەشی فەرامۆش کردووە، کەواتە واتای تاوان چییە؟ ئەگەر بابەتی تەنیا ڕۆمانی ئەم سەردەمە، واتە «شوایک هاشک»، شەڕە کەواتە کۆمیدیا چی بەسەرهاتووە؟ ئەگەر «ک.» و تەنانەت کاتێک کە خەریکی ئەویینداری و ڕابواردنییەتی، بە بێ دوو نوێنەری کۆشک نییە، کەواتە سنووری نێوان تایبەتیبوون و گشتیبوون چی لێهات؟ هەر لە هەمان حاڵدا، تەنیایی کامەیە؟ گەلۆ (هەروەک هێندێک کەس دەڵێن) بار و خەمۆکی و جۆرێک نەفرەت لێکراوییە، یان بە پێچەوانە، خۆشەویستترین بایەخ و نرخە کە کۆمەڵ هەمیشە ئامادەی سەرکوتکردنیەتی؟

قۆناغەکانی مێژووی ڕۆمان زۆر دوور و درێژن (پێوەندییان بە هەوراز و نشێوەکانی تەم و مژاوی مۆدی ڕۆژەوە نییە). لایەنی تاکەکەسی هەموو سەردەمێک ئەو لایەن و ڕەهەندە دیارە لە ژیانی (مرۆڤ)ە کە ڕۆمان پێی لەسەر دادەگرێ. بەم شێوەیە، هەموو هەوڵی فلوبێر بۆ دۆزینەوەی ژیانی ڕۆژانە و ئاسایی، لە حەفتا ساڵ دواتردا لەلایەن جۆیسی مەزنەوە بە ئاکام گەیشت. سەردەمێک کە کۆمەڵێک لە ڕۆماننووسانی ئەورووپایی پەنجا ساڵ لەمەوپێش دەستیان پێکرد (واتە سەردەمی دوایین پارادۆکسەکان) ئێستاش نەهاتووە و ڕێگایەکی دوور و درێژی لەبەرە.

(٧)

لە ماوەیەکی زۆر لەمەوپێشەوە، بەتایبەتی داهاتووبینەکان(٢٨)، سوریالیستەکان(٢٩)، و ئاوانگاردیستەکان(٣٠) بە گشتی، سەبارەت بە کۆتایی ڕۆمان دواون. دەیانگوت ڕۆمان لە کاروانی پێشکەوتن وە دواکەوتووە و بە تەواوی تازە پێی ناوەتە ڕێگای داهاتووەوە و لەمەودوا هونەرێک دەبێت کە هیچ هاوشێوەیەکی لەگەڵ ئەوەی پێشتر هەیبووەی نییە. گۆیا بڕیار وابوو ڕۆمانیش وەکو هەژاری، چینە دەسەڵاتدارەکان، ترۆمبێلە لەکارکەوتووەکان و کڵاوی شاپوو لەژێر سێبەری دادوەری مێژوویدا لەنێو بچێ.

بەڵام ئەگەر سێرڤانتس دامەزرێنەری چاخی نوێیە، کەواتە کۆتاییهاتنی میراتی ئەو ئاساییە کە قۆناغێک لە مێژووی شێوەیەکی ئەدەبی نییە و بەپێی پێویست هاوتای کۆتاییهاتنی سەردەمی نوێیە. هەربۆیەش، ئەو شین گێڕانە ڕواڵەتی و دڵسۆزانەیە کە بۆ ڕۆمان دەیکەن، بە بڕوای من بێ مایەن. بێ مایەن چونکە من مەرگی ڕۆمانم بینیوە و ئەزموونم کردووە. شایەتی ئەوە بووم کە چۆن لە ئاکامی سانسۆر و پێوەندگەل و گوتارە ئایدیۆلۆژییەکان، جیهانێک کە بەشێکی گرینگی ژیانم تێدا بەسەر بردووە و زۆربەی کاتەکان بە جیهانی تۆتالیتاریسم ناوی دەبردرێ، بە گیانکێشانێکی پڕ لە توند و تیژییەوە ڕۆمان لەنێو دەبات. کەواتە گومانمان لەوە نابێ کە ڕۆمان لەنێو چووە، ڕاست بەو شێوەیە کە سەردەمی مۆدێرنی ڕۆژئاواش لەنێو چووە. ڕۆمان وەکو نموونەی سەردەمی نوێی ڕۆژئاوا، وەکو دیاردەیەک کە لەسەر بنەمای ناڕوونی و ڕێژەیی بوون لە پرس و مەسەلەکانی مرۆڤ دامەزراوە، لەگەڵ ڕەوتی تۆتالیتار ناسازگارن. ئەم ناسازگارییە ڕیشەیەکی دەرهاتوو لە کەلێنێکە کە لەنێوان دژەکانی ئەم شێوە ڕێژێمگەلە و یەکێک لە کاربەدەستانی، یان لەنێوان خەباتگێڕانی ڕێگای مافە مەدەنییەکانی مرۆڤدا و ئەشکەنجەدەرێکدا هەیە، چونکە ئەم کەلێنە لە پرسگەلێکی سیاسی تا خوو و ڕەوشتیانەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو جیاوازییەکە لەنێوان بووناسیدایە(٣١). مەبەستم ئەوەیە کە جەوهەری جیهانێک کە لە سەر بنەمای ڕاستییەکی تاک ڕاوەستاوە لەگەڵ جیهانی لێڵ و ناڕوون و ڕێژەیی ڕۆمان جیاوازییەکی زۆری هەیە. هەقیقەتی تۆتالیتاریستی ڕێژەیی بوون وشک و پرسیار لەنێو دەبات، هەرگیز ناتوانێ لەگەڵ ئەوەی کە ناوم ناوە مەزنایەتی ڕۆمان لە ئاشتیدا بێت.

بەڵام ئایا سەدان هەزار ڕۆمان، بەتیراژگەلێکی زۆرەوە، لە ڕووسیەی کۆمۆنیستیدا چاپ نابن و ناخوێندرێنەوە؟ بێگومان وایە، بەڵام هیچکام لەم ڕۆمانانە ناگەنە گرتن و وەدەستهێنانی بوونی (مرۆڤ). هیچ بەشێکی تازە لە بوون نادۆزنەوە. تەنیا ئەرکیان تەئیدکردنی هەمان ئەو شتانەیە کە پێشتر گوتراوە، جگە لەوەش، بە دووبارە تەئیدکردنەوەی ئەوەی گوتراوە (بە دووپاتکردنەوەی ئەو شتەی کە دەبێ بگوترێ) ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن، پلەیەکیان پێ دەدرێ و خزمەت بەو کۆمەڵگایە دەکەن کە پێوەندییان پێوەیەتی، بەڵام چونکە دۆزینەوەیەک ناکەن، لە زنجیرەی دۆزینەوە گەلێکدا کە بە بڕوای من مێژووی ڕۆمانن، بێ بەشن. لەو بەری ئەم مێژووەدا جێی خۆیان دەگرن، یان دەتوانین بڵێین ئەوانە ڕۆمانگەلێکن کە پێوەندییان بەسەردەمی پاش کۆتاییهاتنی مێژووەوەیە.

> **جەوهەری ڕۆمان ئاڵۆزییە. هەموو ڕۆمانێک بەخوێنەر دەڵێ: «شتەکان بەو سانایی و ساکارییە نین کە تۆ پێت وایە»**

نزیک بە پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا مێژووی ڕۆمان، لە ڕووسیەدا کۆتایی پێهات. ئەم ڕووداوە گرینگییەکی تایبەتی هەبوو. چونکە نزیکەی سەدەیەک ڕۆمانی ڕووسیە سەرنجی ئەورووپای بەرەو لای خۆی ڕاکێشابوو. کەواتە مەرگی ڕۆمان تەنیا بیرۆکەیەک نییە، پێشتر لە شوێنێک ڕووی داوە و ئێستا ئیدی دەزانین کە ڕۆمان چۆن دەمرێ. لەسەر شانۆ ناچێتە دەر، بەڵکو لە تەوەرەی مێژووی خود دەکەوێتەدەر. ڕۆمان بە بێدەنگی دەمرێ و هیچکەس چووکەترین سەرنجێک لە مردنی نادات.

(٨)

وێدەچێ ڕۆمان، هەڵبەت بەلایەنی لۆژیکی دەروونی خۆیدا گەیشتبێتە کۆتایی ڕێگا. ئایا هەموو گۆڕەپانە وێناکراوە مەعریفی و هەموو ئیمکانەکانی شێوازی تێپەڕنەکردووە؟

بیستوومە دەڵێن هێندێک مێژووی ڕۆمانیان بەکانگای خەڵووز چواندووە کە مەخزەنەکانی خاڵی بوون و کۆتاییان پێهاتووە، بەڵام ئەوە بۆ من زۆرتر لە گۆڕستانی هەلە لە کیس چوو و دۆزە درک پێنەکراوەکان دەچێ. بەشێوەیەکی ڕوون و دیار، چوار شێوە گرفت یا دۆزم لە زەیندایە.

**دۆزی ڕۆڵگێڕان:** بەبڕوای من تریسترم شاندی(٣٢) بەرهەمی ئێستێرن(٣٣) و ژاکی هات و نەهات، بە قەڵەمی دیدرۆ، گەورەترین ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدەیەمن. ئەم دوو ڕۆمانە بە ڕادەیەکی زۆر بزۆز و سەربزوێن و لە جیدی نەبوونیدا لەوپەڕیدان کە هەرگیز –

نە تا ئەو ڕۆژە و تا ئەمرۆکە- هیچکەس دەستی پێیان ڕانەگەیشتووە. دوای ئەو ڕێکەوتە، ڕۆمان دەست و پێی خۆی بە زنجیری ڕێسایی و بەندکردنی لە وێنە و شێوەی ڕاستی، خۆی لە کەشی ڕاستەقینە و بەردەوامی ڕێک و پێکی کات و ساتی بەست و گۆڕەپانی بەربڵاو کە ئەم دوو مامۆستایە دابینیان کردبوو دوورخستنەوە و ئەگەر لەو گۆڕەپانەدا نەمابایەوە، کامڵبوون و خەملآنی ڕۆمان بەشێوەیەکی دیکە دەچووە پێش. (بەڵێ، دەکرێ مێژوویەکی دیکەش بۆ ڕۆمان وێنا بکرێ...)

گیروگرفت و دۆزی زیندە خەو: لە پڕ کافکا لە سەدەی نۆزدەیەمدا سستی و لاوازی ڕۆمانی تێکشکاند و بەو شتە گەیشت کە دواتر سوریالیستەکان بەردەوام خوازیاری بوون هەرگیز وەدەستیان نەهێنا، واتە لێککگرێدان و تێکەڵاوکردنی خەیاڵ و ڕاستی. لە ڕاستیدا، لە مێژبوو ئامانجی جوانناسی ڕۆمان هەر ئەم شێوە تێکەڵبوونە بوو. تەنانەت لە سەردەمی نۆڤالیس (٣٣)یشدا ئاماژە بەم پرسە دەکرا، بەلآم بۆ گەیشتن بەوە پێویستی بە جۆرێک کیماگەری هەبوو کە تەنیا کافکا لە دۆزینەوەی ئەو ڕازەدا سەرکەوتوو بوو. دەبێ بەشی زۆری ئەو نەک تەنیا و تەنیا بە وێنەی دوایین هەنگاو لە ڕەوتی گۆڕانی مێژوودا، بەڵکو زیاتر وەکو سوونەت شکێنی یان نەریت بەزێنی چاوەڕوان نەکراو بزانین کە بەو پێیە دەکرا ڕۆمان وەک ئەوە وێنا بکرێ کە لەودا خەیاڵ، وەک خەون، لە شەقەی باڵ دەدات و ڕۆمان دەتوانێ «شتێکی دیکە» بێت.

**کێشە یا دۆزی ئەندێشە:** هەر لەسەردەمی سێرڤانتسەوە ڕۆمان بەردەوام هەوڵی داوە ڕامانی فەلسەفی بەخۆوە بگرێ. لە بەرهەمەکانی مۆزیل و براخدا ئەم حەز و خولیایە بەشێوەیەکی کامڵ دەرەتانی وەدیهاتن و پێگەیشتنی وەدەست هێنا. ئەگەر بتوانین ڕۆمان بە (تۆژینەوە لە بوون)دا وێنا بکەین، ئەو کات چەمکی لە خۆ گرتنی ڕامانە فەلسەفییەکانیش ڕوونتر دەبێتەوە. کار و ئەرکی ڕۆمان کامڵکردنی «زانست» یا نووسینی «مێژووی هەموو لایەنە» نییە، کاری ڕۆمان سوود و کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئامرازێکە کە دەکرێ لە پێکهاتەی (لۆژیک) خوازی ڕۆماندا بگونجێن و بە یارمەتی ئەوان تیشک بخرێتە سەر هەبوونی دیاری مرۆڤ. گۆڕینی ڕۆمان بە دیاردەناسییەکی ڕۆمانسی و دۆزینەوەی ئامرازی هونەری پێویست بۆ ئەم گۆڕین و بەشێوەکردنەی دیکە، ئەرکێکی یەکجار گەورە و قورسە. لەم ڕەهەندەوە، دەسکەوتەکانی ئەو دوو ڕۆماننووسە ڤیەناییە (واتە مۆزیل و براخ)، هەرچەندە سەرسوڕهێنەر بوون، بەلآم یەکەمین هەنگاو لە ڕێگایەکی فرە دوور و درێژدان.

**گرفت و دۆزی کات (سەردەم):** سەردەمی دوایین پارادۆکسەکان، پاڵ بە ڕۆماننووسەوە دەنێ تا چاوپۆشی لە بەرتەسکی و پابەندکردنی پرۆستییەکان لە گۆڕەپانی ڕامان و تێفکرین لە چوارچێوەی کات (کە بە بیرەوەری تاکەکەسییەوە بەسترابۆوە) بکات و بەربڵاوترە لەوەی کە هەیە پرسەکە ببینێ و گرفت و دۆزی کاتی زۆر و کاتی ئەوروپایی بە شوێنی تێفکرین و ڕامان بزانێ، واتە گیروگرفتی ئەوروپایی کە لە ڕابردووی خۆی دەڕوانێ و وەک پیرە پیاوێک کە بەنیگایەکی خێراوە لە هەموو تەمەنی تێپەڕیوی خۆی دەڕوانێ: مێژووی خۆی هەڵدەسەنگێنێ، گومان و دردۆنگییەکی بەهێز کە گۆنتەرگراس(٣٥) و کارلۆس فیۆئێنتوس(٣٦) بە باشی لێی ئاگادارن، هەر لەم گرفت و کێشەی کاتەوە سەرچاوەی گرتووە: ئەوان دەیانهەوێ ڕۆمان بەرتەسکی و پابەندبوون بە نەریتی (کاتی)یەکانی کە بەپێی ئەو دەبوو کات لە چوارچێوەی ژیانێکدا وەمێنێ، تێکەوە پێچێ و لەبەرامبەردا بتوانێ، لە تاکە بەرهەمێکدا، چەندین چاخی مێژوویی لەخۆ بگرێ، بێگومان بە گۆڕانێکی ئەوتۆ ئاڵوگۆڕگەلێکی گەورە لە شکڵ و قەوارەی ڕۆماندا پێک دێ.

بەلآم نامهەوێ داهاتووی ڕۆمان پێشبینی بکەم، چونکە ناتوانین ئاگامان لە داهاتوو بێت. تەنیا دەمهەوێ بە ئاکامێکی گشتی بگەم، نەمان و نبوونی ڕۆمان، ئەگەر ڕوو بدات، دەرئەنجامی بلاوبوونەوەی (دەرەتانەکانی) نابێ، بەڵکو بەرهەمی ئەم ڕاستییە دەبێت کە ڕۆمان لە جیهانێکدا دەژی لەگەڵی نامۆیە.

(٩)

یەکانگیری و یەکێتی مێژووی جیهان، واتە هەمان ئاواتی مرۆڤخوازانەی کە خوایەکی عیشوەگەر دەرەتانی گەیشتن پێی دەرەخساند، لەگەڵ پرۆسەی کەمبوونەوەخوازییەکی ڕاچڵەکێنە و وریاکەرەوە بەرەو ڕوو

بۆوە. مـۆربانەی کـەمـبـوونـەوە بەردەوام گـرێ و هەبوونی تەنراوە تۆزە تۆزە لێک بڵاودەکاتەوە. تەنانەت گەورەترین بەسـەرهاتەکـانی خـۆشـەویسـتـیش دەبنە کـۆمـەڵێک بیرەوەری کلۆر و دەروون خاڵی بێ گیان، بەڵام ڕەوشی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن ڕەهەندگەلێکی دێوەزمە ئاسا بەم دەرکـەوتە نەفـرەت لێکراوە دەبەخـشێ. ژیانی مـرۆڤ بەکارکەردی کـۆمـەڵایەتیـیـەوە و مـێژووی خـێڵـێک تا ئاستی کۆمەڵێک ڕووداوی بچووک کەم دەکاتەوە کە هەر کام لەوانە خۆیان تا ڕادەیەک بە ڕاڤەی بەرچاو تەنگانە کـــەم دەبنەوە. مـــرۆڤ لە گـــێـــژاوێکی گـــەورە لە کەمبوونەوەخوازیدا نوقم دەبێ و هەر لەوێدایە کە «گیانی هەبوونی دیار»ی هۆسـێـرل بە تەواوی سـێـبـەری لێ دەنیشێ و بەرەبەرە بوون لەبیر دەچێتەوە.

بەڵام ئەگـەر هۆی بوونی ڕۆمـان ئەوەیە کـە جـیـهـانی هەبوونی دیار بەردەوام لەبەردەم ئێـمەدا زیندوو ڕاگـرێ و ئێـمـە لە بەڵا و چۆرتمی «فـەرامـۆشکردنی هەبوون» دوور ڕاگرێ و بمانپارێزێ، کەواتە ئایا ئەمڕۆکە پتر لە هەموو کاتێکی تر بوونی ڕۆمان پێویست نییە؟

بیـروبۆچوونی ڕاست ئەوەیە، بەڵام بەداخەوە مـۆربانەی کـەمکردنەوە کـەوتۆتە گـیـانی ڕۆمـانیش و هەر بۆیە نە تـەنیـــا مـــانا و واتای ژیان، واتای بەرهەمی هونەری گـۆڕدراوە. ڕۆمـانیش وەکو کـولتـوورەکـانی دیکە لەبەر دەســتی کــەرەســە و ئامـــرازگــەلی پێـــوەندیدار بە کۆمەڵگادایە. ئەم ئامرازانە هۆکاری گەیشتن بە یەکێتی مێژوون و لەم پلەیەدا، پرۆسەی کەمکردنەوە بەهێز و کۆ دەکـەنەوە. بیـروبۆچوونی سـاویلکانە و چوارچێـوەیی لە سەرانسـەری گۆی زەویدا بڵاودەکەنەوە. بە شێوەیەک ئەم بیــروبۆچوونانە ڕێک و پێک دەکـەن کـە بەربڵاوترین و زۆرترین ژمـارەی خـەڵک و هەمـوو مـرۆڤایەتی قـەبووڵی دەکەن، گرینگ ئەوە نییە کە ناوەندگەلە جۆراوجۆرەکان نوێنەرایەتی ئامرازە گشتییە پێوەندیدارەکان بە کۆمەڵە سیاسی جۆراوجۆرەکان دەکەن. لە پشت ئەم جیاوازیگەلە ڕواڵەتیـانەوە، ورە و ئیـرادەیەکی بەهێـزی یەکگرتوویی هەیە. هەرئەوەندە بەســە کــە چاو لە هەفــتــەنامــە سـیـاسـیـیـەکانی چەپ و ڕاستی ئەوروپا و ئەمـریکا، لە تایم(۳۷)ەوە بگرە تا ئێشـپیگل(۳۸) بکەی و دەبینی کە هەمـووان ڕوانگەیەکی یەکسان و یەکشێوەیان لەبارەی ژیانەوە هەیە، بابەت و نێـوەرۆکـەکـانی خـۆیان لەژێر سەردێرگـەلێکی هاوشێوەدا، ڕێکوپێکی وەک یەک، ڕیز دەکـەن، شـێـوەی ڕۆژنامـەڤـانی و شـێـوازی داڕشتن و وشـەگـەلێکی هاوبەشـیـان هەیە و مـرخ و سـەلیـقـە ئەدەبییـەکـەیان یەکسـانە و شتگەلێکی هاوشـێـوە بە بایەخدار، یان بێ بایەخ دەزانن. گیـانی سەردەمی ئێـمە هەمان گیانی هاوبەشی ئامرازە گشتییە پێوەندیدارەکانە کە پاش شۆڕشی سیاسی شاردراوەتەوە. بە بڕوای من، ئەم گیانە، لەگەڵ مەزنی ڕۆمان جیاواز و پێکناکۆکە.

جەوهەری ڕۆمان ئاڵۆزییە. هەموو ڕۆمانێک بەخوێنەر دەڵێ: «شتەکان بەو سانایی و ساکارییە نین کە تۆ پێت وایە». هەقـیـقـەتی تا هەتایی و هەرمـانی ڕۆمـان هەر ئەمـەیە، بەڵام بە جیـهـانێکدا کە توخم و پێکهاتەکەی وەڵامگەلێکی ساکار و سانان کە تەنانەت بەر لە پرسیار ڕوودەدەن و نەفسی پرسیار لەنێو دەبەن، بانگ و هاواری ڕۆمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەبێت. لەم دنیـایەدا یان ئانا ڕاست دەکا یان کـارنین و مـەزنی کـۆنی و دێرینەیی سێرڤانتس کە سەبارەت بە ئەستەمی ناسینی هەقیقەت دەدوا و وەبیـرهێنەرەوەی ئەوە بوو کـە ئەم ڕاسـتـیـیـە بەردەوام لە دەست مـرۆڤ هەڵدێ، وەک مـەزنییـەکی بێ سوود و دەردی سەری هێنەر (مزاحم)انە دەنوێنێ.

جـەوهەری ڕۆمـان بەردەوامـیـیـە. هەر بەرهەمـێک وەڵامـێکە بە بەرهەمـەکـەی پێشـوو هەمـوو ڕۆمـانێک گـشـتـیـیـەتی ئەزمـوونەکـانی (مـێـژووی) ڕۆمـانی لەخۆگرتووە، بەڵام گیـانی سەردەمی ئێـمە بە توندی لە ساتەوەختی هەنووکەییدا کەم دەکاتەوە.

لە چوارچێوەی ئەم نیزامەدا، ڕۆمان ئیدی بەرهەمێک نییـە (کـارێکە کـە دەرەنگ شـێـوە دەگـرێ و ڕابردوو بە داهاتووەوە گـرێ دەدات)، ڕووداوێک لەناو ڕووداوەکـانی دیکەدایە، هەنگاوێکی بێ نرخ و بـایەخـە، حـاڵـەت و قەوارەیەکی نەمەییو و ساکارە.

(۱۰)

گــەلۆ هەمـــوو ئەمـــانە بەو واتایەیە کــە ڕۆمـــان لە «جیـهـانێکدا کە لەگەڵی نامۆیە» لەنێـو دەچێ؟ ئایا هەروا لە ئەوروپا، لە حاڵەتی خۆی، لێدەگەڕێ بۆ ئەوەی «هەبوون لە بیر بکات؟» ئایا لەبزگەلە بێ کۆتاییە خوو و ڕەوشتانەکان دەمێنێتەوە کە ڕۆمان پاش مێژووی ڕۆمان دەنووسن؟ نازانم. تەنیـا شـتـێک کـە پێم وایە دەیزانم

ئەوەیە کە ڕۆمان ناتوانێ لەگەڵ گیانی سەردەمی ئێمە لە ئاشتیدا بژی. ئەگەر بڕیار وابێ درێژە بەدۆزینەوەی نەدۆزراوەکان بدات، ئەگەر بڕیار وایە وەک ڕۆمان «پێشکەوتوو» بێ، ئەوکات پێشکەوتنی تەنیا لە ڕەوتی دژایەتی لەگەڵ «پێشکەوتنی» جیهانیدا ئیمکانی هەیە.

ئاوانگاردیستەکان وێنەیەکی دیکەیان هەیە. ئەوان سەرنجیان لەم سەودایەدا بوو کە هاوپێ و هاوشانی داهاتوو بمێننەوە. بێگومان هونەرمەندە ئاوانگاردەکان بەرهەمگەلێکی بوێرانە، ئەستەم، هەژێنەر و بەلاڵێدراوی گشتی ئەفراند، بەڵام پێیان وابوو گیانی (٣٩) مێژوو لەگەڵیانە و زۆر ناخایێنێ کە تەئیدیان دەکات.

سەردەمێک منیش پێم وابوو داهاتوو تەنیا داوەری باشی کارەکانمانە. دواتر تێگەیشتم لایەنگری کردن لە داهاتوو خراپترین شێوەی هاودەنگی(٤٠)یە. خۆ ویستییەکی ترسنۆکانە زۆر بەهێزە، چونکە هەمیشە داهاتوو لە ڕابردوو بەهێزترە، بێگومان دادوەریمان لەسەر دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی خاوەنی چووکترین و کەمترین دەسەلات و توانایی بۆ ئەم کارە بێت.

لە هەمان کاتدا، ئەگەر گومانم لە بیرۆکەی پێشکەوتنە، کەواتە لە ئۆگر و شەیدای کام بابەخگەلم؟ خوا؟ نیشتیمانی باو و باپیران؟ خەڵک؟ تاک (کەس)؟ وەڵامەکەم هێندەی دڵپاکانەیە هێندەش پێکەنیناوییە. جگە لە ڕۆمانی ئەوروپایی خولیا و شەیدای هیچ شتێکی تر نیم واتە بەو میراتە نەناسراوەی کە لە سێرڤانتسەوە پێمان گەیشتووە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**1- Kundera. Milan. The Novel and Europ" New York Review of Books. July 1g, 1987. pp. 15-19.**

**گۆیا ئەم بابەتە جارێکی تر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی کە بەداخەوە وەدەستم نەکەوت.**

**٢- هۆسێرل لە ساڵی (١٨٥٩) لە یەکێک لە شارەکانی چێکۆسلۆڤاکی لەدایک بوو و لە ساڵی (١٩٣٨) لە ئەڵمان مرد. یەکێک لەنێودارانی دیاردەناسییە.و، فارس.**

**٣- هایدگەر لە ساڵی (١٨٨٩) لە ئەڵمان لەدایک بوو و لە ساڵی (١٩٧٦) هەر لە هەمان وڵاتدا کۆچی دوایی کرد. یەکێک لە بیرمەندانی سەدەی بیستەمە. لەم چەند ساڵانەی دواییدا پێوەندی لەگەڵ نازییەکان دەنگ و هەرایەکی زۆری نایەوە.**

**٤- سێرڤانتس نووسەرێکی گەورەی ئیسپانیاییە (١٥٤٧ - ١٦١٦).**

**٥- Being and Time نێوی کتێبێکی هایدگەرە.**

**٦- ریچاردسۆن ڕۆماننووسێکی ئینگلیزییە (١٦٨٩ - ١٧٦١).**

**٧- Proust نووسەرێکی گەورەی فەرەنسییە (١٨٧١ - ١٩٢٢) و نووسەری یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەمە.**

**٨- Joyce ناوی نووسەرێکی ئیرلەندییە (١٨٨٢ - ١٩٤١) کەبەشی زۆر گرینگی سەردەمی ژیانی خۆی لە پاریس بەسەر برد و بەرهەمگەلێکی بەناوبانگی لەپاش خۆی بەجێهێشت، وەکو ئولیسیس.**

**٩- Thomas Mann نووسەرێکی ئەڵمانییە (١٨٧٥ - ١٩٥٥).**

**١٠- Herman Broch لەساڵی (١٨٨٦) لە ڤیەننا لە دایک بوو و لە ساڵی (١٩٥١) لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.**

**١١- ئەم قسەی کۆندێرا باس هەڵگرە. هەرچەندە تیۆری ڕەخنەی ڕۆمان، و ڕەنگە یەکەمین ڕۆمانیش لە ئەوروپا نووسرابێت، بەڵام زۆر ئەستەمە کە بتوانین ڕۆمان بەشێوەیەکی ئەدەبی ئەوروپایی بزانین.**

**١٢- پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمان هەر بەپێنووسی تۆلستۆیش بەم ناوەیە.**

**١٣- پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانە نێودارەکەی کافکا.**

١٤- Jacques Le Fatalist لەم دواییانەدا میلان کۆندێرا شانۆنامەیەکی بەناوی ژاک و ئاغاکەی لەچاپ داوە کە بەسەرۆ وەرگرتن هەر لەم کتێبەی دیدرۆیە. لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەشێک لەم مایەگەلەی ئەم بابەتەی بە پاژ و خاڵە لاوەکییەکانییەوە زیاتر ڕوون کردۆتەوە. بڕوانە:

**Kundera. Milan Jacques and His Master. N. Y. 1984.**

«ئەم کتێبە (ژاک و ئاغاکەی) لەلایەن وەرگێڕی ئەم بابەتەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و بە داخەوە دەرەتانی چاپی بۆ نەڕەخساوە، شیاوی ئاماژە پێدانە ئەم کتێبە نە وەرگرتنە (اقتباس) و نە سەرۆ (الهام) وەرگرتن، بەڵکو ئەم کتێبە ڤاریاسیۆنێکە لە ژاکی هات و نەهاتی دیدرۆ کە بەرهەمێکی یەکجار گرینگە لە جیهانی شانۆ و ڕۆماندا – وەرگێڕی کورد».

١٥- Didero یەکێکە لە فەیلەسووفە مەزنەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری.

١٦- پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی «مادام بوڤاری» کە بە فارسی وەرگێڕدراوەتەوە- و. «گۆیا بە کوردیش وەرگێڕدراوە، من نەمدیوە».

١٧- بەشێکی گرینگ لەم ڕۆمانە بە فارسی وەرگێڕدراوە.

١٨- Will to Power یەکێک لەو چەمکگەلەی فەلسەفەی شوپنهاور و نیتشێیە. داریوش ئاشووری لە وەرگێڕانی بەرهەمێکی نیتشێدا وشەی «ویستی دەسەڵات» (خواست قدرت)ی لەجیاتی «ئیرادەی حەز لە دەسەڵات کردوو» (اراده معرف به قدرت)ی هەڵبژاردوە.

١٩- Hasek نووسەری چێکوسلۆڤاکی کە لە ساڵی (١٨٨٣) لەدایک بوو و لە ساڵی (١٩٢٣) مرد. چیرۆکی «سەربازە باشەکەی شوایک» تاڕادەیەکی زۆر بەسەرهاتی ژیانی خۆیەتی.

٢٠- **Terminal Paradoxes**.

٢١- **Sleep walkers**.

٢٢- **Herman Broch**.

٢٣- ئاماژە بە وتارەکانی هۆسێرل لەبارەی مرۆڤخوازی ڕۆژئاوایەوە کە لە شارەکانی ڤیەننا و پراگ پێشکەش کرا.

٢٤- Hapsbukg ناوبانگی سەڵتەنەتی دەسەڵات بەسەر ئیمپراتۆری ئۆتریس (نەمسا) و مەجارستانە.

٢٥- Musil نووسەری نەمسایی کە لە ساڵی (١٨٨٠) لە دایک بوو و لە ساڵی (١٩٤٢) لە ژنێڤ مرد.

٢٦- **Man Without Qualities**.

٢٧- **Huegenot**.

٢٨- Surrealist ڕەوتێکی هونەری گرینگ کە لەم دواییانە لە ئیتاڵیادا دەستی پێکرد و هەر لە شێوەی ئەو لە ڕووسیەش سەری هەڵدا و دەیویست بە کەڵک وەرگرتن لە تێکنیکە جۆراوجۆرەکان، پەیجۆری ڕاستی بوون نیشان بدات و هەر لە هەمان کاتدا، بە کەڵک وەرگرتن لە دەسکەوتە زانستی نوێ و نەریتە نەتەوەییەکان، هونەری مۆدێرنی خۆماڵی پێک بێنێت.

٢٩- ڕەوتێکی کاریگەر کە لە سەرەتای سەدەی بیست سەری هەڵدا و لێهاتوویی ڕەهای خودورووژێنەری لە ڕێگای گەیشتن بە دەرهەستی هونەرمەند و هەر ئەم دەرهەستییەی بە سەرچاوەی هەمیشەیی خاڵە بەسوودەکانی لێهاتوویی دەزانی.

٣٠- Avant Garde لە ماوەی سەدەی بیستەمدا ڕەوتگەلێکی فیکری خۆیان بە «ئاوانگارد» ناوزەد کردووە. سەبارەت بە واتای ڕوونی بیروڕایەکی ڕاست و یەکانگیر بوونی نییە.

٣١- **Ontologic**.

٣٢- **Tristam Shandy**.

٣٣- Sterne ڕۆماننووسی ئینگلیسی (١٧١٣ – ١٧٦٨).

٣٤- Novalis شاعیری ئەشرەف زادەی ئەڵمانی (١٧٧٤ – ١٨٠١) و یەکێک لەنێودارانی ڕۆمانتیسمی سەدەی نۆزدەیە.

٣٥- Gunter Grass نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی.

٣٦- Carlos Fuentos نووسەری نێوداری ئەمریکای لاتین کە هێندێک لە بەرهەمەکانی بەزمانی فارسیش وەرگێڕدراونەتەوە.

٣٧- Time گۆڤارێکی حەوتووانەی بەناوبانگی ئەمریکاییە.

٣٨- Der Spiegl گۆڤارە حەوتووانەیەکی بەناوبانگی ئەڵمانییە.

٣٩- **Zeit Geist**.

٤٠- **Conformism**.

سەرچاوە:

میلانی. عەبباس. توتالیتاریسم – کۆمەڵە وتار.

# بەرگری و هزرا نەتەوایەتی د (زێر و خوین)دا

**خالد سالح**
**(دهۆک)**

هەر ژ هەبوونا مرۆڤایەتیێ جەنگ یا دگەل پەیدا بووی، چ دگەل سروشتی، چ ژی هەر دگەل توخمێ خۆ بخو، کو هەرئێکی یێ ڤیای یێ بەرامبەر خۆ بکەتە بەنی و ئێخسیر، وەکی ئامێرەکی رەفتارا دگەل هاتیەکرن، مینا «کێر و پەنیرا» ل بەرامبەر ئێک دراوستیای و یێ بەهێز یێ ڤیای یێ لاواز داعیرت، شریعەتا دارستانێیە و مێژوو وێ چەندێ دیاردکەت کو چەندین مللەت وەسایێن ژ ناڤچووین، هەر چەند ل سەدێ بیستێ گەلەک مللەتێن بن دەست سەربەخۆیا خۆ یا وەرگرتی، لێ وەنەبیت ئەو چەند ب ساناهی ب دەستڤە هاتبیت، بەلکی ب بەرگریەکا توند و دژوار یا هاتییە ئەنجام دان.

هەلبەت ئەڤ بەرگرییە نە هەر ب تڤەنگێ بوویە، بەلکی چەندین رێکا وەکی : هۆزان، چیرۆک.. سەما.. ستران چاڤ ..رەنگ.. جەنگێ دەروونی و خۆ هندە جاران بێدەنگی چەوا دوژمن شەرەکێ دژوار دگەل مللەتی دکەن، فەرە مللەت شەرەکێ دژوارتر دگەل بکەت و توندتر ل بەرامبەر راوەستیت، ب تایبەتی کو مللەت خودانێ خۆ ئەردێ خۆیە و مەیدان هەر یاوی یە، دوژمن دڤێت جودابوونێ و سستییێ بێختە دناڤ رێزێن مللەتیدا، وەسا دڤێت مللەت پتر وێ چەندێ بکەت و پتر باوەرییێ ب سەرکردایەتیا خۆ بینت، لێ هەمی دەما بۆ دوژمنا یا دیاربووی، کو بەرامبەری توندییێ هەر توندیە و توندی بەرگرییێ پەیدا دکەت، بەرگری ب هەمی رەنگ و مانا کو ئێک ژوان بەرگری یا ئەدەبی، یان ژی جەنگ درێکا ئەدەبی دا و مرۆڤ دشێت بێژیت «ئەدەبێ بەرگرییێ».

ئەڤ زاراڤە نە گەلەکێ کەڤنە و د جەنگا جیهانییا دووێ دا یا پەیدا بووی، دەمێ لەشکەرێ نازی ب ئەوروپا داگرت، خەلکێ شکەستی نەچاربوون، خۆ بکەنە ئێک ژبۆ پاشڤەبرنا وێ داگیرکرنێ و وێ ئێکگرتنێ سەرکەوتن پەیداکر، مللەت چەندێ لاوازبیت ب ئێکگرتنێ سەردکەڤیت، هەروەسا دڤێت باوەری ب سەرکەفتنێ ژی هەبیت.

**« دوشان کفیدر» دبێژیت:**

داکو مللەتەک بشێت بەرسڤا دوژمنی بدەتن، بلا ئەو دوژمن چەندێ ب هێز و مەزن بیت، دڤێت خۆ ب باوەریەکا ب هێز چەکدار کەت، ئەو ژی باوەریا سەرکەفتنێیە، هەروەسا دڤێت لەشکەرەکێ تایبەت بۆ وی

کاودانی دروست کەتن. چیرۆکنڤیس «جەلال مستەفا» د کۆمەلا خۆ یا نەخری دا ب ناڤێ «زێر و خوین» ئەوا ل سالا «١٩٨٩»ێ ل بەغدا دەرکەتی، دەردو ئازارێن گەلێ کورد ب رێکا کورتە چیروکێ ییێن. بەرچاڤ کرین، ئازار و نەخوشییێن وان ییێن ئێخستینە سەرکاغەزێ، یێ دناڤ هەست و برینێن وان دا ژیایی، ئەگەر هەستا نەتەوایەتی نەبا نەدشیـا وان چیـروکان دارێژیت و مـروڤ« دشێت بێژیت ئەڤە ژی رەنگەکێ بەرگری ییێە، کۆ دناڤ جەرگێ دوژمنی دا و بشێی بابەتێن روژانە، کارەساتێن گەلێ کورد« بەرزە بوون. تەعریب، زیندان، ئەنفال، کیماوی و،....هتد».

پێش چاڤ کەی، ب راست ئەو چیرۆک مینا چەندین چیرۆکێن نڤیسەرێن دی تر دەربرینە ژ هەست و ڤیانا گەلێ کورد بۆ کێشاوی یارەواو گرێداناوییە ب ئاخا وی شادبوونە ب رۆژا رزگاریێ کو ئەڤرو هەمی ب شاد و بەختەوەری تێدا دژین .

کاودانێن چەندین سالان ب هزارا مـرۆڤ بەرزەکرن، بەرزەکرن ژی نەهەر ئەوە بن ئاخ ببیت و لەش بەرزەبیت، بەلکی دویرئێـخستن و سـەربازیا ب خـورتی و ب عەرەبکرن و..هەمی بەرزەبوونن.

د چیـرۆکـا « هەکـو مـرۆڤ بەرزە دبیت» ، قـارەمـانێ چیرۆکێ وەسایێ دیارە یێ چوویە سەربازیێ، دزانیت ئەو نە رێکا وی یا رەوایە، لێ تشتەکێ ب خورتیە و دڤێت هەر بچیت، نەڤێت بکەت و بچیت بەرزە بیت و خزمەتا داگیرکەران بکەتن، لێ ها ئەڤە ئەو جانتێ سەربازیێ هلگرت:

-« نەفەر کت کتەژێ هاتنە خوار، من ژی جانتا خۆ یا کەڤلی هەلگرت و پەیابووم»

ل ڤێ درەنگی شەڤێ وڤێ سەرمـایێ هاتە خـوار، لێ نزانیت دێ کیـڤە بەرێ خۆ دەت و هەر ژچوونێ بەرزە دبیت و وەکی ئەو دبێـژیت« ئەز نزانم ب روژێ لێ بگەرِم»

ئوتێل هەمی دگرتینە« دگەرییێت دا نهانیەکی ببینت»

«پێت من ئەز برمە کـۆلانەکـا تاری»...... ل سـەر چایخانەکـا بچـویک هەلدبیت، دچیـتە تێـڤـە، چایەک ڤەخوار و بیهنا خۆ دا و باران ژی لێ ناهێت، پیچەک گەرم بوو چاڤێت وی چوونە سەرێک، بەلێ ئەو گەلەکێ ناکێشت و دەنگ هات:

ئەڤ هات.. ئەڤە هات»

مرۆڤەکێ ب خۆڤە و سۆر و سپی، لاوەکێ تازەبوو، سەر و چاڤێت وی وەدگۆت، بەلێ هندە جلکێت بێ سەر و بەرو کـراسـەکێ شـۆرێ هلهلی وچاکیـتـەکێ دریای دبەربوون، تە داڤـەک ژێ کـێـشـابا دامـینیت رویس، پێیەکێ وی پێلاڤ تێ بوو یێ دی هندەک پاتێت سپی و پنییێت سۆر لێ بوون، تا پشت گۆزەکێ تێ ئالاندبوون، گـوپالەکێ ئاسنی ل بن کـەفشی بوو، سەرێ دوو بتلێت مەی دبەریکێت وی دا دیاردکرن..» .

ئەڤ لاوە دیارە ئێکە ژ سۆتەمەنییێن جەنگا عـێراق و ئێرانێ و ئەو ژی ئێکە ژ بەرزەبوویان، بەلێ کێ بەرێ وی دایە ڤێرە و ل ڤێ گۆڤەندێ چ دکەتن؟

لێک خرڤەدبن و «مـەی» ڤـەدخـۆن و کـەنی و گـری تێکهـەل دبن و ئەو گەنج دبیـتە پێـترانگێ وان و ئەو ژی: «ژ دلەکێ سـۆتی دکرە گـری و خـریڤـێن دچوو، دلێ کـەسێ بۆ نەدسـۆت ژمن پێـڤـە، دبەرگـریا خـۆرا دگـۆتە هەڤالێن خۆ.

- ئێـک ژ هەوە جلکەکێ بدەنە من... ئەز مـامـە رویس، ئەز رەزیل بووم» .

گۆڤەندا وان گەرم دبیت و «فول» دبیت، بەلێ :

ژنو های ژ خـۆ بوو.. ژنوو خـۆ نیـاسی! بتلێ خـۆ دانا و دەستێت خۆ لێکدان و دەست ب ستراناکر.

کـەژێ تۆ کـەژی ..والله بالله تۆ کەژی.... چاڤێ من ڤ تەکەت دلێ سمن کە ...تە .. تە..»

«گریێ نەهێلا سترانا خۆ تمام کەت. من ژ گوهێت خۆ باوەر نەکر»

«ئەڤ جلکە و سترانە؟ باوەر ناکەم»

ئەڤـە ژی ئێکە ژ بەرزەبوویا ، ئێکە ژوان کـەسـێن ژ مللەتێن خۆ ب لەش ڤەقەتیای، لێ دلێ وی وێ چەندێ نابێـژیت و دەمێ «فـول» دبیت، ب گـری یا دلی دیاردکەت و دڤێت دگەل مللەتێ خۆ بیت

« وی دەمی سـپـیـدە بـوو ، تژی وارا رۆنـاهی بـوو.. کت کتە ژ چایخانێ دەرکەتن قەستا کارێن خۆ دکرن تنێ ئەز مام و ییێت بێ کار»

« جارەک دی کابرای فرەک ل بتلێ خۆدا و دەست ب سترانا کرەڤە»

« تۆ خـەون بووی هەمی گـاڤـا ....ئا ... تە ل من بەردان رۆندکێت چاڤا .. کەلا ..گر ..ی» ئەز مام بەهتی نەشیامە خۆ: برا تۆ خەلکێ کویرێ ی؟»

هەردوو پێک دهێنەدەر کو کوردن و خەلکێ دەڤەرەکێ نە. لێ نـەدزانین وب ئەزمـانـەکێ دی دگـەل ئێک ئاخفتن...

قارەمانێ چیرۆکێ ڤیا گەلەک پرسیاران ژێ بکەتن لێ دەمێ هندێ بوو کو رابیت بچیت. ژ چایخانێ دەرکەڤیت و ب خۆرا دبێژیت:

« من هزر دکر ئەزێ بەرزەمە»

وەکی ژناڤێ چیرۆکێ دیارە« بەرزەبوونە» ، چیرۆکنڤیس دوو نموونێن بچـــویک ژ هزاران نموونێن وەکی وێ یێن دیارکرین کا چەوا مرۆڤێ کورد بەرزە دبیت:

بەرزەبوون دەمێ تۆ دبییە لەشکەرێ داگیرکەری و تە چ رێکێن دیار نەبن و چ سیتـاڤکا نەبینی کـو لێ بچی و ببییە سۆتەمەنیا ئاگرەکێ بێ وجدان کو تە تێدا چ لێ ناڤ چنە.

بەرزەبوونا دوویێ ئەوە کو ئێک بی ژ سۆتەمەنیێن ڤی ئاگری و رەزیل بی ل کـۆلانێن خەلکی و دسەر هندێ دا کـراسـەکێ شـۆر بکەیە بەرخـۆ ئاگـرێ « تـەعـریبێ» ژی ژ تەبگریت کو تۆ ب تمامی بەرزەبی.

چەند کەس هەنە هۆ بەرزەبووین و سەدان رێکێن دی تر ژێ بەرزەبووین؟ ئەگـــەر وەلاتەک یان ژی کـــیـــانەکێ سـەربخـۆ هەبان تۆ بێـژی ؟ ب سـاناهی بەرزەببـان و ل کـۆلانێن خـەلکی وەسـا رەزیل ببـان؟ تۆ بێـژی هۆ ب ساناهی ئەو کەس شیابان ترانا پێ بکەن؟ یا ژ هەمییان مـــەزنتـــر ئەوە چونکی هەردوو دبەرزەنە ئێـک و دوو نانیـاسن ژی تا ئێک ژوان فـول دبیت و یا دلێ خـۆ دهێننە سەر ئەزمانێ خۆ.

دچیرۆکا« رەقیب» دا سوحبەت سوحبەتا« رەڤۆ»یە ، کـا چەوا چوویە دشکەفـتێ ڤـە و زڤرییـەڤـە، هەلبـەت ل ڤـێـرە مـەبەست ژ شکەفـتێ «زیندانە» ، چونکی دەمێ سالۆخەت ددەت دبێژیت:

«ئەوە هاتینە ڤێرێ و جهێ خۆ ل وێ شکەفتا وەکی «دمدمی» ئاسێ کری هندی ئێک گەهشـتییـە ناڤ وان هەما مە کەلەخێ وی ژی دیتییە؟»

یان ژی وەکی سالۆخەتەکا دی ددەتێ:

« ئەو درندێت کـەتینە وێ شکەفتا دکـەڤیـتە چیـاکێ پشتا گوندی یێت بووینە بەلا بۆ خەلکی» .

هەکو بەحسێ شکەفـتێ تێـتە کـرن مویێت لەشێ وان دبنە زختک و ترس دکەڤیتە دلێ وان چونکی هەمی باش دزانن چییێ چوو وێرێ ئێدی روناهیێ نابینیتەڤە» .

هەر وەسا سالۆخـەتا وان درندێن تێڤـە دکەت، کـو ب کارێ ئەشکەنجە و لێدانێ رادبن:

« درەشن وەکی تەنییێ... پرچا وانا درێژ و قەژاڤژە.. سـمـبێلێت وان دەڤێ وان یێ بەرزە کـری پەنجێت وان وەکی یێت هرچانە..ئەزمـانێ وان بهـۆسـتـەکێ ژ دەڤی دەردکـەڤـیت.. کـێلبـێت وان وەکی یێت گـورگـانە" ئەو سـالوخــەت هەمی یێن بکارهینایـن ژ بـۆ ئەشکەنجێ، چونکی ئەو بـخـۆ نە دەهبــەنە، بەلکی (مــرۆڤن) ، لێ درندایەتییا وان یا دەهبایە:

-« دبیت ئەوژی مرۆڤ بن؟!

پیــرەمــێــری بەرێ خــو دایێ، هەر وەکی گــەلەک ژ ئاخفتنێت خو پشت راست، گۆت:

- هندەک کرباریێت وان وەکی یێت مرۆڤانە» .

خەلکێ گوندی باوەر ناکەت کو یێ زڤرییەڤە.

-«ئەزێ ب کـرمـانجی دبێـژمـە تە منێ ب ڤـان چاڤـا دیتی» .

-«هەکە هەوە هەمیا رەڤۆ ب چاڤێت خۆ نەدیت دەستێ من ببرن!»

-«یێ گـەهشــتـبـا ناڤ دەرێ و چاڤێ وی ب رەڤـۆی دکەتن دبەهتی و دەڤێ وی دما بەش» .

بەلێ گومان د زڤرینا وی دا هەبوو.

-ئەڤێ زڤرینێ هەر تشتەکێ تێرا» .

-«رەڤی بیت؟! مـا ئێک هەیە بشێت ژ دەستێت وان برەڤیت؟» .

بەلێ گومانا خەلکێ گوندی دجهێ خودا بوو هەر چەندە هندەکا خۆشـخۆشک ددانە بەر دلێ خۆ پیـرەمـێری هەر دگوتێ:

-«ڤان خۆشخۆشکا ل بەر دلێ خۆ پاڤێن » .

-« هوین هەمی دێ رەڤۆی بینن و باشی دێ زانن» .

وەکی کورد دبێژن «مری دبن بەرکی ڤە ناهێتە ڤەشارتن » و یا رەڤـۆی ژی دیار بوو، کـو ئەو ژی یێ گـەهشـتـییـە وان و یێ بوویە ئێک ژوان درندان.

«پشتی دوو سێ رۆژەکان بێنا رەڤۆی تەنگ بوو، خۆ د خانی ڤە نەگرت د ناڤ گوندی دا دهات و دچوو. خەلک ئێکجـار بەهتین پشـتی رەڤـۆ ب وی رەنگی دیتی. پرچ درێژ و قـەژاڤـژ..رە بەردای.. سـمـبێلێت وی دەڤی وی دڤـەشارت..نینوکێت وی وەکی سـەرکێت خـەنجـەران لێ دهاتن خولکێ وی رەش دبوو. ئەزمـانێ وی پیچ پیـچـە درێژ دبوو!! هنگی هەمیا لێڤێت خو دگەستن و ب سەیرڤە بەرێ خۆ ددایێ» .

* * *

چیرۆکنڤیسی ل ڤێرە سالۆخەتا وان زیندانان دکەت کو ئەو زیندان دچەوانن و مـــرۆڤ چەوا تێـــڤـــە دهێـــتـــە

ئەشکەنجەدان، هەر کەسەکێ ب ساخی بچیتە تێڤە ب ساخی نادەرکەڤیت و ئەگەر بەردان مەرجەکێ دایە بەر، کو پێزانینا ل سەر خەلکێ خۆ ل سەر کورێن وەلاتێ خۆ بدەتە وان ببیتە سیخۆرو دیڤەلانک و دژایەتییا گەلێ خۆ بکەت، وەکی چەوا رەڤـۆ ئەڤـرۆ ب ڤی کـاری رابووی لەومـا خـەلک دمـیننە حـێبـەتی و مـەندەهۆش دەمێ بەردبیت.

ئەڤ تشـتـە گـەلەک و گـەلەک یێ رویدای، زیندانی نەشـیـایە تا دومـاهییێ بەرگـریێ بکەت و یێ خـۆ دایە دەست و یێ گۆتی دێ وێ بۆ هەوە کەم یا هەوە دڤێت.

هەلبەت هەمی کەس وەسا خۆ ب ساناهی نادەنە دەست و ب هزاران خـەلکی ژ کـورێن ڤی وەلاتی یێن خـۆ کـرینە قـوربانی و یێن گـوتینە دوژمنی: نە...نەو تا مـرنێ ژی هەرنە.

د چیرۆکا «وێنەکێ دامای» دا، ژنکەکا بێ سەمیانە و بێ مـێـر. مـێـرێ وێ یێ بەرزە بووی و ژ نەچاری و ژ بۆ پەیداکرنا نانەکێ بۆ کورێ خۆ ئەڤێ ل قۆناغا سەرەتایی و کچا خۆ(گولێ) پەیدا کەت، بەلێ دایک نەساخ دبیت و دایک نەچار دبیت گـولێ بهنێـرتە بازاری، کـو گـۆرێن رویسی و دەسـتـبلینکان بفـرۆشـیت. بەلێ بابێ وێ یێ بەرزە دهێتە دخەونا دایکێ دا:

«چاوا دلێ تە گرت تۆ بەرێ وێ زارویا نەشارەزا بدەیە جهێت بیانی، وێ کچا وەکی گولەکێ بۆ کـەرەکێ نانی بکەیە دناڤ دەستێت خەلکی بێبەخت دا، بلا هوین رەق بن ژ برسادا بەس کچ یا دخانێکی خۆڤە بیت چ ناڤێت پیس نەهێن سەرمە..شەرمە..شەرم».

ژ خـەو هشـیـار دبیت! چ نابینیت هەر بتنێ رونـدک پێ دمـینن. نەچارییە و گـولێ بەرێ خۆ دا بـازاری، چ جاران بازار نەدیتـیـە هەر بتنێ یا گوهـ لێ بووی دەمێ مـالا وان ل گـوندی،دەمێ بابێ وێ دهاتە بازێری و ب گـەرمی بۆ وان بەحس دکر.

«بۆ وێ و برایێ وێ هندەک فالک و شـەکـرۆک دئینان و گـەلەک ب گەرمی بۆ وان بەحسێ بازێری و سویک و دکانان و خـانی و ئاڤاهیێت بلند و ترومبێـلا دکـر،لێ تشـتێ ژ هەمـیـان پتـر سـەرنجا وان رادکـێشـا رەنگێت جوانێت پەرۆک و جلک و یاریێت زارۆکان بوون».

گـولا دوازدە سالی ئەڤ هزرە دکرن، لێ ئەو هزر ژ بیـر دکـرن دەمێ بیـرا دەیکا وێ د وی خـانیـکێ بێ سـەر و بەرڤە دهاتە بیرێ، ب تایبـەتی شـڤێدی و نالینا وێ و ئاخفتنێت وێ:

«تێن دمن نەمـایە چ شـولا بکەم.. برایێ تە هێـژ بچووکە.. مەچو ژ بابێ تە نەزانی.. مە کەس نینە دایێ هەما نانەکێ بۆ مە پەیدا کەت».

گولێ دزانی دایکا وێ یا چ دبێـژیت، لەوما هەر ناڤێ بابێ بتنێ هاتبا برینێت وێ نوی دبوونەڤە:

«بابۆ..پشتی تە ئەم کەتینە ڤی دەراڤێ..».

« بابۆ تۆ لکیڤەیی..ئاخ بابۆ».

د چیـتە بازاری و بۆیاغـچیـان و خودانێن عـەرەبانا و کچکێن وەکی خۆ دبینیت:

«ئهـا ئەوکـچکێت هەنێ ژی وەکی منن.. دیارە ئەوژی دژار و بەلەنگازن دێ چم نـک وان روینم، هەمـا ئەو چ دکەن ئەز ژی دێ وەکەم».

کچ ژ دایکێ دویر دکەڤیت، دایکێ د سەر حالێ خۆ دا دلێ ب کچێ ڤە و دلێ وێ سەد ئاواز دگوتن و کوڕ ژ بەر دایکێ نەچوویە خاندنگەهێ، دایک هێڤ دکەتە کوڕی و روندک پێ دمینن:

«خوزی دایۆ بەری بمرم من تشتەک ژ بابێ تە زانیبا».

بازار گەرم دبیت و خەلک پتر دهێتە بازێری و ئەو ب سەیری د کچکێن (مکیاج)کری دنێریت:

«وەی ما ئەڤە شەرم ژ خو ناکەن دەلنگ رویس و سەر کۆل...».

بەلێ کچکێن رەخ و رویێن وێ هێرشا پرسیارا دبرنێ:

-«مالا هەوە ل کیرێ یە؟».

-«ئەڤە جارا ئێکێ یە تو دهێیە ڤێرە؟».

-«دایبابێت تە دساخن؟».

ناڤێ دایبابێن وێ، کـەیفا بازاری و ئەو تشـتێن تێدا دیتن هەمی ژ بیر دکـرن و ناڤ چاڤێن وێ تێکدچوون و هەمـا وێ بتنێ دزانی کـو بابێ وێ یێ بەرزەیە، کـچکا گەلەک پرسیار ژێ دکرن لێ وێ گۆت:

«چیـــرۆکــا من یا درێژە وهەمی ب رۆژەکێ و دووا ناهێتە گۆتن...».

دوێ دەلیڤێ دا ترۆمبێلەک ب لەز دویرێ ڕا دەرباز دبیت و ئاڤا جوکا ل سەر لێڤا جادێ ڤەدپەشت:

«وەی بابۆ مـا بوچی وەناکـەن؟ چ خـەم ل هەوەیە... شـەڤـەکێ بێ شـیڤ دنڤن؟ جلکێت وان وەکی یێت مـە دپاتەکرینە؟ د ناڤ مال و مرۆڤێن خو دا نینن؟وا چ های ژ دونیایێ هەیە؟..».

کەیفا گولێ گەلەک دهات دەمێ تشتەک فرۆتبا، دزانی رەنجا وێ و دایکا وێ هەروە نەچوویە. ڤـێجـا دا پارێت خۆ دوو سێ جارکی هژمێریت، پاش دقورمچاندن دکرنە

د پاخلا خۆدا، دایکا وێ ژی یا هەر ل سەر ئاهو نالینێت خـۆ دلە دلی کـورێ خـۆ ددەت، هەر چەند دلێ وێ وە نەدگوت:

«دای گۆری خۆ ب خەم نەئێخە بێهنەکا دی خوشکا تە دێ ژ بازارێ هێـتـەڤـە هەروەسـا دلێ وێ هەر ل دویڤ کچێ ژی ڕا بوو:

«دایێ چاڤێت تاری بێ هێژ بچویک کەتیە بەر خەم و خیالان.. بتنێ دناڤ بیانیا دا.. بێ بەخت زۆرن، هەکە بابێ تە ل مال بایە هۆسا نەدبوو...»

شابیتا زەلامێ وێ دهێتە پێش چاڤا:

«شەکرۆکێت چ و قوزولقورتا چ؟ دبێژمە تە ئەڤە جارا دومـاهیێ بیت.. نەوەبیت جـارەک دی.(گـولێ) ژڤی خانی دەرکەڤیت.. تە گولێ بوو؟!».

هەلامەتێ مێرێ وێ جارەکا دی ژ پێش چاڤان دچیت و ما ل سەر هزرێن گولێ ڤە، گولێ ژی کار دکەت دا بێتە مال:

«دا زوی بچم بگەهمە دایکاخۆ، سپێدێ زوی دێ بەمە نک نوژدارەکێ و دەرمانان بۆ کرم»

بەلێ دەمێ دهێتە مال چ دبینت؟

«دایکا وێ یا ڕازایە و سـەرێ برایێ وێ ل سـەر سـینگێ.. تەنگێت وێ سـست بوون..پێت وێ خـاڤ بوون، دلێ وێ د سینگی دا خۆ هەلاڤێت، کەیفا بازارێ و هەڤالا و پارا هەمی ژ بیر کر. بوقچک ژ پشـتـا خـۆ بەردا و ب خورتی خۆ گەهاندە نک دایکا خۆ، دەستێ خۆ دانا سـەر ئەنیـاوێ یا گـەرم بوو..ترسـا وێ کـێم بوو...بێـهنەکـا کوبر هەلکێشـا دایکا وێ چاڤێت خۆ زلکرن و گرنژی...»

-«کچا من تو هاتی؟ ئەڤە چەندە د هزراتەدا.»

-« دادێ سوبەهی دێ تە بەم دختوری».

-«ئەزا باشم و سوبەهی دێ چمە سەر شۆلێ خۆڤە».

* * *

ل ڤێرە چیرۆکنڤیس ئێک ژ کارەساتێن دی تر بەر چاڤ دکـەت ئەو ژی (ئەنفـال) کـرنە، دەمێ ژنک دمـانە بێ زەلام و ئەو نەچار دبن نانێ خۆ پەیدا کەن و زارۆیێن خۆ ب سەر بلندی ب خودان کەن.

ئەنفـالکردن ب درسـتی ل ڤـێـرە (ئەنفـال) کـرنا بارزانیـیـانە دەمێ زەلام هەمی بەرزە کرین و ژنکێن وان ب سـەر بلندی زارۆیێن خۆ ب خـودان کـرن ل هەولێـر و رەخ و ڕوییێن وێ.وەکی چەوا ل ڤێرە دایکا گولێ ب وێ چەندێ ڕابووی و گـۆرێن رویسی و دەسـتـبلینک و....

چێـدکـرن دا بیـەتە بازارێ بفـرۆشیت و نانەکێ بۆ کچ و کـورێن خـۆ پەیدا کـەت، هەر چەند گـەلەک نەخـۆشـیـا دبینیت و بازێر نەدیتینە لێ نەچاری یە... دەمێ نەساخ ژی دبت دایک یا نەچارە کچا دوازدە سالی بهنێرتە وی کـاری...کـچێ ژی بازێر نەدیت بوون،هەر بتنێ گـوهـ لێبیبوو دەمێ بابێ وێ دچوو بازێری دزڤری ڤە و فالک و شەکرۆک بۆ دهینان و ل ڤان بازێرا دما حیـبـەتی دەمێ کچکێن وان ددیتن (مکیـاج) کـری دیسان گولێ گەلەک شاد و بەختـەوەر دبوو دەمێ تشـتـەک دفرۆت یا ب وێ هیڤیێ بوو کـو دێ زوی وان پارا بەت و چیت دایکا خۆ بەتە نـک نۆژدارەکێ، دەمێ دچیت و دگـەهـتـە مـال دترسیت،لێ چیرۆکنڤیس هیڤیەکێ پەیدا دکەت و دایک نامریت و دلێ کچێ خۆش دکەت، کو یا باشە و سوبەهی جـارەکـا دی بارێ کـچکێ سـڤک بیـتـەڤـە و دێ ب زارۆکینیا خۆ شاد بیت و هەر ئەو دێ کارێ خۆ کەتەڤە و ب سەربلندی دێ وێ و برایێ وێ ب خودان کەت و ئەو ل شـوینا بابێ ژی ناهێلیت(بابەکێ سـار ب سـەر وان دا بێت).د دوماهیـا کـومـەلێ دا ب سێ چیـرۆکـێن گـەلەک کـورت یا ب دومـاهی هینای،کـو ئەو هەر سێ کـورتە چیرۆک هەر ب ڤی بابەتی ڤە گرێداینە:

**١-سیناریۆ:**

مـرۆڤـەکێ کـورد «سـەرێ مـرۆڤـەکێ ب کـولاڤ و ب دەرسۆکە» دهێتە دویر ئێخستن یان دبیت (ئەنفال) کرن ل بیابانێن باشورێ عێراقێ کو مرۆڤ ڕۆژهەلات و ڕۆژئاڤا ژێک جوداناکەن

«هندێ چاڤـێت وی قـەترە دکـەن دەشت و لەیلانە رۆژهەلات و رۆژئاڤا ژێک جودا ناکەن».

لێ ئەڤ مرۆڤە خەونێ ب کوردستانێ ڤە دبینت:

«چاڤێت خۆ نقاندن:

گرکەکێ ئاخێ ژ نیڤەکا دەشتێ هەر بلند دبیت و مەزن دبیت دبیتە چیایەکێ گەلەک بلند و بەفرین».

لێ یا ئەو دبینیت هەر خەونە و دەمێ هشیار دبیت:

«ئێدی هندی چاڤێت وی قەترە دکەت دەشت و لەیلان بوو......»دڤێ کورتە چیرۆکا ب ناڤێ «سیناریۆ» دیسان چیرۆکنڤیس (جەلال مستـەفا) مەینەتیا (ئەنفالا) یان ژی (دویر ئێخستن بۆ باشورێ عێراقێ)یا بەرچاڤ کری دەمێ هاوەلاتیـێـن کـورد ژ وەلاتێ بەفـر و چیـایێن بلند بەرەف بیابانێ و گەرماتیێ ڤە دبرن، کو هەر بتنێ چیا و گـرکـێن بلند لێ دیار بوون، جیـاوازی دناڤبـەرا ئەرد و

ئەسمانان دا، هەر مرۆڤەکێ وەلاتێ خۆ پێ خۆشە و خەونا بجهێ خۆ ڤە دبینیت. مرۆڤێ کورد ژی جهێ خۆ کوردستان پێ خۆش بوو خەون پێڤە ددیتن دەمێ دویرئێخستن، یان دەمێ دەشتا رویت دیتی،کو مرۆڤ دەستێ چەپێ و راستێ ژێک جودانەکەت دەمێ ئەنفال کرنێ و هێش ب ساخی بن ئاخ نەکرین...بەلێ هەمی خەونە و ب هشیاری هندی ددیت و هندی دبینا هەمی دەشت و لەیلانە و هەمی خیزە و ها ئەڤە گۆرێن کویر و ب ساخی بنئاخ بن، کو کەس خۆ ڤ شینوارێن گۆرێن وان ییێن ب کۆم ژی نەکەڤیت.

**٢- کاریکاتێر:**

مرۆڤەک دکەڤیتە د زیندانێ دا و دهێتە بەردان ڤە، دەمێ دەردکەڤیت شینوارێن ئەشکەنجە و لێدانێ لێ ددیارن.

«مرۆڤی نەدزانی کانێ ل سەر دەستا برێڤەدچیت یان پی یا رەخەکێ کراسی یێ ژ بن پەنتەرونی دەرکەتی...».

«نزیک بوو..هات..وەی کانێ گوهێ تە یێ چەپێ...چاڤێت تە دسۆرن دێ بێژی خوینا رشتی یێ...سەر و چاڤێت وی یێت بووینە شەرگەها کێتکا...نابێژییە من کو ژ کێڤە دهێی؟ ئەڤە دەمەک بوو تۆ یێ دیار نەبووی...».

بەلێ ئەڤ مرۆڤە یێ هاتییە ئاگەهدارکرن و ترساندن کو ئێدی نەئاخڤیت و چ نەبێژیت:

«تە ئەزمان نینە باخڤی؟ دێ تشتەکی بێژە.. ها...کەنیێ تە دهێت؟ ددانێت تە ڤیچ بوون دیارە تە ئەزمان نینە».

بەلێ ڤی مرۆڤی یێ خۆ دایە دەست ویێ (تەسلیم) بووی. نەوێریت چ بێژیت لەوما پەرەکێ بچویک ژ بەریکا خۆ ئینا دەر کو ل سەر نڤیسی بوو.

«ئێکی ئەزێ ب دەست چێ کریم».

وەکی ئەم دزانین ئەزمان ئەندامەکێ هەرە کرنگە دناڤ لەشێ مرۆڤێ دا، چونکی هۆیێ تێگەهشتنێ یە دناڤبەرا توخمێ مرۆڤان دا، لێ دبیت هندە جارا ئەو ئەندام ببیتە ئاستەنگەک و گرێ یەک درێکا خودانی دا.

چیرۆکنڤیسی دڤێ کورتە چیرۆکێ دا سالوخەتا ئێکی دکەت کو یێ کەتییە دزیندانی دا و دەردکەڤیت، لێ چ دەرکەتن؟ هەلبەت هەر کەسەکێ دکەتە دزیندانی دا دەمێ بەردبوو هند دهاتە ئەشکەنجەدان و لێدان ئێدی نەدوێریا خۆ باخڤیت ژی، وەسا دهاتە ئاگەهدارکرن کو نابیت چ دبن لێڤێن تە دەرکەڤیت یان هەر وەکی یێ بێ ئەزمان و نابیت لێڤێ ل سەر لێڤێ راکەت. نە تە چ دیتی و نە تە چ بینای. ئەڤە هەمی ژ بۆ بێ دەنگ کرنا دەنگێ مللەتێ کورد درێکا بریناوی ئەزمانی دا، لێ مللەت ژ وێ چەندێ مەزنتر بوو دەمێ رۆژ هاتی هەمی دەنگ دەرکەتن و هەمی ئەزمان لڤین و رۆژا گەش هەلات.

**٣-رێختەر:**

بیڤەلەرزەک چێ دبیت:

«ژنێشکەکێڤە ئەم لەرزین... خانی تێک هەژیا ...تۆزا چەند سالا ژ بەر کاشخانکا ڤەوەریا... پەنجەرک ڤەلەرزین جامێن وان پرتکێن و ڤەپەشینە سەر و چاڤێت مە.. لەشێت مە هەمی خوینەلوبوون.ساڤا ژلاندکێ پەشی. داپیرا من ژ سەر جل نڤێژکێ گرێل بوو..».

«دەنگێ (قل هو الله) و (آیة الکرسي) یا چۆن بەر پەرێت ئاسمانان،، پشتا گاماسی شل بوو».

لێ بیڤەلەرزا ڤێ جارێ نە وەکی یا هەر جارە

«گولولکا ئالوزی یە.. چ سەر ژێ ناچن دەر.. خانی د تەمە دویکێلی وەربوو.. تژی دفنێت مە بێنەکا دژوار بوو.. بۆ کوخ کۆخا هەمی یا.. خانی سەر و بن بوو..»

ئەڤ تشتەچێ ببوو بێ ئێک بلڤیت و بێ تشتەک ژ ئێکی بێت:

«(رێختەری) دەستێت خۆ دانە کێلەکێت خۆ».

چ تشت نەما کو دوژمنی دگەل مللەتێ کورد نەکری رێکا دوماهیێ ئەو بوو یاکو هێرش ب گازێن کیمیاوی برینە سەر ڤی مللەتی و ل چەندین جهان، کو بووینە ئەگەرێ کوشتن و بریندارکرنا ب هزارا هاووەلاتییان، ژ بلی پیس بوونا ڤێ ژینگەها جوان و ب خەمل.

چیرۆکنڤیسی ئەڤ گازێن کیمیاوی یێن (تەشبیە) کرین ب بیڤەلەرزەکێ دەمێ ل وەلاتەکی ددەت و هەمی بێ کاڤل و وێران دکەت و، خەلکی ل دەستپێکێ نەزانییە کا ئەو چ تشتە، چونکی یا کو تا نهو دیتی ب چەکێن دی تر یێ هاتییە بۆمباران کرن. لێ ڤێ جارێ ڤێ تەمەدی و دویکێلێ هەمی کوشتن و تشتەک ژ کەسەکێ ناهێت بکەت، هەمی ددەست کورت و چەنگێن فرینێ ژی پێڤەنین و، کەسەک ل ڤێ جیهانا بەرفرەها بەردرپای د هەوارا وان ناهێت، لەوما تشتەک ژ (ریختەری) ژی ناهێت، بتنێ ئەو نەبیت دەستێن خۆ بدەتە کێلەکێن خۆ دوێ جیهانێ بفوکریت.

# خەسڵەتی دووفاقایەتی لە سیستەمی ئاکاردا


بەختیار محەمەد

لە تەوراتدا پەروەردگار لەسەر زاری موسا بە فیرعەون دەڵێ: «ئیسرائیل کوڕی نۆبەرەمە. پێمگوتی کوڕەکەم ئازاد بکە، تا بمپەرستێ، وەلێ تۆ ڕەتت کردەوە ئازادی بکەی، لەبەر ئەوە منیش کوڕە نۆبەرەکەت هیلاک دەکەم» (١). بە بڕیاری شەریعەتی ئایینێک، گەلێک (نەتەوەیەک) کوڕی خوداوەندە(٢). ژنە (مێیە)کانی گەلێک ناونیشانی کوڕانیان پێدەبەخشرێ. پێدەچێ یەزدان (باوکی بەنی ئیسرائیل) کوڕی خۆشتر بوێ لە کچ، بۆیە باوکەکانی کۆمەڵگەی پاتریارکی خێڵەکیش، کوڕانیان خۆشتر دەوێ لە کچ، ئەمە ئیرادەی خوداوەندە، کە شوناسی (نێر) بە کۆمەڵگە دەبەخشێ.

ئەم شوناسە، شوناسی شارستانیەتێکە، کە یەزدان داوا دەکا بیپەرستێ. پەروەردگار لە ڕێگەی شوناسی بە دەسەڵات بوون و دەرکەوتنی کوڕەکانەوە، شەریعەت بۆ ژیان و کۆمەڵگە دادەنێ. (تەورات بۆنە پیرۆزە ئایینییەکان بە ڕەگەزی نێر دەبەخشێ، نێر لە تەوراتدا پیرۆزترە لە مێ. هەموو یاسا و سرووتە ئایینییەکان بەناوی نێرەکانەوە جێبەجێ دەکرێن). ئایا پیاوان بەختەوەرتر نین لە ژنان؟ مادەم یەزدان شوناسی نێر بە پرۆسەی پەرستن و فیکری ئایینیش دەبەخشێ؟ لێرەوە نێرەکان مێژووی شەریعەتی ئایینیەکان دەنووسنەوە. ئەو شەریعەتەی شوناسی دەسەڵاتی نێرخوازانەی هەیە. ئەو شەریعەتەی مێژووی قارەمانەتی و دەسەڵاتی پیاوەکان تۆمار دەکا. ئەو پیاوانەی پەرجوودارن، قارەمانن، ئیرادەی یەزدانیش بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، ئەو پیاوانەی هەموو یاساکانی ئاسمان و زەوی بۆ خۆیان پاوان دەکەن. ئا ئەم پیاوە قارەمانانە پیرۆزن لە مێژوودا.

ئەو پیرۆزیەی دەقە پیرۆزەکان پشتاوپشت بۆمانی دەگێڕنەوە و یاسا و لۆژیکی ژیان لەنێوان پیرۆزیی و نا پیرۆزییدا بەش دەکەن.

دەبێ لێرەدا دان بەوەدا بنێین، کە پیاو مێژوو دروست دەکا: مێژووی پڕ لە قارەمانەتی و شکۆمەندی. ئەو مێژووەی ئەفسانە و جەنگەکان، بونیادە ماددی و ئایدیۆلۆژییەکەی پێک دەهێنێ.(٣) پەروەردگار ئایدیۆلۆژیا و ئیمانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و واقیعییەکان. پەروەردگار ئایدیۆلۆژیایە بەرەو داگیرکردنی خاکی کەنعان «خاکی بەڵێن و ژووان». بەرەو بە ئایینکردنی دیاریکراوانەی هەموو جیهان: ئایینێکی دیاریکراو لەسەر بنەمای شەریعەتی ڕەها، دەیەوێ دەستووری هەموو جیهان بکاتە دەستووری ئەم ئایینە. ئەمە پرەنسیپی بیروباوەڕی میتافیزیکای ئایینییە.. یەزدان دەبێتە دەسەڵات لە بەرگی پەیامبەران و قارەمانە پیرۆزەکاندا. پەیامبەران شۆڕش دەکەن، بۆ ڕزگارکردن و داگیرکردن. بۆ چەسپاندنی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە لە ئەنجامدا ئیمپراتۆریەتی فرە ڕەهەندی دەوێ، ئا لەوێدا باوکی پیرۆز هەیە بە شەریعەتی خۆی دەیەوێ ڕزگارمان بکا. باوکی پیرۆز سیستەمی ئەبەدی بۆ ژیانمان دادەنێ و هەموو یاخی بوونێکیش تاوانە. ئایا باوکە پیرۆزەکانی ئەمڕۆش، ئەم شکۆمەندییە بەکارناهێنن؟ ئەم شکۆمەندییە کەلەپوورییە خوداوەندییە؟ بۆ چما گەل بە خۆیشی باوکە پیرۆزەکان (قارەمانەکان) دروست ناکا؟ ئەو قارەمانانەی بە فیعلی لە سەردەمی زەلیلی گەلدا دەردەکەون، موساش ئەم قارەمانە نەتەوەییە- ئایینییەی بەنی ئیسرائیلە؛ کاتێک گەل لە کۆیلەیی میسرەوە بەرەو ئازادی و داگیرکردنی «خاکی شیر و هەنگوین و خاکی ژووان» دەبا. ئا لەوێدا، لەم پرۆسە مێژووییەدا، گەل گەلێک جار لە پێشەوایەتی موسا یاخی دەبێ، بەڵام پەیامبەر قبووڵ ناکا و بەناوی باوکی پیرۆزەوە (پەروەردگار) هەڕەشەیان لێدەکا و سزای توندیان لە ئەنجامی ئەم گوناە و هەڵانەدا بەسەردا دەبارێ. بەنی ئیسرائیل کێن؟ کوڕانی قارەمان و پیاوانی هەڵبژاردە و کاهینی پیرۆزی هەڵبژاردەن، کە پێیان ڕاسپێردراوە بڕیار و شەریعەتەکانی (یەهوە) جێبەجێ بکەن. موساش (ڕابەری بەنی ئیسرائیل) تاکە نوێنەر و بریکاری خوداوەندە لەسەر ڕووی زەمیندا، بۆیە پەروەردگار لە پەناگە و حەشارگەکان (لەسەر چیای سینا، لەژێر چادری کۆبوونەوە)دا بەنهێنی تەنیا ئەو دەدوێنێ. بەم شێوەیە لە زەمینەوە جیهانی میتافیزیکا، دەبێتە شانۆی شەریعەتی داهێنان و ئەفسانە و ئەو ڕووداوانەی، کە پیاوە (کوڕ و باوکە) پیرۆز و قارەمانەکان بەرهەمی دەهێنن، لێرەوە دەقێکی پیرۆزی وەک تەورات بە بڕوای من، مانیفێستی (یا تیۆریزەکردنی میتافیزیکانەی) مێژووی واقیعی دەسەڵاتی پیاوە. ئەو کتێبەی لە مێژووی تیۆلۆجیادا پێی دەڵێن «کتێبی پیرۆز».



بەر لە هەموو شتێکیش پێموایە، کە خەسڵەتی پیرۆزی تەورات دەلالەت لە هیچ ناکا، جگە لە پیرۆزی بونیادی فیکری دامودەزگاکانی ئەو شارستانییەتانەی، کە پیاو بەناوی خوداوەند و بەناوی ئایدیۆلۆژیا و شەریعەتی ئایینەوە، لە قۆناغی پەرەستاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی پاتریارکیدا دایناون: موسا بەناوی خوداوەندەوە لە فەرمانڕەوایی هەموو نەتەوە و وڵاتەکان دەگەڕێ؛ گەلەکانی دیکە ڕەت دەکاتەوە لەپێناو گەلێکدا. مەسیح بەشێوەیەکی دیکە لە چەسپاندنی دەسەڵاتی یەزدان لەسەر زەوی دەگەڕێ: ئەو خۆی خوداوەندە لە جەستەی مرۆڤدا، بەم ڕەنگە زەمین شەریعەتێکی ڕەهای پاتریارکی حوکمی دەکا. ئەمانە خەونی یۆتۆپیاین، کە مێژووی ئاین، لە چوارچێوەی پەرەستاندنی خۆیدا ویستوویەتی بەناوی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتییەوە بەدییان بهێنێ. مرۆڤ (خەونی پەیامبەران) ویستوویەتی بگەڕێتەوە بۆ ئەو بەهەشتەی، کە خوا لەوێ دەری کردووە. لێرەوە زەمین جێی ئەو بەهەشتە نییە، کە ئایین لێی دەگەڕێ، بەڵکو زەمین جێی ئەو دۆزەخەیە، کە ئایینەکان وێنەی ئایدیالیستیی و

میتافیزیکییان لەسەر بنیادنا... بەر لە هەموو پەیامبەرانیش، (ئەخناتوون)ی فیرعەون بیر لە (ئاتوون)ی یەکتا دەکاتەوە و دەیەوێ سیستەمێکی ئایینیی تاکڕەهەندانە، بەشێوازی دەسەڵات و بە ژیانی کۆمەڵگە ببەخشێ. بەر لە هەموو ئەمانەش (حامورابی) شەریعەتە پاتریارکییە بەناوبانگەکەی خۆی بۆ کۆمەڵگەی بابلی ئەوسا دادەنێ. ئەمانە هەموویان کوڕ و باوکن. ئەو کوڕ و باوکانەی دەسەڵاتی ڕەهای پیرۆزیان هەبووە. ئەمە لەدوای ئەو قۆناغ و سەردەمە دێ، کە سیستەمی جیهانی فرەخودایی خەریکە دەپووکێتەوە و لەناو دەچێ، ئا لەوێدا ژنیش هێمایە بۆ دەسەڵاتی ئاسمان. ژنیش بەشدارە لە پرۆسەی بنیادنانی بیری میتافیزیکا. مرۆڤایەتی ڕۆحی پیرۆزی (مێ)ش دەپەرستێ، نەک تەنیا نێر. لەوێدا ڕێزێکی میتافیزیکانە بۆ (مێ)ش هەیە، نەک تەنیا نێر. بەم ڕەنگە خوداوەندەکان ( لە هەردوو ڕەگەزدا) لە ئەنجوومەنەکانی خۆیاندا، پێکەوە لە ئاسمان و سەرزەمیندا حوکمیان دەکرد: بەعل و عەشتار، ئینانا و تەمووز، زیوس و ڤینۆس... «لە وڵاتی سۆمەردا، کە بەر لە بابل مەڵبەندی شارستانییەتێکی باڵابوو، خودا ژنان لەو پەرستگایانەدا پەرستراون، کە کاهینی مێ خزمەتیان کردوون و ئەم پەرستگایانە ئەو دەزگایە سەرەکییانە بوون، کە کۆمەڵگەی لەسەر بنیادنراوە، پەرستگەکانی دایکە خوداش لە سۆمەردا، هەروەک پەرستگەکانی (ئامون)ی میسر لە هەڕەتی گەشەکردنی سەردەمی پاتریارکیدا، خاوەنی زەوی و زار و مەڕ و ماڵاتێکی زۆر بوون و سامانێکی زۆریشیان لە گەنجینەکانیاندا کۆکردبۆوە.... ئا لەم دەڤەرەی جیهاندا، واتە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا و دەوروبەریدا، وا پێدەچێ هەڵمەتی پاتریارکیی لە دەوروبەری ساڵی (٣٠٠٠ی پ.ز) دەستی پێکردبێ، کە نەتەوە ئارییەکان لە باکوورەوە، نەک سامییەکان بەشێوەی شەپۆلی داگیرکاریی ئەنجامیان دەدا و بۆ ماوەی چەند سەدەیەکیش بەردەوام بوو» (٤). ئەمە سەرەتای ڕووخانی جیهانی میتافیزیکیی ژن بوو.

ئەمە سەرەتای ڕووخانی بنەمای ئابووری و ئیرادەی کۆمەڵایەتی و ئازادی کەسایەتی و ڕووخانی ئیمانی ژن بوو بەشکۆ و پیرۆزیی خۆی.

ئەمە سەرەتای ئەو دۆڕاندنە بوو، کە پرەنسیپی پاکیزەیی لە دەقە پیرۆزەکانی ئیمانی (بیروباوەڕی) پاتریارکیدا ڕایدەگەیەنێ، ژن لە ئاسماندا دۆڕاندی، چونکە لەسەر زەمیندا دۆڕاندی. ژن ئێستا ڕۆحی میتافیزیکانەی نێر دەپەرستێ، بەڵام هیچ پیاوێک ڕۆحی میتافیزیکانەی مێ ناپەرستێ. لێرەوە کۆمەڵگە بە هەموو دامودەزگاکانییەوە بە ئیمانی تازە و بە ئایدیۆلۆژیای پاتریارکی تێر و پاراو کرا. ئەم ڕەوشە ڕەهەندێکی پیرۆزی میتافیزیکیی نێرخوازانەی پێ بەخشرا، کە لە دەقێکی پاتریارکیی وەک تەوراتدا زۆر بە جوانی ڕاگەیەندراوە.

هەموو ڕووداوەکان شکۆی سەرکەوتنی دەسەڵاتی پیاو دەگێڕنەوە، لەم دەقەدا پرۆسەی خوڵقاندن بە تەواویی واقیعێکی نێرانەی پێ دەبەخشرێ. (هەموو دەقە پیرۆزەکان لەدوای تەوراتدا ئەم گەوهەرەیان هەیە). ئادەم لەسەر شێوەی خودا دەخوڵقێ، هێشتا حەوا لە شیمانەی خوڵقاندندایە، دەشێ نەخوڵقێ، ئەگەر لەپێناو پیاودا نەبێ. سەرەتای مرۆڤایەتی بەم شیمانەیە و بەم لاسەنگییە لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا دەست پێدەکا. لەم دەقەدا مێژووی حەقیقەتی میتافیزیکای ژن هەرگیز بوونی نییە، بەڵکو شکستی واقیعی ئەو، شکۆی ئەم ڕەهەندە میتافیزیکییەشی لێ دادەماڵێ. ژن ئێستا لە پایەی بەرزی ناوخێزانی ئیمانی نوێدا دەردەکرێ و تۆمەتی فریودانی دەدرێتە پاڵ. ژن لە مەملەکەتی ئاسماندا، کە ئەویش هێما بوو بۆ گەلێک لە دیاردە و ڕەگەزی سروشت، بۆ ژێرزەمینەکانی ئەم ئیمانە نوێیە دەردەکرێ. تەورات داهێنانی ئەدەبیانەی مێژووی پاتریارکییە، بەڵام بەناوی ئایینێکی دیاریکراو و گەلێکی دیاریکراودا. لەم دەقە پیرۆزەدا، شەریعەتی پیرۆز دەیەوێ بەجیهان بڵێ (جیهانی سەردەمی دیموکراسیەتی ئاسمان) مادام (یەهوە)ی خودا پیاو بە تەنیا نییە و خوداژنی هاوبەشی ئەو هەن لەسەر تەختی میتافیزیکایەتیدا، بۆیە گەندەڵییەکی چەپەڵ لەم جیهانەدا هەیە و دەبێ ئەم جیهانە کاول و وێران بکرێ و سەرلەنوێ جیهانێکی دیکە بە ئیرادەی یەهوە بنیاد بنرێتەوە.

**تەورات داهێنانی ئەدەبیانەی مێژووی پاتریارکییە، بەڵام بە ناوی ئایینێکی دیاریکراو و گەلێکی دیاریکراودا**

ئەفسووس ئەم جەنگە لە ماهیەتی پاتریارکییانەی شارستانییەتەکانی جیهانی ئەمڕۆشدا، بە ڕادەی جوداواز جوداواز بەردەوامە، بۆیە «ڕیاکاری و پێوانەی دوو فاقانە لە مەڕ ئازادی سێکس نزیکەی دیاردەی

جیهانیین. بە دەگمەن وا هەڵدەکەوێ پیاو، (ئەگەر بەژن بێ یا سەڵت بێ) دووچاری هەر جۆرە سزایەک ببێتەوە کاتێک سێکس دەکا (مەبەستی لە دەرەوەی یاسا و پابەندبوونی خێزانە- نووسەر)، بەڵکو بەو پێیەی، کە «کوڕێکی بوێرە» ناوبانگێکی نافەرمیش بۆ خۆی بەدەست دەهێنێ، کەچی کە ئافرەت هەمان سەرەڕۆیی دەکا، نەک هەر سووکایەتی پێدەکرێ، بەڵکو لە هەندێک کۆمەڵگەدا سزای توندی وەها دەدرێ، کە دەگاتە ڕادەی کوشتن» (٥). ئەم واقیعە کۆمەلایەتییە، کە هەڵوەستێکی (بەهایەکی) ئاکاریی وەها ڕیاکار بەرهەم دەهێنێ، پاشخانێکی تیۆکراتی پیرۆزی هەیە لە مێژووی چەند هەزار ساڵی ڕابردووی مرۆڤایەتیدا. دەقە پیرۆزەکان پرەنسیپی یاساکانی ئەم ئاکارەن. پرەنسیپی ئەو ئیمان و بۆچوونەن، کە ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی پیاو پێکدەهێنن. گرفتەکە ئەوەیە ژن دۆڕاوە و ئیرادەی یاسادانانی نییە؛ ئیرادەی ئەوەی نییە دەزگای ئایین و دەزگاکانی کۆمەڵگە بەڕێوەببا. (٦)

پەروەردگار فەرمان بە موسا دەکا: «بە بەنی ئیسرائیل ڕابگەیەنە، ئەگەر ژنێک کوڕی بوو، ئەوا دایکەکە وەک لە باری بێ نوێژیدا بێ، حەوت ڕۆژان لەشی پیس دەبێ و لە ڕۆژی هەشتەمیشدا دەبێ منداڵەکە خەتەنە بکرێ؛ ئینجا لەسەر ژنە پێویستە سی و سێ ڕۆژان لە جێگەکەی خۆیدا هەڵنەستێتەوە، تا ئەوکاتەی چیدیکە خوێن نابینێ. ناشبێ دەست لە هیچ شتێکی پیرۆز بدا و لە پیرۆزگەش نابێ ئامادەبێ، تا وەختی پاکژبوونەوەی خۆی تەواو دەکا؛ وەلێ ئەگەر کچی بوو ئەوا دایک چواردە ڕۆژان لەشی پیس دەبێ و... شەست و شەش ڕۆژیش دەبێ لە جێگەکەی خۆیدا هەڵنەستێتەوە، تا ئەوکاتەی چیدیکە خوێن نابینێ» (٧). بەم ڕەنگە ئافرەت لە یاسای پاکژبوونەوەش (بەرائەتیش)دا نیوەبەشی هەیە. پیاو چیدیکە لە ژن نابوورێ، چونکە هەڵەی گەورەی کردووە. ئەو لە بەهەشتدا بەشێوەیەکی دراماتیکی، چارەنووسی مرۆڤایەتی پڕ لە تاوان و ئازارکرد.

پیاو پڕ لە بەرائەت بوو (وەک منداڵێکی ساوا)، ژن فریوی دا. شەیتان دەچێتە لای ژن و ناچێتە لای پیاو لە بەهەشتی عەدەندا، ئەمە دەلالەتی مێژوویی خۆی هەیە: ژن تاوانبار دەکرێ، تا لە پلەوپایەی ئیمان و لە گرەوی تاعەتدا بدۆڕێنێ. ئەمە عەقڵی پیاوە ئەم شانۆگەرییە

**لە کۆمەڵگەی نادیموکراسیدا براوەکان (بەدەسەڵاتەکان) ئەشکەنجەی دۆڕاوەکان (بێ دەسەڵاتەکان) دەدەن**

(داستانە) ئەفسانەییەمان بۆ دەگێڕێتەوە. شەیتان بۆ دەچێتە پێستی مار، تا لە تابلۆی ڕۆمانسییانەی چیرۆکی گووراندنی تەوراتدا یەکەم ژن بخرۆشێنێ، ئەگەر دەلالەتی قێزەونی لە غەریزەی سێکس نەکاو بەم ڕووداوە گەورەیەش، کە ئیمانی نوێ بۆمانی دەگێڕێتەوە- هەموو ئامانجەکەش ئەوەیە: سەرەتای گوناه بدرێتە پاڵ ژن؟ ئێستا ژن لە ڕووی ئیمانەوە و لە ڕووی ئاکارەوە تاوانبارە. ئەو تاوانەی، کە هەڵەی مێژوویی هەموو هەڵەکانە. بەم ڕەنگە ئەفسانەی تراژیدیای ژن دەست پێدەکا. بەم ڕەنگە مرۆڤایەتی واز لە پرەنسیپی لێبووردن دەهێنێ، بەر لەوەی لە ئیمان و عەقڵەوە فێری ئەم پرەنسیپە ببێ، بەم ڕەنگە بەهای ئاکار لەسەر بنەمای نالێبووردن دادەمەزرێ. پەروەردگار لێبووردەیە و نالێبووردەشە. ئەمە پرەنسیپی دوالیزمانەی شەریعەتی پاتریارکییە. لە سایەی ئەم شەریعەتەدا، کێ لە ئازادی ژن دەبوورێ؟ کێ هەیە بە ئازادیی ژن نەڵێ بەدڕەوشتی و تاوان؟ کێ هەیە بە ئاکاری نالێبووردەیی، باس لە شەرەف و ڕەوشت بەرزی نەکا؟ کێ هەیە دەیەوێ تێبگا، کە ئاکار لە سایەی ئەم شەریعەتەدا زیندانە بۆ ژن و دەسەڵاتە بۆ پیاو؟ ئەو شەریعەتەی کە وێنەی جەنگێکی ئەخلاقییانە بە جیهان دەبەخشێ. پێموایە پرسیارە گرنگەکە لێرەیە: بۆ لە تەوراتی پیرۆزدا، پەروەردگار بەر لە ئافرەت پیاو دەگوورێنێ؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەشێ ئەم پرسیارە لە بەرانبەر ڕەوتی مێژوودا، شتێکی بێ مانا و چرووک بێ.

لە ڕاستیدا ئێمە دەمانەوێ بڵێین، پرەنسیپی ئاکار لە گوتاری باوکسالارانەی تەوراتدا، بنەمایەکی واقیعی – مێژوویی شارستانانەی خۆی هەیە، کە دەتوانین بەسەردەمی گەلاڵەبوونی باوەڕی یەکتاپەرستیی ناوزەدی بکەین: سیستەمی فرەخودایی، کە ڕەگەزی (مێ)ش بەشێک بووە لە ئایدیۆلۆژیای ئەم سیستەمە، بە تەواویی بەرەو لەناوچوون دەچێ. دەشێ لە ڕووی ئابووریشەوە ئەمە سەردەمی لووتکەی موڵکایەتی تایبەت (تاک) بێ، کە لە فۆرمی ئایینی و سیاسیدا خۆی بەرجەستە کردووە. لێرەدا موڵکایەتی تایبەت مۆرکێکی ڕەهای ئایینییانەی هەبووە، کە لە دەسەڵاتی تاکە کەسانی چینی تیۆکرات و فەرمانڕەوادا بەرجەستە بووە. هیچ یاسایەکی مەدەنی ئەوتۆ نەبووە، کە مافە مەدەنییەکانی تاکە کەسەکانی گەل

بپارێزێ. دەمەوێ بڵێم: ئەم موڵکایەتی تایبەتە هێشتا ڕەهەندێکی میتافیزیکانەی ڕەها شەرعیەتی پێداوە، نەبۆتە ئەو ڕەهەندە (دیاردە) واقیعی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی، کە دواتر لە فەلسەفەی دیموکراتی لیبراڵی بۆرژوازیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوسا باوکەکان (باوکە پیرۆز و دیاریکراوەکان)، ئەم مافی تایبەتەیان بۆ دەسەڵاتی دنیایی و ئایینیی خۆیان بەکاردەهێنا. لەوێ تاکە کەسی ڕەها هەبوو، جەماوەرێکی کۆیلەش هەبووە؛ بەڵام لە دیموکراسییەتی سەرمایەداریدا، پرەنسیپی ئازادی و مافە مەدەنییەکان لە یاسا و دەستووردا بۆ هەموو تاکەکانی گەل دانی پێدا دەندرێ، لێرەوە پەرەستاندنی سەرمایەداری لەپێناو بازاڕی ئازاددا، دەبوایە ڕەهەندێکی دیموکراسی واقیعیانە بە ئیرادەی تاکەکان ببەخشێ. هەڵبەت شۆڕشە مەعریفی و زانستییەکانی سەردەمی لەدایکبوون و گەشەکردنی بۆرژوازی، شۆڕشی ڕەخنەبوون لە کولتووری میتافیزیکی موڵکایەتیش، شۆڕشی ڕەخنە بوون لەو واقیع و کولتوورە میتافیزیکییەی، کە خودا (یەهوە) لە سایەیدا ببووە خوایەکی باڵای ئەوتۆ، هەرچەندی مەزندە بکەی لە گەلەکەی دوورکەوتبۆوە.. بەمە ئەو پشکدارییە کۆنەی نێوان خۆی و گەلەکەی کۆتایی پێهات و پێوەندی گفتوگۆ لە نێوان من و تۆدا پچڕا و لە بری ئەمە جەبرییەتی مێژوو جێگەی گرتەوە» (٢٨) دیارە «جەبرییەتی مێژوو»، جێگەی پچڕانی پێوەندی میتافیزیکی و ڕۆحی هەردوو ڕەگەزەکەشی گرتەوە.

لە واقیعدا ژن لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکییە ئابووریی و ئایینییەکان دادەبڕا. پێدەچێ ئەو لە سیاقی کۆیلەیی کۆمەڵایەتیدا، خزمەتی ئیمانی باڵادەستی پیاوی کردبێ. لێرەوە لە بری عەشق، جەبری ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بووە میکانیزمی بەستنەوەی ژن و پیاو پێکەوە. لێرەدا عەشق بەناوی زیناوە حەرام دەکرێ. تەنانەت بە هەموو شێوەیەک و بەر لە هاوسەرایەتیش قەدەغە دەکرێ. دەستوورێکی دیاریکراوی ڕەها، پێوەندی و دامودەزگاکانی کۆمەڵگە ڕێک دەخا. ئەم ڕێکخستنە لەسەر بنەمایەکی تیۆکراتی-پاتریارکییانە ئەنجام دەدرێ.

**ئێمە پێویستمان بە کولتوورێکی نوێی یاسای ئەخلاقیش هەیە، کە مافە مەدەنی و کەسۆکییەکانی تاک بپارێزێ**

بنەمای ئەم ڕێکخستنەش پرەنسیپی هەڵەی گەورە پێکی دەهێنێ. بەم ڕەنگە پەیامبەران ویستوویانە «مێژووی کۆن هەمووی لەناو بچێ و مێژووی نوێ جێگەی بگرێتەوە» (٩). ڕاستییەکەی لەم جیهانە نوێیەدا، میتافیزیکای نێر بەسەر میتافیزیکای مێدا سەرکەوت، ئەم سەرکەوتنە دەلالەتی لەو واقیعە دەکرد، کە پیاو زاڵە بەسەر ژندا. دەشێ هێمایەکی ئەم سەرکەوتنە هەتا ئەمڕۆش، لێدان و ئەشکەنجەدانی ژن بێ لەلایەن پیاوەوە. ئەشکەنجەدان لە هەر ئاستێکدا بێ، دەلالەت لە هیچ نەکا، دەلالەت لە دەسەڵات دەکا. لە کۆمەڵگەی نادیموکراسیدا براوەکان (بەدەسەڵاتەکان) ئەشکەنجەی دۆڕاوەکان (بێ دەسەڵاتەکان) دەدەن. جەنگ گەلێک جار بەرهەمی نادیموکراسییەتە لەنێوان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵاتدا. ئەمەش پرەنسیپی هەموو چەوساندنەوەیەکە.

لە هەر کۆمەڵگەیەکی تەقلیدی نادیموکراسیشدا، ئەمە پرەنسیپی پێوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و گەل و نێوان تاک و کۆمەڵگە و نێوان ژن و پیاوە. لێرەوە میکانیزمی قەهر و چەوساندنەوە ئەم پێوەندییانە ڕێک دەخا. بێگومان ئەم پێوەندییانە بەهای ئاکاری خۆشیان هەیە، کە لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چەمکی وەک یاخیبوون و خیانەت و ئاژاوە و بەڕەڵڵایی و بەد ڕەوشتی و... دەلالەتیان لێدەکەن. سیاقی ئاکار بۆ کەسایەتی ژنیش (لە سایەی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئێمەدا) لەم دەلالەتانە بەدەر نییە. واتە هەمیشە ژنی ئازادیخواز بەگوناهە ئاکارییەکان تۆمەتبار دەکرێ. ئەم گوناهە ئاکارییانە (بە بۆچوونی من) هەر چۆن بۆیان دەچی، لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە بۆ ئاکار و ڕەوشتی سێکس. لێرەوە چەمکی پاکیزەیی بەهایەکی ئاکاریانەی مەزنی بۆ کەسایەتی ئافرەت هەیە. دەقە پیرۆزەکانی ئایینەکان وەک مەرجێکی ئیمان و ئاکاری باڵا هەموو جەخت لەسەر ئەم بەهایە دەکەنەوە، بۆ نموونە: لە تەوراتدا هاتووە لەسەر بەهای مەزنی پاکیزەییدا، کە باسی ڕەفقەت دەکا- دەڵێ: «کچێکی زۆر جوان بوو، پاکیزە بوو، هیچ پیاوێک دەستی لێ نەدابوو» (١٠). لێرە وەک دەبینین خەسڵەتی پاکیزەیی دەبێتە پرەنسیپی نرخی مرۆیی و ڕەوشت بەرزی و پایەی ئیمانی ئافرەت، دەشێ نرخی جوانیی هەموو شتێک، لە نوێیاتی و پاک و خاوێنیدا بێ. تۆ بڵێی ئەم ڕەهەندە ماددییەی ژنیش وەک هەر کالایەک، دەلالەت لە بەهای پاکیزەییەکەی نەکا؟ واتە پیاو (تۆ تەماشای دەسەڵاتە کۆمەڵایەتی و ماددییەکەی پیاو بکە؟) نرخ بەو ژنە دەدا، کە پاکیزەیە (نورت و نوێ

و پاک و خاوێنە)(١١). ئەم ڕەهەندە ئەخلاقییە، ئەگەر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەموو ژنێک بگرێتەوە، ئەوا بۆ پیاو وەها سەرتاپاگیر نییە. پیاو لە هەموو حاڵەتێکدا کەمتر کەسایەتییەکی ئەخلاقییە. کاتێکیش بەپێی پایەی دەسەڵات هەڵدەکشێ، ئەوا ئەو نەک هەر بە ئەخلاقی باو پابەند نابێ، بەڵکو یاسا و هەلومەرجی ئەخلاقیش دەبێتە بەشێک لە بەرژەوەندی دەسەڵاتەکانی. بە کورتی دەمەوێ بڵێم، پیاو هەموو ئازادییەکی بۆ خۆی دەوێ، وەلێ بۆ ژن ئیلتیزامی ئەخلاقی دەوێ. لە هەمان چوارچێوەدا وەک یاسایەک لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە: «ئەگەر کیژی کاهین زینای کرد پێویستە بسووتێندرێ، چونکە پیرۆز بوونی باوکی پیس کردووە»(١٢). دیسان هەر لە بارەی کاهینەوە دەڵێ: «با ژنێکی پاکیزە لەناو هۆزەکەی خۆی بهێنێ، ئەوە نابێ نەبێوەژن و نەتەڵاقدراو و نەزیناکەرێکی ناپاک بهێنێ، نەبادا ڕەچەڵەکی خۆی لەناو گەلەکەی خۆی پیس بکا، چونکە منی پەروەردگار پیرۆزم کردووە»(١٣)، دەشێ لە یاسای فیکری پاتریارکیدا، کە پیاو پیرۆز بوو، تاوانبارکردنی ئافرەتیش ببێتە یاسایەک و حوکمێکی شەرعی. ڕاستییەکەی ئایدیۆلۆژیای پیرۆزکردنی پیاو لەسەر ئەو بنەمایە قووت دەبێتەوە، کە لە دەرەوەی بەهاکانی ئیمان و باوەڕی ئایینێکی دیاریکراودا چەپەڵییەکی ڕەها هەیە. دەشێ بەهای ئازادی ژنیش یەکێک بێ لەم چەپەڵییانە، کە ناکۆکییەکی زۆری لەگەڵ بەهای پیرۆزی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیای پیاو هەیە.

کتێبی پیرۆز لێرە بەشێوەیەکی دیکە کۆمەڵگە ڕێک دەخاتەوە: هەموو خەسڵەتێکی پیرۆز بۆ نێرەکانە. ژنیش لەناو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا حوکمی تاوانی بەسەردا دەدرێ. ئەو دیاردانەی کە وەک واقیعی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی ویستی ئەون و یاسایەکی پیرۆز هەیە لە دەرەوەی ویستی ئەو حوکمی چاکە و خراپەیان بەسەردا دەدا؛ کەواتە کە لە ڕووی پلەی ئیمانەوە پیاوی پیرۆز هەبوو، لە ڕووی پلەی ئاکاریشەوە دەبێ ژنی پاکیزە هەبێ. ڕەنگە لێرەوەش بێ ئیرادەی پیرۆز بتوانێ ئیرادەی ناپیرۆز بسووتێنێ. بەم پێوەرە ژنی ناپاکیزە دەسووتێندرێ (یا دەکوژرێ)، هەر بەم پێوەرەش هەموو دیاردە ناپیرۆزەکان (بە نموونە وەک چاپەمەنی و کتێب) دەسووتێندرێن. ئەم وەزیفەیە (وەزیفەی خۆسووتاندن) لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ئێستا ژن بەخۆی بەدەستی خۆی ئەنجامی دەدا. زۆربەی جاریش ستەمی ئاکار وا لە ژن دەکا پەنا بۆ ئەم کارە ببا. ئەمەش ڕاکردنە لە دەست ستەمی دەسەڵاتی ئاکار. ڕاستییەکەی دڵڕەقی دەسەڵاتی خێڵەکیی پیاو (ئەو دەسەڵاتەی، کە بەهایەکی ئاکاریی مێژوویی نێونەتەوەیی هەیە) دەگاتە ئەو ڕادەیەی، کە مرۆڤ بسووتێنێ، یاخود بە شەیتانی بچوێنێ و بەردبارانی بکا.

(لە هیندستاندا هەتا سەردەمی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاش، کە ئەوان ئەم دیاردەیان قەدەغە کرد، ژنی زیندووی پیاوی مردوو، لەگەڵ ئەودا دەسووتێندرا). ئەمەیە ماهیەتی ئیرادەی توندوتیژانە، کە بەدرێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەتە پاتریارکییەکان، حوکمی ئیرادەی دەسەڵات و ئیرادەی کۆمەڵگە مرۆییەکانی کردووە: یا منی ئیماندار هەم، یا ئەوی دیکەی شەڕانگێز و کافر هەیە (سەرەتای هەموو ئاخاوتن و باوەڕ و بیرکردنەوە و دەسەڵات و دامودەزگایەکی نادیموکراسیانە)؛ یا دەسەڵاتی ڕەها هەیە، یا جەماوەری کۆیلە هەیە؛ یا ژنی پاکیزە هەیە، یا سووتاندن و کوشتن هەیە؛ یا ئاخر زەمان و بەرەڵڵایی و بێ شەرمی هەیە، یا بەناوی تاعەت و ئەخلاقەوە ئەشکەنجەدان و لێدانی ژن هەیە... لە ئەنجامدا هەموو جیهان، ڕۆحێکی گوناهکارانەی شەڕانگێزانەی هەیە، کە خواست و لێپرسینەوەی پەروەردگار هەرگیز بە شێوازی تاعەتی مرۆڤ لەسەردەمە جیاوازەکاندا دابین نابێ. لێرەوەش لە ناو ئەو ململانێیەی ناو گەوهەری ئیماندا، گومانی ئەخلاقی لە ژن گومانێکی هەتاهەتاییە. بەم ڕەنگەش خواستی جەستەی ژن لە دەرەوەی ئەم ئیمانەدا، تابۆ دەکرێ و دەلالەتی ناپاکی پێدەبەخشرێ. گرفتەکە لێرەیە پیاو بە ئیرادەیەکی گەردوونیانە، داوای پەیڕەوکردنی ئەم ئیمانە دەکا، بەبێ ئەوەی ژن هیچ بەشدارییەکی ئەوتۆی لەم ئیرادەیەدا هەبێ. ئیرادەی ژن ئیرادەیەکی نێگەتیڤە، کاتێک بە ئیرادەی گوناهکارانەی قسەی خوای شکاند و پیاوی فریودا و مرۆڤی لە ویستی نەمری بێبەش کرد، ژن ئیرادەی شەڕانگێزانەی هەڵبژارد، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە بەهەشتدا دەربکرێ. ئەمە ڕاڤەکردنێکی ناعەقڵانی ستەمکارانەیە، بۆ ناکۆکییەکانی نێوان هێزی چاکە و هێزی خراپە، ئەمە ئەو ساتەوەختەیە لە سەرکەوتنی شارستانییەتی پاتریارکیدا، کە دۆڕاوەکان (ژن) دادگایی دەکرێن و سزا دەدرێن. لێرەوە شەریعەتی کتێبی پیرۆز ژن سزا دەدا بەسووتاندن و پیاوە سەرچڵەکانیش (کوڕە کاهینەکانی هارون) بە مەرگ سزا دەدا.

من لێرە باسی سیستەمی ئاکارێکی دوو فاقانە دەکەم، کە لە گەوهەری شەریعەتی کۆمەڵگەی خێڵەکی-

پاتریارکیدا بەدی دەکرێ. کۆمەڵگەی ئێمەش بەشێکە لەم شەریعەتە و بەشێکە لە کولتووری ئەم کۆمەڵگەیە. کۆمەڵگەیەک، کە یاسای ئاکاری کۆمەڵایەتی باو ئازادییە تایبەتییەکانمان وەک تاک، لێ زەوت دەکا. ئیرادەی خێرخوازانەی ڕەسەنی خوا، دژ بە ئیرادەی ئازادانەی ئێمە بەکاردەهێندرێ. (ئەمە گەوهەری کولتووری میللی و فەرمی ئێمەیە). دەسەڵاتی سیاسیش لەم یاسایە لانادا، بۆ ئەوەی سزای تاک بدا. (دیارە من مەبەستم لە دەسەڵاتی سیاسی کوردییە، ئەگینا من دەسەڵاتی داگیرکەرم بەلاوە گرنگ نییە، چونکە داگیرکەر خۆی هەموو شتێکی قێزەونە).

دەسەڵاتی سیاسی بەرگری لەو یاسایانە دەکا، کە باون؛ یا لە باشترین حاڵەتدا خۆی بە بەرپرسیار نازانێ بەرانبەریان. ئەمڕۆ هیچ هێزێکیش لە کۆمەڵگای ئێمەدا نییە بتوانێ ئەم یاسایانە بگۆڕێ.

هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە شەرم لە هەموو گۆڕانێک دەکا، کە بەرەو کرانەوەی فیکری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشی مۆدێرنە بڕوا. هەمان بەهایە تەقلیدییەکان ئیرادەی مرۆڤ ئیفلیج دەکەن. هەمان ئەو چەمکی شەرەفەی کە هەزاران ساڵە باسی لێوەدەکرێ، پێوەرە بۆ چاکە و خراپەی مرۆڤ و بۆ ڕەوشت بەرزیی و ڕەوشت نزمیی تاککەس. هەمان سزایە بەربەرییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا پەیڕەو دەکرێن و هەمان تاوانە کۆمەڵایەتییەکان دووبارە دەبنەوە. هەمان پێوەری ئاکار ئیمانمان پێدەبەخشێ: عەشق نەکەین؛ بەدوای سروشتی هەڵەی جەستەی خۆمان نەکەوین؛ شەرم بکەین لە دەسەڵاتە دنیایی و ئاینییەکان؛ ملکەچ بین بۆ ویستی ناعەقڵانی کۆمەڵگە؛ لەگەڵ ڕەوشتی باو و سیستەمی کۆمەڵایەتی باو بسازێین؛ بترسین لەو تۆمەتانەی کە کۆمەڵگە بە ویستی ئارەزوومەندانە و ئازادانەی ئێمەی دەبەخشێ. بە کورتی باوەڕ بێنین بەو بەهایانەی کە ئەمڕۆ زۆربەیان بەهای نێگەتیڤن، ئەگەر بەراوردیان بکەین بەو بەها مرۆییانەی کولتووری نوێ باوەڕی پێیان هەیە. ڕاستییەکەی لێکدژییەکی زۆر لەنێوان ئەو بەها تەقلیدییانە و بەها مرۆییەکانی کولتووری نوێ هەیە. یەکێک لەو جیاوازی و لێکدژیانە، ئازادی تاکە، کە بەهای تەقلیدی دانی پێدانانێ، کەواتە ئێمە پێویستمان بە کولتوورێکی نوێی یاسای ئەخلاقیش هەیە، کە مافە مەدەنی و کەسۆکییەکانی تاک بپارێزێ. لەم گۆشەنیگایەوە دەمەوێ بڵێم: پێوانە و بەهای ڕەوشتی ژن جیاوازە لە پێوانە و بەهای ڕەوشتی پیاو. گەلێک جار ئەوەی بۆ ژن نەنگییە، بۆ پیاو شکۆ و سەربەرزییە، مافی مرۆڤی ئافرەت دەبەسترێتەوە بە هەلومەرجی ئاکار. ئەم مافە بۆ پیاو بەندە بە هەلومەرجی ماددی و دەسەڵاتەکان لە کۆمەڵگەدا. مافی سروشتی ئافرەت بە بەهانەی ئاکار پێشێل کراوە. ئەم مافە بۆ پیاو لە هەمان چوارچێوەدا هێندە باجی لەسەر نییە.

**هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە شەرم لە هەموو گۆڕانێک دەکا کە بەرەو کرانەوەی فیکری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشی مۆدێرنە بڕوا**

ژن بەچەمکە ئاکارییەکان پێناسە دەکرێ، پیاو بە چەمکە کولتووریی و ماددییەکان: دەسەڵات، پارە، پلەوپایە.. ئینجا بەهای ئاکار (ئاکاری تەقلیدی خێڵەکی پاتریارکی)، ڕەهەندی شوێنی داخراو بە جەستەی ژن دەبەخشێ و ڕەهەندی زەمەنی داخراو بەکەسایەتی کۆمەڵایەتی ئەو دەبەخشێ. زەمەن و شوێن لەنێوان ژن و پیاودا بەش دەکرێ. زۆرترین شوێن و زەمەن پیاو داگیری دەکا و کەمترینیش ژن داگیری دەکا. زەمەن و شوێنی ژن لە حەشارگە دەچن، کە ڕەمزن بۆ ئەخلاقی تەسکی پاتریارکی. ئەم حەشارگانە زەمەنی تەنیایی درێژ دەکەنەوە و کۆتایی بەهۆشیاری و بیرکردنەوەی مەعریفی ئافرەت دەهێنن. زەمەن و شوێن لەناو ئەم حەشارگایانەدا نابنە زەمەن و شوێنی مەعریفی و نابنە زەمەن و شوێنی چالاکییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. نابنە ئەو ئیرادە بەهێزەی، کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی... ئینجا بزووتنەوەی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگە، لەناو ئەم حەشارگایانەدا دروست نابێ. ئەم حەشارگایانە بەرهەمی کولتووری خێڵەکین؛ کە کتێبی پیرۆز ئەرکی جێبەجێکردنی یاسا میتافیزیکییەکان و شەریعەتی ئایینیان پێ دەسپێرێ.

ڕاستییەکەی زەمەن و شوێنی ژن، دەلالەت لە شاردنەوەی جەستە و لە شاردنەوەی عەقڵ و زمانی ئەو دەکەن. دەلالەت لە پیرۆزی ئەو پەردەیە دەکەن، کە دڕاندنی لە دەرەوەی پاکیزەییدا کارەساتە. زەمەن و شوێنی ژن مێژووی دەرکردنی ئەوە لە فەزای دەسەڵاتی پاتریارکیدا. زەمەن و شوێنی ژن دەلالەت لەو پاکیزەییە دەکەن، کە ئازادی ژن پیسی دەکا. دەسا هەموو شوێن و دامودەزگایەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، موڵکی زەمەنی

کۆمەڵایەتی و سیاسی پیاون. لە ئەنجامدا ژن دەکەوێتە دەرەوەی پێناسە مرۆییەکان و ئیدی عەقڵی پیاو وەسفی جیا جیای بۆ دەکا: عەقڵی تیۆکراتی دەگاتە ئەو ڕادەیەی بڵێ: «ئایا دەبێ ئافرەتیش ڕۆحی هەبێت؟» (١٤). ئەمە یەکێک لە ئوسقوفەکانی «ماکۆن» لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا پرسیاری کردبوو، «لەکاتێکدا کە پێی وابوو ئاژەڵیش وەکو مرۆڤ، واتا وەکو پیاو ڕۆحی هەیە..» (١٥).

ئوسقوفێکی دیکەش «زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی پرسیاری ئەوەی کردبوو: «ئایا وشەی مرۆڤ ئافرەتیش دەگرێتەوە؟» هەموو ئەوانەش پاشماوەی بیری مامۆستای یەکەم بوون- ئەرستۆ» (١٦). ئەم فەیلەسووفە بە خۆشی پێی وابووە «لەسەر ژن پێویستە گوێڕایەڵی ڕەهای مێردەکەی بێت. ژن لە بەرامبەر مێرددا وەکو کۆیلە وایە لەبەردەم خاوەنەکەیدا، چونکە ئافرەت بوونەوەرێکە بە بەراورد لەگەڵ پیاودا پەرەسەندنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە. ئافرەتان توانای بەڕێوەبردن و بڕیاردانیان نییە و بۆیەشە ناتوانن سەربەخۆ بژین. کەواتە پەروەردەکردنی ئافرەتان دەبێ لە هی پیاوان جیاواز بێت، چونکە دواتر چالاکی لێک جیایان دەکەوێتە ئەستۆ، ئازایەتی ئافرەت لە گوێڕایەڵی و ئازایەتی پیاویش لە فەرماندان دایە» (١٧) دەشێ گوناهی یەکەم (هەڵەی گەورە) سەرەتای ئەو مێژووە بێ، کە پیاو لە ئاستی کولتووردا و لەناو دەقە پیرۆزەکاندا، بە بیری فەلسەفی و بە فەلسەفەی ئیمانی یەکتاپەرستانە، (وەک من لێرە ناوی لێدەنێم) ئیمپراتۆریەتی ئاکار دادەمەزرێنێ. ئەو ئیمپراتۆریەتی ئاکارەی کە نابێ لەبیری بکەین. «سۆفستاییەکانی پێش زایین لەیۆنان و نیتشەی ئەڵمانی سەدەی نۆزدەیەم (١٨٤٤-١٩٠٠) وایان داناوە کە قانوونی ئاکار و بەهاکان دەستکردی دەست ڕۆیشتوو و زۆردارانن بۆ کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوە و سەرکوتکردن و ژێر دەستکردنی بێ دەسەڵات و نەداران» (١٨). تۆ بڵێی ئیمانی پیاو دەبوایە وا دەست پێبکا، ژنێک تاوانبار بکا؟ بۆ ژنێک نەبوو پیاوێک تاوانبار بکا؟ یاسای ئیمانی پاتریارکی بەم شێوەیە یاسای سروشتیشی شێواندووە: ژن لە پەراسووی پیاو دروست بووە. لێرە پرۆسەی گووراندن زۆر بەشێوەیەکی نالۆژیکانە دەشێوێ. ئافرەت لە چوارچێوەی پرۆسەی گووراندنی بە مرۆڤ بوون دەردەهێندرێ و دەبێتە بەشێکی ئۆرگانی لاوەکی لە لەشی پیاو. بەم پێیە فیورباخ ناحەقی نەبووە، کە دەڵێ: «ئایین جەوهەری منداڵێتی مرۆڤایەتییە» (١٩).

لەبەر ڕۆشنایی بەراوردکارانەی ئەم بۆچوونەدا دەتوانین بڵێین: ئەندێشەی منداڵ ئەندێشەیەکە زەمەنی واقیعی تێدەپەڕێنێ. بە ئامرازی لێکچواندن وێنای ڕاستییە سەرەتاییەکان دەکا. ئێمە دەشێ لە منداڵیماندا، بە ئەندێشەی بەریئانەی خۆمان، وێنای کەسایەتی یەزدانمان کردبێ بەشێوەی هەور... موساش لە (کتێبی پیرۆز)دا هەمیشە، کە باسی دەرکەوتنی شکۆی یەزدان دەکا، بە هەور و دوکەڵ و ئاگری دەچوێنێ. ئەمە لۆژیکی بیرکردنەوەی منداڵە، کە حەزی لە بیستنی چیرۆکە ئەفسانەییەکانیشە. منداڵ بەریئە لە ئاست واقیعدا، بەڵام ئەندێشەی پاتریارکی هەرگیز ئەم بەرائەتەی نییە. منداڵ سروشتی بیرکردنەوەی وای لێدەکا، ئەندێشەی بێ سنووری هەموو شتێک بکا، بەڵام بیرکردنەوەی عەقڵی پاتریارکی لەسەر بنەمای ئیمانێکی جەنگاوەری نابەریئانە دروست بووە. دەشێ گەورەکان وێنەی خوا، بە نادیارێکی بێ سنوور بچوێنن، عەقڵی پێگەیشتوو لە ڕێگەی گەشەکردنی ئیمانەوە، یا لە ڕێگەی کاریگەریی و درک پێکردنی کولتوورییەوە، وێنەی خەیاڵی یەزدان دەبینێ. منداڵ بەرلەوەی ئەم ئیمانەی هەبێ، لە ڕێگەی کاریگەری کولتوورییەوە (دەوروبەر، پەروەردە...) خوداوەند دەبینێ و دەیناسێ و ئیمانێکی ناڕۆشنی لە بەرانبەر گەورەیی و ترسی خوادا هەیە. ئەو هێشتا ناچێتە مزگەوت، تا لەوێوە ئاشنایەتییەکی ڕۆحی لەگەڵ خوادا پەیدا بکا و ئینجا لەسەر بنەمای ئەم پێوەندییە «ئیمانە» وێنای خوا بکا. لە هەموو حاڵەتەکاندا، کە منداڵ ناتوانێ بە بیرکردنەوەی لۆژیکی وێنای میتافیزیکا بکا، لەسەر بنەمای وێنە بەرهەستەکانی (یاخود دیاردە سادەکانی) واقیع، وێنای شێوەی نادیاری کەسایەتی خواوەند دەکا. دیارە فیورباخ مەبەستی لەو لایەنەی منداڵێتی ئایینە، کە ئەندێشەی نالۆژیکانە بەرهەم دەهێنێ. نالۆژیک بەو واتایەی، کە هیچ پێوەندییەکی بەحەقیقەتە بەرهەستەکانی واقیعەوە نییە و وێنای یاساکانی سروشت و گەردوونیش دەکا (بەر لەسەردەمی زانستی نوێ) بە ئەندێشەیەکی سادەی نالۆژیکانە.

**لە گێڕانەوەی چیرۆکی سەرەتای پەیدابوونی تۆرەمەی ئادەمیزاددا، زۆربەی هەرە زۆری کەسایەتییەکان پیاون**

**پیاو کاراکتەری سەرەکی سەر شانۆی ژیانە. خوداوەند تەنیا پشت بەوان دەبەستێ و ئەوان دەکاتە پەیامنێری خۆی**

لێرەوە لەسەر بنەمای خوێندنەوە و دیتنی مێژووی عەقڵێکی سادەی میتافیزیکی، فیۆرباخ ئەم بۆچوونەی خۆی هەڵدەهێنجێ.

به هەرحاڵ من دەمەوێ ئێستا ئەوەش بڵێم، کە دەقەکانی ناو کتێبی پیرۆز (بە هەردوو بەشەکەیەوە)، بە بیرو ئەندێشەی پیاوەکان نوسراون (موسا، یەشوع، سامۆئێل، مەتی...). ئەو کتێبەی کە من بە (مانیفێستی دەسەڵاتی پاتریارکی) وەسفم کرد... ئا لەم کتێبەدا و لە بەشی (سفری دروستبووندا)، لە گێڕانەوەی چیرۆکی سەرەتای پەیدابوونی تۆرەمەی ئادەمیزاددا، زۆربەی هەرە زۆری کەسایەتییەکان پیاون: ئادەم و قابیل و هابیل و لامەک و شیت و ئەنوشە و نوح و ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و لووت و... دەیان ناوی دیکە.. لێرە گێڕانەوەی ژیاننامەی مرۆڤ، گێڕانەوەی ژیاننامەی پیاوە. ئەو ناونیشانی پرۆسەی گوراندنە. ئەو گەوهەری دەستپێکردنی ژیانی مرۆڤایەتییە. ئەوان بەڕێکی باسی ساڵەکانی تەمەنیشیان دەکرێ: تەمەنە ئەفسانەییەکان. پیاو کاراکتەری سەرەکی سەر شانۆی ژیانە. خوداوەند تەنیا پشت بەوان دەبەستێ و ئەوان دەکاتە پەیامنێری خۆی؛ کەچی لەم مانیفێستی ئیمانی پاتریارکییەدا، ناوی ئەو ئافرەتانەی کە دێ لە چاو پیاوان، بە پەنجەی دەست دەژمێردرێ: (حەوا و عادەت و سیلەت و سارای و هاجەر و ڕفقەت و..). پێدەچێ ئەفسانەی تەمەنی پیاوەکان، ئەم ئەفسانەیەشی بە تەمەنی ژنەکان بەخشیبێ.

هەموو ئەوانەی، کە لە (ئادەم و حەوا) لەدایک دەبن و ناویان دێ و دیارن کوڕ (نێر)ن. ئێمە نازانین هاجەر و سارا و ژنەکان دایک و باوکیان کێیە و کچی کێن؟ بەم ڕەنگە کتێبی پیرۆز (سەردەمی کۆنی) پێڕستی ژیاننامەی شوناسی پیاوە. لێرەدا گوتاری پیاو لە چوارچێوەی ئیمانی یەکتاپەرستیدا، باسی بنەڕەتی بێ خەوشی مرۆڤانەی خۆی دەکا، بنەڕەتێک، کە پیرۆز و قارەمانە و ئەفسانە دایدەهێنێ. (ئادەم)ی بێ گوناه (پەروەردگار یەکەمجار پیاوی گووراندووە، دواتر بڕیار دەدا ئافرەتێکی بۆ بخوڵقێنێ) بە گوناهی ژنێک، (کە لە پەراسوویەکی ئەو گووراوە) هەڵدەخەڵەتێ. نووح ڕەچەڵەکی مرۆڤ لە قڕانی یەکجارەکی ڕزگار دەکا: (دەبێ بزانین بونیادی ئەفسانەیی لە مێژووی ژندا، وێران دەکرێ و ڕەت دەکرێتەوە)(٢٠). ئەبرام یەزدان بەڵێنی خاکی (کەنعان)ی پێدەدا، تا لەوێ ببێتە خاوەن نەتەوەیەکی مەزنی هەڵبژاردە (بەنی ئیسرائیل)، هەموو نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی بەرەکەتی ئیبراهیم و (بەنی ئیسرائیل)یان دەگاتێ. (سارە)ش لە سایەی باوکی دووەمی مرۆڤایەتیدا، دەبێتە میرژن. بێگومان ئێستا دەبێ (سارە) لە ئاست پایەی پیاوێکی وەک (ئیبراهیم)دابێ، یا بڵێین پایەی (سارە) بەرئەنجامی پایەی (ئیبراهیم)ە لە ڕووی پایەی کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە. خواوەند بە ئەبرام دەڵێ: «دەی ها من پەیمانت پێدەدەم دەبیتە باوکی زۆر لە نەتەوەکان. لەمەودوا ناویشت ئەبرام نییە (بە واتای باوکی پایەبەرز)، بەڵکو ناوت دەبێتە ئیبراهیم (واتە باوکی جەماوەر)، لەبەر ئەوەی من دەتکەمە باوکی جەماوەرێک لە نەتەوەکان... لە تۆدا پادشایەکان پەیدا دەبن.. بە تۆ و بە زورڕیەتت لەپاش خۆت موڵکی هەتاهەتایەی هەموو خاکی کەنعانتان پێدەبەخشم، کە تۆ غەوارە بووی لەوێدا و منیش دەبمە خودایان»(٢١). پەروەردگار بە ئیبراهیم دەڵێ: «بەڵام لە ئێستا بەدواوە بە سارای ژنت مەڵێ سارا، بەڵکو ناوی سارەیە (واتە میرژن). پیرۆزی دەکەم و کوڕێکی پێدەبەخشم. پیرۆزی دەکەم ودەیکەمە دایکی گەلان. لەودا پادشای نەتەوەکان پەیدادەبن...»(٢٢). لێرەدا کە سارا وەک ئیبراهیم لە تەمەنی پیری خۆیاندا، گومانیان لەم منداڵ بوونە هەیە، هەردووک پێکەنینیان بەم مزگێنییەی خوداوەند دێ و بڕوا ناکەن، کەچی خوداوەند (بەپێی دەقی تەورات) تەنیا لێپرسینەوە لەگەڵ سارە دەکا، کە پێکەنیوە. هەمیشە مژدەی منداڵ بەخشینیش، کە یەزدان بە پەیامبەرانی دەدا کوڕ (نێر)ن.(٢٣)

لەم ساتەوەختە پەرجووییانەدا، خوداوەند بەکچ بوون مژدە بە پەیامبەران نابەخشێ، بەڵکو ئەوان دەبێ لەناونیشانی ونبووی خۆیان بگەڕێن و شەرمەزاری هەڵەی گەورە لەبەرانبەر خوا و مرۆڤایەتیدا لەتەوێڵی خۆیان بسترێنەوە. دیسان لێرە سارە وەک حەوا جۆرە گوناهێک دەکا لە بەرانبەر پەروەردگاردا: ئەو پێکەنیوە. هەموو ئەو تاوانانە، تاوانی ئاکاریانەن (درۆ کردن، فریودان و فریوخواردن...) هەرچەندە (ئیبراهیم)یش پێکەنیوە، وەلێ پاشای ئاسمان سەرکۆنەی سارە دەکا. (تۆ بڵێی ئەم کەلەپوورە (نەریتە) هەمان ئەو کەلەپوورە

(نەریتـــە) نەبێ، کـــە هەتا ئەمـــڕۆش لە کـــۆمـــەڵگە تەقلیدییەکاندا پێکەنینی ژن شـتـێکی جـوان نیـیـە؟ پەروەردگـــــار نازناوی «باوکی پایەبەرز» و «باوکی جەماوەر» بە ئیبراهیم دەبەخشێ. ئەو دوو سیفەتی دەسەڵاتەی، کە لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا پیاو دەکاتە سەروەری بێ هاوتا. سارە ئەگەرچی «دایکی پاشاو نەتەوە»کانیش بێ، بەڵام ئەو لە ڕاست فەرمان و مزگێنی و بڕیاری پەروەردگاردا پێکەنیوە. بۆیە ئەو «ئیمانی هەژاوە لەمەڕ ئەو بەڵێنانەی خوا پێی داوە». ژن هەتا میریش بێ، بەڵام ژنی میر (پیاو)ی بەدەسەڵاتە. ئەو میرەی، کە «باوکی پایە بەرز» و «باوکی هەمـوو نەتەوەکانە». میرایەتی ژن لە ڕێگەی شوناسی پایەی پیاوەوە پێناسە دەکرێ و واتای ڕاستەقینەی خۆی هەیە. بێگومان ژن نابێتە میر (ڕەنگە زۆر بە دەگمەن نەبێ)، هەتا پیاوەکەی میر نەبێ. تەورات ئەو ڕاستییە ڕەهایەمان بە تەواوی پێدەڵێ...

**ژێدەر و پەراوێزەکان:**

١- التفسیر التطبیقي للکتاب المقدس. الخروج (٤، ٥). ص(١٣٩).

٢- ئێمە ئێستاش ئەم دەستەواژەیە بەکاردەهێنین. سیفەتی کوڕ و باوک گشتگیر دەکەین بەسەر نەتەوەیەک و گەلێک و کۆمەڵە مرۆییەکان. دەڵێین: فلان کوڕی باوکی خۆیەتی: هەر لەم دەستەواژە میللییە کۆمەڵایەتییەوە دەپەڕینەوە بۆ دەلالەت و مەبەستە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان، بۆ نموونە دەڵێین: سەرکردەی باوک، یا ئێمە کوڕی کۆمەڵگەیەکی وەها و وەهاین... موفارەقە سەیرەکە لێرەیە من خۆم لە یەکێک لە گوتارەکانمدا لە گۆڤاری گوڵان، ئەم دەستەواژەیەم بەکارهێنابوو: «کورد... لە بنەڕەتدا کوڕی مێژوویێکی دوورو درێژی بێ دەوڵەتە». دەشێ ئەم حاڵەتە حوکمێکی نەستیانە بێ، کە ویژدانی باوی پاتریارکی بەسەرمانیدا دەسەپێنێ.

بڕوانە: بەختیار محەمەد. لە پاش هەڵبژاردن. گۆڤاری گوڵان ل (٢٥، ٢٦) ژ(٥٢٩).

٣- کوردیش لەلای خۆیەوە وەک بەشێک لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری پاتریارکی، کە دەڵێ: «بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە» ئەم دەلالەتە مێژووییەی هەیە.

٤- شفیق مقار. الجنس في التوراة و سائر العهد القدیم. الکتاب الاول من الاله الام الی الاله الاب. ص(٢٧١).

٥- اتجاهات جدیدة في علم الاجتماع. تحریر: میشیل هارا لامبسون. وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: کۆمەڵێک وەرگێڕ. ص(٢٧٧). بغداد (٢٠٠١).

هەندێک جار پیاویش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەکوژرێ، بەڵام دەشێ ئەمە پێوەندی بە ئاکاری تۆڵەستاندنەوەوە هەبێ، نەک ئاکاری سێکس، کاتێک کەسوکاری ئافرەتەکە لە تۆڵە و بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئابڕووچوونەکە پیاوەکە دەکوژن، هەندێک جار لەلایەن کەسوکاری هەردوو لاشەوە کوشتنی ئافرەت و پیاوەکە، کۆتایی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکە دەهێنێ.

٦- من لێرە کە باسی پیاو دەکەم مەبەستم پیاوە وەک چینی باڵادەست و وەک ئایدیۆلۆژیای باڵادەست. ئێمە باس لە شوناسی دەسەڵاتی پیاو دەکەین، وەک ئەو شارستانیەتەی، کە ئیمانی باوکسالارانەی بەرهەم هێناوە. دەنا بە تەواوی ئاگامان لەچەوساندنەوەی ژن و پیاو هەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و نەتەوەییەوە، لەم جیهانە پڕ لە ستەم و بێدادەدا.

٧- التفسیر التطبیقي للکتاب المقدس. اللاویین (١١، ١٢)، ص(٢٣٦).

٨- دیتر تسمرلینغ. النهایات- الهوس القیامي الالفي. ترجمة: میشیل کیلو. ص(٣٨).

٩- هەمان ژێدەر ل(٣٩).

من دەزانم مرۆڤ بەبێ ئیمانی میتافیزیکی زەحمەتە هەڵبکا، بەڵام ئەم ئیمانە دەبێ تێرکەری واقیع بێ و خزمەتی کردەکی واقیعی مرۆڤایەتی بکا. ئیمان دەبێ بە یەکسانی ئیمانی ژن و پیاو بێ، نەک لە ڕێگەی دەسەڵاتەکانەوە ئیمان ببێتە پاداشتێک بۆ پیاو. ئایین (ئیمان) دەبێ لە پێناو ئاشتیدا بەکاربێ، نەک ئامرازێک بێ بۆ جەنگ و تۆقاندن. ئایین (ئیمان) ئەو ئامرازە ڕۆحییەیە، کە هەموو ساتەوەختێک مرۆڤ تێیدا هەست بە میهرەبانی ڕەهای خوای خۆی دەکا. ئیمان هێزە (دەبێ هێزبێ) بۆ خۆشەویستی و بۆ شکۆمەندکردنی ئازادانەی مرۆڤ. بەم شێوەیە ئیمان ئەبەدییە و دەمانبا بەرەو سەرکەوتنە ڕۆحییەکان و بەها دەبەخشێتە حەقیقەتی ژیان. ئیمان (ئیمانی عەقڵانی) ئەو ناوەرۆکەیە، کە مانا دەبەخشێتە ژیان. ئیمان بەر لە هەر شتێک زەمینەی خۆشەویستییە لەنێوان هەموو مرۆڤایەتیدا، کرداری خواپەرستیش دەبێ ئەم زەمینەیە بێ. ئەمە پەیامی خوای میهرەبانە بۆ مرۆڤایەتی. بەم پەیامەشەوە خوا دەیەوێ بچینە جەنگی شەیتانەکان. ئەو شەیتانانەی دەشێ بە

هەڵە خۆیان لە بەرگی خواپەرستیدا شاردبێتەوە. ئەو شەیتانانەی بە ناوی خواوە ستەم دەکەن وبەزمان و بیریش باس لە میهرەبانی ئەو دەکەن. ئیرادەی ڕەهای میهرەبانی خوا دەبێ بێتەوە سەر زەوی. ئیرادەی خوا تەنیا میهرەبانییە، هیچ توندوتیژی و شەڕانگێزییەک پەسەند ناکا. ئیمانی ڕاستەقینە پێمان دەڵێ، خوا تەنیا خۆشمانی دەوێ هەرگیز لێمان تووڕە نابێ؛ خوا لەو کەسانە تووڕەیە و پشتی ئێمە دەگرێ، کە تاوانی مەزن دەکەن. خوا لێبووردەیە، زۆر بە ئاسانی لە هەڵە شەخسییەکان دەبوورێ. خوا دژی عەشقی نێوان مرۆڤ نییە. دژی ئەوە نییە نێر و مێیەکان عەشقی یەک بن، چونکە ئەو ئەم یاسا سروشتییەی داناوە. خوا دژی هەموو ستەم و ئەشکەنجەیەکە، کە هەندێک جار بەناوی یاسای ئاکاری شەریعەتەکانەوە پەیڕەو دەکرێن. دەسا کە خوا ئیمانە، کە واتە خوا خۆشەویستییە. بەم ڕەنگە ئیمان یاسایەکی خۆشەویستییە و هیچ پێناسەیەکی دیکەی گەوهەری هەڵناگرێ.

١٠- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس. التكوين (٢٤). ص(٦٢).

١١- ئەم ڕەهەندە ماددییە ئەخلاقییە، لەناو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکە، بە تەواوی لە یاسای ژن هێنانی کۆمەڵگەی ئێمەدا بەدیاردەکەوێ. ئافرەت لەدەرەوەی پاکیزەییدا نابێتە هاوسەر و نرخێکی کۆمەڵایەتی و ماددیی ئەوتۆی نییە.

١٢،١٣- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، اللاويين (٢٠، ٢١)، ص(٢٥٣، ٢٥٤).

١٤- ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام. جۆن لۆک و ئافرەت- تێڕوانینێک لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی وەرگێڕانی: ئەژین عەبدولخالق. چاپی یەکەم (٢٠٠٤)، ل(٨٥).

جۆن لۆک باوەڕی وایە، کە «ئافرەت لە دەرەوەی خێزاندا هیچ ڕۆڵێکی نییە، نە لەنێو بواری سیاسی، نە ڕۆشنبیری، نە کۆمەلایەتی، بەڵکو دەبێت مێرد بکات، ئەوەش چارەنووسی سروشتی هەموو ئافرەتێکە»، بڕوانە هەمان ژێدەر ل(٥٩).

١٧- مەنوچێهر موحسنی. کۆمەڵناسی گشتی- مێژووی سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی. و: موسڵح ئیروانی. بەرگی یەکەم ل(٨٦).

١٨- د. حەمید عەزیز. بنەڕەتەکانی فەلسەفە. ل(٧٣).

١٩- هەمان ژێدەر ل(٤٢).

٢٠- بەم ڕەنگە ژن لە مێژووی دووبارە بنیادنانەوەی میتۆلۆژیا بێبەش دەکرێ. لێرە ژن لە کوێیە؟ لەم جیهانە ئەفسانەییەدا، کە یا ڕزگار دەبێ، یا بە یەکجاری وێران دەبێ. ژن لەکوێیە؟. کە ئێستا ئەو دەبێ سزای بەهای نزمی ئاکاری خۆی وەربگرێ و بۆ خواو جیهانی بسەلمێنێ، کە پاکیزەیە. چۆن قەرەبووی تاوانی حەوا دەکرێتەوە؟ ئایا مێژووی هەموو پاکیزەیی بەشی ئەوە دەکا، کە تاوانی ئەزەلی حەوا بسڕێتەوە؟ ژنەکان لێرەوە تاوانبارن، کە ئازاد نین، ژنەکان لێرەوە تاوانبارن، کە لە جەنگی ئیماندا دۆڕاندیان. پیاو ئەم شانازییە لە مێژوودا باس دەکا. ژن هەتاهەتایێ ئەو نازناوەی دۆڕاند، کە پێی بڵێن «پاڵەوانی ئیمان». ئەو مێژووی گومانێکی ئەخلاقی لەسەرە. ئەو تا ئێستا خۆی پاک دەکاتەوە لەپێناو نەهێشتنی ئەم گومانەدا. ژن هەمیشە پاکانە دەکا لەبەردەم کۆمەڵگەدا؛ پاکانە بۆ سزا نەدانی هەمیشەیی. ئەو نازانێ ئیمانی ڕیاکارانەی پیاو ئەخلاقیانە چەند چاوچنۆکە. ئەو نازانێ پیاو تاوانی بەدڕەوشتی خۆی دادەپۆشێ، بەتاوانبارکردنی ئەخلاقیانەی ژن. ئەو نازانێ لە ئیمانەوە دۆڕا، کەواتە ئەخلاقیانەش دۆڕا. ئەو نازانێ کە موڵکی جیهانی دۆڕاند، کەواتە خۆشی دۆڕاند، ئەو نازانێ ئەم جەنگە موقەدەسە لە دژی ئەو بەرپاکرا؛ جەنگی موقەدەسی ئیمان و خواپەرستی، ژن نەیزانی، کە ڕیاکارییەکی ئەخلاقیانە لەناو ئیماندا هەیە، ئەو بەرەو دۆزەخ دەبا. دۆزەخێک، کە لێرەوە دەست پێدەکا تا ڕۆژی قیامەت. دۆزەخێک، کە لە بەهەشتەوە دەست پێدەکا بەرەو دۆزەخ و بەدنیای فانی پڕ لە گومانی ئەخلاقیدا ڕەت دەبێ. ئەو نەیزانی بەفیعلی چارەنووسی هەموو مرۆڤایەتی ڕەش دەکا. ئازارەکانی ئەو دەبنە ئازارەکانی هەموو مرۆڤایەتی. گریانی ئەو، گریانی هەموو مرۆڤایەتی و دۆڕاندنی بەهای مرۆیی پیاویشە. شکستی ئەو، شکستی دیموکراسییەت و بەختەوەری هەموو مرۆڤایەتییە. ئەو ئەو گوناهە گەورەیەی کرد، کە لە مێژوودا لە بەرانبەر پیاودا دۆڕاندی و هێشتی ڕەمزەکانی عەشقی نێر (پیاو) سەرکەون بەسەر ڕەمزەکانی عەشقی مێ (ژن)دا. لێرەوە لە کولتووری پاتریارکیدا پیاو سادییە و ژن ماسۆشییە. ئەمە وەک یاسای سروشتی ئەزەلی فیکری پاتریارکیی بڵاوی دەکاتەوە، ڕاستییەکەی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کولتووری ئەوەندە هەزار ساڵەی پاتریارکی، کە بە پەرەستاندنی بیر و ئایین و فەلسەفە دەوڵەمەندە، کارێکی وەها ئاسان نییە. دەشێ یاسا کولتوورییەکانی ئەم سیستەمە، لە عەقڵی نەوەکانی مرۆییدا، وەک یاسای سروشتی و نەگۆڕیان لێ هاتبێ. لێرەوە ڕەگەزی ئەفسانە بونیادی مێژووی ئەم سیستەمەیە.

٢١،٢٢- التفسير التطبيقي للكتاب المقدس. التكوين (١٦، ١٧)، ص(٤٤، ٤٦).

٢٣- دەشێ بڵێم: تەورات نووسینەوەی ئەو مێژووەیە، کە ژن هەموو شتێکی دۆڕاندووە. بونیادی ئەم کتێبە پێمان دەڵێ، کە ژن ناچارکراوە دان بە سەرکەوتنی ئیرادەی پیاو بنێ و ئەویش بە خۆی ملکەچی ئیمان و ئەخلاقیەتی ئەم سەرکەوتنە بێ.

# له میتافیزیکی ئاکارەوە بۆ ڕەخنەکردنی ژیری بێگەردی پراکتیکییانە

**ئیمانوییل کانت**
**له ئەڵەمانیەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)**

**چەمکی ئازادی کلیلی**
**ڕوونکردنەوەی سەربەخۆیی خواستە**

خواست جۆرێکە لە هۆیەکیی جەوهەرە ژیرەکان، بەو پێیەی ئەوان بوونەوەری ژیرن، ئازادیش خەسڵەتی جیاکەرەوەی ئەو هۆیەکییەیە، چونکە ئەو دەتوانێ سەربەخۆ لەو هۆکارە بیانییانەی سنووردار و دەستنیشانی دەکەن، کاریگەر و دەست بەکاربێت.

هەروەک چۆن ناچاریی سروشتیی خەسڵەتی جیاکەرەوەی هۆیەکیی هەموو جەوهەرە ناژیرەکانە، ئاوەها بەهۆی کارتێکردنی هۆکارە بیانییەکانەوە چالاکی و دەستبەکارییەکەی دەستنیشان دەکرێت.

ئەو لێکدانەوەیەی ئازادی کە پێشکەشمان کرد نالەبار (نێگەتیڤ)ە هەربۆیە بۆ تێگەیشتنی پوختە و جەوهەرەکەی بێ بەرە، بەڵام هەر لە خۆیەوە چەمکێکی لەبار (پۆزەتیڤ) دەکەوێتەوە کە زۆر تێر و تەسەل و بەپێزترە، لەبەر ئەوەی چەمکی هۆیەکیی بۆچوونی قانوونی تێدایە کە دەڵێ: بەهۆی شتێکەوە کە هۆکاری ناو دەنێین، ناچارەکی شتێکی تر کە ئەنجام ناودەبرێ بکەوێتەوە، ئەوا ئازادی، ئەگەرچی، ئەوەی ڕاست بێ، بەپێی قانوونە سروشتییەکان خەسڵەتێکی خواست نییە، ناکرێ، لەبەر ئەم هۆیە، بێ قانوون بێت، بەڵکو پێویستە پتر هۆیەکیی بێت بەپێی چەند قانوونێکی نەگۆڕاو، بەڵام لە جۆرێکی تایبەتیدا. ئەگینا خواستێکی ئازاد شتێکی بێ مانا دەبوو(١). ناچارەکیی سروشتی ناتەباییەکی هۆکارە کارکردەکانە، چونکە هەموو ئەنجامێک تەنیا بەپێی ئەم قانوونە کە دەڵێ، شتێکی تر هۆیەک لە هۆکاری کارکردەدا دەستنیشان دەکات گونجاو و شیاوەکیی بووە.

کەوابوو ئەگەر ئازادی خواست سەربەخۆیی Auto-nomie نەبێ دەبێ چی بێت؟ واتە خەسڵەتی خواست کە دەبێتە مایەی ئەوەی قانوون بێت؟ بەڵام، کەواتا ئەم ڕستەیە:

خواست لە هەموو کردارەکانیدا قانوونێکە ئەو بنچینەیە نیشان دەدات کە دەڵێ، دەبێ تەنیا بەپێی ئەو ڕێوشوێنە کردار بکەیت کە دەکرێ خۆی وەک قانوونێکی گشتی بابەتی خۆی بێت.

ئەمە، ئیتر چوارچێوەی فرمانی ڕەهای ئاکاری و بنچینەی ئاکارێتییە: بۆیە خواستی ئازاد و خواستێکی ملکەچ و گوێڕایەڵی قانوونە ئاکارییەکە هەریەک شتە.

ئەگەر گریمانەی خواستی ئازاد بکرێت، ئەوا تەنیا ئەوەندە بەسە چەمکەکەی توێ توێ بکەین بۆ ئەوەی ئاکارێتی و ئەو بنچینەیەی پێوەی بەندە دەستگیر بێ و

بکەونەوە. ئەوەی دوایی هەمیشە ڕستەیەکی لێکدراوە: خـواسـتـێکی ئازاد بەبێ چەند و چۆن ئەوەیە، کـە ڕێوشـوێنەکـەی هەمـیـشـە دەتوانرێ لە خـۆیدا وەک قـانوونێکی گـشـتی سـەرنج بدرێت، ئینجا بەهۆی توێ توێ کـردنی چەمکی خـواستـێکی ڕەهای چاکـەخوازەوە هەرگـیـز ناکرێت خەسـڵەتی ڕێوشوێنەکە بدۆزرێتەوە و بەدەست بێت. ئەم جۆرە ڕستە لێکدراوانە تەنیـا بووەدا هەبوو دەبن ئەگـەر دوو جـۆرە زانین بەهۆی زانینێکی سێیەمەوە بەیەکەوە ببەسترێنەوە و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بتـوانێ تێیدا بەوی تر بگات. چەمکی لەباری ئازادی ئەم سێـیـەمـە دابین دەکـات کـە ناتوانێ، وەک لەهۆکارە فیزیکییەکاندا وایە، ببێ بە سروشتی جیهانی هەسـتـەکان (کـە لە چەمکەکەیدا چەمکی شـتـێک هەیە وەک هۆکارە و کە پێوەندی بە شتێکی ترەوە وەک ئەنجام هەیە)، بەڵام ئایا ئەم سێـیـەمـینە کـە ئازادی بۆ لای دەستمانی ڕاکێشاو کە لە بارەیەوە پێشیانە بیرۆکێکمان هەیە،دەبێ چ بێت، ناکـرێ دەسـتـوبرد لێرەدا نیـشـانی بدەین، هەروەها ناتوانین ڕوونی بکەینەوە چۆن چەمکی ئازادی لەژێر (ئەقڵ)ی بێگەردی پراکـتـیکـیـیـەوە دەکەوێتەوە و چۆن لەم ڕێگایەوە فرمانی ڕەهای ئاکارەکی شیاوەکی و گونجاو دەبێت، ئەمانە هەموویان پێویستیان بە چەند ئامادەکردنێک هەیە.

## پێویستە ئازادی بەخەسڵەتی خواستی هەموو جەوهەرێکی ژیر دابنرێت

تەنیا هەر ئەوەندە بەس نییە، جا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ئازادی بە خـواست بدەین، ئەگـەر بێـتـو هۆیەکی بەسبوو گونجاومان نەبێت وامان لێ بکات هەمان شت بە هەمـوو جـەوهەرە ژیرەکان بدەین، لەبەر ئەوەی ئـاکـارێتی وەک قانوون بۆ ئێمە کە جەوهەری ژیرین دەگونجێ، دەبێ ئەو بۆ هەمـوو جـەوهەرێکی ژیر بگونجێ، لەبەر ئەوەی دەبێ ئەو تەنیا لە خەسڵەتی ئازادییەوە بکەوێتەوە، ئەوا پێـویسـتـە ئازادی وەک خـەسـڵـەتی خـواسـتی هەمـوو جەوهەرێکی ژیر ساخ بکرێتەوە، هەروەها بەس نییە ئەمە پشت ئەسـتـوور بە ئەزمـوون و شارەزایی لاف لێدراوی سروشتی مرۆڤ پیادە بکرێت (ئەمە بەبێ سێ و دوو لێ کـردن لە کـردن نایەت و تـەنیـا بە ڕێگایەکی پێـشـیـانە دەکـرێ سـاخ بکرێـتـەوە) بەڵکو پێـویسـتـە ئەو سـاخ بکرێتەوە کە سەر بە چوست و چالاکی جەوهەرێکی ژیری لە خـواست بەهرەمـەندە، ئێـسـتـا کـە من دەڵێم: هەر جەوهەرێک کە تەنیا هەر بەپێی بیرۆکەی ئازادی کار و کـردار بکات ئەوا لە بۆچوون و ڕوانگەی پراکـتـیکـیـیـەوە بەڕاسـتـی ئازادە، واتە هەمـوو ئەو قـانوونانەی بەبێ کەلەبەر توندو تۆڵ بە ئازادییەوە بەستراونەتەوە ئەویش دەگرنەوە. بەو ڕادە و پلەیە هەروەک خواستەکەی لەخۆیدا و لەفـەلسـەفـەی تیـۆریدا دان بە ئازادییـەکـەدا نراوە. ئێستاکە من لاف لێدەدەم و دەڵێم:

هەموو جەوهەرێکی ژیر کە خاوەن خواست بێت دەبێ و پێویستە بیرۆکەی ئازادی پێ ببەخشرێت، ئەو بیرۆکەی تاکە هۆ و مـایەی کـردارەکانێتی. ئێمە لەو جەوهەرەدا ژیرێکی پراکـتـیک بە بیـرمـاندا دێت، واتە ژیرێک بە لەبەرچاوگرتنی بابەتەکانی هۆیەکی هەیە، بەڵام ناکرێ و ناشێ بەهیچ جـۆرێک ژیرێک بەبیـردا بێت کە ئەوپەڕی هوشیـارە لە بڕیار و حوکمدانیـدا لە دەرەوەیدا ئاراسـتـە بکرێت، چونکە ئەو کـاتە خۆ دەستنیـشـانکردنی توانای بڕیار و حـوکـمـدان دەداتە پاڵ هۆکـارێکی دەرەکی نەک ژیرەکی. پێـویسـتـە ژیر، سـەربەخـۆ لە هەمـوو کـارتێکردنێکی بیـانی، خـۆی خـاوەن و سـەرچاوەی بنچینەکانی دابنێ، هەروەها بەم پێیە پێویستە لەسەری وەک ژیرێکی پراکـتـیـکی یاخـود وەک خـواسـتی جـەوهەرێکی ژیر خـۆی لەخـۆیدا ئازاد بێـتـە بەرچاو: خواستی بوونەوەری ژیر تەنیا بە پێوانەی بیرۆکەی ئازادی دەکرێ خـواسـتـێکی خـۆیی بێت، بەم پێـیە پێـویسـتـە لەسـەرمان ئەم خـواستـە، لە ڕوانگەی پراکتیکییـەوە بە هەموو جەوهەرێکی ژیر بدەین.

## لە بارەی ئەو سوود و قازانجەی لە بیرۆکەکانی ئاکارەوە دەکەوێتەوە

ئێـمـە، دواجـار چەمکی دەسـتنیـشـانکاری ئـاکـارمـان بردەوە سـەر بیـرۆکـەی ئازادی، بەڵام لە تواناماندا نەبوو ساخی بکەینەوە کە ئەم ئازادییە وەک شتێکی ڕاستەقینە لە ئێـمـە خـۆمـاندا و لە سروشـتی مـرۆڤدا هەیە، تـەنیـا ئەوەمان دیت کە پێویستە لەسەرمان گریمانەی بوونەکەی بکـەین ئەگـەر بمانەوێ جـەوهەرێک وەک ژیر و ئاقڵ و هوشـیـار دەربارەی هۆیەکـیـیـەتیـەکـەی سـەبارەت بە کـردارەکـان، واتە بەهرەدار لە خواست، بەبیـری خـۆمـاندا

بهێنین، بەم پێیە دەبینین لەبەر هەمان هۆ پێویستە ئێمە هەمان خەسڵەت بە هەموو جەوهەرێکی لەژێر و خواست بەهرەمەند ببەخشین، کە لەژێر کارتێکردنی بیرۆکەی ئازیدا خۆی بۆ کردار دەستنیشان دەکات.

هەروەها لە گریمانەی ئەم بیرۆکەیەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە بەپێی هەستکردن بە قانوون کردار بکرێت و بنەما خۆییەکانی کردار، واتە رێوشوێنەکان، دەبێ هەمیشە وا دابنرێن کە بابەتین، واتە، وەک چەند بنچینەیەکی گشتی سەرتاپاگیر دەستبەکاربن و وەک قانوون دارشتنێکی گشتی سەرتاپاگیر کە لە ئێمەوە دەکەوێتەوە گونجاو بێت، بەڵام بۆچی دەبێ من وەک جەوهەرێکی ژێر و کەسانی تری لە ژێر بەهرەمەند ملکەچی ئەم بنچینەیە ببین؟.

دەبێ من لێرەدا دانیپێدا بنێم کە هیچ سوود و قازانجێکی هانی ئەمەم نادات، ئەگەر وابایە نەدەکرا هیچ فرمانێکی رەهای ئاکاریی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا پێویستە ناچارەکی ئەم سوود و قازانجەی تێیدا ببینم و تەماشا بکەم چۆن ئەمە دەکەوێتەوە، ئەم – پێویستە لەسەرم– ئەوی راست بێ جۆرە «خواستن»ێکە کە دەبێ بۆ هەموو جەوهەرێکی ژێر دەست بدات و بگونجێ بەو مەرجەی ژێر لەلای ئەو بەبێ کۆسپ و تەگەرە پراکتیکی بێت، سەبارەت بەو جەوهەرانەی کە وەک ئێمە بەهۆی هەستەوە وەک جۆرێکی تری هۆکاری پاڵنەر کاریان تێدەکرێت، بەڵام ئەو شتە روونادات کە ژێر لەخۆیدا بە تەنیا دەیەوێ بیکات، ناچارییەکەی کردار تەنیا بە «پێویستە» ناودەبرێت و ناچارەکی خۆیەتی لە بابەتییەکە جیا دەکرێتەوە.

وا دێتە بەرچاو، هەروەک ئەوەی ئێمە لە بیرۆکەی ئازادیدا بوونی قانونی ئاکاریمان بە تایبەتی گریمانە کردبێ، واتە بنچینەی ئازادیی خواست خۆی بەبێ ئەوەی بتوانین راستەقینەییەکەی (ریالیستییەکەی) و ناچارییە بابەتییەکەی لە خۆیدا ساخ بکەینەوە و لەوێ دەکرا شتێکی بایەخدار و بەرچاو بەدەست بهێنین ئەگەر بەلای کەمەوە بنچینە راست و رەسەنەکەمان باشتر لەوەی، پێشتر کردمان دیار و دەستنیشان بکردبایە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سەبارەت بە گونجان و دەستبەکاریی و ناچارەکی پراکتیکییانە کە دەبێ مرۆڤ ملکەچی بێت، زۆر بەرەوپێش نەدەچووین. ئەگەر یەکێک لێمان بپرسێ:

بۆچی دەبێ سەرتاپاگیریی دەستبەکاربوونی ئەم رێوشوێنەمان وەک قانوونێک ببێ بە مەرجی دەستنیشانکردنی کردارەکانمان و بۆ بەگرنگ و بایەخدار دانانی ئەم جۆرە کردارانە پشت بە چ بنەمایەک دەبەستین، ئەو بایەخەی کە دەبێ ئەوەندە گەورە بێت، نەکرێ لە هیچ جێگایەکی تردا سوود و قازانجێکی لەو بالاتر و پتری هەبێت، ئینجا چۆن بۆ مرۆڤ هەڵکەوتووە کە بەم رێگایە هەست بە بایەخی کەسایەتی خۆی بکات و بۆچی هیچ رەوشێکی لەبار و دڵگیر یاخود نالەبار و ناحەز لە چاویدا بە هیچ دادەنرێت، لەبارەی ئەم پرسیارانە وەڵامێکی تێروتەسەل و پڕ بە پێستیان شک نابەین.

**پێویستە پابەند و ملکەچی چەند قانوونێک بین بۆ ئەوەی لەخۆماندا بەهایەک بدۆزینەوە**

راستە ئێمە دەتوانین لە خەسڵەتی تایبەتی کەسێکدا جۆرە کەڵکێک ببینین کە بۆ رەوشی ئێمە هیچ سوودێکی نەبێ، تەنانەت ئەگەر ئەم خەسڵەتە ببێتە مایەی ئەوەی بتوانین لەو رەوشەی دواییدا بەشدار ببین ئەگەر بۆ ژێر هەڵکەوت پێویست بێت دابەشی بکات و بیکات بە بەشی ئێمە، واتە مرۆڤ شایستەی ئەوەبێ بەختەوەربێ لەخۆیدا بە کەڵکە ئەگەرچی تاکە هۆکارێکی بزوێنەر بۆ بەشداربوون لەم بەختەوەرییەدا لە ئارادا نەبێ، بەڵام ئەم بریار و حوکمە، ئەوی راست بێت، تەنیا ئەنجامێکە لەو بایەخە دەکەوێتەوە کە ئێمە لە قانوونەکانی ئاکاردا بەگریمانە دامانانا (کاتێک ئێمە بەهۆی بیرۆکەی ئازادی خۆمانمان لە هەموو سوود و قازانجێکی ئەزموونی دەرباز دەکەین)، بەڵام رزگاربوونمان لەم سوود و قازانجە واتە خۆ دانانمان بە ئازاد لە کردارماندا و لەگەڵ ئەمەدا پێویستە پابەند و ملکەچی چەند قانوونێک بین بۆ ئەوەی لەخۆماندا بەهایەک بدۆزینەوە قەرەبووی ئەو زیانەمان بۆ بکاتەوە کە بە هۆی ئەو بایەخەی رەوشەکەمان بەدەستی هێناوە، لێمان کەوتووە، ئەمە چۆن شیاوەکییە و لە کردن دێت و ئینجا پابەندی قانوونی ئاکاریی لەکوێوە هاتووە، هەموو ئەم بابەتانە ناتوانین لەسەر ئەم رێگایە روونیان

بکەینەوە.

دەبێ بە ڕاشکاویی پێی لێ بنرێت، کە ئێمە لێرەدا جۆرە جوغز و بازنەیەکی بێ سەروبەر بەدی دەکەین، هەروەک دەربازبوون لێی لە کردن نەیەت! وای دادەنێین ئێمە لەسیستەم و چوارچێوەی هۆکارە کارکردەکاندا ئازادین، بۆ ئەوەی وا بەبیرماندا بێت کە ئێمە لە سیستەمی ئامانجەکاندا پابەند و ملکەچی قانوونەکانی ئاکارین، بۆ ئەوەی لە دواییدا وای دابنێین کە ئێمە ملکەچی ئەم قانوونەین، چونکە ئێمە ئازادی خواستمان بەخۆمان داوە، ئازادی و قانوون دانان کە خواست هەردووکیان بەخۆی دەدات، هەردووکیان جۆرێکی لە سەربەخۆیی، ئەوان دوو چەمکی دەکرێ هەریەکەیان جێگای ئەوی تر بگرێتەوە، ئەمەش ئەو هۆکارەیە وامان لێدەکات نەتوانین بۆ لێکدانەوەی ئەوی تریان پشت بە یەکێکیان ببەستین و ئەو بنەمایە دەرخەین کە لەسەری بنیات نراوە، تەنیا ئەوپەڕەکەی، ئەوی لەدەستمان دێت لە ڕوانگەی مەنتیقەوە ئەوەیە چەند بۆچوونێکی لە ڕوخساردا جیاوازی بابەتێک بهێنینەوە سەر یەک بۆچوون (هەروەک چۆن چەند گوتەیەکی جیاوازی ناوەرۆک وەک یەک ببرێنەوە سەر بچووکترین چەمکی دەربڕین).

ئەوە ماوەتەوە بەلێکۆڵینەوە ڕوونی بکەینەوە، ئایا ئێمە، کە خۆمان بەهۆی ئازادییەوە وەک چەند هۆکارێکی کاریگەری پێشیانە بەبیردا دێت، بە جۆرێک تەماشای شت ناکەین کە لەو ڕوانگەیە جیایە ئەگەر بێتو خۆمانمان، بەپێی کردارەکانمان، وەک چەند ئەنجامێک کە لەبەرچاومان، بەبیردابێت؟!

تێبینییەک هەیە دەربڕینەکەی پێویست بە بیرکردنەوەی ورد ناکات، بەڵکو دەکرێ وا دابنرێ کە تێگەیشتنی ناوکۆیی گشتی دەتوانێ، ئەگەرچی ئەمە بەپێی جۆری خۆی بەخۆی توانای بڕیاردان جیاوازییەکی تاریک و تەمومژاوی دەبێ کە ئەو بەسۆزی دادەنێ، بیکات:

هەموو بۆچوونەکانی کە هەڕەمەکی لەلامان پەیدا دەبن (وەک ئەوانەی هی هەستەکانن) تەنیا بەو جۆرەی کارمان تێدەکەن بابەتەکانمان پێدەناسێنن، بەڵام خۆیان لەخۆیاندا چین، بەنەناسراوی و نەزانراوی لەلامان دەمێننەوە، ئیتر لەمەوەو لێرەوە، ئەوی پەیوەندی بەم جۆرە بۆچوونانەوە هەیە، سەرەڕای ئەو ئاگادارکردنەوە ورد

**ئێمە لە سیستەمی ئامانجەکاندا پابەند و ملکەچی قانوونەکانی ئاکارین**

و ئەو ڕوون و ڕەوانکردنەی تێگەیشتن دەیخاتە سەریان، ئەوا ئێمە بەهۆیانەوە دەتوانین تەنیا ڕوخسار و دیاردەکان بزانین، بەڵام هیچ کاتێک ناتوانین شتەکان بۆ خۆیان لەخۆیاندا بزانین، هەر لەگەڵ ئەم جیاوازی کردنەدا (لەپێناوی ئەمەدا تەنیا ئەوەندە بەسە جیاوازی نێوان ئەو بۆچوونانەی پێشتر هەستمان پێکرد و کە لە دەرەوە بۆمان پەیدا دەبن و کە ئێمە تێیاندا دەوری وەرگرتنمان هەیە، لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی خۆمان لە خۆماندا دروستیان دەکەین و تێیاندا کاریگەرین، بهێنینەوە بیر خۆمان) ئەوا لێیەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە پێویستە لەسەرمان، بەم پێیە، دان بە بوونی شتێکی تردا بنێین لە پشت دیاردەکانەوەیە و دیاردە نییە، واتە شتەکان لە خۆیاندا، ئەگەرچی ئێمە بە سادەیی خۆمان بێنینەوە و دانی پێیدا بنێین کە چونکە هیچ کاتێک ناتوانرێ ئەمانە لەلایەن ئێمەوە بزانرێن، لەوە بەولاوە چۆن ئەوان کار لە ئێمە دەکەن، ناتوانین پتر لێیان نزیک ببینەوە، ئەوان لەخۆیاندا چین هیچ کاتێک ناتوانین بیانزانین، دەبێ لەمەوە جیاوازییەک، ئەگەرچی ساکار و کاڵ و کرچیش بێت لەنێوان جیهانێکی هەستەکان و جیهانی ژیر بکەوێتەوە، ئیتر بۆمان دەردەکەوێ کە جیهانی یەکەم دەکرێ بەپێی جیاوازیی هەستی جیهان دیدان جیاواز بێت، کەچی دووەمیان کە جیهانی دووەم پێوەی بەندە، هەمیشە وەک خۆیەتی و ناگۆڕێ. تەنانەت مرۆڤ، بەپێی ئەو زانینەی بە هەستە ناوەکییەکانەوە لە بارەی خۆییەوە دەستگیری دەبێ ناتوانێ لاف لێ بدات بزانێ خۆی لەخۆیدا چۆنە. ئەگەر مرۆڤ بۆ خۆی خۆی دروست نەکات و ئەو چەمک و بۆچوونەی هەیەتی نەک پێشیانە بەڵکو ئەزموونییانە بیزانێ، ئەوا شتێکی سروشتییە زانینەکەی لە بارەی خۆیەوە بە هەستی ناوەکی و ئینجا لە ڕوخساری سروشتی خۆیەوە، بەو جۆرەی هەستی کاری تێدەکرێ و دەورووژێ بە دەست بهێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە بەشێوەیەکی ناچاریی دانی پیادا بنێ، لە پشت ئەو خەسڵەتە تایبەتییەی خودی خۆی کە لە چەندین ڕوخساری ڕووت پێک دێت، شتێکی تر هەیە وەک

**بیرۆکەی ئازادیی من دەکات بە ئەندام لە جیهانێکی ماقوولدا**

بنەمایە واتە «من»ەکەی ئیتر سروشتەکەی لەخۆیدا هەرچی چۆنێک بێت، بەم پێویستە لەسەری، لەو لایەنەدا کە پەیوەندی بە تێبینی کردن و هەست و وەرگرتنی پەیامی هەستەکانەوە هەیە خۆی سەر بە جیهانی هەستەکان دابنێ و لەو لایەنەدا کە پەیوەندی بەوەوە هەیە چالاکی و کارکردنی بێگەردە تێیدا (سەبارەت بەوەی دەگاتە هۆشی نەک بە هۆی کارتێکردنی هەستەکانەوە بەڵکو ڕاستەوخۆ) خۆی سەر بە جیهانی ژیر و ئەقڵ دابنێ، ئەوەی کە لەمە دوورتر و پتر نایزانێ.

دەبێ مرۆڤی ورد بووەوە لە هەموو ئەو شتانەی تووشیان دەبێ هەر بەم ئەنجامە بگات، بگرە، ڕێی تێدەچێت ئەمە خۆی لە تێگەیشتنی ناوکۆییشدا دەرکەوێ کە وەک زانراوە، ئەم تێگەیشتنە ئارەزوو دەکات لەپشت بابەتەکانی هەستەوە شتێکی نادیاری لەخۆدا چوست و چالاک چاوەڕێ بکات، ئەگەرچی جارێکی تر بەوە ئەمە دەشێوێنێ کە دەیکاتەوە بە بابەتی هەست واتە دەیەوێ جارێکی تر بیکاتەوە بە کەرەسە و بابەتی سەرنجدان و دیتن.

ئەوی ڕاست بێ، مرۆڤ لەخۆیدا توانا و هێزێک دەبینێ کە لە هەموو شتێکی تر و بگرە تەنانەت لەخودی خۆی، کاتێک بابەتەکان کاری تێدەکەن، جیای دەکاتەوە، ئەمەش ژیر (ئەقڵ)ە. ئەمە وەک چالاکییەکی خودی خۆی بێگەرد لەمەدا لە سەروو ئاستی تێگەیشتنەوەیە، ئەگەرچی ئەمە خۆی چالاکییەکی خودی خۆیەتی و وەک هەستەکان نییە تەنیا لە چەند بۆچوونێکی ڕووت پێک هاتبێ کە کاتێک مرۆڤ لەلایەن بابەتەکانەوە کاری تێدەکرێ (وەک تۆمارکەر) دەکەونەوە، ئەم تێگەیشتنە، لەگەڵ ئەمەدا، بەم چالاکییە ناتوانێ لەو چەمک و کاتیگورییانە بەولاوە دابڕێژێ کە بەهۆیانە بۆی دەکرێ بۆچوونە هەستییەکان لە چوارچێوەی چەند ڕێوشوێنێکدا کۆبکاتەوە و بەم ڕێیە لەهۆشدا یەکیان پێ بگرێت. بەبێ بەکارهێنانی هەست ناتوانێ بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە، کەچی ژیر بەناوی چەند بیرۆکەیەکەوە، لەخۆیەوە چالاکییەکی تایبەتی خۆی نیشان دەدات بەهۆیە زۆر دوورتر لەوەی هەست بیداتە دەست هەنگاو دەنێ و چالاکییە سەرەکییەکەی خۆی لەوەدا ساخ دەکاتەوە کە جیهانی هەست و جیهانی ژیر لە یەکتری جیا بکاتەوە و بەمەش ئەو سنوورانە کە نابێ تێگەیشتن بیانبەزێنێ، دەستنیشان دەکات، لەبەر ئەم هۆیە پێویستە جەوهەری ژیر، خۆی وەک ژیرێک (واتە نەک لەلایەنی هێز و توانا نزمەکانییەوە) نەک سەر بە جیهانی هەست بەڵکو سەر بە جیهانی ژیر، ببینێ، بەم پێیە ئەو دوو ڕوانگەی دەبێ، دەتوانێ لێیانەوە سەرنجی خۆی بدات و قانوونەکانی بەکاربردنی هێز و توانای و ئینجا هەموو کردارەکانی بزانێ. ئەو لەلایەکەوە، جارێکیان سەر بەجیهانی هەستە و ملکەچی قانوونەکانی سروشتە (ناتەبایی) و دووەمین، لەلایەکی ترەوە سەر بە جیهانی ژیرە پابەند و ملکەچی چەند قانوونێکە، سەربەخۆن لە سروشت و ئەزموونی نین، بەڵکو لەژێر خۆیەوە پەیدابوون.

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ژیر کە سەر بە جیهانی ژیرە، هۆیەکیی خواستی خۆی لە چوارچێوەی بیرۆکەی ئازادی بەولاوە ناتوانێ بە بیردابێت، چونکە سەربەخۆیی لە هۆکارە دەستنیشانکارەکانی جیهانی هەستەکان (کە دەبێ ژیر هەمیشە بیداتە پاڵ خۆی) ئازادییە، بەڵام ئەم بیرۆکەی ئازادییە بە جۆرێکی لە پسانەهاتوو بە چەمکی سەربەخۆییەوە بەستراوەتەوە، هەروەها چەمکی سەربەخۆیی بە بنچینەی هەمەکی و سەرتاپاگیری ئاکارەوە بەستراوەتەوە، ئەمە خۆی لەلایەنی بیرەوە بناخەی هەموو کردارەکانی جەوهەری ژیرە و هەروەک چۆن بنچینەی قانوونی سروشتی هەموو دیاردەکانە.

بەم پێیە ئەو گومانەی پێشتر کردمان، دەرەوێتەوە کاتێک لەو باوەڕەدابووین گوایە ئەو ئەنجامەی پێیگەیشتین، لە ئازادییەوە سەربەخۆیی (ئۆتۆنۆمی) و لەمەوە قانوونی ئاکار دەکەوێتەوە، لە بازنەیەکی پووچی بێ سەروبەری شاردراوەدا گیردەخوات.

ئێمە، دوور نییە بیرۆکەی ئازادیمان سەبارەت بە قانوونی ئاکار کردبێ بە بنەما بۆ ئەوەی لەدواییدا ئەم قانوونە جارێکی تر لە ئازادی بکەوێتەوە، ئەگەرچی ئێمە ناتوانین ئەمە پشتڕاست بکەینەوە، لەوە بەولاوە کە سەرگەرمی بنچینەیەک بووین کە دوور نییە گیانە باش و چاکە خوازەکان دانمان بۆ پێیدا بهێنن، هەر چەندە ئێمە

ناتوانین هیچ کاتێک وەک ڕستەیەک بکرێ ساخ بکرێتەوە بیدەینە دەست، بەڵام ئێستاکە ئێمە دەبینین، کاتێک خۆمان بە ئازاد دادەنێین خۆمان دەکەینە ئەندامی جیهانی ژیر و دان بە سەربەخۆیی خواستدا دەنێین لەگەڵ ئەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە، واتە ئاکارێتیی، بەڵام کاتێک خۆمانمان وا دێتە بەرچاو کە ناچارین پابەندی ئەرکی سەرشان و ئۆباڵی ئەستۆ بین، خۆمان بە ئەندامانی جیهانی هەست و لە هەمان کاتدا بە هی جیهانی ژیر دادەنێین.

## چۆن فرمانێکی ڕەهای ئاکار شیاوەکی دەبێت؟

جەوهەری ژیر، بەو پێیەی ژیرە، خۆی سەر بەجیهانی ژیر دەزانێ، هەروەها لەبەر ئەوەی لەم جیهانەدا هۆکارێکی دەستبەکارە، هۆیەکییەکەی بەخواست ناوەبات. لەلایەکی ترەوە، هەست دەکات کە پارچە و بەشێکە لە جیهانی هەست و کردارەکانیشی تێیدا تەنیا چەند دیاردە و ڕوخسارێکی هۆیەکییەکەی، بەڵام شیاوەکی ئەم کردارانە ناکرێ لە ڕێگای ئەم هۆیەکییەوە، کە هیچ لە بارەیەوە نازانین، دەرکی پێ ببردرێ، بەڵکو دەبێ لەجیاتی ئەمە، لەوەدا کە کردارەکان بەشێکن لە جیهانی هەست لەو لایەی بە دیاردەی تر دەستنیشان دەکرێن واتە بە چەند ئارەزوو و حەز و مەیلێک دابنرێن. وەک تەنیا ئەندامێکی جیهانی ژیر هەموو کردارەکانم بەپێی بنچینەی سەربەخۆیی خواستی بێگەرد دەگونجێن، بەڵام وەک تەنیا پارچەیەکی جیهان هەست ئەوا دەبێ کردارەکان لەگەڵ قانوونی حەز و ئارەزوو مەیل و ناتەبایی (هیترۆنۆمی) سروشت بگونجێن (کردارەکانی یەکەم بە بنچینەی بەرزی ئاکار و ئەوانی دووەم بە بنچینەی بەختەوەرییەوە بەندن)، بەڵام لەبەر ئەوەی جیهانی ژیر بنەڕەتی جیهانی هەستە و قانوونەکانی تێدایە، سەبارەت بە خواستم (کە بە تەواوەتی سەر بە جیهانی ژیرە) بنەمایەکی ڕاستەوخۆی قانوون دانانە و لەبەر ئەوەی دەبێ بەو جۆرە دابنرێت. ئەوا من خۆم وەک ژیرێک، ئەگەرچی لەلایەکی ترەوە جەوهەرێکە سەر بە جیهانی هەستە پێویستە لەسەرم دانی پێیدا بنێم کە پابەندی قانوونی جیهانی یەکەمم، واتە هی ژیر کە لە بیرۆکەی ئازادیدا قانوونی هەمان شتی دەست دەکەوێ و ملکەچی سەربەخۆیی خواستم. هەروەها بەم پێیە پێویستە قانوونەکانی جیهان ژیر بە چەند فرمانێکی ڕەهای ئاکار (ئەخلاقی) بێ بۆ من و ئەو کردارانەی بەپێی ئەم بنچینەیەن بە چەند ئەرکێکی سەرشانم دابنێم.

ئیتر فرمانە ڕەها ئاکارییەکان شیاوەکی دەبن، چونکە بیرۆکەی ئازادیی، من دەکات بە ئەندام لە جیهانێکی ماقووڵدا، بەم پێیە ئەگەر من بە تەنیا هەر ئەمە بام ئەوا هەموو کردارەکانم هەموو کاتێک بەپێی سەربەخۆیی خواست دەبن، لەبەر ئەوەی من لە هەمانکاتدا خۆم بە ئەندامی جیهانی هەست دەبینم دەبێ کردارەکانم بەپێی ئەو بن. ئەم فرمانە ڕەهایە ڕستەیەکی لێکدراوی پێشیانە بەرجەستە دەکات لەوەدا کە ئەو خواستەی من کە لەژێر کارلێکردنی ئارەزووی هەستەکییەوەیە هەمان شتی دەخرێتە سەر، بەڵام لەوەدا سەر بە جیهانی ژیرە خواستێکی ڕووتی بێگەردەو پراکتیکییە و مەرجە بەرزەکەی یەکەم بەپێی ژیر تێدایە، بەلای کەمەوە بەو جۆرەی کە سەرنجدان و وردبوونەوەمان لە جیهانی هەست چەند چەمکێکی تێگەیشتنیان دەخرێتە پاڵ ئەمانە لەخۆیاندا لە چەند فۆرمێکی گشتی قانوونیانە بەولاوە نین. ئیتر بەهۆی ئەمەوە، ڕستە لێکدراوە پێشیانەکان کە وەک بنەما زانینی سروشتییان لەسەر دادەمەزرێ دەبن بە شیاوەکی.

بەکارهێنانی کردەکی تێگەیشتنی ناوکۆیی مرۆڤ ڕاستیی ئەم ئەنجام کەوتنەوەیە ساغ دەکاتەوە. هیچ کەسێک نییە، تەنانەت بەدترین بەدکار، ئەگەر ڕاهاتبێ ژیری خۆی بەکاربهێنێ، کاتێک نموونەی نیازپاکی و دەستپاکی لە پەیڕەوکردنی ڕێوشوێنە خاسەکان و بەشداریکردن لە وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی کەسانی تری دەخەینە بەرچاو (ئیتر ئەمە قوربانیدانی گەورە بە سوود و قازانج و ئاسوودەیی کەسایەتی لەگەڵدا بێت) دەیەوێ و حەز دەکات ئەم جۆرە دڵ و دەروون و ڕەوشتەی نەبێ. دوور نییە ئەو، بەهۆی مەیل و ئارەزوو و هۆکارە پاڵنەرەکانییەوە نەتوانێ ئەمە لەخۆیدا بەدی بهێنێ، بەڵام هەر لە خۆیدا حەز و ئارەزوو دەکات لەبار و قورسایی ئەم جۆرە مەیل و ئارەزووە سەخت و قورسە ڕزگاری ببێ، ئەو بەسەلمێنە و بەڵگە ساخی دەکاتەوە کە بە خواستێکی ئازاد بوو لە هۆکارە پاڵنەرەکانی هەست، لەبیری خۆیدا خۆی دەخاتە نێو سیستەمێکی تری شتەکان کە لە چاو

مەیل و ئارەزووەکانی لە پاوانی هەستەکاندا ئەوپەڕی جیاوازە، چونکە ئەو ناتوانێ لەو ئارەزووە هیچ جۆرە چێژ و خۆشییەک یان تێرکردنی مەیل و حەزێکی ڕاستەقینە یاخود لە ناخدا ڕووژاو چاوەڕێ بکات (چونکە ئەگەر ڕستەکە وەها بایە بیرۆکەکە کە بەم حەز و ئارەزووە تەفرەی داوە چاکە و پلەوپایەی خۆی لەدەست دەدات)، بگرە ئەوەی دەتوانێ لێی چاوەڕێ بکات لە نرخ و بایەخێکی ناوەکیی گەورەتر بۆ کەسایەتییەکەی بەولاوە نییە، ئەو خۆی، وا باوەڕ دەکات، ئەگەر خۆی بخاتە جێگای ئەندامێکی سەر بە جیهانی ماقووڵ، ئەو خۆی ئەوکەسە باشترینەیە، بیرۆکەی ئازادی واتە پابەند نەبوون بە چەند هۆکارێکی دیاریکراوی جیهانی هەست، بە پێویستی خۆی ناچاری ئەمەی دەکات و ئەو لەم هەڵوێستەدا هەست بە خواستێکی چاکەخواز دەکات کە بە پێلێنانی خۆی، قانوونی خواستە بەدکارەکەی لێ پێکدێت لەوەدا کە ئەندامە لەجیهانی هەستدا: ئەو دان بە دەسەڵات و گرنگییەکەیدا دەنێ ئەگەرچی پێپەستیشی دەکات. کەوابوو پێویستی و ئەرکی سەرشانی لە ڕوانگەی ئاکارەوە، ئەو شتەیە کە لەخۆیەوە وەک ئەندامێکی جیهانی ماقووڵ (ژیرەکی) بەناچاریی دەیخوازێت، ئەمە وەک ئەرکی ئاکارییانە بەو ڕاددەیە لەلایەوە بۆی دەلوێ لەبیریدا بێت کە لە هەمانکاتدا خۆی بە ئەندامێکی جیهانی هەست بزانێ.

## ئەوپەڕی سنووری
## هەموو فەلسەفەیەکی پراکتیکییانە

هەموو مرۆڤێک وابیردەکاتەوە کە لە خواستیدا ئازادە. لێرەوە هەموو بڕیارەکان (حوکمەکان) دەربارەی کردارەکان بەم جۆرە دەبن: هەروەک پێویست بوو دەبوو ڕووبدات ئەگەرچی بەم جۆرە ڕووی نەداوە، لەگەڵ ئەمەدا ئەم ئازادییە بەهیچ جۆرێک چەمک و بۆچوونێکی ئەزموون و شارەزایی نییە و ناکرێ وابێت، چونکە ئەمە هەمیشە وەک خۆی دەمێنێ، ئەگەرچی تاقیکردنەوە پێچەوانەی ئەو داوایە نیشان دەدات کە بریتییە لە گریمانەکردنی ئازادی وەک داوایەکی ناچارەکی. لەلایەکی دیکەوە ئەوا بە هەمان شێوە پێویستە هەموو ئەوەی ڕوودەدات ناچارەکی بەپێی چەند قانوونێکی سروشتیی، دەستنیشان بکرێت و، ئەم ناچارییە سروشتییە هیچ چەمکێکی ئەزموونی نییە، چونکە، لەبەر ئەوەی چەمکێکی ناچاریی و ئینجا بۆچوونێکی زانینی پێشیانەی تێدایە، بەڵام ئەم چەمکەی سروشت، ئەزموون پشتڕاستی دەکاتەوە و پێویستە بەبێ چەند و چۆن گریمانە بکرێت، ئەگەر ئەزموون واتە زانینی ڕێکوپێکی بابەتەکانی هەستەکان بەپێی چەند قانوونێکی هەمەکی شیاوەکی بێت. بۆیە ئازادی تەنیا بیرۆکەیەکی ژیرە، ڕاستیی و ڕاستەقینەییە بابەتییەکەی لەخۆیدا جێگای ئەگەر و گومانە، کەچی سروشت چەمکێکی تێگەیشتنە ڕاستەقینەییەکەی بە نموونەی ئەزموون و شارەزایی ساخ دەبێتەوە و دەبێ ناچارەکیی ساخ ببێتەوە.

جا ئیتر ئەمە ئەو سەرچاوە بووە کە دیالێکتیکی ژیر لێی کەوتۆتەوە، چونکە ئێمە دەبینین، سەبارەت بەخواست، ئەو ئازادییەی دەیدەینە پاڵی وا پێدەچێ لەگەڵ ناچاریی سروشتیدا ناکۆک و ناتەبا بێت، ژیریش لەبەردەم ئەم دوو ڕیانەدا، لە ڕوانگەی سەرنجدانی ڕووتەوە ڕێگای ناچاریی سروشتیی پتر لە ڕێگای ئازادی خۆشتر و بەکەڵکتر دەبینێ، لەگەڵ ئەمەدا، لە ڕوانگە و دیدی پراکتیکییەوە، ڕێگای ئازادی تاکە ڕێگایە کە دەتوانین بیگرینە بەر و لە کاروبارماندا ژیر بەکاربهێنین، هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە وردترین فەلسەفە و هەروەها سادەترین تێگەیشتنی مرۆڤ لە تواناییاندا نییە دەمەتەقێی بەسەروبەر لەبارەی ڕاستی و ڕاستەقینێتی ژیر بکەن. کەوابوو دەبێ پێشەکی گریمان بکرێت کە لەنێوان ئازادی و ناچاریی سروشتی کردارە مرۆڤایەتییە ناوبراوەکاندا هیچ جۆرە ناکۆکییەکی ڕاستەقینە نییە، چونکە ناتوانێ دەستبەرداری چەمکی سروشت بێ هەروەک ناتوانێ دەست لە چەمکی ئازادی هەڵگرێت.

لەگەڵ ئەمەدا پێویستە ئەم ناکۆکییە ڕوخسارەکییە بەلای کەمەوە بە جۆرێکی قەناعەت بەخش بسڕدرێتەوە، تەنانەت ئەگەر لەتواناشماندا نەبێت تێبگەین چۆن ئازادی شیاوەکی دەبێت، چونکە ئەگەر بیرۆکەی ئازادی لەگەڵ خۆیدا، یاخود لەگەڵ

**بیرۆکەی ئازادی واتە پابەند نەبوون بە چەند هۆکارێکی دیاریکراوی جیهانی هەست**

سروشتدا کە ئەویش ناچارەکییە، ناکۆک بێت، ئەوا دەبێ بەناچاریی لەبەردەم ناچاریی سروشتیی دەستی لێ هەڵبگیردرێ.

بەڵام قوتاربوون لەم ناکۆکییە شتێکە لە کردن نایەت، ئەگەر خۆ Subjekt کە لەو بڕوایەدایە ئازادە، کاتێک لافی ئازادی خۆی لێدەدات هەمان بایەخ و پێوەندیی کە هەیەتی دەیمێنێ، سەبارەت بە هەمان کردار، خۆی، ئەگەر بێتو ملکەچ بوونی بۆ قانوونی سروشت پەسند بکات. ئیتر بۆیە ئەو ئەرکە گرنگ و گرانەی کەوتۆتە سەرشانی فەلسەفەی وردبوونەوەی ڕووت ئەمەیە:

بەلای کەمەوە نیشانی بدات، ئەو تەفرەیەی بەهۆی ناکۆکییەکەوە پێی چووە لەمەوە کەوتۆتەوە: ئێمە کە مرۆڤ بە ئازاد دادەنێین بەمانا و پێوەندییەکی تر لەمێشکماندا دەبێ لە چاو ئەوەی کە ئێمە بە پارچەیەک لە سروشت و بەملکەچی قانوونەکانی دابنێین. هەردووک لایان نەک تەنیا هەر پێکەوەن بەڵکو دەبێ هەردووکیان بەناچاریی یەکگرتوو لە یەک خۆدا دابنرێن، ئەگەر وانەبایە نە لە توانادا هەیە لێک بدرێتەوە، بۆچی دەبێ باری سەرشانی ژیر بە بیرۆکەیەک گران بکەین لەکاتێکدا دەتوانێ بەبێ کەوتنە ناو چاڵی ناکۆکییەوە لەگەڵ بیرۆکەیەکی تردا یەک بگرێ و ڕاستییەکەی بە تەواوەتی ساخ بکاتەوە، ئەمە دوچاری کێشەیەکمان دەکات دەبێتە مایەی ئەوەی ژیر لە دەستبەکاربوونی تیۆرەکەیدا دوچاری تەنگەبەریی و تەسکی ببێت. ئەم ئەرکە تەنیا فەلسەفەی وردبوونەوەی ڕووت پابەند دەکات بۆ ئەوەی ڕێگا لەبەردەم فەلسەفەی پراکتیکیدا بکاتەوە. کەوابوو ئەمە بەند نییە بە حەز و ئارەزووی فەلسەفەوە بۆ ئەوەی بڕیاربدات ئایا ئەم ناکۆکییە ڕوخسارەکییە لابەرێت یاخود وەک خۆی بهێڵێتەوە، لەمەی دواییدا تیۆرییەکە دەبێ بە موڵکی گشتی و لایەنگیری ڕێبازی چارەنووس و قەزا و قەدەر (Fatalist) دەتوانێ بە ڕاستیی خۆی بەخاوەنی دابنێ و ئاکار بە کوڵک و پێستەوە دەرکات و لاف لێبدات گوایە بەناهەق

**مرۆڤ لە توانایاندا نییە دەمەتەقێی بەسەروبەر لەبارەی ڕاستی و ڕاستەقینێتی ژیر بکەن**

دەستی بەسەردا گرتووە.

تا ئێرەش ناتوانرێ بگوترێ سنوورەکانی فەلسەفەی پراکتیکی لەمەوە دەست پێدەکات، چونکە بەلایەکداخستنی کێشە و بەرەکە ئیش و کاری ئەو نییە، بەڵکو ئەو تەنیا داوا لە فەلسەفەی وردبوونەوەی ڕووت دەکات، ئەو ناتەباییانەی دووچاریان دەبێت کاتێک لە چەند پرسیارێکی تیۆرییەوە دەگلێ کۆتاییان پێبهێنێ، بۆ ئەوەی ژێری پراکتیکی دڵنیایی و ئارامی خۆی هەبێ بتوانێ ڕووبەڕووی ئەو هێرشە دەرەکییانە ببێتەوە کە دەکرێنە سەری و کێشە لەسەر ئەو زەوییە بەرپا دەکەن کە خۆی دەیەوێ تەلارەکەی لەسەر دابمەزرێنێ.

داواکاریی ژیری ناوکۆیی مرۆڤ دەربارەی مافی ڕەوای ئازادیی خواست بەندە بە بنەمای هۆش و گریمانەی دانپێدانراوی سەربەخۆیی ژیر لەبەرابەر هۆکارە دەستنیشانکراوە خۆییەکیەکاندا کە بەتێکڕایی ئەوەیان لێ پێک دێت کە بە هەستکردنەوە و بەوەوە کە بەگشتی بەهەست ناودەبرێ، پەیوەندی هەیە. ئەو مرۆڤەی، بەم پێودانگە خۆی وەک ژیرێک سەرنج دەدات، خۆی دەخاتە ناو سیستەمێکی تری شتەکانەوە و ناو پێوەندییەوە بە چەند هۆکارێک کە شت دەستنیشان دەکەن و بە تەواوەتی لە جۆرێکی تری، کاتێک ئەو خۆی بەژیرێکی خاوەن خواست دادەنێ، بەپێی ئەمە هۆکارێکی هەیە و بەهرەمەندانە بیردەکاتەوە ئەگەر وای بۆ بچێ کە خۆی دیاردەیەکە لە جیهانی هەست و (کە بەڕاستی خۆیشی هەروایە) هۆیەکییەکەی لەوەدا لەلایەن کارکردەی دەرەکییەوە دەستنیشان دەکرێت ملکەچ و پابەندی قانوونەکانی سروشت بکات. دەستبەجێ دەرکی پێدەکات کە هەردووکیان دەکرێ بەیەکەوە هەبن و بگرە پێویستە پێکەوە بن، چونکە شتێک لە جیهانی دیاردەدا (ئەگەر سەربەجیهانی هەست بێ) ملکەچی چەند قانوونێک بێت و لێیانەوە لەوەدا سەربەخۆبێ کە شتێکە یاخود لەخۆیدا جەوهەرێکە، کەمترین ناکۆکی و ناتەبایی تێدا نییە، بەڵام ئەو ئەگەر پێویست بێ لەسەری بەم دوو جۆرە بۆ شت بچێت و بیر لەخۆی بکاتەوە ئەوا لە بارەی یەکەمیان لەو هەست و هۆشەی کە بەرامبەر بەخۆی هەیەتی و کە وەک بابەت لەلایەن هەستەکانەوە کاری تێدەکرێت، کەوتۆتەوە. لە بارەی دووەمیشیان بەهۆش و هەستی خۆیەوە، وەک ژیر بەندە، واتە بەبێ پابەندبوونی

کارتێکردنی وێنە هەستییەکان ژێر بەکاربهێنێ (ئینجا لەوەدا ئەندامێکە لە جیهانی ژیر).

لێرەوە مرۆڤ بە دلێرییەوە دەڵێ کە خاوەن خواستە و رێگاش نادات ئەوی پەیوەندی بەمەیل و ئارەزووەکانییەوە هەیە لەسەری بژمێردرێ، بە پێچەوانەوە وای بەبیردادێت کە ئەم کردارانە تەنیا بە هۆیەوە شیاوەکێن و بگرە ناچارین ئەگەر تەنیا هەر بەهۆی وەلانانی هەموو مەیل و ئارەزوو و هۆکارە پاڵنەرە هەستییەکانەوە بێنە کایەوە. هۆکارێکی ئەم جۆرە کردارانە لەوەدایە وەک ژیر و بەپێی بنچینەکانی جیهانی ماقووڵ لە قانوونەکانی کارتێکردن و کردارەکاندایە. زانینەکەی لەوە پتر بڕ ناکات کە لەمەدا ژیر خۆی بە تەنیایە واتە ژیری بێگەردی بە هەستەکانەوە پابەندبوویەکە قانوون دادەنێ، لەم لایەنەوە، لەوەدا کە تەنیا هەر ژیرە بەخودی تایبەتی ڕاستەقینە دادەنرێت (کەچی ئەو وەک مرۆڤ، لە دیاردەیەکی خۆی بەولاوە نییە) ئەم قانوونە ناچارەکی دەیگرنەوە بەو ڕادەیەی ئەو کارە مەیل و ئارەزوو و هۆکارە پاڵنەرەکان دەیکەن (ئینجا تێکڕای سروشتی جیهانی هەست) نابێتە مایەی تێکدان و شێواندنی قانوونەکانی خواستەکەی وەک ژیر وایە، بگرە ئۆباڵی لایەنی یەکەم ناگرێتە ئەستۆی خۆی و نایداتە پاڵ خودی ڕاستەقینەی تایبەتی خۆی، واتە پاڵ خواستەکەی، بگرە نەرمونیانی و توانای لێبووردن کە لەناخی خۆیدا بەرامبەری هەیەتی، دەیداتە پاڵ ئەگەر ئەو ڕێگایان بدات کار لە ڕێوشوێنەکانی بەجۆرێک بکەن ببێتە مایەی زیانبەخشین بە قانوونە ژیرییەکانی خواست.

ژیری پراکتیک کاتێک بەبیر ئاوێتەی جیهانی ماقووڵ دەبێ، بەهیچ جۆرێک سنوورەکانی خۆی نابەزێنی، بەڵام کاتێک ویستی بە تێروتەسەلی چاوبگێڕێ و هەست بەخۆی بکات تێیدا، ئەمە دەکات. ئەمە بیرۆکەیەکی سەبارەت بە جیهانی هەست نالەبار (نێگاتیڤ)ە، چونکە هیچ قانوونێک بە ژیر نادات بۆ دەستنیشانکردنی خواست، تەنیا لەتاکە خاڵێکدا لەبار (پۆزیتیڤ)ە کە ئەمەیە: ئازادییەکە خۆی دەستنیشانکردنێکی نالەبارە لە هەمانکاتدا بە توانایەکی لەبارەوە بەستراوە، واتە بەهۆیەکی ژیرەوە کە بە خواستی ناو دەبەین، بە جۆرێک کردار بکرێت و ببێتە مایەی ئەوەی بنچینەی کردارەکان بەپێی خەسڵەتی جەوهەریی هۆکاری ژیر بێت و لەگەڵیدا گونجاو بێت، یاخود وای لێبێت وەک ئەو مەرجە بێت کە وا لە ڕێوشوێنەکە دەکات وەک قانوونێک سەرتاپاگیرانە گونجاو و دەستبەکار بێت. ئەگەر ژیر بیەوێ بابەتێکی خواست، واتە هۆکارێکی بزوێنەر، لە جیهانی ماقووڵەوە بەدەست بهێنێ، سنوورەکانی خۆی دەبەزێنێ و لافی زانینی شتێک لێدەدات کە هیچ شتێک لەبارەیەوە نازانێ. چەمک و بۆچوونی جیهانی ماقووڵ (ژیرەکی) تەنیا ڕوانگەیەکە، ژیر خۆی بەناچار دەبینێ لە دەرەوەی ڕواڵەتەکانەوە پەسەندی بکات. بۆ ئەوەی بۆی بلوێ خۆی وەک ژیرێکی پراکتیکی دابنێ، ئەمەش شتێکە ئەگەر ئەو کارانەی هەستەکان دەیکەن مرۆڤیان سنووردار و دەستنیشان کردبایە، لە کردن نەدەهات، کەچی ئەمە لەگەڵ ئەمەدا شتێکی پێویستی ناچارییە ئەگەر هەستکردن بە خۆی وەک ژیر و ئینجا لەوەدا کە هۆکارێکی ژیرە و لە ڕێگای ژیرەوە چالاکە، واتە لەکارەکانیدا ئازادە، بێبەشی نەکەین. ئەم بیرۆکەیە بۆچوونی سیستەم و قانوندانێکی تر جیا لە چاو سیستەم و قانووندانی میکانیزمی سروشتی کە پێوەندی بە جیهانی هەستەوە هەیە، پێشکەش دەکات هەروەها چەمکی جیهانێکی ماقووڵ (ژیرانە)، (واتە تێکڕای جەوهەرە ژیرەکان وەک چەند شتێک لەخۆیاندا) دەکات بەناچارەکی، بەڵام بەبێ ئەوەی ئازایەتی ئەوە بکات کە دوورتر لەوە بەپێی تەنیا مەرجی فۆرمالییانە، واتە بەپێی هەمەکی سەرتاپاگیرانەی ڕێوشوێنەکە وەک قانوون و ئینجا بەپێی سەربەخۆیی خواست کە بەتەنیا لەگەڵ ئازادی ئەودا دەتوانێ گونجاو و ڕێک بێت، بیربکاتەوە، کەچی هەموو قانوونەکان کە بەپێی بابەتێک دەستنیشان کراون جۆرە ناتەباییەک دەدەنە دەست کە تەنیا لە قانوونەکانی سروشتدا بەدی دەکرێن و تەنیا پەیوەندییان بە جیهانی هەستەوە هەیە.

بەڵام ژیر هەموو سنوورەکانی خۆی دەبەزێنێ کاتێک هەوڵ بدات بۆ خودی خۆی ڕوونی بکاتەوە، چۆن دەکرێ ژیری بێگەرد ببێ بەژیری پراکتیکی، ئەمە بە تەواوەتی وەک ئەو ئەرکە وایە ڕوون بکرێتەوە چۆن ئازادی شیاوەکییە. ئێمە ناتوانین شتێک ڕوون بکەینەوە ئەگەر نەیبەینەوە سەر چەند قانوونێک کە دەکرێ بابەتەکەیان لە ئەزموونێکی شیاوەکییەوە دەستگیر بێ، بەڵام ئازادی تەنیا بیرۆکەیەکی ڕووتە، ڕاستەقینە بابەتییەکەی

ناکرێت بە هیچ جۆرێک بە پێی چەند قانوونێکی سروشت و بەپێی ئەزموونێکی شیاوەکی ساخ بکرێتەوە، کەوا بوو ناکرێ تێبگەیشتریێ یاخود دەرک بە سروشتەکەی ببردرێ، چونکە هیچ کاتێک لە کردن نایەت پشت ئەستوور بە یەکتریچوون نموونەیەکی بۆ بهێنرێتەوە. ئەو تەنیا مەرجە گریمانەیەکی ناچاریی ژیرە لە جەوهەرێکدا کە لەو باوەڕەدایە هەست بەوە دەکات خواستی هەیە، واتە توانایەکی هەیە لە توانای ڕووتی حەزکردن جیاوازە (واتە توانای هەیە خۆی بۆ کردار وەک ژیرێک و بەپێی قانوونەکانی ژیر و سەربەخۆ لە هۆکارە زگماکە سروشتییەکان دیاریکات). لەو جێگایەی دیاریکردن بەپێی قانوونە سروشتییەکان لەکاردەکەون، هەموو لێکدانەوەیەکیش لە کار دەکەوێ، لە داکۆکیکردن بەو لاوە شتێکی تر نامێنێ واتە گازندەی ئەوانەی لاف لێدەدەن قوولتر و وردتر سەرنجی جەوهەری شتەکانیان داوە ئیتر ئازادی بەشێکی ناشیاوەکی لە کردن نەهاتوو دادەنێن. مرۆڤ دەتوانێ تەنیا نیشانیان بدات ئەو ناکۆکییەی گوایە ئەوان لەوێ دۆزیویانەتەوە لەوەوە پەیدابووە کە ئەوان بۆ ئەوەی قانوونی سروشتی سەبارەت بە کردارەکانی مرۆڤ دەستبەکار بکەن، ناچار بوون مرۆڤ وەک دیاردەیەک دابنێن، تەنانەت ئەگەر داوایان لێبکرێت پێویستە وەک ژیر، وەک شت لە خۆیدا تەماشای بکەین، ئەوا هەروەک دیاردەیەک سەرنجی دەدەن. شتێکی ئاساییە کە جیاکردنەوەی هۆیەکییەکەی (واتە خواستە- ئیرادەکەی) لە هەموو قانوونە سروشتییەکانی جیهانی هەست لە مرۆڤێک خۆیدا دەبێتە مایەی پەیدابوونی ناکۆکی، بەڵام ئەمە لەناودا نامێنێ ئەگەر بیانەوێ بە وردی بیربکەنەوە و بە تەواوەتی دانی پێیدا بنێن کە لە پشت دیاردەکانەوە چەندین شت لە خۆیاندا هەن و دەبێ بنج و بنەوانی ئەم دیاردانە بن و (ئەگەرچی ئەمە بە جۆرێکی شاردراوەش بێت) مرۆڤ ناتوانێ داوا لەو قانوونانەی کار لە کردارمان دەکەن بکات هەمان قانوون بن کە دیاردەکان پابەندن پێیانەوە.

لە کردننەهاتنی خۆیەتی ڕوونکردنەوەی ئازادی خواست، وەک هەمان لە کردننەهاتنی دۆزینەوە و تێگەیشتنی سوود و قازانجێکە کە دەکرێ مرۆڤ لە قانوونەکانی ئاکاردا بەدەستیان بهێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا، بە ڕاستی مرۆڤ سوود و قازانجێکی تێدا دەبینێ کە ئێمە بنەماکەی لەخۆماندا بەسۆزی ئاکارەکی ناودەبەین، ئەو سۆزەی کە لەلایەن هەندێک کەسەوە بە هەڵە کراوە بەپێوەدانگی بڕیارە ئاکارییەکانمان، کەچی دەبێ بەو جۆرە سەرنج بدرێت کە کارلێکردنێکی خۆیەتییە قانوون لە خواستدا دەیکات و ژیر تەنیا خۆی بنەڕەتە بابەتییەکانی پێشکەش دەکات.

بۆ ئەوەی بۆ جەوهەرێکی ژیری کە لەلایەن هەستەکانەوە کارتێکراوە بلوێ ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ کە وەک فرمان ژیر خۆی پێدەسپێرێ، پێویستە بێ سێ و دوو لێکردن ژیر توانایەکی هەبێت هەستی چێژ و خۆشیی و ڕەزامەندیی ئەرکی سەرشان ڕاپەڕاندن لە ناخیدا بەرپا بکات، هەروەها بەم پێیە دەبێ هۆکییەکی هەبێ بتوانێ، هەست بەپێی بنچینەکانی، دەستنیشان بکات. بەڵام بە هیچ جۆرێک لە کردن نایەت تێبگەین، واتە بە ڕێگایەکی پێشیانە ڕوونی کەینەوە، چۆن بیرۆکەیەکی ڕووت کە لە خۆیدا هیچ بابەتێکی هەستی تێدا نییە، هەستکردن بەخۆشی و چێژ یاخود هەستکردن بە ئازار بەرپا دەکات، چونکە ئەمە جۆرێکی تایبەتی هۆیەکییە، دەربارەی ئەمە و دەربارەی هەموو هۆیەکییەک ناتوانین پێشیانە هیچ شتێک دیار و دەستنیشان بکەین، بەڵکو دەبێ لەم بارەیەوە تەنیا پرسیار لە ئەزموون و شارەزایی بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەزموون و تاقیکردنەوە هی جۆرە پێوەندییەکی نێوان هۆکار و ئەنجام وەک پێوەندی نێوان دوو بابەتی ئەزموون و شارەزایی ناداتە دەست، لێرەدا ژیری بێگەرد داواکراوە بەهۆی چەند بیرۆکەیەکی ڕووت و سادەوە (ئەمانە هیچ بابەتێک بۆ ئەزموون نادەنە دەست) خۆی ببێ بەهۆکاری ئەنجامێک کە بەبێ چەند و چۆن لە ئەزموون و شارەزاییدا هەیە، ئێمەی مرۆڤ بۆمان ناکرێ و لە کردن نایەت ڕوونی بکەینەوە چۆن و بۆچی هەمەکی و سەرتاپاگیریی ڕێوشوێنەکە وەک قانوون و ئاکارەکیی بەم پێیە خۆشی و سوود و قازانجمان بۆ دابین دەکات. تەنیا ئەوەندە جێگای دڵنیاییە: بایەخی ئاکارەکی و دەستبەکارییەکەی بۆ ئێمە لەوەدانییە کە سوود و قازانجی ئێمەی تێدایە (چونکە ئەمە ناکۆکی و ناتەباییە و پابەندبوونی ژیری پراکتیکی بەهەستەکانەوە دەگەیەنێ واتە پشت بەستنی بە سۆزێک کە جێگای بنچینەی گرتبێتەوە و بەربەستی ئەوە دەبێ ژیر هیچ

جارێک ببێ بە قانوون دانەری ئاکارییانە) بەڵکو سوود و قازانجی ئێمەی لەوەدا تێیدایە کە بۆ ئێمە وەک دەستبەکارە و دەگونجێ، چونکە ئەو لە خواستمانەوە وەک ژێر و ئینجا لە خودی ڕاستەقینەی خۆمانەوە هەڵقوڵاوە، بەڵام ئەوی پێوەندی بەدیاردەی ڕووتەوە هەیە، ژێر ناچارەکی دەیخاتە ژێر سروشت و خەسڵەتی شت لەخۆیدا.

کەوابوو ئەم پرسیارە، چۆن فرمانی ڕەهای ئاکاریی شیاوەکییە و لە کردن دێت، تەنیا بەپێی ئەو ڕادەیە دەکرێ وەڵام بدرێتەوە: ئەو تاکە مەرجە گریمانەیە ڕوون بکرێتەوە کە وەک بنەما لەسەری دادەمەزرێ، بەتایبەتی بیرۆکەی ئازادی ئینجا بتوانرێ ئەو ناچارییەی لەم گریمانەیەدا تێبگەیشترێ، ئەمە بۆ خۆی بەسە بۆ بەکارهێنانی کردەکییانەی ژێر واتە بڕواهاتنی بە گونجاوی و شایستەیی ئەم فرمانە ڕەهایە ئینجا بە قانوونی ئاکاریی، بەڵام ئایا چۆن ئەم مەرجە گریمانەیە خۆی شیاوەکییە، ژێری مرۆڤ ناتوانێ تێبگات، گریمانەکردنی ئازادی خواستی بوونەوەرێکی ژێر، سەربەخۆیی خواست بەو پێیەی تاکە مەرجی فۆرماڵییانەی دەستنیشانکردنەکەیەتی، ئەنجامێکی ناچارەکییەتی ئەم گریمانەکردنەی ئازادی خواست (بەبێ ئەوەی لەبەیەکەوە بەستنەوەی دیاردەکانی جیهانی هەستدا لەگەڵ بنچینەی ناچاریی سروشت دوچاری ناکۆکی ببین) نەک هەر شتێکی ئەوپەڕی شیاوەکییە (وەک چۆن فەلسەفەی تیۆری دەتوانێ نیشانی بدات) بەڵکو بە کردەوە بڕوا بوون بە بوونەکەی، واتە بڕوابوون بە بیرۆکەکە بکرێت بە مەرجێکی هەموو ئەو کردارانەی بەبێ چەند و چۆن دەکرێن بۆ جەوهەرێکی ژێر کە بەهۆی ژێرەوە لە هۆیەکییەکەی خۆی ئینجا لە خواست (کە لە ئارەزووەکان جیاوازە)، بە ئاگا و هوشیارە، بەبێ قەید و مەرجی تر ناچار گریمانەی بوونەکەی بکات، ئیتر چۆن بۆ ژێری بێگەرد دەلوێ بەبێ هۆکاری پاڵنەری تر، جا لە هەر سەرچاوەیەکەوە پەیدابووبن، لەخۆیدا ببێ بە پراکتیکی یاخود بنچینەیەکی ڕووتی هەمەکی سەرتاپاگیری هەموو ڕێوشوێنەکانی وەک چەند قانوونێک (ئەوەی ئازادانە فۆرمی ژێری بێگەردی پراکتیکی دەبێ) بەبێ هیچ ماددەیەکی (بابەتێکی) خواست، کە دەکرێ پێشیانە سوود و کەڵکی لێ دەستگیربێ، هۆکارێکی پاڵنەر بۆ خۆی پێشکەش بکات و قازانجێکی لێبخاتەوە کە دەکرێ بە سوود و قازانجی ئاکاریی بێگەرد ناوببردرێت، یاخود بەشێوەیەکی تر، چۆن دەکرێ ژێری بێگەرد ببێ بە ژێری پراکتیکی، ئەمە بوبستریێ ڕوون بکرێتەوە، لە توانای هیچ ژێرێکی مرۆڤدا نییە و هەموو هەوڵ و کۆشش و کارێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە کردبێ، بێ بەر و دۆڕاو بووە.

ئەمە بە تەواوەتی هەروەک ئەو هەوڵە وایە بیدەم بۆ ئەوەی ساخی بکەمەوە، چۆن ئازادی خۆی وەک هۆکارێکی خواستێک شیاوەکییە. من لێرەدا لە بنەمای ڕوونکردنەوەی فەلسەفەیی، ئەگەرچی شتێکی تر شک نابەم، دوور دەکەومەوە. ڕاستە لەوانەیە من بتوانم ئێستاکە بەنێو جیهانی ماقووڵدا (ژێرانەدا) کە تا ئێستا هەر بۆم ماوەتەوە، بەنێو جیهانی ژێردا بسووڕێمەوە، بەڵام من، ئەگەرچی لە بارەیەوە بیرۆکەیەکم هەیە و بنەمایەکی چاکی هەیە، هیچ زانیارییەکم لەبارەیەوە نییە و هەرگیز لەتوانامدا نییە، بە هەموو ئەو کۆششەی توانای سروشتی ژێرم دەیکات پەی پێ بەرم. ئەم بیرۆکەیە مانای شتێک دەدات، هەمیشە دەمێنێتەوە خۆ ئەگەر من هەموو ئەو شتانە کە پێوەندییان بە جیهانی هەستەوە هەیە لە بنچینەی دەستنیشانکردنی خواستم دوور بخەمەوە، ئەویش تەنیا بۆ ئەوەی بنچینەی هۆکاری بزوێنەر کە لە پاوانی هەستەکانەوە کەوتۆتەوە سنووردار بکەم، بەو ڕێگایە ڕەنگی سنووری بۆ دەڕێژم و ڕوونی دەکەمەوە کە لە خۆیدا هەموو شتێک ناگرێتەوە، بگرە لە دەرەوەی ئەوەدا شتی پتر لەو هەیە، ئەم شتە پترانە هیچ لە بارەیانەوە نازانم، لە ژێری بێگەرد کە بیر لەم نموونەیە دەکەمەوە، دوای جیاکردنەوەی هەموو ماددەکە، واتە زانینی بابەتەکان، بۆ من لە فۆرم بەولاوە واتە قانوونی کردەکی گونجان و دەستبەکاری هەمەکی ڕێوشوێنەکان و بەپێی ئەم پێودانگە ژێر لەو پێوەندییەدا لەگەڵ جیهانی بێگەردی ماقووڵ (ژێرییانە) هەیەتی وەک هۆکارێکی شیاوەکیی کاریگەر واتە وەک هۆکارێکی دەستنیشانکاری خواست، نامێنێتەوە بیری لێبکەمەوە. پێویستە لێرە هۆکاری پاڵنەر بە تەواوەتی بخرێتە لاوە، بیرۆکەی جیهانێکی ماقووڵ (ژێرییانە) دەبێ خۆی هۆکاری پاڵنەر یاخود ئەو شتە بێت کە ژێر لە بنەڕەتدا سوود و قازانجی تێیدا دەبینێ، ڕوونکردنەوەی ئەمە

ئەرکێکە لەتواناماندا نییە جێبەجێی بکەین.

ئێـره دوا سنووری هەمـوو توێژینەوەیەکی ئاکـارییـە و دیاریکردنی ئەم سنووره بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی ژیر لەلایەک کـە لە جیـهـانی هەسـتـدا بەدوای هۆکـاره پاڵنەره بەرزەکاندا و بۆ قازانجێکی نزیک لە تێگەیشتن دەگەڕێ، ئیتر با ئەو قازانجە ئەزموونی بێت، سەرگەردان نەبێ بە جـۆرێک زیان بە ئاکـار بگەیەنێ و لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی لە ئاسـمـانی بۆشی چەمک و بۆچوونە ترانسندێنتێتەکان کە ناوی جیهانی ژیرییان پێوەیە بێ هێـز و توانا باڵەفـڕێ نەکات و نەتوانێ لە جێگای خۆی بەولاوەتر بێت و لەنێـو وڕێنەی مێشکدا سەرلێشێواو بێت ئەوی ماوە بیلێین، بیرۆکەی جیهانێکی بێگەردی ژیرییانە وەک کۆیەکی لە هەمـوو ژیرەکان پێک هاتووە، کـە ئێـمـەش وەک چەند جـەوهەرێکی ژیر (ئەگـەرچی لەلایەکی ترەوە ئێمە لەجیهانی هەستدا ئەندامین) سەر بە ئەوین هەمـیـشـە وەک بیـرۆکـەیەکی سـوودبەخش و ڕێگادراو بۆ جێگیرکردن و بەدیهێنانی بڕوایەکی ژیرەکی لە پیـادەکـردن دێت، ئەگـەر هەمـوو زانینێک لە سنووری ئەم جیهانە کۆتایی بێت، ئەوا بەهۆی نموونەیەکی دڵگیر و دڵڕفـێنی دەوڵەتێکی گشـتی هەمـوو ئامـانجـەکـان لەخـۆیـاندا (هی جـەوهەرە ژیرەکـان) کـاتێک دەتوانین ئەندام بین ئەگـەر بەتەنگەوە بین بەپێی ڕێوشـوێنەکـانی ئازادی وەک ئەوەی چەند قانوونێکی سروشت بن کردار بکەن، بۆ ئەوەی بتـوانین لەم ڕێگایەوە تەوژمی حـەز و ئارەزووی قـانوونی ئاکـاریی لە ناخی خـۆمـاندا بەگـۆڕ بکەین.

**تێبینی کۆتایی**

بەکـارهێنانی تیـۆرییـانەی ژیر (ئەقڵ)، سەبارەت بە سروشت، بوونی هۆکـارێکی باڵای ئەوپەڕی ناچارەکیی جیـهـانی لێـدەکـەوێتـەوە. هەروەها بەکـارهێنانی پراکتیکییـانەی ژیر، سەبارەت بە ئازادی، ناچارییـەکی ڕەهای لێدەکـەوێتـەوە، بەڵام تەنیـا هی قـانوونەکـانی کرداری جەوهەرێکی ژیر، بەو پێیە کەوایە، ئێستاکەش بنچـینەیەکی جـەوهەری هەمـوو بەکـارهێنانێکی ژیرمـان بریتـیـیـە لە پاڵنانی ئەو زانینەی دەمـانداتێ بەرەو هوشیـاریی و هەستکردن بە ناچارییـەکـەی (بەبێ ئەو ناچارییە زانینی ژیرەکی نابێت). ژیر خۆیشی دوچاری سنوور بۆ دانانێکی جـەوهەر بێ دەبێ بریتی لەوەی کـە خـۆی ناتوانێ لایەنی ناچارێتی ئەوەی کـە هەیە یاخـود ئەوەی کە دەقەومێ یان ئەوەی کە پێویستە بقەومێ بزانێ ئەگەر بێتو مەرجێک کە وەک بنچینەیە بۆ ئەوی کە هەیە و ئەوی کـە ڕوودەدات و پێـویسـتـە ڕووبدات گـریمانە نەکـات، بەڵام بەم شـێـوەیە و ڕێگایە گـەڕانی بەردەوام بەدوای مـەرجـدا دەبێـتـە مـایەی ئەوەی وردە وردە ڕەزامەندی ژیر دوابخرێت. ئیتر بۆیە بێ ماندوو بوون بە دوای بێ قـەیدو مـەرجی ناچاریدا دەگـەڕێ، خۆیشی بە ناچار دەبینێتەوە دان بە بوونیدا بنێت، بەبێ ئەوەی تاکە ڕێگایەکی هەبێت یارمـەتی تێگەیشتنی سروشـتەکەی بدات، زۆر بەخـتـەوەر دەبێ ئەگـەرهاتو ئەو چەمک و بۆچوونەی دۆزییـەوە لەگـەڵ ئەم مـەرجـە گـریمانەییـەدا بگونجێ. کەوابوو هیچ گازندە و ڕەخنە و لۆمەیەک نییە ڕووبەڕووی چۆنێـتـی خـسـتنەوەی بنچـینە باڵاکـەی ئاکـارمـانی بکەینەوە، بەڵکو ئەو گـازندەیەی کـە دەبێ بەگـشـتـی ڕووبەڕووی ژیری مـرۆڤ بکرێت، ئەوەیە، ناتوانێ قـانوونێکی بێ قـەید و مـەرجی پراکـتـیکی (هەروەها پێویستە هەمان شت فرمانی ڕەهای ئاکاریی بێت) بەپێی ناچارەکیی ڕەها لە تێگەیشـتنەوە نزیک بکاتەوە، کـەس ناتوانێ گـازندەی ئەوە بکات کـە نایەوێ بەهۆی مەرجێکەوە، واتە بەڕێگای سوود و قازانجێکەوە کە وەک بنەمایەک وایە و پشتی پێدەبەستێ پەنا ناباتە بەر ئەم لێکدانەوەیە، چونکە ئەوکاتە قانوونێکی ئاکاریی نابێت، واتە قـانوونێکی باڵای ئازاد. بەم پێـیـە، بە ڕاستی لە ناچاریی بێ قەید و مەرجی پراکتیکییـانەی فرمانی ڕەهای ئاکاریی ناگەین، بەڵام ئێمە لەوە دەگەین کە ئەو لە تێگەیشتن نایەت، ئەمە هەموو ئەو شتەیە کە مرۆڤی بە ویژدان دەتوانێ لە فەلسەفەیەک کە بە چەند بنەمـایەک هەوڵی گـەیشـتنە سنوورەکـانی ئەقڵی مـرۆڤ دەدات، داوا بکات.

**سەرچاوە:**

**Kant, I.' Grundlegung der Meta Physik der sitten. Kotn. 1983.**

**(١) نووسـەر وشـەی (Unding)ی بەکـارهێناوە کـە دەکرێ بوترێ: بە پێچەوانەی ژیر (ئەقڵ) و مەنتیقەوە.**

# کۆمەڵگا و مەترسییەکانی

دیار عەزیز شەریف

**ئەوەی کە سەرسامم دەکات ئازادی و ژیانی تاکەکەسییە کە ناکرێت دەستدرێژی بکرێتە سەر، ئەگەر ڕووشی دا ئەوا ئامرازگەلێکی بێشومار هەیە بۆ داکۆکیکردن لێی.**

**«ڕامیار مەحموود»**

مەترسی گەورەی کۆمەڵگا لەو زمانە نارێک و ناتەندروستییەیدایە کە بە هۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ تاکەکانی دروست دەکات، ئەمەش بەو مانایەی لە کۆمەڵگایەک بژین کە کولتوورەکەی بکاتە کەناڵێکی ئەکتیڤ بۆ دەست خستنە ناو ژیانی تاکەکەسییەوە، کاتێک کۆمەڵگا داوای ئەوەمان لێدەکا کە بە تەواوی لەناو خەیاڵ و میراتی کولتووری ئەودا ون بین، ئەوا بەم ڕەفتارەی لە سەرەتاوە غەدرێکی کۆمەڵایەتی و زیندەگی گەورەمان لێدەکا، سەیر لەوەدایە زۆرترین ئەو غەدرانەی لەو گۆشەنیگا سەقەتەوە دێن بێئاگان لەو تاوانە کە دەرهەق بە ژیانی ئێمە و چارەنووس و دوارۆژمانی دەکەن! لە ڕاستیدا کولتوور دەتوانێ پانتاییەک بۆ مرۆڤەکان بڕەخسێنێ کە تێیدا بە ئارامی و دڵنەوایی ژیانی مرۆڤانەی خۆیان بژین، بەڵام ئیشکردنی هەمان

زاراوە بە ئاراستەی تاریکی و مەرگدۆستی، مەترسی هێنانە ئارای جەهەنەمێکی کۆمەڵایەتی لێدەکرێ کە تێیدا مرۆڤ بە پەشۆکاوی و سەرلێشێواوی ژیانێکی دژوار بەسەر ببات.

مێژووی کۆمەڵگای داخراو بەدوای خۆیدا ڕستێک پرسیاری بێ وەڵام، تەنانەت نادیار و نەکراویش دێنێتە بەرهەم. پرسیارگەلێک کە مرۆڤ لە ئاستیاندا بێ زمان دەبێت، چونکە پێش هەر شت ئەو پرسیارانە بەهۆی شەرم و ترسە بێ شومارەکانەوە نابنە پرسی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئینسانەکان. لێرەدا وەک هەمیشە نووسین بە هانامانەوە دێت بۆ ئاراستەکردنی هەندێک لەو پرسیارانەی کە بێگومان بەشێکی زۆر لەوانە و هی دیکەش کە ئێستا بە خەیاڵماندا نەهاتووە، سەر بەسەدەیەک و زەمەنێکی زۆر زیاتری بەر لەو سەردەمەن، بەڵام خۆی گەڕان بەدوای ئەو جۆرە پرسیارانە و وەڵامەکانیشی ئەو مانایە بەدەستەوە دەدا کە بۆ نموونە ئێمە سەدەی نۆزدە و بیستەم لەدوای خۆمان جێدەهێڵین، بەڵام پرسیارە کولتوورییەکان- بەتایبەتی ئەوانەی تەنیا لە زیهنییەتدا وجوودیان هەیە- لە تەک ئێمەدا هاتوونەتە ناو سەدەی بیست و یەکەوە. لەم ڕووەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە زۆرجاران پرسیارە کۆمەڵایەتییەکانی نەوەکان لە دنیای کوردیدا لەژێر هەژموونی پرسیارە سیاسییەکانی نادیار بوونە و فەرامۆش کراون. بە کورتی ئەوەی لەم نووسینەدا لەسەری دەوەستین گواستنەوەی بەشێک لە پرسیار و گومانەکانی نێو خەیاڵگەیەکە کە بەدەست دەستدرێژییەوە گیرۆدە بووە. مەبەستمان خەیاڵگەی تاکەکەسە کە جیایە لە خەیاڵگەی کۆمەڵگەرایی، گەرچی زۆربەی مرۆڤەکانی ئێرە لەنێو خەیاڵگەی دووەمدا لێیان پاڵداوەتەوە و خاوەنی بیرکردنەوەی خۆیان نین. بێبەشبوون لە ئازادی بەگشتی و ئازادیی تاکەکەسی بەتایبەتی بەرهەمی چ جۆرە کولتوور و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە؟ ئایا چ شتێک ڕێ بە بەرامبەرەکەم دەدا کە زۆر لە خۆبڕاوانە و سووک و ئاسان دەست بخاتە ناو ژیانی تاکەکەسیمەوە؟ یان لەبەرچی مێژووی کۆمەڵگای کوردی پڕە لە دەستدرێژییە فیزیکی و ڕەمزییەکان بۆ سەر ئینسانەکانی؟ چ سیحر و هێزێک لە پشت گواستنەوە و درێژەپێدانی ئەو ئەخلاقە خێڵەکییەی کوردیدایە لە ژیانی گوندەوە تا نێو جەرگەی شارەکان؟ ئایا کۆمەڵگایەک تێیدا دەستدرێژیکردنە سەر ژیانی تاکەکەسی ئینسانەکان زۆر بە ئاسایی وەربگیرێت و هیچ لێپێچینەوەیەکی مۆراڵی لە بارەوە نەکرێ، چەمکی ئازادی بە مردوویی لە دایک نابێت؟ بە مانایەکی تر بەکاربردنی ئەو چەمکە لە گشت کایەکانی نێو کۆمەڵگادا جگە لە گەمەیەکی زمانەوانی چی دیکەی لێ بەرهەم دێت؟ دواتر کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەییەکانی ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە- دەستدرێژیکردنی کۆمەڵایەتی- بۆ سەر خودی مرۆڤ چین کە بەدرێژایی مێژووی ئەم کۆمەڵگایە بەشێک بووە لە کولتوورەکەی؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر کە پێویستە ڕووبەڕووی ئەخلاقی دەستدرێژیکردن لە دنیای کوردیدا بکرێتەوە تەوەری سەرەکی باسەکەمان پێکدێنن، بەڵام ڕەنگە نەتوانین بگەین بە وەڵامی پرسیارەکان. بەڵکو ئەوەی لای من گرنگە لێرەدا وروژاندنی پرسیارەکانە لەگەڵ قسەکردن لەسەر دەستدرێژیکردنی کۆمەڵایەتی بە هەردوو جۆرەکەیەوە «فیزیکی- ڕەمزی» وەک ئەخلاقیەتێکی کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی یان ڕاستتر بڵێین وەک ئەخلاقیەتێکی کۆمەڵگا دواکەوتوو و داخراوەکان ئینجا لە هەر کوێیەک بن و سەر بە هەر زەمەنێکی مێژوویی نێو شارستانییەتی مرۆڤایەتی بن.

ئەگەر هەموو خەڵک لەسەر ڕاوبۆچوونێک کۆک بوون، لەمەشیاندا تاکەکەس پێچەوانەی ئەوان جوولایەوە ئەوا هیچ بەهانەیەک بۆ ئەوان نییە کە ئەو تاکەکەسە بێدەنگ بکەن، هەروەکو ئەگەر هاتو ئەو تاکەکەسەش دەرفەتی بۆ ڕەخسا، بۆی نییە خەڵکەکە بێدەنگ بکات(١). ڕەنگە ئەو تێڕوانینەی کۆمەڵناسی ئینگلیزی جۆن ستیوارت میل کە لە تێزی «لە بارەی ئازادییەوە» لە سەدەی حەڤدەیەم نووسیوبەتی بۆ تیشک خستنە سەر «کۆمەڵگا و مەترسییەکانی» کۆمەکمان بکات. یەکەمجار خۆمان لەبەردەم ئاوەژووبوونەوەی ئەو ڕستانەی سەرەوەدا دەبینینەوە لەنێو کۆمەڵگایەکی داخراودا کە تا ئێستاش کولتوورێکی خێڵەکی و دەرهاوێشتەکانی ئەو دنیا سوننەتی و نادیموکراسییە بەڕێوەی دەبات، لەبەر ئەوەی مێژووی ئەو کۆمەڵگایە لەم لایەنەوە هیچ نییە جگە لە مێژوویەکی قووڵ لە سەرکوتکردن و ڕەشکردنەوەی تاک بە جۆرەها شێوازی نائینسانی. پرۆسێسی ئیفلیجکردنی تاکی کوردی لەنێو فەزا کۆمەڵایەتییە هەمەجۆرەکان ئەنجام دراوە، ئەو فەزایانەی یەک عەقڵییەت و زیهنییەت بەڕێوەی دەبات. لەوێدا ئینسان بۆ بوونەوەرێکی زۆر بێدەسەڵات و گوناه کورت کراوەتەوە،

گوناه بەمانا ئایینی و کۆمەڵایەتییەکەی کە بەڕووە دینییەکەی کائینێکە جێی متمانە نییە و شتی خراپی لەدەست دێت، بۆیە کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردنی پێویستییەکی هەمیشەییە، لەبەر ئەوە جەستە یەکەم ئامانجی ئەو هێرشە پێشوەختە دەبێت. شتێکی شاراوە نییە کە عەقڵیەتی باوکسالاری و نێرسالاری کوردی ڕقێکی گەورەی لەبەرامبەر جەستە هەیە، بۆیە جەستە لە دنیای ئێمە خاوەنی حیکایەتی هەزار و یەکشەوەیە لەلایەنی ئەتککردن و شێواندنییەوە، دەستدرێژییەکانی کۆمەڵگا بۆ سەر جەستە لە شەق تێهەڵدان و داپۆشین بەجلوبەرگی نارێک و لووت بڕین و سەرشکاندن و قژ ڕاکێشان و زیندانی کردن لە ژووری تاریکەکانی نێو ماڵەوە تا لەناوبردنی یەکجارەکی دەستی پێکردووە. لەم ئاراستەیەشدا کۆمەڵگا ڕێگای وێرانکردنی شارستانییەت دەگرێتەبەر، چونکە ئینسان کە دروستکەری شارستانییەتە لەسەر دەستی کولتوورێکی وا توندوتیژدا لە جەستەی خۆی بێبەری و بێبەش دەکرێ. لێرەدایە کۆمەڵناسێکی وەک ڕیمۆن ئارۆن لەو مەترسییە بایۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە ئاگادارمان دەکاتەوە کە «مرۆڤ بۆ مرۆڤ گورگە». (٢) ئەو بیرمەندە لە شوێنێکدا دەڵێ گورگ کە گیاندارێکی دڕندەیە و گیانلەبەرەکانی تر و مرۆڤیشی لەگەڵدا بێت نێچیری ئەون، بەڵام هەرگیز گورگێک نابینین گورگێکی تر بخوات! کەچی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە هاوڕەگەزەکەی خۆی لەناو دەبات..! هەرچی گوناهە بەمانا کۆمەڵایەتییەکەی مانای ئەوەیە ئینسان کائینێکە جێی بەزەیی و دڵسووتانە، نەوەکو ڕێزگرتن. دیارە جیاوازییەکی مەعریفی گەورە لەنێو چەمکی «بەزەیی» لەگەڵ «ڕێزگرتن» لە ئارادایە. لە یەکەمیاندا خود و ئیرادە و خەونی تاکەکەسی و دنیابینی جیاواز بوونی نییە، کەچی لەباری دووەمیاندا تەسەوراتەکە پێچەوانە دەبێتەوە، لە زەمینەیەکی کولتووری وادا ئینسان زۆرترین هێز و توانا تاکەکەسییەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە. مرۆڤ لە کولتووری کراوە و دیموکراتیدا زیاد لە ڕێگەیەکی لەبەردەمدا ئاوەڵایە بۆ ئەوەی دەستەبەری یۆتۆپیا جیاوازەکانی خۆی بکات، کەچی لە کولتووری عورفیدا تاک نەک ڕێگەی لەم چەشنەی لە پێشدا نییە، تەنانەت کائینێکە بەتاڵ لە یۆتۆپیا، لە بریدا پاشکۆی خەیاڵە دۆگما و کۆنەکانی کۆمەڵگایە.

مرۆڤ وەک تاک (بوونەوەرێک بۆ ماوەیەکی درێژ یان هەمیشەیی لە تەنیایی و گۆشەگیری) ناتوانێ بەدەر لە کۆمەڵ و گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان درێژە بەژیانی ئاسایی خۆی بدات، سەرباری پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە سەرسوڕهێنەرەکان دیسان مرۆڤ لەژێر ئەو پێناسەیەدا ماوەتەوە کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ئەوە نەبێ کە پێشکەوتن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەکنیکییەکان کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤیان خستۆتە ناو ڕێژەی جۆراوجۆرەوە. لەکۆنەوە تا ئێستا مرۆڤەکان بەردەوام گرێدراوی ئەو سەلمێنراوە کۆمەڵایەتییەن کە دەڵێ مرۆڤ لەپاڵ حەقیقەتە بایۆلۆژییەکەی، بە سروشت گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش زانراوێکی ئاوایە کە ئیدی قابیلی ڕەتکردنەوەیەکی ڕەها و یەکجارەکی نییە. بە پێچەوانەوە ئەم تێگەیشتنە کولتوورییە لای مرۆڤەکانی کۆمەڵگا ئیدی بووەتە ڕێسایەک، تەنانەت لە زۆربەی کۆمەڵگا داخراوەکانیش مەسەلەیەکی بیرلێکراوە نییە وەک گومان خستنە سەر دۆخی کۆمەڵگەرایی، بەڵکو لەوێدا ئەو دۆخە تاڕادەی موقەدەسکردن بەسەر ژیان و چارەنووسی نەوە یەک لەدوای یەکەکان بەرجەستە کراوە. بەمەش ئەوەندە حەتمیەتی چوونە ژێر باڵی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتییە هەیە، ئەوەندە ئەگەری یاخیبوون لێی نییە. هەر خۆی مانەوە و درێژەپێدانی کایە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان لەسەروو هەموویانەوە خێزان- وەک توخمێکی بنچینەیی هەبوونی کۆمەڵگا- مانای سەلماندنی گریمانەی «مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە»یە. کەواتە مرۆڤ لەگەڵ هاوڕەگەزەکەی لە لێکخشاندن و بەریەککەوتنێکی کولتووریدایە، لەدەرەوەی ویستە خودییەکانیان ژیانی هەمووان بەیەکەوە گرێ دراوە، دواجار کۆمەڵگا بە وێنەیەکی موقەدەسی زەبەلاحەوە بەرامبەر مرۆڤەکان ڕاست دەبێتەوە، بە تایبەت کاتێک لە کۆمەڵگایەکی داخراودا خۆت دەبینیەوە کە زانیارییەکی سەرەتاییشی لە بارەی چەمک و ماناکانی «خود» نازانێت، چونکە کولتوورێک کۆمەڵگا ئاراستە دەکات کە هێزی دەستەجەمعی وزەی لەبن نەهاتوویەتی.

بەڕای «جۆن ستیوارت میل» ئەو کۆمەڵگایەی خوو و خدە و بۆچوونەکانی خۆی بەڕێگەیەکی نامەدەنی -وەک سزایەک بەسەر ئەو تاکەکەسانەدا دەسەپێنێت کە لەو ڕێسا گشتیانەی داب و نەریتیان لاداوە، ئەوا بەو کارەی کۆسپ و تەگەرەیەکی زۆر دەخاتە بەردەمی گەشەسەندنی

کەسێتی تاکەکانی(٣). هەروەها میل ئاماژە بە مەترسی دوولایەنەی دەوڵەت و کۆمەڵگا بۆ سەر ژیانی تاکەکەس دەکاتەوە، لەو شوێنانەی مرۆڤ دوچاری ستەمی دەوڵەت و ستەمی هەستی باو و ڕای گشتی دەبێتەوە.

ئەگەر ئەو بۆچوونەی میل وەربگرین و بیکەین بە پێوانەیەک بۆ خوێندنەوەی لایەنێکی کەسێتی تاکی کوردی، دەبینین ئەو فەزا کۆمەڵایەتییە ئەو مرۆڤەی گەشەی تێدا کردووە بە زۆرترین ئاماژەی کولتووری بارگاوی کراوە کە بە ڕێگەی جۆراوجۆر کۆسپ و تەگەرەیەک لەبەردەم گەشەسەندنی کەسێتی دروست دەکەن. بۆ ئەوەی لەو فەزا کۆمەڵایەتییە تێبگەین دەبێ بەدوای ڕیشە بونیادییەکانی گوتاری کۆمەڵایەتیدا بگەڕێین، بەو مانایەی گوتاری کۆمەڵایەتی بخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، لە بنەڕەتدا گوتار فەزا و پانتاییەکان دروست دەکا، بە دیوەکەی تردا گوتار لەناو هەمان فەزادا تاقی دەکرێتەوە. فەزای کۆمەڵایەتی بەسەر دوو لایەن دابەش دەبێت: تاک، کۆ. کێشەی کولتووری ئێمەش لەو ناهاوسەنگییە کۆمەڵایەتییەدا دەست پێدەکا کە لەم فەزایەدا هەمیشە کۆ بەسەر تاکدا زاڵە، کۆ بەمانا هەستی دەستەجەمعی و کۆمەڵگەرایی، ئەو هەستەی کە بە هەستی باو ناسراوە. جا کێشەی بنەڕەتی لە جۆری نەخشەی کۆمەڵایەتیدایە، نەخشەیەک کە وجوودی ئێمەی وەک تاک تێدا نابێتەوە یان دیاری نەکراوە.

کۆمەڵگای داخراو مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکانی، چونکە بە شوناسە کولتوورییە جیاکراوەکەی لە زۆرترین کاتدا ئەخلاقیەتی «دەستدرێژیکردن» دێنێتە کایەوە کە مرۆڤەکان لە بەرامبەر یەکتری بەجۆرەها شێوە ئەنجامی دەدەن. بابەتی باسەکەی ئێمە قسەکردنە لەسەر «دەستدرێژیکردن» وەک ئەخلاقیەتێکی باوی نێو کۆمەڵگای کوردی، بەشێوەیەک دەستدرێژیکردن یەکێک لە میکانیزمەکانی کولتووری باو بووە و مرۆڤەکان لێرە مێژوویەکی درێژ و تاڵیان لەگەڵ ئەم حاڵەتە ناتەندروستە کۆمەڵایەتییە هەیە کە هەر لە مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ و لەویشدا بەتراژیدیا کۆتایی دێت. ئەوەی لە دەستدرێژیکردنیش بەرهەم دێت و دەمێنێتەوە بریتییە لە ئازارێکی دەروونی و جەستەیی قووڵ کە بۆهەتا هەتایە کاریگەری نێگەتیڤی بەسەر ژیانی تاکەکەسەوە دەبێت، تاکەکەسێک دەکرێ لەم لایەنەوە ناوی قوربانیی کۆمەڵایەتی لێ بنێین. دەستدرێژیکردنیش دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر: دەستدرێژی فیزیکی و ڕەمزی. لێرەدا بەپێی دەرفەت لە هەریەکەیان دەدوێین، بەتایبەتی ئەوەی جێی سەرنجی ئێمەیە زیاتر وردبوونەوەیە لە دەستدرێژی ڕەمزی، چونکە دەستدرێژی فیزیکی جۆرێکی بەرچاوە کە لە ڕێی هێزی جەستەوە لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت و مومارەسە دەکرێت. نموونەی ئەمەش ئازاردانە جۆر بەجۆرەکانی جەستەی مرۆڤە وەک لێدان ئینجا بەدەست بێ یان دار یان هەر شتێکی تر. ئەگەرچی ئەو جۆرەی دەستدرێژی بەرچاو و ئاشکرایە، بەڵام ئەوەی لای ئەو عەقڵییەتەوە نادیار و ونە ئەو زوڵمە کۆمەڵایەتییەیە کە ئینسان بەهۆی ئازاردانی بەرامبەرەکەی دەیکاتە سەر خودی مرۆڤ، هەروەها ئەو هەڵە کوشندەیەی کە لە زیهنی ئینسانەکاندا جێگیرە بەوەی باوک مادام باوکە بۆی هەیە نەوەکانی و ژنەکەشی داپڵۆسێت و ئازار بە جەستەیان بگەیەنێت. هەرچی دەستدرێژی ڕەمزییە ئەوا جۆرێکە لە دەستدرێژیکردنی ئینسانەکان بۆ سەر یەکتری لە ڕێی زمانەوە کە ئەمەشیان لە کولتووری باوەوە سەرچاوەی گرتووە. پێش هەر شت مەترسی گەورەی ئەو جۆرەی دەستدرێژی لەو ونبوون و نادیارییەیدایە کە هەیەتی، واتە شتێکە بە دەگمەن دەبینرێ یان هەر زوو لە زیهنی ئینسانەکان تێپەڕ دەبێت؟ ئەمەش بۆ خۆی گەر لێی وردبینەوە بەڕاستی دۆخێکی زۆر پڕ لە مەترسییە کە کەڵەکەبوویەکی ئەستووری لەنێو مێژووی کۆمەڵگای کوردیدا پێکهێناوە. بەشێوەیەک ئەو سیفەتە کۆمەڵگەراییە کە لە قووڵایی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە بوونی هەیە یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە دواجار کەسێتییەکی کوردی ناتەندروست بەرهەم دێنێت، کەسێتییەک لەنێو پۆلینکردنەکەی ئەریک فرۆم، کەسێتییەکی کارلێکراوە کە ئەوەندەی پەرچەکرداری هەیە، کاری نییە، لەبەر ئەوە بێ ئاگا لە دۆخی خۆی و کێشە ئەنتۆلۆژییەکانی دێت و دەچێت! لە دەستدرێژی فیزیکی جەستە پانتاییەکی فراوانی ئەوپەڕ بێدەسەڵاتە، بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان جەستەکان لە پەیوەندییەکی ناهاوسەنگی زاڵبوون و ملکەچێتیدا دەبن. کەواتە دەستدرێژیکردن خۆی لەخۆیدا هەڵگری ڕەهەندێکی کولتوورییە، بەمانایەکی تر بوونی دیاردەیەکی ناتەندروستی لەم چەشنە نیشانەیەکی سەرەکی ناسینەوەی کولتوورێکی توندوتیژە ئینجا ئەو کولتووورە خاوەنی هەر بونیاد و شوناسێک بێت. بەکارهێنانی توندوتیژیش ماشێنی بەرهەمهێنانی

ترسە.(٤) هەر بۆیە مرۆڤ لە جوگرفیایەکی وادا بێ ترس و بە ئازادی ناتوانێ بایەخ بە جەستەی بدات، ئا لێرەوەش کۆمەڵگای کوردی لە کۆتایی سەدەی بیستەم دەبێتە خاوەنی دیاردەی هۆبهاکردن لە ئافرەتانی مەدەنی و تێزاب پێداکردن بە جەستەیان، ئەم دوو دیاردەیەش کە یەکەمیان تا ئێستاش هەر جارەی لەکاتێکی چاوەڕواننەکراو لە شوێنە گشتییەکان و ناو بازاڕدا ڕوودەدا، گەورەترین و نوێترینی ئەو دەستدرێژییە فیزیکییانەی کە هەر جارەی بەرێگەیەک و شێوازێک خەڵکانێک دەیگرتەبەر. یەک لە تایبەتمەندییەکانی «دەستدرێژیکردنی کۆمەڵایەتی» لەنێو کۆمەڵگای کوردی جێگیربوونی ئەو دیاردەیەیە کە ئیدی بەدرێژایی مێژووی ئەو کۆمەڵگایە بەشێک بووە لە کولتوورەکەی و بەرهەمی ژینگە کۆمەڵایەتییەکان بووە لە خێزانەوە تا دەگا بە دامەزراوە مەدەنییەکانیش بۆ نموونە قوتابخانە لای ئێمە مێژوویەکی دەوڵەمەندی لە لێدان و سووکایەتی پێکردنی قوتابی و شەڕو ئاژاوەکانی نێوی هەیە. دیارە جۆری پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گەورە لە دروستبوون یان نەبوونی دەستدرێژی کۆمەڵایەتی دەبینێت، بەمەش لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ستوونی ڕەنگرێژ کراوە ئەوا هەمیشە دەستدرێژیکردنی فیزیکی و ڕەمزی ئامادەیە، بە پێچەوانەوەش لەواقیعێک کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئینسانەکان لەسەر بنەمایەکی ئاسۆیی بێت، ئەوا دەستدرێژی لەوێ نییە. بەمجۆرە کاتێک باس لە هەردوو جۆری دەستدرێژی دەکەین پێویستیمان بە نەخشەیەکی ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵگا دەبێت کە هەریەکەیان بەجۆرێک لە جۆرەکان و لەبەر هۆیەک لە هۆیەکانی لەسەر ئاستی تاک یان گرووپی بچووک بچووک لەلایەن ڕای گشتی باوەوە هێرشی فیزیکی و ڕەمزییان دەکرێتە سەر. بۆ نموونە جۆری ئەو دەستدرێژیکردنەی کۆمەڵگا دەیکاتە سەر ژن جیاوازە لەوەی کە دەیکاتە سەر منداڵ، بە هەمان شێوە ئەو ئێش و ئازارە جەستەیی و دەروونییەی کۆمەڵگا دەیخاتە سەر ژیانی کوڕ جیاوازە لەوەی کە کچی تێدا گەمارۆ داوە. هەروەها بەشێک لە دەستدرێژییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارەکەیان بۆ ڕەهەندێکی ئابووری و ماددی دەگەڕێتەوە، بەشێکی تریش فاکتەری سیاسی یان ئایینی لەپشتەوەیە. بەهەرحاڵ لەم هاوکێشەیەدا کە بریتییە لە بەریەککەوتنی جەستەیی و دەروونی ئینسانەکان ئەوا زانین و خستنەڕووی جۆری دەستدرێژیکردنەکە و هۆکارەکانی دواوەی ئەو ڕەفتارە نامرۆڤانەیە گرنگن.

## سەربەخۆیی تاک و دەسەڵاتی کۆمەڵگا

گەورەترین کێشەی خودی لە ژیانی ئێمەدا ئەو ئیشکالیەتە کۆمەڵایەتییانەن کە هەمیشە لەنێوان ئێمە وەک تاک و بەرامبەر وەک کۆمەڵ و دەوروبەر دروست دەبێت. سەرەنجام ئێمە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین بە ژیانێک ناچارکراوین کە بە دیوە ئینتۆلۆژییەکەی بە هی خۆمانی نازانین، لێرەوەش لەبەر زەبر و زەنگەکانی کۆمەڵگا دەبینەوە بوونەوەرێکی متبوو کە زۆربەی هەرە زۆری کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەگوازێتەوە ناوەوەی خۆی، دیارە شاردنەوەی کێشەکان بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە چۆن دەروونی خۆمان کردووەتە گۆڕستانی گرفتە کولتوورییەکان، یەکەمجار گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لەدنیای دەرەوە ڕوودەدەن، بەڵام بەهۆی بێدەنگبوون لێیان و شاردنەوەیان ئیدی بێئەوەی ئاگامان لێ بێت ڕۆدەچنە ناخی بوونمان، لەم چرکەوەش وێرانبوونە خودییەکانی مرۆڤ دەست پێدەکات کە دواتر بۆ سەر گرێ و نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان دەگوازرێنەوە.

بەڕای من پرسی سەرەکی ئێمە ئەو تایتڵەی سەرەوەیە کە لە شوێنێکدا میل جەختی لەسەر دەکاتەوە و بەدرێژی باس لە پێویستی بوونی هاوسەنگییەکی کۆمەڵایەتی ئینسانی دەکاتەوە لەنێوان سەربەخۆیی تاک لەلایەک و دەسەڵاتی کۆمەڵگا لەلایەکی تر. لەڕاستیدا لە فەرهەنگی ئەم کولتوورەدا تاک بەمانا سۆسیۆلۆژییەکەی بوویەکی نائامادەیە، لەبەر ئەوە هێرشەکان بۆ سەر ئەم کائینە تەنیایە زۆر مەترسیدارن، هیچ نەوەیەکی کوردی نییە بەناو زنجیرەی سەرکۆنەکردن و شکانەوەی فەزای کۆمەڵایەتیدا تێنەپەڕیبێت! لە زیهنییەتی باوی کوردیدا شتێک بەمانای تاک، واتە دەرچوون لە بەها ئەخلاقییەکان و نەمانی ڕێز و گەورەیی و کۆمەڵێ چەمکی تەقلیدی دیکە کە بەردەوام عەقڵیەتی دۆگما بەرهەم دێنێتەوە. مەبەستی میل لە سەربەخۆیی و تاک و دەسەڵاتی کۆمەڵگا لە بوونی مەترسییەکانی فەرمانداریێتی کۆمەڵگایە بەسەر تاکەکەسەکانەوە، ئەم دەسەڵاتەش لە کۆمەڵگایەکی سوننەتی و داخراودا دەگاتە ئاستێک کە لەناوەرۆکدا ئینسان لە زۆربەی زۆری بەها مرۆڤایەتییەکانی خۆی ڕووت دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی وا توندوتیژدا مرۆڤ بە تەواوی دەکرێتە

قــوربانی کــولتــووری باو، مــرۆڤ لەژێر پیــرۆزییــە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکاندا دەچەمێتەوە. کۆمەڵگا یەک وێنەی جێگیر و چەسپیوی بۆ بوونەوەرەکانی نێوی هەیە، هەتا ئاژەڵیش، هەر بووێک هەنـاســە بدات وێنەیەکی لەلای کـۆمـەڵگا بۆ داتاشـراوە. لەم خاڵەوەش هەر جۆرە لادانێک و دەسکاریکردنێکی ئەم وێنەیە کـۆتایـیـەکـەی سزای جۆراوجـۆرە. کۆمـەڵگا پێـمـان دەڵێ: «دەبێ کە کـەسـانی بە ئەدەب بین» بە ئەدەبـبـوونێک کــە لە ڕێی عورف و عەیبەکانەوە بە بەرماندا دەکرێت. «نابێ گچکە قسە لە قسەی گەوران بکات».

## دەستدرێژی ڕەمزی چییە؟

دەســـتـــدرێژی ڕەمــزی ڕەفــتـــارێکی ناعـــەقـــڵانی سایکۆلۆژیانەی تاکەکەسییە بەرامبەر کەسێکی تر یان ڕەفتارێکی لەم چەشنەی کۆمەڵییە بەرامبەر تاکەکەسێک یان زیاتر کە لەواقیـعدا لە قـەفـەسدانی کەسێکە لەناو زماندا، زمانێک کە بە ئاماژە و دەلالەتی مەرگدۆستی بارگـاوی کـراوە. ئەگـەر ئەو ڕەفـتـارە تاکـەکـەسـێک بینوێنێ، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو ئینســـانە بە باوەڕ و هەســتـێکی کـۆمـەڵگەرایی مـەرگـدۆست تەڵقین دراوە، هەستێک کە لە یەک ساتدا خاوەنەکەی هەم سێبەرێکی جەلادە و هەم قوربانیشە، واتە ئەو کەسە بەو ڕەفتارەی نوێنەرایەتی کـۆ دەکـات، لەم حـاڵەتەشـدا کـۆمـەڵگا لە قەیرانی «خودێکی وشیار»دا گوزەران دەکات. بەهەرحاڵ دەستدرێژی ڕەمزی بەهۆی گوتاری کۆمەڵایەتییەوە ئەنجام دەدرێ، گوتارێک کە لەسـەر سیسـتـەمێکی زمـانەوانی بونیاد نراوە کە خاوەنی موفرەدات و دەستەواژەگەلێکی زۆرە بۆ گەمارۆدانی مرۆڤ و دروستکردنی جەهەنەمێکی کۆمەڵایەتی. ئەو چەشنە گوتارە کە لە مێژوویەکی کۆنەوە بەسەر نەوەکان درێژ دەبێتەوە، گوتارێکی ناعەقڵانییە، زمان و ڕەهەندەکانی ڕۆڵێکی ئەکتیڤ لە زیندانیکردنی ئەویتر لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی مێگەلئاسا دەبینن کە تێیـدا دەروونی تاک دەبێـتـە ئامـانجی سـەرەکی هەسـتی باو. وەک ئاماژەمان پێدا زمان لەو پرۆسێسەدا دەورێکی باڵا دەبینێ کــە بە داب و نەریـتــێک بـارگــاوی کــراوە مـیکانیـزمـەکـانی بۆ لە کـارخـسـتنی توانا عـەقـڵی و جەسـتـەیـیـەکـانی مرۆڤ خسـتـۆتە گەڕ. ئینسـان بەهۆی زمانەوە یەکتری دەدوێنێ و پێوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەکا و درێژەی پێدەدا. لەپشت زمانەوە جۆرە کولتوورێک حزووری هەیە کـە وشـە و ڕسـتـەی هەمـەچەشنە بەرهەم دێنێ. ئەوەی لێرەدا بەهانامانەوە دێت بۆ ناسینی گوتار، زمانی کۆمەڵایەتییە، واتە ئەو زمانەی کە ئینسـانەکانی ناو کـۆمـەڵگا لە دامـەزراوە جیـا جیـاکـانی کـۆمـەڵایەتی پێ دەدوێن. یەکـێـک لە تایبـەتمەندییـە بونیـادییـەکـانی ئەو جۆرە زمـانە ئەوەیە ئیـرادە و هێـزی دەکەوێتـە سـەرووی ئیـرادە و خـواسـتی مـرۆڤ خـۆیەوە، لەبەر ئەوە سـەیر نییـە ئەو لەگـەڵ پێشکەوتنی ڕۆژگـار مــرۆڤ بەهۆی ئەو زمــانەوە دوچاری دۆخی نەزانین و بێئاگایی ببێتەوە. ئەم جۆرەی زمانە بەرهەمی زیهنییەتی کـۆمــەڵگەرایـیــە و بە بەر تاکـدا کــراوە. کـەواتە بۆ ئاشکرابوونی جـەوهەری گــوتار، پێــویـســتــمــان بە خوێندنەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیـۆلۆژی ورد بۆ ئەم جــۆرەی زمــان هەیە. ســەیر لەوەدایە ئەو کــەســانەی دەسـتـدرێژی ڕەمـزی یان فـیـزیکـیـان دەکـرێـتـە سـەر «بەتایبـەتی دەسـتدرێژی ڕەمـزی» زۆربەی جاران ناتوانن وەڵامێکیان بۆ ئەم ڕەفتارە نامرۆڤانەیە هەبێت، هۆکاری ئەمــەش لە بێـئـیــرادەیی ئینســانەکـان و نزمی ئاسـتی وشـیـاری لەلایەک و بوونی عـەیبـە لە لایەکی تردایە کە هەمــوو ئەمــانەش بۆ نائامــادەیی ســیــســـتــەمی بیـرکـردنەوەیەکی ئازادانە و نوێ لای تاک دەگـەڕێـتـەوە، بۆیە تا ئێستا گوتارێک لە بەرامبەر گوتاری کۆمەڵایەتی باو دروست نەبووە، کە وەڵامێکی ئەو دەسـتدرێژییە بێ شومـارەی گـوتار بداتەوە کە دەیکاتە سـەر ئینسانەکـان بەگشتی و نەوەی تازە و گەنجەکان بەتایبەتی.

لەنێـو ژیانی کـۆمـەڵایەتی کـوردی دەسـتـدرێژییـە ڕەمـزییـەکـان زۆرن، لەوانە شکاندنەوە و ڕووشـاندنی کەسێتی مرۆڤ بەهۆی تانەوتەشەر لێدان و گاڵتەپێکردن بە جـەسـتـە، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی لە زیهنییـەتی باو قەڵەوی بەسەر لاوازی جەستە زاڵ و پەسەندکراو بووە، بۆیە زۆرجار جەستەی لاواز دەستدرێژی ڕەمزی دەکرێتە سەر، هەروەها ئەو زیهنییـەتە جەسـتـە بەراورد دەکا بە جەسـتـەی ئاژەڵی سـەیر و سـەمـەرە و دۆزینەوەی خـاڵی هاوبەش لەنێـوان جـەسـتـەی مـرۆڤ و جـەسـتـەی ئاژەڵ یەکێکە لە خەیاڵە باوەکانی نێو ئەو عەقڵییەتە دۆگما و مـیـراتگەرە. مـەعـریفـەی سۆسیـۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا ئەوەمـان پێدەڵێ کە یەکێک لە خاڵە جەوهەرییـەکـانی عەقڵیەتی دواکەوتوو بوونی خەیاڵی بەراوردکردنی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵە تێیدا. ئەم تایبەتمەندییە زیهنییەش لەناو مرۆڤی کورددا زۆر باوە، بۆیە ئەو کۆمەڵگایەش سەر بە هەمــان نیــشــتــمــانی دواکـەوتوو و خـێـڵگەرایـیـە.

دروستکردنی نوکتە (نوکتەی بریندارکەر) لەسەر کەسێک لەناو مەجلیسی کۆمەڵایەتیدا، یان لەدەرەوە و شوێنە گشتییەکان، دروستکردنی نوکتە بەو مانایەی تەرکیز بکرێتە سەر کەموکورییە شەخسییەکانی کەسێتی. بێگومان لەپاڵ ئەو سیفەتە ناشیرینەی کە خەڵک هەیەتی، ئەویش دەستدرێژیکردنی ڕەمزی و فیزیکییە بۆ سەر ئینسان. پێموایە زۆر دانیشتن لەماڵ بۆ کاتێکی درێژ کە قەیرانی بابەتی نوێ و جوان هەبێت دەرفەتی دروستبوونی نوکتەی وا دەڕەخسێنێ کە تا ئاستێکی زۆر مەترسیدار دەروون و هەستی مرۆڤ بریندار بکەن، چونکە بۆشاییەک لە قسەکردن لە ئارادایە. جۆرێکی تری دەستدرێژیکردنی ڕەمزی بەکارهێنانی جنێوە وەک سیفەتێکی ڕۆژانە و بەردەوامی کەسەکان لە بەرامبەر یەکتری، بەمەش مرۆڤ لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە لە ڕێی وشەوە ناشیرین دەکرێ و هەستی بریندار دەکرێ. ئێمە ناو لەم واقیعە کۆمەڵایەتییە دەنێین، «دۆخی کۆمەڵایەتی ئازارگەیەنەر» چونکە خاوەنی کولتوورێکین کە وزەیەکی لە بننەهاتووی تێدایە بۆ ئیفلیجکردن و لە بەینبردنی توانا و خەونەکانی مرۆڤ و وێرانکردنی خود. بەشێوەیەک لە کولتوورێکی توندوتیژ و کۆنەپەرستدا هەمیشە دۆخێکی کۆمەڵایەتی ئازارگەیەنەر دەبینین. دۆخێک کە ئینسانەکان لەشێوەی دۆزەخێکی سەرزەمینی بۆ یەکتری دروست دەکەن، هەرچەندە ماوەی دۆزەخەکە کورت یا درێژخایەن بێت یان فەزا ناتەندروستەکە قورس یان سووک گرنگ ئەوەیە دیاردەیەک کە ئینسانەکان لەناویدا دەژین بە دۆخی کۆمەڵایەتی ئازاربەخش ناو دەبرێت، دۆخێک کە ئازار بە دیوە جەستەیی و دەروونییەکەی بەسەر ئینسان پەخش دەکاتەوە، ئەو دۆخەی کە هەریەک لە ئێمە بەهۆی ئەو زیهنییەتەی کە هەیەتی مەترسی ئازاردانی بەرامبەرەکەی لێ دەکرێت. تراژیدیا لەوەدایە کە هیچ سنوورێک بۆ ئەو ئازارپێگەیاندنە لە فەزای کۆمەڵایەتی لە ئارادا نەبێت، ئەو واقیعەی کە ئینسانەکان بەرەو دارمانێکی دەروونی وا دەبات کە دواجار بەخۆکوشتن یان خۆخواردنەوە کۆتایی دێت! لە کۆمەڵگایەکی جەبرییانەی هاوشێوەی کۆمەڵگای کوردیدا ئیدی دۆخی کۆمەڵایەتی ئازار بەخش بووەتە ستانداردێکی ژیانی ڕۆژانە، لە ژیانی ڕۆژانەدا سەر بە هەر کایە و پانتاییەک بکەیت بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەگەری ئەوە هەیە لە ساتێکی چاوەڕواننەکراودا ڕووبەڕووی لێپێچینەوە و سزایەکی ناماقووڵ و بێ بنەما ببیتەوە یان تووشی کەشێک بیت کە هەستت بریندار بکرێ ئینجا بە گاڵتەپێکردن و نوکتە دروستکردن بێت لەسەر ژیانی تاکەکەسیت یان شکاندنەوە بێت. یانیش ئەو حاڵەتە بە چاوی خۆت دەبینی کە مرۆڤ کەوتۆتە بۆسەی جەهل و نەزانینی عەقڵییەتی کوردییەوە. عەقڵییەتێک بێئاگا لە کێشە و قەیرانە ئەخلاقی و بنەڕەتییەکانی خۆی، بێ هیچ موناسەبەیەک هێرشی نارەوا دەکاتە سەر تاکەکەس.

دواجار دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئازادی و ژیانی تاکەکەسی نائەخلاقیترین سیفەتێکە کە لە ئینسانگەلێکدایە کە سەر بە نیشتمانە داخراو و کۆنەپەرستەکانن، کولتووری کوردی بەگشتی هەڵگری وزە و هێزێکی لە بننەهاتووی ئەو نەزعەیەیە کە بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگا بۆ لەناوبردنی هەر جۆرە هەوڵێکی ژیندۆستی و جیاواز ژیان بەکارهێنراوە، بەم کارەی نەوەکانی بە سەقەتی پەروەردە کردووە و پێگەیاندووە، ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە مرۆڤێکی بەرهەم هێناوە کە لەناو قوولترین قەیرانی «کەسێتی»دا گیری خواردووە و دەگوزەرێت. کاتێ دەڵێین دەستدرێژیکردن لەنێو بونیادی کۆمەڵایەتی کوردیدا هەبووە، مانای ئەوە نییە ئەو وردە کولتوورەش لە یاد بکەین کە لەناو هەمان کۆمەڵگادا بەدەر بووە لەم دیاردە و نەزعە ناشیرینە، حەتمەن ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کۆمەڵگایە لە ڕەهەندی مرۆڤدۆستی خاڵی نییە، بەڵام ڕاستی تاڵ ئەوەیە کە هەمیشە مەرگدۆستی بەسەر ژیندۆستیدا زاڵ بووە. ئەگەرنا لەنێو وردە کولتووری کوردی عەقڵییەتی کۆمەڵایەتی کراوە دەبینرێ.

**سەرچاوەکان:**

**١- عن الحرية- جون ستيوارت ميل، ترجمة: عبدالكريم احمد، ٢٠٠٠.**

**٢- المجتمع والعنف، تأليف فريق من الاختصاصين، ترجمة: الأب الياس زحلاوي، ١٩٧٥.**

**٣- عن الحرية- جون ستيوارت ميل، ترجمة: عبدالكريم احمد، ٢٠٠٠.**

**٤- شوناس و ئاڵۆزی، مەریوان وریا قانیع، ٢٠٠٤.**



# ئەلفرێد ئادلەر

**د. کەریم شەریف قەرەچەتانی**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)**

## پێشەکی

ئەگەر بمانەوێت بە باشی لە تیۆرەکان بگەین، ئەوا دەبێت شارەزای ئەو کەشوهەوا و بارودۆخ و سەردەمە بین کە تێیدا لە دایک بووە، لەبەر ئەوەی هەر کات و سەردەمێک فاکتەر و ڕووداو و کاریگەری تایبەت بەخۆی هەیە و شوێن پەنجەی خۆی لەسەر بیروباوەڕ و بیرکردنەوەی تاکەکانی دەبێت. بۆ نموونە تیۆرەکانی شیتەڵکردنەوەی دەروونی کە (فرۆید) و (یۆنگ) دایانڕشت، لە کەشوهەوا و بارودۆخێکدا لە دایک بوون کە کاریگەری فیزیا و بایۆلۆژی بەشێوەیەکی تایبەتی و سروشتزانی (علم الطبیعة) بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی ئەو سەردەمە (واتە سەدەی نۆزدەیەم) زۆر زۆر بوون، کە بەو شێوەیە سەیری مرۆڤ دەکرا کە سیستمێکی ئاڵۆز و ئاوێتەیە لە وزە و لە ڕێگەی پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە پارێزگاری لەخۆی دەکات. مەبەستی سەرەکیش لەو پێوەندییە بریتییە لە مانەوە و زۆربوونی جۆر و گەشەکردنی بەردەوام و پێشکەوتنی مرۆڤ. لە هەمان کاتیشدا هەموو جۆرە پرۆسە دەروونییەکانی تر کە کەسایەتی پێک دەهێنن، لە خزمەتی ئەو ئامانجەدان، بەپێی تیۆری گەشەکردن، هەندێک لە کەسایەتییەکان زیاتر گونجاوتر و بەتواناترن و باشتر دەتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن، هەر ئەم بۆچوونانە بوون کە کاریگەرییان لەسەر (فرۆید) و

(یۆنگ) هەبوو. لە بەرانبەر کاریگەری بایۆلۆژیا و فیزیا و زانستە سروشتییەکاندا، بۆچوون و ڕێبازێکی تر هاتە گۆڕەپان و بە پێچەوانەی ڕاڤەکردنی فیزیکی و بایۆلۆژی لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤی دەکرد. لە کۆتایی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەم هەردوو زانستی کۆمەڵزانی و ئەنترۆپۆلۆژی سەریان هەڵدا و زۆر بە خێرایی سەرنجی توێژەر و زانا و ڕۆشنبیرانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و جەختیان لەسەر گرنگی فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان دەکردەوە و لەو بیروڕایەدا بوون کە مرۆڤ دەرئەنجام و بەرهەمی ئەو کۆمەڵگاو داو و دەزگا کۆمەڵایەتیانەیە کە تێیدا دەژی و کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتییە زیاتر لەوەی کەسایەتییەکی بایۆلۆژی بێت. ئیتر وردە وردە ئەم بۆچوونە کۆمەڵایەتیانە بۆ ناو بواری سایکۆلۆژیا دزەیان کرد و ڕەنگدانەوەی خۆیان هەبوو، بوونە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری بایۆلۆژیا و فیزیا و هۆکارە بۆماوەییەکان، ژمارەیەک لە دەروونزانانی بواری شیتەڵکردنەوەی دەروونی لە پرانسیپە سەرەکییەکانی شیتەڵکردنەوەی دەروونی و لێکدانەوەکانی (فرۆید) و (یۆنگ) هەڵگەڕانەوە و بە گومان بوون لە ڕۆڵی سەرەکی پاڵنەرە بایۆلۆژی و بۆماوەییەکان و پشتگوێ خستنی فاکتەر و هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان. هەر لەبەر ئەوە دووبارە دەستیان کرد بە دووبارە داڕشتنەوەی پرانسیپەکانی شیتەڵکردنەوەی دەروونی لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕێبازە کۆمەڵایەتییە. چوار کەڵە دەروونزانی بەناوبانگی بواری شیتەڵکردنەوەی دەروونی پێشڕەوییان کرد بۆ داڕشتنەوەی شیتەڵکردنەوەی دەروونی و گرنگیدان بە هۆکار و فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوانیش بریتی بوون لە (ئادلەر و کارین هۆرنی و ئیریک فرۆم و هاری سلیڤان)، بەڵام لەناو هەر چواریاندا (ئەلفرێد ئادلەر) بە گرنگترین و سەرەکیترین دەروونزان دادەنرێت بۆ دامەزراندنی بۆچوون و ڕێبازی دەروونی و کۆمەڵایەتی نوێ بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ. لەبەر ئەوەی هەر لە ساڵی (١٩١١) دژی بۆچوونەکانی فرۆید وەستاو ناکۆکی کەوتە نێوانیان و بۆچوونەکانی فرۆیدی لە بارەی سێکس و گرنگی لە کەسایەتی مرۆڤدا ڕەت کردەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو دەستی کرد بە دانانی تیۆرێکی تایبەت بەخۆی بەناوی (سایکۆلۆژیای تاکی - علم النفس الفردي)، کە لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی بونیادی نا، کۆڵەکەکانیش بریتی بوون لە حەز و گرنگی و ئارەزووە کۆمەڵایەتییەکان و کارکردن لەپێناوی سەرکەوتن.

### ئادلەر و سایکۆلۆژیای تاکی

ئەلفرێد ئادلەر لە ساڵی (١٨٧٠) لە ڤیەننا لە دایک بوو. لە ساڵی (١٩٣٧) لە سکۆتلەندا کۆچی دوایی کرد. ئادلەر لە ساڵی (١٨٩٥) مۆڵەتی پزیشکی لە زانکۆی ڤیەنا وەرگرت و لەسەرەتادا پسپۆڕی لە نەخۆشیەکانی چاودا وەرگرت، دوای ئەوەی ماوەیەک لەبواری پزیشکی گشتیدا کاری کرد ئینجا دەستی کرد بەکارکردن لە بواری دەروونزانیدا، ئادلەر یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ڤیەننا بۆ شیتەڵکردنەوەی دەروونی و دواتریش بۆ ماوەیەک بوو بە سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە، بەڵام دوای ماوەیەک کەوتە ناکۆکی لەگەڵ فرۆید و هاوەڵانی لە (کۆمەڵەی ڤیەننا)، دوای قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان، داوای لێکرا کە بیروبۆچوونەکانی لە کۆمەڵە باس بکات، دوای باسکردنی بیروبۆچوونەکانی لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەکەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر توند بووەوە، ئەویش لەبەر ئەوە لە ساڵی (١٩١١) وازی لە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی ڤیەننا هێناو دوای چەند مانگێک لەو ڕووداوە بۆ یەکجاری هەموو پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ شیتەڵکردنەوەی دەروونی (فرۆید) پچڕی و تیۆرێکی تایبەت بەخۆی بونیاد نا، بەناوی (سایکۆلۆژیای تاکی) کە زۆر لایەنگر و دۆستی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ئادلەر زۆر بە ئاشکرا دژی ئەو گریمان و بۆچوونەی فرۆید وەستا، کە دەڵێ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەلایەن ڕەمەکی بۆماوەیەکی (غرائز فطرية)وە دەجووڵێندرێ، لە هەمان کاتیشدا ئەو بۆچوونەی یۆنگ ڕەت دەکاتەوە کە لەو بڕوایەدایە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەلایەن جۆرە سەرەتاییە بۆماوەییەکانەوە (أنماط أولية فطرية) کۆنترۆڵ دەکرێت، بە پێچەوانەی ئەوانەوە (ئادلەر) لەو بڕوایەدایە کە پاڵنەر و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەجووڵێنن و بەرپرسیارن لێی، واتە مرۆڤ خۆی بە کەسانی ترەوە گرێ دەدا و حەز و ئارەزووی هاوکاریکردن

و یارمەتیدانی کەسانی تری هەیە و بەرژەوەندی کەسانی تر دەخاتە پێش بەرژەوەندی خۆیەوە. ئادلەر لەو بڕوایەدا نییە کە مرۆڤ لە ئەنجامی بەکۆمەڵایەتیکردن و پەروەردەوە دەبێت بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ئەو حەز و ئارەزووە کۆمەڵایەتییەی بۆماوەییەوە هەر لەدوای لە دایک بوونەوە خاوەنییەتی کەواتە دەتوانین بڵێین (ئادلەر)یش وەک فرۆید و یۆنگ بۆچوونی بۆماوەیی هەیە، واتە بە بڕوای هەرسێکیان مرۆڤ سروشتێکی بایۆلۆژی هەیە و بەرپرسە لە دروستکردنی کەسایەتی، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە فرۆید جەختی کردبووە سەر (سێکس) و (یۆنگ)یش جەختی کردبووە سەر جۆرە سەرەتاییە بۆماوەییەکان و ئادلەریش سوور بوو لەسەر گرنگی حەز و ئارەزووی کۆمەڵایەتی، هەر ئەم گرنگیدانەی (ئادلەر) بە حەز و ئارەزووی کۆمەڵایەتی (إلاهتمام الاجتماعي) هۆکاری جیابوونەوەی ئادلەر و فرۆید بوو، لەبەر ئەوەی ئەم لایەنە گرنگە لەلایەن (فرۆید) و (یۆنگ)ەوە پشتگوێ خرابوو. ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە کە گرنگترین و بە بایەخترین کاری (ئادلەر) لە بواری سایکۆلۆژیادا ئەوەبوو کە سەرنجی توێژەر و پسپۆڕانی دەروونی بۆ لای گرنگی هۆکار و فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان ڕاکێشا. یەکێکی تریش لە داهێنان و بەشدارییەکانی ئادلەر ئەوەبوو کە چەمکی خودی داهێنەر (الــذات الخلاقة)ی هێنایە ناو بواری تیۆرەکانی کەسایەتییەوە. بە پێچەوانەی (من) لەلای فرۆید کە لە کۆمەڵێک پرۆسەی سایکۆلۆژی پێک دێت و لە خزمەتی مەبەست و مەرامەکانی ڕەمەکە بۆماوەییەکانە، (خود) لەلای ئادلەر سیستەمێکی خودی و کەسی زۆر گرنگە و شارەزایی و ڕاوبۆچوونەکانی مرۆڤ ڕاڤە و لێکدەداتەوە و مانای خۆیان دەداتێ. هەروەها لەلایەکی تریشەوە (خود) بەدوای ئەو زانیاری و شارەزاییانەدا دەگەڕێت کە یارمەتی تاک دەدات بۆ ئەوەی شێوازی تایبەتی دانسقەی خۆی لە ژیاندا بۆ بێتەدی. ئینجا ئەگەر ئەو زانیاری و شارەزاییانە لە جیهانی دەرەوەدا دەست نەکەوتن، ئەوا ئەوکاتە (خود) هەوڵ دەدات کە دروست و خەڵقیان بکات. لە ڕاستیدا ئەم چەمکی (خودی داهێنەر)ە لە شیتەڵکردنەوەی دەروونیدا نوێیە و هەوڵدانێک بوو بۆ دانانی لە جێگەی پێداویستییە بایۆلۆژی و ورووژێنەرە دەرەکییەکان کە بەردەوام فرۆید و هاوەڵانی و ژمارەیەکی تر لە دەروونزانان هەوڵیان دەدا لە ڕێگەیانەوە جووڵە و کارکردنی کەسایەتی مرۆڤی لێک بدەنەوە.

**ئادلەر ئەو بۆچوونەی یۆنگ ڕەت دەکاتەوە کە لەو بڕوایەدایە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەلایەن جۆرە سەرەتاییە بۆماوەییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت**

شایانی ئاماژە بۆکردنە یەکێکی تریش لە خاسیەت و ڕەهەندەکانی تیۆرەکەی (ئادلەر) کە جیایشی دەکاتەوە لە فرۆید و هاوەڵەکانی، گرنگیدانی ئادلەرە بە تاکایەتی و تایبەتمەندێتی کەسایەتی. ئادلەر لەو بڕوایەدا بوو کە هەموو کەسێک داڕێژراو و پێکهاتەیەکی دانسقە و بێ هاوشێوەیە لە کۆمەڵێک پاڵنەر و سیمات و حەز و ئارەزوو و بەها، هەر چ کردار و ڕەفتارێکیش تاک بە ئاکامیان بگەیەنێ، ئەوا تایبەتمەندی و شێوازی تایبەتی خاوەنەکەی پێوە دیارە و زۆر جیاواز دەبێت لە کردار و ڕفتاری یەکێکی تر، لەبەر ئەوەی هەرکەسە و لە ژیان خاوەنی شێوازی تایبەتی خۆیەتی.

وەک لە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، ئادلەر زۆر لە نرخ و گرنگی ڕەمەکی سێکسی فرۆیدی کەم کردۆتەوە و لەو بڕوایەدابوو کە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە نەک بوونەوەرێکی سێکسی، واتە حەز و ئارەزووە کۆمەڵایەتییەکان نەک سێکسیەکان دەیجووڵێنێ و گرنگیان لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هەیە، هەروەها ئەو کەم و کورتی و هەستکردن بە کەمیەی کە هەیەتی تەنیا تایبەت نییە بە لایەنی سێکسی، بەڵکو درێژ دەبێتەوە و سەرتاپای لایەنەکانی تری کەسایەتی دەگرێتەوە، واتە لایەنە جەستەیی و دەروونیەکانیش. مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کە شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبێت لە ژیاندا و لەم هەوڵدانەشدا پاڵنەرە سێکسیەکان ڕۆڵی لاوەکی نەک سەرەکی دەبینن. لە ڕاستیشدا ئەو ڕێگایەی کە لەمیانەیەوە پێداویستیە سێکسیەکانی تێر دەکات، لەلایەن شێوازی تایبەتیەوە لە

ژیان دیاری دەکرێت نەک بە پێچەوانەوە، ئەم بۆچوونەی ئادلەر لە بارەی سێکس و کەمکردنەوەی لە نرخ و هێنانە خوارەوەی لەو تەخت و پلەوپایەی کە فرۆید بۆی دیاری کردبوو، لەلایەن زۆر کەسەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

لەلایەکی تریشەوە ئادلەر هەست (شعور)ی کرد بە سەنتەری کەسایەتی، واتە بە بڕوای ئادلەر، مرۆڤ بوونەوەرێکی هەستیە و هۆکار و سەرچاوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی خۆی دەزانێ و لە هەمان کاتیشدا هەست و درک بە کەم و کورتیەکانی خۆی دەکات، ئەو ئامانجانەی کە هەوڵیان بۆ دەدات. لەوەش زیاتر مرۆڤ هەست بە (خودی) خۆیشی دەکات و توانای نەخشە و پلان دانانیشی هەیە و دەتوانێ ئاراستە و شێوازی کار و فەرمانەکانیشی دیاری بکات، کە ئەمەش پێچەوانەی تەواوی بیروبۆچوونەکانی فرۆیدە کە لەو بڕوایەدا بوو هەست ڕۆڵی زۆر کەم و لاوازە و کێش و بوونی لەچاو نەستدا (لاشعور) هەر نییە.

**ناوەڕۆک و جەوهەری تیۆرەکەی ئادلەر**

تیۆرەکەی ئادلەر یەکێکە لە تیۆرە سادەکان و لە ڕێگەی ژمارەیەک چەمکی دیاریکراوەوە کەسایەتی مرۆڤ ڕاڤە دەکا، دەتوانین لە ڕێگەی ئەم چەمک و خاڵانەی لای خوارەوە تاڕادەیەکی باش شارەزای تیۆرەکەی (ئادلەر) ببین:

**١- ئامانجە کۆتاییە وەهمیەکان**

دوای ماوەیەکی کەم لەجیابوونەوەی ئادلەر و فرۆید، ئادلەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری فەلسەفە و بۆچوونەکانی هانز ڤایهینگەر «Hans Vaihinger» بەپێی فەلسەفە و بۆچوونەکانی (ڤایهینگەر)، مرۆڤ لەسەر کۆمەڵێک بیروباوەڕی وەهمی و خەیاڵی دەستکرد دەژی کە هیچ وێنە و هاوشێوەیەکی لەژیانی واقیعیدا نییە، لەوانە (هەموو مرۆڤ یەکسانن و بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی دروستکراون) (ئەمانەت و دەستپاکی باشترین ڕێگایە) (ئامانج پاکانە بۆ شێواز دەکات). بە بڕوای (ڤایهینگەر) ئەم وەهم و خەو و خەیاڵە دروستکراوانە یارمەتیدەری مرۆڤن و توانا و هێز و گوڕی تایبەتی دەدەنێ بۆ ئەوەی بەرەنگاری واقیع ببێتەوە، هەر چ کاتێکیش پێویستی پێیان نەما و گرنگییان نەما، ئەوا مرۆڤ دەتوانێت وازیان لێبهێنێ، ئینجا ئادلەر ئەم بیروباوەڕە فەلسەفیەی (ڤایهینگەر)ی قۆستەوە و لەگەڵ تیۆر و شێوازەکەی خۆی گونجاندی. وەک دەزانین فرۆید گرنگییەکی زۆری بە هۆکار و ڕەمەکە بایۆلۆژی و بۆماوەییەکان و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی قۆناغی منداڵی دابوو و بە هۆکار و سەرچاوەی بونیادنانی کەسایەتی لە قەڵەم دەدا، بەڵام ئادلەر لەمیانەی فەلسەفە و نووسینەکانی (ڤایهینگەر)ەوە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەو بۆچوونەی فرۆید ڕاست نییە و چارەنووسی مرۆڤ پەیوەست نییە بە ڕابردوو و ڕووداوەکانییەوە، بەڵکو پەیوەستە بە داهاتوو و پێشبینییەکانی. واتە ئەگەر کەسێک ئەو بڕوایەی لەلا دروست بوو، بڕوای وابوو کە بەهەشت هەیە و پاداشتی باوەڕدارانە و دۆزەخیش لانە و جێگای خودانەناسانە، ئەوا ئەو بیروباوەڕەی کاریگەری زۆری لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەبێت، ئینجا بە بۆچوونی ئادلەر ئەم ئامانجە وەهمیانە هۆکاری خودی و ناوەکین بۆ ڕووداوە دەروونیەکان، ئادلەریش وەک یۆنگ لەو بڕوایەدایە کە تیۆرەکەی فرۆید بەپێی پرانسیپی هۆکارەکان (العلیة) کە لە ڕابردوودان کاردەکات، بەڵام تیۆرەکەی ئەو (واتە ئادلەر) بەپێی پرانسیپی مەبەست و ئامانج (الغائیة) کە لە داهاتوودایە کاردەکات. واتە بە بۆچوونی (ئادلەر) ناتوانین لە ڕێگەی هۆکار و هێز و پاڵنەر و ڕەمەکانەوە لێکدانەوە و ڕاڤەی ڕاست و تەواو بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤی بکەین، بەڵکو تەنیا دەتوانین لە ڕێگەی ئامانجی کۆتاییەوە ئەو کارە بکەین، لەوانەشە ئەو ئامانجی کۆتاییە وەهم بێت، واتە نموونە و هیوا و ئاواتێکە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک پێی ناگات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر جووڵێنەرێکی گرنگە و کاریگەری خۆی لەسەر مرۆڤ هەیە و هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە دەتوانین لێکدانەوە و ڕاڤەی کۆتایی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی پێبکەین، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە ئادلەر لەو بڕوایەدایە کە مرۆڤی ئاسایی و ساغ و دەروون دروست لەکاتی پێویستدا دەتوانێت خۆی لەدەست ئەو جۆرە ئامانجە وەهمیانە ڕزگار بکات و ڕووبەڕووی واقیع ببێتەوە، بەڵام مرۆڤی نەخۆش و دەمارگیر و عەسەبی ناتوانێت بەم کارە هەڵبستێت.

**٢- هەوڵ و کۆشش لەپێناوی سەرکەوتن**

باشە ئامانج و مەبەستی کۆتایی، واتە دوایەمین هیوا و ئاواتی مرۆڤ چییە کە بەردەوام هەموو کەس هەوڵی بۆ

**لە داهێنان و بەشدارییەکانی ئادلەر ئەوەبوو کە چەمکی خودی داهێنەری هێنایە ناو بواری تیۆرەکانی کەسایەتییەوە**

دەدەن و وا لە کەسایەتی دەکات کە بگاتە سەقامگیری و تایبەتمەندێتی خۆی؟ لە هەنگاوی یەکەم ئادلەر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو ئامانجە شەڕخوازییە (العدوان) زۆر لە سێکس گرنگترە، بەڵام دوای ماوەیەک ڕاوبۆچوونی گۆڕی و لە هەنگاو و قۆناغی دووەم گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئامانجی کۆتایی (ویستی هێزە) (إرادة القوة)، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەش نەماو لە قۆناغی سێیەمی بیروبۆچوونی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دوایەمین ئامانج و مەبەست بریتییە لە هەوڵ و کۆشش لە پێناوی سەرکەوتن. کەواتە بیرکردنەوەی ئادلەر لە بارەی دوایەمین ئامانج و مەبەستی مرۆڤ لە ژیان بە سێ قۆناغدا تێپەڕی ئەویش ئەوەیە (کە شەڕخواز و دەستدرێژی کار بێت، و بەهێز و گوڕ و تین بێت، هەروەها سەرکەوتوو بێت).

ئادلەر ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە مەبەستی لە سەرکەوتن، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی یان سەرکردایەتی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو مەبەستی لەسەرکەوتن وەک چەمکی (خود)ی یۆنگ و پرانسیپی (هێنانەدی خود) (تحقیق الذات)ی گۆلدشتاین وایە، واتە کار و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە کەماڵی تەواو و بێ کەم و کورتی، جۆرێکە لە گەورەترین پاڵنەر بۆ پێشەوە، بەڵام لێرەدا پرسیارێک قووت دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە، باشە ئەم هەوڵدان و کۆششە بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە کەماڵە لەکوێوە دێت؟ لە وەڵامدا ئادلەر دەڵێت ئەوە بۆماوەییە و بەشێکە لە ژیان و سروشتی مرۆڤایەتی، لە ڕاستیدا هەرخۆی ژیانە نەک بەشێک بێت لە ژیان. واتە هەر لەکاتی لە دایک بوونەوە هەتا مردن ئەم هەوڵ و کۆششە بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە کەماڵ لەگەڵ مرۆڤدایە، لە قۆناغێکی نزمەوە بۆ قۆناغێکی بەرز و دواتر بەرزتری دەبات و وەک داینەمۆیەک کاریگەری لەسەر بزواندن و جووڵاندنی مرۆڤ هەیە، واتە هەموو پاڵنەرێک هێز و گوڕ و تین لە (هەوڵدان لەپێناو سەرکەوتن) وەردەگرێت. لەلایەکی ترەوە ئادلەر دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە هەوڵ و کۆشش کردن لەپێناو سەرکەوتن بە هەزارەها شێواز و ڕێگا گوزارشت لەخۆی دەکات، واتە هەرکەسە و شێواز و ستایلی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ گەیشتن بە کەماڵ و سەرکەوتن، بۆ نموونە کەسی نەخۆش و دەمارگیر و عەسەبی لەپێناو ڕێزگرتنی خود و هێز و گەورەیی و لووتبەرزی تێدەکۆشێت، بەواتایەکی تر لەپێناوی ئامانجی تایبەتی و خۆپەرستیدا تێدەکۆشێت، بەڵام مرۆڤی ئاسایی و ساغ و دەروون دروست لەپێناوی ئامانجە گشتی و کۆمەڵایەتیەکاندا تێدەکۆشێت، بەڵام چۆن بە وردی شێوە و شێوازە تایبەتی و دیاریکراوەکانی (هەوڵدان لەپێناوی سەرکەوتن) لەلای تاک دەردەکەوێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت شارەزا و ئاگاداری چەمکی (هەستکردن بەکەمی) ئادلەر ببین، تا لە ڕێگەیەوە شارەزای بواری دەروونی و ڕەفتاری تاکەکانی ببین (هول و لندزی).

### هەستکردن بە کەمی و قەرەبووکردن

پێش ئەوەی ئادلەر بێتە گۆڕەپانی دەروونییەوە، واتە کاتێک هێشتا کاری پزیشکی گشتی دەکرد، گرنگی زۆری بە بیرۆکەی (کەم و کورتی جەستەیی و ئەندامی) و چۆنێتی قەرەبوو کردنەوەی دەدا هەر لەو کاتەوە بەردەوام بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕا کە هۆی چییە و لەبەرچی مرۆڤ تووشی ئازار، یان نەخۆشییەکی دیاریکراو دەبێت و بەشێکی لەشی، یان ئەندامێکی دیاریکراوی تووشی دەبێت و بەشەکانی تری تووش نابێت، لەکاتێکدا کەسانی تر بەشێکی تریان تووشی نەخۆشی دەبێت؟ بۆ نموونە هەندێک کەس تووشی نەخۆشی دڵ دەبن، بەڵام هەندێکی تر تووشی نەخۆشی سی یان سنگ یان گەدە دەبن، واتە نەخۆشییەکان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئادلەر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە هۆی سەرەکی ئەوەیە کە ئەو بەش و ئەندامەی تووشی نەخۆشی دەبێت، کەم و کورتی تێدایە و وەک بەش و ئەندامەکانی تر بەهێز و پتەو نییە، ئینجا ئەو کەم و کورتییەیان بۆ هۆکاری بۆماوەیی، یان بۆ گەشەکردنی نائاسایی دەگەڕێتەوە. ئادلەر ئەوەشی ڕوون کردەوە کە ئەو کەسەی کەم و کورتی لە بەشێکی جەستەیی هەبێت، ئەوا هەوڵدەدات لە

ڕێگەی ئیشکردن و چالاکی و ڕاهێنانی بەردەوامەوە قەرەبووی ئەو بەشەی بکاتەوە و بەهێزی بکات. بۆ ئەم مەبەستەش ئادلەر کەسێکی وەک «دیموستین» بە نموونە دەهێنێتەوە، کە چۆن لە قۆناغی منداڵیدا زمانی تەتەڵەی دەکرد و بەزەحمەت قسەی دەکرد، بەڵام دواجار لە ئەنجامی ڕاهێنان و چالاکی بەردەوامەوە بوو بە گەورەترین گوتاربێژی جیهانی. هەروەها نموونەیەکی تریش کەسێکی وەک «تیودر ڕۆزڤێلت»ە کە لە منداڵیدا زۆر لاواز و بێدەسەڵات بوو، کەچی لە ئەنجامی ڕاهێنان و چالاکی بەردەوامەوە گەشەی بەخۆی دا و بوو بە پیاوێکی زۆر بەهێز و پتەو، دوای ئەوەی ئادلەر کتێبێکی لە بارەی (کەم و کورتی جەستەیی) بڵاوکردەوە، ئیتر پەرەی بە بیرۆکەی (کەم و کورتی جەستەیی و ئەندامی)دا و گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەم نوقستانی و کەم و کورتیە هەموو لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانیش دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی هەستکردن بە ناکامڵی و باش جێبەجێنەکردنی کار و چالاکییەکان سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە منداڵ هەستکردن بەکەمی دەیجووڵێنێ و پاڵی دەنێت، بۆ ئەوەی بە ئاستێکی بەرز لە گەشەکردن بگات. ئینجا کاتێکیش دەگاتە ئەو ئاستە، دووبارە ئەو هەستکردن بە کەمییە پاڵی پێوە دەنێ و دەیجووڵێنێ بۆ ئەوەی بە ئاستێکی بەرزتر بگات، بەم شێوەیە بەردەوام مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو هەستکردن بە کەمییەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت، بە بۆچوونی ئادلەر ئەم هەستکردن بەکەمییە نیشانەی نەخۆشی و نوقستانی نییە لە کەسایەتی مرۆڤدا، بەڵکو ئەمە هۆکار و سەرچاوەی هەموو ئەو پێشکەوتنانەیە کە مرۆڤ بەدەستیان دەهێنێ، بەڵام هەندێک جار لە ئەنجامی پەروەردەی هەڵەی وەک (نازدار بەخێوکردنی منداڵ و گرنگی پێدانی زیاد لە پێویست یانی سووکایەتی پێکردن و کەمکردنەوە لە نرخی منداڵ و پشتگوێ خستنی) زیادەڕۆیی لەم هەستکردن بە کەمییەدا دەکرێت و زیانی گەورە بە کەسایەتی دەگەیەندرێت و دوورنییە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێک نەخۆشی و گرفتی دەروونی وەک (گرێی هەستکردن بەکەمی) یان (گرێی قەرەبووکردنەوەی زیاد لە پێویست)، بەڵام لەبارودۆخی ئاساییدا هەستکردن بە کەمی، یان هەستکردن بە کەم و کورتی بە گەورەترین و گرنگترین هێزی پاڵنەر لەلای مرۆڤ دادەنرێت. واتە پێداویستی زاڵبوون بەسەر کەم و کورتیەکان پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت وەک چۆن حەز و ئارەزووی سەرکەوتن بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێت.

### گرنگیدانی کۆمەڵایەتی

لەسەرەتا، ئادلەر ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر توند بووەوە، لەبەر ئەوەی کە وای بۆ دەچوو سروشتی مرۆڤ شەڕخوازە و بەدوای هێز و پاوانکردندا وێڵە، سەرەڕای گرنگیدانی بە پاڵنەرە خۆپەرستیەکانی مرۆڤ و پشتگوێ خستنی پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکان.

هەندێک لە نەیارانی ئادلەر لەو بڕوایەدابوون کە (هەوڵدان و کۆشش بۆ سەرکەوتن)ی ئادلەر وەک هاواری جەنگ وایە کە مرۆڤە سۆپەرمانەکەی نیتشە دەیکات، هەروەها باشترین و بەوەفاترین هاوڕێی دروشمی (مانەوە بۆ باشترین)ەکەی داروینە، لەبەر ئەو ڕەخنە و تیر و توانجانە ئادلەر زیاتر پەرەی بە بۆچوونەکانی لەبارەی مرۆڤدا و بۆ ئەوەی فاکتەری (گرنگیدانی کۆمەڵایەتیش) لە خۆی بگرێت. هەرچەندە (گرنگیدانی کۆمەڵایەتی) چالاکی و بابەتەکانی وەک (هاوکاری) پێوەندی هاوبەش و کۆمەڵایەتی، لاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی...تاد، لەخۆ دەگرێت، بەڵام ماناکەی لەلای ئادلەر زۆر لە ئەوە بەرفراوانترە. بە بڕوای ئادلەر مانای کۆتایی و سەرەکی (گرنگیدانی کۆمەڵایەتی) بریتییە لە هاوکاری و یارمەتیدانی تاک بۆ کۆمەڵەکەی بۆ ئەوەی بە ئامانجی خۆی بگات، کە ئەویش کۆمەڵگایەکی تەواو بێکەم و کورتیە، ئادلەر لەم بارەیەوە دەڵێت: (گرنگیدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە قەرەبووکردنەوەی ڕاستەقینەی هەموو ئەو کەم و کورتیە سروشتیانەی کە تاکەکانی ڕەگەزی مرۆڤ بەدەستیانەوە دەناڵێن و ئەم قەرەبووکردنەش ڕاکردن لە دەستی نییە و هەردەبێت ببێت).

**هەرکەسە و شێواز و ستایلی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ گەیشتن بە کەمال و سەرکەوتن**

**هەندێک لە نەیارانی ئادلەر لەو بڕوایەدابوون کە (هەوڵدان و کۆشش بۆ سەرکەوتن)ی ئادلەر وەک هاواری جەنگ وایە کە مرۆڤە سۆپەرمانەکەی نیتشە دەیکات**

مرۆڤ هەر لە یەکەم ڕۆژی لە دایکبوونییەوە لەناو چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەژی و زۆربەی دابینکردنی پێداویستیەکانی پەیوەستە بە کەسانی ترەوە. یەکەمین شێوەی پێوەندی و هاوکاریکردنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پێوەندی نێوان دایک و منداڵ، دواتریش تۆڕی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرفراوانتر دەبێت و لە ئەنجامی هاوکاری و پێوەندی هاوبەش کەسایەتی دروست دەبێت و زۆربەی پێداویستیەکانی (هەوڵدان و کۆششی بۆ سەرکەوتن) بۆ دابین دەکرێت. بەم شێوەیەش (هەوڵدان و کۆشش بۆ سەرکەوتن) مۆرک و خاسیەتی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت و نموونەی باڵا و ئامانجەکانی کۆمەڵگا جێگای خۆپەرستی و بەرژەوەندی تایبەتی دەگرێتەوە. واتە لە ڕێگەی کارکردن بۆ بەرژەوەندی گشتی، مرۆڤ قەرەبووی کەم و کورتیە تاکی و تایبەتیەکانی دەکاتەوە. کەواتە ئادلەر بەلایەنگری دیموکراسیەت و دادوەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

بە بڕوای ئادلەر (گرنگیدانی کۆمەڵایەتی) بۆماوەییە و مرۆڤ هەر لەکاتی لە دایک بوونەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە نەک لە ڕێگەی پەروەردە و بە کۆمەڵایەتیکردن و فێربوونەوە ببێت بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەم ئامادەباشییە بۆماوەییە وەک هەموو ئامادەباشییەکانی تر هەر لەخۆیەوە گەشە ناکات، بەڵکو پێویستی بە کەشوهەوای گونجاو و ڕاهێنان و ئاراستەکردن هەیە. هەر لە ئەنجامی ئەم بڕوایەی بە پەروەردە و فێرکردن بوو کە کاتێکی زۆری خۆی بۆ (ڕێنماییکردن و چارەسەرکردنی منداڵان و چاککردنی بارودۆخی قوتابخانەکان و بەکارهێنانی شێوازی ڕاست و دروست لە پەروەردەکردنی منداڵدا) تەرخان کرد.

### شێوازی ژیان

ئەمە دروشمی تیۆری کەسایەتییە لەلای ئادلەر و بابەتێکە بەردەوام لە نووسینەکانی ئادلەر دووبارە دەبێتەوە، هەروەها یەکێکیشە لە خەسڵەت و مۆرکە دیارەکانی تیۆرەکەی. شێوازی ژیان بریتییە لەو پرانسیپی سیستەمەی کە لە ڕێگەیەوە کەسایەتی تاک کار و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات، واتە ئەو هەمووەیە (الکل) کەوا فەرمان بەسەر بەشەکاندا دەکات و ئەو پرانسیپەشە کە تاکایەتی و تایبەتمەندێتی کەسەکانمان بۆ لێک دەداتەوە، لەبەرئەوەی هەرکەسە و خاوەنی شێوازی ژیانی تایبەتی خۆیەتی، واتە دوو کەس نییە یەک شێوازی وەک یەکیان هەبێت، باشە دەبێت ئادلەر مەبەستی ورد و تایبەتی لەم چەمکە چی بێت؟ لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر زەحمەت و دژوارە، لەبەر ئەوەی ئادلەر لەبارەیەوە زۆری باس کردووە، سەرەڕای ئەوەش زۆر شتی جیاواز و هەندێک جار دژ بەیەکیشی لەبارەی وتووە، هەروەها زۆر زەحمەتیشە بتوانرێت جیاوازی لەنێوان شێوازی ژیان و چەمکێکی تر ئادلەر کە ئەویش (خودی داهێنەر)ە بکرێت. بە بۆچوونی ئادلەر، هەموو کەس هەمان ئامانجیان لە ژیاندا هەیە، ئەویش سەرکەوتنە، بەڵام سەدان بگرە هەزاران ڕێگا و شێوازی جیاجیا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەیە و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕدرێت.. بۆ نموونە یەکێک دەیەوێت لە ڕێگەی گەشەپێکردنی توانستە عەقڵیەکانیەوە سەرکەوتوو بێت، بەڵام یەکێکی تر هەموو هەوڵ و کۆششەکانی بۆ کەمالی ماسوولکەیی و سەرکەوتن لە بواری جەستەیی تەرخان دەکات. واتە شێوازی ڕۆشنبیر جیاوازە لە شێوازی کەسێکی وەرزشوان. لە ژیان هەریەکەیان شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە مرۆڤی ڕۆشنبیر دەخوێنێ و دەخوێنێتەوە و شەیدای کتێبە و زیاتر حەز بە تەنیایی و دانیشتن لە کتێبخانە دەکات ئەگەر بەراورد بکرێت بە مرۆڤێکی وەرزشوان و چالاک کە زۆربەی کاتی خۆی بەڕاکردن و ڕاهێنان و چالاکی وەرزشی جۆراوجۆرەوە خەریک دەکات، واتە سەرجەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تاک لە شێوازی ژیانیەوە هەڵدەقوڵێت

و سەرچاوە دەگرێت و ئەم هەموو شتانە هەست و درک پێدەکات و دەیانپارێزێت کە لەگەڵ شێوازی ژیانیدا دەگونجێت، ئەو شتانەش پشتگوێ دەخات کە لە تەک ئەو شێوازەیدا چونیەک نییە. بە بۆچوونی ئادلەر شێوازی ژیان لە سەرەتای ژیاندا واتە لە دەوروبەری تەمەنی چوار پێنج ساڵیدا دروست دەبێت، ئیتر لەوکاتەوە مرۆڤ شارەزایی و زانیاری و ڕووداوەکانی ژیان بەپێی ئەو شێوازە تایبەتی و دانسقەیەی خۆی وەردەگرێت و مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. بێگومان ئەم شێوازەش سەرچاوەی دروستبوون و وەرگرتنی زۆربەی ڕاوبۆچوون و ئاراستە و هەست و سۆزەکانی تاکن و زۆر زەحمەت و دژوارە بتوانرێت لە قۆناغەکانی تر شێوازی ژیان بگۆڕدرێت، هەرچەندە دەکرێت تاک ڕێگای نوێ بۆ گوزارشتکردن لە شێوازی ژیانی نوێی فێر ببێت، بەڵام تەنیا بریتییە لە چەند نموونەیەکی دیار و ڕووکەش و تایبەتی و هەمان شێوازی سەرەکی و بنەڕەتی کە لە سەرەتای ژیاندا دروست بووە. (غنیم ١٩٧٥، ص٥٤٤ - ٥٤٥).

لێرەدا پرسیارێک دەکرێت ئەویش ئەوەیە: باشە چی شێوازی ژیان لەلای تاک دیاری دەکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئادلەر دەڵێت، تاڕادەیەکی زۆر جۆری ئەو کەم و کورتیانەی کە کەسەکە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، شێوازی ژیان دیاری دەکات، ئیتر ئەو کەم و کورتیانە ڕاستی و واقیعی بێت یان وەهمی و دروستکراو بێت، چونکە شێوازی ژیان قەرەبووکردنەوەی کەموکورتییەکی دیاریکراوە، بۆ نموونە ئەگەر منداڵێک جەستە و لەش و لارێکی لاواز و نەخۆشی هەبێت، ئەوا شێوازی ژیانی ئەو شێوە و چالاکیانە لەخۆ دەگرێت کە دەبنە هۆی پتەوکردن و بەهێزکردنی جەستە و ئەندامەکانی لەشی، هەروەها منداڵی دەبەنگ و نەزان هەوڵ و کۆشش دەکات لە پێناوی بەدەست هێنانی سەرکەوتنی عەقڵی. ئادلەر لەو بڕوایەدابوو کە شێوازی ژیانی ناپلیۆن کە بریتی بوو لە داگیرکردن و زوڵم و ستەم لە ئەنجامی کورتە بالاییەوە بووە، هەروەها سۆز و پەرۆشی هیتلەر بۆ دەستدرێژی سێکسی و کۆنترۆڵکردنی هەموو جیهان، لە ئەنجامی کەم و کورتی سێکسی و بێدەسەڵاتی بوو لەو بوارەدا. هەرچەندە لە سەرەتادا ئادلەر خۆی بڕوای بەم جۆرە لێکدانەوەیە هەبوو، بەڵام دواتر بە گومانەوە سەیری دەکرد و بیری لە شێواز و لێکدانەوەی بەهێزتر و ئاڵۆزتر دەکردەوە، تا گەیشتە دۆزینەوەی پرانسیپ و بزوێنەرێکی تر کە ئەویش (خودی داهێنەر) بوو.

### خودی داهێنەر

کاتێک ئادلەر چەمکی خودی داهێنەری دۆزیەوە، ئەو بڕوایەی لەلا دروست بوو، کە ئەو گەیشتۆتە دوا قۆناغەکانی تەواو کردنی تیۆرەکەی و ئەم (خودی داهێنەر)ەی بە داینەمۆ و بزوێنەری سەرەکی کەسایەتی مرۆڤ. خودی داهێنەریش وەک هەموو لایەن و چەمکەکانی تری کەسایەتی چەمکێکی گریمان و کورتکراو و ناوەکییە و زۆر زەحمەتە وەسف بکرێت و لە چوارچێوەی پێناسەدا دابنرێت، لەبەر ئەوەی تەنیا هەست بەکاریگەری و شوێنەوارەکەی دەکەین و ناتوانین خۆی ببینین، بەڵام ئادلەر لەو بڕوایەدایە کە خودی داهێنەر شتێکە و دەکەوێتە نێوان ئەو وورووژێنەرانەی (المنبهات) کە کاریگەریان لەسەر مرۆڤ هەیە و ئەو وەڵامدانەوانەی کە ئەو مرۆڤە لە بەرانبەر وورووژێنەرەکان دەیکات. واتە دەکەوێتە نێوان وورووژێنەر و وەڵامدانەوەکان (المثیرات و الاستجابات). ناوەرۆک و جەوهەری چەمکی (خودی داهێنەر) ئەوەیە کە مرۆڤ کەسایەتی خۆی دروست دەکات و لە ماددەی خاو و سەرەتایی بونیادی دەنێ. بە بۆچوونی ئادلەر (خودی داهێنەر) وەک هەوێن وایە و کاریگەری لەسەر ڕاستی و ڕووداوەکانی جیهان هەیە و ئەم ڕاستی و ڕووداوانە بۆ کەسایەتی خودی و یەکگرتووی بزوێنەری خاوەن جوولە دەگۆڕێ، کە ئەم کەسایەتییەش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و دانسقەیە و لە هەمان کاتیشدا شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە، واتە خودی داهێنەر مانا و تاموچێژ بە ژیان دەدات و لە هەمان کاتیشدا ئامانجی ژیان دەخولقێنێ و دواجاریش ئەو شێواز و ستایلەش دەخولقێنێ کە لەڕێگەیەوە مرۆڤ بەو ئامانجە دەگات، بە واتایەکی تر

**شێوازی ژیان بریتییە لەو پرانسیپی سیستمەی کە لە ڕێگەیەوە کەسایەتی تاک کار و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات**

هیچ جیـاوازیەکی ئەوتۆی لەگـەڵ گیـان (ڕۆح)ی کـۆندا نییە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین ئادلەر تیۆرێکی بۆ کەسایەتی مـرۆڤ بونیـاد نـا کـە جـیـاوازیەکی زۆر زۆری لەگـەڵ بۆچوونەکـانی مـرۆڤ لە بارەی مـرۆڤـەوە هەبوو، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی مرۆڤانە سەیری مرۆڤی دەکرد و لەو بڕوایەدابوو کە مرۆڤ خاوەنی زۆر خاسیەت و سیفاتی وەک (هاوکاری، داهێنان، دڵسۆزی بۆ کۆمەڵ)ە کە وای لە مـرۆڤ کرد هەست بە کـەرامـەت و توانای مـرۆڤـانەی خۆی بکات، کە ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی فرۆیدە لەبەر ئەوەی فرۆید بە چاوێکی نزم و نامـرۆڤـانە سـەیری سروشتی مرۆڤایەتی کردووە. کەواتە بۆچوونەکانی ئادلەر لەگەڵ بۆچوونەکانی زۆربەی خەڵک یەک دەگرێتەوە، ئەوە کە مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە ببێت بە گەورە و سەرداری چارەنووسی خۆی نەک بە کۆیلەی.

### پلەی لەدایکبوون و کەسایەتی

بە بۆچوونی ئادلـەر جـیـاوازی لەنێـوان کـەسـایـەتی منداڵانی خێزاندا بەپێی پلەی لە دایکبوونیان هەیە، واتە جیاوازی لەنێوان کەسایەتی نۆبەرەو ناوەنجی و بچووکدا هەیـە. لەبەر ئـەوەی هەریـەک لـەو منداڵانـە ڕووبەڕووی مـامـەڵە و شـێـواز و شـارەزایی و ڕووداوی جـیـاواز لە یەکتری دەبنەوە. بۆ نموونـە منداڵی گەورە (نۆبەرە) هەتا منداڵی دووەم دەبێت، گـرنگیـەکی زۆری پێـدەدرێت و دەبێت بە سـەنتـەر و چەقی گرنگیـدانی دایک و باوک و کـەسـانی تر، بەڵام دوای ئەوەی منداڵی دووەم لە دایک دەبێت، ئەوا یەکسەر زۆر لەو گرنگی و پلە و پایەی خۆی لـە دەست دەدات و دایـک و باوک ســـــەربـاری ئـەو، گـرنگیش بـە منداڵی دووەم (ناوەنجی) دەدەن، کـە ئەم ڕووداوەش بەشێوازی جۆراوجۆر کار لە منداڵی دەکات، بۆ نموونە لەوانەیە ڕقی لە خەڵکی ببێتەوە، یان خۆی لە ڕووداو و شتی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو بپارێزێت، یان هەست بە ئاسایش و دڵنیایی نەکات.

لەلایەکی تریشـەوە منداڵی یەکـەم توانای ئەوەی هەیە کە گرنگی بە ڕابردووی ئەوکاتە خۆشانە بدات کە خۆی تێیدا سەنتەری گرنگی پێدان و ڕێزگرتن بووە. بە بڕوای ئادلەر زۆربەی نەخۆش و خـاوەن گـرفـتـە دەروونیـەکـان و تاوانباران و سەرخۆشان لەو کەسانەن کە منداڵی یەکەمن (واتە نۆبـەرەن)، بەڵام ئەگــــەر بێت و دایـک و باوک بەزیرەکی و دانایی مامەڵە لەگەڵ منداڵی یەکەم بکەن و پێش ئەوەی منداڵی دووەم لەدایک بێت، ئامــادەباشی ئەوەی لەلا دروست بکەن کـە بتـوانێت پێـشـــوازی لە منداڵی دووەم بکات، ئەوا ئەم منداڵە نۆبەرەیە دەتوانێت وەک پێویست گەشە بکات و بەرپرسیـاریەتی لە ئەستۆ بگرێت و کـەسێکی ئاسایی بێت و لەلادان و سـەرەڕۆیی دوور بکـەوێتـــەوە، بەڵام منداڵی دووەم یان ناوەڕاست زیاتر خـاوەن (طمـوح)ە و بەردەوام هەوڵ دەدات بەسـەر برای گەورەیدا سەرکەوێت، سەرەڕای ئەوەش زیاتر حەز بە یاخیبـوون و ئێـرەیی و حەسـوودی دەکـات، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا توانای خۆ گـونجـاندنی باشـترە لە هەردوو برای (گـەورە و بچـووکی). لە بەرانبـەر ئەوەشـدا ئادلەر لەو بڕوایەدایە کـە منداڵی بچووک منداڵێکی نازدارە و دوور نیـــیـــە لەدوای منداڵی گـــەورە ڕووبەڕووی لادان و سـەرەڕۆیی و گـرفت و نەخۆشی دەروونی ببێـتـەوە. ئەوە مـاوە بڵـێین کـە زۆر توێژینەوە و لێکۆڵـینەوە لەسـەر ئەم بۆچوونـانەی ئادلەر کـراوە، بەڵام زۆربەی دەرئەنجـامـەکـان لایەنگری ئەم بۆچوونانەی ئادلەر نین و بەو شێـوەیە نییـە کـە ئەو بۆی دەچێت و کـەسـایەتی منداڵەکـانی (یەکـەم و ناوەڕاست و بچووک) شیتەڵ دەکاتەوە.

زۆر لـە دەروونـزانـان لـەو بـڕوایـەدان کـــــــە ئـادلـەر دامـەزرێنەری ڕێبـازی مرۆڤـایەتیـیـە لەبەر ئەوەی گـرنگی زۆری بە هەوڵ و کـۆشـشـەکـانی مـرۆڤ داوە لەپێناوی هێنانە دی ئامانجە کۆمەڵایەتیە پۆزەتیڤەکان (الوقـفي، ٢٠٠٣، ص٥٨٣)، سەرەڕای ئەوەش ئادلەر زۆر گەشبین بووە بەرانبەر چارەنووسی مرۆڤ و ئەو بڕوایەی هەبوو کە لەتوانای مرۆڤدایە کە بەرەو باشترین شێوەی ژیان بڕوات و کێشـە و گیروگرفتـەکان کەم ببێتـەوە و ژیان خۆشتر بکرێت.

# مۆدێلی هێز

وای بۆ دەچم پێکهێنەرێکی سەرەکی جوانی هەریەکێکمان خۆی لەم جیاوازییە ببینێتەوە کە ڕۆژانە خۆمانی پێوە نمایش دەکەین بەرامبەر بە ئەوانێکی تر، لێرەش وا پێویست دەکات ڕەهەندەکانی ئەم جیاوازییانەمان پۆزەتیڤانە لێکبدەینەوە. بۆیە گومانی ناوێت بۆچوونی هەریەکێکمان بەرامبەر دیاردەی (مۆدێل) دەشێ جیاوازبێت هەروەکو وایشە. کاتێ سەیری کۆمەڵگەی عیراقی بەگشتی و کورد بەتایبەتی دەکەین ئەوا دەبینین لە هەنگاوەکانی گۆڕانیان زۆر ترسنۆکانە لێی نزیک دەبنەوە، دیارە ئەمەیش پێوەندی بەو کولتوورەوە هەیە کە بۆتە تایبەتمەندییەکی دیاریان کە دابڕان لێی بەلایانەوە ئەستەمە، مۆدێلیش لەخۆیدا پێوەندییەکی جەدەلی بە لایەنی کەلەپووری کۆمەڵگە خۆی لەلایەک و کۆمەڵگە و باری دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە خۆشیان لەلایەکی ترەوە هەیە. ئەوەتا چەند هەست بە دڵخۆشی دەکەین کاتێ جلێکی نوێ دەپۆشین یا ئۆتومبێلێکی دوا مۆدیل دەخەینە ژێرمان، بەرامبەر ئەوە دەشێ جارانێک هەستمان بە دڵتەنگی کردبێت کاتێ بۆ ماوەیەکی درێژ جووتێک پێڵاومان کردبێتە قاچمانەوە یا تەنیا بەیەک جۆر جل گەشتمان کردبێت. ئەمانە هەموویان پێوەندییان بەم پێویستییە دەروونییانەوە هەیە کە مرۆڤ هەست دەکات لە ژینگەکەی بۆتە پێویستییەک و ناتوانێ خۆی لێیان ببوێرێت. لە ئەمرۆشماندا (مۆدێل) بۆتە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی کە ناشێ لەم جیهانە هەراسانە خۆمانی لێ بەدووربگرین، کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان وەک پیشەیەکی هەمیشەییان قسەیان لەسەر داهێنان بەگشتی هەیە، لە بەرامبەر ئەوەشدا بەردەوام بەرخۆرن و حەز بەمانەوەش دەکەن لەم حاڵەدا، بێگومان بەرخۆریش وێڕای دروستکردنی تەمبەڵی ئەوا لە هەمانکاتیش جۆرێک لە ڕازیبوونی کۆمەڵگە و تاکەکانی لێدەکەوێتەوە، یا تەنانەت گۆڕان بەناچاری و لەژێر هەرگوشارێک بێت (مۆدێل)یش (Fashion) لەخۆیدا لە وشەیەکی لاتینی (واتای ئاکار و جلوبەرگ یا داهێنان یا دروستکردنی هەر شتێک دەدات). لاییێری گەورە زانا پێی وایە کە مۆدێل (نموونەی چەندین ئاکاری کاتییە). بێگومان خودی

**ستار باقی کەریم**

ئەم کۆمەڵگە کوردییەی ئێمەش وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری ڕۆژهەڵات لاساییانە هەنگاو دەنێت و لە هەمان کاتیش بۆ دوو بەشی دژەیەک دابەش بووە (نوێخواز و کۆنەپارێزەکانن) کە لە هەردوو لایەنەکەدا گومان لە یەکتر هەیە، واتە بەهۆی حەزی ئەم کۆمەڵگەیە لە لاسایی و زوو گەیشتنە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و هەستی پرسیار لە دەستکەوتی یەکتر. مۆدێلیش وەک خەسڵەتێکی هەمیشەیی گۆڕان لە منداڵدانی خۆیدا هەڵدەگرێ، هەروەک هەر یەکە لە ڕالف تێرنەر و لویس کلیان دەڵێن مۆدێل ئەو پرۆسەیە کە گۆڕان بڵاودەکاتەوە، لەبەرئەوە جاران هەندێ جلوبەرگ بە لای خەڵکەوە جوان و شایستەبوون بۆ پۆشین، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و هەروەها گۆڕانی زەمەن و شوێنەکەیان هەمان جلوبەرگ سەردەمیان بەسەردەچێ و هیچ ڕەونەق و جوانییەکیان لە چاو سەردەمی کۆنی خۆیان بۆ ئێستا پێ نامێنێ. ئێمە وەکو کۆمەڵگەی کوردەواری خودان کولتوورێکی دەوڵەمەندی جلوبەرگی ئافرەتان و پیاوانین، بەڵام کوا ئەو جلانەی کە جاران باوانەکانی ئێمە دەیانپۆشی، ئایا ئەمانە زۆر شێلگیرانە داکۆکییان لەم کولتوور و کەلەپوورەی ئەوسایان نەدەکرد؟ بێگومان، بەڵام ئەنجام؟! ئەمڕۆش هەمان پرۆسە لە ئارادایە، بەڵام ئەمجارە لەژێر گوشاری هێزدایە، هێزێک کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکات، مۆدێلی ئەمجارەش بواری بۆ کۆنزەرڤاتیزمەکان بەرتەسکتر کردۆتەوە، تاکە ڕێگەش لەبەردەم ئێمەدا مابێتەوە وەک جاران (لاساییکردنەوەکەیە) کە بواری هەڵاوێردنی هەموویمان نەماوە، ئەمەش بەهۆی نامۆییمان بە شتە نوێکان و خودی پرۆسەی گلۆباڵ. سەرەڕای ئامادەباشی دەروونی لە پێشینەیی کۆمەڵگەکەمان بۆ خێرا گۆڕان و لاساییکردنەوە. گابریل تارد دەڵێ: (هەموو ڕەگەزە مۆدێرنەکانی شارستانییەت لە ڕێگەی کەسانی ئەفرێنەر دادەهێنرێت، لەلایەن جەماوەریشەوە لاسایی دەکرێتەوە، بۆیە دەرکەوتنی ئاکاری کۆمەڵایەتی پێویست بە بوونی دوو پرۆسە دەکات، ئەوانیش پرۆسەی داهێنان و لاساییکردنەوەیە لەلایەن جەماوەرەوە) وەک لەمەوبەر ئاماژەم پێدا ئەم لاساییکردنەوەی ئێمە داهێنانی تێیا نییە تەنیا پیادەکردنی شتەکانە، کاتێ حکومەتی بەعس لەسەر کار مابوو لە ڕێگەی گوشار و هێزەوە توانیبووی جلی (زەیتوونی سەوز) بکاتە مۆدێلێک و ڕێزیشی بۆ دابنرێت لەلایەن خەڵک و تەنانەت کار گەیشتبووە ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر بیکەن بە جلی کوردی و بیپۆشن، ئەمەش لایەنێکی تری سایکۆلۆژیەتی مرۆڤەکان و کاریگەری مۆدێلمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەڵبەت ئەم پیادەکردنەش وەک هەر دیاردەیەکی تری داهێنان سەرەتا لە کەمینەیەک دەستی پێکرد تا بوو بە پیادەکردنی زۆرینە، کەمینەیەکی دەسەڵات بە دەست و خاوەن هێز، کە دەتوانم بڵێم تا ئێستاش لەنێو هێزەکانی ناوخۆ و سوپایی ئەم ڕەنگ و شێوە پیادە دەکرێت، ئەمەش مانای وێنەکردنی ئەو مۆدێلە بوو کە بەعس لە ڕێگەی دامودەزگاکانی پیادەیان دەکرد. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە مانای زاڵبوون و هەروەها داگیرکردنی عەقڵ و جەستەی دەدا. ئیبن خەلدوون دەڵێ: (کاتێ شەڕ لەنێوان دوو نەتەوە یا لایەن ڕوودەدات، ئەوا دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ گۆڕینەوەی کولتووری و ئاوێزانبوونیان ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕان) بەردەوام کەمینە لە ڕوانگەی بینینی (ئەوی تر) و خۆ دۆزینەوەی لە کەمبینین و نەزانی هەوڵی لاسایی و پێڕەوکردنی پۆشاک و سیما و ئاکاری ئەوی تر دەکات. هیچ پرەنسیپ و ڕووداوێک لە داهێنان و نمایشکردنی جۆرێک لە مۆدێل بێبەری نییە جا دەشێ مۆدێلەکە زمانێکی سیاسی یا تێرم و قازانج و جۆرێکی زێدەبایی ئابووری یا هەر جۆرێکی میتۆدی بێت لە ڕووی گوفتار و ئاکارەوە. تەنانەت کاتێ سەیری مێژووی سەرجەم ئایینەکان دەکەین ئەوا جۆرێک لە داهێنانیان هێناوەتە بوون، بەڵام دەشێ زۆربەیان ئەو جۆرە مۆدێلەی دایان هێناوە ئەبستراکت کرابن یاخود دەستکاری کردنیان گوناه و تاوان بووبێت، بۆ نموونە لە ئایینی ئیسلامدا داوای کورتکردنەوەی سمێڵ و هێشتنەوەی ڕیش دەکات، بەم شێوە کاتێ موسڵمان دەستی گەیشتبێتە هەر شوێنێک هەوڵی پراکتیزەکردنی ئەم مۆدێلەی بەخۆشی یا بە گوشار داوە. ئەمە سەرەڕای چەندین بیدعە و ئیجتهاداتی تری ئایینی وەکو کورتکردنەوەی شەرواڵ و پانتۆڵ یا لەبەرکردنی دیشداشە و شەرواڵی سپی وەک ئەوەی لە (ئەفغانستان) بینیمان. ئەم هەموو مۆدێلانە خاوەن هێزی بڕیار بەدەست لەسەر جێبەجێکردنیان دەوەستێ، واتە دەشێ کۆمەڵێ بەرهەڵستکار هەبن، بەڵام ئاخۆ ڕووبەڕووی چ سزایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبنەوە؟ بێگومان ئەو مۆدێلەی ئایین دایدەهێنێ دەشێ لە هەر جۆرێکی تری مۆدێل تەمەن درێژتر بێ، بۆ نموونە بەکارهێنانی (سیواک) ئەوا کاتی خۆی لەلایەن (پێغەمبەر و یاوەرانی) بەکاردەهات یا ئەو جلوبەرگانەی لەمەوبەر باسمان کردن، ئەوا تا ئێستاش ئەگەر لەلای کەمینەیەکیش بێ، بەڵام پراکتیزە دەکرێن. دەشێ لێرەدا

بگەڕێینەوە سەر جلی سەربازی کۆنی ڕژێمی ڕووخاو کە لە ئێستا گۆڕاوە بۆ جۆرێکی تر کە لە هێزی (ئەمریکی) دەچێت یا تەنانەت هەر داهێنراوێکی ئەمریکییە و هەوڵێکی تری گلۆبالیزەکردن و هاوچەشنی مەکدۆنالیزەکردنە، سەرەڕای شێوە و جۆری پێڵاوە سەربازییەکانی ئێستا تەنانەت شێوازی هەڵگرتنی چەکیش گۆڕانی تێکەوتووە. ئەمە سەرەڕای هەوڵدان بۆ بەگشتیکردنی میزاجی ئەمریکی و یا ڕۆژئاوایی وەک ئەوەی (رادیۆ سەوا) هەوڵی بۆ دەدات. لە بەرامبەر ئەوەش گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان وەک دواچارە (سەربڕین و هەتککردنی) نمایش دەکەن بۆ ساردکردنەوەی خەڵک لە بەرامبەر گۆڕانەکان و تەنانەت وازهێنان لە جۆری تاشینی قژ بەشێوەی مۆدێلی ڕۆژئاوایی وەکو (حەفر، دیکی، دالاس...) بێگومان کۆمەڵگەی ڕۆژهەلات بەم شێوە بەرخۆریەی هەیانە درەنگتر وەلامیان بۆ گۆڕان و پراکتیزەی مۆدێلەکان دەبێت لە چاو ئەو کۆمەڵگەیانەی خۆیان داهێنەری شتەکانن، ئەمەش واتای ئەوە دەدات ئەم کۆمەڵگەیانەی ئێمە ئەرشیفکراوانە دەست بۆ شتەکان دەبەن و کەلەپوورانە لە ناوەڕۆک و مۆدێرنانە لە ڕوخسار ڕەفتار دەکەن، تەنانەت ئەگەر لاوێکیش بێت ئەوا لە ئەقڵیدا پیرێک دەبیات بەڕێوە، ئەمە سەرەڕای ئەو چاو لە ڕێبوونەی کە بە ئیمتیازێکی گەورەی دادەنێن. بێگومان لێرەدا مۆدێل تەنیا لایەنی جلوبەرگ ناگرێتەوە، بەڵکو (بیناسازی، جلوبەرگ، تەکنەلۆجیا، ئامێر..) دەگرێتەوە. کولتووری کۆمەڵگەی کوردەواریش هەر لە دوای سەردەمی مادەکانەوە زۆر زیاتر کەوتۆتە ژێر گوشاری هێز. جا من مەبەستی سەرەکی بابەتەکەم کۆمەڵگەی کوردەوارییە، بێگومان دوای داگیرکردنی ولاتانی دەرەوەی شاری (مەککە) لەلایەن هێزە موسڵمانەکان ئەوا لەژێر گوشاری هێز گۆڕانێکی نیمچە ڕیشەیی بەسەر کۆمەڵگە ژێرکەوتووەکان لەوانە (کورد) لە هەموو لایەنەکانی ژیانی فەرهەنگی و کولتووری رووی دا، تا وای لێهات بەخۆشی و ناخۆشی دەستبەرداری هەندێ تایبەتمەندی کولتووری، ئایینی کۆمەلایەتی بوونەوە. سەرەڕای هێرشی موسڵمانەکان دەکرێ لە ڕۆژگاری کۆن زۆر داگیرکەری تری وەکو هێرشی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) بۆ سەر ولاتانی ڕۆژهەلات رووی دا سەرەڕای لایەنە نێگەتیڤەکانی، بەلام لە هەمان کاتدا لایەنی پۆزەتیڤیشی بۆ شارستانییەتی فارسی لێکەوتەوە، بێگومان ناکرێ ئەو هەموو بەرهەڵستیانەش لە یادبکەین کە دەرهەق بە هێزە داگیرکەرەکان نوێنراوە، لەوانەش بەرهەڵستی توندی گەلانی (چین و مەنشوریا) لە بەرامبەر داگیرکاری هێزە یابانییەکان کە بەشێوەیەکی زۆر کەم کاری کردە سەر کولتوور و فەرهەنگی ئەم گەلانە لەو کاتەدا گەر سەیری گەلی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بکەین ئەوا بەردەوام لەژێر دەسەلاتی کەمینەیەکی دەسەلات بەدەست بەڕێوە براون و بە هەمان شێوەش چەوسێنراونەتەوە، بەلام گەلی کورد لەوەتەی هەیە داگیرکراوە ئەم داگیرکردنەش بۆتە بەخشینی تایبەتمەندییەکی کولتووری (لاساییکردنەوە) ئەگەرچی ئەوە بە خەسڵەتێکی زۆربەی گەلانی دنیا دادەنرێت، بەلام تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لە هەموو تاکەکانی گەلێکی تر زیاتر بە تەنگ لاساییکردنەوەن، ئەم لاساییکردنەوەش هەروەکو تارد باسی دەکات کاتێ دەڵێ (دەتوانین سەرچاوەی لاساییکردنەوە لە چەندین ڕێگەوە بەدی بکەین لەوانە هێنانە ناوەوە لە ڕێگەی هێزی سەربازی، تەکنەلۆجی، یا بازرگانی) دیارە ئەوەی یەکەمیان لەم کۆمەڵگەی ئێمە زۆر زیاتر بەدی دەکرێت بەتایبەتی لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق جلی سەربازی ئەمریکی بوو بە مۆدێلێکی نوێی سەربازی عیراق، سەرەڕای ئەو هەموو ئامێرە تەکنەلۆجیانەی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خزێنرانە ناو عیراقەوە، تەنانەت لایەنی چەک و تەقەمەنیش لێی بێبەش نەبوو، ئەمەش مانای بێ سانسۆری دەدات کە لە هەرە سەرەکیترین خواستەکانی (مۆدێل)ە، چونکە دەیەوێت بە هەموو جۆرێک خۆی نمایش بکات. کورد و تاکەکانیشی وەکو گەلێکی برسی ئەم چەندان ساڵ دواکەوتن و داخرانە کۆمەلایەتییانەی تێیدا ژیان، زۆر زیاتر هەڵپەی لاساییکردنەوە و گۆڕانن. سەرەڕای ئەو بەتاڵییەی نێوەندە کۆمەلایەتی و ئابوورییە کە بەتایبەت لە ڕێگەی ئەو کۆچە بەردەوامەی لە کوردستان بەرەو هەندەران دەکرێت ڕێگەی لاساییکردنەوە و خێراتر وەرگرتنی زۆربەی شتە ڕۆژئاواییەکان، ئەمە سەرەڕای دەرکەوتنی بازارێکی نیمچە ئازاد لە کوردستان ئەمەش لە ڕێگەی ئەو دواکەوتووییەوە دێت کە ئەم کۆمەڵگە تەلقینییە و ڕۆحانییە بەخۆیەوە دەبینێ، ئەمەش ڕێگەی ئیستغلالکردنی ئەم کۆمەڵگەی ئاسانترکرد بۆ بە ڕۆژئاواییکردنی تەنانەت میزاجی خواردنیش وەکو کردنەوەی چێشتخانە بەناوی (واشنتۆن) یا دروستکردنی (پیتزا) و چەندانی تر. (ئەو کەسانەی کە بازرگانن یەکەمین شتێک کە بیگوازنەوە سەر ڕۆشنبیری سوودمەند

ئەوا کـەلوپەلی بازرگـانیـیـە، لە هەمـان کـاتدا ئەگـەر مـــوژدەبەر بـێت ئـەوا بەهای ئـایدیـۆلۆژیای ئـاییـنی دەگوازێتەوە، بەڵام ئەگەر داگیرکەر و سەربازی بن ئەوە بەهای ماددی و مـەعنەوی لە یەک کـاتدا دەگـوازنەوە) هەموو ئەمە واتای ئەوە دەدات کە دوێنێی تاکڕەهەند وای کـردبوو خـەڵک لەسـەر ئاییـنی پادشـاکـانیـان بن، واتە خودی خەڵکەکە نمایشی ئاکار و ڕەفتاری پادشاکانیان دەکـرد وەک ئەوەی لەلای سـەرۆکی عـوسـمـانلیـیـەکـان لەلایەنی (ڕیش و سـمـێڵ) یا ئەوەی لەلایەن خـودی حوکمی قەرەقۆشەوە پیادە دەکرا، یا ئەو ڕەنگ و شێوازی جلوبەرگـەی سـەرۆکی ڕووخـاوی لەمـەوبەری عـیـراقی دەیکردە بەر لێــرەوە هەمـــوو خـــەڵک بریتی بوون لە نموونەیەکی بچووککراوەی پادشا یا سەرکردەکانیان، بەڵام ئەمـڕۆ پادشـا لە لێکدانەوەی ڕەهەندە جـیـاوازەکـانی کۆمەڵگە خۆی دەبینێتەوە، دیارە لەوەشیاندا ئازادبوونی کـۆمـەڵگەی عـیـراقی ئەگـەر لە ڕووی سیـاسـیـیـەوە لە دیکتـــاتۆرێک بێت ئەوا لەلایەنی هزری، ئابووری و کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە، هەربۆیە ئێستا جۆرەها ئامێر بۆتە تێرم و باسی خەڵکی خوێندەوار و نەخوێندەوار وەکو تێرمەکانی (مۆبایل، سەتەلایت، دیجیتال، مارێنز،...) کـە هەمـوو ئـەمـانە دەلالـەتن لە بوون و پراکـتـیـزەکـردنی جۆرێکی مۆدێل جا جلوبەرگ یا ئامێرەکانی ماڵەوەبن، جا دەشێت بەکارهێنانی هەموو ئەمانە بۆ ماوەیەکی کاتی بێت وەکـو کـۆڵـەگـەیەکی سـەرەکی و پێکهـێـنەرێکی بنەڕەتی مۆدێل کە دەشێ بۆ ماوەیەکی کورت بێت، بەڵام ئەوەی بەلای زل هێـزەکـان یا داگـیـرکـەرەکـانەوە گـرنگە ئەوەیە (گـۆڕان) لە کـۆمـەڵگە ژێرکـەوتووەکـە دروست بکەن، دواتر خـودی کـۆمـەڵگە تەنویم دەبێت بە گـۆڕانی زیاتر تا وای لێـدێت خـۆیان گـۆڕان لە خـۆیاندا دروست بکەن. لەم مـیـانەشـدا نوێکردنەوەی لایەنێکی ژیان لە ئێـسـتـا بەواتای بوون و داهێنانێکی نوێتر بەزیادەوە لە ئێـســـتـــا بەدی دەکـــرێت. بێگومـــان ئەو پرۆســەی پیـــادەکـــردنەش ســـەرەڕای نمایشکـردنی خـــود وەک پیادەکەرێکی نوێ یا داهێنراوێکی سەردەم لە جلوبەرگ و ئۆتۆمـبـێل و خـانوو و تەلار، ئەوا لایەنێکی دەروونی گـرنگ لە پشـتـەوەی هەر مـۆدێلێک یا نوێداهێنانێک هەیە، چونکە مـرۆڤ لە سروشـتی بایۆلۆجی خـۆیەوە لە هەمـان کـاتدا بەبێ ویسـتی خۆیشی بە گـۆڕان دێتـە ناو ژیانەوە، گۆڕانێک هەموو لایـەنەکانی جەستە و دەروونی دەگرێتەوە، تەنانەت میزاجیش دەگرێتەوە و تا کار دەگاتە سەر گۆڕانی تاک لە ئۆرگانێکی بایۆلۆجییەوە دەگۆڕێت بۆ ئۆرگانێکی کۆمەڵایەتی. ئالێرەوە هاوکێشەی گۆڕان لە هەموو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەییەوە یەکتربڕانە کاردەکەن بە مەبەستی نوێکردنەوەی ئێستا لە چاو دوێنێـیـــەکی تاکـــڕەهەند یا لـەســـەرخــۆ گـــۆڕاو. گۆڕانەکـانی ئەمڕۆش هێندە خێـران وای کردووە دەروونی مـرۆڤـەکـانـیش بەم ئاراسـتـەیە ڕێبکەن بە ئومـێـدی سەقـامگیـریەک لەم ژیانە کـە هەرگـیـز تا سـەر نابێت، چونکە خـودی مـرۆڤی گـۆڕاو لە هەمـان کـاتیش بگۆڕە، بەردەوام مرۆڤیش لە ژێر دوو گـوشـاردایە: گـوشـارێکی فـسـیــۆلۆجی و ئەوی تریش ئیکۆلۆجـیــیــە. لێــرەوە پێـویسـتـیـیـەکان مرۆڤەکـان ناچار دەکەن سەوداسەری داهێنان و بە لاساییکردنەوە ببن بە مەبەستی دابینکردنی داخوازییەکانی هەردوو گوشار یا هاوسەنگ ڕاگرتنیان بەشـێـوەیەکی کـاتی. ئیـتـر لێـرەوەش هێـز بەدەست، بە بەردەوامی بەدوای قۆستنەوەی بۆشاییەکان دەگەڕێ بە مـەبەسـتی دروسـتکردنی بازاڕێک تا کڕیار بۆ ویست و داهێنانەکـانی خـۆی پەیدا بکات. بۆیە سـەرەکـیـتـرین بنکەی ئەو بازاڕانە کۆمەڵگە داخراو و دواکەوتووەکانە یا گەلانی تامەزرۆن. بۆیە ئەمڕۆش لە کۆمەڵگەی عیراقی بەگـشـتی و کـۆمـەڵگەی کـوردەواری بەتایبەتی زیاتر لە هەرە زەقترین شتێک کە تیایدا بەدی بکرێت خێراگۆڕانی و پێـــشـــوازیکردنە لە هەر (مـــۆدێلێک) لە هەمـــوو لایەنەکانی وەکو: پۆشاک، ئۆتۆمبێل، تەکنەلۆجیـا، خانوبەرە و تەلار... و تاد.

**سەرچاوەکان:**


**١- الناطور، د. شحادة الناطور، د. احمد عويدات وآخرون. مدخل الى تاريخ الحضارة. ص(١٤)**

**٢- خلدون، ابن خلدون، مقدمة. ص١٤٧.**

**٣- الكعبي، حاتم الكعبي، السلوك الانساني، ص٣٤٧.**

**٤- الحسن. د. احسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية، ص٢٢٢.**

**٥- الحسن. د. احسان محمد الحسن، رواد الفكر الاجتماعي، ص٤٥.**



# خوێندنەوەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای هۆسرل

ئازاد خدر

لە ڕاستیدا فەلسەفەی ئیدمۆند هۆسرل بەگشتی کاردانەوە بوو دژی هەڵوێستی سروشتی Natural attitude بۆ جیهان و بوونی مرۆڤ. بە مانایەکی دیکە، فینۆمینۆلۆژیا- ترانسندینتالیەکەی (واتە دیاردەگەرایی باڵابووەکەی: الظاهراتیة المتعالیة) میتۆدی زانستە سروشتییەکان بۆ توێژینەوە لە پرۆسە سایکۆلۆژییەکان تەرخان دەکات، ئەم فەیلەسووفە ئەڵمانییە بڕوای وابوو کە میتۆدی زانستە سروشتییەکان (فیتش)یانە مامەڵە لەگەڵ دیاردە دەروونییەکاندا دەکات (لەنێو خزاندنیان بۆناو هەژموونی کات و شوێن). هۆسرل جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دیاردە دەروونییەکان جیاوازن لە دیاردە سروشتییەکان (چونکە شەپۆلی هەست بەخۆیانەوە دەگرن). واتە مانای هەست ئەوەیە کە (تاک- individual) هەست بەشتێک دەکات، چونکە شتەکان لای ئەم تاکە لە ڕێگای ئامانجخوازیی (قصدیة) هەستەکەیدا مانا (Signification) ساز دەکەن. لەبەر ئەوە هۆسرل دژایەتی هەڵوێستی سروشتی کرد کە لەلای ئەو نایەڵێ مرۆڤ لە هەست (Sense) و ئەزموونی هەست بگا، چونکە ئەم هەڵوێستە (شێوەی دەرەکی ڕووکەشانە) بەسەر ئەم ئەزموونەدا دەسەپێنێ و دەستەمۆی دەکا:

هەستکردن بە دیاردە دەروونییەکان تەنیا بەڕاقەی هزریی بۆ ئامانجخوازیی (یاخود مەبەستخوازیی) هەست دەستەبەر دەکرێ بەبێ هیچ بیرۆکەیەکی پێشینەیی (قبلي). هۆسرل ویستی ئەپستمۆلۆژیای (زانستی مەعریفە)ی (خودی شتەکان) بۆ دۆزینەوەی (جەوهەری

دیارده هەستییەکان) دەستەبەر بکا:

(essence of sense phinomina) بە شێوەیەک کە دیاردە ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە (بەبێ هیچ ئامرازو فاکتەرێکی میانگیری دەرەکی) گوزارشت لە هەستی مرۆڤ بکات.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوە فینۆمینۆلۆژییەکەی هۆسرل، بریتی بوو لە ڕاڤەکردنی (جەوهەری شتەکان) لە ڕێگای خەملاندنی یاخود پێشبینی پێشینەیی هزر لەو پرۆسەیەدا. هەر لەبەر ئەوە، دەتوانین بڵێین یەکەمین هزرمەندی ڕۆژئاوایی بوو کە (جەوهەرە فینۆمینۆلۆژییەکانی) بەراورد کرد لەگەڵ سایکۆلۆژیادا. دەستەواژەی (ڕاستی- Truth) لای ئەو بریتی بوو لە (شێوەی تاک کە لە خاڵێکی دیاریکراوی کاتدایەو شێوەو ناوەرۆکی ڕاستەقینەی هەیەو کە لە جەوهەریدا دەتوانێ ئامادەبێ لەهەر خاڵێکی کاتدا). لەلایەکی دیکەوە، (جەوهەرەکان- essences) لای ئەو (مەرجە پێشینەییەکان و پێویستییەکانی شتەکانن). دەڵێ (دەستەواژەی جەوهەر لێرە تەنیا ئاکارە جەوهەرییەکانی توخمە ئەمپریکییەکان (تاقیگەییەکان) نین، بەڵکو خەسڵەتە چۆنایەتییەکانی توخمی- یاخود جنسی -gen re (ئامانج)ن، کە بەپێی ئەم خەسڵەتانە بوونی ئەم توخمە هەڵدەوەشێتەوە.

وێڕای ئەوەی کە جەوهەرەکان لە ڕاستییە گومان هەڵنەگرەکاندا بەرجەستە دەبن، بەڵام لە دەرەوەی سنووری (کات و شوێندان)، چونکە ئەم جەوهەرانە شێوەی هەمیشەبوونی (دیاردەکانە). بە وتەیەکی دی، جەوهەرەکانی هۆسرل شتی نەگۆڕی پێشینەیین و لەنێو پانتایی (ئەگەرەکان)دا سەرهەڵدەدەن و تەنیا بەم شێوەیەش ڕاستییەکان و هەر هەموو شتەکانیش (شێوەی گشتگەرایی نەگۆڕیی دەستەبەر دەکەن). هۆسرل بۆ ئەوەی جەوهەرەکانی (کە ئەو پێی دەگوت idose) خۆی پتر روون کاتەوە، دەستەواژەی جیاوازی (Variation) و گۆڕینەوەی (Permutation) بەکار هێناو لەم ڕووەوەش دەڵێ: (جیاوازی بێ سنوور دەبێ وەک جیاوازی ئەمپریکی سەیر نەکرێ، بەڵکو ئەم جیاوازییە لێرەدا ئەوەیە، تا چەند دەتوانێ ئازادی تەواو ببەخشێتە ئەندێشەو هەستی ئەبستراکت- هەستکردن بەشتی پاک و بێگەرد هەر چییەک بێت- بەم جۆرە جیاوازی لەنێو ئاسۆی کراوەی بەختەکان Chances و ئەگەرەکاندا سەرهەڵدەدا. ئەوەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێ لەنێو ئەم جیاوازییە بێ سنوورەدا و سەروەریی خۆی دەپارێزێ بە بەردەوامی، جەوهەری نەگۆڕە کە کۆنترۆڵی شێوەو هەلومەرجەکانی ئەم جیاوازییە هاوبەشە دەکات.

ئەم جەوهەرە نەگۆڕە کە بوونی ڕاستەقینەی پێشینەیی هەیە، ئەو (idose)یە کە هەر شێوەیەک لە شێوەکانی یەکسانە بە پلەی (بەدیهێنانی ئامانج). بەم جۆرە فینۆمینۆلۆژیا ترانسندینتالیەکەی هۆسرل و فینۆمینۆلۆژیا بوونخوازییەکەی (سارتەر) و (میرلۆ پۆنتی)، دوو جۆرە بۆچوونی جیاوازن بۆ بابەتی (ئەزموون) و ئەو مانایەی کە (تووشی) هەر خاوەن ئەزموونێک دەبێ، بەڵام وێڕای ئەوەش زۆربەی دیاردە خوازەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەرکی سەرەکی فینۆمینۆلۆژیا بریتییە لە بواری ڕەخساندنی ڕاستەوخۆ بۆ ئەزموونی هەنووکەیی لە چوارچێوەی کارە هەستییەکاندا. لێرەشدا جۆرە لێکچوونێک لەنێوان فینۆمینۆلۆژییەکان و بونیاتگەرە سیمیۆلۆژییەکاندا هەیە، هەر دوو فەلسەفە پێدادەگرن لەسەر ڕەهەندە ئەپستمۆلۆژییەکەی مانا. فینۆمینۆلۆژیا پێداگرتنە لەسەر ئەوەی کە ئامانجخوازیی -in tentionality ڕەسەنکردنی (ئیشارەت- Sign) و زمانە. لەبەر ئەوە دەبینین کە توێژینەوەی زمان و ئیشارەتەکان و ئاکارو ڕوخسارەکان gesturals وشتە بینراوەکان Visibiles، تەوەری سەرەکین لای دیاردە گەراییەکان زمان وەک ئامرازی گەیاندنی مانا سۆنگەی سروشتی توێژینەوەیە نەک تەنیا لای فینۆمینۆلۆژییەکان و کۆمەڵناسان، بەڵکو لای هەڵوەشاندنەوەییەکانیش: ڕۆشنبیریی بریتییە لە سیستەمی ئیشارەتەکان. جگە لەمە فینۆمینۆلۆژیاو بونیاتگەری هەردووکیان ئەمپریکیزم (تاقیگەیی) ڕەت دەکەنەوە، چونکە هەروەک دیارە لە کتێب و لێکۆڵینەوەکانی (هۆسرل)دا، هەر شتێک ڕەت دەکرێتەوە ئەگەر پێویستی بەسەلماندن نەبێ: پێویستی بە سەلماندنی خودیی subjective نەبێ. بەهەمان شێوەش (شتراوس) و (پیاژیە) دژی هەڵوێستی ئەمپریکین.

فینۆمینۆلۆژیای هۆسرل ئەو بۆچوونە ئەمپریکییە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێ، توخمی توێژینەوەی زانستی دەکەوێتە دەرەوەی عەقڵ. لە ڕاستیدا فەلسەفەکەی هۆسرل ئامانجەکەی ئەوەبوو کە ببێتە فەلسەفەی (ئامانجی

هەست) واتە فەلسەفەی (دیاردەی شتەکانی عەقڵی مرۆڤ) لەجیاتی فەلسەفەی (جیهانی ماتریاڵی).

بێگومان هۆسرل شایەنی ئەوە نییە بە ئایدیالیست ناوزەد بکرێت، چونکە تا دوا هەناسەی مکوڕبوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەپستمۆلۆژیا لە ئەزموونەوە سەرچاوە بگرێ یاخود لە (ئەزموونی ئەندێشەییەوە) سەرچاوە بگرێ. لەلایەکی دیکەشەوە، فینۆمینۆلۆژیاکەی هۆسرل عەقڵانییە، چونکە پێدادەگرێ لەسەر پێشینەیی (چالاکی ئەپستمۆلۆژیی). هۆسرل وێڕای ئەوەی کۆکە لەگەڵ ئەمپریکییەکاندا لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەزموون پشت ئەستوور بێ بە ئەپستمۆلۆژیاو بەپێچەوانەوەش، واتە دەبێ ئەپستمۆلۆژیاش پشت ئەستوور بێت بە ئەزموون، بەڵام دەڵێ (دیدی هەنووکەیی، نەک تەنیا دیدی هەستی بۆ ئەزموون، سەرچاوەی سەرەکی گشت دەستەواژە عەقڵییەکانە). ئەم لایەنگیرییەی هۆسرل بۆ عەقڵ لە توێژینەوەکەی (چۆتز)دا بۆ (ئەزموونی مانا) ڕوونتر دەبێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا (چۆتز) ڕەخنە لە (ماکس ڤیبەر) دەگرێ، چونکە نەیتوانیوە (مانا) ڕاڤە بکات، هەروەها نەیتوانیوە (ڕاڤەی چۆنیەتی گەیشتنی مرۆڤایەتی بۆ قۆناغی ماناکان) بکات، بەڵام (چۆتز) لەگەڵ (بێرگسۆن) کۆکە لە بوونی (شەپۆلی هەست) و پێی وایە کە ئەوەی (مانا) سازدەدات شەپۆلی هەست نییە، بەڵکو ئەو (چالاکییە هزرییەیە کە پێیەوە پەیوەستە). ئەوەی گرنگە لێرەدا فینۆمینۆلۆژیای هۆسرل بۆ یەکەمین جار لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاواییدا وتی: کە دەبێ لەکاتی توێژینەوە لە جەوهەرەکاندا (idoses) (دیاردە ڕووکارەکان تێپەڕێنین). لەبەر ئەوە بۆ یەکەمین جاریش بوو کە بۆچوونی فینۆمینۆلۆژی بۆ توێژینەوەی زانستی، لە بۆچوونی سۆسیۆلۆژیی ئاسایی و ئەمپریکی و پۆزەتیڤیزم (وضعي) دابڕا. مانای ڕاستەقینەی جەوهەرەکانی نێو دیاردەکان ڕاڤە ناکرێ لە ڕێگای توێژینەوەی ئەمپریکی، بەڵکو لە ڕێگای سازدانی ئەو توخمانە کە بەشێوەی هزری تێیان دەگەین. ئەمە هەڵوێستی گشت جۆرەکانی سۆسیۆلۆژیای فینۆمینۆلۆژییە بەرامبەر بە ئیمپریکیزم، کە تەوەری سەرەکی توێژینەوەی لە بواری ئەگەرەکانەوە -Prob ables گواستەوە بۆ بواری دیاردە ئەمپریکییەکانی کۆمەڵ. سۆسیۆلۆژیای فینۆمینۆلۆژیی ئەورووپی پاش هۆسرل وەک توێژینەوەکانی (ئالفرید ڤیرکاندیت) هەوڵ دەدا لەو شێوە کۆمەڵایەتیانە بکۆڵێتەوە کە ڕەگی خودخوازیی Subjectiveroots بەخۆوە دەگرن (لەو جەوهەرانە بکۆڵێتەوە کە بنەما پیرۆزەکانی Holist Bases هەر کۆمەڵگایەک پێک دێنن). ئەم جەوهەرانە سەختە تێگەیشتنیان لە ڕێگای (ڕاژێت)ی دەستەواژە دەرەکییەکان Exit Terms، بەڵکو تەنیا لە ڕێگای بەشداریی کاریگەرانە لە ڕۆحی گرووپەکانی مرۆڤایەتی، تێیان دەگەین. ئەم بۆچوونە لە سۆسیۆلۆژیای (چیلەر) و (جۆرج گریڤتچ) بەدی دەکرێ کە دوو هزرمەندی مەزنی سۆسیۆلۆژیای فینۆمینۆلۆژین لە ئەورووپادا.

هەرچەندە (چاک دۆگلاس) کە هەر لەکاتی خۆیشیدا ناکۆک بوو لەگەڵ سۆسیۆلۆژیای بوونخوازی (سارتەر) و (یاسپرس)، ڕەخنە لە سۆسیۆلۆژیای فینۆمینۆلۆژی دەگرێ، چونکە (پێدادەگرێ لەسەر لایەنی ئاگایی و ئەپستمۆلۆژیایی- کە دەلالەتی سیمبولییان -Symbol ic Signifier هەیە، کە پەیوەستن بە ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە، وەک لایەنی جەوهەریی ئەو ئەزموونە بە پشت بەستن بە هەست). لەوانەشە ئەم ڕەخنەیە (هۆسرل)یش بگرێتەوە، چونکە ئەویش پابەندبوو بە ڕێسنالیزم (عەقلانیەت) و گرنگی بە ئاکارەکانی (خودی ترانسندینتال: الذات المتعالية)دەدا. (دۆگلاس) دەڵێ (ئەم فینۆمینۆلۆژیایە، مانا پێناسە دەکا لەنێو ئەو ئەزموونانەدا کە ئاستی بەرزی هەستی و هزرییان هەیە بە گوشارخستنە سەر هەست و خرۆشان و تێگەیشتنی ساکارانە، کە لەوانەیە ناهەستی بن و لەوانەشە هەستی بن، بەڵام هزری نین). ئەم لایەنگیریە ئەپستمۆلۆژییە، لە دەقەکانی (بێرگەر) و (لۆچمان)دا بەرجەستە دەبێ، چونکە ئەم دوو هزرمەندەش لە (زانینی ڕاستی) دەکۆڵنەوە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا. لەوانەیە ئەم بۆچوونە فەلسەفییە تەنیا لە لێکدانەوەی هزریی بۆ ئەپستمۆلۆژیای ئەزموون دەستەبەر بکرێ، کە دژی هەڵوێستی سروشتی سۆسیۆلۆژیای ئەمپریکییە، چونکە (زانیارییە شێواوەکان) ڕەت دەکاتەوە و لێکدانەوەی ئەزموون (یاخود هێرمنوتیکای ئەزموون) بە توخمی سەرەکی دەزانێ لەهەر زانیاریەکداو دەرەنجامی کۆتایی ئەم پرۆسە هزرییەش دەوڵەمەند کردنی (فینۆمینۆلۆژیای مۆرفۆلۆژییە بە جەوهەرە نەگۆڕەکان لەژیانی ڕۆژانەماندا لەنێو چوارچێوەیەکی گشتیدا کە پەیوەستە بە دەستەواژەکانی هەڵسوکەوتی مرۆیی کە ئیدیۆم)ە

مێژووییەکان گوزارشتی لێدەکەن ئیدیۆمە (دەستەواژە) بنچینەییە مێژووییەکان تیۆرێک بۆمان وەردەگێڕن کە دەبێ ئەو کاروکردەوە مرۆییانە نمایش بکات، کە دەتوانین بەراوردیان بکەین لەگەڵ تیۆرەکانی دیکەدا، بەڵام (لۆچمان) دەڵێ (دەبێ ئەم زمانە تیۆرییە پابەندبێت بەپێوەری شیاندنی خودخوازیی Subjectivism بەو شێوەیەی کە ماکس ڤیبەر پێشنیاری کردبوو) واتە دەبێ زمانی تیۆری جێی متمانە بێ هەتا ئەگەر ڕاستەوخۆ راستەقینە نەبێ بۆ ئەو کەسانەی کە دەیڵێن. لەوکاتەی کە فینۆمینۆلۆژیا بایەخ بە مانای خودخوازیی و بنەماکانی مانا دەدات بەپشت بەستن بە پرۆسە ئامانجخوازەکانی مرۆڤایەتی، بونیاتگەرییە سیمیۆلۆژییەکان بایەخ بە مانای بابەتی- ناهەستی دەدەن، چونکە دەیانەوێ ئەو یاسا ڕێزمانییە بدۆزنەوە، کە کۆنترۆڵی پرۆسەی سازدانی مانای خودخوازی دەکەن. ڕەخنەگرانی (پۆست بونیاتگەری) وەک (دێڤرین) دەڵێن (مانای ڕاستەقینە کە ڕاڤە دەکرێ و ئاڵوگۆڕ دەکرێ لەنێو تاکەکاندا، ناتوانین پەیوەستی بکەین بە بونیادە ناهەستییەکانی زمان، هەروەها ڕاڤە ناکرێ لەنێو یاسای ڕێزمانیدا)، بەڵام کێشەکە لێرە ئەوە نییە پۆست بونیاتگەری هەوڵ دەدا مانا لە ئاستێکەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی دیکە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ هەر یەک لە مانای ژیرانەو مانای ناژیرانە لێی بکۆڵرێتەوە ئەگەر بمانەوێ توێژینەوەی سۆسیۆلۆژی بەسوود ئەنجام بدەین، ئەمەش هەمان مەبەستەکەی (چومسکی)یە کە دەڵێ:

(تێگەیشتنی تەواوی زمان مەحاڵە بەبێ توێژینەوە لە بونیادە ڕووکەشەکان و بونیادە قووڵەکانی ئەم زمانە) چونکە مرۆڤ ناتوانێت ڕاڤەی کۆمەڵێک ڕستە بکات بەبێ دارشتنی ئەو یاسا زمانەوانیانەی کە کۆنترۆڵی خودی ئەم دارشتنە دەکەن، هەروەها مرۆڤ ناتوانێت ڕاڤەی کۆمەڵێک لە مانای خودخوازی بکات بەبێ قووڵبوونەوە لە سروشتی ئەو (جیفرە) ڕۆشنبیرییە قووڵەی کە وادەکات بتوانین ڕاڤە و بەرهەمهێنانی کۆمەڵێکی فرە لەمانای خودخوازی بکەین. واتە توێژینەوە لە (مانای ناهەستی) بنەمای سەرەکی بۆچوونی فینۆمینۆلۆژییە بۆ پاشخانەکانی مانا و یاسای میتۆدە (ئەخلاقییەکان EThics) کە بەکاردێن بۆ بەخشینی مانا بەسەر هەڵوێست و هەلومەرجەکاندا. (پۆل ڕیکۆر) ڕەخنە لە بیرۆکەی مانا دەگرێ، کە پشت دەبەستێ بە تێکەڵاوی ئیشارەتەکان Mixture of signs، چونکە ئەم بیرۆکەیە ناگونجێ لەگەڵ ئازادی و مێژوودا و لەنێو زماندا (ئامانج دەڕووخێنێ). ڕیکۆر لێکدانەوەیەکی دیکە بۆ ئەفسانە سازدەدات: لێکدانەوەی ناوەرۆکی ئەفسانە لەنێو دابونەریتی کولتووری زیندوو لە ڕێگای بیرکردنەوەی کاریگەردا. ئەو دەڵێ (زمان نەک وەک توخمێک، بەڵکو وەک ئامرازێکە بۆ ئێمە تاکو بتوانین گوزارشت لەخۆمان بکەین و جیهان ساز بدەین). لەبەر ئەوە ڕیکۆر پێدادەگرێ لەسەر ئەوە کە دەبێ دووبارە زمان و ئاخاوتن یەک بکەین کە (دی سۆسێر) لێکی دابڕاندن. هەروەها دەبێ لەکاری هەر گوتارێک بکۆڵینەوە لە چوارچێوەی زماندا.

مرۆڤ لێرە دەتوانێ بپرسێ ئایا گوتاری هێرمنوتیک و بونیاتگەری تەواوکەری یەکترین؟ لەوانەیە وەڵامی هەریەک لە فینۆمینۆلۆژیا و بونیاتگەری بۆ ئەم پرسیارەمان جیاواز بێت. ڕیکۆر لە وەڵامەکەی بۆ ئەم پرسیارە دەڵێ (مانای ئیشارەت لەنێو شوێنەکەی لە باندی ئیشارەتەکاندا سەرهەڵنادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئیشارەتەکان مانای خۆیان دەستەبەر دەکەن لەنێو ئامانجخوازیی مرۆڤدا کە ئەم ئیشارەتانە بەکاردێنێ بۆ گوزارشت لە ڕاستی دەرەکی (External Reality).

لە ڕاستیدا، (هۆسرل)یش دەڵێ (دەتوانین لێکدانەوەی ئیشارەتی دەستەبەر بکەین بە ملکەچکردنی ئیشارەتەکان بۆ ئەرکە سیمبولییەکان Symbolic is-sues). واتە دەتوانین میتۆدی بونیاتگەری بەهەردوو پێگەکەیەوە (لیڤی شتراوس) و (جاک دریدا) ڕەت بکەینەوە بە بەکارهێنانی ئیشارەتەکان بەشێوەیەک کە پابەند بێت بە پێوەندییە (سینتاگم)یەکانی نێو خودی ئەم ئیشارەتانە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) مدخل الى الفينومينولوجيا: ادموند هوسرل الطبعة الثالثة، ١٩٨٠**

**(٢) الفينومينولوجيا و العلاقات الاجتماعية: هـ. واغتر، ١٩٧١.**

**(٣) ماكس ڤيبر: منهجية العلوم الاجتماعية، ١٩٤٩.**

**(٤) الفينومينولوجيا و السيوسيولوجيا: هـ. كورت، ١٩٧٨.**



# کوێر ئۆغڵو

سەعید کەمال قەرەعەلی ئۆغڵو
لەتورکییەوە: ئەحمەد تاقانە
(کەرکووک)

**چەند وشەیەک**

خوێنەری کورد کەم و زۆر ئاشنایەتی لەگەڵ داستانی «کوێر ئۆغڵو»دا هەیە، لەمەوبەر «مامۆستا شوکور مستەفا» ئەو ڕۆمانە شاکارەی «یەشار کەمال»ی کردووەتە کوردی و لە چاپی داوە کە هەر بەناوی «کوێر ئۆغڵو»وە بەزمانی تورکی نووسراوە. دیارە ئەو داستانە ڕاستەقینەش بێت. تێکەڵ بە هەست و نەستی ئەنادۆڵییان بووە و شێوەی داستانێکی فۆلکلۆریی دەماودەمی وەرگرتووە. ئەمەی لێرە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی بەشێکە لەو فۆلکلۆرە سەرزارەکییانەی کۆکراوەتەوە و نووسراوەتەوە. ئەم باسەی ئەم قارەمانە میللییە، لەگەڵ کۆمەڵە شیعرێکی سەرزاری گۆرانیبێژە میللییە گەڕۆکەکان کە بە ژەندنی ئامێری «ساز»وە گۆرانییەکان دەڵێن و پێیان دەگوترێ «شاعیرانی ساز»، دەماودەم یان هەڵبەستراوە و بە ئێمە گەیشتووە، ئەم داستانانە خودی کوێر ئۆغڵو بە شاعیرێکی میللیی سازژەن دادەنێن و شیعرەکانی (گۆرانییەکان) بەشیعر و ئاوازەوە دەدەنە پاڵ کوێر ئۆغڵوی قارەمان و پاڵەوانی داستانەکە.

لێرەدا من هەوڵی ئەوەم داوە شیعرەکان هەر بە شیعر وەرگێڕمە سەر کوردی، بۆ ئەوەی تا دەکرێ خوێنەری کورد لە کەش و گیانی شیعرە ڕەسەنە تورکییەکان نزیک بخەمەوە.

**«وەرگێڕ»**

## کوێر ئۆغڵو

**لەمنەوە سڵاو لە بەگی بۆڵو**
**دەبێ بێت، پاڵ بدا بە شاخ و بە کۆ**
**لەبەر ویزەی تیر و دەنگی مەتاڵان**
**کێو دەبێ دەنگ بداتەوە و بێتە گۆ**

کوێر ئۆغڵو سیمبۆلی ئازادی و شەڕ و شووری ناو شاعیرە میللییەکانە، ناوی قارەمانی ئەفسانەییەکی کۆنی بەخۆوە گرتووە کە مێژووی زایین و مردنی دیارنییە، ئەوەش زانراوە کە ئەم شاعیرە لە سەردەمی سوڵتان موورادی سێیەم (١٥٧٤-١٥٩٥) لەگەڵ لەشکری عوسمانییدا بەشداریی لە جەنگی ئێران (١٥٧٨-١٥٨٤) کردووە. بۆ تۆڵەسەندنی باوکی لە بەگی ناوچەی «بۆڵو» چووەتە سەر چیا، ئازایەتی و چاکەخوازیی لەگەڵ کوێر ئۆغڵوی بەداستان بوو بووەتە یەک.

**کۆمەڵ کۆمەڵ دوژمن هاتن ڕیز بەسرا**
**چارەمان، نووسینی ڕەشی لێ نووسرا**
**مەردایەتی تێکچوو، تفەنگ هەڵبەسرا**
**شمشێر لە کێلاندا دەبێ ژەنگ بگرێ**

* * *

**داخۆ شکۆی کوێر ئۆغڵو دێتە شکان؟**
**زۆرکەس بەدەردەنێ لە کۆڕی مەردان**
**کەفی ئەسپە کەوە و خوێنی دوژمنان**
**ڕێ بەشەرواڵ تەران نادا جەنگ بکرێ!**

کوێرئۆغڵو لەشیعرەکانیدا بەهاوارێکی بەجۆشەوە ئازایەتی و دۆستایەتی و دڵداری و خۆشەویستی سروشت بەزمانێکی زۆر سادەوە ڕادەگەیەنێ، ئەم شیعرانە، بەنێو گێڕانەوەی شایەرە چیرۆکبێژەکاندا پرژێنراون. ئەم چیرۆکانەی گەیشتوونەتە بیست و چوار چیرۆک، پەیدابوونی داستانێکی کوێر ئۆغڵویان ئامادەکردووە.. کوێر ئۆغڵو: ئازا، دادوەر و پڕ لە بیروباوەڕە.

**مەرد خۆی دەگرێ نامەرد هەڵدێ**
**مەیدان پڕ دەکا گرم و هوڕ**
**شای شایەکان دیوان دەگرێ**
**دیوان پڕ دەکا.. گرم و هوڕ**

* * *

**ئازا، کە باسی خۆی دەچڕێ**
**تیر کاتێ مەوداکان دەبڕێ**
**شمشێر کە قەڵغان دادەڕێ**
**قەڵغان پڕ دەکا گرم و هوڕ**

* * *

**تیر دەهاوێژرێ لە قەڵای**
**خودا پارێز بێ لە بەڵای**
**شێر نەڕەی کوێر ئۆغڵو و هەڵڵای**
**کێوان پڕ دەکا گرم و هوڕ**

کوێر ئۆغڵو، سیمبۆلی ئەو بیروباوەڕە و چەمک و ویست و ئامانجانەیە کە لەناو دڵی ئەنادۆڵیدا دەژین. بەپێی ئەم داستانە، ناوی ڕاستەقینەی کوێر ئۆغڵو «عەلی ڕەوشەن»ە، یووسف-ی باوکی، مەیتەر (سایس)ی بەگی بۆڵو-وە، بەگی بۆڵو کە مەراقی ئەسپ بوو، یووسفی مەیتەری بۆ کڕینی ئەسپێکی ڕەسەن دەنێرێ، بەڵام ئەو جوانووەی یووسف دەیهێنێ بەدڵی نابێ، میل بە چاوەکانی زەلامەکەدا دەکێشێ و کوێری دەکا، یووسف جوانووەکە و کوڕەکەی خۆی دەبات و شار بەجێ دەهێڵێ، عەلی ڕەوشەن بەپێی ئەوەی باوکی باسی بۆ دەکا، لە تەویلەیەکی تاریکدا پەروەردەکردنی جوانووەکە ئەنجام دەدا، جوانوو پاش دەمێکی دیاریکراو باڵ دەگرێ، دەبێتە «کحێل»ێکی بێ هاوتا.

**لە مەیداندا، ئەسپە کەوە**
**هەر دەگەڕێ حیلکە بچڕ!**
**بەد لە شەڕێکی گچکەوە**
**هەڵدێ بەناچاری.. بەگوڕ**

* * *

**ئەسپە کەوە لەبۆی دەشێ؟**
**مەرد بەرگی ئاسن دەپۆشێ**
**خوێنی ئاڵ لە چەرموو لەشێ**
**دەڕژێ، دێتە خوارێ بە خوڕ**

* * *

**کوێر ئۆغڵو دبێ خوێنی ئاڵیان**
**گەلێکی ڕاخستووە گیان**
**شیری چەماوە، دوژمنان**
**جێ دەهێڵێ.. ونجڕ ونجڕ!**

یوسف و عەلی ڕەوشەن دەچنە سەر ڕووباری «ئاراس»، لەوێ چاوەڕێی سێ کەف دەکەن کە دەبێ لە «بێن گۆێل»ەوە بێنە خوارێ، ئەگەر یووسف کەفەکان بخواتەوە چاوی دەکرێتەوە و دەبینێ و لاو دەبێتەوە و تۆڵەی خۆی لە بەگی بۆڵو دەکاتەوە، بەڵام عەلی ڕەوشەن بەخۆی کەفەکان دەخواتەوە. ئاوی بێ کەفیش بەباوکی دەنۆشێ، یووسف لەلایەکەوە خەمی پێ دەخوا و لەلایەکی دیکەوە دڵی بەوە خۆش دەبێ کە کوڕەکەی دەبێتە لاوێکی ئازا و تۆڵەی باوکی دەکاتەوە. یەک لەم سێ کەفە سیحراوییانە ژیانی هەمیشەیی و یەکێکیان ئازایەتی و سێیەمیان شاعیرێتی بۆ کوێر ئۆغڵو دابین دەکا. یووسف دوای ئەوەی تۆڵە کردنەوەی بە کوڕەکەی ڕادەسپێرێ، دەمرێ. عەلی ڕەوشەن بە «ئەسپە کەوە»کەیەوە دەچنە سەر چیا.

**ئەسپە کەوە چاوت دەخۆم**
**ڕێگات دوورەهێڵێک بوایە**
**وا سەبەتەی هێڵەکێک سفت**
**مل «سەرو»ە لق، پەلێک بوایە**

* * *

**ئەی دنیای، مان نییە لەبۆت**
**دیلت کردم گەردن بە کۆت**

**ئەسپە کەوە بۆ مەلەی خۆت**
**«تونە» ئاسا پێلێک بوایە**
***   *   ***
**ئەسپە کەوە، ئەی «دولدول»زا**
**بۆ سوارەت دێتە دی «نزا»**
**جووتە باڵێک وەک چڵ درێژ**
**لە سەریشتا «تێلێک» بوایە**

**بڵێ ئەی کوێر ئۆغڵو بەڵێ**
**پەسنی ئەسپە کەوە بڵێ**
**لەوێدا کە دوژمن هەڵێ**
**سێڵاو بۆرە پێلێک بوایە**

ڕەوشەن عەلی بە کوێر ئۆغڵو ناو دەردەکا، وەک دەرەبەگێک دەست بە ژیان دەکا، لە هەموو شەڕێکدا سەردەکەوێ، ئەوەی لە بازرگانان و بەگگەل و پاشاکانی وەردەگرت، بە هەژارانی دەبەخشی، کاتێک کە ئاسنی کون (تفەنگ) پەیدا دەبێ، نەریتی ئازایەتیی کۆن تێکدەچێ و بە برادەرەکانی ڕادەسپێرێ بڵاوەی لێ بکەن، «دەبێتە نهێنی» و تێکەڵ بە «چلان»(١) دەبێ...

داستانی کوێر ئۆغڵو دەبێتە خاوەنی هەموو چیاکانی ئەنادۆڵ و هەموو ئەو کێو و کۆمەڵە بەردانەی بەسەر دەربەندەکانیدا زاڵن، هەموو داستانێک لە زنجیرە چیاکاندا هەبێت (چامڵی بێل)ێکی لێیە. لە شارگەلێکی زۆردا، تا ئەو ڕۆژانەش لەسەر دەرگاکاندا ناڵە ئەفسانەییەکەی ئەسپە کەوە وەکو خۆرێکی دادوەریی سوورەوە بوو هەڵواسرابوو. (ئەحمەد حەمدی تانپنار). بە درێژایی مێژوویەکی ئەدەبی، لە شیعری تورکیدا جوانترین نموونەکانی دەنگی دلێرانە، لە سازی شاعیرە میللییەکانەوە دەبیستین، لە سەرووی ئەمانەوە کوێر ئۆغڵو دێ، کە لەسەدەی شانزدەهەمەوە ناوی بە بیرەوەریی سەدەکانەوە دەکوتێ و تا بە ئەمڕۆ گەیشتووە. ئەم «شاعیری ساز»ە کە لەناو ئێراندا لەناو ئەو لەشکرانەدا کە لەژێر فەرماندەی عوسمان پاشای ئۆیزدەمیر ئۆغڵوی سەدر ئەعزەمی سەرکەوتووی سوڵتان مورادی سێیەمدا جەنگیوە، تورکیی ڕەسەن بە کێشی پەنجە دێنێتە گۆ، نموونەی ئەوتۆی بەرهەم هێناوە کە چوار سەدە پێی نەکراوە کۆنی بکا. بەسەر هەموو گەمەکانی هونەردا بازی داوە، تەماشای ئەم نیوەدێڕە، شمشێری ڕووت ئاساییانە بکەن: نە لێکچواندن، نە خوازە، نە ڕەگەزدۆزییان تێدایە. جوانێکی ڕووت و قووت. لە «قۆشمە»(٢) بەناوبانگەکەیدا کە مەیدانخوازی لە بەگی بۆڵو دەکا، کوێر ئۆغڵو کە لەترۆپکی زمانی ڕەسەنەوە دەڕوانێت و بە دوانزە نیوە دێڕی بە هەموو جوانییەکییەوە بەرامبەر «غەزەل»ەکەی «غازی گرای»(٣) دەوەستێ. کوێر ئۆغڵو شەڕی دوورا و دوور و لە دوورەوە تەقەکردن بە ئازایەتی نازانێ، تفەنگ بە چەکێکی قەحبە دادەنێ. بۆ ئەو مەیدانی نێر، تەنیا سینە بە سینە نییە، شوێنێکە تاک لەگەڵ تاکی تێدا بەشەڕ دێن. (یووسف زیا ئۆرتاج).

**پەراوێزەکان:**

١- **چلان**: گوایە لەسەر زەمیندا هەمیشە چل کەسی چاکی هەڵبژاردە هەن لە کۆبوونەوەیاندا بڕیارە گەورەکانی سەر زەوی ئەنجام دەدرێ و جێبەجێ دەکرێ، ئەم چل چاکەی سەرەتا بە سەرۆکایەتیی ئیمام عەلی دەستی پێکردووە و ئەوەی مرد چاکێکی دیکە دەچێتە جێی. هەرگیز دنیا لەم چل کەسانە (چلان)ە بەتاڵ نابێ دەنا گوتراوە «لو خليت قلبت» واتە: ئەگەر بەتاڵ بوو سەرەوژێر دەبێ.

٢- **قۆشمە**: یەکێکە لە شێوەکانی شیعری میللیی تورکی کە لەیانزدە بڕگەی (٤+٤+٣ یان ٦+٥) بڕگە پێکدێت و لەلایەن شاعیرانی سازی تورکییەوە بە ئاوازی تایبەتی دەگوترێ.

٣- غازی گرای (خان)، «١٥٥٣- ١٦٠٧) شاعیرێکی چاک و قارەمانێکی بەناوبانگ بووە، لە «خان»ەکانی قرم بووە. دووەمی سێ خانی قرم بووە کە هەرسێکیان هەر ئەو ناوەیان بووە، لەو جەنگی ئێرانەدا بەشداربووە کە لەسەرەوە باسی لێوەکراوە، لەو شەڕەدا بەدیل گیراوە و دوای حەوت ساڵی دیلێتی هەڵاتووە و چووەتە ئەستەمبووڵ. ساڵی (١٥٨٨) بووەتە خانی قرم و دوای نۆ ساڵی خانێتی بە نەخۆشی مردووە. ئەو غەزەلەی لێرە باس کراوە دێڕە شیعری سەرەتاکەی دەڵێ:

**رايته ميل إيدرز قامت دلجو يەرينە**
**طوغە بيل باغلامشز كاكول خوش بو يەرينە**

واتە: ئارەزووی ئاڵا دەکەین لە جیاتی دڵی بەدوای باڵا گەڕا
پشتمان بە دروشمی بەرزی بەستووە لەجیاتی کاکۆڵی خۆش بۆن

ئەم شیعرە یەکێکە لە شاکارەکانی قارەمانێتی تورک.. هەروەها ئەم کابرایە بەخوێنڕێژی ناسراوە و.. لە نیوە دێڕێکی هەر ئەو غەزەلەدا دەڵێ:

**ايچرز دشمن دينك قانينى صو يەرينە**

واتە: لەجیاتی ئاو خوێنی دوژمنی دین دەخۆینەوە.

هەندێک وای بۆ دەچن ئەم قسەیەی ڕاستی بێ پتر لەوەی خوازە بێ.

**سەرچاوە:**

**Seyit Kemal karaalioglu- Turk Edebiyati Tarihi C.1- inkilapve Aka kitabevleri- 1973- istanbul. S.481- 483.**

# کیچ ئارت Art Kitsch

**ژیلو درفێلس**
**له‌ فارسییه‌وه‌: م. ڕۆسته‌مزاده‌ (نامۆ)**
**(بۆکان)**

ئایا به‌ ڕاستی "کیچ"ته‌مه‌نی له‌ کۆتایی بووندایه‌؟
وا باشتره‌ ئا لێره‌دا بچینه‌ سه‌ر ئه‌و باسه‌ی که‌ چۆن هونه‌رمه‌ندان به‌ تێگه‌یشتنه‌وه‌ که‌ڵکیان له‌ ته‌واوی ورده‌کارییه‌کانی"کیچ" وه‌رده‌گرت. جا هه‌ر به‌و پێیه‌ ڕه‌نگه‌ بتوانین پێوه‌ندییه‌ک له‌نێوان هونه‌ر و کیچدا بدۆزینه‌وه‌ که‌ نه‌مر و لێکیش جیا بن.
ئه‌من وا بیر ده‌که‌مه‌وه‌ لانی که‌م خاڵێک زۆر ڕوون و به‌رچاوه‌، به‌و واتایه‌ که‌ چه‌مکی بێخه‌وشی "دزێوبوون" به‌ جۆرێکی تایبه‌ت گرێدراوه‌ به‌ کات و ساتێکی تایبه‌تیشه‌وه‌ که‌ له‌ودا ده‌ژین ناشگه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ڕابردوو لانی که‌م به‌و چه‌شنه‌ی ئێستای، ئه‌مه‌ش ئه‌و لایه‌نه‌ بنه‌ڕه‌تییه‌یه‌ که‌ له‌ ته‌واوی ڕاڤه‌کانی ڕه‌سکناسی-دا سه‌باره‌ت به‌ کیچ هاتووه‌. هه‌میسان به‌ تێگه‌یشتنی خێرا له‌مه‌ڕ هه‌ر جۆره‌ لادان و داوه‌شان له‌م چه‌مکه‌دا ده‌توانین بیکه‌ین به‌ پێوه‌رێکی ئاکاری و ڕوانینێکی جوانناسانه‌ و بیهێنینه‌ ئه‌ژماردن. ئه‌گه‌ریش سه‌باره‌ت به‌و پێوه‌رانه‌ش شکێکمان بێت، هه‌روه‌ها ناشتوانرێت سه‌باره‌ت به‌ چۆنیه‌تی ستانداره‌کانی زه‌وقی تاکه‌که‌س بڕیار بده‌ین. (چۆنیه‌تییه‌ک که‌ به‌درێژایی مێژوو نه‌گۆڕ ماوه‌ته‌وه‌)، به‌ڵام ئه‌مڕۆکه‌ ئه‌م ستانداردانه‌ به‌ گرژی له‌ داوه‌شاندان، ئێمه‌ش له‌وان وه‌ک دیارده‌یه‌ک ده‌ڕوانین و گه‌ره‌کمانه‌ له‌سه‌ریان بدوێین، پێویسته‌ باس له‌وه‌ بکرێت که‌ هونه‌رمه‌نده‌ پایه‌ به‌رزه‌کان (بریتی له‌ دوشان، دیکێریکۆ، پیکاسۆ و...) له‌ ته‌واوی به‌شه‌کانی کیچ به‌ زانسته‌وه‌ که‌ڵک وه‌رده‌گرن. نه‌ ته‌نیا به‌ ڕه‌چاوکردنی باری کولتووری و فه‌رهه‌نگی به‌ ڕوونی له‌ به‌شه‌کانی کیچ سوود وه‌رده‌گیردرێت (هه‌رچه‌نده‌ له‌ ته‌ک ئه‌م ڕووداوه‌دا پێوه‌ندییه‌کی که‌میشمان هه‌یه‌، به‌ڵام هێشتا یه‌کێک له‌ بنه‌ڕه‌تترین کۆسپه‌کانی مه‌یه‌)، به‌ڵام ڕوانگه‌یه‌کی تایبه‌ت سازبووه‌ که‌ که‌مپ-ی پێ ده‌وێژرێت و به‌ ئه‌رخه‌یانییه‌وه‌ ده‌گه‌ڵ کیچ ڕکه‌به‌رایه‌تی ده‌کات.
چ شتێک له‌ که‌مپ وه‌رده‌گرین؟ به‌ڕه‌چاوگرتنی وتاره‌کانی سوزان

سانتاگ (له نووسراوەکانی سەبارەت بە کەمپ) دەتوانین بێژین کە چۆنیەتی کەمپ مەیلێک و داخوازییەکە بۆلای ئەو شتانەی وا ناسروشتی، دەسکرد و خولیایین.

لەناو ئەو بەرهەمانەی لەم شێوازەدا چێ بوون، دەتوانین ئاماژەیەک بەوانە بکەین: کارە وێنەرییەکانی بێردزلی، بەرهەمەکانی بلینی، هێندێک لە کارەکانی ویسکۆنتی، برێک لە کارتپۆستەکانی...finde، کۆمیک ئێستریپە کۆنەکانی Gordon، بەبرێک کە لە بەر ژووری هاتوچۆی میترۆی پاریس بە ناوی Guimard و... لە کۆتاییدا زۆر لەو نموونانەی باسمان کردن بە ڕاشکاوی Art bad یا بە کیچ دێنە هەژمار، هەڵبەت گشتیان نا.

کەمپ پێویست ناکات Art bad بێت، جا کاری هونەری تریش هەن کە هەر بە کەمپ دەژمێردرێن و تەنانەت جێگای دەسخۆشی و ئافەریمی زۆرن. لە بەر ئەوە کەمپ ڕوانگەیەکی تایبەت، زانایانە (پێچەڵۆک) و تا ڕادەیەکیش بە پۆزە، پێکهاتەیەک لە مەتریالەکانی دیسان ساز (باز یافتنی) کە بێتو کەڵکیشیان لێ وەرنەگیرێت لە ناو دەچن.

بە واتایەکی دی لە باری نرخ دانانی دووبارە، کەمپ تەنیا لە باری نرخی هونەرییەوە کێشێکی کولتووری بێ بایەخی هەس. کەمپ بە تەواوی ئەوانەی باس کرا ڕووداوێکە کە دەبێتە هۆکارێکی بزاڤی بۆ گیرۆدەکردنی ئێمە بۆ لای خۆی. بەو پێیە دەبێتە هێمایەکی دژ - کیچ کە سەرنجی مە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ئاخرین ڕاڤەکارییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن تێنەگەیشتنی کەسان لە بوونی ڕوانگەیەک بۆ لای کەمپە، تەنانەت ئەگەر ڕێگایەکیش بۆ ڕاگرتنی کیچ، یان بە گشتی ئاڵوگۆڕێکیش لە بەشەکانی هونەریدا نەمابێت.

کەمپ و کیچ هەردووکیان دەتوانن بە جۆرەی بەرهەمەکانی ڕاستەوخۆ، جێگای سەرنجی کۆمەڵگای دەکارکەر بێت کە ئێمەش لە ناویاندا دەژین. کۆمەڵگایەکی دەوڵەمەند، بە بوونی گشت دژایەتی چینەکانی، لە ئاستێکدایە کە بە هەر یەک لە مە سەلاجەیەک (یەخچاڵێک)، مۆبایلێ، تەلەڤزیۆن و ماشینێ دەبێت، (ئەشێ ئۆمێدمان بێت نە تەنیا لە وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، بەڵکو لە وڵاتانی پلەی سێیەمیش و تەنانەت خوارتریش بارودۆخەکە هەر بەم چەشنە بێت).

جا هەر ئەو کۆمەڵگایەش خۆی بەرهەمی هەڵەکانی چاخی ئێمەیە: ڕێژەی ناکۆکی ڕووکاری ماشێنەکان، دایرە گەشتوگوزاری نابەجێ، کوشت و کوشتار و بکوژی لە بەستێنی زەریاکان لە هاویناندا و سەیرانگاکانی ئیسکی زستانان و بە جۆرێکی وێچوو تەخت و مۆبلەکانی ژووری خەو، چێشتخانەکانی ئەمریکی، پۆلی کەروێشک و گیاندارانی ناو باخ کەسایەتییەکانی دیسنیلەند، مینی ئارتەکانی سویسی و بە وێنەی وان، بەڵام ئایا دەکرێ چاوەڕوانی گەڕانەوە بۆ بەر لە دەورانی تەکنۆلۆژیا بین، بۆ هەلومەرجێکی وا بگەڕێین و شوێنێکی دوور کەوتە کە لە ژێر کاریگەری تەکنۆلۆژیادا نەبێت؟

بە ڕاشکاوی ئەو شتە هەر نابێت. لە هەر شوێنێکدا، نەبوونی جوانی، دارمانی کولتووری و پاشکەوتوویی تەکنۆلۆژیایی و هونەری کە بە گشتی ناحەز و ناڕێکە و هەیە لە چوارچێوەی کیچدایە.

بەم چەشنە هەرەسهێنانێکی ورد و ئاسپا- دیارە بەشێوەی لۆژیکی ئەو- لە هەمبەر کۆمەڵگایەکی دکارکەر و بە کۆنترۆڵی نەخواز لە سەرەوەڕا و لە بەرامبەر دیزاینێرانی تەکنۆلۆژیادا، بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە خەبات بۆ ڕاگرتنی کولتووری سەربەستی مرۆڤ لە تەواوی پلەکاندا، بۆ وەرگەڕانی داهێنانی بە پێ بە ڕەوشێکی گونجاو کە خۆی دەبێ بێت و لە بۆ دەرباز بوونی هونەر لە گیروگرفتەکانی داسەپاوی تەکنۆلۆژیا، بازرگانی و ئابووریی شەخسی کە تایبەت، یان دەوڵەتین سەرچاوە دەگرێت.

کاتی سەرنجێکی گشتی بۆ کیچ هێشتا نەگەیشتۆتێ - و ئەمنیش باوەڕم بەو ڕووداوەی هەیە تەنانەت ئەگەر هیچ پاڵپشتێکیش بۆ وی نەبێت - ئەوەش لە کاتێکدایە کە بارودۆخی مە لە پێوەندی دەگەڵ هەژاری و کەمی خۆراک ڕوو لە باش بووندایە، دوو هۆی سەرەکی کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم (تەنانەت نە تەنیا وڵاتانی جیهانی سێیەم) و کۆمەڵگای دەوڵەمەندی تێکنۆلۆژیاش (تەنانەت ئەو جۆرەی کە ئێمە پێمان خۆشە ناویان لە سەر دابنێین. هەڵبەت بە بێ ڕەچاوگرتنی ئەوەی کە ئەم وڵاتانە جگە لە پێشکەوتن و پارێزکاری چ شتێکی دیان نییە) لەو تێپەڕیون. وەها سەردەمێک کە هونەرکار ئیشی بەسەر بازەرگانەوە نەدابێت و وەها کاتێک کە هونەر لەسەر باری جەخت و جەبری دەسەڵاتی بازاڕ بۆ لای لاسایی کردنەوە بێت، هەروەها دەس نادات. ئەشێ چاوەڕوان بین کە بە زووترین کات هەوەڵین هێما و نیشانەکانی هۆکار بەسەر ئەو شتەدا ببینین.

ئێستاش چاوخشانێکمان ببێت بەسەر ئاخرین جۆری کیچدا کە بە چەشنێکی ناڕاستەوخۆ دەتوانێت شوێن دانەر بێت: کاتێک کە هونەرمەندان و خەڵک، بە زانست و ئانقەست و سەرنجەوە کەڵکی لێ وەردەگرن، چونکە باشی لە بار و چۆنیەتی کیچ ئاگادارن و تێگەیشتنیان لە کیچ سەتاسەد لە پێناوی ئامانجەکانیاندایە.

هەوڵ و تێکۆشانی بە زانست و ژیرانەی هێندێک لەو هونەرمەندانە وا بۆ بووژاندنەوەی کیچ لە ناو بەرهەمەکانیاندا جێگای شانازی و پێزانینە بەڵام دووره، لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم جۆرە کردەوەیە لە لایەن شازەکانی فەرهەنگی و کولتووری هەر وەک تامی خۆشی "میوەی قەدەغە کراو" هەڵدەسەنگێندرێت لە لایەکی تریشەوە لای کەسانی تێنەگەیشتوو دوو جۆر بۆچوونی ناشیاویان لە لا دروست دەکات:

(١) باوەڕ بەوەی کە ئەو جۆرە شتانەی لە ناو کارەکانیاندا کەڵکی لێوەردەگرن، بە گشتی باسێکی نائاسایی، بەڵام تێڕوانینێکی خۆشە (بۆ وێنە ڕاوشێنبێرگ و جاسپێر جۆنز لە بوتڵی کۆکا کۆلادا دەکاریان هێناوە، ئەوان باوەڕیان لەسەر ئەوە بوو کە ئەمە یەک "شتە" بە پێکهاتەیەکی هونەری).

(٢) کاتێک کە سەر لێشێواوی هونەری و جگە هونەری ببێت (بۆ وێنە پاش هاوێژەکانی کە Baj لە ناو شانۆکانیدا کەڵکی لێ وەردەگرێت و لە لایەن وێنەرانی ڕاسپاردە و بازاڕییەوە کار کراوە دەتوانێت هەر لە ئاستی دیمەنە کێشراوەکان لە لایەن نوێنەری ڕۆمانتیک "Bay - of - Naples و "Clair -due- Lune" هەست بزوێن بێت).

ئەم دوو وێنەیە تا ڕادەیەک ڕوونی کردەوە کە من چ جۆر هونەرێک پەسند دەکەم: تەواوی ئەم قەوارە داهێنەرانەیە دەوروبەری سەرەتای سەدە چێ کران و لە لایەن ڕاگەیاندنەکانی شێوازگەلی هونەری ئەورووپی ناسێندران و گەورە کرایەوە، ڕای من وایە کە بۆ وێنە، هێندێک لەو بەشانەی وا بۆ مۆبلیماڵ لە لایەن بالا (Balla) دیزاین کرابوو و ئێستاش هەمیسان نرخیان لەسەر دانا و دەشوترێت کە "شێوازخوازن" گرۆکێکی زۆریان هەس، بەڵام بە بێ هیچ زیاد و کەمییەک کیچن، یان هێندێک لە کارەکانی "دوشان" وەک ڕەختاوێزەکان و کاشی ئاودەسەکانی کە هێڵکاری بۆ کردوون. ئەم بەرهەمانە بە هۆی ئەوەی کە بەڕاستی ئەو شتەن کە هەن بایەخێکی زۆریان هەیە، نە لە بەر ئەوەی کە لە دەوروبەریان جیاکراونەتەوە و هەمیسان لە لایەن هونەرمەند دێتە هەڵسەنگاندن.

لە ڕاستیدا ئەوانە لە شتی بێ بایەخ ساز نەکراون، کە بە تەنیایی پارسەنگیان شان دابخات. هەروەها بیر لە تەواوی ئەو شتانە دەکەمەوە کە لە لایەن هەوەڵێن شەپۆلی سوریالیستەکان کەڵکی لێوەرگیرا (دەستەمۆبای چێشتخۆری ناسراو بە Merett). بریتی لە بێک لە کارە بەناوبانگەکان و بە ڕواڵەت سروشتیانەی ماگریت، دلوو، لابیس و... کە بە ئامانجی دژ بە بەرژەوەندیخوازی و دژ بە سروشتیانە چێ کراون. سەرچاوگەی تەواو ئەم بەرهەم و شتانە، تێڕوانینی کەمپە کە بە ڕاشکاوی سەر بە باشترین جۆری کیچ دەبێت.

جا ئەگەر بمانەوێت لە هێماکانی کە باس کرا بە چەشنی هەمانەیەک کەڵکی لێوەرگرین، چۆن دەتوانین نکووڵی لە بوونی بەشەکانی کیچ لە زۆربەی بەرهەمە هونەرییەکانی پاپی ئەمریکی بکەین؟ بەرهەمە زلەکانی ئۆڵدێنبێرگ لە شتی بێ گیان، کۆتەڵی داڵی ناو پێی ڕاشێنبێرگ و هێندێک لە پۆستێرەکانی کەم بایەخی تام وێسلمەن دەگەڵ مۆدێلە ڕووتەکانی، مەیخانەکانیKiennolz و ئەو ئاقارانەی کە وی دایڕشتوون (هەر ئەم بەرهەمانە خۆیان بۆ دروست کردنی وێنایەک لە دۆخی هونەری کیچی ئەمریکی بەس دەکات). پۆستێرە لاسایەکانی ئەم دوایانەی لیختن ئێشتاین (بۆ دەسپێکی وان لە گەورە کردنەوەی وێنەکانێ وا لە کۆمیک ئێستریپەکانی ئەو چێ بوون - کە بە هیچ چەشنێک کیچ نەبوون) ئاوابوونی لاوازی خۆر لە تابلۆکانی دیمەن و لە کۆتایی مۆنالیزای وارهۆڵ کە بە ڕێبازی مێتۆلۆژییەکانی پاپ دەرکەوتوون (ئەو وێنانەی کە ڕێکوپێک لە سەر مشەماکەدا چەن پات بوونەتەوە) و هەروەها سەبارەت بە وێنەکانی مریلین مۆنرۆ و جی ئێف کنێدی-ش هەر بەو چەشنە ساز دراوە، ئەوان بە چەشنی سێ کەسایەتی جیاوازن کە بە مێژوویەکی هاوبەش پێکیانەوە دەلکێنێت. لە گرسانی پاپ کە گرینگییەکی بەرچاوی لە هونەرانی سەر شانۆ پەیدا کردووە دوو ڕاستی پێڤاژ و ناتەبا دەردەکەوێت:

(١) کەش و دۆخی دەوروبەری هونەرمەندی مۆدێرنیان کە - بە تایبەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکی - بەشەکانی کیچ داگیری کردووە کە ئەو سەبارەت بە وان بێ سەرنجە (کەسانێک کە بۆ هەوەڵێن جار لە ئەورووپاوە بۆ ئەمریکا کۆچ یان سەفەر دەکەن، بەر لەوەی ڕۆڵ و نەخشی پێ ورشە و پرشەی دیمەنگاکانی گشتی مەزنی دیمەنگاکانی نوێی هەستیاری مێژووی خۆی لە کیس بدات هێماکانی کیچ پێناسە دەکرێن).

(٢) ئەو بەشە وێکچووانەی کیچ کە گیرۆدەیی وان نکۆڵی لێ ناکرێت - تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی بافتی (ساو) ڕەسەنیش بە کار بێن بە چەشنی بەرهەمێکی ڕەگەزداری هونەری دەناسرێن. بیری کەڵک وەرگرتن لە پەلاستیکە ڕەنگینەکان (بە توانایی کەڵکی هونەری) لە جۆک باکس، ماشێنی پین باڵی خودکار، هێماکانی شەونوێن و گشت کەلوپەلی ناو ماڵ کە بنەمای چێکرنی وان ئەو هێمایانەن کە وا لەوەپێش دامەزرابوون بە چەشنێکی بەر بڵاو پەیوەست بوون بە هونەرمەندانی پاپی ئەمریکی و پاشانیش لاساییکەرانی ئەورووپی وان.

خولێکی ئاراستە بوونی وێچو بەر لە گەشەکردنی پاپ ئارت لە ئامریکا ڕووی دا.

وەک هەوڵەکانی Enrico baj لە چەشنی جۆر بە جۆردا: خانمان، لەشە بەهێزەکان، ئەسکەمل و مۆبلەماڵ. Baj دەسپێکی کاری خۆی بە سەکوت و بیچمێکی یەکجار جیاواز لە چاو هونەرمەندانی پاپ، دەربڕی، هەروەها سەرنجێکی زۆری بە کەڵک وەرگرتن لە کولاژ (لکاندن) دەدا کە لە سەرەتادا پێناسەکانی کیچ-ی تێدا بوو. (کوتە کوتاڵەکانی وەک چل تیکەی دۆشەک بە نەخش و نیگاری گوڵی کاغەز دیواری و مافوورە و فەرشە ئاساییەکان یان بە نرخەکان، پاشچۆیی ڕەنگە ڕۆنییەکان، یان کەڵک لە دیکۆر و ڕازاوە - میداڵیا و شتە ئەنتیکەکان کە وا هی سەردەمی باپیرە و باوەگەورەکانمان بوون تەنانەت لایەنە ناتەکووزەکانیشی لێ دوور کردۆتەوە) بە کەڵکی ئاگایانە و زانستییانە لە مادە بێ بایەخەکان کە زۆربەشیان ناجۆر و ناحەز و نارێکن، Milaneseی هونەرمەند توانی ڕێبازێکی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە کە زۆر کات هۆنی (نەزم) یەک گرتوو لە پێک هاتندان. بۆچی، چونکە بە چەشنێکی نائاسایی لەم بەشانە کەڵک وەرگیراوە.

بۆ وێنە لە هێندێک لە بەرهەمەکانی هونەرمەندانی پاپ-ی ئەمریکی و ئەوروپیدا وەک Baj و یەک دوانێکی تر (هێندێک لە بەرهەمەکانی Delpezzo کە تازە کراوە، هێندێک لە کۆلاژە و چەسپاوەکانی Gavl و پێکهاتەکانی .H. Rich- Peter Blake ard- کە کەڵکی ئاساین لە وێنە و چاپکراو و گۆڤارە وێنەییەکانی گەمە و گەپ و تەوس و توانج جیا کراونەتەوە) لە بەشەکانی کیچ بڕێک ژیرانە کەڵک وەرگیراوە. مەبەستی منیش لە شرۆڤە کردنی ئەم بەشانە پێویستی جەخت کردن لە سەر وان بوو. هیوام وایە دەقەکە شتێکی ئاشکرا و ڕوون بێت کە مەبەستیش ئەرخەیان بوونی لایەنانی ئەرێیی بەشەکانی کیچە نە دووپات کردنەوەی لایەنە نەرێیەکان. بە واتایەکی تر بەرهەمە ناسراوەکان کە لە هی هونەرمەندانی گەورەن، لە نەست و ناوشیاریدا هاتوونەتە ئافراندن و زۆربەشیان ڕواڵەتێکی باشیشیان نییە، بە نرخێکی یەکجار زۆر لە لایەن (کلۆکسیۆنداران) دەکڕدرێنەوە یان دەیانبەنە موزەکان و پێشان دەدرێن هەتا جیلی داهاتوو بە ڕاستی سەبارەت بەم بەرهەمانە لێدوانی بێت. ئەمن مەبەستم کێشە لەسەر بەرهەمی بەدگوز و خراپ نییە (ئاسایی)، بۆچی، چونکە ئەم دادگاییە بە پێزە و بێکۆتاییە دەدەینە دەس جیلی داهاتوو، بەڵام ئەم بەرهەمانە، لەچاو ئەو بەرهەمانەی کە لە کاتی ئێمەدا خولقاون، بۆ بینەرەکانمان سەرسوڕهێنەر نین: بەتایبەت کە دێوەزمەی کیچ- یش ئەوانی جادوو کردبێت ئێمەش لەو" داو" ەدا گرفتار بووبێتین و لانی کەم ئەم گریمانەیە هەس کە گرفتار بین. زۆرینە باوەڕیان وایە کە لە ڕاستیدا داهێنانی ئەم جۆرە کارانە لە کاتی تێکەڵ کردنی شتە کیچەکاندا دێتە دی و بە ڕەچاو گرتنی ئاخرین دەقی سەبارەت بە ڕووداوی تایبەت بە خۆی واتە کیچ لە ناو بەرهەمانی هونەری ئەمڕۆ- بە لانی کەمی ئەرێیی بێت - لێدوانەکانی خۆم کۆتایی پێ دێنم. نازانم تا چەند سەرکەوتوو بووم لە لابردنی ئەو دڕدۆنگی و شک و شوبهانە کە لە ئاست پڕ سۆزترین کێشەی مێژووی هونەر و جوانناسیدا بۆم هاتۆتە پێش. تا چ ڕادەیەک تیشک پەل بهاوێژێ دیسان ناتوانێت پانتایەکی بەرین داپۆشێت، هەروەها کە لە لەشکری ئاسمانی و لە بن نەهاتووی هونەرمەندانی کیچیش، لە سەرانسەری دنیادا کە باسکیان بۆ داهێنان و ئافراندن هەڵماڵیوە و چێژیان لێوەرگرتووە لە ڕێبازێکی بە گوماندان. چلۆن دەتوانین چاوانمان بەسەر ئەم هەموو کەموکووڕیانەدا هەڵبێنین لە کاتێکدا کە ئەوانە بەشێکی زۆر لە دنیای ئێمەیان داگیر کردووە؟ بە ڕاستی چەن ڕێباز و ڕوانگە بۆ دیتنی دنیا هەیە؟

ڕەنگە لایەنگری لە کیچ بە ڕاستی تایبەتی دەورانی ئێمە بێت. هەم لە بەکار هێنانی شتەکاندا و هەمیش لە باری سایکۆلۆژییەوە و ڕەنگە ڕسکێکی بێ واتا و ئاوەڵا بێت کە ئێمە جەخت لە سەری دەکەین بۆ پێناسە کردن (بێ گومان دەورانی بەر لە ئێمەشی هەژاندووە). لایەنە گرینگەکانی کیچ زۆرتر لە تەواوی خاڵەکان، سەردەمایەک لە ژیاری ئێستای ڕۆژئاوای بۆ لای خۆی ڕاکێش کردووە، مەبەستی من ئەوە نییە کە لە داهاتووی هونەر ناهومێدتان کەم پشتیوانی لێ نەکەن و هیچ یارمەتییەک بۆ بووژاندنەوەی نەدەن. وەرن با دەگەڵ پێشکەوتن و پێشوەچوونی کۆمەڵگای ئەمڕۆ هاوڕێ بین: بە تێڕوانینێکی پڕ و نوێ بۆ هونەر و دیمانە و وتووێژ نێوان هونەر و کۆمەڵگا و هونەر و سروشت هاوپێ بین. لە داهاتوویەک کە زۆر دوور نییە، بە پارسەنگی نێوان هونەر و تەکنۆلۆژی، هونەر و ژیان دەس خەین. پێداویستییەک کە لە سەدەکانی ڕابردوورا بناغەی داڕێژراوە و تا چاخی ئێستاش بەردەوام ڕێگای بڕیوە.

**سەرچاوە:**

**لە گۆڤاری حرفه: هنرمند ٧ هنرهای تصویری بهار ٨٣**

**The World of Kitsch/ed: Gillo Dorfles**

# دلێری شێره ژنانی کوردی خێرئابادی

دوای ئەو تێکشاندنانەی کە لە ناوچەکانی (مەرو) و (عیشق ئاباد) تووشی تورکمانە داگیرکەرەکان هاتبوو، جارێکی دیکە ویستیان پەلاماری شارۆچکەی فریزە (افریزە= فەیرۆزە) بدەنەوەو هێزو تواناو ئازایەتی خۆیان لەمەیدانی جەنگدا نیشان بدەنەوە.. بەم شێوەیە پلانی جەنگیان دارِشت کە لەسەرەتاوە (٥٠٠) چەکداریان نارد تا فریزە گەمارۆ بدەن، هەروەها سێ هەزار چەکداری دیکەشیان لە نزیکی خێرئاباد لە پشتی گردەکانەوە خۆیان لە بۆسە نا تا لەو کاتەی کە پیاوانی خێرئاباد (١) بۆ یارمەتیدانی گەمارۆ دراوەکانی فریز= فەیرۆزە رِۆیشتن، ئەوانیش لە بۆسەکانی پشت گردۆڵکەکانەوە بێنە دەرو پەلاماری ژنان و منداڵانی بێ بەرگری و سڤڵی خێر ئاباد بدەن و بەدیلی بیانگرن و بیانبەن.

بە ئەنجامدانی قۆناغی یەکەمی پلانەکەیان، شارۆچکەی فەیرۆزەیان گەمارۆ دا و خەرمانە و لەوەرِگا و کێڵگە و بەراوەکانیان ئاگر تێبەردا و سەروەت و سامانەکەیان لە ژێر سمی ئەسپەکانیاندا هەموو پلێشاندەوە و بەتاڵان برد.

بە رِێکەوت تاقە سوارێک لە قۆشخانەوە بۆ فەیرۆزە دەچوو، لە دوورەوە لە چۆنیەتی رِووداوەکە ئاگادار بوو، بۆیە بەرەو قۆچان گەرِایەوە، شەلڵاخی لە ئەسپەکەی داو دایە تاو. دوای شەو و رِۆژێک گەیشتە قۆچان.

یەزدانویردی خانی زەعفەرانلوو، سوارێکی بەغار بۆ لای حاجی خان بەگ، یارمەتیدەری قۆشخانە رِەوانە کرد کە بێ دواکەوتن فریای دانیشتوانی فیرۆزە بکەوێت. هەروەها قودرەتوڵڵا خانیش(٢) کۆمەڵێک سوارەو شمخاڵچی رِاستەوخۆ رِەوانەی فیرۆزە کرد، بەڵام بەر لە گەیشتنی ئەم دوو هێزە، دانیشتوانی خێرئاباد کە هەر یەکەیان لە چالاکی و ئازایەتیدا ئەسفەندیاری دووەم بوون، بەپلانی دوژمن فریویان خواردو هەموویان خواحافیزیان لە ژن و منداڵانی خۆیان کرد و بەخێرایی بەهانای دانیشتوانی فیرۆزە چوون گەمارۆدراوەکانی فیرۆزە بە رِواڵەت درێژەیان بەجەنگ و هەڵاتن دابوو، سوارەکانی کوردی خێرئابادیان بەرەو دەشتی خوارەزم رِاکێشا. ئەو سێ هەزار چەکدارە تورکمانەی کە خۆیان لە مەکۆدا بوو، کە بینیان قەڵاکە چۆڵە و پیاوەکانی لەوێ نین، پەلاماری قەڵای خێرئابادیان دا، ژنانی خێرئاباد کە لەناو

---

**لە فارسییەوە: وریا قانیع**

قەڵاکەوە هێرشی تورکمانەکانیان بینی، بەخێرایی دەرگاکانی قەڵاکەیان داخست، چوونە نێو بورج و مەتەرێزەکانەوە، بۆ جەنگێکی خوێنین و بەرگریکردن لە سنووری خاکی خۆیان پشتوێنی مەردایەتیان بەست، ژنانی خێرئاباد جارێکی دیکە مەیدانی جەنگی (گرد ئافەرین)، یان لە مێژووی نەتەوەیی و قارەمانێتی ئیرانیان دووبارە کردەوە، سەلماندیان کە دلاوەرییەکانی (گرد ئافەرین)یش ڕواڵەتێکی خەیاڵی و داستانئامێز نەبووە، بەڵکو ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر بووە.

شێرە ژنانی کورد بە پۆشینی بەرگی جەنگی لەسەربان و بورجی قەڵاکە و بانەکانی دیکەی ناو قەڵاکەوە، نەعرەتەی دلاوەری مەردایەتیان لێ دەدا، بە ئازایەتییەکی بێ وێنە کەوتنە جەنگ و بەرگریکردن.

ئەو تورکمانانەش کە ئازایەتیەکی بێ وێنەیان لە خۆ نیشان دابوو، لەبن دیواری قەڵاکەوە نزک دەبوونەوە، بە تیری دڵدۆزی ئەم شێرە ژنانە بۆ هەمیشە لە تاڵانکردن ڕزگاریان دەبوو. مەردایەتی و ئازایەتیەک کە لەم جەنگەدا لەشێرە ژنانی خێر ئابادەوە دەرکەوت، یەکێکی دیکە بوو لە شانازییە نەتەوایەتییەکان و قارەمانێتی ئێمەی کورد کە لەگیانی ژنانی کورددا شکۆمەندی نواند.

شێرەژنان بە چەکی ئاگرین و شمشێر و ڕژاندنی ئاوی کوڵاو بەسەر تورکمانەکاندا بەرگریان لە نیشتمانی ئازیزی خۆیان دەکرد. هاوار و قیژ و هۆڕی تورکمانەکان، ئاسمانی خێرئابادیان کردبووە مەیدانێکی ترسناک. داگیرکەرەکان سات بەسات پەلاماری خۆیان زیاتر دەکرد تا لە پێش گەڕانەوەی پیاوانی خێرئاباد لە جەنگەکەی ئاوایی فیرۆزە بتوانن ژنان و منداڵانی خێر ئاباد بە دیلی بەرن، بەڵام بەر ئەنجامی هەوڵی نائومێدانەی دوژمن جگە لە زیانێکی گیانی زۆر، سەرەنجام بەسەر شۆڕی ڕایان کرد. بەڵام هەندێک لە تورکمانەکان کە بە غیرەتتر و ئازاتر بوون نەیانتوانی سەرمەزاری جەنگی ئافرەتان و ڕاکردن قبووڵ بکەن بە ناچاری گەڕانەوە بۆ مەیدانی جەنگەکە و هەڵاتووەکانی خۆیان بۆ جەنگ و دەرگا شکاندنی قەڵاکە هان دەدا.

قەڵاو بورجەکانی خێرئاباد دووبارە کەوتنەوە بەر مەترسییەکی توندوتیژ، هەریەکێک لە تورکمانەکان کە دەکوژران، یەکێکی دیکەیان شوێنی دەگرتەوە، لە ئەنجامدا چەند کەسێک لە تورکمانەکان خۆیان گەیاندە بن دیواری قەڵاکە بە دانانی پەیژەو بەکارهێنانی کەرەستەی قەڵا گرتنەوە بە دیوارەکاندا سەرکەوتن، بەڵام پێش ئەوەی دەستیان بە بورجەکان بگات، بە شمشێری ژنانی کورد سەریان لەلاشە جیا دەکرایەوە، سەرەکانیان دەکەوتنە حەوشەی قەڵاکە و لاشەکانیشیان دەکەوتنە خوارەوە، هەروەکو مریشکی سەربڕاو پەلیان دەکوتاو لە هەڵبەزو دابەزدا بوون.

داگیرکەرانی تورک کە لە هێرش و پەلامارە توند و یەک لە دوای یەکەکانی خۆیان هیچ ئەنجامێک و سوودیان بە دەست نەهێنابوو دەستیان بەسووتانی باخ و کێڵگەکان کرد.

ماوەی پێنج شەو و ڕۆژان جەنگەکە بەردەوام بوو، شێرە ژنانی کورد بەبێ ماندوو بوون درێژەیان بە هەوڵ و خەباتی خۆیان دەدا کە قودرەتوڵڵا خانی ڕۆشنی و حاجی خان بەگ یارمەتیدەری قۆشخانە گەیشتنە فەیرۆزە، بە بیستنی هەواڵی گەمارۆدانی خێرئاباد لەگەڵ (٤٠٠) چەکداری سوارەی زەعفەرانلوو خۆی گەیاندە خێر ئاباد و تورکمانەکانی گەمارۆ دا. هەرچەندە ژمارەی تورکمانەکان حەوت ئەوەندەی سوارەکانی زەعفەرانلوو بوون، بەڵام بە سەختی تورکمانەکانیان شکاند و کوژراوێکی زۆریان لە چیاو بیابانەکاندا لێ بەجێ ماو گەلێکیان لێ بەدیل گیران.

ئەوانیش گەلێک ئەسپیان دەست کەوت و بۆ خێرئاباد گەڕانەوە.

شێرەژنان پێشوازیان لێکردن، قودرەتوڵڵا خان ئافەرینی ئازایەتی ژنانی کرد، لە دوای دڵدانەوەی (ئەو گرد ئافەرین)انەی ڕۆژ، دیلە تورکمانەکانیان برد و بە هاوڕێیەتی حاجی خان بەگ بۆ (خبوشان) هاتەوە، یەزدان ویردی خان چەند ڕۆژێک دوای جەنگەکە، دیلە تورکەکان و سەرە بڕاوەکانی لەگەڵ ڕاپۆرتێکدا ڕەوانەی تاران کرد.

کە لە ئەنجامدا گەورەکانی (خبوشان) بە خەڵاتی گرانبەها و یەزدان ویردی خانی زەعفەرانلوو بە نیشانی یەکەم سەرهەنگ و حەمایلی سپی شاد و بەختەوەر بوو(٣).

یەزدان ویردی خانیش کراسێک و جوبەیەکی تورمە و یەک دانە دروشمی سەرهەنگی پێ درا.

**پەراوێز:**

١- خێرئاباد: دێیەکە لە دێیەکانی قۆشخانە کە لە دوای جیابوونەوەی فەیرۆزە، ئەویش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕووسەکان.


ئەمڕۆکەش دێیەکی دیکە هەر بەم ناوەوە لەسەر هێڵی سنوور لە خاکی ئێراندا هەیە کە یادگاری ئەو خێرئابادەیە. دانیشتوانی ئەم خێر ئابادە نوێیەیە، تێکەڵەیەکە لە کورد و تورک.

٢- قودرەتوڵڵا خان ڕەوشتی زەعفەرانلوو، لە بنەماڵەی باپیرانی خانەکانی (ئەسفرانیە).

٣- حقایق الاخبار ناصری، ل١٤٠ ناسخ التواریخ ج٣ ل٢١٠، روضة الصفا ڕووداوی ساڵی ١٢٧٠ی کۆچی.

**سەرچاوە:**

**حرکت تاریخی کرد بە خراسان، کلیم الله توحدی.**



# بیناسازی و پلانڕێژی شارەکانی کوردستان

دیارە لە سـەردەمـانێکی دێریندا، مـرۆی کـورد بژێوی ڕۆژانەی خۆی بە ڕاوکردن دابین کردووە و پێداویستییەک نەبووە بۆ مانەوەی لە جێگەیەکدا و نیشتەجێ بوونی. هەر بۆیە لە ئەشکەوتەکاندا ژیانی بردۆتە سەر.

بەڵام دواتر، پاش دۆزینەوەی کشتوکاڵ و کشتکاری و مـــاڵیکردنی ئاژەڵ و پەلەوەران، ناچاری مـــانەوەی هەمیشەیی بووە، لەپاڵ کێڵگەکانیدا. هەر بۆیە خانوو و جێگەی حەوانەوەی بۆ خـۆی و تەویلە و گەوەڕیشی بۆ ئاژەڵەکـانی دروست کـردووە. سـەرەتاکـانی بیناسـازی کوردیش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە بۆ یەکەم جار کشـتوکـاڵی تێـدا دۆزراوەتەوە؛ لە ناوچەکانی «کەریم شـار» و «قـرمـز دەرە» کـە مێـژووەکەی دەگـەڕێتـەوە بۆ سەردەمی پرۆتۆ- نیۆلیتیک (٩٣٠٠- ٨٥٠٠ پ.ز). شایەنی باسە کە هێندەی خانوو و بینا مێژووییەکانی شاری دێرینی «ئاریحا» کۆنن. گەرچی ئەو خشتە لە قوڕ دروستکراوانەی کە لەو دەمەدا لە دروستکردنی خانوو و بیناکانی کوردستـاندا بەکـارهێنراون، لە بینا و خـانوو بەرەکـانی شـاری (ئەریحـا)ی هاوکـات و هاوزەمـانی بیناسازی کوردەکاندا؛ بەکار نەهاتووە و نەبووە.

لە ٨٠٠٠- ٦٠٠٠ پ.ز دا بەشـێـوەیەکی بەرچاو شێوازی بیناسازی کورد گۆڕانی بەسەرداهات، کە دیارە پێشـتـر وەک تایبەتمەندییـەکی بیناسـازی کوردی بیناو خانووەکان بەشێوەی بازنەیی دروست دەکران. بەڵام دواتر شێوازە بازنەییـەکەی بیناسازییـان بووە چوارگۆشە و لە جێی خشتیش کەوتنە بەکارهێنانی بەرد.

ئاشکراشـە کـە ئەم گـۆڕانکارییـە دەگـەڕێتـەوە بۆ کـاریگەری ئەو نەتەوانەی کە لەو دەمـەدا لـە زۆر شـوێنی جیاجیای کوردستاندا نیشتەجێ بوون.

**مەهرداد ر. ئیزەدی**
**لە تورکییەوە: یووسف عزەددین**
**(ئوستراليا)**

گـۆڕانی شـێـوازی بازنـەیی (tholoi) بـۆ شـێـوازی چوارگـۆشـەیی و فـرە ژووری لە دروسـتـکردنی بینـا و خـانووەکـانـدا، زیاتر لە سـەردەمی «هەلەف»ەکـانـدا، لە ٦٠٠٠- ٥٤٠٠ پ. زدا دەبینرێت.

لەو سـەردەمـەدا ژووری ٥ر٤م٢- ٥ر٧م٢ دروست دەکرا. کـە هەر یەکـەی خێـزانێکی تێـدا دەژیا. شـێـوازی بازنـەییش لە دروسـتـکردنی گـەوەڕو تەویلەی ئاژەڵاندا بەکـاردەهات. بۆیە وا پێـدەچێت مـەبەسـتـیـان لە بەکارهێنانی هەردوو شـێوازەکە بۆ هێشتنەوەی هەردوو شـێـوازی کـۆن و نـوێی بیـنـاسـازی بـووبـێت. بەپێی تەڕ و تووشی و ڕادەی بارانبارینی ناوچەکان، مادەو کەرەستە بەکارهاتووەکانیان دەگۆڕی.

هەر بۆ نموونە لە زۆر شـوێندا خـشـتـی قـوڕیان بەکـاردەهێنا، لەکـاتێکدا لە زۆر شوێنی تردا بەردیان لە دروستکردنی خانووبەرەکانیاندا بەکاردەهێنا.

جگە لەوەش ئەو بیـنـایـانەی کـە بە خـشـت دروست دەکران، بنمیچ و سەربانەکەی لەشێوەی گومەزدا دروست دەکران. بەڵام ئەو بینایانەی کە لە بەرد دروست دەکران، سـەربانەکـەی ڕێـک و ڕاست دروست دەکـراو بەدارەڕا سەری دەگیرا.

پاش هاتنی هۆزە ئارییەکان بۆ کوردستان و نیشتەجێ بوونیـان لە ٢٥٠٠ سـاڵێـک لەمـەوپێش بە تەواوی بەکـارهێنانی شـێـوازی بازنـەیی لە بیـنـاسـازی کـوردیدا نەما. لەجێی ئەوە شێوازی چوارگۆشەیی جێگەی گرتەوە کە تا ئێستاش لە بیناسازی کوردیدا بەکاردەهێنرێت.

بێگومان هۆزە ئارییە میدییەکان، کە بەشێوە زمانی هیندوئەوروپی قسەیان کردووە، زۆر هونەر و کولتووری دێرینی کوردیان کردۆتە هی خۆیان بەڵام بەحوکمی تێکەڵ بوون و توانەوەی دواتری کـورد و مـیـدییـەکـان لە یەک بۆتەی نەتەوەییـدا، وەک دەرئەنجـامـێک هونەر و کولتووری میدییەکانیش بۆتە موڵکی کورد.

پلانڕێژی شارەکانی کوردستان و بیناسازی کوردەکان لە هەڵکۆڵینە ئەرکـۆلۆژییـەکـاندا بە ئاسـانی دەناسـرێتـەوە. پلانڕێژی بنەڕەتی پێکهـاتەی شـارەکـانی کـورد لە تەپۆڵکەیەکی سەرەکی پێکهاتووە کە کۆشک و تەلار و پەرسـتـگای گـەورە و بنەڕەتی لەسـەر دروست کـراوە. سەرباری حەوت تەپۆڵکەی دیکەش کە دەوری تەپۆڵکەی سەرەکییـان داوە و خانووبەرە و بیناکانی دیکەی شاری لەسەر دروست کراوە.

بەپێی ئەو زانیـارییانەی کە هێـرێدۆت لە ساڵی ١٠٧ پ. ز دا تۆمـاری کـردووە؛ ئامـاژەی بەهەمـان شـێـوازی بیناسازی داوە کە میدییەکانی هەمەدان، لە بیناسازیدا بەکاریان هێناوە.

باسی لە شـوورە و دیواری چواردەوری تەپۆڵکەکـان کردووە؛ هەر حەوت ڕەنگی سـەر دیوارە بۆیەکراوەکـانی دەستنیشان کردووە، کە پێهاتبوون لە: ئاڵتوونی (مەیلەو زەرد)، زیوی، سپی، ڕەش، مۆر، شین، سوور.

لە زمـانی کـۆنی ئێرانیدا، بەو چەشنە بیناسازییەی کە چواردەوری بیناو خـانووبەرەکـانیـان، بەشـوورەو دیوار دەگـرت. «پایری دابێـزا»ی پێ گـوتراوە. ڕەنگە لە ئێستاشدا هەر ئەو زاراوەیە بێت کە لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێت و بەمـانای «بەهەشت- فیـردەوس» دێت کە لە زمانی گریکییەوە وەرگیراوە و بۆتە Paradise.

لە زمـانی کـوردیشـدا «پەرێز» یان «پەردێز» لە شێوەزاری گۆرانیـدا بەشوێنی گـوڵ و گـوڵزار و شـینـایی دەگوترێت.

پـاشـگـری deza- daezaش هێـشـتـاکـە لە زۆر شێـوەزاری زمـانی کـوردیدا بەمـانای «قـەڵای سـەرچیـا» دێت.

لە هەمەداندا تا سـاڵی ١٩٦٧یش، دیواری بەهەشتی مـیدییـەکان، نەڕووخابوو کە بە ئاسانی شوێنی ڕەنگی ڕەش و سپی بەدیوارەکانیەوە دەبینرا.

ئەو حـەوت ڕەنگەی کـە لە سـەردەمـانێکی دێریندا، دیوارەکانی پێ بۆیە کراوە بە درێژایی مێژوو کـاریگەری لەسەر هونەری وێنەکێشان و نەخشکاری کورد هەبووە و وەک ڕەنگدانەوەیەکی لەمێژینەی بەکارهێنانی ڕەنگەکان دەکرێت لە ئێستاشدا ببینرێتەوە.

ئەم جۆرە ڕەنگ و چەشنە بیناسازییەی کە کوردەکان لە سـەردەمـانێکدا ڕەچاویان کـردووە، بۆتە مـایەی چاولێکەری ئاشـووری و نیـو بابلیـیـەکـان، کـە لە دروسـتـکردنی زاگـوورەکـانیـاندا بەکـاریان هێناوە. لە بیناسازی شارەکانیاندا تەپۆڵکەی جیاجیان بەکار هێناوە بۆ دروست کـردنی خـانووبەرە لەسـەری و پەرسـتگاکـانیـشـیـان لەسەر بەرزترین تەپۆڵکە دروست کـردووە. ڕەنگە ناوی زاگـوورەشـیـان لەناوی چیـای زاگرۆسەوە وەرگرتبێت. ئەو ڕەنگانەی کە بەکاریشـیان هێناوە کتومت هاوشێوەی ڕەنگە سروشتییەکانی چیای زاگرۆس بووە.

دیواری «شارۆکین»ی شاری دێرینی ئاشوورییەکان، بە حەوت ڕەنگ بۆیە کراوە کە لە ڕووی ڕیزبەندی و چەشنی ڕەنگەکـانەوە بە بەراورد لەگـەڵ مـیدییـەکان، گـۆڕانکاری تێدا دەبینینەوە.

ناشکرێت هێـرێدۆت بەچاوی خـۆی دیوارە بۆیە کـراوەکـانی مـیـدییـەکـانی نەبینیـبێت. یان تۆ بڵـێی ڕیزبەندی ڕەنگەکانی پاش و پێش خستبێت؟

ئەگـەر ئاشـوورییـەکـان هەر بۆ خـۆیان لە ڕەنگە

سروشتییەکانی چیای زاگرۆسەوە ئیلهامی ئەو ڕەنگانەیان وەرگرتبێت. ئەو دەمە دەبێت سەبارەت بە یەکەمین بەکارهێنانێکی ئەو ڕەنگانە لەلایەن میدییەکانەوە، دەستبەرداری مێژووی تۆمارکراوی مێژوونووسە گریکییەکان بین.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت، لە سەردەمی بەکارهێنانی ئەو ڕەنگانەدا، کورد یاریسانی بووە و حەفتەی بەسەر حەوت ڕۆژدا دابەش کردووە. هەر ڕۆژێکی حەفتەش، بە ڕەنگێک گوزارشتی لێکراوە.

هەر بۆیە دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە حەوت ڕەنگیان لە بۆیەکردنی دیوارەکاندا بەکارهێنابێت. جگە لەوەش ئەم ڕەنگانە بەلای ئەوانەوە پیرۆز بوون و دەلالەتیان لە حەوت ڕۆحی پیرۆز کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە هێشتاکە ڕەنگە سەرەکییەکانی بەهەشتی میدییەکان نەدۆزرابێتەوە.

لە چیای «نەمروود»یشدا، شوێنەواری پایتەختی کۆماگەنێی کوردەکان دەبینرێتەوە (کە دەکەوێتە خۆرئاوای کوردستان و باکووری شاری ئادیامان). شایەنی باسە هەمان شێوازی بیناسازی و پلانڕێژی شاری تێدا بەکارهێنراوە؛ جگە لەوەی کە وەک شارە دێرینەکانی کوردستان لەسەر تەپۆڵکە دروست کراوە.

نموونەیەکی بەرچاوی ئەم چەشنە بیناسازییەش لە دروستکردنی شاری (بایەزیدی کۆنی سەدەکانی ناوەڕاستی باکووری کوردستان)دا دەبینرێتەوە.

کە لەلایەن ئیسحاق پاشاوە دروست کراوە و لەسەر تەپۆڵکەیەک و بەرامبەر بەچیای «ئاگری» قوت بۆتەوە. مزگەوتێکی گچکە و جوان و کۆشکێکی گەورەی هەیە. سەرجەم سەربانی خانووبەرەکان قوبەی لەسەرە.

ئەگەر کەسێکی ناپسپۆڕ و نەشارەزا بڕوانێتە کۆشکەکەی ئیسحاق پاشا، پێی وادەبێ کە بەهەمان چەشن و شێوازی کۆشکە کۆنەکانی سەر خاکی سووریا و قەفقازیا و ئێران دروست کرابێت، بەڵام تێڕوانینی کەسێکی پسپۆڕ بۆ کۆشکەکە جیاوازە و یەکسەر ڕەگ و ڕیشەی بیناسازی «هورییەکان» لە شێوازی دروستکردنی کۆشکەکەدا دەبینێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە سەرجەم بینا و تەلارەکانی شارەکە بەهەمان شێواز دروست کراون. شێواز و چەشنی پەنجەرەو دیوارە لە بەرد دروست کراوەکانی، لە بنەڕەتدا شێوازێکی هورییە؛ کە دواتر هیتی و ئورارتوو ئەخامەنییەکان هەمان شێوازیان لە بیناسازیدا بەکارهێناوە. کۆشکەکەی ئیسحاق پاشا، وەک هەر کۆشکێکی میدییەکان، لەسەر تەپۆڵکەیەکی بەردەڵان دروست کراوە.

پاش شکستی بزووتنەوەی «خۆیبوونی»ی کوردەکانی تورکیا. هێزە سەربازییەکانی تورکیا پەلاماری کۆشکەکەیان دا و لە زۆر ڕووەوە خاپووریان کرد. لەمڕۆشدا بەبێ گرنگی پێدان؛ بەجێ هێڵراوە.

کۆشکی حامید بەگی بابان و کۆشکی عادیلە خانم، نموونەیەکی تری ئەو جۆرە کۆشکانەن. کە بەداخەوە کۆشکی حامید بەگی بابان، لەساڵی ١٩٥٨دا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو دەمەی عیراقەوە ڕووخێنرا.

کۆشکی عادیلە خانمیش، پاش کیمیابارانەکەی ساڵی ١٩٨٨ی هەڵەبجە، ڕووخا.

بەڵام هێشتاکە لە سنەدا، کۆشکەکانی سەردەمی حوکمڕانێتی ئەردەڵانیەکان، ماوەو نەڕووخاوە. چونکە پاش ڕووخانی تەواوی حوکمڕانێتی ئەردەڵانیەکان لەساڵی ١٨٦٧دا، دەسەڵاتدارانی ئەو دەمەی ئێران، کۆشکەکانیان کردە فەرمانگەی ڕەسمی دەوڵەتی. یەکێک لە کۆشکەکانیش لە ئێستادا کراوەتە مۆزەخانەی سەرەکی شاری سنە.

کەرەستەی سەرەکی لە پێکهاتنی کۆشک و بینا دێرینەکانی کورد، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا؛ بەرد بووە.

ئینجا ئەوەی کە پێویستە لێرەدا بیخەینە ڕوو، گۆڕانی چەشن و شێوەی بەردەکان بووە، پێ بەپێی بەرەوپێش چوونی مێژوو.

سەرەتا کوردەکان خڕە بەردی ناداتاشراویان لە بیناسازیدا بەکارهێناوە، بەڵام دواتر لەژێر کاریگەری بیناسازی فارسەکاندا، دەستیان داوەتە بەکارهێنانی تاشەبەردی ڕێک و داتاشراو؛ کە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا باو بووە.

بەڵام باکوور و خۆرئاوای کوردستان، نەکەوتۆتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە و هەروەک جاران، خڕە بەردی لە بیناسازیدا بەکارهێناوە.

بە درێژایی مێژوو؛ دیوارەکانی شاری دێرینی «ئامەد- دیاربەکر» سەرنجی مێژوونووسە گریکی و ڕۆمانییەکانی ڕاکێشاوە. دیارە لە ئێستاشدا بەمەبەستی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی زیاتری چەشنی بیناسازی و پلانڕێژی، لە دروستکردنی شارەکانی کوردستاندا، لێکۆڵینەوە و لێتۆژینەوەیەکی زۆری دەرحەق دەکرێت.

وا پێدەچێت کە بەهۆی دیوارەکانی شاری دیاربەکریشەوە، نهێنی و پەنهانی بەکارهێنانی ڕەنگەکانیشمان بۆ ئاشکرا بکرێت و بیدۆزینەوە.

سەرچاوە:

* KURTLER/ MEHRDAD. R. IZADY
DOZYAYNILARI/ ISTANBUL/ 2004



# فەوزیە محەمەد

لە ساڵانی (١٩٤٨- ١٩٥٠)دا بۆ حەسانەوەی مێشکم لە خوێندن و واجب و دەرس ئامادەکردن، لێراهاتبووم دەمی عەسرانی ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی و ڕۆژانی پشوودانی دیکەش، دەچوومە چایخانەیەک لەو ماوەیەی پێش تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ کەش و هەوا گەرم دەبوو، لە ماڵەوەش کارەبا و پانکەمان نەبوو! بۆیە دەچوومە چایخانەیەکی هاوینی.

ئەو جۆرە چایخانانە، لە هەولێر لە هاویندا دەکرانەوە لەناو باخچەیەک، لە لاپەرگەیەکی شەقامێک کە هەندێ دار و درەختی لێبوایە، ئیتر ئەو شوێنە، یان ئەو گۆڕەپانە ڕێک دەخرا و هەندێ گوڵ و چیمەنی هاوینەی، پێشوەخت، لێدەچێنرا ئینجا کە هاوین تەواو دادەهات، عەسران دەیانڕشاند عەرد و درەختەکان، وای لێدەهات هەوایەکی فێنک و خۆش هەڵێدەکرد و دانیشتنی چایخانەکە زۆر خۆش دەبوو.

من دەچوومە ئەو گازینۆیەی تەنیشت سینەمای حەمرا. هێشتا گازینۆی (سەفین) نەبوو و هەروەها سینەمای سەلاحەددینیش گازینۆی نەبوو. جا ئەو گازینۆی (حەمرا)ی تەنیشت سینەمای حەمرا، پارچە زەوییەکی فراوان و گەورە بوو، لە هاویندا دەبووە باخچەیەکی زۆر خۆش و شوێنێکی فێنک. لە ناوەڕاستی گازینۆیەکە، ڕادیۆیەکی گەورە دادەنرا لەسەر مێزێکی بەرز و عەسران ڕادیۆی بەشی کوردی بەغدایان دەکردەوە و نەیان دەگۆڕی تا بەرنامەکانی تەواو دەبوون. دەنگی ڕادیۆکەش زۆر ساف بوو. هەموو ناوچەکە گوێیان لێی دەبوو.

من بە هاوین، زۆربەی ڕۆژانە، لە تەیراوەوە بەپێیان

---

**باکووری**



**باکووری و گولبەهار**

دەهاتم، ئینجا دادەنیشتم و هەندێ جار تووشی برادەرێکیش دەبووم.. پێکەوە لەو فێنکایەتییە، بە قسەی خۆش و گوێ ڕاگرتن لە گۆرانییە خۆشەکانی ڕادیۆکە. ئەگەر فیلمێکی خۆشیش لە سینەما هاوینییەکە پێشان بدرابایە، ئەوا پێش نمایشکردنی، بە دە دەقیقە، دەچوومە سینەماکە فیلمەکەم دەدیت.

ئەو چایخانەیەش ناسرابوو بە چایخانەی «حاجی مستیل»، ئا لێرەوە حەکایەتی من و خۆشەویستیم بۆ سترانبێژی دەنگخۆش و ناسک «فەوزیە محەمەد» دەستی پێکرد. ئەویش لە ڕێگەی ڕادیۆی کوردییەوە بوو کە گۆرانیی ئەو هونەرمەندە و ئەوانی تر بڵاودەکرانەوە و منیش و زۆربەی دانیشتووانی گازینۆیەکەش، بەتامەزرۆییەوە گوێمان لێیان ڕادەگرت.

یەکێک لە گۆرانییەکانی خوالێخۆشبوو فەوزیە محەمەد بەستەی «ها لەیلێ، لەیلێ لەیلێ...» بوو، بە ئاوازێکی ڕەسەن و ڕەزمێکی هەڵپەڕکێیەکی قورسی دەگوت. ئەو بەستەیەی «ها لەیلێ»ی فەوزیە محەمەدە لەو ساڵەوە، کە ساڵی (١٩٤٩) بوو، فێری بووم و ئیتر لە ئاهەنگ و دانیشتنی نێوان خۆمان، قوتابیانی هەولێری و شارۆچکەی عەنکاوە و لە بۆنەی بووک گواستنەوەی ئەو گوندە (مەبەستم عەنکاوەیە) دەمگوت، بەڵام لەبەر ئەوە هەڵبەست و وشەکانی گۆرانییەکەی بە دەنگی فەوزیەم نە دەزانی، خۆم دوو سێ «کۆپلێ»م ڕێک خستبوو بە کوردی و ئەوانم دەگوتن. وای لێهات گۆرانیبێژەکانی عەنکاوەش، وەک «حننا سلێوە» کە دواتر بە «حەننا موختار» مەشهوور بوو، هەمان وشە و ڕستە هەڵبەستەکەی من فێر ببوو و لەو ئاهەنگانەی من ئامادە نەبوومایە، ئەو دەیگوت. دەنگیشی خۆش بوو، بە ڕەحمەت بێ. میوانەکانیش بە ژن و پیاو و گەنج و کچۆڵەکان لەسەر ئاوازی ئەو گۆرانییە سەما و شاییان دەبەست. لەوانەی کە دەنگیانم پێخۆش بوون، خوالێخۆشبوو نەسرین شێروان بوو، کە ئەویش ئاهەنگی هەبوو، جاروبار بە ڕێکەوت کە من لە گازینۆیەکەی «حاجی مستیل» بوومایە، لە ڕادیۆکە پەخش دەکرا. گۆرانیبێژ هێشتا کەم بوون لەو ڕادیۆ کوردییە. بۆیە ماوەی پەخشکردنی کەم بوو. لە سەعات سێ یان سێ و نیوی دوای نیوەڕۆ دەستی پێدەکرد بۆ ماوەی یەک دوو سەعات، بۆیە بەرنامەی گۆرانییەکانیان بە قەوانی کاوێس ئاغا و مریەم خان، مەلا کەریم، عەلی مەردان، حەسەن جەزراوی، نەسرین شێروان، فەوزیە محەمەد و محەمەد عارفی جزیری... تاد، پڕ دەکردەوە.

فەوزیە، خوشکی گەورەی (گولبەهار)ی سترانبێژە. گولبەهار و (گوڵبوهار- گولبهار)، ناوی تەواوی «فاتیمە محەمەد ئەحمەد»ە «فەوزیە»ش ناوی خۆی بە ئەسڵ ئەوە نییە، ناوێکی دیکەیە.. کاتی خۆی لە (گوڵبەهار)یشم پرسی، بەڵام نازانم بۆچی پێی نەگوتم و تەنیا پێکەنی! هەروەها نووسەری بەڕێز کاک «سەگڤان عەبدولحەکیم» لە بابەتێکی کە لەسەری نووسیوە، دەڵێ: «ئەم بێژین کو فەوزیە محەمەد ناڤێ هونەری بە... نە ناڤێ ڕاستی..».

ئینجا من بەوەندە نەوەستام و هەر پشکنینم بەردەوام بوو و زۆر حەزم دەکرد ناوی بزانم. تا لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوم زانی کە ناوی «عائیشە محەمەد ئەحمەد»ە ئینجا ئیسراحەتم کرد! کەواتە بابچینە ناو قووڵایی ژیانی عائیشە (فەوزیە) و ئەوەی لێی دەزانم، بیخەمە بەر دەستی خوێنەرانی هێژا.

لە پایزی ساڵی (١٩٥٢)وەوە، لە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا، بەشی کوردی قەبووڵ کرام وەک گۆرانیبێژ، دوای ئەوەی پێشتر خۆم پێ ناساندبوون و تاقی کرامەوە لەگەڵ تیپی مۆسیقای خۆیان و لیژنەیەک کەوا پێک هاتبوو لە «مامۆستا عەلی مەردان و ڕەفیق چالاک، ئەحمەد خەلیل (عوودژەن) و ڕەزامەندییان نیشان دا لای بەهەشتی «کامیل کاکەمین»، موشریفی ئێزگەکە و، ئەوە بوو گوتی: هەفتانە ڕۆژێکت بۆ تەرخان دەکەین، لە سەعاتێکی دیاریکراو، دێی چەند گۆرانییەک ئامادە دەکەیت و بڵاو دەکرێنەوە لە هەمان کات.

بەم جۆرە بە گوێرەی بەرنامەکانی مانگانەی خۆیان، زانیم لە چ ڕۆژێک و چ سەعاتێک ئاهەنگی من دەبێ، دەچوومە ئێزگە و عوودەکەم لەگەڵ خۆمدا دەبرد بۆ ئەوەی

لەگەڵ تیپەکەی ئێزگە پرۆڤە بکەم، ئەوساکە هێشتا مۆسیقاژەنی کورد زۆر کەم بوون. لە تیپی مۆسیقای بەشی کوردی، قادر دیلان بەکلارنێت بەشداری دەکرد و سەرۆکی تیپەکە بوو. تەنیا ئەو زوو ئاوازە کوردییەکانی ئێمەی گۆرانیبێژەکان فێر دەبوو. هەروەها ئەحمەد خەلیل بە عوود بەشداری دەکرد و براکەشی ئیبراهیم خەلیل، بە تەپڵ (ئیقاع) واتا ڕەزمەکەی ڕادەگرت.. ئەو جووتە برایە لەگەڵ ئاوازە خۆشەکانی بەستە فۆلکلۆرییەکانی بادینی زۆر جوان کاریان دەکرد و زوو ئاوازەکە فێر دەبوون و بگرە هەر لە زاری گۆرانیبێژەکانی دەڤەری بادینان دەرچووبایە، ئەوانە دەیانقۆستەوە و تەواویشیان دەکرد، چونکە خۆیان، بە گوێرەی ئەو زانیارییەی کە لە گولبەهاری هونەرمەندم وەرگرتبوو، خەڵکی ناوچەی «وان» بوون لە کوردستانی تورکیا.

پێم باشە ناوی مۆسیقاژەنەکان بنووسم. وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ مێژووی ئێزگەی کوردی بەغدا، کە بە ڕاستی خزمەتێکی بێ کۆتایی و بێ پایانی بۆ هونەر و هونەرمەندانی کورد کردووە و ئاوازی ڕەسەنی میللەتەکەی بەچاکی پاراستووە.

من لەو ئێزگەیە بەردەوام بووم و تا ساڵی (١٩٥٧) کە بەجێم هێشت و چوومەوە کۆیە، ئەو بەڕێز و خوالێخۆشبووانە مۆسیقایان بۆ گۆرانیبێژە کوردەکان لێدەدا، لە ستۆدیۆ تایبەتییەکەی ئێزگە.

١- قادر دیلان: کلارنێت ژەن و سەرپەرشتیاری تیپ بوو.

٢- ئەحمەد خەلیل: عوود ژەن (کە قادر دیلان ئێزگەی بەجێ هێشت و چۆوە سلێمانی، بە یەکجاری، ئەوسا ئەحمەد خەلیل کرا بەسەرپەرشتیاری تیپەکە).

٣- ئیبراهیم خەلیل: ڕەزم (ئیقاع) بە تەپڵ و بەدەف. (ئەمەش کورد بوو، برای ئەحمەد خەلیل بوو).

٤- عەبدولئەحەد جەرجیس: قانوون ژەن.

٥- مەحموود حیجازی: نەی ژەن.

٦- جوزیف: کەمانچە ژەن.

٧- ناظم نەعیم: کەمانچە ژەن.

٨- ئیبراهیم محەمەد (یان ئەحمەد): جومبوش ژەن. (دوای ئەحمەد خەلیل کە گواسترایەوە بۆ بەشی عەرەبی. ئەم جومبوش ژەنە، بووە سەرۆکی تیپ).

لە ئێزگەی کوردی، کۆرسێکی سێ چوار کەسی هەبوو، ناویان:

١- ئەحمەد شێخ خالی.

٢- قادر ئەحمەد.

٣- خەلیل عەبدوڵڵا قەڵادزەیی

لەناوەڕاستی پەنجاکاندا، هونەرمەند «جەلال کۆچەر»یش هات، وەک ئەندامی کۆرس قبووڵ کرا. هەروەها نەسرین شێروان بەشداری دەکرد.

کە چوومە ئێزگە گۆرانیبێژەکانی دیکەشم ناسین و دیتن! هەر جارەی کە دەچوومە ئێزگە یەک یا دووانێک لەو هونەرمەندانەم دەبینی کە ئەوانیش، بە ڕێکەوت، ئاهەنگیان دەبوو، لەدوای ئاهەنگەکەی من، بە سەعاتێک یا زیاتر! چونکە ژمارەی گۆرانیبێژان، دوایی کە من دەوامم کرد، زیاد بوون. ژمارەی گۆرانیبێژان بوون بە نزیکی دە کەس لەدوای ساڵی (١٩٥٤).

ئەگەر بێتو سەیرێکی گۆڤاری «هنا بغداد» بکەی کە مانگانە بوو لە بەغدا دەردەچوو لەلایەن حکوومەتی عیراق، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پروپاگەندە و لە بەشی کوردی کە پرۆگرامەکانی ئێزگەی کوردی، ڕۆژ بە ڕۆژ تێیدا بڵاودەکرایەوە بۆ ماوەی مانگێک.. سەیر دەکەی ژمارەی گۆرانیبێژانی خاوەن ئاهەنگ هەر ئەو چەند هونەرمەندە بوون: عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، فەوزیە محەمەد، حەسەن جەزراوی، ئەڵماس محەمەد.

کەچی لە هەمان گۆڤار «هنا بغداد» لە ژمارەی دوا ساڵی (١٩٥٣)دا.. یاخود ژمارەکانی ساڵی (١٩٥٤)دا دەبینین چەند گۆرانیبێژێکی نوێ ئاهەنگیان بۆ دانراوە و هەشە لە هونەرمەندەکانی پێشوو وازی هێناوە و ڕۆیشتووە: بۆ نموونە، لە سەرەتای بەرنامەکانی ئێزگەی کوردی، کە لەدوای بەشی عەرەبی هاتووە، لیستەی گۆرانیبێژەکان بەم جۆرەیە:

ئاهەنگەکانی گۆرانی:

شەممە کاتژمێر (٧)- فەوزیە محەمەد.

یەک شەممە کاتژمێر (٧)- تاهیر تۆفیق.

دووشەممە (دوو ئاهەنگ) کاتژمێر (٦)- مەحموود وەندی.

دووشەممە (دوو ئاهەنگ) کاتژمێر (٦)- باکووری.

سێ شەممە (سێ ئاهەنگ) کاتژمێر (٧,٣٠)- شێروانی.

سێ شەممە (دوو ئاهەنگ) کاتژمێر (٧,٣٠)- حەسەن زیرەک.

هەروەها ئاهەنگەکانی عەلی مەردان و ئەحمەد مەحموود و ڕەسووڵ گەردی و حەسەن جەزراوی بەو شێوەیەی سەرەوە دابەشی ڕۆژەکانی دیکە کراون. کەواتە لەم لیستەیە ژمارەی گۆرانیبێژان بوون بە دە هونەرمەند،

لەگەڵ ئەوەش کە هونەرمەند «ئەڵماس محەمەد» وازی هێناوە و لە ئێزگە دوور کەوتووەتەوە.
ئەگەر سەیری ژمارە (١٤٠)ی گۆڤارەکە بکەیت کە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٥٥) دەرچووە، دەبینی کەوا هونەرمەند «فەوزیە محەمەد»یش ناوی لە لیستەکەدا نییە، چونکە ئەویش ئەوکاتە ئێزگەی بەجێ هێشتووە. گۆرانیبێژێکی نوێش هاتووە بەناوی «مەحموود وەندی» و ئاهەنگی بۆ دانراوە لە ڕۆژانی دوو شەممە (١٢ و ٢٦)ی ئەو مانگە. ئاهەنگی من (باکووری) گوازرایەوە بۆ ڕۆژانی چوارشەممە: ٧ و ٢١ی مانگ.
دوای ئەوەی من نزیکی شەش مانگ یان زیاتر، لە ئێزگە بەردەوام بووم و هەموو هەفتەیەک، لەو ڕۆژەی بۆم دادەنرا.. لە «دار المعلمين العالية»، لە ناوچەی «وەزیریە»وە، بە پاس دەچووم تا «باب المعظم»، لەوێشەوە بە پاسێکی تر دەچوومە «صالحيه» کە ئێزگەی ڕادیۆی عیراق، لە بەغدا، هەر لەو شوێن و هەمان ئەو بینایەی ئێستای، هەر لەوێ بوو، لە فولکەکەی نزیک ئێزگە دادەبەزیم، بەپێیان دەچوومە ئێزگە کە لەو بەری فولکەکە بوو... ئیتر لەخانووە بچووکەکەی ئێزگەی کوردی. هەر جارە یەک دوو گۆرانیبێژم دەدیت و ئەوانەی پێشتر نەمدیتبوون، تەعاروفمان دەکرد و دەبووین بە برادەر، لەوانەش «فەوزیە محەمەد»ی گۆرانیبێژی دەنگخۆش بوو، کە ڕەحمەتی تایەر تۆفیق ناوی لێناوە «بولبولی ئیزاعەی کوردی».
کە من بۆ یەکەم جار چاوم پێی کەوت، لەگەڵ کاک عادیل عیرفان، بێژەری ئەو ڕۆژە، پێکەوە لە دەرگای ستۆدیۆ دەهاتنە دەرەوە بۆ ناو هۆڵە بچووکەکە، کە مێزی کاک کامیل ئەمین لە قوژبنێکی بوو و قوژبنەکەی دیکەی قەنەفەیەکی تەختەداری هیشک و ڕەق وەک ئەوانەی چایخانە کۆنەکانمان. کاک عادیل ئێمەی بە یەکتر ناساند. فەوزیە بەژن و باڵایەکی جوان، ڕوومەت سوور و سپی و کۆڵمەی خڕ و پڕ دوو چاوی جوان و پرچێکی درێژ و زەردی هەبوو.
زۆر جوان بوو.. ئافرەتێکی کوردی ڕاستەقینەی بادینی بوو! ئافرەتانی بادینی، بە زۆری، ئاوا سپی و سوور و لەش و ئەندام مەیلە و پڕ، نەک لەڕو لاواز! منی گەنجی (٢١، ٢٢) ساڵ تەمەنی دڵ پڕ لە خۆشەویستی بۆ هەموو شتێکی جوان: ئافرەت، گوڵ، ئاواز، دەنگی خۆش، ئەگەر بڵێم بەدڵێک نا بە سەد دڵ خۆشمویست و ئاشقی بووم.. هەزار سڵاو لە گیانی بێ! نەک هەر من، هەمــوو ئەوانی دیکە، چ گەنجەکان یا ئەوانی کە بە تەمەنتر بوون و تەنانەت ئەوانی ژن و ماڵیشیان هەبوو «فەوزیە»یان خۆشدەویست! جا هەریەکە و خۆشەویستییەکەی بە جۆرێ بوو!
لەگەڵ شەماڵ سائیب پێشتر ببووینە برادەر و لەگەڵ کاک قادر دیلان، هەمیشە لە ئێزگە، یان لە چایخانە بچووکەکەی بەردەم ئێزگە، یەکترمان دەدیت و لێی دادەنیشتین تا کاتی ئاهەنگی گۆرانی دەهات. ئەو ڕۆژەی فەوزیەم دیت و قسەم لەگەڵیدا کرد، بۆ شەماڵم گێڕایەوە و گوتم: «کوڕە شەماڵ، ئەمڕۆ فەوزیەم دیت! چەند جوانە!! شەماڵ دڵی لەخۆیۆوە لەبەر پێکەنین بە قسەکەم و وتی: «تۆش؟». ئەوەل جار نەمزانی مەبەستی چی بوو لەو تاکە وشەو پێکەنینەکەی بە قسەکەم! بەڵام دوایی زانیم مەسەلە چیبوو.
دوای ماوەیەک، کە من چەند ئاوازێکی مەقبووڵ و خۆشم دانا بوو و لە ئاهەنگەکانم هەر جارە یەک دوانێکم دەگوتن و خەڵک داوایان دەکردن، ڕۆژێک دیسان کاتی ئاهەنگی من بوو... کە چوومە ناو هۆڵەکە و سەلامم کرد، عەلی مەردان و عادل عیرفان و کامیل کاکەمین دانیشتبوون، فەوزیەش وەستابوو، خەریک بوو بڕواتەوە، چونکە واجب یا ئیشی خۆی تەواو کردبوو.. ڕووی تێکردم و بەزەردەخەنەیەکی سیحراوی وتی: کاک باکووری حەز دەکەم گۆرانییەکم بۆ دابنێی... ئاوازی تۆ سووک و خۆشن، ڕام لێیانە... من لەبەردەمیا، کە زۆر جوان بوو ئەو ڕۆژە و کە داواکەی لێم کرد زۆر شەرمم کرد و ئیحراج بووم و ڕەنگە ئەگەر یەکێک لەوێ سەیری دەموچاوی کردبام، هەستی دەکرد کە من شێواوم و ڕوومەتم سوور هەڵگەڕابوو! پاش کەمێک هاتمەوە سەرخۆم، ئینجا پرسیارێکی زۆر «قۆڕ»م لێی کرد و گوتم: بە کوردی سۆرانی یا بادینی؟ ئەو هەستی کرد من (خۆم) نەبووم! شێوا بووم. پێکەنی و وتی: ما فەرقی هەیە؟ من بە هەردو شێوە ستران دبێژم! ئیتر ڕێک کەوتم لەگەڵیا کە هەوڵێ بدەم گۆرانییەکی خۆش خۆشی بۆ دابنێم!
لەو ڕۆژەوە، لە بەشی ناوخۆیی کۆلێجەکەمان لەکاتی بێ ئیشیم، نەدەچوومە دەرەوە، بەڵکو عوودەکەم بەدەستەوە دەگرت و هەوڵم دەدا ئاوازێک، گۆرانییەکی شایستە بۆ فەوزیە خان، دابنێم! بەڵام ماوەیەکی درێژی خایاند تا گۆرانییەکەم ئامادە کرد. کەچی کە چوومە ئێزگە، ئەوسا ئەو وازی لە گۆرانی گوتن هێنابوو فەوزیە خوشکی گولبەهارە. ناوی تەواویشی، وەک پێشتر ڕوونم

کردەوە، «عائشە کچی محەمەد ئەحمەد)ە. گولبەهاریش، ناوی تەواوی (فاطمە کچی محەمەد ئەحمەد)ە. پێدەچێ باوکیان بەدین بووە بۆیە ناوی کچەکانی ناوە عائیشە و فاطمە. برایەکیشیان هەیە، بەڵام هەرگیز لەگەڵ یەک نەژیاون.. و ئێستاش، وەک بیستم، یەکتر بەسەر ناکەنەوە. مەبەستم لەگەڵ «گولبەهار»خانە، چونکە فەوزیە لە ساڵی (١٩٩٢)دا کۆچی دوایی کردووە.

فەوزیە محەمەد، ڕەحمەتی خوای لێبێ، لە ساڵی (١٩٢٦) لە گوندی سەیداڤا لدەڤەرا دۆسکیا، لپارێزگەها (دهۆکێ) سەرێ خۆهلدا لڤێ دونیایێ و دناڤ بنەماڵەکا کورد، زارۆکیا خۆ بوراند دگەل کولتور و فۆلکلۆری کوردی (بنۆڕە گۆڤاری بەیان، ل٥١- ژمارە(٥٧)- تشرینی یەکەم، ساڵی (١٩٧٩).

فەوزیەی سترانبێژ، قوتابخانەی سەرەتایی هەر لە دهۆک تەواو کرد. لە یەکی مانگی ئابی ساڵی (١٩٤٤) خۆی گەیاندە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا و دەستی کرد بە پێشکەش کردنی ئاهەنگی گۆرانی کە پێک هاتبوون لە لاوکی بادینی و بەستە فۆلکلۆرییەکانی ئەو ناوچانە. ئەو ئاهەنگانە ڕاستەوخۆ بڵاودەکرانەوە و تۆمارکردن هێشتا نەگەیشتبووە ئێزگەی ڕادیۆی عیراقی لەبەغدا، نە لە بەشی عەرەبی و نە لە بەشی کوردی. بۆیە هەردووڵا پەنایان دەبردە بەر پەخشکردنی قەوان، کە لەسەر سندووقی گرامافۆن دادەنران و میکرۆفۆنەکەی بەستەو مەقامی گۆرانیبێژان بڵاو دەکرانەوە. ئەوەی قەوانیشی نەبوایە، ئەوا- وەک گوتمان- ئاهەنگی گۆرانی هەفتانەیان بۆ دادەنرا و یەکسەر بڵاودەکرانەوە.

کاک سەگڤان عەبدولحەکیم، لە وتارێکیدا لە گۆڤاری «بەیان»ی (١٩٧٩)دا گوتوویەتی کەوا فەوزیە محەمەد، لە کۆمپانیای قەوانی «ئەبکار»ی ساڵی (١٩٥١ و ١٩٥٢) چەند قەوانێکی پڕ کردۆتەوە.

فەوزیە، هەر بە قسەی ئەو، دووجار شووی کردووە، جارێکیان لە ساڵی (١٩٤٥) بووە، بەڵام زۆری نەخایاند. لێک جیابوونەوە. جاری دووەم، من ئاگادار بووم، ساڵی (١٩٥٢) بوو کە من لە بەغدا بووم و سەردانی ڕادیۆشم دەکرد، بۆ جاری دووەم شووی کردەوە. ئەوەبوو، پێم وایە لەسەر داوای مێردی بوو، کە بەغدایی بوو، وازی لە گۆرانی گوتن هێنا و خەریکی ئیش و کاری ماڵەوە و منداڵ بەخێوکردن بوو. پێدەچێ بەو حاڵە ڕازی بوو و گرفتی نەبوو و لە ماڵەوەی ژیانێکی ئاسوودە و کامەرانی بەسەر دەبرد.

یەکێک لە منداڵەکانی، کچێک بوو و ناویان لێنا «غەزوە» ئەو کیژەیان کە گەورە بوو، بەهرەی هونەری نواندن و حەزی لە بەشداری کردن لە شانۆگەری دەکرد، لە ساڵانی دواتری تەمەنی ئەو حەزەی بۆ جێبەجێ کرا بە ڕەزامەندی دایک و باوکییەوە و لە چەندین کاری شانۆیی بەشداری کرد و بە ناوی خۆی و لەقەبی کە پێی ناسرا «غـزوة الخـالدي» لەو بەرهەمانە، لەگەڵ گەورە هونەرمەندانی عیراقی بەغدایی ئەوسا، لە ژمارەیەکی زۆر لە شانۆگەری بەشداری کرد.

فەوزیە محەمەد، لە ژیانی هونەری خۆیدا، وەک گۆرانیبێژێکی کورد، زۆر ڕێکوپێک بوو. بە ڕاستی نموونەی کچە کوردێکی خان و مان بوو. زەردەخەنە هەمیشە لەسەر لێوە سوورەکانی بوو.

قسە و گفتوگۆ خۆش بوو. دۆستایەتییەکی بێ غەرەز، واتا بێ مەبەستێکی بەرژەوەندی، لەگەڵ هەموو هونەرمەندەکان هەبوو، ڕێزی مامۆستا کامیل کاکەمین سەرپەرشتیاری ئێزگە و بێژەرەکان وەک عادیل عیرفان و ڕەفیق چالاک و گۆرانیبێژانی وەک مامۆستا عەلی مەردان و ڕەسووڵ گەردی و محەمەد عارفی جزیری و تایەر تۆفیق-ی زۆر دەگرت. من کاتێ یەکەم جار بینیم، زۆر شەرمم لێی دەکرد... بەڵام جار لەدوای جار، کە سەردانی ئێزگەم دەدا و دەمدیت، زیاتر ئاشنایەتی و دۆستایەتی لە بەینماندا دروست بوو.

ئەوەتا خۆی، لە بیرەوەرییەکی خۆیدا، کە لەگەڵ بەڕێز سەگڤانی کردووە. لە وەڵامێکدا دەڵێ: «... سالێن مە بوراندین د گەل محەمەد عارفی جزیری و باکووری و حەسەن زیرەکی... د خۆشبوون، چنکو ئارمانجا مە، هەمیا، ئەوبوو: پاراستنا فۆلکلۆری کوردی ژ بەرزە بونی..».

لە بەستە خۆشەکانی فەوزیە محەمەد، گۆرانی «لێ نوورێ» بوو، کە ئیقاع «ڕەزم»ێکی سووک و ئاوازێکی شیرین و ڕەسەنی کوردی هەیە بۆ شایی و هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک گونجاوە، فەوزیەی هونەرمەند، نەک هەر لە گۆرانیدا ناوی دەرکردووە، بەڵکو لە چەندین شانۆگەریش، لە بەغدادا بە عەرەبی، پشکدار بووە.. لەگەڵ ئەکتەرە عەرەبەکانی ئەوسای سەر شانۆی عیراقی..

بەڵام خۆی زیاتر لەلاوک و سترانەکاندا دەدۆزییەوە و لەگەڵ گۆرانیبێژە ئافرەتەکانی دیکە.. وەک ئەڵماس محەمەد و نەسرین شێروان و پێشتریش مریەم خان، ئەوانە هەموو پێکەوە دەستەیەک بوون لە ئافرەتە دەنگخۆشەکانی ئێزگەی ڕادیۆی کوردی هەر لە سەرەتای

دامەزراندنیدا. فەوزیە محەمەد، تا ساڵی (١٩٦٢) لە هونەر دانەبڕابوو. ئەگەرچی زووتر وازی لە ئێزگە هێنا.. بەڵام لە ئاهەنگی گۆرانی جیا جیادا و لەسەر شانۆدا وجوودی هەر هەبوو. هەر ئەویش بوو گوڵبەهاری خوشکی خۆی هان دا و ئەویش، بە گوێرەی قسەی خۆی کە بۆی کردم لە دانیشتنێکی دوور و درێژ، لە ماڵی خۆی، لە دهۆک، کە بۆ سەردانی چووم لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ (ساڵی ٢٠٠٥)، بۆ بەخێرهێنانی بۆ کوردستان و بە نوێنەرایەتی تەلەڤزیۆنی هەرێم، گوتی کەوا «فەوزیە»ی خوشکی ئەوی بەهونەرمەندانی سەر شانۆ ناساند و ئەوەبوو لە چەند بەرهەمێکی گرنگی سەرشانۆی ساڵانی چلەکاندا، ڕۆڵی گرنگی بینیوە و دواتریش، لە ساڵی (١٩٦٢) بۆ یەکەم جار پێوەندی بە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی کرد و بوو بە گۆرانیبێژ و لە دوو فیلمی عیراقیش، بۆ سینەما، ناویان «وردة» و «عروس الفرات» بوو ڕۆڵی بینیوە.

وەک بیستم و لە یەک دوو سەرچاوە خوێندمەوە لە مەڕ ژیاننامەی ئەو هونەرمەندە، گوایا لە ساڵی (١٩٤٦)، کە هێشتا کیژێکی گەنج و جوانکیلە بوو، وەفدێکی هونەرمەندانی میسری لە قاهیرەوە هاتبوونە بەغدا، بۆ کاری ڕاپەڕاندنی چەند چالاکی هونەری شانۆیی و سینەمایی، کە لەنێوانیاندا عەبدولسەلام نابولسی بووە، کە چاویان بە فەوزیە کەوتووە.. داوایان لێ کردووە کە بە چەند گۆرانییێکی کوردی و بە جلوبەرگی کوردی بەشداری بکات لە تەک ئەکتەر و گۆرانیبێژی میسری «محەمەد فەوزی».. بەڵام سەرچاوەکان ناڵێین ئەم کارە کرا یا نەء؟

پێم وایە و لەسەر کاسێتێکی کە دەستم کەوتووە ژمارەی گۆرانییەکانی کە هەندێ جار بۆی تۆمار کراوە لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە ساڵی (١٩٥٣) بەولاوە تا واز هێنانی لە گۆرانی گوتن، (١٠ تا ١٥) بەستە و لاوکی هەیە.

فەوزیە محەمەد، بەداخەوە، لە ساڵی (١٩٩٢)، بە بێدەنگی و تەنانەت بێ ئەوەی هۆگران و کەسانی نزیک خۆشی بزانن لە بەغدا دنیای ستران و لاوکی کوردی ڕەسەنی لە دوای خۆی بەجێ هێشت و کۆچی دوایی کرد و لەوێش بەخاک سپێردرا. هەزار سڵاو لە گیانی پاکی بێت و ڕەحمەتی خوای لێ بێ.

لە گۆرانییە زۆر ناسراو و خۆشەکانی، ئەو دوو گۆرانییانە دەنووسم بۆ خوێنەر و ئاشقانی دەنگی فەوزیە:

**بەستەی: فستان سوری**
**شیعر و ئاواز: فۆلکلۆر**
**گوتنی: فەوزیە محەمەد**

ئەز چووم دەربەک دادایی لێ لێ لێ لێ...
جێ و بالگە دانایی.. لێ لێ لێ.. لێ لێ..
دۆستی ناڤدا رازایی....
حاکمۆ پاشاوۆ وەزیرۆ
هەی لا گریێ سەدیفە لێ لێ لێ لێ..
فستان سوری قەدیفە لێ لێ لێ لێ..
بێژن بوبکا نایفە
حاکمۆ پاشاوۆ وەزیرۆ
چوومە دەربەک داخستی لێ لێ لێ لێ لێ...
جێ هو بالگە واخستی لێ لێ لێ لێ لێ لێ...
دوستی لناڤدا نوڤستی
حاکمۆ پاشاوۆ وەزیرۆ
* * *

**بەستەی: شەڤا تارێ**
**شیعر و ئاواز: فۆلکلۆر**
**گوتنی: فەوزیە محەمەد**

یا بچیە شەڤا تارێ، ئەڤ شەڤ بمینە ل هێرە
رێکا دوویرە دی کیڤە چی، ئەڤ شەڤ بمینە ل هێرە
وەرە نەچی شەڤە رەشە ڤی وەختی دنیا نەخۆشە
ل ڤێرە بمینە بو تە باشە، ئەڤ شەڤ بمینە ل هێرە
چەندە جوانە کچا کوردە دلی من ژی بوتە گردە
چەندی خەلک بو تە مردە، ئەڤ شەڤ بمینە ل هێرە
یا بچینە شەڤا تارێ، ئەڤ شەڤ بمینە ل هێرە

هەروەها فەوزیە محەمەد، بە یارمەتی مامۆستا عەلی مەردان، چەند بەستەیەکی بە زاراوەی سۆرانی فێر بووە و لە ئاهەنگەکانی دەیگوتن. یەکێکیان بەستەی «وەک قومری سەر باڵم شینە» بوو، وەک دێتەوە یادم.

هەروەسا، ئەگەرچی زیاتر بەستەی فۆلکلۆری بادینی لە ئاهەنگەکانیدا دەگوت، بەڵام لە دانیشتنی تایبەت و لە ناوخۆیاندا لاوکیشی دەگوت و لاسایی حەسەن جەزراوی دەکردەوە بە گوتنی «عەبدالی» و لاوکی «مەترانۆ» و «دێرا ئەختوماری» لە سەر گۆلی «وان»ی تورکیا.

# جەستە و گوزارشت ئامادەبوونی وزەی ئەکتەر

**گۆران عەلی کەریم**
**(کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا)**

چ جەستە و چ گوزارشت هەر یەکەیان خاوەنی مانا و دەلالەتی تایبەتی خۆیانن و هەر یەکەشیان خاوەن مێژوویەکی تایبەتن بەخۆیان، بەڵام بۆ زیندووبوون و نەمری، مێژووی هەریەک لە جەستە و گوزارشت دەبینین زۆرجار ئەم دوو چەمکە بەیەکەوە مانای تایبەتی دەگەیەنن، بەو واتایەی جەستە بەهۆی گوزارشتەوە دەتوانێ زیندوو بێ و هەر بە هۆی ئامادەبوونی گوزارشتەوەیە کە دەتوانین قسە لەسەر ڕەگەزەکانی جەستە بکەین، بۆ ئەم باسە هەوڵم دا کە بە تەنیا قسە لەسەر بونیادی جەستە بکەم لەناو شانۆدا، بەڵام هەندێ جار پاساوەکانم قورساییان کەم بوو بۆیە لە پاش ئەو پێشەکیەی کە (د. منى علي صفوت) بۆ کتێبی (وزەی ئەکتەر)ی نووسیبوو، تێگەیشتم کە بەتاڵایی گوزارشت، پانتاییەکی گەورەی لە نووسینەکەمدا بەجێ هێشتووە، بۆیە منیش هەوڵم دا گوزارشتیش ببێتە چەمکێکی تری نووسینەکەم. ئەگەر سەیری جیهانی شانۆی کوردی بکەین، ئەوا چەندین نمایش دەبینین کە جەستە پانتاییەکی گەورەی تێدا داگیر کردووە، بەڵام تا ئێستا زۆر بەشێوەیەکی کەم نەبێ ئەوا هیچ نووسینێکی لەسەر بونیادی جەستە نییە.. بە بڕوای من ئەمڕۆ ئەکتەر لە شانۆی کوردیدا پێویستی بە پرسیار کردنە لە کیانی خۆی، ئەکتەر پێویستی بە کەشفکردنی وزە و هێزی خۆیەتی... پێویستە پرسیار لە ئامادەبوونی ئەکتەر بکرێت لەناو نمایشدا، چونکە ڕۆشنبیری جەستە لەناو



ئەکتــەری کــورددا بەکــەمی دەبینرێ زۆر کــەمن ئەو ئەکتــەرانەی کــە لە گــەڕانی بەردەوامــدان بە شــوێن نهێنییــەکانی جەســتــەدا، ڕەنگە چەند ئەکتــەرێکی زۆر کــەممان هەبن کــە ئەوانیش لەناو چینی لاوەکــاندان. لەم باســەدا من هیچ پشت بەســتنێکم نییــە بە ئەکـتــەری کوردی، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی هەوڵ دەدەم پرسیار لە جەستە و ئامرازەکانی کارپێکردنی جەستە بکەم و ئەو پێوەندییە لێک نەپچڕاوە کە گوزارشت لەگەڵ جەستــەدا کۆدەکاتەوە، بخەمە ڕوو.

ئەگەر بەلایەنێکی مێــژوویی سەیری جەستــە بکەین، ئەوا لەگەڵ دروستبوونی یەکەم مرۆڤدا جەستە لە دایک دەبێ.. جەستە لەگەڵ سەرەتای مرۆڤدا دەبێتە ناسین و ئامــادەبوونی هێــزی مــرۆڤ لە ژیاندا... هەندێک لە ڕۆشنبیران و فەیلەسووفان پێیان وایە کە جەستە مێژووی مــرۆڤــایەتی دەستــنیشــان دەکــات. بەو واتایەی مــرۆڤی ســەرەتا بەهۆی جــەســتــەوە بوو توانی لێک تێگەیشتن لەنێوان یەکتــریدا دروست بکات. هەر بەهۆی جەستــەوە بوو کە گوزارشتــیان لە حاڵەتە ناوەکی و دەرەکییــەکانی یەکــتــری کــردووە. بە پێــچــەوانەشــەوە هەندێکی تر لە فــەیلەســووفــان و ڕۆشنبــیــران پێــیــان وایە کــە مــێــژووی مرۆڤایەتی لە (وشە)وە دەست پێدەکات و مرۆڤ توانی بەهۆی (وشە)وە مێژوو بۆ خۆی دەستنیشان بکات، بەڵام ئەگــەر ســەیری بۆچوونی یەکــەم بکەین، ئەوا من لەو بڕوایەدام کــە بۆچوونی یەکــەمــیــان ڕاست بێت، چونکە جەستە لەو سەردەمەی کە مرۆڤ نەیدەتوانی قسە بکات ئامــرازێک بوو بۆ قســەکردن، ئامــرازێک بوو بۆ پێــوەندی ئەویش لە ڕێی جووڵەکانی جەستــەوە، بەڵام هەمیشــە لەم نێــوەندەدا بۆ گــەیشــتــنی شــتــەکــان گــوزارشت ئامــادەی هەبووە، واتا مــرۆڤ هەوڵی داوە گــوزارشت لە شــتــەکــان بکــات. بە بۆچــوونی (هــال- ١٩٥٠) «بــونیــــــادی درێژکــراوەی مــرۆڤ پێــوەندی بە ســیــمــۆلۆژیای ئاژەڵیــەوە هەیە، بەڵام لە هەمـــان کـــاتدا پێـــوەندی بەجـــۆری بەکــارهێنانی لێک گەیشــتنی نێوان مــرۆڤەکــانەوەیە کــە جـــیـــاوازی دروست دەکـــات» ئەم بۆچوونەی (هالی) ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە بۆ تێک گەیشتنی مرۆڤەکان لە یەکــێکەوە بۆ یەکــێکی تر دەگــۆڕێ، یان دەتوانین بڵــێین گەیاندنی گوزارشت لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، چونکە پێکهــاتەی لەشی مــرۆڤــێک بۆ مــرۆڤــێکی تر جیاوازە، کەواتە ئاستی گوزارشت دەگۆڕێت. بۆچوونێکی تری (چۆڤــمــان) هەیە کە مــرۆڤ دەکــات بە دوو بەشــەوە لەسەر ئاستی بونیادی ئاژەڵ «مرۆڤ دوو بەشە بەشێکیان ئارەزووی دڵەڕاوکێیان هەیە کە ئەمانە لە جۆری ئاسکن، بەشــەکــەی تر ئارەزووی بێدەنگیــیان هەیە کــە ئەمــانە لە جۆری مــانگان». لە ڕێی ئەم پۆلێنکردنەی (چۆڤمان)ەوە

بۆمان دەردەکەوێت کە جەستە هەرگیز هاوکێشەیەکی تەبا نییە لەگەڵ جەستەیەکی تردا، بەڵکو هەمیشە لە ڕووی فۆرمەوە جەستەکان جیاوازن و بەردەوام سەر بە گوزارشت کـردنی ناوەوەی مـرۆڤن، (چۆڤـمـان) مـرۆڤ و ئاژەڵی بەسـەر ئەم بەشـەدا دابەش کـردووە پێی وایە مـرۆڤ لە ڕووی سـروشـتـەوە لە ئاژەڵەکـان نزیکە، بۆ نموونە هەر (چۆڤمان) خۆی باسی ئەوە دەکات کە زۆرجار ئاژەڵەکان بەهۆی (ئینزاریکی- ئاژێر) تایبەتیەوە دەتوانن ئاگاداری شتەکان بن، مرۆڤیش بەهۆی هەندێ هەست لە بەشەکانی جەسـتـەیدا، (مـشـیل برنارد) نموونەیەک دەهێنێـتـەوە و دەڵێ کاتێک کەڵەشێرێک، یان هەندێ باڵندە شەڕدەکەن بەهۆی هەڵگێڕانەوەی پەڕەکانیان خۆیان گیڤ دەکەنەوە و مرۆڤیش کاتێک دەترسێ، دەبینین سوور هەڵدەگەڕێ و ئارەق دەکاتەوە. بەم بۆچوونە بێت، دەبینین لەناو مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندەکاندا گوزارشت هەیە بۆ لێک گەیشتن، بەڵام لەگـەڵ پێـشکەوتنی مـرۆڤـدا گـوزارشت گـۆڕانی بەسـەردا دێت. واتا جـەسـتـە لە قـۆناغـێکی مـردوودا نامێنێتەوە، بەڵکو لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر و لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تر دەگـۆڕێ. (د. منی علی صـــفـــوت) پێی وایـە (بنەڕەتی هونەری جـــووڵـە دەبەستریتەوە بە ئامادەبوونی زەمەنەوە). کەواتە دەبینین جووڵەی جەسـتـەکـان لە زەمـەنێکەوە بۆ زەمـەنێکی تر گۆڕانکاریان بەسـەردا دێت... لەناو هەر جەسـتـەیەکدا زەمـەنێک هەیە بۆ کـردار.. لەناو هەر کـردارێکیـشـدا زەمەنێک هەیە بۆ گوزارشتکردن- کەواتە دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە جەستە هەڵگری زەمەنە، بەڵام جەستە خۆی زەمـــەنێکی نوێ بۆ خـــۆی دروست دەکـــات و هەر جەسـتـەیەکـیش لەیەکـێکەوە بۆ یەکـێکی تر دەگـۆڕێ و هەریەکـەیان سـەر بەزەمـەنێکی ئازادن. منداڵ کـاتێک هەست بە بوونی خۆی دەکات بەپێی لێکۆڵینەوە تازەکان یەکەم جار هەست بە بوونی جەسـتـەی دەکـات و لەوێوە ئاڵوگۆڕی تێدا دروست دەبێت... کەواتە بونیادی جەستە ئامـادەبوونێکی هەمـیـشـەیی بوونە (وجود)ە. جـەسـتـە هەمـیـشـە لە حـاڵەتە سـەرەتاییـەکانیـدا بەهۆی جـووڵەوە دەتوانێ خۆی بسەلمێنێ و هەر جووڵەیەکیش لە کردارەکان پێک هاتووە، بەڵام بە تەنیـــا کـــردار ناچێـــتـــە ناو چوارچێوەی کاری داهێنەرانەوە، چونکە ئێمە قسە لەسەر جـەسـتـە دەکـەین وەک بونیـادێکی هونـەری نەک وەک حاڵەتێکی ئاسایی بەم ئاستەش کردار لە نێوانی جەستە و گـوزارشـتـدایە چونکە (هوسـریل) دەڵێ (گـوزارشت نابێت بە جـەسـتـە) کـەواتە گـوزارشت و جـەسـتـە دوو جیـهـانی جیـاوازن، بەڵام ئەم دوو جیـهـانە لە خاڵێکدا یەک دەگـرنەوە کـە کـردار پێی هەڵدەسـتێ و هەمـوو کـردارێکیش پێوەندی ڕاسـتەوخۆی بە جەسـتەوە هەیە، چونکە جەستە بەهۆی کـردارەکانیەوە خـۆی دەردەخات و هەر جەسـتـەیەک بەبێ کـردار بوو، ئەوا ئەو جەسـتـەیە بە جەسـتـەیەکی مردوو ناودەبرێ، چونکە بارگـاوی نییـە بە هیـچ حـــاڵـەتـیـک ئەم حـــاڵـەتـەش دەکـــرێ ناوبنرێ بەگـوزارشت، چونکە جەسـتـە بەردەوام لە کـردارەکـانیـدا گـــــوزارشت بەرهەم دەهێـنێ. (هوســـــریل) پێـی وایـە (گـوزارشت تێپـەڕاندنی کردارە بۆ ئامانجی دروستکردنی مـانا). کـەواتە هەمـوو گـوزارشـتـێـک دەکـرێ بۆ لە دایکـبـوونی مـانـابێت، مـرۆڤ دەتوانێ بەهۆی مـاناوە چەمکی شـارسـتـانیـەت و فکر دروست بکات. کـەواتە شـانۆ پێکهـاتەیەکـە لە مـانا و هەمـوو نمایشـێک بۆ پێکهاتەیەکی مـانایە، جەستـە لەناو کاری هونـەریدا لە دەرەوەی هەمـوو مـانا باوەکـانە. جـەسـتـە لە شـانۆدا ئامادەبوونێکی نوێیە بۆ گەیاندنی مانای نوێ.

(میرلۆ پونتی) ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێ (یەکێک لە ئامـــرازەکـــانی لێـک تێـگەیشتن و گـــوزارشت بۆ تێکگەیشـتنی جیـهـان، دەرچوونی مـانا ناوەکـیـەکـان و شاراوەکانە بۆ ناو بوون «وجود»). کەواتە جیهان بۆ خۆی زنجیـرەیەکی مـانا یەک لەدوای یەکـەکـانە، جـەسـتـەش خاوەنی دۆزینەوەیەکی نوێتری مانایە، جەستە لە شانۆدا بارگاوییە بە جیهانێکی تایبەت کە تێیدا مانا سەرهەڵ دەدات. ئەم جـەسـتـەیەش لای ئەکـتـەر خـوڵقـێنەرێکی نائاسـاییـە، چونکە جـەسـتـە دەبێـتـە پانتـاییـەک بۆ تێگەیشـتنی مـرۆڤایەتی، هەندێ جـار جـەسـتـە خـۆی لە حاڵەتی دەرەوەی گوزارشتی ئاسایی دەبینی بەو واتایەی جەسـتـە لەناو شـانۆدا دەبێ بە شـوێن ڕەمـز و دەلالەت و ئاماژەکـاندا بگەڕێ کەواتە جەستـە لە قۆناغـێکی نوێی تردا لە دایک دەبێ و ئامـادە نیـیـە بە هەمـان ڕەهەندی یەک لایەنەوە لە دایک ببێ. (مـیـرلۆ پۆنتی) باس لەوە دەکات و دەڵێ (هەر کاتێک جەستەمان بەکارهێنا ئەوا گوزارشتێکی سەرەتایی ڕەسەنە، ئەمەش بەو واتایە نا کە ڕۆڵی دووەمی دروستکردن و لە دایک بوون مـانا بێت،



چونکە سەرچاوەی گوزارشت ڕاکێشانی ڕەمز و دەلالەتە بۆ ناو خۆی). دەبینین بەم بۆچوونەی (پۆنتی) چەمکی جیاوازی لە جەستە و گوزارشتدا دەدۆزینەوە، دەکرێ جەستە بە خاڵێکی تێپەڕاندن یان گەیاندنی تەقینەوەی زەمەنێک دەستنیشان بکەین، بەڵام گوزارشت بە تێگەیشتنێکی فرە ڕەهەند وەربگرین، چونکە پێشتر باسی ئەوەم کرد کە جەستە هەڵگری زەمەنێکی دیاریکراوە، بەڵام گوزارشت لە دەرەوەی زەمەنە، چونکە ناکرێ گوزارشت بخەینە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، بۆیە دەکرێ ئەوەی جەستە فڕێ دەداتە دەرەوە گوزارشت بە دەلالەتی جیاوازەوە ببێتە هەڵگری ماناکانی جەستە. لە شانۆدا لەکاتی دەست پێکردنی دەبێتە یەکەمین بینین بەو واتایەی لە شانۆدا ئەکتەر هەوڵ دەدات هەمیشە جەستەی وا بەکاربهێنێت کە یەکەم جارە بینرابێت و بینەر یەکەم جار بێت هەست بەو جووڵانە بکەن کە جەستە ئەنجامی دەدات، چونکە ئەکتەر هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی جوگرافیایەک دەدات کە جەستەی تێیدا ئیمراتۆر بێت... جەستە گرنگی دەخاتەسەر دووشت یەکەمیان (لوکادارمی) هەڵسوکەوتی گشتی و (نا تیادارمی) هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە حاڵەتی سەمادا، ئەمە ئەو تەقەنیاتە سادەیەیە کە (یۆژینو باربا) لەسەری دەوەستێ، بەڵام کاتێک ئەم تەقەنیاتە دەگوازێتەوە بۆ وزەیەکی جەستەی هونەری ئەوا لەسەر و تەقەنیاتی سادەوە جەستە دەبێ لە جووڵەدابێ، و (باربا) جەخت لەسەر ئەو سەرچاوەیە دەکاتەوە کە دەبێ وزە تەحقیقی عەقڵ بکات کە (لوکادارمی) ئامانجە بۆ گەیشتن و (ناتیادارمی) ئامانجە بۆ هەواڵ و پێناسەی جووڵەکان: ئەکتەر دەبێ بە ئاگابێ لەو جووڵانەی کە لە هەڵسوکەوتی ژیانیدا دەیکات و لەو جووڵانەی کە لەسەر شانۆش ئەنجامی دەدات، چونکە هەمیشە جووڵەکان لە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوتی سەر شانۆدا جیاوازن. لە ژیاندا وزەیەکی دیاریکراو جووڵەکان ڕادەگرێ و لەسەر شانۆ وزەیەکی بەرهەمهێنراو جووڵەکان دەستنیشان دەکات. دەبێ ئەکتەر هۆشیار بێت سەبارەت بەو وزەیەی کە لەسەر شانۆ بەهۆی پرۆڤەوە بۆ جەستەی بەرهەم دەهێنێ و ئەو وزەیە هێزی بەرهەمهێنراوە کە دەبێتە پاڵپشتێکی تا جەستە بتوانێ لە دەرەوەی میکانیزمی باوی خۆی مامەڵە بکات. دەبێ ئەکتەر ئەو جیاوازییە بکات کە لە ژیانی ئاسایی خۆیدا جەستە هەندێ جار لە دەرەوەی هۆشیاری خۆی جووڵە دەکات و کردارەکان بەشێوەیەکی میکانیکی بەڕێوە دەچن، بەڵام لە شانۆدا هێزێک هەیە کە هۆشیاری ئەنجامی دەدات بۆ ئامانجی جووڵەکان بۆیە ناکرێ ئەکتەر بە هەمان شێوازی باوی ژیانی خۆیەوە جارێکی تر لەسەر شانۆ ئامادەبێ، بەڵکو دەبێ خاوەنی وزەیەکی ناباو بێت. لێرەشەوە ئەو جیاوازییە دەستنیشان دەکرێ لەنێوانی ئەکتەر و مرۆڤی ئاساییدا، ئەگەر ئەکتەر خاوەنی هێزێکی داهێنراوی هۆشیار نەبوایە، ئەوکاتە هیچ جیاوازییەکی نەدەبوو لەگەڵ کەسێکی ئاساییدا کە لە ژیاندا خاوەنی جووڵە و کردارە.

بۆ گوزارشت کردنی جەستەش دیسانەوە ئەکتەر پێویستی بە توانایەکی گەورە هەیە تا بتوانێ گوزارشت بەرهەم بهێنێ، چونکە لەم چاخەی ئێستاماندا (زمان) جێگەی گوزارشتی لەناو ژیانی ئاساییدا داگیر کردووە، بەڵام دیسانەوە بۆ دەربڕینی هەموو حاڵەتێکی گوزارشتی، ئەکتەر پێویستی بە هێزێک هەیە کە ئەم هێزەش وزە بۆ جەستەی دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە

(د. منى علي صفوت) دەڵێ (گوزارشت وەک ئەوە وایە کاتێک کەسێکی بەلای گوڵێکدا دەڕوات، کاتێک دەیەوێ جوانی ئەو گوڵە بگێڕێتەوە و گوزارشت لێ بکات، یان وێنەکێشێ وێنەی بکێشێ پێویستە پیرۆز ڕایبگرێت یان بچێتە ناو سرووتی (طقسی حاڵەتەکەوە). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە گوزارشت هێندە شتێکی ئاسان نییە هەموو کەس بتوانێ بچێتە ناو سرووتی حاڵەتەکەوە، بەڵکو کەسانێک دەتوانن کە خاوەنی هۆشیاری بن. کەواتە ئەگەر لە حاڵەتی ژیانی ئاساییدا مرۆڤ گوزارشت تەنیا بۆ دالێک ئەنجام بدات، ئەوا لەناو شانۆدا گوزارشت یەک تاک ڕەهەندی خۆی ون دەکات و خۆی لەناو دالەکاندا دەبینێتەوە.

کەواتە چ جەستە و چ گوزارشت لەناو شانۆدا پێویستیان بە دروستبوونی سرووتێکی بەرهەمهێنراوە، بێگومان ئەم سرووتەش پێویستی بە پاڵنەرێک هەیە ئەم پاڵنەرەش (وزەیە). وزە لەناو جەستەی ئەکتەردا جێگەیەکی گەورە داگیر دەکات، چونکە یەکەم هێزە بۆ ناو جەستەی ئەکتەر، هەموو ئەکتەرێک وزەیەکی فیزیایی لە لەشیدایە، ئەم ڕەهەندە فیزیاییە کە دەبێت فراوان بکرێت بەشێوەیەکی گشتگیری بۆ ڕەهەندێکی فسیۆلۆجی و پاشان ئەو وزەیە سەربکەوێت بۆ ڕەهەندێکی دەروونی و عەقڵی، کە (یوژینوباربا) ئەمە بە ئامادەبوونێکی سەرەتایی بۆ ئەکتەر ناوزەد دەکات. کەواتە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە ئەکتەر بۆ سەرجەم ئەو جووڵانەی کە دەیەوێت بەرجەستەی بکات بە جەستەی، پێویستی بەو هێزەیە کە بەرهەمی دەهێنێ، وزە لە ژیانی ڕۆژانەدا خۆی دەردەخات بۆ چالاکییە باوەکانی مرۆڤ، بەڵام کاتێک ئەکتەرێک بیەوێ لەسەر شانۆ جەستەی لە جووڵەیەکی بەردەوامدابێت ئەوا دەبێ بگەڕێت بۆ دروستبوونی هێزێکی زۆرتر، ئەو هێزەش وزەیەکە کە لە ئەنجامی ڕاهێنانی جەستەوە بۆ ڕۆحی خۆی دروست دەکات، عەقڵ بە پلەی یەکەم دەبێ کۆنترۆڵی وزە بکات تا بتوانێ لە دابەش کردنی جووڵەکان و لە داهێنانی جەستەدا دیموکراتی بێت، نەک وزەکە بەشێوەیەکی دیکتاتۆرانە تەنیا بۆ جێگەیەک دابەش بکات و ئەکتەر لە قۆناغەکانی تری سەر شانۆیدا بەبێ وزە بمێنێتەوە، ئەوکات جەستە دەچێتەوە ناو دۆخی ژیانی ئاسایی خۆی و ئەکتەر جەستەی لە

چالاکییە هونەرییەکەدا لە دەست دەدات، کەواتە دەتوانین لەناو ئەکتەری هۆشیاردا شتێک بەناوی خەزێنەوە ناو ببەین، ئەگەر لە ژیانی ئاسایی مرۆڤدا وزە تەنیا بۆ بەکارهێنان و بەڕێکردنی جووڵەکانی ژیانی بێت، واتا لە ژیانی ئاساییدا مرۆڤ نان دەخوات و دەخواتەوە تا بتوانێ وزەیەک بەدەست بهێنێ بۆ کاری ئەوکاتەی و هیچ خەزنەیەکی لا نییە، بەڵام ئەکتەر دەبێ خەزنەیەک بۆ وزەی بدۆزێتەوە تا بتوانێ بەپێی پێویست لەو خەزنەیە وزە بۆ جەستەی بەکار بهێنێ. (باربا) باس لە خەزنکردنی وزەکان دەکات کە دەبێتە سەرچاوەی بنەمای ئەکتەر تا بتوانێ تەحەکوم بکات بەهێزی پاڵنەر و هێزی بەرگری جەستە. دەکرێ وزەی ئەکتەر بەوە ناوزەد بکەین کە شتێکی دیاریکراوی وزەیی ماسولکەیی و (عصبیە- دەمارەکییە) ئەمە ئەو پێناسەیەیە کە (فردیناند تافیا) لە نووسینێکیدا بەناوی (وزەی ئەکتەر- کە پیشەکییەکی لۆژیکییە) دەیکات بۆ وزە، چونکە وەک پێشتر باسم کرد، وزە بەشێوەیەکی گشتی لەناو لەشی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام لای ئەکتەر دەبێتە شتێکی ناوەکی و دیاریکراو لەپێناو شتێکی دیاریکراودا دەبێ ئەوە بزانین کە وزە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەجەستەوە هەیە. هەموو وزەیەک لە جەستەدا کۆدەبێتەوە و عەقڵ تەحەکومی بەسەردا دەکات وزەی ئەکتەر شتێکی گرانی گوزارشت نییە، بەڵکو نهێنی ئەم وشەیە بەشێوەیەکی نائاشکرا دەکرێت، پێوەندی بە چێژێکی سیحری تایبەت و هێزێکی (اغرائی- ورووژێنەر)ەوە هەیە، چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا وزە حەقیقەتێکی فیزیایی هەیە و ناکرێ لەناو پێناسەکاندا بکوژرێت. ئەکتەر هەمیشە دەیەوێت دەرگای زاراوەکانی لە بەردەمدا کرابێتەوە تا خۆی بگەڕێ بە شوێن شتی نوێ تێیدا، چونکە هێز کردارێکی ناوەکییە لەناو جەستەدا بە بینراوی دەردەکەوێ، (یوژینو باربا) گرنگی زۆر دەداتە وزە و بەردەوام نموونە دەهێنێتەوە لەنێوان وزە و گرژبوونی دەماردا لەگەڵ نمایشکردنی هێز، یان کردار کە بڕگەکانی وزە ناوەکییەکان هێز دەبەخشنە کردارەکان. کەواتە بەبۆچوونی (باربا) وزە بەردەوام هێزە لەپێناو کردارەکانی ئەکتەردا، کە جەستە لە قۆناغێکی چالاکدا ڕادەگرێ و ئەم چالاکیە تێکەڵاوی نمایش دەبێت و ئەکتەر هەمیشە بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، بەڵام کەسێکی وەکو (دکرو)

کە مامۆستایەکی پسپۆڕە لە بوارە جیاوازەکانی شانۆی یابانییدا بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی (باربا) دەوەستێت و ئەو پێی وایە (گرنگی پڕ کردنی وزە نابێتە چاکردنی دروستکەری کردار، بەڵکو بەرەنگاری هێزێکی تری دەکات کە ڕەنگە ئەوەش حەقیقەت بێ یان خەیاڵ). بەم بۆچوونەی (دکرو) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە وزە چ دژایەتیەک لەناو جەستەی ئەکتەردا دروست دەکات و ئەکتەر هەمیشە بەهۆی دژەکانییەوە دەتوانێ جەستەی لە دۆخێکی گۆڕانکاریدا پەخش بکات، بۆیە گوزارشتەکانیش هەمیشە بە جیاوازیەوە ئامادەن، چونکە دەبێ ئەوە بزانرێ کە لەناو خودی جەستەی ڕۆژهەلاتییدا هەمیشە دژەکان ئامادەن بەتایبەت شانۆی (نو- کابوکی- کیوچن). ئەم دژانەش لەناو جەستەدا بەهۆی پارچە جیاوازەکانی جەستەوە دەخرێنە ڕوو، ئەکتەر دەتوانێ بەهۆی ئەو وزەیەی کە بەرهەمی هێناوە هێز ببەخشێتە پارچەکانی جەستە و بەهۆی ئەو دژایەتیانەی کە ئەکتەر لەناو پارچەکانی جەستەیدا دروست دەکات وەک (دەست و قاچ و سینگ و پشت و...تاد) دەتوانێ وزەی زۆرتر کۆنترۆڵ بکات کەواتە لێرەوە دەتوانین وەلامی ئەو پرسیارەی (یوژینو باربا) بدەینەوە کە دەپرسێ «ئەکتەر چۆن دەتوانێ گرنگی جەستە بخاتە سەر دژەکان، واتا جەستە لە یەک کاتدا دوو بەرکەوتەمان بۆ بخاتە ڕوو... یان جەستە هێڵی ستوونی خۆی تێک بشکێنێ بۆ حاڵەتێکی دی نائاسایی». هەمیشە لە شانۆدا جەستە ئامادەبوونێکی نائاسایی هەیە و بەو مانایەی کە جەستە لە ژیاندا بۆ کردارێکی تایبەت تەرخان کراوە، لە شانۆدا جەستە لە پێناو داهێنان و مانادایە و لە شانۆی نوێی جیهاندا جەستە لە دەرەوەی یەک کرداریدا دەمێنێتەوە ئەکتەر هەمیشە بەشوێن (جزئیات)دا دەگەڕێ بەشدار لە ناو پارچەکانی جەستەدا واتا لە یەک کاتدا جەستەی دەکاتە دووبەش و بگرە زیاتریش تا هەندێ جار بۆ دەرچوونی چەندین مانا لە فۆرمی جەستەدا و هەندێ جاریش ئەکتەر لە پێناوی کردارێکدا دەتوانێ پارچەیەکی جەستەی بەکاربهێنێ نەک تەواوی جەستەی (باربا) ئەم شێوازە لەناو شانۆی ڕۆژهەلاتیدا بە دژ ناودەبات یان بە

**جەستە و گوزارشت هەریەکەیان خاوەنی دەلالەتی تایبەتی خۆیانن، هەریەکەشیان مێژووی تایبەتییان هەیە**

نەبوونی هێڵێکی ڕێک کە لە شانۆی (نوو)ی یابانیدا بە (S) واتا بە کەوانەیی دەژمێرێت. ئەم دژانە هاوکارییەکی زۆری ئەکتەر دەکەن بۆ بەرەنگاری زۆرتری جووڵەکانیان و هێزێکی زیندووتر و چالاکتر لەناو ماسولکەکاندا دروست دەکات. بینەری هۆشیار هەمیشە لە سەرەتای بینینی ئەکتەرەوە دەزانێ کە ئەو ئەکتەرە تا چەندە جەستەی خۆی دەناسێت، چونکە دەبێ ئەوە بزانرێ کە ئەکتەر یەکەم کەسە کە پێناسەی جەستەی خۆی بۆ دەکات خودی خۆیەتی، یان ئەو کەسەی کە بەناوی چاودێرەوە یان دەرهێنەرەوە کاری لەگەڵدا دەکات، کاتێک ئەکتەر جەستەی خۆی ناسی، دەزانێ چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات بۆیە هەرگیز هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی بینەر نادات، چونکە زۆرجار ئەکتەر بەهۆی زیادەڕەوی جەستە و زۆر لە خۆکردن و دروستکردنی جووڵەی زیادەوە هەوڵی ئەوە دەدات کە جەستەی وەک جەستەیەکی پیشەیی (پرۆفیشناڵ) بناسێنێ، بەڵام کاتێک بینەری هۆشیار چاوی بە ڕۆحیەتی جەستە دەکەوێت تێدەگات ئەم جەستەیە چ بەتاڵاییەکی مەعریفی تێدایە، چونکە جەستە بەشێکە لە مەعریفە، مەعریفەیە کە دەتوانێ ببێتە خاوەن جەستەیەکی هۆشیار.

دەکرێ بڵێین لە هەموو دۆخێکی ئەکتەردا جەستە مەعریفەیەکی زانراوە کە ئەکتەر بەهۆی هەست پێکردنی خودی خۆی، دەتوانێ بەدەستی بهێنێ. دیوێکی تری جەستە ڕیتمە، کە ئەکتەر هەمیشە دەبێ لەگەڵیدا بێت، ڕیتم خاسیەتێکی تری جەستەیە بۆ نزیکبوونەوەی بینەر لە ئەکتەر (چاک لو کول) دەڵێ: «هەموو جووڵەیەک، ژیان یان فۆرم نییە، ئەگەرهاتو ڕیتمی تێدا نەبێ». کەواتە ڕیتم دەتوانێ ژیان ببەخشێتە جەستە و شێوازی فۆرمی جەستە دەستنیشان بکات، چونکە لەناو باکگراوندی هەر جەستەیەکدا فۆرمێکی تایبەت هەیە و ئەم فۆرمەش دەستنیشانی ژیانی تایبەتی ئەو جەستەیە دەکات. بۆیە ناکرێت لەسەر شانۆ دوو جەستە ببینین کە وەکو یەک بن، یان دوو ئەکتەر هەڵگری یەک فۆرمی جەستە بن لە ئەوکات بێگومان یەکێک لەو دوو جەستەیە زیاد دەبێت. لەشی مرۆڤ پێوەندی بە یاسایەکی

ڕاکێشەرەوە هەیە کە ئەم یاسایە لەسەر کێش و تەوازن وەستاوە، بەڵام (باربا) بۆ ئەکتەر کۆدی لەش بە بڕبڕەی پشت ناو دەبات کە بەشەکانی تری جووڵە لەوێوە سەرچاوە دەگرن، چونکە ئەکتەر زۆر جار بەهۆی نووشتانەوەی بڕبڕەی پشتەوە، دەتوانێ چەندین جووڵەی نوێ لە لەشیدا بدۆزێتەوە، یان سەرجەم بەشەکانی جەستە چ قاچەکان و دەستەکان و بەشی سەرەوەی مرۆڤ پەیوەستە بە پشتەوە، بۆیە دەکرێ ئەو وتەیەی (باربا) بە دروست وەربگیرێت تا ئەکتەر بتوانێ بگەڕێ بە شوێن جووڵانەوەی جەستەدا، ئەکتەر دەتوانێ بەردەوام لە گەڕاندا بێ بەشوێن بەتاڵاییەکانی لەشیدا. هەندێک شوێن لە لەشی مرۆڤدا هەیە بەهۆی هاوکاریکردنی بە بەشێکی تری جەستەوە یان نووشتانەوەی ئەو بەشەوە فۆرمێکی تر بۆ ناو جەستە دروست دەبێ لە هەموو دۆخەکانی بەکارهێنانی جەستەدا، دەبێ ئەکتەر ئەوە بزانێ جەستە کە بەکاردێت جارێکی تر دەچێتە ناو چوارچێوەی ژیانەوە، چونکە جەستە لەسەرجەم بەشەکانی لەشی مرۆڤ پێکهاتووە و هیچ شتێک لە دەرەوەی جەستە ناچێتە جەستەوە. کەواتە جەستە لێرەدا بە مانا ئەبستراکتەکەی وەردەگیرێت ئەکتەر بەرپرسیارە لە بەشەکانی جەستەی (تاداشتی سوزوکی) لە شانۆی یاباندا باسی ئەوە دەکات کە «شانۆی یابانی بەتایبەتی شانۆی (نوو) گرنگی دەخاتە سەر قاچەکانیان بۆ جووڵە کە جەستە لای ئەوان لە قاچەکانیانەوە لە دایک دەبێ».

کاتێک من باسی بەکارهێنانی بەشەکانی جەستەم کرد، ئەم نموونەیەی (تاداشتی سوزوکی) کە خۆی دەرهێنەرێکی شانۆیی یابانییە مەبەستەکەمی زیاتر ڕوون کردەوە، چونکە شانۆی (نوو)ی یابانی خێرایی و دەستپێکردنی سەرجەم جووڵەکانیان لە قاچەکانیانەوە بە یەکەم لێدان دەست پێدەکات پاشان ئەکتەر دەکەوێتە جووڵاندنی بەشێکی تری جەستەی، بەڵام خاڵی دەست پێکردنیان قاچەکانیانە، کە ئەگەر سەیری سەمای بالیەی کلاسیکیش بکەین هەمان حاڵەت لەسەر نووکی پەنجەکان دەبینینەوە. بەشێکی گرنگی جەستەی ئەکتەر چاوەکانیەتی، چاوەکان لای ئەکتەر خاڵێکی گرنگی تەرکیزە کە دەتوانێ بەهۆی ئاستی دەستنیشان کردنی چاوەکانیەوە بتوانێ سەرنج بۆ جووڵەکانی بە دەست بهێنێ.

(ئورلیو کاسیو دورو) لە باسێکیدا بەناوی (دەستەکان و پێوەندی چاوەکان) باس لە جووڵانی دەستەکان دەکات کە بە هاوکاری چاوەکان کاتێک تێی دەڕوانێ دەبێتە یارمەتی دەرێک تا تەرکیزی زیاتر بچێتە سەر جووڵەی دەستەکان، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەنگە هەر چاوەکانیش بتوانێ قورسایی جووڵەی دەستەکان، یان بەشەکانی تری جەستە بکوژێ. لای هیندیەکان لە باکووری ئەمەریکا لەسەر شانۆ زۆر دەست بەکار دەهێنن، چونکە دەست لای ئەوان زمانێکی تایبەتە یان ئەگەر سەیری سەمای هیندیەکان بکەین دەبینین کە بەشێوەیەکی زۆر دەستەکان لای ئەوان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەر لە یابان (٥٠) جۆری وەسفی دەست هەیە و لە دورگەی (بالی)دا دەست بەشێوەیەکی وردتر بەکاردێت کە مەچەک و پەنجەکان و ئەنیشکەکان ڕۆڵی جیاجیای تێدا دەبینن. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆڵی بەشەکانی لەش بۆ جەستەی ئەکتەر چ مانایەکی فراوانی هەیە.

ئەکتەر دەبێ هەمیشە ڕێز لە جەستەی خۆی بگرێ، چونکە جەستە بۆ ئەکتەر هەمیشە لە حاڵەتی پیرۆزیدا لەناو شانۆدا دەچێتە سرووتی پیرۆزییەوە. لەوێوە ئەو جیاوازییە دروست دەبێت کە هەموو کەس ناتوانێ جەستەی لە دۆخی پیرۆزیدا ڕابگرێ بەتایبەتی جیاوازی ئەکتەر و نائەکتەر لەوێوە دەبینرێ کە ئەکتەر هەمیشە جەستەی لە دۆخی ناسین و پیرۆزیدایە، بەڵام نائەکتەر جەستەی لە دەرەوەی پێناسە و مانایە. ناکرێت هەموو کەسێک بە ئاسانی بێتە ناو دنیای شانۆوە و جەستەی خۆی بکاتە قوربانی، بەڵکو بە تەنیا ئەوانە دەتوانن جەستەیان بکەنە قوربانی کە بەردەوام لە دۆخی پیرۆزیدا ڕایەدەگرن، گەرچی ئەوەش دەزانرێ کە ئەکتەر لەناو ڕۆحی ژیانی ئاساییەوە لە دایک بووە و بەردەوام شوێنێکی لەو ژیانەدا داگیر کردووە، بە مانایەکی تر ئەکتەر لەنێوانی دوو جیهاندایە، جیهانێکیان ژیانی ئاسایی خۆیەتی و جیهانێکیان سەر شانۆیە، بەڵام هەمیشە لەنێوانی ئەو

**بۆ گوزارشت کردنی جەستە ئەکتەر پێویستی بە توانایەکی گەورە هەیە تا بتوانێ گوزارشت بەرهەم بهێنێ**

دوو جیهانەدا جیاوازی هەیە. کەسێکی وەکو (فرانکو ڕوفینی) بەناوەندەکان ناوی دەبات. ئەو دەڵێ: «تەختەی شانۆ بەشێوەیەکی بەردەوام ناوەندی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەکتەر نییە، بەڵکو ناوەندی شوێنی نیشتەجێ بوون ناوەندی ژیانی ئاسایی و سروشتیەتی، چونکە بەشێوەیەکی بەردەوام لەناو شانۆدا ناژی، بەڵام لەو نێوەندەدا خاڵێک هەیە بۆی گوزارشتە کە دەبێ ئەکتەر جیاوازی ئەو نێوەندەی بکات». کەواتە خاڵی جیابوونەوە و جیاوازی ئەکتەر لەنێوان ئەو دوو نێوەندەدا بە بڕوای (ڕوفینی) گوزارشتە، کە گوزارشت دەتوانێ ئەکتەر لە ناوەندی ژیانی خۆی جیا بکاتەوە و بیخاتە ناو ژیانێکی ترەوە کە دەکرێ ئەو ناوەندە کە ژیانی شانۆیە بە ژیانی زیندووی ئەکتەر ناوبەرین، چونکە لەوێدا ساڵی زیندووبوونی خۆیەتی لە ڕێی ئامادەبوونی گوزارشتەکانیەوە، وەک باسی ئەوەم کرد لە پێشتردا کە جەستەکان لە ئەکتەرێکەوە بۆ ئەکتەرێکی تر جیاوازە بێگومان دەربڕینی گوزارشتیش لە ئەکتەرێکەوە بۆ ئەکتەرێکی تر جیاوازە، دیسانەوە گوزارشتیش بەشێکە لە مەعریفەی ئەکتەر و هەر ئەکتەرێک بەپێی جیاوازی مەعریفی خۆی دەتوانێ گوزارشت لە حاڵەتێک بکات. بۆ نموونە (فرانکو ڕوفینی) دەڵێ: «ئەکتەر ناکرێ فۆرمێکی حەقیقی هەبێ هەتا ئاستێک بەو مانایەی ئەکتەر بەردەوام لە گوزارشتەکانیدا خودی جیاوازی دەستنیشان دەکات» بێگومان دەبێ ئەوە بزانین کە باسی فۆرمی حەقیقی دەکات بەو واتایەیە کە ئەکتەر ناکرێ لە دۆخی حەقیقی ژیانی ئاسایی خۆیدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێ حەقیقەتێکی تر دروست بکات لە دەرەوەی حەقیقەتی باری ژیانی خۆی، کاتێکیش باس لە جیاوازی گوزارشت دەکات مەبەستی لەوەیە کاتێک کۆمەڵێک ئەکتەر داوای حاڵەتێکیان لێدەکرێت بۆ ئەوەی بتوانن گوزارشت لە حاڵەتەکە بکەن دەبینرێ هەریەکەیان هەمان حاڵەت بەرجەستە دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز کە ڕەنگە جووڵەکان لە یەکتری جیاواز بن کەواتە ئاستی مەعریفی ناوچەی ئەکتەر لەبەرجەستەکردندا دەگوازرێتەوە بۆ بەر لە گوزارشت کردن. بەر لە گوزارشت کردن زاراوەیەکە (باربا) بەکاری دەهێنێ زیاتر بۆ ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی، چونکە لەناو جەستەی شانۆی (کابوکی و نو و کیوچن)دا جەستە پێش گوزارشت ئامادەیە، واتا جەستە بەواتا باوەکەی خۆی ئامادە نییە، چونکە ناتوانێ هیچ یادەوەرییەک پێشکەش بە بینەر بکات، جەستە لە ژیانی بەردەوام گوزارشتەکان تێیدا لەسەر بنەمای یادەوەرییە، دەبینین هەر کولتوورێک شێوازێکی جووڵەو و ڕیتمی تایبەت بەخۆیان هەیە یان هەندێک سرووتی دینی هەیە کە تێیدا یەک حاڵەت لە گوزارشت دەگەیەنێ، یان جووڵەکانی ژیانی مرۆڤ بەردەوام ئاشکرا و ناسراوە ئەگەر کەسێک بیەوێ بە نهێنی گوزارشتێک فرێ بداتە دەرەوەی خۆی ئەوا کەسانی بەرامبەر بە چاوێکی گومانەوە سەیری دەکەن کە زیاتر لەوە دەچێ جەستەی گوزارشت لە فێڵێک بکات، بۆیە دەبینین دیسانەوە جەستە لەو ساتەی ژیانیشیدا دەبێتە جەستەیەکی ناسراو کە پڕە لە یادەوەری، بەڵام کاری شانۆ ئەوە نییە کە دیسانەوە جەستە وەک یادەوەری لەبەردەم بینەردا ئامادە بێت، بەڵکو دەبێ یادەوەری جەستە بکوژرێت و پرسیار لە گوزارشتێکی تری جەستە بکرێت کە هەمیشە جەستەی ئەکتەر بۆ بینەر نامۆ بێت نامۆ بەو واتایەی هەست بکات کە یەکەم جارە لە ژیانیدا ڕووبەڕووی ئەو جەستانە دەبێتەوە. لێرەوە شانۆ بە ئاقارێکی تردا دەڕوات کە خۆی مێژوو بۆ خۆی دەستنیشان دەکات نەک ژیان مێژووی بۆ دەستنیشان بکات، شانۆ لەوکاتەدا یادەوەری بۆ خۆی دروست دەکات کە یادەوەرییەکانی بەردەوام پرسیارە، چونکە ئەگەر ببینین لەنێوان جەستە لەژیاندا و جەستە لەسەر تەختەی شانۆدا ئەوا هەست بەو جیاوازییە دەکەین کە جەستە لە ژیاندا وەک چیرۆکێکی دەگێڕدرێتەوە واتا دەبێتە (حکایة)، بەڵام لە شانۆدا پرسیار ئامادەیە ئەکتەر پرسیار لە خودی ئەو گێڕانەوە (حکایة) دەکات کە جەستە لە ژیاندا بینای کردووە، لە ئەنجامی پرسیار و گەڕان بە شوێن دۆزینەوەی جووڵە و گوزارشتی نوێدا، جەستە لەسەر شانۆ دەبێتە خاوەنی یادەوەرییەک کە دەچێتە ناوخانەی داهێنانەوە. بۆیە ئەکتەر دەبێ بزانێ کە

**دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت ئەکتەر بۆ سەرجەم ئەو جووڵانەی کە دەیەوێت بە جەستە بەرجەستەی بکات، پێویستی بەو هێزەیە کە بەرهەمی دەهێنێ**

**بینەری هۆشیار هەمیشە لە سەرەتای بینینی ئەکتەرەوە دەزانێ ئەو تا چەندە جەستەی خۆی دەناسێت**

جیاوازی چییە لەنێوان جەستە و گــــوزارشت لە ژیاندا و جەستە گوزارشتیش لەسەر تەختەی شانۆ کە هەمیشە ئەکتــەر لەو دوو ناوەندەدا جیــاوازە. خـالێکی تری بونیادی جەستە سەربەستییە ئەکتەر دەبێ سەربەست بێ لە جەستــەدا، بێگومــان ئەم سـەربەستـیـیــەش دەبێ بەشێـوەیەکی ئاسایی بژی لەناو کردارەکاندا بەشێوەیەکی سـروشـتی دروسـتکەر بێت لەسەر شانۆ، چونکە ئەکتەر هەمیشە دروستکەرە، کردار لەو حالەتانەدا بەشێـوەیەکی مەلموس بوونی هەیە کە ئەمـە هێـلـێکی بنەڕەتی بەردەوامـە. (ڕوفـینی) دەڵێ «دەکرێ بڵێین حالەتی ئەکتەر، یان جەستەی ئەکتەر پێویستی بە وزەیەکی زۆرترە لە کەسێکی ئاسایی، ئەم وزەیە بە واتا پیشەیی و مادییەکەی». پێشتر باسم لەوە کردووە کە ئەکتەر چۆن پێویستی وزەی، یان هێزی وزەی لەسـەر شانۆ و ژیان جیـاوازە، بەڵام دەمەوێ لەم بەشـەی کۆتای نووسینەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی (یوژینو باربا) بکەم کـە سـەبارەت بە (Animus -Anima)ە کە یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە پڕ بایەخانەی کە لەسەر وزەی ئەکتەر پێشکەشی کردووە لە کـۆنگرەی (ڕۆڵی ئافـرەت لە شـانۆ)دا سـالی (١٩٨٦). ئەمـە بە یەکـەمین لێکۆڵینەوە دادەنرێ لەو بوارەدا کـە (باربا) توانی کـەشـفی چەندین نهـێنی جەسـتـەی ئەکـتـەر بکات. (Anima) نێــــر، (Animus) مێ (باربا) باس لە وزە بەشـێـوەیەکی گشتی دەکات پاشان باس لە وزەی نێر و مێ دەکات. (باربا) وزە بەوە دەستنیشـان دەکات کـەوا لە ئەکـتـەر دەکات لە تەقلیدیەتی خۆی دەربچێت، واتا هێـزێکە لە دەرەوەی واقـعی بینراو وزە دەسـتـنیـشـانی ڕۆحـیـەتی جەستە دەکات بۆ دەرەوەی فۆرمی ئاسایی جەستە.. لە هەمـوو کـاتەکـاندا ئەکـتـەر پێـویسـتی بەوە هەیە کـە تەقلیدیەتی جەستەی تێک بشکێنێ و جەستەیەکی نوێ لە دایک بێت، کـەواتە بەهۆی وزەی ئەکـتـەرەوە هەمـوو شتەکـان لەناو شـانۆدا لە لەدایکبـوونێکی نوێدان. باربا سەبارەت بە (Anima) و (Animus) لەناو وزەی ئەکتەردا دەڵێ «وزە بۆ ئەکتەر دەبێتە هێزێک کە هەست بە بوونی نێـرینەی، یان مـێـینەی خـۆی نەکـات، بەڵکو بوونی ئەو بە تەنیـا لەسـەر شـانۆ بوونی ئەکـتـەرە». لە شانۆدا شتێک نییە بەناوی ئەوەی کە وزەی نێرینە زۆرتر بێت لە وزەی مێینە، چونکە هەردووکیان لە یەک ئاستی یەکسـانـدان لەسـەر شـانـۆوە هەردووکیـان هاوبەشن لە پێکهێنانی سەرجەم جووڵە و کردارەکـان لەسەر شـانۆدا دەبێ ئەوەش بزانرێ کـە وزەی ئەکـتـەر شـێـوەیەکی ڕۆشنبیرییە نەک سروشتی. دەبێ ئەکتەر بەشێوەیەکی هۆشیـارانە تەحەکوم بەو وزەیەوە بکات. (باربا) دەڵێ «بوونی وزەی تایبەت بە مێینە و نێرینە کە لە ژیاندایە لە شـانۆدا بەو شـێـوەیە وجـوودی نیـیـە، لە شـانۆدا ڕۆڵی ئەکـتـەری نێـر و مێ کـەشـفکردنی ئارەزووی وزە تاکیـەکـانیەتی و بەرگری کردنە لەو وزە خودییـانەی». (باربا) لێرەوە پێمان ڕادەگەیەنێ کە چۆن ئەکتەر دەبێتە لێکۆڵەرەوەیەک بۆ دۆزینەوەی یەکسانی جەستەی نێر و مێ لە ڕووی قـورسایی ئامـادەبوونیانەوە و چۆن بتـوانێ لەگـەڵ ئەوەشـدا پارێزگـاری لە وزەی خـۆشی بکات. بێگومان دەبێ ئەوە بزانین کە مەبەستی یەکسانی (باربا) لەنێـوان (Animus -Anima)دا قـورمـایی زیندوو بوونی جۆری ئەکتەرە، مەبەستی لەو هێزەیە کە لە توانای کرداری هەر یەکێکیاندا هەیە، چونکە هەمیشـە دەبینین لە ڕووی گـوزارشـتـەوە بەرکـەوتەکـان لەنێـوان ئەکـتـەر و بینەردا دەگۆڕێ، چونکە هەریەک لە جەستـەی نێر و مێ لەسەر شانۆ تایبەتمەندە بە حالەتێکی گوزارشتی جیاواز، بەڵام لە ڕووی هێـزی وزەییـانەوە هەردوو لایەکـسـانن، چونکە بە بڕوای (باربا) وزە تێکەڵەیەکە لە نێر و مێ، چونکە لەناو هەمـوو کـەسـێکدا (An- -Anima imus) ئامادەیی هەیە. (بۆکاس) دەڵێ: «دانتی بڕوای وابـوو کــە (Anima) هەوایەکی زیندووە ئامـانجی گەیشتن بە شتێکی دەرەکیە، کـاتێک دەگات بەو شتە دەبێتە (Animus). کەواتە لەناو هەموو کەسێکدا ئەو دوانەییـە ئامـادەیی هەیە، هەرچەندە بڕوای هەندێک لە دەروونناسەکانیش هەمان شتە کە مرۆڤ بەشی نێرینە و مـێـینەی تێـدایە و ئەم دوانەییـە لە ناوەوەی مـرۆڤـدا بەشـێـوەیەکی نهـێنی و نەزانراو کـاری پێدەکرێ، بەڵام

(باربا) دەڵێ: «ئەکتەر دەبێ سیفەتی دوانەییەکانی وزە بەکاربهێنێ، ئەو ئەکتەرە زیرەکە کێیە کە دەیخاتە ناو تەکنیکێکی تایبەت بەخۆیەوە». (An- -Anima imus) ئەو دوانەیەن کە ئەکتەر دەتوانێ هەستی پێ بکات. بەردەوام ئەم دوانەش لەناو مرۆڤدا لە دژایەتیدان و ئەکتەر دەتوانێ سوود لەو دژایەتیانەی نێوانیان وەربگرێ و وزەیەکی زۆرتر بۆ خۆی بەرهەم بهێنێ وەک لە پێشتریشدا باسی ئەوەم کرد کە چۆن ئەکتەر گرنگی دەخاتە سەر دژەکان بۆ پەیداکردنی (وزە) وزەش هەمیشە پاڵنەرە بۆ جەستە تا بتوانێ لە جووڵەیەکی بەردەوامدا بمێنێتەوە. ئەگەر سەیری هەندێ لە سەما تایبەتیەکانی (هیند و یابان) بکەین کاتێک کە ئەکتەرەکان سەما دەکەن، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕەگەزەکاندا نابینرێ. لەسەر شانۆ هەموو ئەکتەرەکان دەبێ هەست بە بەرپرسیارەتی ئەوە بکەن کە هەموویان بەرپرسیارن لەگەیاندنی مانای نمایشەکەیان. هەموویان (بە نێرو مێ)وە هەوڵی پڕ کردنی وزەی یەکتر بدەن تا ئاستی نمایش لە ئاستێکی جەستەی یەکساندا بێت، ناکرێت لە پاش کۆتایی هاتنی نمایشێک بینەر بڵێ توانای نێرینەکان یان مێیەکان لە نمایشدا بەهێزبووە، بەڵکو وزە بەسەر ئاستێکی یەکساندا دابەش دەکرێ ئەمەش بە گەڕانی ئەکتەر و بەدەست هێنانی زۆرینەی وزە بۆ ناو ڕۆحی خۆی، لەوێوە جەستە لە جیهانێکی داهێنراودا دەبێ ئەگەر بڵێین وزە خاڵی بەر لە جەستەیە و جەستەش خاڵی بەر لە گوزارشتە ئەوا هەردووکیان (وزە و جەستە) لەناو ڕۆحی گوزارشتدا بانگەشەی مەرگی خۆیان دەکەن، چونکە گوزارشت خاڵی کۆتایی گەیاندنە بەوی تر و شانۆش بەرکەوتەیەکە لەگەڵ بینەردا (باتریس پاڤیس) دەڵێ «گوزارشت سەرهەڵدانی مانا قووڵ و یان سەرچاوەکانی شاراوەیە، لە ڕێگای ئەدای جووڵە یان جەستەی ئەکتەرەوە ئەو گوزارشتە، یان دەرخستنی مانایە لەسەر شانۆ دەردەکەوێت کە یەکێک لە سەرچاوەکانی گەیاندنە». ئامادەبوونی ئەکتەر لەسەر شانۆ پێویستی بە توانایەکی زۆرە تا بتوانێ گوزارشت لە ماناکانی شانۆ بکات، جەستەی ئەکتەریش پێویستی بە بەردەوام ڕاهێنان هەیە تا لە دۆخی مردوو و وەستاودا نەمێنێتەوە.

من لێرەدا باسەکەم کۆتایی پێدەهێنم بەو هیوایەی توانیبێتم شتێک لە تێگەیشتنی جەستە و گوزارشت و ئامادەبوونی وزەی ئەکتەر بخەمە ڕوو. دەشمەوێ خاڵێکی تر بخەمە ڕوو کە ئەویش ئەوەیە لەم باسەدا بۆ بەهیچ جۆرێک نموونەم لەسەر ئەزموونی شانۆی کوردی نەهێناوەتەوە یان پشتم بە جەستەی ئەکتەری کوردی نەبەستووە، بە داخەوە دەڵێم ئێمە هیچ نووسینێکمان لەسەر جەستە یان گوزارشت لە شانۆدا نییە. یان من لە هیچ شوێنێکدا بەرچاوم نەکەوتووە. خاڵێکی تریش ئەوەیە کە جەستە لە شانۆی کوردیدا هیچ مێژوویەکی بۆ خۆی داگیر نەکردووە تا بتوانیایە وەک سەرچاوە پشتم پێ ببەستایە، سەرچاوەکانی من بە تایبەت بۆیە کەسێکی وەک (یوژینو باربا) بووە، چونکە تازەترین تیۆری لە شانۆی جیهاندا لەم سەردەمەی ئێستادا (باربا) پێشکەش شانۆی کردووە. تا ئەم ساتەی ئێستاشی بەردەوامە لە کاری داهێناندا. شانۆ ئەوەندەی زمانێکی جیهانی هەیە ئەوەندە زمانێکی ناوچەیی نییە.

**سەرچاوەکان:**


**١- انثروبولوجيا المسرح، د. منى علي صفوت.**

**٢- تفسير الممثل، يوجينو باربا.**

**٣- Animus -Anima، يوجينو باربا.**

**٤- الجسم المتمرد، يوجينو باربا.**

**٥- طاقة الممثل، د. منى علي صفوت.**

**٦- طاقة الممثل- كمقدمة منطقية، فرديناند تافياني.**

**٧- ما قبل التعبير، الطاقة الحضور، فرانكو روفيني.**


# ڕەنگە یادەوەری لەت لەتمان بکات

**کامەران سوبحان**
**(سلێمانی)**

قسەکردن لەسەر یادەوەریی مرۆڤ بێ گەڕانەوە بۆ ناواخنی هەستە شاراوەو نهێنییەکانی مرۆڤ شتێکی حەتمییە، پێوەندیی نێوان مرۆڤ و یادەوەری پێوەندییەکی جەدەلییە و ڕەنگە لەو چرکەساتەوە دەست پێبکات کە مرۆڤ لە حاڵەتی هۆشداری و هەنووکەییدا بیەوێت بۆ چرکەساتێکی ڕابردوو بگەڕێتەوە ئەو ڕابردووەش بەهەموو ڕەهەند و مەودا جیاوازەکانییەوە لەم سۆنگەیەوە هەموو گەڕانەوەیەک بۆ ڕابردوو جگە لە مەرگی ئێستا هەڵگری هیچ مانایەک نییە، مەگەر ئەوەندە نەبێت ئەو گەڕانەوەیە هۆشداری بێت بۆ تێزە هۆشداری و هەستییەکانی قۆناغی ئێستای مرۆڤ. لەم حاڵەتەشدا ڕەنگە کۆمەڵگەی ئێمە لە هەموو کۆمەڵگاکانی دنیا زیاتر دابەشبوونێکی سەیری بەسەردا هاتبێت، من بۆ خۆم ئەم دابەشبوونەم ناو ناوە «لەت لەت بوون» بە مانایەک مرۆڤی ئێمە بە ئاراستەیەکدا دەڕوات و یادەوەریشی بە ئاراستەیەکی تردا. ئەم دوو ئاراستەیەش بەردەوام مرۆڤێکی دوالیزمی و بێباک دروست دەکات.

هۆکاری سەرەکی ئەم حاڵەتەش پەیوەستە بە تێڕوانینی ئێمە بۆ گرتن و کێشە نەتەوەیی و ئایینی و سایکۆلۆژییەکان کە هەریەکەیان بۆ خۆی دنیایەک کێشەی کەڵەکە کردووە و تاهەنووکە کەمترین پرسیاری لە بارەوە کراوە.

ئەم حاڵەتەش لەنێو خۆیدا چەندین تێز و ئاراستەی کارکردنی گۆڕیوەو ڕەنگە هەموو نەوەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بەشی شێریان هەبێت لە ئاشنابوون بەم تێزانە، ئەمەش ئەو هەستەمان بۆ دێنێتە بەرهەم کە ئێمە میللەتێکین هەستە سۆزدارییەکان پانتاییەکی بەرفراوانیان لەژیان و گوزەرانمان داگیرکردووە، ڕەنگە ئەم



**تابلۆی هونەرمەند «ئەکرەم کەریمی»**

هەستانەش زیاتر لە کولتوورێکی یادکردنەوەدا خۆی ببینێتەوە کە ئەویش سنوورەکانی یادەوەری بەهێز دەکات.

کولتووری یادکردنەوەو ئیشکردن لە یادەوەری مرۆڤدا ڕەگێکی ئایینی بەهێزی هەیە و ئەم ڕەگەش مێژوویەکی بەرینی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا داگیر کردووە.

بەشێوازێک ئەو ڕەگە خۆی لەیادکردنەوەی داستان و بەسەرهات و یادی لەدایکبوون و مردن و شۆڕشەکاندا دەبینێتەوە، ئەم یادەش ڕاستەوخۆ وێستگەیەکە بۆ لەدایکبوون و خەڵقکردنی یۆتۆپیاو تەوتەمێک کە دەبێتە پاشخانێک بۆ گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کە ئیشی لەسەر دەکەن.

ئەگەر هەموومان لەم پەرەگرافە ورد ببینەوەو وێنەکانی کۆمەڵگەی خۆمانی پێ بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەم گرووپی کۆمەڵایەتی و ئایینی و حزبی هەیە نەبووبێتە بەشێک لە خوڵقاندنی ئەو کولتوورەی یادکردنەوەیە، بەتایبەتی دروست کردنی تەوتەمی کارەکتەرێکی مێژوویی یان شەهید یان سوپەرمانێک کە هەموومان تا لە ژیاندا بین ناتوانین بگەینە نەبەردییەکانی ئەو، لە کاتێکدا بیرشمان نەچێت ئەویش مرۆڤ بووەو وەک هەریەک لە ئێمە خاوەن سنوورێک بووە لە یادەوەری و هەست و توانا و ڕووداو و یادکردنەوەکانیشی لەو چوارچێوەیەدا تێنەپەڕیوە.

ئیشکالیەتی ئەم کارەکتەرانەی ئێمە ئەوەیە کە بوونەتە بەشێک لە کولتووری نەتەوایەتیمان و زۆر جار چینە جۆراوجۆرەکانی تری کۆمەڵگە ئیحای ژیان و فۆرمی کارکردنی لەوانەوە وەردەگرن، ئیدی ئەمە دەبێتە یەکەم خاڵی لە دەستدانی یادەوەریی جەمعی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.


گەر لەو قۆناغەدا کارەکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی ڕێڕەوی ئاراستەکردنی ڕووداو و یاد و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بوون ئەوا لەم ڕۆژەدا ئەم یادانە پەڕیونەتەوە بۆ کۆی چینەکانی کۆمەڵگەو ئەمە لەنێوەندە ڕۆشنبیری و فەرهەنگیەکاندا لە هەموو شوێن زیاتر شیکار و یادکردنەوەی ئەو داستان و یادانە ڕێک دەخرێت، دیارترین حاڵەتیش کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەبوون و وجوودی کۆمەڵگەیەکەوە هەیە (کارەساتی ئەنفال). باسکردنیش لە ئەنفال بێ گەڕانەوە بۆ بەعس و پرۆسەی بە بەعسبوون و بە بەعسکردن ڕەنگە کارێکی نامەنهەجی بێت، بەڵام ئێمە دیوێکی تری بەعس و دیوێکی تری ئەنفال دەخوێنینەوە، ئەویش ئیشکردنی یادەوەرییە لەناو پرۆسەکەدا.

لە سەرەتاوە ئەنفال یەکەم بانگەشەی کە لە دوای خۆی بەجێهێشت لێدانی یادەوەری نەوەیەک بوو کە دەیانویست وەک نەوەی ڕابردوو نەژین و بیانەوێت یادەوەرییان بەشێوازێک پەروەردە بکەن کە کۆی وێنە و فۆرمە جۆراوجۆرەکانی بینینیانی تێدا بێت، بەڵام کارەساتەکە هەموو ئەم دەستەواژەو هاوکێشانەی بە ئاراستەیەکی پێچەوانەتردا برد و چەند نەوەیەکی میللەتێکی قڕکرد، لە کاتێکدا ئەو لەگەڵ نەوەیەکدا لە جەنگێکی مەیدانیدا بوو، بەڵام لە ئەساسەوە ئەو نەوەیە تەنیا نەوەی پێشمەرگە نەبوو، بەڵکو ئەم جەنگە بە جەنگی سڕینەوەی کولتووری نەتەوایەتی میللەتێک بوو کە گرووپی بەرامبەر خۆی بەخاوەنی هەموو گرووپ و نەتەوە و کولتوورەکان دەزانی....

لەم هاوکێشە سیاسییانەدا پێگەی یادەوەری لە کوێدایە؟ ئایا یادەوەری دەتوانێت وێنەیەکی تەندروستی ئەو حاڵەت و کارەساتانەمان پێشکەش کات؟ ئایا یادەوەری دەتوانێت کۆی کارەساتی ئەنفال بەشێوازێکی فۆتۆیی دەقاودەق لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا بگوازێتەوە؟

ڕەنگە وەڵامی ئەم سێ پرسیارە بانگەیەنێتە شوێنێکی لەبار بۆ گفتوگۆ کردنمان لەسەر ئەم کارەساتە.

لەدوای ئەوسێ پرسیارەش ئێمە دەپرسین ئایا هونەر چەنێک دەتوانێت یادەوەری مرۆڤی ئێمە بەوێنە پەرت پەرت بوو و لەت لەت کراوەکان بپارێزێت؟ هونەر چەند دەتوانێت ئەنفال بکاتە دیکۆمێنێکی لەبیر نەکراو؟ لێرەوە دێینە سەر پێوەندی ئەنفال و هونەر، زیاتریش مەبەستمانە لەسەر پرۆژەی هونەری «خۆرێکی ڕەشپۆش»



**تابلۆی هونەرمەند «عەلی دەرویش»**

هەڵوێستە بکەین کە لە یادی کارەساتی ئەنفالداو لە مانگی نیسانی ٢٠٠٥دا لە یادکردنەوەی ئەنفالدا لە سلێمانی نمایش کرا، خۆرێکی ڕەشپۆش پرۆژەیەکی هونەرییەو نزیکەی ١٤٠ هونەرمەندی شێوەکار، بەیەک قەبارە و فۆرم بەڵام بە تەکنیک و ستایلی جۆراوجۆر گوزارشتیان لە ئەنفال کرد، سەرپەرشتیاری ئەم پرۆژەیە هونەرمەند «ڕێبوار سەعید»ە و پرۆژەکەش لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤەوە پشتگیری و کۆمەک کراوە، دیارترین ڕەگەز لەم پرۆژە هونەرییەدا «یادکردنەوە»یە.

یادکردنەوەش پرۆسەیەکە لەناو «یادەوەری»ی مرۆڤداو هەریەک لەو هونەرمەندانەی کە لەو پرۆژەیەدا بەشداربوون، هەریەک لە ئێمەی بینەرانی ئەو پێشانگاو پرۆژە هونەرییەش، وێنەیەکی جیاوازمان بۆ یادکردنەوە هەیە و هەریەکەشمان خاوەن یادەوەرییەکی سەربەخۆین.

بۆیە لەم حاڵەتەشدا ڕێکخستن و نمایشکردنی پرۆژەیەکی هونەری وا لە ئیشکالیەت و گرفت خاڵی نابێت، ڕەنگە دیارترین ئیشکالیەتیش نابەرامبەری بێت لەنێوان گەورەیی ئەنفال و بچووکی گوزارشتی هونەری، دەمەوێت لەسەر ئەم پەرەگرافە زیاتر هەڵوێستە بکەم و سەرنجی زیاتر بدەم، ڕەنگە پرۆژەی «خۆرێکی ڕەشپۆش» یەکێک بێت لەو پرۆژە هونەرییە ناوازانەی کە تا ئەمڕۆ بۆ یادکردنەوەی ئەنفال کرابێت، بەڵام ئایا یادەوەریی (١٤٠) هونەرمەند گوزارشتی ئەم هونەرمەندانە کۆتایی دێنێت بە هەموو ئەو وێنە تاڵ و ڕەشانەی کە پیرەژنێک لە گەرمیان یان پیرە پیاوێکی بادینان لە ئەنفال بینیویەتی؟ ئایا گوزارشتی ئەم هونەرمەندانە وێنەیەکی حەقیقی زیندانەکانی توپزاوا و نوگرەسەلمان و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفال دەخاتە ڕوو؟ بێگومان نەخێر، لێرەوە ئیشکالیەتی کارکردنی هونەری بۆ کارەساتێکی وا گەورە دەردەکەوێت، ڕەنگە بوونی تەکنەلۆژیایەکی باڵا لە بواری سینەمادا بتوانێ هەر هیچ نەبێت گرتەیەک لەو ملیۆنە گرتانەی ئەنفالمان نیشان دات. هەروەک چۆن تا ئێستا چەندین فیلمی دیکۆمێنتی لە هۆڵەکانی هۆلیوود بۆ جەنگە داگیرکارییەکانی وڵاتان و جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بەرهەم هاتووە. ئەو فیلمانە تا ڕادەیەک وێنەیەکن لە وێنە حەقیقیەکانی ئەو ڕۆژگارانە.

ئێمە نامانەوێت بڵێین: «خۆرێکی ڕەشپۆش» ناتوانێت هیچ بۆشاییەک لە یادەوەریی بینەردا پڕ کاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم هەوڵە دەکرێت فراوانتر بکرێت و ببێتە مۆنۆمێنێک بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێت لە داهاتوودا نەوەی نوێ ئەو کارەساتانەی لە یادەوەریدا بمێنێت.

بێگومان هونەرمەندانی خۆرێکی ڕەش پۆشیش هەڵگری یادەوەری ئەنفالن و بە بڕوای من ئەوانن داستانی ئەنفال دەگێڕنەوە، بۆیە هەر گرفتێک لە گێڕانەوەی ئەواندا هەبێت، یان هەر ساکاری و ڕوون بینینێک لە ڕوئیایاندا کار دەکاتە سەر بینینی کۆمەڵێکی زۆر لە بینەران.

ئەم هونەرمەندانەی کە بوونەتە کارەکتەری سەرەکی خۆرێکی ڕەشپۆش مەبەستیانە یادەوەری خۆیان بکەنە سکەیەک و لەوێوە ئەنفال نیشانی ئێمە بدەن، بەڵام مەرج نییە یادەوەریی هەموویان پڕ بێت لە ئەنفال. ئەم خاڵەش یەکێکە لە گرفتەکانی ئەم پرۆژەیە و لە ناو هونەرمەندەکاندا هەیە زۆر قووڵ لە ئەنفالی ڕوانیوەو هەشیانە بە ساکاری و بەبێ قووڵایی کاری کردووە، دیارە ئەمەش پەیوەستە بە باکگراوندی ئەوان لە هونەردا. ڕەنگە ئەمەش نەبوونی فلتەرێک بێت وای لەخۆرێکی ڕەشپۆش کرد کە هەناسەی کورت و هەناسەی درێژ، یادەوەریی فراوان و یادەوەری تەسک پێکەوە داستانی ئەنفال بگێڕنەوە، ئەمەش مەرجی سەرەکی بوو بۆ سەرکەوتن و فراوانبوونی ئەو پرۆژەیە.

من ئەم حاڵەتەش دەبەستمەوە بە یادەوەری هونەرمەندەکانەوە لە چرکەساتی کارکردنی هونەرییاندا، ئایا ئەوان تا چەند یادەوەرییان یارمەتیان دەدات بۆ گێڕانەوەی وێنە هونەرییەکان لە داستانی ئەنفالدا؟

«ماریا» یەکێک لە قوتابییەکانی دەرهێنەر و بیریاری شانۆی ڕووسی «ستانسلافسکی» لەکاتی ڕاهێناندا



**تابلۆی هونەرمەند «ئازاد ئەنوەر»**

لەسەر تەختەی شانۆ لە بارەی یادەوەرییەوە پرسیار لە ستانسلافسکی دەکات و پێی دەڵێت: «مامۆستا ئایا ئەو ڕووداوانەی کە ئێمە لە ژیاندا بینیومانە لە منالییەوە تا ئەمڕۆ چۆن هەمووی لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە تا بتوانین چریان بکەینەوە و بۆ نواندن سوودیان لێ ببینین؟»

ستانسلافسکی لە وەڵامدا پێی دەڵێت: «پێویستە یادەوەریت پەروەردە کەیت ئەو شتانەش کە لە کاتی نواندندا پێویستە ئەوانەن کە لە یادەوەریدا چەسپیون و ماونەتەوە، بەشێوازێک یادەوەری دەزگایەکی هۆشیارەو دەزانێت چ شت و چ ڕووداوێک پاشەکەوت دەکات، ئەو شتانەی کە پێویستن دەیهێڵێتەوە و ئەو شتانەی زیادن فرێی دەدات، بۆیە ماریا لەسەر تۆ پێویستە کار بۆ ئەو شتانە بکەیت کە لە یادەوەریدا ماوەتەوە»

جا من پێم وایە هەریەک لەم هونەرمەندانە یادەوەرییان وەک یادەوەری ماریا وایە. ئەو شتانە لایان ماوەتەوە کە لە ژیانی هونەریدا پێویستیان پێیەتی و کاری لەسەر دەکەن، بەڵام ئەو ڕاستییەش پێویستە بڵێین کە ئاستی یادەوەری هونەرمەندە بەشداربووەکان زۆر جیاوازە و بەشێوازێک ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرهەم و کارکردنەکانیشیان هەیە.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی یادکردنەوە پرۆسەیەکە لە هەموو ئاست و قۆناغێکدا پێویستی بە گۆڕان و جیاوازی هەیە.

بەجۆرێ هەر یادەوەریشە بۆتە خاڵی جیاوازی نێوان هونەرمەندە بەشداربووەکانی ئەم پرۆژەیە.

گەر ئەم هونەرمەندانە بەیەک یادەوەری، یەک ڕوئیا و تەکنیک کاریان بکردایە ئەوا دواجار بەرهەمی یەک یادەوەریمان دەبینی کە گوزارشتی لە ئەنفال کردووە، بەڵام بەهۆی ئەو جیاوازییەوە لە تەمەن و ئەزموون و یادەوەری، پرۆژەکە بۆتە چەند بەشێک و هەریەکەیان چەمکێکی لە پرۆژەی خۆرێکی ڕەشپۆش هەڵگرتووە.

گرفتێکی تری ئەم پرۆژە هونەرییە لەوەدایە هەوڵێکی چرکەساتییەو ڕەنگە دواتر و پاش مانگێک ئیدی کەس ئەم کارەی لە یادەوەریدا نەمێنێتەوە، چونکە نەبوونی شوێنگەیەک بۆ نمایش یان گەلەرییەکی تایبەت بە ئەنفال ئەم هەوڵەش وەک زۆرێک لە هەوڵەکانی تر بەرەو کزبوون دەبات، مەبەستمە بڵێم دەبایە پێش نمایشکردنی خۆرێکی ڕەشپۆش گەلەرییەکی تایبەتمەند لە ڕووی بیناسازی و هونەرییەوە دروست کرایە، ئەوسا ئەم پرۆژەیە ببوایەتە بەشێک لەو گەلەرییە، بێگومان ئەمە دەبوو بە شوێنێکی گەورە و فراوان بۆ پەروەردەکردنی یادەوەریمان لەسەر ڕووداوێک کە فەلسەفەیەکی دڕندانەی لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوودا پەیڕەو کردووە، ئەوسا پرۆژەکە دەبووە شتێکی لەیادنەچوو.

نابێت لەم قۆناغەشدا تێڕوانینی هەندێ لە هونەرمەندانی دەرەوەی ئەم پرۆژەیەش لە یاد بکەین کە لەو هونەرمەندانە هەیانە پێی وایە پرۆژەو کارێکی وا هاوبەش ڕوومایی هەندێ هونەرمەندی لاکەوتە دەکات لەپاڵ هونەرمەندی داهێنەردا خۆی دەشارێتەوە و خەوی درێژخایەنی چەند ساڵەی لەناو ئەم پرۆژانەدا درێژە پێدەدات، چونکە ئەوان عەیامێکی زۆرە لە کاری جیددی دوورکەوتوونەتەوە و ئەمە دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی بڵێین ئێمەش ماوین و بەشدارین لە زیندووکردنەوەی یادەوەریی دەستەجەمعیی کۆمەڵگەدا.

ڕەنگە ئەم قسەیەیان تا ڕادەیەک حەقیقەتی تێدا بێت و ئەو کەسانەش لە زۆرێک لە پرۆژە هاوبەشەکاندا هەبێت و دەبێت بەرپرسانی ئەم پرۆژەیە وەڵامی جیدییان بۆ ئەم قسەیە هەبێت.

هەندێکی تر گلەیی ئەوە دەکەن کە سنووربەندی بۆ پرۆژەکە کراوەو هونەرمەندێ سەرپشک کراوە لە چەند هەفتەیەکدا تابلۆیەک بکێشێت بە بڕوای ئەوان ئەمە سنووربەندێکە بۆ داهێنان.

هەر چۆنێک بێت «خۆرێکی ڕەشپۆش» هەوڵێکی جیددییە لە ڕەوتی شێوەکاریمان، دەکرێت وتووێژ و دیالۆگی زیاتر بەدوای خۆیدا بهێنێت.

# وێنەگرتنی دیجیتاڵی بۆچی؟

فارس سەعدی

(١ - ٢)

هەرگیز ئەو ڕۆژەم لە یاد ناچێتەوە، کە ڕۆژی زەماوەندی بووک گواستنەوەم بۆ کرا، کە لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بوو، ئەوکات باوکم کە لە ڕاستیدا وێنەگرێکی ئارەزوومەندبوو هەتا لە ساڵانی پەنجاکاندا کامێرای هەبوو، وەک ئارەزوویەک وێنەی پێ دەگرت، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە لەگەڵ ئینگلیزەکان و ئەمریکاییەکان لە بەنداوی دەربەندیخان کاری لەگەڵدا دەکردن، جا ئەوان هەردەم کامێرایان بەشانەوە بوو بۆ وێنەگرتن.. بە هەرحاڵ، باوکم سێ فیلمی (٣٦)ی واتە جۆری (١٣٥) ملیمی بۆ ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکەی بۆ گرتم، بەڵام بەداخەوە فیلمێکیان لێی ون بوو بەهۆی سەرقاڵی و قەرەباڵغی، دووەمیشیان فیلمەکە هیچی لەسەر دەرنەچووبوو (بەهۆی ئەوەی فیلمەکە بە تەواوی لە بەکرەی لاکەی تری کامیراکە گیر نەبوو بوو، واتە فیلمەکە هەر لە شوێنی خۆی مابووەوە و لەگەڵ ئەوەی ژمێرەری گرتەکان کاری خۆی دەکرد، واتە نیشانی دەدا کەوا وێنە یەک لەدوای یەکەکان دەگیرێن کەواش نەبوو!).

ئەوکات وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لە هەولێر چاپ نەدەکران، بەڵکو لە ڕێگای بریکاری تاقیگەی (ڕەشید)ی بەغدا فیلمەکان ڕەوانەی بەغدا دەکران، دوای دوو هەفتە تا سێ هەفتە ئینجا دەگەڕانەوە. کاتێک کە دوو فیلمەکەم بۆ هاتەوە تەنیا یەکێکیان وێنەکانی لەگەڵ بوون، ئەویتر نووسرابوو (فاشل)ە، بە ڕاستی زۆر تاسام و تووشی هەناسە ساردی و غەمباری کردم، چونکە مەحاڵە ئەو ساتە ناسکانە جارێکی تر دووبارە بکرێنەوە و ئەو هەموو خەڵکە و دۆست و خزم و بەو شایلۆغانەوە کۆ بکرێنەوە، هەمان بەزمی جاران ساز بدرێتەوە.. بە هەرحاڵ ئەمە بووە گرێ کوێریەک لە دڵمدا، دەم گوت تۆ بڵێی ڕۆژێ نەیەت لەم گرفتە کە من و دەیانی وەک من دووچاری هاتوون لێی دوورکەونەوە و تووشی نەیەن؟

هەر لە بواری وێنەگرتنی ئەنەلۆگ (Analog)ەوە،

چەندین گرفت و کۆسپی تر هاتوونەتە پێشم، کە تووشی نیگەرانی و بێزاریان کردووم. لەوانە کە فیلمم دەبردە لابۆرێکی چاپی وێنە، بۆم بشۆنەوە و چاپی بکەن، جارێ لە قۆناغی شتنەوەیدا، زۆرجاران گیراوەی فیلم شتنەوە یا زیاد لە پێویست گەرم بوون، یا تەرکیزیان زیاتر یا کەمتر لە پێویست بوو، یا هەندێ جار لەناوەڕاستی قۆناغی فیلم شتنەوە تەزووی کارەبا دەپچڕا، ئینجا فیلمەکە لەناو ئامێرەکە عاسی دەبوو، باش بوو هەندێکیان بە مەنگەنە (واتە باسکێک) دەیانسووڕاند، بەشێوەی مانیوەڵ کارەکەیان تەواو دەکرد، بەڵام زۆر جاران فیلمەکە ڕەش و تۆخ دەبوو، کە فیلمەکان سەقەت و بێ کەڵک دەبوون، لەو کاتەی وێنەی دەگمەنیشی لەسەر تۆمارکرابوون، ئینجا دەهاتینە قۆناغی چاپکردنی فیلمەکە، واتە نێگەتیڤەکە دەکرا پۆزەتیڤ لەسەر کاغەزی چاپی وێنە. لەم قۆناغەدا، لەبەر بێ وشیاری و کەم ڕۆشنبیری ئەو کارمەندانەی لەسەر ئامێرەکانی چاپی وێنە کاریان دەکرد، بەبێ بەزەییانە بەو پەنجە چەور و پیسانەیان ناوەڕاستی فرێمی فیلمەکەیان دەگرت، یان زۆر بە خێرایی لەم سەری ئامێرەکە بۆ سەرەکەی تری ڕایان دەکێشا، کە ئەمەش دەبووە هۆی پیس کردنی فیلمەکە، پەڵە و ماک و مۆری پەنجەکانیان دەلکا بەسەر ڕووی نێگەتیڤەکەوە، هەروەها شوخت بریندار بوونی ئەمـوڵشنی نێگەتیڤەکەش ڕووی دەدا بەهۆی تۆز و خۆڵاوی ناو لابۆرەکە ئەمانە گشتیان وایان دەکرد، وێنەکان بە ناشیرینی چاپ بکرێن، خۆ ڕەنگی وێنەکان و کاڵی و تۆخی وێنەکە واتە دێنستی (Density) وێنەکە هەر مەپرسە، زۆرجار وێنەیەک دەبوایە کاڵ چاپ بکرێ، ئەوا تۆخ چاپ دەبوو، هەندێ جاری تر بە پێچەوانەی ئەمەوە، دەبوایە تۆخ چاپ بکرێ کەچی کاڵ چاپ دەکرا، لەبەر ئەوەی وێنەکە بە پۆزەتیڤی لەبەرچاوی چاپکەرەکە نەبوون، بەڵکو بە مەزەندەی خۆی تەماشای دێنستی نێکەتیڤەکەی دەکرد، بۆ تێکڕای گشت گرتەکانی یەک فیلم یەک جۆرە ئێکسپۆزەری بەکاردەهێنا، بۆ مەسەلەی ڕەنگەکانیش هەمان شت، زۆر گرفت لەنێوان وێنەگران و چاپکەری وێنە دروست دەبوو، دەتدیت چاپی یەکەمی نێگەتیڤەکە جۆرە ڕەنگێکی هەبووە، کە دووبارە وێنەی زیادەکی بۆ هەمان گرتە چاپ دەکردەوە، ئەمجارەیان ڕەنگێکی زاڵ دەبوو بەسەر تێکڕای وێنەکە، ئینجا خەڵکی دەهاتن گلەییان لەوێنەگرەکە دەکرد کە بۆ ئەم جیاوازیەی کردووە!

لەلایەنە نێگەتیڤەکانی (سەلبییەکانی) وێنەی فیلمی کلاسیکی یا ئەنەلۆگ، دوای ڕەتبوونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو نێکەتیڤەی وێنەی لەسەر گیراوە، کە پێویستیت بەوە بووایە وێنەیەکی تر لێی چاپ بکەیتەوە، هاوسەنگی ڕەنگەکانی وێنەکە لە دەست دەدران، واتە ڕەنگی وێنەکە جیاوازیەکی زۆری دەبوو



لەگەڵ وێنەکانی کە لەسەرەتای وێنەگرتنەکە چاپ کرابوون، ئەمەش بەهۆی کارلێکی کیمیاوی توێژەکانی فیلمەکە و هەروەها مەسەلەی بەرزی پلەی گەرما لەو شوێنانەی کە فیلمەکەی لێ هەڵگیرابوو.

هەڵگرتن و بە ئەرشیفکردنی فیلمەکان کارێکی قورس بوو، کەم کەس هەبوو، ناونیشانی گشت گرتەی هەر فیلمێک بە ژمارە و لە دەفتەرێک تۆماری کردبێت، بۆیە گەڕانەوە بۆ سەر گرتەیەک لە فیلمێکی دیاریکراوی ساڵانێکی ڕابردوو کارێکی زەحمەت بوو، زۆرجار دەبووایە، یەکە یەکە فیلمەکان بداتە بەر ڕووناکی و تا ئەو گرتەیەی مەبەستیەتی، بدۆزێتەوە، لێرەدا خاوەن ستۆدیۆ کۆنەکان لەم حاڵەتە بەدەرن، چونکە ئەوان ژمارەی گرتە و ناونیشانی گرتەکە و مێژووی گرتەکەیان لە تۆماری تایبەتی تۆمار دەکرد.

ئەو فیلمانەی لە کوردستان دەفرۆشرێن بۆ کامیراکانی ئەنەلۆگ (واتە وێنەگرتنی کلاسیکی) یا ئاسایی، زۆربەیان فیلم (١٣٥) ملیم و (٣٦) گرتەیی بوون، زۆرجار وێنەگر چەند گرتەیەکی دەگرت کە نەدەگەیشتە (٥ - ١٠) گرتە، ئەوا ناچار دەبوو یا تێکڕای فیلمەکە بشواتەوە، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا زۆربەی تاقیگەکانی چاپی وێنە فیلمەکەیان بۆ دەبڕی لەناو ژووری تاریک (یا بۆکسی تاریک) بەشەکەی تریان دەدایەوە دەست وێنەگر تا وێنەی لەسەر بگرێت، بەڵام چەندین فرێم لەم ناوەدا بە فیڕۆ دەڕۆیی و جگە لەوەش پارچە فیلمەکان وەک یەک دەرنەدەچوون.

دوای دەرچوونی فیلمی ڕەنگاوڕەنگ و خەڵکی وێنەیان پێ دەگرت، لە هەمان کاتدا زۆر لە وێنەگرانمان



کاریان بە هەردوو جۆری فیلمەکان دەکرد، زۆرجار بۆ هەندێ گرتە، بە ڕەنگاوڕەنگی و ڕەش و سپیش دەیانگرت، لەم حاڵەتەدا دەبووایە وێنەگرەکە یا دوو کامیرای هەبووایە و بەکاریانی بهێنایە، یا فیلمێکیانی دەربهێنایە و ئەویتری بخستبایە سەر کامیراکە و وێنەی مەبەستی پێ بگرتایە، ئەمە کارێکی هێندە ئاسان نەبوو.

زۆرجار وێنەگر لە هەندێ حاڵەتدا ناچار دەبوو هانا بەرێتە بەر بەکارهێنانی فیلتەراتی جۆراوجۆر بۆ ڕاستکردنەوەی پلەی گەرمی ڕووناکی، لەو شوێنەی وێنەکەی تێدا دەگرن. بۆ نموونە: ئەو فیلمانەی کە لە بازاڕی کوردستان دەفرۆشرێن جۆری (دەی لایت)ن، واتە بۆ ڕووناکی سروشتی دروست کراون، بەڵام زۆرجار وێنەگر لەبەردەم گڵۆپی تەنگستن و نیۆن وێنەی هەندێ گرتەی پێ دەگرت لەسەر هەمان فیلم، ئینجا وێنەی دەرەوەش، یا هەندێ وێنە لە ڕۆژانی هەور و تەم و مژاویدا، یا بەر سێبەر، ئەمانە ڕەنگی جیاجیایان لەسەر تێکڕای وێنەکە پەیدا دەکرد، یا ڕەنگی نارنجی و زەرد، یا بۆ حاڵەتی دوایی ڕەنگی شین، ئەمانە بەهۆی فلتەراتەوە چارەسەر دەکران، لەوکاتەدا فلتەرات زۆر کەم لە بازاڕەکانی کوردستان و عیراق دەست دەکەوتن، ئەگەر دەستیش بکەوتنایە نرخەکانیان زۆر گران بوون.

گرفتێکی تری وێنەی ئەنەلۆگ ئەوەیە، زۆر وێنەی بووک و زاوا، یا کەسێک لە حاڵەتی خۆشی و قسەکردن و هەڵچوون و خۆشی تایبەتی، یا ئەوەتا وێنەی چاوەکانی بەنووقاوی دەرچووە، یا دەم و لچ و لێوی بەشێوەیەکی ناشیرین دەرکەوتووە، کە زەحمەت ئەمانە چارەسەر بکرێن، زۆر وێنە کە فڕێ دەدراو خاوەنەکەی نیگەران دەبوو، ئەمەش هەڵەی وێنەگر نییە، لەبەر ئەوەی لەو ساتە وەختەدا کە وێنەکە دەگرێت، هیچ بەدی ناکات، چونکە کامیراکە وێنەکە تۆمار دەکات، کاتیش بەسەر دەچێ و ناتوانرێ ئەو بەزم و ڕەزمە پێیان دووبارە بکەیتەوە، وەک شایلۆغانی ئاهەنگی زەماوەندی ژن هێنانەکەی من کە لە پێشەوە باسم لێوەی کرد.

زۆر لە ئێمە دۆست و برادەر و خزمان لە شارەکانی تری دنیادا، چ لە ناوەوەی وڵات، یا لە دەرەوەی وڵات هەیە، زۆرجاران وێنەی خێزانی و کەسی خۆمان ئاڵوگۆڕ دەکەین و بۆ یەکتری ڕەوانە دەکەین، هەندێ وێنە بقەشن، لە هەندێ وڵاتانی دراوسێکانمان قەدەغە دەکران و لێ نەدەگەڕان ئەو جۆرە وێنانە بەناوخاکیان ڕەت ببێ بۆ وڵاتێکی تر، جا چ لە ڕێگای پۆستەوە گل دەدرایەوە، یا لە کەسێک دەسەندرایەوە کە هەڵگری وێنەکە بوو، سەرەڕای چاوەڕانکردنێکی زۆر تاکەسێکمان دەستنیشان دەکرد ئەو وێنانەی بگەیاندبایە شوێنی مەبەست، ماوەی زۆری دەخایاند، بەڵام ئەمڕۆ بە پۆستی ئیلکترۆنی (E-mail)ەوە، هەر لەکاتی وێنەگرتنەکە دەتوانی پۆستی بکەیت بۆ ئەوپەڕی دنیا، چەند چرکەیەک زیاتر ناخایەنێ!!

بوونی یەک سەرچاوەی وێنە، واتە یەک فیلم کە پێی دەگوترێ دانەی ئەسڵی (نسخەی ئەصلی)، ئەگەر ون بایە، یا هەر شتێکی لێ بهاتایە، ئەوا دەستت بەردەبوو، بەڵام ئەمڕۆ دەتوانی دەیان وێنە (نسخە) لە هەمان ئەو کۆمەڵە وێنانە کۆپی بکەیت و لەشوێنی جیاجیایان هەڵگری، یەکێکیان ون بوو، یا شتێکی بەسەرهات، ئەوا دەیان دانەی یەدەگت لا ماوە!

بۆ وێنەی ڕەش و سپی، زۆرجار وێنەکانت سووفت دەردەچوون، ناچار دەبووی لەسەر کاغەزی نمرە (هارد) چاپیان بکەی، یا وێنەی کۆنتراستی نێگەتیڤەکانت دەبووایە لەسەر کاغەزی سۆفت یا نۆرماڵ چاپیان بکەی تا هەندێ لایەنی لێ ڕاست بکەیتەوە، واتە دەبووایە چەندین جۆر دەرمانی گیراوەی شتنەوە و چاپی وێنەت هەبووایە، لە پاڵ چەندین گرێدی کاغەزی چاپ، تا وێنەکانت بتوانیایە بە زەوقی خۆت چاپیان بکەی کە بە گوێرەی ویست و خواستی خۆت بووایە. کە ئەمڕۆ ئەمە لە بواری وێنەگەری دیجیتاڵی بە ئاسانی دەکرێ و چارەسەر دەکرێ تەنیا بە یەک جۆر کاغەز و یەک جۆرە گیراوە!

بۆ ئەو هەموو گرفت و کۆسپانەی کە وێنەگرتنی ئەنەلۆگ بۆ وێنەگر دروست دەکات، ئەمانە لە بواری وێنەگرتنی دیجیتاڵی، زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن.

# بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی

**لێدوانی:**
**پ. د. عومەر ئیبراهیم عەزیز**
**(پەتی)**



کتێبی (بەرکوتێکی (١) مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی) لێکۆڵینەوە و رەخنە، کە لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: بەڕێز (سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر)ە و بەسەرداچوونەوەی بەڕێزان: پ. د. شوکریە رەسووڵ و د. عەزیز گەردی و عەبدولکەریم مەحموود شێخانییە، چاپکردنی ئینستیوتی کەلەپووری کوردستانە، بەچاپ و بەرگێکی جوان لە ٢٦٤ لاپەڕەی قەوارە (٢٣×١٧سم)ە بە تیراژی ١٠٠٠ دانە کەوتە بەر دیدی خوێنەری کوردزمان. گەنجینەیەکی تەمەنێک کۆشش و گەڕان و وردبوونەوەیە:

لە بەشی یەکەمیدا تیشکی خستۆتە سەر زانستی فۆلکلۆر، کورتە باسێکی لە بارەی ئەو هەوڵانەوە نووسیوە کە لە بارەی فۆلکلۆری کوردی بڵاوکراونەتەوە، دەتوانین بڵێین نیمچە بیبلیۆگرافیایەکی ئەم بوارەی خستۆتە بەرچاوی فۆلکلۆرپەروەر و ئارەزوومەندان، لە میانیشیانەوە بێ نازی و دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی نواندووە و ئەرکی فۆلکلۆریست و دەزگا تایبەتمەندەکانی دیاری کردووە.

لە بەشی دووەمدا هاتۆتە سەر باسی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، پێناسەی کردووە و سوودەکانی مەتەڵی نووسیوە، ئینجا بۆ مەتەڵی کوردی هەڵبژاردووە؟ دواتریش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیانەی بۆ چەندین مەتەڵی بەپێز، لەبارەی ڕوخسار و ڕەوانبێژی و جوانکاری نووسیوە، وەک مەلەوانێکی بێ پەروا بەناو ناوەرۆکی قووڵیاندا شۆڕبۆتەوە و لە ناخیاندا گەلێک گەوهەری نایاب و شاردراوەی دەرکردووە. ئەم کۆکردنەوە بەرفراوانە و لێکۆڵینەوە تێروتەسەلە یەکاوێکی سازگارە و پشتاوێکی بەپێز و ڕەسەنی فۆلکلۆری بەراوکردووە، بەراوردکردنی مەتەڵی کوردی لەگەڵ مەتەڵی هەندێک نەتەوەی دیکەی

وەک ئینگلیز و عەرەب و فارس و تورکی فەرامۆش نەکردووە:
«بیبینی لەبەری ناکەی، لەبەری بکەی نایبینی» (خەڵات، کفن، بەرگی مردن»
«ئەوی دروستی بکا بەکاری ناینێ، ئەوی بەکاری بێنی دروستی ناکا» (کفن- گۆڕ)
The man who invented it doesnt want it. the man who bought it doesnt need (man who needs it doesnt know it, what is it?) A coffin it.
ئەوە چییە: ئەوەی دایهێناوە (دروستی دەکا) نایەوێ، ئەوەی دەیکڕێ گەرەکی نییە، ئەوەشی دەیەوێ نازانێت بۆ ئەوە؟ (کفن).
«ماهو الشيء اذا لبسه شخص لايراه واذا رآه لايلبسه؟» ل٦٢.
«هەموو شتێک دەخواتەوە ئاو نەبی، کە ئاو بخواتەوە دەمری؟» (ئاگر)
Give me food, and I will live; give me water, and I will die. what am I? Fire
(خواردنم بدەیێ دەژیم، ئاوم بدەیتێ دەمرم، من کێم؟) (ئاگر)
«وآكله بغير فم وبطن، لها الأشجار والحيوان قوت، اذا اطعمتها انتعشت وعاشت، واذا سقيتها ماء تموت؟». ل٦٣.
«سەری ئەبڕی و بۆی ئەگری؟»، «سەری دەبڕی و پێی دەگرییێ؟» (پیاز)
«پڕ بە دەستە و ئەیگری، هەر بۆ خۆت سەری ئەبڕی، ئەوسا دواتر بۆی ئەگری؟»
You use a knife to slice my head and weep beside me when I am dead. what am I?
تۆ سەرم بە چەقۆ دەبڕی، کە دەمرم لە تەکما بۆم دەگری. من چیم؟ (پیاز) (An onion)
«هم دوغراسان، هم ییغلاسان؟» (وردی دەکەی و بۆی دەگری: پیاز). ل٦٤.
«خوا نەی کردووە و هەس»، «خوا نەی کردووە و هەیە؟» (قامیش، نەی)
«این چیست کە خدا نی افریده، سبزاست و بلند و قد کشیده؟» (نی) ل٦٨.
هەر لە هەمان بەشدا سێ کۆمەڵە مەتەڵی دیکەی هەڵسەنگاندووە کە پێشتر لەلایەن بەڕێزان: ئۆرخانی غالب و ڕۆستەم باجەلان و محەمەدی مەلا کەریم کۆکرابوونەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسرابوو، بەڵام ئەو وەک ڕەخنەگرێکی خەمخۆر و شارەزا و بەویژدان، گەلێک ناتەواوی تێدا نیشان کردووە و بەدەقی جوانتر، ناتەواوییەکانی تەواو کردوون. هەوڵی داوە مەتەڵ و فۆلکلۆری کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بە زۆربەی شێوەزارەکانییەوە تۆمار بکات، کە ئەمەشیان شەکەتییەکی بێ ئەندازەی ویستووە و بەرهەمێکی باشیشی لێکەوتۆتەوە، بەتایبەتیش کە ویستوویەتی سوود لە سەرچاوەی باش و مرۆی لێهاتوو لە دەقەرە جیاجیاکاندا وەربگرێت.
لە بەشی سێیەمدا مەتەڵەکان بەپێی بابەتەکانیان پۆلێن کراون، بە ڕاستی بەشێوەیەکی زانستییانە و بابەتییانە جەلەی کردوون، من وا هەست دەکەم دابەشکردن و بەیەکەوە گرێدانی دەقەکانی لە یەکدی نزیکن، وا لە مرۆڤ دەکات کە بتوانێت بە ئاسانی بیر لە هەڵهێنانی مەتەڵەکان بکاتەوە، یان بیر لە داڕشتنی مەتەڵی هاوشێوەیان بکاتەوە.

### بابەتەکانی مەتەڵەکان

مەتەڵی تایبەت بە ئاین و ئاینداری: ٧٧ مەتەڵە. مەتەڵی تایبەت بە سروشت: نزیکەی ١٠٠ مەتەڵە. ئەندام و بەشەکانی لەشی مرۆڤ: نزیکەی ١٠٠ مەتەڵە. جل و بەرگ و کەلوپەلی تایبەت بە مرۆڤ: ١٢٣ مەتەڵە. کارکردن و کەرستەی کارکردن: ٣٠٠ مەتەڵە. ڕووەک و بەروبوومی ڕووەکی: ٢٦٨ مەتەڵ. ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی: ٢١٤ مەتەڵ. بیرکاری: ٢٦ مەتەڵ. جۆراوجۆر: ٢٥ مەتەڵ. وەڵامی لەخۆی: ٧ مەتەڵ. تەتەڵەی زمان: ٥٤ مەتەڵە.
تا بڵێی دەقی مەتەڵەکان پتەو و پڕ کاکڵن، زۆر بە دەگمەن کەموکورتییان تێدا بەدی دەکرێت، چونکە لەگەڵ زۆر سەرچاوەاندا بەراوردکراون. گەلێک مەتەڵی تێدایە کە بۆ یەکەم جار دەکەونە بەرچاو.
مەتەڵەکان کۆکراونەتەوە سەر یەک، یا دەقە وێکچووەکان لەتەک یەکدی ڕیزکراون و وەک یەک مەتەڵ پیشان دەدرێن، کەچی لە سەرچاوەکانی دیکە بە مەبەستی زۆرکردنی ژمارەی مەتەڵەکان هەر

برگەیەک یا پارچەیەک کراوەتە مەتەڵێکی سەربەخۆ، بۆ نموونە:

أ- «مەیلەکم هەیە مەیلانی، لەناو بوخچەی سوبحانی، خودا نەبی کەس نایزانی» (منداڵ)

ب- «مەیلەکم هەیە مەیلانی، لەناو بوخچەی سوڵتانی، خودا نەبی کەس نایزانی» (منداڵ)

نووسیویەتی: ج- «مەیلەکم هەیە مەیلانی، لەناو بوخچەی سوبحانی (سوڵتانی)، خودا نەبی کەس نایزانی» (منداڵ لە زگی دایکی) ل١١٣

- «یەکە و نابێتە دوو، دووە و نابێتە سێ، سێیە و نابێتە چوار، چوارە و نابێتە پێنج، پێنجە و نابێتە شەش، شەشە و نابێتە حەفت، حەفتە و نابێتە هەشت، هەشتە و نابێتە نۆ، نۆیەو نابێتە دە، دەیەو نابێتە یازدە، یازدەیەو نابێتە دوازدە، دوازدەیە و نابێتە سێزدە؟»

«یەک خوا هەیە و نابێتە دووان، بەهەشت و دۆزەخ یا شەو و ڕۆژ یا مانگ و خۆر دووانن و نابنە سێ، تەڵاق لە ئیسلامدا سێنە و نابنە چوار، خەلیفەکانی راشدین (ئەبوبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی) چوارن و نابنە پێنج، مەزهەبی بڕیاردان (الاحکام) لە سوننەدا چوارن (حەنەفی، شافعی، مالیکی، ئەحمەدی)، یان ئاینی ئیسلام ڕێی داوە پیاوێک چوار ژن بهێنێت، یان وەرزی ساڵ چوارن....، ئەرکانی (فەڕزەکانی) ئاینی ئیسلام پێنجن (شەهادە، نوێژ، ڕۆژوو، زەکات، حەج)، نوێژی فەڕز لە ڕۆژێکدا پێنجن و نابنە شەش. بنچینەکانی باوەڕی ئیسلام (ارکان الایمان) (باوەڕهێنان بە خودا، پێغەمبەرەکانی، فریشتەکانی، کتێبە پیرۆزەکانی، ڕۆژی زیندووبوونەوە، قەزاو قەدەری خێر و شەڕ) شەشن نابنە حەوت. ڕۆژەکانی یەک حەفتە، دەرگاکانی دۆزەخ حەوتن و نابنە هەشت. دەرگاکانی بەهەشت، فریشتەکانی عەرشی خودایان ڕاگرتووە هەشتن و نابنە نۆ. ماوەی ئاوسی ژن (دووگیانی) نۆ مانگە و نابێتە دە، یارانی پێغەمبەر کە مژدەی چوونە بەهەشتیان دراوەتێ دەن و نابنە یازدە، یان ڕۆژی جەژنی حاجیان ڕۆژی دەیەمی مانگەکەیە و ناکەوێتە یازدەمین(...). ژمارەی مانگەکانی ساڵێک، هاوڕێکانی عیسا پێغەمبەر، ژمارەی ئەو بەردانەی موسا پێغەمبەر بە داردەستەکەی لێی داون و کانیاویان لێ دەرچووە و ژمارەی خێڵەکانی کە لەسەر کانیاوەکان بوون دوازدەنەو نابنە سێزدە... ل٩٩

دەڵێین مشتێک نموونەی خەروارێکە، ئەم مەتەڵانەی لە بارەی هێلکەوە گوتراون، دەخەینە بەرچاو کە دەوڵەمەندی فۆلکلۆر و مەتەڵی کوردەواری دەنوێنن:

«کوڕێکمان بوو بێ دەست و پا، ژنێ بکە شوکری خودا؟»

«نەمریشکە نە باڕۆکە، بەسەری خۆی دادا سپی چارۆگە؟»

«خرشە وەک گۆ، سپییە وەک دۆ؟»

«کاشی چینی، ئاوی دوو ڕەنگ؟»

«قۆریە و فەخفووری، ئاوی دوو ڕەنگ؟»

«پیاڵەی سپی ئاوی دوو ڕەنگ؟»

«جامی (بادیێ» تەنگ، ئاوی دوو ڕەنگ؟»

«سێنی و فەخفووری، ئاوی دوو ڕەنگە، بەساردی شلە، بە گەرمی توندە؟»

«گوێزێکمان هەیە سپی ڕەنگ، تێی دایە ئاوی دوو ڕەنگ؟»

«دەریای دوو ڕەنگ، بێ شەپۆل و دەنگ؟»

«لە دەرێ یەکە و لە ژوورێ دووانە؟»

«عەمەرە، عەمەرە، سێ پێستی سپییە و ئێکی زەرە؟»

«سایقەی سامال هەوری فەڕەنگی، دوو ئاو لە جامێ، هەریەک لە ڕەنگی؟»

«هاتە مالامە عەنتەر، دوو کورتەکیت لبەر، ئێک سپییە، ئێک زەر؟»

«مامێ من حەیدەرە، سێ قوتک لبەرە، دوو سپینە، ئێک زەرە؟

«یەک فەردە خوێ دێنێ، دەیخەینە ناو خوێی هەر سوێر نابێ؟»

«کڵاوی هەمزە پاڵەوان، نە دەرزی دیوە نە دroomان؟» (هێلکە- جەفت)

«کڵاوی هەمزە پاڵەوان، بێ تێکەڵ (تەقەڵ) و بێ دورمان؟» (هێلکە- کڵاوی بەڕوو)

«کڵاوی هەمزە پاڵەوانی، نە درزی هەیە نە درووماني؟» (هێلکە- کڵاوی بەڕوو)

«کڵاوی هەمزە پاڵەوان، بێ دوورمان و بێ نیشان؟» (هێلکە- کڵاوی بەڕوو)

«هێسکەی کادینە، چ پێبلکەی نینە، مردی تێدا ژینە؟»

«قەسری سپی بێ دەرگا ،
زیندەوەرێکی وا تێدا ؟»
«خانووی سپی بێ دەرگا ،
زیندەوەرێکی لەناودا ؟»
«ماڵی ئەحمەد پاشایە ، بێ
پەنجەرە و دەرگایە ؟»
«قەڵایەکم هەیە گەچ گەچین،
نەپای هەیە نەپاچین ؟»
«قەڵای گەچین، رێی نییە تێی
بچین ؟»
«قەراتۆکەی گێچینە ، هیچ پێ
بلقەی لێ نینە ، مردی تێدا
زندینە ؟»
«خانێی بێ دەری» ، «گومەتێ
سپی بێ دەرک ؟» ،
«قەسری سپی بێ دەرگە ؟»
«مەتەلۆک و مەتەلۆک، قوینا تە
دکەم مەنجەلۆک، ئاڤکێن بانا ،
شلقا ل خۆ ددەت، یێ دبەمە
دهۆک ؟»
«میرێ (لاوێ) زەرێ یێ دقەسرا
سپیدا ؟» (زەردێنەی هێلکە ، زەرکا
هێکێ)
«زەرێ زەرانێ، ل ناڤ مێزەرا
کتانی، نە ل عەردییە و نە ل
عاسمانی ؟» (زەرکا هێکێ)
«عەجایب گومەتێکم دیت،
مانگ و رۆژی لەنێو دایە ، کە رۆژ
هەڵدێ لە گومەتدا ، بلەور شووشە
دەشکێنێ، ئەگەر نایزانێ ئاسانە ،
تیرۆکەش هەڵی دێنێ ؟»
«بلوورین گومەزێکم دی، مەهـ و
رۆژی لەنێوابوو ،
کە رۆژ هەڵێ لە گومەزدا ،
بلوورین شووشە ئەشکێنێ ،
ئەگەر مەردی و مەتەڵ زانی،
بەفیکری خۆت هەڵی بێنە ،
موعەممایەکی هێند سەهلە ، کە
تیرێکیش هەڵی دێنێ ؟»
«زیندوو لە مردوو پەیدا دەبێ،
مردووش لە زیندووی پەیدا دەبێ ؟»
«نەنە کوڵکن، تەتە نەکوڵکن،
تەتەزا کوڵکن ؟» ؟ (مریشک،
هێلکە ، جووجەڵە)
«دەوێتە کولکن، دەورێتەزا
نەکوڵکن، بەچەی بەچەزا
کوڵکن ؟» ؟ (مامر و هێلکە)
«بەموو لە بێ مووی پەیدا دەبێ،
بێ مووش لە بەمووی پەیدا دەبێ ؟»
«رێتۆ ژ پیرتۆ دبێت، پیرتۆ ژ رێتۆ
دبێت ؟»
«وەکی دەبی مردییە و حەرارە
(حەڵاڵە) ، هەر مردیە و حەرامە
دەبێ، لە پاشان حەرار (حەڵاڵ)
دەبێتەوە ؟» (هێلکە ، جووجەڵەی
ناوهێلکە ، بارۆکە)
«تیکەی قنگ ئەخوات ؟» (هێلکە
ئەخوا)
«پارووی قوونێ (تیکەی قنگ)
دەخۆی یان دەرخۆنەی قوزی ؟»
(هێلکە و دوونگ)
«مەرەمای قوونێ دەخۆی یان
دەرخۆنەی قوزی ؟» (هێلکە و
دوونگ). ل٢١٧- ٢٢٠.
کۆمەڵە مەتەڵێکی هەڵبژاردەی
هەڵبژاردووە و لێکۆڵینەوەی چڕ و
پڕی بۆ کردوون:
- «شتێک هەیە لە چیایە ،
سپیاتی سیپانی تێدایە ، ناوی گێژەر
گیایە ، جەرگم بووە کون کون،
کوندەڵانم بێننە کن ؟»
«لە کوێستانان، لە هەوار و
رەشماڵان، کابانی مەڕ داران، ژاژی
و پەنیر لە شیری (سپیاتی) مەڕ
(سپیان) و جۆرە گیایەکی سروشتی
چیاکان (بیزا) دروست دەکەن، ئەو
کەسەی ژاژی بخوات زۆری تێنوو
دەبێت و حەز دەکات ئاوی ساردی
کوندەی سەر کوندەڵانی لە تەنیشت
دابندرێت.
سپیاتی: درکەیە بۆ شیر و
بەروبوومی شیر. سپیان: درکەیە بۆ
مەڕ. (سپیاتی، سپیانی) و
(چیایە ، گیایە) رەگەز دۆزی
ناتەواویان تێدایە. لە دەقەکەدا
پێمان دەڵێ شتەکە لە چیایە ، دواتر
روونکردنەوە و ئاسانکاریمان بۆ دەکا
و دەڵێ شیری مەڕ و گیایەکی
تێدایە ، بەوەش ناوەستێ، بەڵکو پتر
رێنماییمان دەکا و دەڵێ ئەوی بیخوا
زۆری تێنوو دەبێ و حەزی دەچێتە
ئاوی سارد، لە هەمان کاتدا
تایبەتمەندییەکی تێدایە کە ئەم
سیفەتانە تەنها لە ژاژی و پەنیردا
کۆدەبنەوە.» ل٤٧- ٤٨. دەقی ئەم
مەتەڵە یەکەم جار ئەو بڵاوی
کردۆتەوە.
«دارەبەنێ، لەسەر بەنێ، میرو
حاکم دەست دەکەنێ ؟».
«دارە بەنێ لە قەد کەنێ، شێخ و
مەلا دەستی ئەدەنێ ؟».
ئەگەر بە وردی سەرنجێکی ئەم
مەتەڵە بچکۆلەیە بدەین زۆر شتی
گەورەمان بۆ دەخوێندرێتەوە. بە
دەسکاری کردنی هەر پیتێک یا
وشەیەک زۆر شتمان لە دەست
دەچێت و بۆمان نادۆزرێتەوە ، دارە
بەن، سەر بەن، (بان، زەوی پان و
بەرز، بانی چیا ، قەدکەن) ، میر و
حاکم و شێخ و مەلا ، دەست دەکەنێ
(دەست دەدەنێ) چەند وشەیەکی
کەمن، شتی زۆریان لەناودا
حەشاردراوە ، جگە لەوەی کە بە
زمانێکی پاراو و ئاوازێکی شیرین

هەڵبەستراوە.

دارەبەن: (دار بنێشت، دار قەزوان) دارێکە لە قەدپاڵ و سەربەن و تەلانی هەندێ ناوچەی وڵاتدا بەسروشتی دەڕوێت، دانیشتوانی مەڵبەندەکەش بەکۆکردنەوەی بنێشتە تاڵ و قەزوان ڕنین لە دارەبەن، مازوو گروان لە دار مازوو (وەک دەڵێن: «هەلاران و مەلاران، هێلکەی ئەکا لە داران، بۆ فەقیر و هەژاران؟» وەڵام مازوو) و بەڕوو و جەفت لە دار بەڕوو و کرۆسک (هەرمێ کێویلکە) و گۆیژ (گێوژ) کۆکردنەوە بۆ خواردن و سوود لێ وەرگرتنیان یا پێویستییەکانی ژیانی ساکار و سادەیی خۆیان پێ دابین دەکرد، بەتایبەتی ئەو هەژار و ڕەشوڕووتانەی کە خاوەن موڵک و ماڵات نەبوون و دەرفەتی کارکردن کەم بووە، بەڵام چیا و دارەبەن و دار مازوو و کەنگرۆک... تاد، موڵکی گشتی بووین و بۆ هەمووان بێ پەنگانەوە بووە. دیارە دەستکردنە دارەبەن بۆ جاجگە تاڵ و کەسکوان کۆکردنەوەی بۆ میر و حاکم و شێخ و مەلایان ناشێ و لەوانیش ناوەشێتەوە، بەڵکو کاری چینی ڕەنجدەر و ڕەشوڕووتە، کە دەبێ بۆخۆیان و بۆ میر و حاکم و شێخ و مەلا و براگەوران کۆی بکەنەوە و ئەرکی دەستەبەر کردنی پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان و ئەوانیان لە ئەستۆدا بووە. لێرەدا سەرسوڕمانێک هەیە، چۆن دەبێ مەلاو شێخ دەست بدەنە دارەبەن!. بۆیە بیر لە دارە بەنێکی دی دەکرێتەوە کە بنێشت دەربدات و لە سەربەن بێت، ئەویش لووتە، بەقەد کێوی سەرەوەیە و چڵم دەردەدات و هەر کەسەش دەبێت کەپووی خۆی بسڕێت و چڵمەکەی لێ بکاتەوە.

هەر لەبارەی نواندنی جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە سەیری دەقێکی دیکەی بچووک و بەڕواڵەت ناشیرین دەکەین کە دەڵێ:

«ئەوە چییە دەوڵەمەند هەری (هەڵی) دەگرن و فەقیر فڕێی دەدەن؟» (چڵم)

زۆرینەی کرمانج و جوتیار و سەپان و شوان و گاوان و بەرخەوان و کاسبکاری کوردی هەژار لە دەر و دەشت کاریان کردووە و لە هەر شوێنێک لەم سروشتە پان و بەرینەی دەوروبەریاندا چڵمی لووتیان هاتبێ، ئەوا فنێکیان کردووە و فڕێیان داوە، بەڵام میر و ئاغا و بەگ و شێخ و مەلا و پیاوی ماقووڵی دیکە، لە دیوەخان و مزگەوت و ژێر دەوار و.... دانیشتوون، ناکرێ بە چڵمەکیان ڕایەخ و مافوور و ژووری کۆڕ و دانیشتنیان پیس بکەن، بۆیە چڵمیان دەکردە نێو دەسەسڕێک و لە بەرک و بەر باخەڵیان هەڵیان دەگرت، تا دواتر لە ماڵەوە بۆیان دەشووشتن.... لە پەندەکانی پیرەمێردی نەمر دا هاتووە:

«گەدا کە چڵم بە قوڵ ئەسڕێ... سەرکۆت کلکی گا بە مەندیل ئەگرێ» ل**٥٢- ٥٣**

ناوە ناوە لە نێو دەقەکاندا وێنەیەک خۆی دەنوێنێ و بە وشە و ئاوازی فۆلکلۆرییەوە گۆرانی دەچڕێ.

لاپەڕە **٢٥٩** تاکو **٢٦١**ی تەرخان کردووە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە گەڕاوەتەوە سەریان، زۆر بە ڕێک و پێکی دەستنیشانی کردوون هەتا بگرە بە لاپەڕەکانیشیانەوە و ژمارەیان (٦٤) سەرچاوەیە، تەنانەت ئەنتەرنێتیشی بەکار هێناوە!

چەند بەشێکی ئەم کتێبە، کە پەیژەیەکی تۆکمەی پردی فۆلکلۆری کوردییە، پێشتر لە گۆڤارەکانی کاروان و گزنگ و ئاسۆی فۆلکلۆر بڵاوکرابۆوە، نووسەری بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، لەم ساڵانەی دواییدا دەیان کتێب و نامیلکەی چاپ کردووە، ئەگەر سەیری هەنگ بەخێوکردن و دەرد و نەخۆشییەکانی ڕووەک و ڕۆمانی شەخەڵی داربەڕوو بەرکوتی مەتەڵەکەی بکەین، ئەوا پشوو درێژی و زمان پاراوی و ڕەوانبێژی و بیرتیژی و وردبینی و بەرچاو ڕوونی و جوانکاریەکانیان ئەوەندە دانسقەن شایانی ئەوەن کە کتێبخانەی کوردی شانازییان پێوە بکات، سادەیی و هێمنی و بێ دەنگی و کارامەیی و شەونخوونی و ڕچەشکێنی، کاری کەسنەکردەیە، خۆزگە بەهرەمەندە دڵسۆزە ڕەنجدەرەکانمان تا ماون نرخیان دەزاندرا، نەک کە مردن لەسەر سەکۆی هۆڵە ناودارەکاندا ماتەمینیان بۆ بگێڕین و بەشان و باهوویاندا هەڵبڵێین.

# ئەنترۆپۆلۆژیا

لێدوانی: جەلال سنجاوی

ئەو کتێبانەی لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیادا بە زمانی پاکی باوان هاتوونەتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە بە پەنجە دەژمێردرێن، ڕەنگبێ گرفتەکەش لەوێوە ڕێچکەی گرتبێ کە ئەنترۆپۆلۆژیا زانستێکی هەمەلایەن و گشتگیرییە و لەسەر نووسینی کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەم زانستە پەلوپۆی ئاوێزان و تێکەڵاوی زۆربەی زانستەکانی دیکە دەبێت وەک شوێنەوارناسی و دەروونناسی و کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیا و ئەتنۆگرافیا، هەروا ئەم زانستە ڕووبەرێکی فراوان لە مەعریفە و بوارەکانی زانست داگیر دەکات، بۆیە جێگای خۆیەتی بە وردی و هەستیارییەوە چەمکەکانی هەڵاوێرد و تاوتوێ بکرێ و ئەکادیمییانە لێکۆڵینەوەی تیۆری لەسەر بکرێ.



لەم سەروبەندەدا نووسەران بە دەگمەن بە ئاقاری ئەنترۆپۆلۆژیا گوزەر دەکەن و ئامانجەکانیان دەپێکن، بۆیە ئەم کتێبە بە شانازییەوە جێگای خۆی لەناو کتێبخانەی کوردی دەکاتەوە و خوێنەرانیش وەک کتێبێکی دانسقە و دەستەبژێر مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

لەم چەند ساڵەی دواییدا جێ پەنجەی (ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل و دیار عەزیز شەریف) لە بواری وتار و لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ ئەنترۆپۆلۆژیا، ڕووپەڕی گۆڤاری (ڕامان) و ئەوانی دی گرتبووە ئامێز و بە ئاراستەیەکی زانستی و تیۆری لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجام دەدا تا خوێنەر ئاشنای زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا ببێت و لە ڕەهەند و چەمکەکانی حاڵی بێت و پێوەندییە مایکرۆییەکەی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و زانستە ئامۆزاکانی هەڵاوێرد بکات کە سەرجەمیان بەندن بە مرۆڤزانی.

ئەنترۆپۆلۆژیا (لێکۆڵینەوەی تیۆری)یەو لە قەوارەیەکی گەورەی (٣١٦) لاپەڕەیی کەوتە بەر دیدی ڕۆشنبیران و ئاشقانی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا و کەلێنێکی بەتاڵی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردەوە.

ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی «دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین»ەو بەرهەمی هەوڵ و کۆششێکی درێژ خایەنی زیاتر لە شەش ساڵەیە و لەساڵی ١٩٩٨ەوە دەست بە نووسینی بەشەکانی کراوە تا دەگاتە

ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤، بەڵام لەبەر گەلێک هۆ لەچاپدانی ئەم کتێبە دواکەوتووە کە بەشێکی هۆکاری دواکەوتنەکە پەیوەندی بەخودی هەردوو نووسەری کتێبەکەوە هەبووە، هەروەک لە پێشەکی کتێبەکە ئاماژەی پێدراوە کە:

«دواکەوتنی چاپکردنی ئەو کتێبە بەشێکی پێوەندی بەخۆمانەوە هەبوو، چونکە بەردەوام لەکاتی ئامادەکردنی کتێبەکەدا بۆ چاپ، دوودڵی دایدەگرتین و پێمان وابوو دەبێت هێشتا زیاتر خۆمانی پێوە ماندوو بکەین بەتایبەتی کە تووشی هەندێک چەمک و زاراوەکانی ناو زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا دەهاتین لە ماوەی خوێندنەوەمان بۆ ئەو زانستە نوێیە، لەبەر ئەوە لە نووسینی سەرجەم توێژینەوەکان هەریەکەمان دوچاری زەحمەتییەکی زۆر هاتین بەهۆی قورسی بابەتەکە لەلایەک و نەبوونی سەرچاوەش لەلایەکی ترەوە، جگە لەوەش بوونی ڕاوبۆچوونی جیاوازی زانایانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا و بوونی دوو قوتابخانەی مەزنی ئەنترۆپۆلۆژی ئەمەریکی و بەریتانی کە هەریەکەیان بەپێی میتۆدێک مەعریفەی ئەنترۆپۆلۆژی دەخەنە ڕوو...... »ل٩.

لەم ڕێڕەوەدا، بوونی ڕاوبۆچوونی جیاوازی زانایانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیا لەگەڵ بوونی دوو قوتابخانەی جیاواز حەزی خوێنەر بۆ لای خۆیدا دەوروژێنێ و فرە بۆچوونیش بەهەند هەڵدەگیرێ، حەزیش هەڵبژاردنێکی پێشینەیە و کەم جار خوێندنەوەی کتێب دەیگۆڕێت، چونکە خوێنەر لە تاوتوێکردنی لاپەڕەکانیدا مافی خۆیەتی هەڵوێست وەربگرێ، وەلێ نووسین لەسەریشی هەڵوێستێکی دووچەندانەیە.

ئەز لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا، دەخوازم ڕێچکەی لێدوان و خستنە ڕووم گرتبێتە بەر و ڕەخنە و وەڵامدانەوەش بۆ خامە بەدەستانی لێزان و پسپۆر جێدەهێڵم، مادام ئازادی ڕادەربڕین هەیە.

کتێبەکە (یازدە) بەشە و هەر بەشێکیشی بەسەر چەند تەوەرەیەک دابەش کراوە و بۆ هەر یەکێکیشیان پەراوێز و سەرچاوەکانی تایبەت بەخۆی تۆمار کراوە.

بەشی یەکەم تایبەتە بە: دەروازەیەک بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا کە زاراوە و مێژووی سەرهەڵدان و پێوەندی ئەنترۆپۆلۆژیا بە زانستەکانی تر لەگەڵ ماناو دەلالەتەکانی خراوەتە ڕوو، لەم بەشەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ئەنترۆپۆلۆژیا زانستێکی مرۆڤانەیە و لە مرۆڤ و کردەوەکانی دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، لە ڕووی فۆرمەوە لە دوو بەش پێکهاتووە، مرۆڤ و زانست کە دەکاتە مرۆڤزانی.

«مێژووی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەنترۆپۆلۆژیا وەکو زانستێکی مرۆڤانە مێژوویەکی دوولایەنەیە، چونکە وەکو لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ، بۆ سەردەمانێکی کۆن و دوور دەگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕووی میتۆدییەوە بەیەکێک لە زانستە نوێیەکان دەژمێردرێت، لە ڕاستیدا ئەنترۆپۆلۆژیا بەشێوە زانستییە تازەکەیەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا سەری هەڵداوە......» ل١٤، کەواتە زانستێکی نوێباوە و بەزانستی زانستەکان ناسراوە و لەنێو سەرجەم زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ڕووی تێگەیشتنێکی فەلسەفی و مەعریفی بە زانستێکی نوێ لە قەڵەم دەدرێ، لێرەدا «مەعریفەی ئەنترۆپۆلۆژی ئاوێنەیەکە بۆ مرۆڤایەتی، بەو مانایەی گوتارێکە هەڵگری هەمەڕەنگی دابونەریت و بیروباوەڕی شارستانی و کۆمەڵایەتییە، بێگومان مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی ئاساییدا ئەو ئاوێنەیە نابینێت کە ناڕاستەوخۆ لە ڕێیەوە، مرۆڤ نمایشی شانۆی جیهان و ژیان دەکرێت، کەواتە ئەنترۆپۆلۆژیا ڕۆشنایی دەخاتە سەر قووڵاییەکانی ناوەوەی خودی مرۆڤ و مامەڵە لەگەڵ سەنتەری عەقڵی مرۆڤ دەکات.....» ل٢٨ لەبەر ئەوە لە ڕەهەندی ئەنترۆپۆلۆژییەوە.... هەر کارێک مرۆڤ لە ژیانیدا ئەنجامی دەدات، ئەوا لە بنەڕەتدا کاردانەوەیەکی کولتوورییە، چونکە کولتوور شێوازی ژیانی مرۆڤ دیاری دەکات.

لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا- ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی و تارمایی جەستە و ئەنترۆپۆلۆژیای جەستە و جەستە و ڕۆح و بنەچەی جەستە و جەستە و ڕیکلام و... تاد، باس کراون.

«ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی هەوڵ دەدات مرۆڤ بەسەر جۆر و ڕەگەزەکان دابەش بکات، بەوەی بە یەکتری بەراوردیان بکات و لە فراوانی شوێنی جومجومە و درێژی پەلەکانی و ئاستی قیت و قۆزیان دەکۆڵێتەوە و بەراوردیان دەکات، هەروا لە گۆڕانی ئۆرگانی یا بایۆلۆژی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، ئەوەش لە سایەی هێڵە سەرەکییەکانی پێشڤەچوون کە زانایان پشتی پێ دەبەستن». ل٤٠

بەشی سێیەمی کتێبەکە تەرخان کراوە بە ئەنترۆپۆلۆژیای شارستانی و قوتابخانەکانی تایبەت

بەشارستانییەت، وەک قوتابخانەی «ژینگەگەرایی، بەراوردکاری، فرمانگەرایی، پێشڤەچوونگەرایی، بڵاوبوونەوە گەرایی».

لە بەشی چوارەمی کتێبەکە باسی چارەنووسی شارستانییەت کراوە کە «زۆر لە هزرڤان و رووناکبیر و فەلسەفەکاران مەترسی خۆیان لە دارمان و لەناوچوونی شارستانییەت دەربڕیوە، کە تەنیا چاوخشاندنێک بە مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەخات چەندین شارستانییەتی یەک لە دوای یەک هەر لە شێوەی ژیانی سەرەتاییەوە تاوەکو سەردەمی نوێش، دوچاری فەنابوون و دارمان و لەناوچوون هاتوون، بەڵام دارمان و لەناوچوونی شارستانییەت مانای دابڕانی یەکجارەکی شارستانییەت نەبووە، چونکە خودی ئەم ناوچانە لە ڕووی جوگرافی و دیمۆگرافییەوە خاوەنی بنەما و توانای ئابووری بەهێز و پتەوبوون و توانرا لەسەر ئەو بنەمایانەدا سەرلەنوێ شارستانییەت بونیاد بکرێتەوە..» ل١٠٧.

لە بەشی پێنجەم ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری و چەمک و توخمەکان و نەخشەی زەینی و ئایین و سیحر و بیروباوەڕ، باس کراوە، چونکە ئەنترۆپۆلۆژیا بە پلەی یەک بایەخ بە بنەچەی کولتوور و چۆنیەتی سەرهەڵدان و هاتنە کایەی دەدا، بەمەش لەشێوازی ژیانی مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگایەک دەکۆڵێتەوە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا، بەوەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤێک لەناو کۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەی کولتوورەکەیەتی.

بەشی شەشەم تایبەتە بە ئەنترۆپۆلۆژیاو زمان «زمانزانی، زمان و مانا، بنەچە و پێکهاتەی زمان، مردن و لەناوچوونی زمان» بەو پێیەی کە زمان شێوەیەکە لەشێوەکانی بوونی هزر و شێوەیەکە بۆ دەربڕینی هزر، بۆیە زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا وەکو زانستێکی مرۆییانە زۆر بایەخ بە توێژینەوە زمانەوانییەکان دەدات، چونکە زمان سیستەمێکی دیاریکراوی ناوەکی داڕێژراوە و ئامرازێکی کاریگەریشە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵایەتی.

بەشی حەوتەم؛ تایبەتە بە ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و میتۆدەکانی و لە بەشی هەشتەمیش؛ باسی خزمایەتی و ڕەچەڵەک و جۆرەکانی خزمایەتی و زاراوە خزمەتگوزارییەکان کراوە.

ئەنترۆپۆلۆژیای شوێن بەشی نۆیەمی کتێبەکەیە و ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە «ئەنترۆپۆلۆژیای شوێن ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئەنترۆپۆلۆژیای شارستانی، بەپێی پێناسەی ئەنترۆپۆلۆژیا، شوێن ئەو ژینگە سروشتییەیە کە بوونەوەری زیندوو گوزەرانی تێدا دەکات، ئەم پێناسەیەی ئەنترۆپۆلۆژیا بۆ شوێن دوو چەمک لە خۆی دەگرێت، چەمکی جوگرافی بە مانای ناوچەی سروشتی، چەمکی ئەنترۆپۆلۆژی بە مانای ناوچەی شارستانی، بەڵام چەمکی شوێن لەوە فراوانترە کە تا ئێستا خستوومانەتە ڕوو لەبەر ئەوەی دوو هەست دەورووژێنێت، هەستێک بە هاوشوێنی و هەستێکی تریش بە زەمەن و ناوچەگەرێتی....» ل٢٦٨.

لە بەشی دەیەمی کتێبەکە تێڕوانینێکی گشتگیر ئەنجام دراوە سەبارەت بە (مرۆڤی سەرەتایی- مرۆڤی شارستانی) کە هزرڤانان و بیرمەندانی مێژووی کۆن بەیەکدەنگی پلە و پایەی مرۆڤی کۆمەڵگا کۆنەکان بەرز دەنرخێنن، چونکە: «کۆمەڵگای سەرەتایی دەکاتە ئەو کۆمەڵگایەی کە لەسەر ڕاووشکار دەژیان و نەیاندەزانی ئاژەڵداری بکەن و بریتی بوون لە خێڵ و هۆز و عەشیرەتی کۆچکردووی بەردەوام بە دوای ڕاودا، ئەم کۆمەڵگایە نەگەیشتبوونە قۆناغی خوێندن و نووسین، بۆیە لەسەرەتاوە زۆر لە ئەنترۆپۆلۆژستان بە وەحشی ناویان دەبردن، بەڵام دوایی ئەم ناوە لابردرا و ناوی سەرەتاییان لێنرا، ئەگەرچی وشەی سەرەتاییش وشەیەکی گونجاو نییە، بەڵام بەشێوەیەکی وا بڵاو بۆتەوە کە ناکرێت خۆی لێ لابدرێت...» ل٢٩١.

لە بەشی کۆتایی کتێبی ئەنترۆپۆلۆژیا باس لە پەیوەندیی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و مێژوو کراوە کە پێوەندییەکی بەتین و ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا هەیە و لەیەک کۆمەڵەی زانستیدان و کاری هەر دووکیشیان لێکۆڵینەوەی ژیانی خەڵکە، بەڵام هەریەکە بەشێوەیەکی جیا لە یەکتری، بۆیە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیا ڕاستەوخۆ پێویستی بە مێژوو دەبێت و بەبێ زانیاری مێژوویی توێژینەوەیەکی سەرکەوتوو نابێت، ئەگەرچی مێژوو ڕۆڵێکی کارای هەیە لە گەیاندنی ئامانجی ئەنترۆپۆلۆژیادا، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی ئەنترۆپۆلۆژیا لە بونیاد نانەوەی مێژوودا کاریگەر و بەرچاوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان زانستێکی سەربەخۆن و پێوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوانیاندا هەیە و یەکیان بێ ئەوی تر نابێت.

# کاریگەری کولتووری ئەوان لەسەر کورد

لێدوانی: ئاریان ڕەووف عەزیز
(سلێمانی)




**نووسینی: عەتا قەرەداخی**
**بابەت: مێژوویی کولتووری**
**چاپی یەکەم: سلێمانی ۲۰۰۱**
**تیراژ: (۵۰۰) دانە**

باسکردن لە کولتوور باسکردنە لە شوناسی نەتەوە، چونکە هیچ نەتەوەیەک بەبێ بوونی کولتوورێک ناتوانێت شوناسی خۆی بسەلمێنێت.

نووسەری ئەم کتێبە باس لە کولتووری کوردی دەکات، مەبەست لەمەش ناساندنی شوناسی نەتەوەیەکە کە چەندین سەدەیە لەژێر دەستی داگیرکەراندا بووە، ئەوەندە لاواز و بێ هێز کراوە نەیتوانیوە هەوڵی ناساندنی شوناسی خۆی بدات و هەروەها لە ڕێگەی ئەم شوناسەوە ڕێنسانسی خۆی دەست پێبکات.

نووسەری ئەم کتێبە بە شێوازێکی مێژوویی زۆر ورد باس لەو نەهامەتیانە دەکات کە کولتووری کوردی بەردەوام تووشیان بووە، ڕێگەی پێنەداوە ڕێنسانسی خۆی دەست پێبکات.

ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکە بۆ ئەو ئاستەنگانە و لە هەمان کاتدا خوێندنەوەیەکە بۆ دۆزینەوە و زیندووکردنەوەی کولتووری کوردی و گونجاندنی لەگەڵ سەردەمی ئێستامان، ئەم کارەش خۆی بۆ خۆی هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی شوناسی کوردی. کتێبەکە لەم بەشانە پێک دێت:

**بەشی یەکەم:**

لەم بەشەدا نووسەر باس لە چەمکەکانی «کەلەپوور بەشێوازێکی تایبەتی و کولتوور بەشێوازێکی گشتی» دەکات، بەشێوازێکی بابەتییانە باس لە لایەنەکانی کولتوور دەکات بۆ بنەمای ڕێنسانس بە بنەمایەکی گرنگی دادەنێت. هەروەها لەم بەشەدا نووسەر باس لە پێوەندی نێوان کەلەپوور و کولتوور دەکات، باس لەوە دەکات لە ڕێگەی کولتوورەوە دەتوانرێت ڕێنسانسی کورد دەست پێبکرێت، هەروەها ئاماژەیەکی بچووک بۆ تێکشکانی کولتووری کوردی دەکات.

**بەشی دووەم:**

نووسەر ئەم بەشەی تایبەت کردووە بۆ کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردی کە چ کاریگەرییەکی خراپی هەبووە لەسەر ڕێنسانسی کوردی و دواخستنی هەر لە ڕووخاندنی دەوڵەتی «ماد»ەوە تا سەردەمی ئێستا، نووسەر زۆر بە وردی باس لە هۆکارەکانی تێکشکانی کولتوور و کەسێتی تاکی کورد دەکات، تێیدا ئاماژەیەکی باش دەکات بۆ ئەو لایەنانەی کولتووری کوردی کە لە کولتووری نەتەوەکانی وەکو فارس و عەرەب و تورکدا تواونەتەوە و نووسەر تاڕادەیەک شێوازی مێژوویی پەیڕەو کردووە لەسەر ئەم لایەنە مێژووییە، لێکدانەوەی چڕوپڕی نووسەر لەسەر کولتووری کوردی بە دەردەکەوێت. هەروەها لەم بەشەدا نووسەر باس لە کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردی دەکات کە چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر فیکر و ڕۆشنبیریی کوردی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی. هەروەها باسی لە ناوچوونی ئایینی زەردەشتی دەکات

که وای کردووه کولتووری کوردی تووشی لەناوبردن ببێت، نووسەر دەڵێت ئایینی زەردەشتی بە زمانی کوردی بووە و لەناوچوونی ئەم ئایینە لەناوچوونی لایەنێکی گرنگی کولتووری کوردی بووە.

هەروەها لەم بەشەدا باس لە هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە دەکات کە چ ڕۆڵێکی خراپیان هەبووە لەسەر کەرتکردنی کولتووری کوردی.

هەروەها باس لەوە دەکات موخلیس بوونی کورد بۆ ئایینی ئیسلام لەدوای سەردەمی فتووحات وای لە تاکی کورد کردووە کە بیر لە ڕابردووی خۆی نەکاتەوە و دابڕانێک لەنێوان خۆی و ڕابردوویدا دروست بکات.

**بەشی سێیەم:**

لەم بەشەدا نووسەر باس لە کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردی و جێکەوتەکانی دەکات و تێیدا بەشێوازێکی جوان باس لە قۆناغەکانی کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردی دەکات چ ئەنجامێکی خراپی لەسەر تاکی کورد هەبووە، هەروەها لەم بەشەدا باس لە کولتووری عەرەبی ئیسلامی دەکات کە هەوڵی لەناوبردن و بنەبڕکردنی کولتووری کوردی داوە و کارێکی وەهای کردووە کە تاکی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لە کولتوورەکەی داببڕێت.

**بەشی چوارەم:**

لەم بەشەدا نووسەر زۆر بەباشی باس لە کۆلۆنیالکردنی هاوچەرخی کولتووری کوردی دەکات کە لەسەرجەم قۆناغەکانی تری کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردی جیاوازترە، چونکە لەم قۆناغەدا ڕژێمە داگیرکەرەکانی کورد «تورک، عەرەب، فارس» نەک هەر بە لەناوبردنی کولتووری کوردی ڕازی نەبوون، بەڵکو هەوڵی لەناوبردنی ڕەگەزی کوردی و لێسەندنەوەی مافی ژیان لە تاکی کورد دەدەن، ئەوانەش لە جینۆسایدکردنی کوردا خۆیان دەبیننەوە، هەر لەم بارەیەوە نووسەر باس لەوە دەکات کە بە چ شێوازێک ئایین کراوە بە بەهانەیەک بۆ لەناوبردنی کورد و کولتوورەکەی.

**بەشی پێنجەم:**

نووسەر ئەم بەشەی تەرخان کردووە بۆ باسکردنی لە بزووتنەوەی بابەکی و ڕۆڵی کورد تێیدا، گرنگی باسکردنی بابەکی لەلای نووسەر ئەوەیە کە بەیەکەم گەڕانەوەی دادەنێت کە کورد بۆ ڕابردووی خۆی کردوویەتی و ڕازی نەبووە کە کولتوورەکەی لەلایەن عەرەبە ئیسلامەکان لەناو ببرێت، هەروەها لەم بەشەدا تێڕوانینی نووسەرە عەرەبەکان لەبارەی بزووتنەوەی بابەکی بەدی دەکرێت.

هەروەها نووسەر خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بزووتنەوەی بابەکی کردووە و لێکدانەوەیەکی تازەی بۆ دروست بوونی بیری نەتەوایەتی لای کورد کردووە، بە واتایەکی تر هەوڵدانی کورد بۆ زیندووکردنەوەی ڕابردووی خۆی وەکو کولتوور کە ئەویش لە بزووتنەوەی بابەکیدا خۆی بینیوەتەوە، بەدوای بزووتنەوەی بابەکی بیری نەتەوایەتی لەلای کورد لەلای بابەتاهیری هەمەدانی بەدەردەکەوێت.

نووسەر وا باسی تەسەوفی نەقشەبەندی دەکات کە دەتوانرا لە ڕێگەی بیری ئەم تەریقەتەوە کولتووری کوردی زیندوو بکرایەتەوە، بکرایەتە مەزهەبێک وەکو مەزهەبی شیعە کە چۆن فارسەکان لەنێو چوونی کولتووری خۆیانیان پێ پاراست. هەروەها وا باسی تەریقەتی نەقشەبەندی دەکات کە پێکەوە گونجاندنێکی باشی هەبووە لەگەڵ مرۆڤی نەتەوایەتی کورد.

**بەشی شەشەم:**

لەم بەشەدا نووسەر بە گشتی باس لە چەمکی بەجیهانی بوون دەکات و بەگوندی کەونی ناوی دەبات، هەروەها ئاماژەش بە تیۆری «کۆتایی مێژوو»ی فۆکۆیاما و «ململانێی شارستانیەتەکان»ی سامۆئێل هانتگتۆن دەکات، و خوێندنەوەی بۆیان کردووە. هەروەها لەم بەشەدا باس لە کورد دەکات کە چ جێگەیەک لەم گوندە کەونییەدا بۆ خۆی بگرێت، سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا بنەمایەکی سیاسی و ئابووری پتەو و بەهێزی نییە، نووسەر دەڵێت بۆ ئەوەی کورد جێگەی خۆی لەم گوندە کەونییەدا بکاتەوە دەبێت هەوڵی زیندووکردنەوەی کولتووری خۆی بدات بەشێوازێکی ئەوتۆ کە لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم و نوێگەرییدا بگونجێت. هەروەها لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەڵێت: ڕەنگە بە جیهانیبوون ڕۆڵی ناسیۆنالیزم فراوان بکات، ئالێرەدا کوردیش دەتوانێت وەکو سەرجەم میللەتان دەوڵەت پێکبهێنێت و سەربەخۆیی سیاسی و کولتووری بەدەست بهێنێت، بەڵام هەر دەبێت بنەمای ڕێنسانسی خۆی دەست پێبکات ئەویش بە زیندووکردنەوەی کولتووری کوردی دەست پێدەکات.

**بەشی حەوتەم:**

ئەم بەشەی تەرخان کردووە بۆ باسکردن لە بنەماکانی ڕێنسانسی کوردی، لەمانە زمان کە بە بنەمایەکی گرنگی ڕێنسانسی کوردی دادەنێت، چونکە زمان یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی کولتووری نەتەوەیی. هەروەها بەدوای ئەمەشدا باس لە هەوڵی زیندووکردنەوەی ڕابردوو دەکات لە ئێستادا، ئەمەش بۆ زیندووکردنەوی هەستی نەتەوەیی و تێکشکانی ئەو بارە سایکۆلۆژییە کە تاکی کورد تووشی بووە ئەویش ئەوەیە کە بەردەوام تاکی کورد خۆی بەکەم دەزانی بەرامبەر کەسانی دەرەوەی نەتەوەی خۆی.

هەروەها بنەمای ڕۆحی کە بە بنەمایەکی گرنگی دادەنێت بۆ زیندووکردنەوەی کولتووری کوردی و دەست پێکردنی ڕێنسانسی کوردی بە حوکمی ئەوەی لایەنی ڕۆحی جێگایەکی فراوانی لە ئەقڵیەتی تاکی کورد داگیرکردووە.




د شرۆڤەکرنا مێژوویا ئەدەبیاتێن کوردیدا خویا دبیت، کو هەر ژ دەستپێکا خوە ل سەد سالیا دەهێ و هەتا ب داوی هاتنا جەنگێ جیهانیێ یەکێ، چو گۆڕانکاریێن بنەڕەتی یان وەرچەخانێن مەزن تێدا روینەداینە، بەلکو هەموو بەرهەمێن ئەدەبی د ئەوی ماوەیێ زێدەتر ژ نەهسەد سالاندا هاتینە تۆمارکرن و نها لبەر دەستدا هەنە (کو زۆربەی زۆرا ئەوان ڤەهاندن بووینە)، د پەراوێزا شعرا عەرەبیدا بۆرینە، چونکە شعرا عەرەبی د ئەوان چەند سالاندا هێڤێنێ ئەدەبیاتێن جیهانا ئیسلامی بوویە ب گشتی و مللەتێن دەڤەرا ناڤەراست ب تایبەتی.

د ئەڤێ پەراوێزێدا بەرهەمێن ئەدەبیاتێن کوردی ژی وەکو مللەتێن دراوسێ، ژێدەر و سەروکانیێن خوە ژ سێ تەوەرێن سەرەکی وەردگرت (سروش، خێبزانی، ئەفسانەیی) و کێم جاران تشتەک دناڤ ئەدەبیاتاندا هەبوویە، ژ دەرڤەی ئەڤان هەرسێ تەوەران.

سروش، کو دەقێن پیرۆز ڤەدگریت، ئەو دەقێن دبوونە رێپیشاندەرێن ژیانا مرۆڤی و، د هەمان وەختدا ویژدان و هەستێن وی پاک دکرنەڤە و، لایەنێ روحی ژی تێر دکر و، چارچۆڤەکێ بەرنامەرێژکریدا، هەموو جۆرێن ئەدەبی تێدا دهاتنە پاوانکرن.

ئەگەر تێکەلی و تەڤلیهەڤبوونەک ژی دناڤبەرا خێبزانی و ئەفسانەیێدا هەبوویە، ئەو ژی لدویڤ پیڤان و ڤەکێشانا تەرازوویا رێبەری و پەندێن باوەرپێکریێن سروشێ دهاتنە ڤاڤێرکرن. ئەڤ ژێکجۆداکرنە ژی کارەکێ پڕ زەحمەت و گران بوو، لێ بەلێ رێنماییێن تەریقەتان و پابەندبوونا شاعیران ب رێبازێن تەسەووفێ، ئەفسانە و خێبزانی کربوونە دوو جیهانێن هەڤدژ، یەک رۆناک و ئەوا دیکە تاریکی و، هەلبژارتنا چریسکێن رۆناهیێ و ڤەهاندن و رێستنا وان د چەندین کارێن داهێنان و ئەفراندنێدا دهاتنە ئەنجامدان.

ل سەرەتایا سەد سالیا بیستێ، بەرژەنگ و سیماییێن نویخوازیێ ل قاهیرە و ستەنبۆلێ پەیدابوون و، مللەتێن دەڤەرێ تامەزرۆییێن رەوشەنبیرییەکا تازە بوون، لەوما ژی لدویڤ سرێمە و کارتێکرنێن هزر و رێبازێن ئەدەبیێن رۆژئاڤایی نویخوازی د ئەدەبیاتێن تورکی و عەرەبیدا پەیدابوو و، گەلەک ژ نڤیسکارێن کورد ژی چاڤ ل ئەوان بزاڤ و خەباتان کر و، لدویڤ سەنتا وان کەفتنە رێ.



د ئەڤێ دووریانا هەستیار و چارەنووسسازدا، کوردان مەزنترین شەنگستا هزری ژ دەست دا و، چو هزرێن نوی نەدانان و بیرێن ئەلتەرناتیڤ ژی نەدارشتن کو ببیتە پالپشتەک و نڤیسکار لدویڤ رێچکاوێدا داهێنانێن خوە ببەرهەمبینن.

بەروڤاژی ئەڤێ چەندێ ژی عەرەب و تورکان، هزرەکا نەتەوەییا هێزدار بۆ خوە ئاڤاکرن، کو ببیتە سەرچاوە و ژێدەرەکا خورت و شارستانیەتەکا هەڤچەرخ لسەر بێتە ئاڤاکرن و بزاڤەکا ئەدەبییا رەسەن و خوەگرتی ژی تێدا رەنگ بدەتەڤە.

پەیدابوونا هزرێن نەتەوەیێن جۆدا جۆدا، شارستانیەتیێن جۆدا جۆدا ژی دروست کرن، کو د زۆرانبازییەکا پڕ رکابەریا بەردەوامدا پێشڤە دچن.

# نویخوازی و زڕ نویخوازی

ئەحمەد قەرەنی

د ئەڤێ پێشڤەچوونێدا، کورد خەلەکێن شارستانیەتا خوە، ژ سەرچاوەو سەرۆکانیێن رەسەن و ئەزموونێن نویێن خوەمالیکرنێ وەرنەگریت یان دێ ژ ناڤچیت یان ل پەراوێزا میللەتێن دیدا ژیت و، مادەم ئەدەب و هونەر خەلەکا هەرە پێشین و گرنگە د ئاڤاکرنا هەر شارستانیەتەکێدا، لەوما ژی پتر هەر ئالیەکی دن پێدڤی ب نویخوازییەکا هەست نازک و ئەندێشە گەهی و هزر بەرز هەیە.